PDF 4 KURD

# کێشەی کورد

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

د. ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر

# کێشەی کورد

## لە سەردەمی ئاشتیدا دوای جەنگی یەکەمی جیهانی

وەرگێڕانی

جەمال گردەسۆری

PDF 4 KURD

دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

● کێشەی کورد (لە سەردەمی ئاشتیدا دوای جەنگی یەکەمی جیهانی)

● نووسەر: ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر

● نەخشەسازی ناوەوە: گۆران جەمال رواندزی

● بەرگ: ئاگری باڵەکی

● نرخ: ٦٠٠٠ دینار

● چاپی یەکەم : ٢٠١٢

● تیراژ: ٧٥٠ دانە

● چاپخانە: چاپخانەی خانی (دهۆك)

● لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی سپاردنی (٦١٠) ساڵی (٢٠١١)ی پێی دراوە.

زنجیرەی کتێب (٤٤٠)

هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com

PDF 4 KURD

**پێشکەشە بە مامۆستایان**

**هەژار موکریانی و عەلائەدین سوجادی**

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

## ڕوونکردنەوە:

١- ئەم کتێبە بەر لە ڕاپەڕین لە وەرگێڕانەکەی بوومەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕای نووسەرم وەرنەگرتبوو بۆیە لە ماڵەوە تۆزی لێنیشتبوو تاوەکو لە ساڵی ١٩٩٣ کاتێك (د. ئەحمەد عوسمان) بەیەکجاری لە بەغدا گەڕایەوە هەولێر، ئەوەبوو سەردانی بەڕێزیم کرد ماڵی لە شوقەیەکی کۆلێژی ئەندازیاری زانکۆی سەلاحەددین بوو، ڕازی بوو بە وەرگێڕانەکەو بڵاوکردنەوەی لە پاشاندا دەستنووسەکەم گەیاندە ڕۆژنامەی برایەتی لە ڕێکەوتی ٢٧-٢٨-٢٩-١٩٩٤/١/٣٠ لە ژمارەکانی ١٨٥٧-١٨٥٨-١٨٥٩-١٨٦٠ کە دەکاتە (٤)بەش بڵاوکرایەوە دوای بەشانە جێگای داخ بوو لەلایەن بەرپرسی لاپەڕە چیتر بڵاونەکرایەوە

لەبەر ئەوەی یەکێکی تازە هاتبووە ڕۆژنامەکە و لەم لاپەرەیەدا دەست بەکاربوو، گرفت هەبوو لە نێوان وەرگێڕو ئەو کەسە دواتر (١٠٠) دانەم بە فۆتۆکۆپی بڵاوکردەوە. سوپاس بۆ خوا نووسەرماوەو شایەدمانی ئەم ڕاستینەیە.

٢- سی و یەك بەشەکە لە گۆڤاری (الثقافة) بڵاوکراوەتەوە و لەو گۆڤارەدا کردوومە بەکوردی

لەگەڵ ڕێزمدا

وەرگێڕ

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

# بەشی یەکەم

PDF 4 KURD

# (١)

لە کاتی ئێستاشدا گەر بمانەوێ بە مێژووی کوردەوە خەریك بین، کە ڕاستەوخۆ سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانی و ماوەی دواتریش تا دەگاتە پاش جەنگی دووەمی جیهانی تەنها ئەوە بەس نییە کە پشت بەو زانیاریانە ببەستین کە لە سەرچاوە ئاساییە بەردەستەکان، وەرگیراوە، بەڵکو پێویستە پشت بە سەرچاوەی دیکە و سەرچاوە کوردییە بەردەستەکانیش ببەستین سەرباری ئەو زانیارییانەی کە ئەو سەرچاوانەی نوسراون لە لایەن نوسەران و لێکۆڵەرەوانی گەل و وڵاتە دراوسێیەکانەوە، وەك سەرچاوەکانی زمانی عەرەبی و تورکی و فارسی ...[1].

هێزەکانی بەریتانیا لە ٧ی ئایاری ١٩١٨، لە کاتی جەنگدا شاری کەرکوکیان داگیر کرد. دەتوانین بڵێین ئەو ڕوداوە یەکەم بەیەکگەیشتنێکی کارا بوو لە نێوان هێزەکانی بەریتانیا و ناوچە کوردنشینەکان...[2].

وڵسن لە کتێبەکەیدا ـ میزۆپۆتامیا ١٩١٧ـ ١٩٢٠ ـ دا بەم بۆنەیە دەڵێ:ـ بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی لایەنگری خێڵە کوردییەکان، بۆ ئێمە و زامنکردنی نییەت پاکییان لە ئاستی ئێمەدا هەڵبەت نەك بۆ شەڕکردن لە دژی تورکەکان، بەڵکو بۆ پاراستنی ڕێگا و بانەکان و دابینکردنی کۆمەکییەکانی خۆراك. داگیرکردنەکەی ئێمە لە لایەن خەڵکەوە چاك پێشوازی لێکرا. نامەشمان لە خێڵی هەمەوەندەوە پێ گەیشت، تێیدا ئامادەیی خۆیان دەربڕیبوو بۆ هەر جۆرە یارمەتییەکی کە بمانەوێ. کۆبوونەوەیەك بۆ پیاو ماقوڵان لە شاری سلێمانیدا بەسترا. لەم کۆبوونەوەدا بڕیاری دامەزراندنی حکومەتێکی کاتیی کوردی بە سەرۆکایەتی شێخ مەحمود درا. شێخ مەحمودیش بۆ خۆی بۆی نوسین کە دەسەڵاتی حوکمڕانیمان بداتێ یا خودی خۆی دەسەڵاتی کارگێڕی بگرێتەدست وەك نوێنەرێکی ئێمە... هەروەها گوتی گەلی کوردستان بە سەرکەوتنەکانمان خۆشحاڵە... نوسراوەکەش بەم خواستە کۆتایی پێ هێنا، کە زامنی ئەوە بدەین لە هەر بارودۆخێکدا بێ ڕێ نەدەین عوسمانییەکان

بگەڕێنەوە کوردستان. من پێشنیارەکەی شێخ مەحمودم قبوڵ کرد بەوەی ببێتە نوێنەرمان و ڕاگەیاندنێکی گشتیم لەم بارەیەوە بڵاوکردەوە...(٣).

چوار ڕۆژ پاش تەواوبوونی شەڕ لەگەڵ تورکیادا، واتە ٣ی تشرینی دووهەمی ١٩١٨ هێزەکانی بەریتانیا شاری موسڵیان داگیرکرد و بەم شێوەیە ویلایەتەکە هەر هەمووی لە گۆشەنیگای بەریتانیاوە کەوتە نێو بازنەی داگیرکردنەوە، کۆمەڵە نەتەوەخوازەکانی کوردە دورخراوانەی چواردەوری تورکیا هەروەها سەرکردە ناوچەیی و خۆجەییەکان و زۆر دەمێك بوو داوای شێوەیەك لە شێوەکانی ئۆتۆنۆمییەکی ئازادییان دەکرد بۆ وڵاتەکەیان.شکانی تورکیا و داگیرکردنی موسڵ لە لایەن هێزەکانی بەریتانیاوە بە فرمێسکی زێڕین لە قەڵەم دەدرا لە لایەن ئەوانەوە بۆ زیاتر پێداگرتن لەسەر خواستەکانیان...(٤).

حاکمە گشتییە مەدەنییەکەی بەغدا لە ٢٠ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨ ئەوەی بە لەندەن ڕاگەیاند، کە پێویستە ئەنجومەنێکی ناوەندی بۆ سەرکردەکان لە کوردستان بە سەرپەرشتی بەریتانیا دابمەزرێ...(٥).

مەیجەر نوئێلیش پاش ئەوەی سێ هەفتەی لەناوچە کوردنشینەکاندا بەسەر برد پێشنیاری دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی کرد، تا شاری (وان) لە ئەنەدۆڵی ڕۆژهەڵات هەڵدەکشێ...(٦).

وڵسنیش دەربارەی ئەرکەکەی مەیجەر نوئێل دەڵێ:ـ مەیجەر نوئێل نێردرایە سلێمانی بۆ ئەوەی ڕاپۆرتێك دەربارەی بارودۆخی ئەو ناوچەیە ئامادەبکات. ئەویش لە ناوەڕاستی تشرینی دووهەمی ١٩١٨دا گەیشتە ئەوێ. بە گەرمی پێشوازی لێکرا، ڕاسپاردەکانی منیش بەم شێوەیە بوون... ئەفسەرێکی سیاسیم لە پارێزگای کەرکوکدا دامەزراند کە لەنێوان زێی بچووك و زێی سیروان( دیالە)دایە. فەرمانی ئەوەشم دا، شێخ مەحمود بە نوێنەری ئێمە لە شاری سلێمانی دابمەزرێ... هەروەها سەرۆك هۆزەکان هانبدرێن بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوێکی یەکگرتوو بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارە گشتییەکانیان. شێخ مەحمودیش بە حوکمدار دامەزرا...(٧).

هەروەها بە نیسبەت دانەری ناوبراو پیتەر سلوگیت، دوورنەبوو ئەگەر کورد فرسەتیان بدرابوایە ئەوەیان بەلا پەسەند دەبوو کە ئازاد بکرێن بۆ ڕێکخستنی دامەزراوە کارگێڕییەکانی تایبەت بە خۆیان، گەلێ هۆشمەند بوون بە ڕزگاربوونیان لە ژێر دەسەڵاتی تورکدا. ...(٨).



PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

لــە لایــەکی تریشــەوە بــەڕای مــس بێــل، ئــارەزوی ئۆتۆنــۆمی کــوردە لــەم قۆناغــەدا بزوتنەوەیەکی یەککگرتوویان بۆ یەککگرتنەوەیان نەدەخوڵقاند...[٩].

بەم جۆرە دەتــوانین پلەبەپلــە دوای هــەنگاوەکانی ســەرهەڵدانی دۆزی کــورد لــە هــەموو ڕویەکییەوە لە دیدی جیاجیاوە ڕاستەوخۆ لەگەڵ کۆتاییهــاتنی جــەنگی یەکــەمی جیهــانی و سەرەتای سەردەمی ئاشتی بڕۆین. پەیمانی ـ سایکس بیکۆـ کە لە بەهاری ١٩١٦دا لە نێــوان بەریتانیا و فەرەنسا کرا بەشێکی ویلایەتی موسڵ، واتە بەشێکی ئەو ناوچــە کوردییــەی کــە تێیدا بوو، درایە فەرەنسا، نەك هەموو ویلایەتەکە بکەوێتە ژێر دەسەڵاتیی فەرەنسا. بەستنی ئەم پەیمانەش بارودۆخێکی سازدا پێویستی بە چاوپێخشاندن و دووبارە دارشــتنەوەی بــە پێــی ئەو بارودۆخەی دوایی جەنگ هاتە کایەوە، کتــێبی ـ ململانێــی (فەرەنســی ـ ئینگلیــزی) و کتێبی (مێژووی کۆنگرەی ئاشتی لە پاریسدا) دانراوی تمپرلــی باســی ئــەم مەســەلەیە، واتــە کێشەی موسڵ بەم شێوەیەی خوارەوە دەکاتـ:ـ

پێش بەستنی کۆنگرەی ئاشتی لە پاریسدا ...[١٠] بەریتانیا بەردەوام دەستکەوتی زیــاتری بەدەست دەهێنا بۆ پتەوکردنی هەڵوێستی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی نزیکدا بەرامبەر بروبیانووەکانی فەرەنسا. لوید جۆرجی ســەرۆك وەزیرانــی ئەوکاتــەی بــەریتانیا تــوانی کلیمەنسۆی ســەرۆك وەزیرانی فەرەنسا ناچــار بکــات نــەك هــەر واز لــە نەخشــەکانی فەرەنســا بــۆ داگیرکــردن و بەڕێوەبردنی موسڵ بهێنێ و بۆ بەریتانیای بەجێ بهێڵێ، بەڵکو بــەرەو ئەوەشــی بــرد کــە لــە گۆڕینی بارودۆخی فەلەستینیش ڕازی بێت. ئەم کارەشی لــە کــانوونی یەکــەمی ١٩١٨دا بــە ئەنجام گەیاند. کاتێکیش کلیمەنســۆ ســەردانی لویــد جــۆرجی کــرد لــە لەنــدەن... ئــەنجامی گفتوگۆکەیان ڕاگەیاندنی یاداشتێك بوو لە ١٥ شوباتی ١٩١٩دا تێیــدا فەرەنســا بــە ڕەسمــی ڕەزامەندی خۆی سەبارەت بەو گۆڕانکارییانە دەربڕی. ...[١١].

وەکو ڕوون و ئاشکراشە بایەخی ئــەم ڕێکەوتننامەیــە ســەبارەت بــە بــارودۆخی ناوچــەی کوردنشین و تێکپەڕینی مەسەلەکانی نەوت و خــاك هــەروەکو دواتــر ڕوون دەبێتــەوە. گــەلێ نــاوداری فەرەنســا پشــتگیری کلیمەنســۆیان کــرد لــە سیاســەتی کەمکردنــەوەی ئــەرك و فەرمانەکانی فەرەنسا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەوانە ڤیکتــۆر پیرەرــ ئەنــدامی ئەنجومــەنی پیران ـ ئەم پیرە فەرەنسییە ... گوتی:" لە ساڵی ١٩١٦دا سوریا و کلیکیا و میزۆپۆتامیــا و هەندێکی کوردستانمان هەبوو، بەڵام ئێستا لــە پــاش دەســتپێکردنەوەی گفتوگــۆ... دەبــینی

PDF 4 KURD

کلیمەنسۆ بە نووکەقەڵەمێك میزۆپۆتامیا و کوردستان بەجێ دێڵێ، بەوەی موسڵ دەداتە ئینگلیز...[١٢].

لە ٣٠ی کانوونی دووهەمی ساڵی ١٩١٩دا گفتوگۆیەکی فراوان دەربارەی هەمان بابەتەکان و غەیری ئەوانیش لە ئەنجومەنی باڵای ئاشتی لە پاریسدا کرا. لەم گفتوگۆیەدا لوید جۆرج کەوتە جوڵە بۆ ئەوەی وڵاتێکی تر بخاتە سەر ئەو وڵاتانەی نیازمەند بوو لە قەوارەی تورکیادا دایانبڕێ. چاودێرەکان دەڵێن یەکەم جار لوید جۆرج نەیدەزانی ئەو وڵاتە خۆی لە خۆیدا هەیە کە مەبەستی ئەو کوردستانەی کەوتۆتە نێوان ئەرمینیا و میزۆپۆتامیا. لە ڕاستیشدا زۆر بایەخی بە ناوچەیەکی دابڕاو دەدا کە لە نێوان موسڵ و تورکیادا بێ. ...[١٣].

بە واتایەکی تر دەیویست ناوچە کوردییەکەی تورکیا بگاتە ئەو پشتێنەی موسڵ لە باکورەوە دا دەبڕێ و دەشیپارێزێ. لە هەمان کاتیشدا ئەنجومەنی هاوپەیمانان گەیشتنە دەرکردنی ئەو بڕیارە گرنگەی خوارەوە:

(هاوپەیمانان و ئەو دەوڵەتەی لەگەڵیاندان لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە ئەرمینیا و سوریا و میزۆپۆتامیا و کوردستان و فەلەستین و نیوە دورگەی عەرەب دەبێ بە تەواوەتی لە ئیمپراتۆرییەکانی تورکان جودا بکرێنەوە. ...[١٤].

بەم شێوەیە زۆر بە ڕوونی دەردەکەوێت کەوا کێشەی کورد شوێنی شیاوی خۆی گرت لە بازنەی بایەخدانی هاوپەیمانان و ئەو دەوڵەتانەی سەر بە ئەوانن. هەر لە کۆبوونەوە سەرەتاییەکانیاندا پاش یەکەم جەنگی مەزنی جیهان شانبەشانی کێشەی گەل و وڵاتە ڕۆژهەڵاتییەکانی دی لەنێو ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لە جەنگدا دۆڕا و ئەم بایەخدانەش بە باسکردنی دۆزی کورد و ئەو چارەسەرییانەی وڵاتە هاوپەیمانەکان دەربارەی کێشەی کورد پێشنیاریان کردبوو بە لە هەندێ لە بەندەکانی پەیمانی سیڤەر ڕەنگی دایەوە کە لە ئابی ١٩٢٠دا گرێ درا لە نێوان دەوڵەتە هاوپەیمانەکان و دەوڵەتی عوسمانیدا بەرجەستە بوو، هەروەها وەکو دواتریش ڕوون دەبێتەوە.

هەروەها کێشەی کورد چووە نێو بازنەی بایەخی لیژنە بەناوبانگەکەی کینگ ـ کراین کە لە ساڵی ١٩١٩بۆ لێکۆڵینەوەی بارودۆخی وڵاتە ڕۆژهەڵاتە ناوبراوەکان کە لە لایەن هاوپەیمانانەوە هەروەکو گوتمان بڕیاری دابڕینیان درابوو لە قەوارەی دەوڵەتی عوسمانی پێك هاتبوو، کاتێك ئەم لیژنەیە لە گەرمەی تەحقیق و لێکۆڵینەوەکانیدا گەیشتە ئەستەنبۆڵ و دەرگای لێکۆڵینەوەی کردەوە، هەندێ سەرکردە و ڕوناکبیرانی کورد ئەم هەلەیان قۆستەوە و

PDF 4 KURD

خۆیان گەیاندە لیژنەکە و تێبینیەکانی خۆیان دەربارەی دۆزی کورد بە گشتی و کێشەی کوردستانی خواروویان بە تایبەتی بۆ خستنە ڕوو و پێشنیاری هەمەجۆریان پێشکەش کرد. بەڵگەنامەکانی کینگ ـ کراین، لەو شتانە کە تێیدایە ئەم ناونیشانەیە...( هەندێ نوێنەر لە ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵاتەوە) کە ئەمەی خوارەوەی تێدایە...

لە نێوان دواین ئەو کەسانەی هاتنە لامان نوێنەرانی پارتی دیموکراتی کورد بوون کە داوای دامەزراندنی حکومەتێکی کوردییان دەکرد و لەو شوێنانەی کورد تێیاندا زۆرینەی دانیشتوانن.. ئەم نوێنەرانەی کورد داوای ویلایەتەکانی خابور و دیاربەکر و وان و بدلیس و بایەزید و هەموو موسڵیان دەکرد. لە لایەکی دیکەشەوە (ئارەزووی ئۆتۆنۆمییان دەکرد لە ژێر چاودێری بەریتانیا وەك بەشێك لە عێراق.. کوردستان وڵاتی تایبەت بە خۆیان بوو، ئامادەش بوون لە دەرەوەی سنوری ناوچەکەی خۆیان) دان بە ئەرمینیادا بنێن ...[١٥].

هەروەها هەندێ سەرکردەی دیکەی کورد دەربارەی کێشەی ئەرمینیا هاوڕابوون. وڵسن حاکمی مەدەنی عێراق دەربارەی ژەنەڕاڵ شەریف کە نوێنەری کوردان بوو لە کۆنگرەی ئاشتی لە ساڵی ١٩١٩ لە پاریسدا دەگێڕێتەوە، گوایا شەریف پاشا پێی لە سەر ئەوە داگرت. تەنیا فرسەتێك بۆ گەیشتن بەرێکەوتنێکی سەربەرزانە و هەمیشەیی لەوەدایە کورد و ئەرمەن وەك یەك و وەك دوو نەتەوەی یەکسان خاوەن مافێکی نەتەوەیی یەکسان و هەر یەك لە وڵاتەکەی خۆیدا بەوچاوە تەماشا بکرێن...[١٦].

ئێستاش هەروەکو دەرکەوت بڕیار درا کوردستان لەگەڵ وڵاتەکانی دیکە بە تایبەتی هەرێمە عەرەبییەکان لە قەوارەی دەوڵەتی پێشوی عوسمانی دابڕدرێت، چونکە زۆر ڕوون بوو کە کێشەی کورد چارەسەری دەویست وەکو ئەو کێشانەی تر کە خرابوونە سەر خوانی زلهێزە سیاسییە نێودەوڵەتییەکانی ئەوسای دوای جەنگ حاکمی مەدەنی بەریتانیایی لە عێراقدا وڵسن، هەندێك پێشنیار و چارەسەری بەردەستی کێشەی کورد و بە گشتی و ئەو کێشەیە لە کوردستانی خواروودا بەتایبەتی تۆمار کردووە. لە لایەك کێشەی کورد بە شێوەیەکی تاڕادەیەك دوور لە وردی بەم شێوەیەی خوارەوە پوختەکەی دەردەبڕێ:ـ

١. دواڕۆژی ئەو بەشەی ویلایەتی موسڵ کە زۆربەی دانیشتوانی کوردن.
٢. دواڕۆژی ناوچە کوردییەکانی دەرەوەی ئەو ناوچەیە واتە سەرەوەی ویلایەتی موسڵ ـ کوردستانی باکوور.

PDF 4 KURD

٣. گێرەشێوێنی بارودۆخی ناوچەی کوردنشینی ئێران و هۆزە کوردەکانی ئەوێ ئەو گێرەشێوێنەی لەپێناو هۆی تایبەتیدا کوردەکان بەرپای دەکەن...[١٧].

لەلایەکی دیکەشەوە ـ ولّسن ـ بەردەوام دەبێ لە وەسفکردنی بارودۆخە بەرپابووەکە و دەنوسێ:ـ

لە یەکەم ڕۆژی کانونی یەکەمی ١٩١٨دا بە فڕۆکە سەردانی سلێمانیم کرد بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ هەندێ لە سەرکردە دیارەکانی کورد. گفتوگۆ و دانوستانی دوور و درێژمان لەگەڵ شێخ مەحمود و چەند سەرکردەیەکی کورد کرد. هەندێکیان پشتگیری کارگێڕی بەریتانیایان دەکرد لە کوردستاندا و هەندێکیان دژی ئەم کارە بوون. هەندێکیان پێیان لەسەر ئەوە داگرت کە دەبێ کوردستان لە ژێر دەستەڵاتی لەندەندا بێ.. هەندێکی تریشیان بە تایبەتی بە منیان گوت بەوە ڕازی نین شێخ مەحمود سەرکردەیان بێت، بەڵام نەشیانتوانی ناوی کەسێکی دی ئاشکرا بکەن جێگای ئەو بگرێتەوە، پاش گفتوگۆیەکی دوور و درێژ، شێخ مەحمود بەڵگەنامەیەکی دا پێم، لە لایەن چل سەرکردەی ئەوێوە ئیمزا کرابوو. ئەو بەڵگەنامەیە ئاماژەی بۆ ئەو ڕاگەیاندنەی بەریتانیا کردبوو کە گوایە نییەتی وایە گەلان لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانی ڕزگار بکات و دەشیەوێ یارمەتی پێشکەش بەو گەلانە بکات بۆ دەستەبەرکردنی قەوارەی خۆیان، سەرکردەکانیش بەوەی کە نوێنەری گەلی کوردن لە بەریتانیا داواکارن کوردەکان بپارێزێ و بخرێنە سەر عێراق...[١٨].

ولّسن بەردەوام دەبێ و دەڵێ: بەیاننامەیەکم بە شێخ مەحمود ڕاگەیاند تێیدا هاتبوو هەموو هۆزێکی نێوان زێی گەورە تا ڕوباری سیروان ئەگەر ویستی بۆی هەیە بچێتە ژێر سایەی حوکمی شێخ مەحمود کە ئێمە بە شێوەیەکی مەعنەوی پشتگیری دەکەین بە بەڕێوەبردنی ئەو ناوچەیە لە جیاتی بەریتانیا، بەڵام بە گشتی شێخ مەحمود بەو کارە ڕازی نەبوو و بڕوای پێ نەبوو. ئەو دەیگوت لە لایەن هەموو کوردەکانی ئێران و هی دیکەش ڕاسپێردراو بوو بۆ ئەوەی نوێنەرایەتییان بکات. هەروەها ئارەزووی ئەوانیش بخاتە ڕوو بۆ ڕەزامەندی حکومەتێکی ئۆتۆنۆمی یەکگرتوو بە سەرکردایەتی ئەو و سەرپەرشتی بەریتانیا، ولّسن بەردەوام دەبێ و دەڵێ:" ئەم شتە بەڕاستی و بەڕەوانی شایانی بایەخ پێدانێکی گەورە بوو... ئەم بیرۆکەیە تازە و نوێ نەبوو."[١٩].

PDF 4 KURD

ولّسن وێنەیەكی تر لەو پێشنیارانە تۆمار دەكات ئەوەش وێنەیەكی دیكـەی دڵخۆشـكەرە هەرچەندە هەندێ سەرسوڕهێنەرە (دانپێنانی ڕەسمی لەسەر ئەم پێشنیارانەی كـە لـە پێشـیان دانرابوو ـ واتە دەوڵەتی بەریتانی ـ... أ.ع [٢٠].

لە ١٠ی مایسی ١٩١٩ بە شێوەی ئەم بڕگانەی خوارەوە بۆ منیان هێنا:

(ئێمە دەسەڵاتت پێدەدەین بۆ دروستكردنی ویلایەت لە عێراقدا، هەروەها هـەوڵ دەدەیـن بۆ دروسـتكردنی ویلایـەتێكی عـەرەبی لـە موسـڵ، هـەروەها لـە دەور و پشـتییەوە چـەند حكومەتێكی كوردی خاوەن ئۆتۆنۆمی دروست دەكەین بە سەرۆكایەتی چەند ناودارێكی كورد كە ڕاوێژكارەكانیان ئەفسەری سیاسی بەریتانیایین). هەروەها هنری موارد بەم شێوەی خوارەوە دەڵێ:ـ لە پەیمانـە نهێنییـەكانی نێـوان بـەریتانیا و حكومـەتی ئەسـتەمبول لـە ڕۆژی ١٢ی ئەیلولی ١٩١٩دا، پەیمان درا كە توركیا پێی ناخۆش نـەبێ لـە دروسـتكردنی كوردسـتانێكی سەربەخۆ لە ویلایەتی موسڵ جیا بكرێتەوە. بەم شێوەیە ئەم پێشنیارانە دەخرایە دەست و بزر دەبوو لە نێوان دروستكردنی دەوڵەت و دەوڵەتۆكە و یان ئۆتۆنۆمی ئەو گۆڕانانەی ئەو دوایەی مێژووی كێشەی كوردی بە شێوەیەكی وا نوسی كـە جیـاوازە لەگـەڵ زۆر لـە لێكدانـەوەكانی سەرەتا بۆ چارەسەركردنی ئەو كێشەیە هەرچەندە ئەو لێكدانەوانە بووە هۆی ئەوەی پەیدابوونی ئەنجامێكی ڕێكوپێك كە دەردەكەوێت لـە بەنـدەكانی پـەیمانی سـیڤەر كـە لـەوەو دوا باسـی دەكەین. تەماعكاری زۆر گەورە بوون، بەرژەوەندییە جیاوازەكان بوونە دژی یەك. ئەوەش بووە هۆی پەیدابوونی ئەنجامی هەمەجۆر و پلانی سیاسی جیاواز و دژ بە یەك.

## (٢)

بابـەتی نـەوت هاتـە گۆڕەپانـەوە لـە كـاتێكی زۆر دوای جـەنگی یەكـەمی جیهانـەوە كاریگەرییەكی ئاشكرای كردە سەر هەموو بارودۆخێكی سیاسی. بابەتی ئیمتیازی كۆمپانیـا نەوتە جیهانییەكان بڕیارە سیاسـییەكانی بـە ڕەنگێكـی تایبـەتی ڕەنگرێـژی كـرد بـە چـەند ڕەنگێكی دژ بە یەك، ئەوەی گومانی تیا نییە كە كێشەی كورد بێ زیان نـەبوو و ناشـێ بـێ زیان بێ لەو بارودۆخانە، بە پێچەوانەوە بە شێوەیەكی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ كاری تێكـرد. بەڵگەش ناهێنمەوە كە بابەتی نەوت لەدوای جەنگی جیهانی لە نێـوان بـەرزترین لێپرسـراوە گەورەكانی وڵاتە هاوپەیمانەكان گفتگوگۆی لەسەر كرا.

"لە كتێبی (گەڕانی ئیمپریالیزم بەدوای نەوت لە عێراق/١٩١٠ـ ١٩٢٨) وا هاتووە."

PDF 4 KURD

**پەراوێزەکانی بەشی یەکەم:**

(١) دەبینین ئەم تێبینیە کورتە پێویستە نەخاسمە بۆ بارودۆخ و هۆیەکانی ماوەی ڕوودانی کێشەکانی کورد کە بە ڕوونی دەرکەوتبوون پاش ئەو شەڕە، دواتریش دەگەڕێنەوە بۆ تاوتوێکردنی بابەتی سەرچاوەکان لە جێگەیەکی دیکەدا.

(٢) ناوچە کوردییەکان لەم توێژینەوەیەدا لە بنەڕەتدا ئەم شوێنانە دەگرێتەوە کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردن، لە تورکیا و عێراق و ئێران و ئەم وڵاتانەش دراوسێن.

Wilson. A.T. Mesopotamia. 1917-1920. p. 86-87

بەم بۆنەوەش د. کەمال مەزهەر ئەحمەد دەڵێ: بۆ زانیاریش بەڵگەنامە تایبەتەکان بەریتانیا شێخ مەحمود بە مەلیکی کوردستانی باشوور، بە کردەوەش لەسەرەتادا لەگەڵیدا ڕێکەوتبوون لەسەر هەمان بنەمادا، دواتر حاشا و نکۆڵیان لێکرد.

ڕۆڵی کورد لە شۆڕیشی بیستی عێراقدا لاپەڕە ٩٤

Sluglett, p. Britain in iraq 1914- 1932, p. 116

Political, Baghdad To s/s indid, T 9267. 30 october 1918, AIR 20/512.

هەمان سەرچاوە

E. Noel To Civil commissioner Baghdad, undated

هەمان سەرچاوە

دیسان بخوێنەوە

Wilson. A.T. Mesopotamia. 1917-1920. p. 87

٧- هەمان سەرچاوە لاپەڕەکانی ١٢٧-١٢٨ وردەکاری زیاتر لە ئەرکەکەی مێجەر نوئێل لەوێدا... هەروەها ڕاپۆرتی مێجەر واتە نوئێل بخوێنەوە تێبینی لەسەر بارودۆخی کورد – وەرگێڕدراوە عەرەبیەکە – ئەستانبول تەمەزی ١٩١٩.

Sluglets, p. Beritain in iraq 1914-132, p. 117

PDF 4 KURD

C.P Here A Note on Norterm Kurdistan, By G.L. Bell. 8 March 1920, AIR 20/5/3.

هەمان سەرچاوە

١٠- کۆنگرەی ناوبراو لە ١٢ کانونی دووەم لە ١٩١٩ کرایەوە.

Cumming, H.H. Franco- British Rivalry in The post War Neareast, p.59.

Temperley, H.W.V.A History of The peace Conference in Paris, p. .182

(١٢) هەمان سەرچاوە — ل — ٦٦- وە بەشی بیرارە لە سالّی ١٩١٦ کاتی مۆرکردنی ڕێکەوتنانەکەی — سایلس — بیکوو ڕێکەوتنامەی سازانۆف — بالیۆلۆگ لە نێوان ڕووسیا و فەرەنسا کە ناوچە کوردییە دابەشکراوەکانیان پیّ ڕێکخست.

Cumming, H.H. Franco- British Rivalry, P.71: Howard, H. The Partition of Uurkey. Pp. 241.242.

(١٤) هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (٢٢٠)

Howard. H. King Crane Commission, P. 172.

هەروەها بخوێنەوە — د. ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر — کوردستان لە بەڵگەنامەکانی لیژنەی کینگ — کرایت. گۆڤاری ڕۆژی کوردستان، ژمارە — ٧ — ئازاری ١٩٧٢ بغداد.

Wilson. A.T. Mesopotamia. 1917-1920. p. 131

(١٧) هەمان سەرچاوە — ل — ١٢٦

(١٨) هەمان سەرچاوە — ل — ١٢٩

(١٩) هەمان سەرچاوە — ل — ١٣٠

(٢٠) هەمان سەرچاوە — ل — ١٣١ —

(٢١) هەمان سەرچاوە — ل ١٣٢ -

(٢٢) هەمان سەرچاوە — ل - ١٣٧

ویلسۆن مەبەستی پێکەوەنانی پێنج ویلایەتە لە عێراقدا — ئەوانیش پێکهاتەیەکی بەڕێوەبردنەکانی خۆی پێشنیار کرا.

(٢٣) هەمان سەرچاوە — ل - ١١٨

Howard, H. The Partition of Turkey. Pp. 241.242.

Mejcher, H, Imperial Quest For Oil: Iraq 1910-1928.

(preface).

(٢٦) هەمان سەرچاوە — ل - ٢٩

(٢٧)

Temperley. H.W.V. A. History of The Peace Confer- ence in paris, pp. 182-3

بغداد. تەموزی ١٩٧٩.



PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

# بەشی دووهەم

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

مادەی چوارەمی ئەم پەیمانە بریتی بوو لەوەی کە فەڕەنسا بەشی ئەڵمانیا وەربگرێ کە بیست و پێنجی لە سەرمایەی کۆمپانیای نەوتی تورکی لە هەردوو شاری موسڵ و بەغدا،[1] بەڵام دەربارەی موسڵ ی4ان کوردستانی خوارووە هۆکاری نەوت کارێکی یەکجار زۆری کردە سەر مەسەلەی هەرێمەکانی دەسەلات، هەروەها بە پێچەوانەوە، واتە مەسەلەی هەرێمەکانی دەسەڵات ئەویش کاری کردە سەر مەسەلەی نەوتەکە و (تادریو) کە ئەندامی پەرلەمانی فەڕەنسا بوو، گوتی:

لە کاتی گفتوگۆی گەرمی ئەو دوو دانیشتنەی نێوان ـ کلمنسو ـ سەرۆك وەزیرانی فەڕەنسی و لوید جۆرج سەرۆك وەزیرانی بەریتانی لە ٢١ی و ٢٢ مایسی ١٩١٩، دواجار ـ کلمنسوـ بە هاوێی بەریتانییەکەی گوت:ـ

"ئەگەر بهاتایە و بە منت گوتبا لە کانونی یەکەمی ١٩١٨ وازهێنانمان لە موسڵ تەنها وازهێنان نییە لە کێڵگە نەوتییەکان، بەڵکو وازهێنانیشە لە خاکێکی فراوان، هەر ئەو کاتە بڕیارم دەدا واز لە موسڵ نەهێنم..."[2]

ـ تمبرلی ـ کە مێژووی کۆنگرەی ئاشتی نوسیوەتەوە، ئەنجامەکەی بەم شێوەیە پوخت دەکاتەوە:

"بە بێ چاودانەوە و لێکدانەوە زۆر و دروستانەی مایسی ١٩٢٠ کێشەکانی نەوت و خاك چارەسەرکران. ئەم کارەش هاتەدی بە تایبەتی لە پەیمانی ـ سان ریموـ کە لە ٢٤ی نیسانی ـ ١٩٢٠ـ بەسترا،[3] ئەگەر یەکێ بە وردی سەیری ئەم دوو پەیمانە نەوتییە بکات کە باسیان لێوەکرا، واتە پەیمانی (بیرنفرـ لونج) و پەیمانی (سان ریمو) بۆی دەردەکەوێ بەڕونی شێوە و ناوکی ئەستونێك لە ئەستونەکانی ئەو پەیکەرانەی دواوە کە دانرابوون لە پشتی مەسەلەی کوردیشدا، هەروەها لە پشت مەسەلەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە لێی نزیکە یان پێدەچێ سەبارەت بە مەسەلەی کورد. کێشەی خاك، ئەستونێکی دیکە بوو، لە ئەستونەکانی ئەم بنجوبنەوانە... هەروەکو دیمان، فەڕەنسا بۆ بەریتانیا وازی لە موسڵ هێنا بەرامبەر بە هەردوو پەیمانی نەوتی کە باسکراون و چەند چارەسەرکردنی تریش، لەوانە جێگیربوونی ئینتدابی فەڕەنسا لە سوریا لە لایەنی پارچە خاکەکەوە، واتە دەرچوونی شاری موسڵ لە ژێر

دەسەڵاتی فەرەنسا و ئینتدابەکەی دەسکەوتێکە بۆ مەسەلەی کورد بە تایبەتی و بۆ عێراقیش، لە لایەکی ترەوە لە ڕاستیدا بەشێکی دیاریکراو لە شاری موسڵ نەك هەمووی دەکەوتە ژێر دەسەڵاتی فەرەنسا هەروەکو باسمان کرد بە گوێرەی پەیمانی ـ سایکسبیکۆ ـ ی گومان لێکراو و بەدناو، ئەگەر فەرەنسا لەسەر بەشەکەی خۆی بمابایە، ئەوە کوردستانی باشور دابەش دەبوو بۆ دوو بەش، بەشێکی دەچووە ژێر دەسەڵاتی فەرەنسا و بەشەکەی تریشی لەناو ئینتدابی بەریتانی دەبوو، مانەوەی هەموو ویلایەتی موسڵی یەکگرتووی دابەشنەکرا و ئەگەر دەستکەوتی هەبێ ئەمەیان بەدەستکەوت دادەنرێ. بە هەر شێوەیەك بێ، نەوتەکە کاریگەریی خۆی پیشاندا بۆ ڕێکخستنی بارودۆخی هەموو لایەکی هەرێمەکە و هەتا دوای تەواوبوونی شەڕیش. دەتوانین نموونەی دیکە پێشکەش بکەین کە بەڵگەی نامۆیی ئەو داواکاری و خواست و تەماعکاریانە پیشان دەدات کە دوای شەڕ سەریان هەڵدا.(٤) وەفدێکی ئێرانی گەیشتە کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس ساڵی ١٩١٩.

ئەو داواکارییانەی کە وەفدەکە پێشکەشی کرد، هەرچەندە پاشان هەست پێکرا کە لە ڕاستییەوە دوورن، ئەوەش مانایەکی خراپی ئاشکرای بەدەستەوە دەدا، ئەوەی تیای هاتبوو، داواکارییەکانی هەرێمی لە لای ڕۆژئاوایەوە، ئێران بە کردار داوای ئاسیای بچوکی کرد هەتا سەر روی زێی فورات لە تورکیا، واتە کوردستان و دیاربەکر و موسڵ.(٥) ئەوی جێی سودە و هەروەها دڵخۆشکەرە لەم بارەیەوە ئەوەیە کە دەستنیشانی ئەو بارە تایبەتییە بکەن لە بەرامبەرکردنی بەستنەوەی خاك و کانی نەوت، گرنگی ئەمەش لە نمونەیەکی تردا دەردەکەوێ، ئەو نمونەیەش لەو نوسراوە دایە.. کە (نوسراوەی بەڵگەنامەیە) لەو بیروڕایانەیە کە بۆچوون و هەڵوێستەکانی فەرەنسا تایبەت بەم بارەوە دەردەبڕێ. لە هەمان کات بۆچوونی هەندێ سەرکردەی ئاشوریەکان دەردەخا دەربارەی مەسەلەی ئاشوری و پەیوەندی بە فەرەنساوە، هەروەها بە مەسەلەی خۆیەوە ساڵی ـ١٩٢١ـ ئەم کتێبە بە زمانی فەرەنسی لەچاپ درا. لە ژێر ناونیشانی "مەسەلەی ئاشوری و کلدانی ١٩٢٠ـ١٩٢١"(٦) وەکو دەردەکەوێ ئەم نامیلکە تایبەتییە بۆ جەنەڕاڵ ـ غورو ـ نێردراوی پایەداری فەرەنسا لە لوبنان و سوریا، نامیلکەکە ـ جۆرج دوبوا ـ داینا بوو لە پێشەکیدا کتێبەکە دەستنیشانی ئەوەی کردبوو کە پێشنیاری دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئاشوری ـ کلدانی لە کارەکانی جەنەڕاڵ ـ غورو ـ بێ.(٧)

PDF 4 KURD

هەروەها کتێبەکە دەستنیشانی ئەوەش دەکات کـە بەنـدەری ـ ئەسـکەندەرونی ـ دەبێتـە ڕێگایەك بۆ دەوڵەتی داهاتوو. ئەم دەوڵەتەش بەتەواوی خۆی بە فەڕەنسا دەبەستێتەوە. پاشان کتێبەکە چارەسەرکردنی مەسەلەی ئاشوری بەو لێکدانـەوە و پێشـنیارە نامۆیانـەی خـوارەوە پیشان دەدات:

١. دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئاشوری ـ کلدانی خاوەن ئۆتۆنۆمی کە پێش دەکـەوێت بـۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆ. ئەم دەوڵەتەش لەمانە پێك دێت:ـ

- موسڵ بە سەرتاپای ناوچەکانییەوە.
- دیاربەکر.
- هەرێمی: حەلەب و ارفەسنجاق، دیرالزورسنجاق و سحرە، هەروەها بتلیس، هەکاری و سنجاق(وان).
- سنورەکەی درێژ دەبێتەوە بۆ ناو خاکی ئێران لە ئورمیە و سلماس. ئـەم دەوڵەتـەش دەبێ بەندەرێکی هەبێ.

٢. مانەوەی دەوڵەتی هەر دوو گەلی ئاشوری و کلدانی لە لایـەن دەوڵەتـە گـەورەکان و کۆمەڵەی نەتەوەکان دەپارێزرێ .

٣. داوا دەکرێ هەر دوو گەلی ئاشوری و کلـدانی لـە یـەکێ لـە دەوڵەتـە گـەورەکانی هاوپـەیمان بـە ئینتیـداب بێنێتـەوە.[٨] لـە کتێبەکـەدا یـەکێ لـە یادداشـتەکانی سـەرکردە ئاشورییەکان تۆمار دەکات کە ناردبوویان بۆ ڕۆژنامەی ـ تایمسی لەنـدەنی ـ و ئیدیکـە و بـە بیرخستنەوە و پێناساندنی کێشەی گەلی ئاشوری، یادداشتەکەش دیاری دەخا کـە هیوایـەکی گەورەی بە فەڕەنسا هەیە، ئەمەی تیا هاتبوو:ـ

"ئێمە بە بەریتانیا موعجبین، بەڵام فەڕەنسامان خۆش دەوێ). یاداشتەکە بە پێنوسـی د. ڤیکتور بوتان نووسرا... بوو. هەروەها لەم کتێبەدا، لە بەڵگەنامەکەدا وتارێکیش هەبووە بـە پێنوسی قریاقوس لە پاریس ساڵی ـ١٩٢٠ـ نوسرا بوو دوای نووسەر لە وتارەکـەدا دەربـارەی هێڵی ئاسنە کە لە حەلەبەوە درێژ دەبێتەوە بۆ موسڵ. کە فەڕەنسا دەیـەوێ بـە دوو میلیـار زەنگ دروستی بکات. نوسەرەکە تێدا دەڵێ:ـ

"ئەو گەلەی کە گوێڕایەڵە و دڵسۆزە و بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی هێڵی ئاسن دەکا، ئەو گەلە ئاشـوری و کلدانییـە، بـە مـەرجێ مـافی ئاسـایی و سروشـتی خۆیـان پـێ بـدرێ کـە ئۆتۆنۆمییە. هەروەها دەڵێ ڕێبەرانی فەڕەنسا لەسەریانە ئەوە لە بیر نەکەن بـۆ دامەزرانـدنی

دەوڵەتی ئاشوری، پێویستە دەست بە کارەکانیان بکەن. لە گوتارەکەدا وا دەردەکەوێ کە سورن لەسەر ئەوەی موسل شوێنگەی هەموو ئاواتێکی گەلە. هەروەها دەڵێ کانە سروشتییەکان بەکار نەهێنراوە و مەبەستی ڕاستەقینە زێڕی ڕەشە(نەوت) و لە کتێبەکەدا ڕاشکراوە کە گۆڤاری

□ـ پیترقریاقوس و دکتۆر ڤکتور یونانLOctionassyio

□ـ دەریان دەکرد کە زۆر بە تەنگ مەسەلەی ئاشورییەوە بوونGHoiaeenes

لە ئامانجەکانی ئەم گۆڤارە ئەوە بوو: دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئاشوری ـ کلدانی، لە باکوری عێراق و کوردستان و دابینکردنی سەربەخۆییەکەی لە ژێر چاودێری و سەرکردایەتی فەرەنساوە بێت. هەروەها کتێبەکە ئەو نامە تۆمارکراوە بە زمانی عەرەبی دەنوسێتەوە تێیدا. ڕودان و پێکدادانی زۆر لە نێوان عەرەب و کورد دیار دەخات. ئەمە لە لایەك و ئاشورییەکانیش لە لایەکی ترەوە بەم شێوەیە گرنگی هەرێمی کوردنشین و ویلایەتی موسل دەردەکەوێ،[٩] هەروەها گرنگی ئەم ویلایەتە واتە کوردستانی خواروو، دابەشنەکردنی لەبەر ئەوەی دەبێتە هۆی دابەشبوونی نەتەوایەتی و ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و سەرهەڵدانی داواکاری هەمەجۆری نامۆ و نابەجێ و ناشەرعی و سەرلێشێوانی بۆ هەموو بارودۆخێك کە پەیوەندی بە مەسەلەی موسڵەوە هەیە.

لەوانەش کە هاتبوو ئەو داواکارییە سەیرانە بوون کە دوربوون لە ڕاستی و هۆشمەندایەتی لە بڵاوکراوە و پاڕانەوەی هەندێ سەرکردە ئاشوریەکان خۆ دەنوێنێ بە پشتگیری و هاندانی بە ئاشکرا لە لایەن بەرپرسیارە فەرەنسییەکانی ئەو کات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەوانەش جەنەڕاڵ (غورو). ئەوەی جێی گومان نییە، ئەو داواکارییانە هاتنە ئاراوە لە کاتی ئەو بارودۆخە ئاڵۆزەی کە بووە هۆی سازدانی پەیمانی ـ سیڤەر ـ ی بەناوبانگ ئەو بابەت و بەندانەی کە تیای بوو دەربارەی مەسەلەی ئەرمەن و مەسەلەی کورد. بەم شێوەیە ئێمە دەبینین فەرەنسا بەرامبەر مەسەلەی کورد و ئەرمەن هەڵوێستی باش بوو. هەروەها داواکاری ئاشورییەکانی لا باش بوو بە چەند شێوەیەك هانی دەدان لەمانە ئەو شێوە نوسینەی کە هەبوو لە کتێبی فەرەنسی ناوبراو، ئەوەی ئەم کارە زیاتر ئاڵۆز دەکات ئەوەیە کە هەموو تیرە و تایفە ئاشورییەکان کۆچیان کردبوو و گوازرانەوە لە شوێنەکانیان لەو جێیە دیاریکراوەی هەرێمی ـ هەکاری ـ کورد، لە نێوان شەڕی یەکەمی جیهانی، یانی پێش چەند ساڵێ لە پێشکەشکردنی ئەو پرۆژانە بە پشتگیری و پیرۆزبایی لێکردنی فەرەنسا، هیچ کۆمەڵگایەکی ئاشوری ناسراو

لەم هەرێمانەدا نەمابوون کە لەسەر سنوری عێراق، سوریا و تورکیان، کە لە داواکاریەکان باسیان کرابوو یانی لەم هەرێمانەی کە زۆربەی دانیشتوانی کورد و عەرەب و تورکن.

بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ئەوە کارێکە و شتێکی تر نییە و تا چ ڕادەیەك پەسەندە، بەرژەوەندییەکانی کورد و ئاشور و کەمایەتییە مەسیحییەکان کە لەگەڵیاندا شیاون یەکدەگرنەوە، ئێمە ئارەزومان هەیە ڕاوێژ و پرس بە سەرکردە لێپرسراوەکان و نوێنەران بکەین. هیچ سودێکی نییە پیشاندانی ڕەوشی نەتەوەیەك کە نایەوێ یان ناتوانن سودی لێ ببینن. ئایا ئێوە پێشنیار دەکەن سەید عەبدولقادر یان کەسانی تر کە بەناوی کورد دەدوێن بۆ لەندەن بانگ بکەین؟[١٠] شەریف پاشا[١١] ئامادەیە بۆ گفتوگۆکردن، ئێمەش پرسیار و لێکۆڵینەوەی هاوبەش دەنێرین بۆ بەغدا،[١٢] دەربارەی کوردستانی ڕۆژهەلات و خواروو و نێردراوی پایەدار لە ئەستەنبۆڵ ئەدمیرال (دی دوبیك) بەم شێوەیەی خوارەوە وەڵامی تەلەگرافەکەی وەزیری دەرەوەی بەریتانیای دایەوە:

ژمارە-٣٤-

ئەد میرال سیرج دی دوبیك - قستنتینیە- بۆ ئیرل گیرزن ژمارە ٣٠٤، تەلەگراف ئەی ٢٤٣٢/١١/٤٨ قستنتینیە ٢٩ مارت - ١٩٢٠. بە پەلە دەستنیشان بۆ تەلەگرافەکەتان ژمارە - ٢٥٤- گومان هەیە دەربارەی مانا و پێشنیاری سەربەخۆییان حوکمی زاتی بۆ کوردستان هەر چۆنێکی بێ ناتوانین بڵێین هەڵوێستی گشتی کوردەکان یەکگرتووە و پتەوە، زۆر لە کوردەکانی ناو و وڵات وا لێك دەدەنەوە کە یەکێ لەسەری خۆیانەوە حوکمیان بکات، کەمێکیان نەبێ زیاتر دەبینن لە ئاغاکانی هۆزەکان یان پیاوە ئایینییەکان کە هیچ کاتێ تەبایی نییە لە نێوانیان جارو بار نەبێ بەڵام ئەوەی پەسەندە ئەوەیە کە دژی بیروڕاکانیان نەوەستین، ئەگەر ئێمە ئارەزومان هەیە بۆ پێشخستنی ڕژێمێك کە حکومەتێکی باش و ڕێکوپێکی لێ بێتە دی. هەندێ لە ڕۆشنبیرانی کورد لە دەرەوەی کوردستان لەوانەی کە خاوەن لێکدانەوەی تایبەتین حەز ئەکەن شتی زیاد بڵێن دەربارەی دەسەڵاتی خۆیان و گرنگیان، بۆ نمونە شەریف پاشا لە ڕاستیدا هیچ بایەخێکی نییە، هەڵوێست و بیری ئەم دواییەی ئەو دەربارەی کوردەکان هێشتا بەڵگەی ترم لەسەری هەیە کە نیشانەی کەم ڕێزی نەبێ چیتر دەرناخات. لێرە(یانەی کورد) چەند لایەنێکی تری گرتوتە خۆ کە گرنگیان پەرەدەستێنی لەگەڵ بەرە و پێشەوەچوونی مەسەلەی کورد بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، بیروڕای ئەو نوێنەرانەی کە ( یانە) هەڵیان دەبژێرێ لەوانەیە هەندێ سودی هەبێ و باشترین شێوە بۆ بانگکردنیان کە بە

قسه پێیان بڵێین واته لەبەر ئەوەی (شەریف) بـە گـوێرەی پێویسـت نوێنەرایـەتی هاوڵاتیـانی ناکات. حکومەتی خاوەن پایه و شکۆ ئامادەیه بۆ گوێگرتنی ئەو بیروڕایانەی که دەردەبڕدرێن له لایەن ئەو سەرکردانەی که لێرەن. ئەگەر ویستیان ژمارەیەکی دیاریکراو بنێرن، بۆ نمونه سێ کەس که لەناویاندا خاوەن بیروڕان[١٣] من وای دادەنێم ئێوه لەگـەڵ فەڕەنسـییەکان کـار ڕێـك دەخەن، ئەگینا مەترسی بەگژدا چوون پەیدا دەبـێ، کـه ئێسـتاکه زیـاتر لـه هـەموو کـاتێ دەمانەوێ لێی دوور بکەوینەوە، ئەگەر کوردستان سەربەخۆ بوو ئەوە چاکییەکەی دەگەڕێتـەوە بۆ بەریتانیای گەورە به هەر جۆرێ بێت،[١٤] ئـەوەی بـەردەوام لـه بەڵگەنامـەکانی بـەریتانی بکۆڵێتەوە دەتوانێ چەند ڕاستی و ئەنجامێك دەربهێنێ. هەروەها چەند مەزەندەیـەك ببـینێ و ئەو شتانەش بخوێنێتەوە که له بیر و هۆشی لێپرسراوە بەریتانییەکان دەخولانەوە سەبارەت بەو مەسەلەیە. گومانی تێدا نییه ئەوەی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا بیری لـێ دەکـردەوە (کـیرزن) بریتی بوو له زنجیرەیەك مەزنده و چارەسەرکردنی ڕامیـاری کـه دەگونجـا تاڕادەیـەك ئاشـکرا لەگەڵ ئەو ڕامیاریەی له کۆنه پەیمانی( سیڤەر) دەرکەوت له لایەکی دیکەوە نێردراوی پایەدار (دی روبیك) له توانایدا نەبوو له لایەن خۆیەوە له هەموو شت بگـات، چـونکه زانیارییـەکی کەمی هەبوو هەروەکو دەردەکەوێ له هەموو لایەنێکی مەسەلەکەدا لەو بارودۆخـەدا. لەبـەر ئەوەیه له نامەکانیدا شێوەی دوودڵی و بێهێزی له دەربڕینی بیروڕایدا دەردەکەوێ. پاشان ئێمه دەبینین ئەو شتانەی که باسی دەکا و بۆی دەچێ له نامه و پەیوەندیکردنەکانی دواییـدا زیـاتر کراوەتەوە و لەسەر مەسەلەی کورد له ڕابردودا. ئەوەی جێـی زانینـه هەنـدێ لـه نامـەکانی بڵاونەکراونەتەوە له بەڵگەنامـەکانی وەزارەتـی دەرەوەی بـەریتانی لەوانەیـە بیروڕاکـانی لـەو نامانەی که بڵاو نەکراونەتەوە زیاتر ڕوون و ئاشکرا بن. ئەم نێردراوە پایەدارە(مندوب سامی) له ئەستەمبوڵەوە نامەیەکی تری نارد بـۆ(ئیرل کـیرزن) لـه ژێـر ژمـارەی ١٠٣، بـەم جـۆرە هاتبوو:ـ

له ئەبرال سیرج دی روبیك (قستنتنییه) بۆ (ئیرل کیرزن) وەرگیراوە له ٢٩ تـەموز ژمـارە ٨٦١، تەلەگراف (ئەی ٩٠٧٦/١١/٤٤).

قستنتنییه ٢٨تەموز ١٩٢٠ زۆر به پەله دوابەدوای تەلەگرافی ناردراو بۆ وەزارەتی دەرەوە ژمارە ٨٦١ دووبارەکراو بۆ بەغدا له ژێر ژمـارە(٢٨)، دەستنیشـان بـۆ تەلەگرافەکـەی کـه ناردبووم[١٥] له کاتێکدا خۆم ئایا بۆم هەیه ئاگاداری بۆچوونی ئێوەبم لـەبارەی پێشـنیارەکانی کوردەوە پاش ئەوەی شێوەیەکی ڕونتر وەرئەگرێ که ئێستا لەسەریەتی (الصدر **الاعظم**) لەسەر

PDF 4 KURD

پەیوەندییە لەگەڵ بیروڕای خۆپارێزی کورد ئەوەی پشتگیری بیروڕای ئۆتۆنۆمی دەکات، کە بە بەستنی پەیمانەکە دێتە دی، بەڵام ئەوانە تارمایی شیوعییەت دەبینن و لەناوچوونی داب و نەریتی کۆنی کوردەواریش ئەمەش بەهۆی جوڵانەوەی (مستەفا کەمال) بیروڕای (الصدر **الاعظم**) بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

کوردستان دەبێتە خاوەن حوکمی زاتی بەهۆی بەستنی پەیمانێکەوە. ئەم پلانەش لە هەموو لایەکەوە نەکار نە بێکار نییە، هەرچەندە تا ئێستاش چەند تەنگ و چەڵەمەیەك دێتە پێشەوە کە لە تەلەگرافی ژمارە(٤٠١)[١٦] دەستنیشانم کردن و وەڵامەکەی تۆ کە لە سان ڕیمۆ ناردبووت لە(٢٤)ی نیسان ئەمەش دانانی گەلێ گران دەبێ بۆ جێبەجێکردن بەبێ هاوکاریکردنی فەڕەنسای دۆست، چونکە بەشێکی گرنگی گەلی کورد دەکەونە ژێردەسەڵاتی فەڕەنساوە،[١٧] بەم شێوەیە نێردراوی پایەدار بۆ هاوپەیمانەکان و (الصدر **الاعظم**)ی عوسمانی لە گەورە لێپرسراوەکان دەژمێردرێت. ئەوانەی کە ئەو بڕیار دەدەن بە پێویستی پێکهێنانی حوکمێکی زاتی ئازادانە بۆ کورد و پاراستنی دوارۆژی کوردستان لەسەر ئەم بنچینەیە. بەرپرسیارە بەریتانییەکانیش لەلایەن خۆیانەوە. چەندین پێشنیار و پرۆژەیان پێشکەش کرد بۆ مەسەلەی کورد ڕێگاکانی چارەسەرکردنی جا ئەوەی پەیوەندی هەیە بە کوردستانی خوارو یان کوردستانی عوسمانی هەروەکو بینیمان لە لایەکی ئەو دەستپێشخەریەی لێپرسراوە بەریتانییەکان کردیان لە عێراق، یەك لەوانە(وڵسن) بوو. لە لایەکی ترەوە گەلێ نامە ئاڵوگۆڕ کرا لە نێوان ئیدارەی نێردراوی پایەداری (مندوب سامی) و هاوپەیمانەکان لە ئەستەمبوڵ کە لە بنەڕەتەوە لە ئەندامانی حکومەتی بەریتانی لە لەندەن پێکهاتبوو، بە شێوەیەکی تایبەتی ئەو نامەنوسینانەی کە هەبوو لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا و لەگەڵ وەزیری دەرەوە (کیرزن) خۆی. دەربارەی مەسەلەی کورد بۆ پێشکەشکردنی پێشنیاری کاریگەر بۆ هێنانەدی شێوە و شێوازێك بۆ چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیە لەو بەڵگەنامانەی کە بڵاوکراونەتەوە لە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانی. وێنەی ڕوون و ئاشکرا لەم بارەیەوە دەبینین، لە یەکێ لەم بەڵگەنامانە هاتبوو، نامەیەکی ژمارە (٢٥٤) لە وەزیری دەرەوە (کیرزن) بۆ ئەدمیرال (سیردی ڕوبیك) بەریتانی، نێردراوی پایەداری هاوپەیمانەکان لە ئەستەمبولدا ، ئەو نامەیە تەلەگرافییە بەروار کراوە، لە وەزارەتی دەرەوە لە ٢٦ی مارتی ١٩٢٠ کە تێدا هاتبوو: بۆ دەستنیشانکردنی هەر دوو نامە تەلەگرافییەکەت ژمارە(٢١١) لە ٢٨ی کانونی دووهەم و ژمارە(٣٠٦) لە ٢ی مارت.

ئەو ڕامیارییەی کە ئێمە مەبەستمانە لە پەیمانی ئاشتیدا و ئەو ڕادەیەی کە من گەیشتوومەتێ دەربارەی کوردستانە تەنها دروستکردنی پاسەوانگەیەك نییە بۆ ئینگلتەرا یان فەرەنسا، هەروەها پاسەوانگەیەکی دابەشکراویش نییە، کۆمەڵە دەوڵەتۆکەیش نین لە ژێر پاسەوانی ئەوروپا، بەڵکو ئەوە کوردستانە خاوەن ئۆتۆنۆمی حوکمی زاتی سەربەخۆ لە دەوڵەتی عوسمانی و بە هیچ شێوەیەك لە ژێر دەسەڵاتی تورکیدا نییە.

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

## پەراوێزەکانی بەشی دووەم:

Temperley, H.W.V – A History of peace con – ferece. Pp. 182-3

کۆمپانیای نەوتی تورکیا پێش شەڕی یەکەم وا دامەزراوە، ئەنجامەکانی شەڕیش پێکهاتەی کۆمپانیاکەیان گۆڕی، پاش ئەوەی ئەڵمانیا لە شەڕەکە دا شکستی هێنا، فەڕەنساش بەشی خۆی لێ وەرگرت.

(٢) هەمان سەرچاوە، لاپەڕە – ١٨٣.

(٣) هەمان سەرچاوە، لاپەڕە – ٢١١.

Fisher, N.s..- The Middle East, P. 422.

Temperley, H.W.V.. – A History of peace Con –ference, p. 211.

(٧) هەمان سەرچاوە، لاپەڕە – ٥.

(٨) هەمان سەرچاوە، لاپەڕە – ٢٥.

(٩) هەمان سەرچاوە، لاپەڕە – ٢٠.

(١٠) لە حاشیەدا داهاتووە لەسەر زاری بەڕێز عەبدولقادر کە: ئەو سەرۆکی یانەی کوردیە کە لە قستنتینیە دامەزراوە، پاش ئاگر بەست بەڕاستەو خۆ، کە هەڵدەستێت بە پروپاگەندەکردن چالاکە بۆ بەرژەوەندی و هیواکانی نەتەوەی کورد.

(١١) لە حاشیەدا لەوێ: شەریف پاشا ئەو سەرۆکی شاندی کوردە لە پاریس.

Documents on British foreign policy, 1919. 1939.

First series, vol. Xlll, Turkey, feb – Dec, 1920.

لە حاشیەدا لەوێ: لە بروسکەکەدا ب(٢١٧٠) لە بەرواری ٢٣ مارت کە لە فەرمانگەی هیندی دەرچووە لە بەغدا، کە ئەویش بڵاو نەبۆتەوە.

(١٣) لێرەدا تێبینیەك لەناو حاشیەدا هەیە لە لایەن بەڕێز جۆن تیللی لە بەرواری ١٦ نیسانی تۆماری دەكات بەوەی كە ... كە لەسەر ڕایە جێگیر بوو كە كورد سەركردەی بەرپرسیان نییە... لاپەڕە (٥٠). هەمان سەرچاوە.

(١٤) هەمان سەرچاوە.

(١٥) لە حاشیەدا لەوێدا: بڵاونەبۆتەوە. هەمان سەرچاوە.

(١٦) لە حاشیەدا لەویَ: بڵاو نەبۆتەوە.

مەبەستی لە ڕێكەوتنامە، كە مەبەستی ڕێكەوتنامەی سیڤەرە. كە ئامادە كرابوو چاوەڕوانی ئیمزا كردن بوو.

(١٧) هەمان سەرچاوە، لاپەڕە — ١٠٨.



PDF 4 KURD

# بەشی سێهەم

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

لە سەرەتای بەشی یەکەمی ئەم زنجیرە باسەیەدا لە بارەی (کێشەی کورد لە سەردەمی ئاشتیدا پاش شەڕی یەکەمی جیهانی) ئاماژەمان بۆ ئەو گرنگی و پێویستییە کرد، کە دەبێ بگەڕێینەوە سەری بۆ باس کردنی هەندێ لەو مەسەلانەی کە پەیوەندیان بەو سەرچاوانە هەیە کە لە مێژووی کورد و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە شێوەیەکی گشتی گرنگن، پاش ئەوەی شتێ تێگەیشتین و بیرێکمان وەرگرت لە چڕی و ئالۆزیی بارودۆخی ئەو کاتە، پێویستە بە شێوەیەکی تێروتەسەل و فراوانتر مەسەلەی سەرچاوەکان بخەینە ڕوو بۆ ئەوەی بابەتەکە چی پێویستە لە هەموو لایەکیەوە بە تەواوی باس بکرێ کاری سەرچاوە لەم بارە تایبەتییە لە مێژووی ئەم کاتەدا لایەکی گرنگ پێك دێنێ و باسکردنەکەی هەندێ کۆششی دەوێ، لە سەرەتای دەستپێکردنی ئەم بەشەی لێکۆڵینەوە لە سەردەمی ئاشتیدا یان سەردەمی کۆتاییهاتنی دەوڵەتی عوسمانی ڕوخاودا نوسینەوەی ئەم قسە گونجاوەی کە بەڕێز (دملوجی) لە کتێبەکەیدا (میرنشینی بادینان) کردبووی، سودی خۆی دەڵێ:- گەلێك هەیە لە ژێر حوکمی عوسمانی ستەمکار ژیان دەباتە سەر بە شێوەیەك تواناکانی سەرکوت دەکرێتەوە و ناتوانێ شارستانیەتێك بۆ خۆی دابنێ وەکو گەلانی تری پێشکەوتو لە شەو و ڕۆژێکدا، بەڵکو پێویستی بە دۆخێکی ئازادانەی بیروباوەڕ دەربڕین و پێشکەوتنی ئابوری هەیە وەکو گەل و نەتەوەکانی تر. ئەو تێکدانەی کە ڕژێمی بۆگەن بەدی هێنا لە ژیانی گشتیماندا ئێمەی ڕۆڵەکانی ئەم وڵاتە بە عەرەب و کوردەوە هەر دەمێنێ ئەگەر بێت و بە زانست و زانیاری چارەسەری نەکەین ڕەگەکەشی هەڵنەکێشین.(١)

پاش شەڕی یەکەمی جیهانی یەکەمی مەسەلە و کێشە و کاروباری کوردەکان بە شێوەیەکی گشتی گرنگییەکی ڕوون و تایبەتی وەرگرت کە لە هەموو مێژووی رابردوییەوە سەردەمی وای بەخۆوە نەدیبوو، وەکو لایەکی ئەوەمان هەست پێکرد لە بەشی یەکەم و دووەمی لێکۆڵینەوەکە بۆمان دەرکەوت، زانیاری و وتار و ڕاپۆرت و لێکۆڵینەوە و کتێب، یەك لە دوای یەك ناویان بە ڕوناکی دەرکەوت و لە چاپ دەدران تا ڕادەیەك بە شێوەیەکی بەردەوام بوو، هەروەها بە شێوەیەکی یەك لە دوای یەکدا دەبیندرا لەو چەند ساڵە کەمەی

PDF 4 KURD

یەکەمی پاش شەڕەکە مەسەلە و کێشەکانی کورد بووە. بەشێك لە کێشە و مەسەلەکان کە لە لایەن هۆیەکانی ڕاگەیاندن لە جیهان باس دەکرا، بەشێ گرنگی پێدرا بوو، زۆر لە سەرکردە ڕامیاریەکان و لێپرساوە میرییەکان و کەسە ناسراوەکانی جیهان و نیشتمانی و ڕێکخراوەکان، نوسەران و ڕۆژنامەنوسان و گەشتکەران، خۆیان بۆ تەرخان کرد و بەشێکی گرنگیان بۆ دانا، سەرەڕای گرنگی پێدانی میللەتی کورد خۆی، بەکار و باری چاوەدێریکردنی.[٢]

هەروەها سەرکردە کوردەکان ئەوانەی خاوەن بیروڕان لە هەموو جۆرە پلەوپایە و بۆچوون و ناوەندێك لە هەرێمی کوردستان و دەرەوەیدا ئەوەی گومانی تیا نییە ئەو گرنگی پێدانە بە هەموو وێنە و شێوەکانییەوە شتێکی ئاسایی و سروشتی بوو بە گوێرەی ئەو بار و دۆخەی کە بەسەر هەرێمەکەدا هات و ئەو بارەی کە دروست ئەبێ بە کار تێکردنی شەڕ و ئەنجامەکانی[٣] ئەم ڕۆژگارە نامۆ بوو، نە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نە هەموو جیهان هەتا ئەو کاتە ڕووداوی وەهای لە مێژووی نوێدا بەخۆوە نەبینیبوو،[٤] بەڵام ئەو گرنگی پێدانە بۆ مێژوونوسێکی پسپۆڕ گرنگییەکی گەورە پێك دێنێ کە لە ڕادەی ئاسایی بەرزترە، ئەوەش لەبەر چەند هۆکارێك کە بەستراوەتەوە بە لایەنی باشی و خراپی بابەتەکە، لە هەمان کاتدا گۆڕانکاری لەسەر بارودۆخ و هۆیەکانی نێودەوڵەتی و ناوەوە پەیدا بوو کە کاریان کردە سەر لایەنەکانی ڕامیاری و ئابوری و ڕۆشنبیری، نەك هەر گۆڕانکاری گرنگ، بەڵکو گۆڕانکارییەکی مێژوویی لە هەندێ باردا، ئەوەی جێی گومان نییە کە ئەم گۆڕانکارییانە بە باش و خراپییەوە هاوتای نەبوو تا دوای جەنگی جیهانی دووهەمیش لە هەرێمەکەدا تا بەم شێوەیە ئەم گۆڕانکارییانە خۆیان هۆکارێکی سەرەکی پێکدەهێنن بۆ پەیدابوون و زۆربوونی کتێب و لێکۆڵینەوە و ڕاپۆرت و زێدە باسکردن لێیان و بەسەرهاتی درێژ و کورت دەربارەی بارودۆخ و کاروباری کورد و مەسەلەکانی پەیوەندیدار بە کوردستان. سەردەمی پاش شەڕی جیهانی یەکەم دەژمێردرێ بەم شێوەیە لە گرنگترین سەردەمەکانی مێژووی نوێی گەلی کورد ئەو ڕوداوانەی کە بەسەر هەرێمی کوردنشین هات لە نێوان چەند ساڵێکی دوای شەڕ تەنها نەبووە هۆی مافی چارەی خۆنوسین بۆ وڵاتی کوردەکان کە دەیان ساڵ لە دوای هات، بەڵکو کارتێکردنەکەی زۆر جێی گرنگییە بەردەوامیش دەبێ هەتا ئەمڕۆش هەر بە بەردەوامیش دەبێ هەتا چەند ساڵی تر لەدوا ڕۆژدا لەبەر ئەوە ئەم سەردەمە پێویست بە لێکۆڵینەوەی زۆر و تەواو هەیە بۆ باسەکانی زانستی پسپۆڕی کە بە درێژی دەیخەینە بەردەستمان، شیکردنەوە و دۆزینەوەی ئەو هۆکار و هۆیانەی کە چوونەتە ناو یەکترەوە بۆ دروستبوونی ئەو کات و ساتە زۆر گرنگە لە مێژووی

PDF 4 KURD

کورددا، باسکردنی سەرچاوە گرنگەکان، کارێکی ئاسان نییە. دانانی گرنگی ئەو سەرچاوە و سەرچاوەیەکی تر زۆر دانراو هەیە کە ئەو کەسانە نوسیویانە خۆیان بەشداریان لەو ڕوداوانە کردووە یا بە چاوی خۆیان دیویانە. سەرەڕای ئەمەش بیروڕای ڕێکوپێکیان دەربارەی ئەو ڕوداوانە نوسیوە یا بیروڕای وەهایان پیشان دا کە تا ڕادەیەکی گەورە ڕاستی ڕوداوەکانیان دەرنەخست، بە هۆی ئەوەوە لەوانەیە ڕاستییەکانیش دڵتەزێن بن بۆ نمونە، خوێنەر دڵنیا دەبێ بەوەی کە یەکێ لە لێپرسراوانی بەریتانی کە فەرمانڕەوای (مەدەنییە) لە عێراق، (ئەرنولد وڵسن) ئەو کەسەی کە نوسیبوی لە بارەی ڕوداوەکانی دەمی کۆتایی پێ هاتووی بەکۆتاییهاتنی شۆڕشی بیست لە عێراقدا (بەشی یەکەم بخوێنەوە لەم باسە). وڵسن کورتەیەکی لە پەرەگرافێکدا نوسیبوو و تا ڕادەیەکی زۆر دەرخستنی ئەنجامی ئەو ڕوداوانەی تیابوو لەسەر مێژووی ڕامیاری لە هەرێمی کوردنشین و هەڵوێستی ڕامیارانەی بەریتانیا لێی، ئەم پەرەگرافە ئەوەیە: ئێمە چیمان لە دەست بهاتایە دەمانویست هەر جولانەوەیەك لە لایەن کوردەکانەوە هەبێ بۆ جیابوونەوە لە ڕژێمی ئێرانی بێهێزی بکەین. ئێمە مەبەستمان ئەوە بوو ئەو کوردانەی دەکەونە دەرەوەی ویلایەتی موسل وایان لێ بهێنێت بۆ خۆیان چارەنووسیان ژێر دەستی حکومەتی تورکی،(٥) ئەگەر زانیمان ئەوە دادەنرێ بە کورتەیەکی پڕمانا لە ڕامیاری بەریتانی بەرامبەر دوارۆژی ئەو هەرێمە پێویستە و لەسەرمانە بزانین گرنگیەتی ئەو دەربڕینە گرنگە چییە؟ گومانی تیا نییە ئەو کورتەیەی کە سیاسەتەکە دەریدەخا ڕوون و ئاشکرایە. هەر لە یەکەم جاری خوێندنەوەدا دەردەکەوێ، ئەویش لای کەمی لەبەر هۆکارێکی گەورە، ئەوەیش ئەو بڕیارەی کە لەپەرەگرافەکەدا بوو ئەو سیاسەتەی گرتە خۆ کە بەریتانیا بەرامبەر هەموو ناوچە کوردییەکان بەکاریدەهێنا، ئەویش سیاسەتی لێپێچانەوە و جێبەجێکردن بوو، لەبەر ئەوەی ئینگلتەرە ڕۆڵێکی باڵا و تا ڕادەیەك سەرقسەی لەم بابەتە هەبوو. سیاسەتی لەو کاتەدا ئەوە نمونەیەکی گرنگ بوو لە یەکەمین سەرچاوە بەڵام بۆ ئەوەی ببینن ئەم سەرچاوانەی کە پەیوەندیدارە بەو کاتەی پاش شەڕی یەکەم چی تیایە لە شەڕی دژ بە یەك و لێك جیاواز لە زۆربەی کاتەکاندا، ئەم نمونەیە دەخەینە بەر چاو کە لە ناوەڕۆکدا ناگونجێ لەگەڵ ئەو سیاسەتەی بەریتانیا کە پیشان درابوو. لە ناو نوسینە باسکراوەکەی (وڵسن)دا، جێگرێکی فەرەنسەوی کە ناوی (جورج کولیس) بوو، بەهەمان بۆنەوە ئەمەی خوارەوەی گوت: "سیاسەتی بەریتانی مەبەستی ئەوە بوو تورکیا بکا بە میسری نوێ و قەڵایەك بێت لەسەر ڕێگای هیندستان، لەوەش زیاتر بەریتانیا دەستی کرد بە بەرزکردنەوەی چالاکی ڕامیاری و

PDF 4 KURD

سەربازی کاریگەر لە کوردستاندا و پاڵپشتی چالاکی نەتەوەی کوردی دەکرد و توند و تیژی دەکرد". بەم شێوەیە نووسەر لە مێژووی پاش جەنگی گەورەی یەکەم زۆر شت دەبینێ. لە بڕوا پێکراوەکاندا هەروەها ئەوەش دەبینێ کە ئەوەی ئەو بە دوای وێڵە وا نییە، هیچ باسێك و بانێکی تەواوی تیا نابینێ کە ئەو لێك دەداتەوە کە مادە مێژووییەکەی لێ پێك بهێنێ. ئەوەی جێ سەرسوڕمان نییە بەشێکی گەورەی باس و بابەتەکانی مێژووی کورد سەرچاوەکانی ئەو دانراوە ئەو کتێب و باس و وتارانەیە کە زۆربەی تایبەتین بە وڵاتان و گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەکو تورکیای عوسمانی و دەوڵەتی ئێران و وڵاتە عەرەبییەکان، ئەم چەشنە سەرچاوانەش بە شێوەیەکی کەم و بچووك نەبێ باسی مەسەلەی تایبەتی کورد لە هەموو کاتێك و هەموو بارێکدا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ باس ناکەن، تەنها چەند کون و قوژبن و ڕویەك نەبێ، لەبەر ئەم هۆکارەش ئەو سەرچاوە دانراوانە لایەنی باش و خراپی زۆریان هەیە، لێرەوە دەردەکەوێ کە گرانی ئەو ڕۆڵە و ئەو ئەرکەی ئەو نوسەرەی کە ئەیەوێ ئەو دەم و کاتە بخاتە بەردەستی بۆ باس و لێکۆڵینەوە و نوسینی، کورتەی قسە ئەوەیە: لەوانەیە زۆر لە ڕاستییەکانی مێژووی کورد لەم دەم و کاتەدا ون ببێ، بێ ئەوەی هیوایەکی گەورە بخوازین بۆ ڕزگارکردنی و گێڕانەوەی ژیانی، مێژووی کورد توشی دیاردەیەکی تریش بوو، ئەویش (زێدەگوتن)ە. زێدەگوتنیش لە هەردوو لایەنی باش و خراپیدا، سەرهەڵدەدا بەهۆی چەند هۆکارێکی سەرەکی و هۆکارە سەرەکییەکانیشی ئەمەیە: نەبوونی نوسراوی مێژوویی تێروتەسەل، ئەم مێژووە بەڕای هەندێ کەس، لە هەموو شت زیاتر بەو زەوییە نەچێنراوە دەچێ کە هەموو جۆرە درەختێکی تیا دەڕوێنی، بەرهەمیش بدات زۆرجاران هەندێ کەس بە تەنیا بە نیازێکی پاك هەرشتێ دەنووسێ، وا تێدەگا ئەوەی دەینوسێ باش و بە کەڵکە و پێویستە سوپاسی بکرێ. هەروەها زێدەوتنیش دێتە کایەوە لای لێکدانەوەی هەندێ نوسەران ئەوەی دەینوسێ دوور لە ڕەخنە و لێپێچانەوە دەمێنێتەوە، ئەگەر ڕەخنەشی هەبوو و هەرچۆنیەکی بێت ئەوە ئازاری نادات، ئەوەی جێی گومان نییە پاڵپێوەنەرێکی تریش هەیە بۆ زێدە وتن و ئەویش هەوڵدانی شکاندنەوە و گاڵتە پێکردنە، یان بەرزکردنەوەی پایەیە و زێدەگوتن لەو ڕۆڵەی دەبێتە هۆی... هەتا کوتایی هەروەها پەلەکردن و هەلپەرستی و خۆخستنە سەرشانی مێژوو بۆ ئامانجی کەسایەتی یان شکاندنەوەی ناحەزانی، ئەوی ڕاستی بێ ئەم جۆرە نووسەرانە کە دەبێ بکەونە ناو چەند تەنگ و چەڵەمەیەك کە دڵخۆشکەر و جێی ویستن نییە هەروەکو سەر نەگرتنی کارێك و دژایەتی لە دەربڕیندا و دەرچوون لە ڕاستییەتی و کەوتنە ناو تەڵەی

دووبارەکردنەوەی بێزارکەر و هەروەها قسە و بیری بێنرخ. کەواتە زۆربەی سەرچاوەکان لە مەسەلەی کوردیدا یەك لایەنە و باسی لایەکی تری مەسەلەکە دەکەن، ئەگەر ڕاست بێ، زۆر دەنووسرێتەوە کەم لە لایەن کورد خۆیانەوە دەنوسرێتەوە ئەو کوردانەی کە، گەلی کورد بە کۆتاییهاتنی جەنگی یەکەم توشی بارودۆخێ بوو وەکو خۆی هەر نەبووە. ئەم بارودۆخە وای لە هەندێ باسنوس کرد کە توشی ڕایەکی دوور لە ڕاستی بن کە دەڵێن: مێژووی ڕامیاری و نیشتمانی ڕاستەقینەی کورد تەنها لەپاش شەڕی جیهانی یەکەمەوە دەست پێدەکا. ئەم جۆرە باسنوسانەش بیروڕای خۆیان لەسەر ئەو ڕاستییە دەردەبڕن کە ئەوروپا بە تایبەتی پاش شەڕی گەورەی یەکەم گرنگییەکەی بە شێوەیەکی گەرم و گوڕ بەهێزتر کرد[٦] بۆ ئەوەی زیاتر لە وەسفکردنی نامۆیی دۆخەکە دور نەکەونەوە کە لە دوای شەڕی یەکەم سەری هەڵدا، وێنەیەك دەهێنینەوە و لەناو چەندان وێنەی تر بۆ ئەوەی شێوەیەکی ڕونتر دەربکەوەێ. ئەم بارودۆخە نائاساییە و سەرسوڕهێنەرەی کە هەبوو لە چەند شوێنێکی نیشتمانی کورد و چەند بەشێك لە گەلی کورد خۆی لە کاتێکی ناکاویدا لە ئەنجامی ئەو شەڕە گەورەیە بێ ئامانییە دۆزییەوە، (ئەحمەد خواجە) کە پەیوەندییەکی پتەوەی لەگەڵ سەرۆکی کورد شێخ مەحمود حەفید هەبوو، ئەو وێنەیەمان بۆ دەنوسێتەوە کە پەیوەندی بە شاری سلێمانی و هاتنی نوێنەری ڕژێمی نوێی بەریتانی (میجور نوئیل) بۆ ئەوێ هەیە، بە گوێرەی ئەو ڕێککەوتنەی کە لەگەڵ شێخ مەحمود بەسترا بوو، (بەشی یەکەمی ئەم باسە بخوێنەوە). کە لە لاپەڕەکانی داهاتوودا باسی دەکەین، ئەو دەنوسێ: لە ١٨ تشرینی دووهەمی ١٩١٨دا ( میجور نوئیل) گەیشتە شاری سلێمانی بە گوێرەی ئەو پەیمان و ڕێککەوتنە ئەو گەیشتە شاری (بتخویل) لە لایەن فەرماندەی ئاسایی بەریتانی لە عێراقدا بە فەرمانی ئەویش بوو، کاتێ (نوئیل) گەیشتە ئەوێ، خەونەکەی ئەو تەنها ڕایەخ و پێخەف بوو لە ڕۆژی دواییدا لە پێش سەرای حکومەت بە ئامادەبوونی چەند هەزار کەسێك لە دانیشتوانی شار و هۆزەکانی کورد وەك هۆزی جاف و هەمەوەند و پشدەر و مەنگوڕ و ئاکۆ و بڵباس و جەباری و زەنگەنە و تاڵەبانی و داودە و هی تر، لە پێش دانیشتوان چووە سەر کورسییەکە و بە زمانی فارسی گوتی:"بە ناوی حکومەتی بەریتانیا و فەرماندەی گشتی لە عێراقدا قسەتان بۆ دەکەم، ئێوە ڕزگار بوون لە دیلیەتی و ئێستاکەش ئازادن. شێخ مەحمود فەرمانداری کوردستانە و منیش بە فەرمانی فەرماندەی گشتی لە بەغدا ئەم هەواڵە خۆشەتان پێ ڕادەگەیەنم.[٧] دەبێ ئەو ڕاستییە بگوترێ کە ئەو هەموو شتەی لەم تابلۆیەدا نیشان دراوە نوێیە، جۆراوجۆر و نامۆیە ئەگەر بەراورد بکرێ لەگەڵ مێژووی درێژی ڕابردوو،

گەورە پیاوێکی عوسمانی ڕۆیشت و یەکێکی تری ئینگلیزی هات و بە فارسی لەگەڵ خەڵك دەدوا و باسی ئازادی و مـاف و حـوکمی دەکـرد، ئـەو ئەمانـەی لـە کۆبوونەوەیـەکی چـڕی جەماوەریدا بڵاو دەکاتەوە لە هـەموو ئـەو دیاردەیـە دەردەکـەوێ و سـەرهەڵدەدا کـە گـەلی کوردیش وەك گەلانی تر بە تەواوی لەو شەڕە دوژمنکارییـە هاتـە دەرەوە و گەیشـتە دۆخـی سەردەمێکی نوێ و جیاواز لەو شێوەیە کە توندتر دەردەکەوێ لە دوا ڕۆژێکی نادیار و بزر کە چەندان لێکدانەوە دەگرێتە خۆ و لە ڕەنگ و ڕویدا چەند تروسکاییەکی هیـوا و ئـاوات بـەدی دەکرێ، لێرەوە، لەم دۆخە بێهاوتایە ئەم گرنگی پێدانە گەورەیە بە مەسەلە و کاروباری کـورد هاتە کایەوە، هەروەك باسمان کرد لە لایەن ناوەندەکان و دائیرەکانی ڕامیاری و زانسـتی دور و نزیك لەم جیهانە و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە هۆی ئـەوە و هـەروەها هۆکـار و هۆیـەکانی ترەوە، لەم مێژووەدا باسنوسەکان سەرچاوە و زانیاری بنەڕەتی باوەڕپێکراوی بە نرخیان کەوتـە ژێر دەست، ئەوەش دەبێتە هۆی پێکهاتنی کارێکی هاندەر و تۆخمێکی پاڵپێوەنەر بـۆ بـاس و لێکۆڵینەوەی ورد و دڵسۆزانە، بەڵام لە لایەکی ترەوە دەبێ ڕاسـتەوخۆ بگـوترێ و بـە درێـژە پێدانی هەبوونی سەرچاوە و گردبوونەوەی نوسراوەکان تەنیا ئەو لایەنە زۆرانەی ئەم مێژووە پتر ئالۆز ناکات، بەڵکو دەبێتە هۆکارێك ڕێگا دەگرێ لە نوسینەوەی ئەم مێژووە، ئەوەش نەك بە هۆی دژایەتی و تێکچوونی زۆربەی کاتەکان، بـەڵکو لەبـەر ئـەوەی بەشـێکی هـەرە گرنگـی نەنوسراوەکانە تەنها بە مەبەستی تێکدان و خراپکردن و شاردنەوەی نیازی ئـەم لایـەن و ئـەو لایەن لە لایەنی پەیوەندیدارەکان نەك تەنها لە پێناوی مێژوو یان زانستی ڕووت. ئەم ڕاستییە گرێ کوێرەیەکی ترسناك پێك دەهێنێ بەشێکی کەم نەبێ لە نوسەران و دانەران کە هەسـتیان بە تەواوی ترسناکییەکەی کرد پاش قوڵبوونەوە لەم بار و ڕوداوانە بۆ ئەوەی نەکەونە ناو چاڵ و داوەوە و توشی هەڵەی ئەولا و ئەم لا نـەبن کـە دەبنـە هـۆی ڕێگـرتن لـە نوسـینەوەی ئـەم مێژووەوە بابەتی سەرچاوەکان لە مێژووی نوێی کورد، بەم شێوەیە دەمانباتە ناو ڕەخنەگرتن و شکاندنەوە، ئەم نووسینانە پێویستیان بە هەڵسەنگاندن و ڕخنەگرتن و پوختـەکردنێکی ورد و ڕاست هەیە، بەڵام ڕەخنەگرتن و پوختەکردن نایەنە ئەنجام تەنها بە نوسـینەوەی ئـەم مێـژووە نەبێت، بە دوور و درێژی چەندی کرا و بە وردی و بەجوانی، بەڵام لەم مێژووە هەتا ئێسـتا نـە نوسراوەتەوە بـەم درێژییـە و فراوانـی و وردییـەی پێویسـتە و لـە ئەنجامـدا سەرچـاوەکانیش دوورکەوتنەوە لە تیشکی ڕەخنەگرتن و پوختەکردن و ئاشـکراکردنی هـەروەها هێـڵ و سـنور دانەنرا لەنێوان سەرچاوە گرنگ و باوەڕپێکراوەکان و ئەوانەی گرنگ نین و لەڕاسـتییەوە دورن،

PDF 4 KURD

گومانی تیا نییە سوربوون لەسەر ڕەخنەگرتن و لە بێژەنگدانی سەرچاوەکان مەبەست ئەوە نییە دروستکردنی پەرژینێ بێ لە نێوان بەشێك لە سەرچاوەکان و بەشێکی تریان، ئەم کـارە دوورە لە جێبەجێکردن، بەڵام لە لایەکی دیکەوە دەبێ سەرچاوەکان بخەینە ژێر ڕەخنەگرتن و وردبینی و پیاچوونەوەیەکی بەردەوام و نەپێچراوەوە، چونکە بەم ڕێگەیە بە ڕاستی دەگەین. سـەردەمی ئەوان و ڕووداوەکان پێکەوە بووە یان بەشدارییان تیا کردووە، هـیچ کتێبێـك یـا یاداشـتێکیان بەجێ نەهێشتووە کە دەربارەی بەشداربوونیان بێ یان دەربڕینی هەست و بیریان بێ تـەنها لـە چەند بارێکی زۆر کەم نەبێ لەبەر ئەوە بەشێکی گرنگی ڕاستییەکانی مێـژوو بەسـتراوەتەوە و پەیوەندیدارە بە مەسەلەی کورد بەڵام لەدەست چووە و ون بووە، هـەتا سـەرکردە و فەرمانـدە ناسراوەکانیش لە سەردەمی خۆیاندا بۆیان نەکرا شتێ جێ بهێڵن، کـە باسـی ئـەو بیروڕایانـە بکات کە لای خۆیان نوسیویانە، ئەوانەی کە بۆیان کرا شتێ لە یاداشتەکان بنوسنەوە هێشـتا ژمارەیان لە پەنجەکانی دەست تێنەپەڕیوە لەوانەیە تێگەیشتنی ئەو ڕونکردنەوە و ڕاستییانە و سەرچاوەکانی ئەم مێژووە یارمەتی بدا و باشتر تێگەیشتن لەم باسەی کە ئێمە خەریکی تـەواو کردنین. نوسین و ساتنامەکانی ـ میجۆر نۆئێڵ ـ

کونترین و گرنگترین سەرچاوە لەنێوان سەرچاوەکانی بەریتانی کە پەیوەندییان بە مەسەلەی کورد هەیە بەتایبەتی پاش شەڕی یەکەمی جیهانی بەماوەیەکی کەم لە یەکێ لەو ساتنامانەدا هاتبوو، لە ڕۆژی ١ی ئەیلولی ١٩١٩ لە کاتی گەشتەکەی لە هەرێمی /ملاتیە/ی کوردی لـە تورکیا بەم شێوەیەی خوارەوە:ـ

"مرۆڤی کورد زیاتر چوسـت و چـالاکە و بـیر و ئەندێشـەی فراوانـە و زۆریـش حـەز لـە بەسەرکردنەوە دەکات... هەستی نەتەوایەتی کورد قووڵە... بۆ ئەوەی ئازاد و سەربەسـت بـن بە ئارەزوویەکی بەتینەوە تێدەکۆشن."[٨] هەروەها لە سـاتنامەکاندا میجـۆر نۆئێـل ئەمـەی خوارەوە لە ڕۆژی ٦ی ئەیلول تۆمار دەکا "ئەوەی خوارەوەتان پێ ڕادەگەیەنم کە وەرگێڕانی ئەو نامەیەی لە خەلیل بەگەوە فەرمانەدەی لەشکری ١٣ دیار کرد، بـۆ کـاپتن عابریـت ئەفسـەری (سوارە)ی جێگیر لە (ملاتیە). ئەم نامە گرنگە، بەڵگەیەکە بۆ بەهێزی جولانەوەی نەتەوایەتی کورد لە دیاربەکر، هەروەکو تورکەکانیش لەنێوان خۆیاندا دانی پیادەنێن.

تۆ ئەو هەڵچوونەت بەبیر دێ کە بە بۆنەی کۆبوونەوە پێشنیارکراوەکە هەموو دیاربـەکری گرتەوە... من چۆنیەتی بیر و هۆشی خەڵکی دیاربەکرم لـە ژێـر میکرۆسـکۆبی لێکوڵینـەوە لەسەر کردووە، من لە هەموو بیروڕایەکان شارەزام، من بە تەواوی دەیانناسم، لەو کاتانەی کە

PDF 4 KURD

خەڵكی دیاریكەر لە ژێر دروشمی بیری نەتەوەیی كورد كاریان دەكرد، بۆ ئەوەی بكەونە ژێر پاسەوانی بەریتانی، لە ژێر رۆشنایی پروپاگەندە كە لاوە كوردەكان بڵاویان دەكردەوە... هەروەها ئەو راپۆرتە نیهێنیانەی كە بە دەستم دەگەیشت، بە تەواوی بۆم روون بوون، بەهۆی ئەو شتانەوە كە ئەوان كار دەكەن بۆ بەرژەوەندییەكانی بەریتانیا ئەو قسانەی كە ( ئەكرەم جەمیل پاشا) كردبووی لە كاتی گەیشتنی میجۆر نۆئێل لە حوزەیران، پاشان هەڵاتنی بۆ (حەلەب)، هەروەها رەتكردنەوەی دیاریكریەكان بۆ هاوبەشیكردن لە كۆنگرەی ئەرزرۆم یان ( كۆنگرەی جولانەوەی كەمالیەكان هەرچەندە ئێمە ئامۆژگاریمان كردن بۆ هاوبەشیكردنیان ) ئەم هەموو رووداوانە بە ئاشكرا دەریان خست راستی لە كوێ دایە، كە فەرمانرەوای نوێ گەیشت، مانای راستەقینەی ئەم رووداوانەمان بۆ باس كرد، لەبەر ئەم هۆیانە ئەو بڕیاریدا یانەی كورد داخرێ...[9] ئەو گەشتەی كە میجۆر نۆئێل پێی هەستا لەگەڵ چەند كەسانێكی كورد بۆ كوردستان لە (ئەنەدۆڵ) كە بابەتی ساتنامەن لەوەوە دەدوێن ئەم گەشتە هێندەی نەمابوو ببێتە هۆی گێروگرفتێكی نیمچە دەوڵەتی هەروەكو دەبینن... ئەم سەردانە بووە هۆی گرنگی پێدانی حكومەتی عوسمانی كە ئەو كاتە لە ئەستەمبوڵ بوو و جولانەوەی كەمالییەكانی دژ بە ئەوان لە قوڵایی ئەنەدۆڵ هەروەها گرنگی پێدانی حكومەتی فەرەنسا و دەسەڵاتدارانی بەریتانی و ئەمریكی و ئیتاڵیایی كە لە شەڕ لە توركیا دۆڕابوون، هەروەها گرنگی پێدانی كەسانی ناسراوی تر و لەگەڵ ناوەندیانی تر. هەروەها ئەم گرنگی پێدانە بەڵگەی ئەو هەڵوێستەی دا بە دەستەوە كە لە سەری بوون هەر لایەنێك لەو لایەنانەی كە گرنگیان بە مەسەلەی كوردخۆی هەڵسوكەوت كردن لەگەڵیا ئەم راستییە لە زۆر سەرچاوەوە دەركەوت، لەوانە بەڵگەنامەیەكی سیاسەتی دەرەوەی بەریتانیا بڵاوكراوە یا ئەو دەستنیشانكردنانەی كە هاتووە بۆ ئەو بەڵگەنامانەی تری بڵاو نەكراوە، ئەوەی لێرە بگونجێ دەست نیشانی بكەین ئەو راستییەیە كە ژمارەیەك كە بێ نرخ نازانرێ لەو بەڵگەنامانەیە كە پەیوەندی بە كێشەكانی كورد هەیە و هێشتا هەتا ئەم كاتەش بڵاو نەكراونەتەوە. دەربارەی سەردانەكەی میجۆر نۆئیل بۆ كوردستان لە ئەنەدۆڵدا و ئەو دوبەرەكی و ناتەباییە و ئەو دەربڕینی هەڵوێستە هەمە جۆرانەی دروستی كرد. پێویستە ئەو بەڵگەنامەیەی خوارەوە دەستنیشان بكەین، دەربارەی هەندێ: (پاشكۆ (١) لە بەڵگەنامەی ژمارەی ٥٤٩[10] پوختەی گفتوگۆیەكی نێوان (مستر هوهلر) سكرتێری فەرمانگەی نێردراوی پایەداری بەریتانی لە ئەستەمبول لەگەڵ جەنەراڵ (ماكۆی)دا. جەنەراڵ ماكۆی، یاریدەدەری جەنەراڵ (هاربورد) ئەم بەیانییە سەردانی كردم، ئەو

سەر بە سوپای یاسایی ویلایاتی یەکگرتوو و کۆنە هاوڕێشە ماکوی بە تایبەتی هاتەسەر ئەو باسەی کە (مستەفا کەمال) بە تایبەتی.[11] باسی هەرێمی (ئورفە)ی کرد، لە کاتی گفتوگۆکردن لەگەڵیا هەرێمێ کە دەکەوێتە باکوری موسڵ و هەروەها باسی ئەو هەوڵدانەی کە دەکرێ بۆ کوردستانێکی ئازاد لە لایەن هەندێ ئەفسەرانی بەریتانی لەوانە میجۆر نۆئیل و کۆلۆفیل بیل، ئەو دوانەی کە هێندەیان نەمابوو بەدیل بگیرێن لە (ملاتیە). دڵم زۆر خۆش بوو ئەو کاتەم بەدەست کەوت کە بۆ ئەم ئەمریکاییە باسی بابەتەکە بکەم... پێم گوت ئێمە زۆر دورین لەوەی کە رێگە لە هەستی نیشتمان پەروەری بگرین، بەڵام ئەم نیشتمان پەروەرییە لە گەلانی تر جیاوازە. ئەم نیشتمان پەروەرییە. دەستی کرد بە لەناو بردنی مەسیحییەکان، ئەو گوتی: ژمارەیەکی زۆر کەم ماونەتەوە لە ئەرمەنەکان لەو ویلایەتانەی کەوا باوە ئەرمنیای نوێی لێ دروست بکرێ بە گوێرەی ڕۆژنامەگەری، بەڵام لەوەی تەنها کوردەکان ماونەتەوە، گوتم (ئورفە) و وڵاتانی تر لە لایەن ئێمەوە داگیرکران. بە گوێرەی بەندەکانی ئاگربەست پیت بە پیت، هەروەها من هیچ زانیاریەکم نییە حکومەتی خاوەن شکۆ دەیەوێ و بیر لە دامەزراندنی کوردستانێکی ئازاد دەکاتەوە. میجۆر نۆئیل و هاوڕێ کوردەکانی ئەو پرۆپاگەندەیان لەناو هێزە کوردەکاندا بەم شێوەیە بڵاو دەکردەوە. هەروەکو جەنەڕاڵ خۆی دەڵێ: چەندی کارەکەیان بەسترابوەوە بە بیروڕای پایەدار لە ئەستەمبولدا بە فەرمانێکی یاسایی نەبوو، سەرۆکە کوردەکان بەڵێنیان دا پێش سەفەر کردنیان روون بکەونەوە لە هەڵسان لە پیلانێك یان کارێك دژی حکومەتی تورکی یان دژی مستەفا کەمال نەکەن کە بە دوژمنی خۆیانی دەزانن، وا دەردەکەوێ میجۆر نۆئیل هەست و سۆزێکی پڕ خۆشەویستیی بەرامبەر کوردەکان هەبێ تا وای لێهات ئەو بووە نێردراویان... ئەوە بوو لە ١٤ی تشرینی یەکەمی ١٩١٩دا داوای هاتنی(ت. ب. هوملری) کرد.

PDF 4 KURD

## پەراوێزەکانی بەشی سێهەم:

(١) الدملوجي – ص – اماره بهدينان. لاپەڕەی (٨) بۆ پاڵپشتی کردنی ئـەم وتەیـە تـا ئێستا هەوڵ و کۆشش دەکەین بۆ پێشکەشکردنی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی بـۆ ئـەو مێـژووە، دوای جەنگی یەکەمی جیهانی.

(٢) شایانی باسە، باسی ئەم نووسـەرە دەروازیـەك بـەناوی (كردسـتان فی سـنوات لحـرب العالمیه الاولی) لە خۆ دەگرێ کە تیایدا گرنگی ئەو جەنگە و کاریگەریەیی لە لایەنی سیاسی تایبەت بەسەر دوا ڕۆژی ناوچەی کوردی دەخاتە ڕوو و بـە بەڵگـەوە ئـەو ڕێککەوتنامـە نێـو دەوڵەتیانە دەخاتە ڕوو لەوانە سایکس بیکۆر، سازانۆف، بالیۆلۆگ لە نێوان ڕووسیا و فەڕەنسا و پەیوەندی بە کورد.

شایانی باسە پێداچوونەوەی وتاری (كردستان في وثائق معاهـدة سـايكس بيكـؤر) و ڕێکـەوتنی (سازانۆف – بالیۆلۆگ) – د. أحمد عثمان – گۆڤاری خۆری کوردستان – ژمارە (٨) مایسـی ١٩٧٢ (بە زمانی کوردی).

(٣) شایانی باسە لە میانی باسەکەمدا ئاماژەم بە بارودۆخی ئەو کاتـە کـردووە، لەگـەڵ باسەکە/ (بزووتنـەوەی شێخ مـەحمود و پەیوەندییـە نێـو دەوڵەتییـەکان) – گۆتـاری (کـۆڕی زانیاری کورد) ژ (١)، بەغدا ١٩٧٣.

Fani, M. – Les Kurdes et Leur Evolution Sociale preface paris, 1933.

لە شیکردنەوەیەك سەبارەت بەم پەرتووکە لە گۆڤاری (خۆری کوردستان) ژمارەکانی (٥٣، ٥٤، ٥٥،...).

Wilson, A.T. Mesopotamia, 1917-1920, p.86.

(٥) خواجە. احمد – (چیت بینی؟)، بەرگی ١، بەشی ١، لاپەڕە (٢٠-٢١) (بـە زمـانی کوردی). (گەیشتنی مێجەر نۆئێل بۆ ئەوێ).

PDF 4 KURD

Diary of Major E.M. Noel on Special Duty in: Kurdistan From: June 14th to September 21st , 1919

که ڕۆژانه مێجەر لەسەر شێوازی گەشتەکانی بۆ ناوچەی کوردی دەگرێتەوە و بۆ دوو بەش دابەش دەکرێت:

١- بەشی یەکەم لە گەشتی بۆ دیاربەکر لە ٤ حوزەیرانی تا ١٤ی ئەو مانگە لە ساڵی ١٩١٩ یە.

٢- بەشی دووەم گەشتەکەی بۆ کوردستانی تورکیا لە ١٤ی حوزەیران تا ٢١ی ئەیلول.

(*) ئارلۆند ولسن تا تشرینی ١٩٢٠ لە عێراق مایەوە.

(7) wilson, A.T.. Mesopotamia, 1917- 1920. pp. 141-142.

(٨) Cumming, H.H.. franco – British Rivalry in post-war Near East ., p. 88

(٩) (ئایا مێژووی کوردی نووسراوەتەوە؟) ی د. أحمد عثمان بخوێنەوە لە گۆڤاری دەفتەرە کوردیەکان – ژمارە (١) بەغدا ١٩٧٠.

(10) Noel, Major E.M. – Diary …june 14th to September 21st. 1919, p. 14.

دواتر (ڕۆژانەکانی مێجەر نۆئێل) تاوەکو سوری تەواو بێت هەروەها پێویستە باسەکەی تری مێجور نۆئێل بخوێندرێتەوە کە بریتییە لە:

Note on The Kurdish Siutation by: Major. E.W.C. Noel … July 1919. Political Dept. on special Duty in Kurdistan.

دواتر (تێبینیەکان لەسەر ڕەوشتی کورد).

(١١) ڕۆژانەکانی مێجەر نۆئیل – لاپەڕە (١٩-٢٠) بێگومان خوێنەر بە ئاسانی دەبێنێ کە خەڵکی دیاربەکر بە هەستییەکی نەتەوەییانە هەڵسوکەوتیان دەکرد لە ناوچەی ئەنازۆڵدا، ئەمەش مایەی لۆمەی خەلیل بەگ نابێت و، کوردەکان هەستی نەتەوەیی خۆیان دەربڕی بۆ نەمانی گشت ئاسەوارێکی بێگانە لە وڵاتەکەیان.

* Documentson British Fore 8h Policy 1919-1939 First Series vc 17,1919 London 1952.

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

# بەشی چوارەم

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

له بەڵگەنامە هەمەجۆرەکان دەردەکەوێ وەکو دیمان و بۆشمان ڕون دەبێتەوە کە لێپرسراوە بەریتانییەکان لە ئەستەنبۆڵ دا، بێجگە لە لێپرسراوانی تر لە چەند شوێنی تردا، زۆر گرنگییان بە مەسەلەی کورد و ئەرمەن دەدا، ئەو گەشتەی کە مێجەرنوئیل کردبووی ئەو گرنگییە زۆر گەورەیە وەکو ڕۆژی ڕون پیشانی دەدات و رونی دەکاتەوە لە ماوەی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی ئەو ماوەیە کەم بێ یان بەشێوەیەکی ڕاستر ڕاستەوخۆ دوای جەنگەکە بێ. لە ئەستەمبۆڵەوە لە یاداشتەکانی مستەر ریان کە یەکێکە لە لێپرسراوەکانی دائیرەی مەندوبی سامی بەریتانی وا هاتووە کە ئەو گفتوگۆیەی ئەو کردویەتی لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ڕژێمی ئەستەمبولی تورکی ڕەشیدپاشا ئەم یاداشتەش لکێنراوە بە بەڵگەنامەی ژمارە ٦١٦ ـ کە ئەو نامەیەی تێدایە کە نوسراوە لە لایەن ـ سیروی روبیك: لە ئەستەمبول بۆـ ئیرل کیرزن ـ کە وەری گرتوە لە ٢٠ی کانونی یەکەم بە ژمارەی ٢٧١ کە دەرچووە لە ٤ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩١٩ لە یاداشتەکەی (ریان) وا نوسراوە:ـ[(١)]

گفتوگۆیەکی درێژم لە ڕۆژی ١٩ی تشرینی دووهەم لەگەڵ وەزیری دەرەوە کرد بە ڕەشیدپاشام گوت: من حەز دەکەم چەند شتێ بڵێم دەربارەی هەڵوێستمان بەرامبەر کوردەکان، بەڵام لەم هەڵوێستەدا بە هەڵە تێگەیشتن دەرکەوت. دوای سەفەرەکەی میجۆر نۆئیل بۆ ـ ملاتیەـ مستر ریان لە یاداشتەکانیدا درێژەی پێدەدا و دەڵێ: کۆمەڵانی هەمەجۆر سەردانی دەکەن. یەکێ لە ناو ئەو کۆمەڵانە یانەی کورد بوو، ئێمە هەڵوێستمان لەگەڵ هەموو کۆمەڵەکان هەر یەك بوو. ئەویش بریتی بوو لە خۆپاراستن لەو لێکدانەوانەی دەربارەی دوارِۆژ. دیسان ئەو دەڵێ: ئێمە لەگەڵ کوردەکان هەڵوێستمان ساردتر نەبوو، ئێمە وامان سەیر دەکرد کە ئەوانیش نەتەوەیەکی سەربەخۆ پێك دەهێنن کە هیچ گومانی تیا نییە، هەمان مافیان هەیە وەکو نەتەوەکانی تر بە ئاوات و ئامانجەکانی خۆیان و هەروەها بیروڕا دەربڕینییان بکەن، بەڵام بۆ چارەنوسی داهاتویان مەندوبی سامی هیچ شتێکی لێ نازانێ. ئەو وای تێدەگا ڕژێمی پاشایەتیش هێشتا نەگەیشتۆتە دوا بڕیار. هەروەها لە یاداشتەکەی ـ ریان ـ وا نوسراوە:ـ گوتم ڕاستە مەسەلەی کورد گرنگییەکی زۆری پێدەدرێ لە لایەن ڕژێمی پاشایەتییەوە و زۆر بە

PDF 4 KURD

وردی لێی دەکۆڵدرێتەوە، هەروەها ئێمە گرنگی پێدەدەین. لـەم کاتــەدا ، چـونکە کوردەکـان جێگایەکی گرنگیان لە هەر دولای سنورمان لە باکوری بەغدا هەیە. جا لەبەر ئەوە پێویســتە لەسەرمان گرنگییەکی چەسپاو و بەردەوام بە کوردەکان بدەین: لەبەر ئـەوە هەرشــتێ ڕوویــدا ئێمە لە ـ میزۆپۆتامیا ـ و وڵاتانی نێوان دوو ڕوبارەکە دوارۆژمان هەر هەیە. میجۆر نۆئیـڵ کەسانێکی تایبەتی ناردبوو بۆ چەند شوێنێ کە دانیشتوانی کوردن بۆ وەرگرتنی زانیاری، من دڵنیا بووم کە یانەی کوردی ئەندامەکانی کەسانی لێهاتوون و بە ناوبانگ و مرۆڤی دڵسۆزن و سەرکردەکانیش مرۆڤی ناسراون،(٢) بۆمان ڕوون دەکاتەوە ئەو ســەفەرەی کــە میجــۆر نۆئیـڵ کردبووی بۆ ناوچە کوردەوارییەکان لەگەڵ چەند سەرکردەیەکی کورد بوو لە ئەنــەدۆڵ، چـەقێك لەنێوان چەقەکانی بۆ لێکدانەوە و هەڵوێستەکانی سیاسەتی هەمــەجۆر دەربــارەی مەســەلەی کورد و هی تریش. ئەم سەفەرکردنە چی بوو؟ لە یاداشتنامەی ڕۆژانەی میجۆر نوئیـل دا کـە چەند جار دوبارەمان کردەوە واهاتووە دیاربەکری جێ هێشتوە و چووە بۆ حەلەب. لەوێ چاوی کەوت بە فەرماندەی ئاسایی ـ مــەدەنی ـ لــە عێــراق "کولونیــل وڵســن" کــە لــە بەغــداوە گەیشتبوە حەلەب لە ٢٦ی حوزەیرانی ١٩١٩. میجۆر نوئیــڵ لــە یاداشــتنامەکانی دەڵێ:ــ وڵسن پێشنیاری کرد لە ١٣ی حوزەیران لە ڕژێمی بەریتانیا داوای کوردستانێکی ســەربەخۆی کرد، لە ژێــر چــاوەدێری بــەریتانیا کــە بــریتی بــێ لــەم ویلایەتانەــ بــەتلیس، دیاربــەکر و مەعمودیەی عەزین. بە گفتوگۆکردن لەگەڵ وڵسندا بڕیــار درا میجــۆر نوئیــڵ هەڵبســتێ بــە سەردانێکی ئەستەنبۆڵ بۆ ئەوەی پەیوەندی ببەستێ لەگــەڵ خێزانــی بــەدرخانی کــورد، ڕێــك بکەوێت لەگەڵ هەندێ لە ئەندامانی ئەم خێزانــە و ئــەو کوردانــەی کــە فــەرمانیان جێبــەجێ دەکەن، هەورەوها هەڵسان بە گەشتێ بە ناو کوردستاندا بۆ بــەرگری کــردن لــە پرۆپاگەنــدەی ئیسلامی کە تورکەکان دەیانکرد بۆ هاندانی کوردەکان کە دژی ئینگلیز بوەستن، جگە لەوە بۆ ترساندنی کوردەکان گوایە دەکەونە ژێر چەپۆکی ئەرمەنییەکان، بە تایبەتی چــەکی بــەریتانی کاتێ گەیشتە ئەستەمبۆڵ لە ٣ی مانگی تەموز لەوێ لەگەڵ کوردە بارزانییەکان کۆبوونەوەی کرد، لەوانەش شێخ عبدولقادر و ئەندامانی خێزانی بەتایبەتی بەدرخان ـ ئــەمین عــالی ـ لــە ئەنجامدا نوئیل لە سەفەرەکەی بۆ ناو هەرێمە ـ کوردییەکان دوو کەس لەگەڵی بەرێکەوتن لــە خێزانی ـ بەدرخان ـ هەروەها ئەکرەمــەمیل پاشــا لــە دیاربــەکر و عبــدولرەحیم ئەفەنــدی ـ سەفەرەکەشی لە حەلەبەوە دەستی پێکرد لــە ٢١ی ئــاب بــەرەو عینتــاب پــاش ڕۆشــتنێکی دورودرێژ سەردانی گەلێ لادێ و شار و شوێنی کــوردەواری کــرد. لــە دواجــار لــە هــەرێمی ـ

PDF 4 KURD

ملاتیەـ جێگیر بوون کە لە ٣ی ئەیلوول گەیشتبوونە ئەوێ، لەوێ دەسەڵاتدارانی تورك بە هەموو توانایەکیان ماوەیان نەدەدا. میجۆر نوئیلێ و هاورێکانی بەردەوام بن لە سەفەرەکەیان، لەم سەفەرەدا میجۆر نوئیلێ و هاورێکانی هەوڵیان دەدا هەستی نەتەوایەتی دروست بکەن لەناو دڵی دانیشتوانە کوردەکاندا بۆ پێك هێنانی دەوڵەتێکی کوردی و وایشیان لێبکەن مافەکانی نەتەوایەتییان گەلێ پیرۆز و بەرزتر بێ، ڕونبووەوە کە چەند ڕێکخراوەیەکی کوردی هەیە ـ لێژنە کوردییەکان ـ کە تازە و نوێن لەو شوێنانەی کە سەردانی کردبوون.[٣] لە ٤ی ئەیلوول میجۆر نوئیلێ لە ـ ملاتیەـ کورتەی هەست و لێکدانەوەی خۆی لە بروسکەیەکدا نوسیبوو بەم شێوەیەی خوارەوە:ـ ئەمڕۆکە ئەم بروسکەیەم نارد کە کورتەی هەڵوێستی ـ ڕامیاری و هەڵوێستی کوردەکان پیشان ئەدات، زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی کوردن، لە سەدا ٧٥ی تا سەدا ٨٠ دەبن. هەستم بە هەبوونی هەستێکی نەتەوایەتی بەرزکرد لە لای کوردەکانەوە، شتێکی وام نەدی کە دژایەتی ئینگلیزی تێدا هەست پێ بکرێ، لای من هۆیەکەشی ئەوەیە:ـ

١. نەبوونی گیروگرفتی ڕەگەز پەرستی پێش جەنگ بە هۆی نەبوونی دانیشتوانی ئەرمەنی[٤] لێرە سەدا ٧٥ ی کوردەکان شیعەن و سەدا ٢٥ی ئەهلی سوننەن،[٥] هەموو لایەکیان دڵنەرمن، میجۆر نوئیلێ کە دژی جولانەوە تازەکەی مستەفا کەمال بوو ڕوونی کردەوە کە ئەو وەکو والی؟ ڕژێمی تورکی لە ئەستەمبولێ دایە، ئەو لەگەڵ والی ڕونیان کردەوە کە فەرەنساییەکان هاوکاری لەگەڵ جولانەوەی نەتەوایەتی کەمالی دەکەن بۆ سەرکەوتنیان ئەفسەرێکی فەرەنسی پشکێنەری پۆلیس میجۆر برونو کە بە ئاشکرا هەڵوێستی فەرەنسای دەردەبڕی، بەرهەڵستی والی کرد لە بەکار هێنانی جم و جۆڵی سەربازی دژی ئەو جولانەوەیە و کۆنگرەی کە مالییەکان لە لیوای والی داوای کردبوو بۆ ئامادەکردنی هێزێك لە سوارە کوردەکان بۆ بەرهەڵستکردنی کۆنگرەی سیواسی نەتەوەیی، چونکە بە گوێرەی لێکدانەوەی ئەم کۆنگرەیە ( کە خۆی ئاشکرا کردوە بەوەی کە یەکێتییە و سەربەخۆیە سەر بە حکومەتی ئەستەمبولێ نییە). میجۆر نوئیلێ بەم بۆنەوە زیاتر دەلێت:ـ ئەم هەوڵدانە شێوەی هەڵوێست بە تەواوی دەگۆڕێت بە گوێرەی لێکدانەوەی کوردەکان، ئەوان گەیشتونەتە ئەو ئەنجامە کە یارمەتیدانیان بۆ (والی) دژی کەمالییەکان خزمەتێك پێشکەشی وڵاتە هاوپەیمانەکان دەکەن ئەوەش دەبێتە هۆی خزمەت کردنی مەسەلەی کورد، لە هەمان کاتا ئەوان ڕێ خۆشدەکەن بۆ ئەوەی جڵەوی فەرمانڕەوایی بگرنە دەست لە کاتێکدا ئەگەر لە دواجار دەسەڵاتی

PDF 4 KURD

عوسمانییەکان یانی حکومەتی ئەستەمبۆڵ هەرەسی هێنا بە هۆی ئەم جۆرە لێکدانەوانە(موتە سەڕیفی) ملاتیە کە ناوی (خەلیل)ە دەگەڕێتەوە سەر بنەماڵەی بەدرخانییەکان کە نەتەویستێکی خوێن گەرمە بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد بەوە هەڵساوە هێزێك پێك بێنێ ژمارەیان بگاتە ٥٠٠ سواری کورد.[٦] میجۆر نوئیل ڕۆژی ٩ی ئەیلول دەنوسێ: سەرکردەی تیپی ١٣ جەودەت بەگ دژی سەفەرەکەی ئەو، ئەم بەیاننامەیەی دەرکرد. ئەو ئەفسەرە ئینگلیزەی کە گەیشتۆتە- ملاتیە- پیلانێکی دژی نیشتمانمانی لە ژێر سەریایە، ئەم میجۆر نوئیلە پارە و پولی بەخشیوە بە سەرۆك هۆزەکانی جەمیل پاشازادە، ئەکرەم بەگ پیاوێکی مێشك تێکچوو جێگەی گومانە و هیچ و پووچە و لە شاری دیاربەکر. ئەی ڕۆڵەکانی گەل ئایا دەزانن لە نێوان ٦٠٠ساڵی رابردوودا ئاڵا هەڵگرانی ئیسلام لە چوار گەل پێکهاتن: کورد و تورك و عەرەب و ئەلبان، ئێستاش دەیانەوێ کوردەکان جیا بکەنەوە بە هەر شێوەیەك بێ. هەتا ئێستا بە پێچەوانە ژمارەیەکی کەم نەبێ لە سەوداسەرەکان (مغامرین) کوردەکانی تر هەموویان کە ناوبانگیان دەرکردوە لە جیهاندا بە هەستی ئایینی بەرزیان و بۆ خەلیفەش دەیخەنە ڕو کە ئارەزوویان ئەوەیە پەیوەندییە گشتییەکانیان لەسەر بناغەی ئیسلامی بێ و لە حکومەتی توركیش دەپچڕێن، ئەم ئەفسەرە ئینگلیزییە ئەفسەرێکی ڕامیاری بوو لە سلێمانییە. ئەو بوو شێخ مەحمودی هەڵخەڵەتاند و هەر ئەو شێخ مەحموودەش، کە تاکو ئێستا زۆرانبازی دەکا لەگەڵ هێزەکانی ئینگلیز لەم ڕۆژانەدا ئەگەر ئەوانە نەیانەوێ کوردەکان سەربەخۆییان پێ بدرێ، مرۆڤ چۆن دەتوانێ ئەم ڕووداوانەی ئەو شوێنانە لێك بداتەوە، ئەی ڕۆلەکانی گەل، خوانەخواستە هەڵتان نەخەڵەتێنێ بە قسەی خۆش و درۆ، تورك و کورد بران، ئەوان مانەوەی ئیلامەتی پێك دەهێنن (بەتریکی) ئەرمەنی لە ئەرمەنستان گاڵتەمان پێدەکا، پێویستە پیاو ڕاستی لە بیر نەچێت.[٧] لە ڕۆژی ١٠ی ئەیلوول هێزێك لە سوارەکانی هەڵساون بەدوای کاروانەکەی میجۆر نوئیلێ و گەمارۆیان دا، سەرۆکی سوارەکان تورك بوو گوتی:- نایانەوێ ئەو بگرێ، بەڵکو پاسەوانە کوردەکانی مەبەستە، بەڵام هەموویانی بەجێهێشت، پاش تەماشاکردنێکی سەر پێیی. میجۆر نوئیلێ و پاسەوانەکانی پەنایان بردە بەر گوندی(رافا) کەهی هۆزی ڕەشوان بوو، لەگەڵ سەرۆکی هۆزەکان مانەوە کە ناوی حاجی بەدر ئاغا بوو.[٨] لە ١٣ی ئەیلوول میجۆر نوئیلێ بۆی دەرکەوت ناتوانێ بەرەنگاری جولانەوەی چەکداری کەمالییەکان و خۆپیشاندان و مەشقکردنی فەرەنسییەکان بێت. بڕیاری دا بگەڕێتەوە حەلەب.[٩] ئەوی لێرەدا سەرنجڕاکێشە ئەو نیشانەیەیە دەربارەی هەڵویستی دۆستانە و پاڵپشت

کردنانەی هەندێ لە بەرپرسیارانی فەرەنسی بەرامبەر جولانەوەی کەمالییەکان پیشانیان دا و دژ وەستانیان بەرِوی حکومەتی عوسمانی لە ئەستەمبول دا، ئەوەی گرنگە گەرانەوەمان بۆ لاپەرەکانی پێشوی ئەم باسە بۆ بیرهاتنەوەی هەلوێستی فەرەنسییەکان بۆ داواکارییەکانی سەرکردە ئاشوریەکان و مەسەلەی موسل و پشتگیری کردنیان بۆ ئەم داواکارییانە. هەروەها وادیار دەکەوێ بۆ مەسەلەی کورد و ئەرمەنی و موسڵ بەهەمان شێوە، هەروەها دەستنیشان کردنە ئاشکرایانە لە لایەن مەندوبی سامی بەریتانی لە ئەستەمبولّ (سیردی روبیك). بۆ پێویستی دابینکردن و هاوکاری کردنی فەرەنسا و پێك گەیشتن لەگەڵیاندا بۆ هێنانەدی هەر کارێ کە پەیوەندی هەبێ بە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردەکان. ئەمەش لە زۆر نامەی ئەودا هاتووە کە ناردویەتی بۆ لێپرسراوان لە لەندەن بەهۆی ئەم وەبیرهاتنەوەیە لە گرنگی و لە مانای هەلوێستی فەرەنسا بگەین کە لە یاداشتەکانی رۆژانەی نوئیلّ باس کراوە هەروەها دەتوانین هەلوێستی فەرەنساییەکان زیاتر روون بکەینەوە و تێبگەین لە پەیوەندییە لێك بەسراوەکانی ئەو هەلوێستانەی فەرەنسا کە لە پەیمانی (فرانكين ـ بوالون)ی بەناوبانگ یان بە پەیمانی (ئەنقەرە) لە نێوان فەرەنسا و جولانەوەی کەمالییەکاندا بەسترا و لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢١ مۆرکرا و لە لایەنی فەرەنسا بە ناوی (مسیو هنری فرانكلين بوالون) و لە لایەنی تورکەکان بە ناوی (یوسف کەمال بەگ) بە گوێرەی ئەم پەیمانە، فەرەنسا وازی لە (کلیکیا) هێنا بۆ تورکیا بەرامبەر وەرگرتنی ئیمتیازی هێڵی ئاسن و شتی تر و هەروەها بەرامبەر ئیمتیاز بە یەکتری دان. ئەم پەیمانە بە شێوەیەکی راستەوخۆش دژی بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا بوو، بۆیە نارەزاییەکی توند پیشان درا دژی ئەم پەیمانە لە بەریتانیا لە لایەنی حکومەت و پەرلەمان و بەشێ رۆژنامەنووسەکان.[١٠] وەکو گوتمان گەشتەکەی ( میجۆر نوئیلّ) بۆنەیەك بوو لەنێوان چەندین بۆنەی تر کە بووە هۆی چەقی بەدیارکەوتنی سەرهەڵدانی ئەو گرنگیە گەورەیەی کە سەرەکیانە بوو لای بەرپرسیارن لەلایەن بەریتانییەکان لە ئەستەنبۆڵ و رۆژهەلات بەرامبەر مەسەلەی کورد، کە بەشێکی ئەم گرنگییە پێدانە روون بۆتەوە لە سەرەتای ئەم باس و لێکۆڵینەوەیە، وەکو پیشاندانی گفتوگۆی نێوان (مستی هوهلر) و جەنەراڵ (ماکوی) و یاداشتەکەی (مستر ریان) دەربارەی گفتوگۆیەکەی لەگەڵ وەزیری دەرەوەی عوسمانییەکان (رەشید پاشا) و لە سەرمانە بەردەوام بین لە رونکردنەوەی چەند لایەنێکی تری ئەم گرنگی پێدانەی ئەو بەرپرسیارانە بەرامبەر مەسەلەکە و زۆر باش و وردبینییەوە لە ماناکانی و ئامانجەکانی و لایەنە ستراتیژییەکەی. مستر درایفر، ئەویش بەریتانییەکی ترە کە

پسپۆره له كاروباری كورد، ئەویش پشتی بەستبوو بەو ڕاپۆرتانەی كە میجۆر نوئیلّ نوسیبووی به ناونیشانی "كوردستان و كورد". ساڵی ١٩٢٠[١١] درایفر چەند كۆپلەیەكی درێژ وەردەگرێ له یاداشتەكانی ڕۆژانەی تێبینییەكانی (نوئیلّ) لە لێكۆڵینەوە و باسكراوەكەی دا.[١٢]

ئەدمیرال سیركالتورب مەندوبی سامی بەریتانی له ئەستەمبولّ ـ ئەو پێش دی روبیك بوو كه باسمان كرد ـ نامەیەكی تەلەگرافی ناردبۆ وەزیری دەرەوەی بەریتانیایی ( ئیرل كیرزن) دەربارەی ئەركی میجۆر نوئیلّ نامەیەكی تەلەگرافی نارد كە نوسراوە لە ژێر ژمارەی ١٤٣٠ڕۆژی ١٠ تەموز ١٩١٩ بۆكۆلۆنێلّ أـ ت ولّسن فەرمانداری ئاسایی بەریتانی له بەغدا كه دڵنیای كردبوون و پەیوەندی نێوان كوردەكان و ڕژێمی توركی خراپ و نالەبارە. "ئەمەش پچرانێكی ڕوونە" له نێوان هەردوولادا، ئەمەش بە هیچ شێوەیەك چارەی ناكرێ تەنها بە دروست كردنی حكومەتێكی ئەرمەنی نەبێ كه دەسەڵاتی بەسەر زۆربەی كوردەكان بشكێ،[١٣] دیسان دوبارەی دەكاتەوە مەندوبی سامی (كارلتوب) كه ئەوە ڕایەكی ڕاستە كه دەڵێ لەوانەیە سوودێكی زۆری دابێت تا یارمەتی دانی سەرۆكە كوردەكان بە درێژایی ناوچە چیاكانی سنوور لای باكور میزوپۆتامیا. دیسان مەندوبی له نامەیەكەیدا باسی بەڕێز عبدولقادر و خێزانە بەدرخانییەكان و پیاوە ناسراو و ماقوڵانی كورد دەكات كه له ئەستەمبولّن. دەڵێ: ئەو ڕازی بوو بەو پێشنیارەی كه نوێنەری ئەو خێزانە و پیاو ماقوڵانی كورد بچن بۆ ناو كوردستان، بەڵام نەك لەگەڵ (میجۆر نوئێلّ)دا بن، بەڵكو لەگەڵ ئەو نەبن، هەتا ئەو پەیوەندییە بەهێزیان جێی گومان نەبێ لە لایەن خەڵكەوە بۆ ئەوەی بتوانین كار بكەنە سەر تیرەهۆزەكان و یاسا و هێمنی بپارێزن و لانەدەن، ئەوان گوتیان: یانەی كورد لە دیاربەكر داخراوە بە فەرمانی حكومەتی توركی له ئەستەمبولّ و ئەو كوردانەی كە بەخێرهاتنی نوئێلّ یان كرد لە گەشتەكەیدا بۆ ئەوێ تووشی زۆر تەنگ و چەلەمە ببوون لەبەر ئەم هۆیەوە. هەروەها بە هۆی جولانەوەی نیشتمانی كورد كه نامەیەكیان نارد بوو بۆ كۆنگرەی ئاشتی ئەو چالاكیانە، ئاشكرا بوون لای حكومەتی توركی، ئەو وای تێدەگا و دەڵێ: گرنگ ئەوەیە كە هێمنی و ئارامی هەبێ له سەر سنوری میزۆپۆتامیا، بەڵام ئەو كارەش دەگونجێ و دەبەسترێتەوە مەسەلەی سەربەخۆیی كورد و مافی ئۆتۆنۆمی.[١٤] لێرەشدا ئەوەی جێی تێبینیە ئەوەیە كە (سیركالتورب) ئەویش پشتگیری ئەو جۆرە ئۆتۆنۆمییە ئازادیە دەكات بۆ كوردەكان. لێرەشدا ڕوون دەبێتەوە، ئەو گەشتەی دوایی نوئێلّ لەگەڵ پیاوە ناسراوەكانی كورد ڕێكیخستبوو بوو

بەرەزامەندی مەندوبی سامی بوو واتە بە شێوەیەك گرنگی پێدانێکی یاسایی بووە، لەوانەیە وا دەردەکەوێ ژمارەیەکی زۆر لەو نامانە و پەیوەندیکردنانە هەبووە لە نێوان بەرپرسیارە ناسراوەکان کە پەیوەندیان هەبوە بە ئیدارەی مەندوبی سامی و حکومەتی بەریتانی لە لەندەن و لێپرسراوان لە هیندستان و بەغداد و شوێنی تر و زۆربەی ئەو نامانە و نوسراوانە کە مەندوبی سامی دەستنیشانی کردوون لە ئەستەمبولدا لەو تەلەگرافییەدا هەتا ئێستا بڵاو نەکراونەتەوە و هەروەکو ئەو تەلەگراف و نوسراوە زۆرانەی کە لای لێپرسراوانی تر هەن. بۆ پوختەکردنی شێوە و تەواوکردنی سود، لێرەدا ئەو نامەیە دەخەینە بەردەست کە (مستر هوهلر) سکرێتری ئیدارەی مەندوبی سامی بەریتانی لە ئەستەمبولەوە بۆ لەندەن بۆ (مستر جون تیللی) کە لێپرسراوێکە لە وەزارەتی دەرەوە لە لەندەن، لە رۆژی ٢١ی تەموز ١٩١٩ بەڵگەنامەی ژمارە ٤٦٤). هوهلر لە نامەکەیدا دەڵێ:ـ ئەو مەسەلەیەی کە ئێستا گرنگی پێدەدا مەڵبەندی کوردە، هەروەها دەڵێ: نوئێل لە بەغداوە گەیشتە ئەستەمبول، ئەو مرۆڤێکی باش و بەڕێزە، بەڵام لایەنگری کوردەکان دەکات ـ تاوای لێهات بووە نوێنەرێکی کوردەکان، بە گوێرەی تێڕوانینی ئەو کەس نییە وەکو کوردەکان باش بێ و ئەوان باش و دەست پاك و بەڕێزن. نوئێڵ دەبێ لورنانسی کوردەکان، هوهلر تکا دەکا کە مستر تیللی ئاگای هەبێ لە تەلەگرافی مەندوبی سامی بە ژمارەی ١٤٣٧ لە ڕۆژی ١٠ی تەمووزدا. ئەو نامەیە کە پێشتر باسکرا بوو، وەکو ئەو تێدەگا تایبەتە بۆ گفتوگۆیەکی درێژ و بیر کردنەوەیەکی زۆر، ئەوەی جێی گومان نییە، میزوپۆتامیا بە گوێرەی لێکدانەوەی ئەو دەگەڕێتەوە ژێر دەسەڵاتی بەریتانی و ئەو شاخانەی کە کوردی لێ دەژیی دەبێتە سنوری باکوری لەسەر ئەم بۆچوونە هیچ دژایەتییەك بەرامبەر بەریتانیا نامێنێ. هوهلر زیاتر دەڵێ: پێشخستنی سیاسەتمان بەرامبەر کوردەکان و دامەزراندنی پەیوەندی باش لەگەڵ سەرۆکە کوردەکان، ئەوەش بۆ ئەوەی سودیان لێ وەربگرین پێویستە لەسەر بەریتانیا بزانێ کە داواکارییەکانیان هەمووی ڕاستن و نابێ پشت گوێی بخرێن. بۆ ئێستاکەش بە شێوەیەکی کاتی دەبێ گرنگی بە یەك سەرۆك بدرێت بە گوێرەی پێویستی. دیسان هوهلر دەڵێ: ئەو ڕوونی کردۆتەوە بۆ سەرۆکە کوردەکان کە دەیانویست سەفەر بکەن لەگەڵ (نوئێڵ) ئەو ناتوانێ پەیمان بدات بە هیچ شێوەیەك دەربارەی دوارۆژی کوردستان و پێویستە لەسەریان سەفەر نەکەن لەگەڵ نوئێڵ بۆ هەرێمەکە. نوئێڵ بەم ئامۆژگارییە تێك نەچوو کە بۆی کردبوو و هەروەها (مستریان)یش (سکرتێری لە ئیدارەی مەندوبی سامی کە پێشتر ناومان هێنا بوو، بەڵکو ئەو داواکاریەی قبوڵ کرد کە سەرێك بدات

لە یانەی کورد. ئەگەر ئامانجیان بەهێزکردنی حکومەتی تورکی بێ جیاکردنەوەی کوردەکان لەو زیانێکی نییە، ئەم ئامانجەش جێبەجێ دەکرێ ئەگەر بزانین چۆن دەستی پێدەکەین و لەسەری دەڕۆین. هوهلر دەڵێ:ـ لەم ڕووەوە ئەوەی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا دەگونجێ، بە تایبەتی پێشنیاری پاراستنی خێزانی کوردەکان کە لەگەڵ نوئێل دان، ئەوەی تێدەگات کاتێکی بەنرخە بۆ ئەم خێزانانە وەکو بەبارمەتە لە لای دەسەڵاتداران. ئەو نامەیەی هوهلر بە چاکی ڕوونی دەکاتەوە چەند هەڵوێستێکی ئەو دەسەڵاتدارانە بەرامبەر هەموو بارودۆخێکی کە پەیوەندیان هەیە لەگەڵ مەسەلەی کورد.لەگەڵ هەندێش ئەو بیروڕاکان ئاشکرا ناکات و جگە لەمەش ئەو هەموو بیروڕاکان وەك یەك نین تەنها بابەتی حوکمی زاتی نەبێ هەروەها هەوڵ دانی بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی پەیمانی لەسەر بەستراوە پێویستە جێی سەرسوڕمان نەبێ وەکو ئەو هەموو هەڵوێستانە لە لایەن دەسەڵاتدارانی هاوپەیمانەکەی (الحلفاء ) و بە تایبەتی کە زانیمان لە بنجوبنەوانی ئەو هەڵوێستانە لە هەموو جۆرە مەسەلەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەم دەوڵەتە هاوپەیمانە بە سەرکەوتو دەرچوو پاش ئەوەی کە زۆر قوربانیدا لە شەڕێکی گەورە و قات و قڕی. ئەوەش وای لێکرد کە بەو چاوانە سەیری گەلە بچووکەکانی ڕۆژهەڵات بکات کە بێ دەسەڵات ماونەتەوە و ژێردەستن. ماوەیەك گوێ پێ نەدەدان و ماوەیەکیش هیچیان نەدەزانی یان لە هەندێ لەم بارودۆخانەدا ئەم شێوە هەڵوێستانە پیشان بدا ئەم وڵاتە گەورانە وا بیریان دەکردەوە کە هەندێ لەم وڵاتە ڕۆژهەڵاتییانە داگیربکەن یان بیانکەن بە ـ محمیات ـ ی خۆیان، لەبەر ئەوە هەندێ لەم بیروڕایانە و بیروڕایانی پێشتر... بەڵکو لە بەرژەوەندی مەسەلەکەدا بوون کە چەند لایەنی دیکەوە. ئەو بیروڕاکان ئاشکرا ناکات و جگە لەمەش، بێگومان ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە ئاشکرا کردنی ئەم هەڵوێستە چەوتانە گرنگ و پێویست نەبێ یان بە ئاشکرا بەرپەرچی هەندێکی تریان نەدرێتەوە. بەڵگەنامەیەك لەگەڵ نامەکەی هوهلر دابوو، تێدا نوسرا بوو کە حکومەتی تورکی دەیەوێ بانگی وەفدێکی پیاوە ماقوڵانی کورد بکات کە لە ئەستەمبۆڵدا دەژین، بۆ ئەوەی هەموو ڕوویەکی چالاکییەکانی ـ پارتی کورد ـ باس بکەن، کە ئەم ناوەی تیا هەبوون:ـ

***پاشکۆ بەندی ژمارە***

ـ٤٦٤ـ

PDF 4 KURD

بارودۆخی کورد و وەزارەت. یانی وەزارەتی عوسمانییەکان لە ئەستەمبولّ. ـ١ ـ ع ـ چەند زانیارییەك هاتووە کە زۆر جێگەی باوەڕە ئەویش ئەوەیە کە حکومەتی تورکی داوای وەفدێکی پیاوە ماقولاّنی کوردی کردوە کە لێرە دەژین بۆ باسکردنی، چالاکییەکانی پارتی کورد و وەفدێکی کوردی بە سەرۆکایەتی ـ شێخ عبدولقادری ئەفەندی ـ ئامادە بوو بۆ ـ باب الحالی ـ ئەم وەفدەش بریتی بوو لەمانە: مەولان زادە، ڕەفعەت بەگ، ڕۆژنامەنوسێ، بەڕێز ئەمین عالی بەگ، (بەدرخانی ـ اـ ع) و ئەمین بەگ (پیاوێکی ماقولّە). عەونی پاشا پێشەوازی لێکردن، کە وەزیری دەریاوانیەـ البحریەـ و ئەحمەد عبوق پاشا کە وەزیری جەنگی پێشوو بوو. حکومەت ئارەزوی هەبوو لە بیروڕای ئەوانە بزانێ و تێبگات دەربارەی دەسەلاّتەکە یان ماوەی ئەوانە بدات کە ـ پارتی کوردـ پشتییان پێ دەبەستێ بۆ هەلّسان بە گفتوگۆ کردن لەگەلّ بەریتانیا لە ئەستەمبولّدا. دەربارەی ئەو مەسەلانەی کە پەیوەندییان هەیە بە کوردستانەوە ئەم وەزیرانە ڕایانگەیاند کە ـ باب العالی **العثماني** ـ توانای ئەوەی هەیە کە مافێکی ئۆتۆنۆمی فراوان بدات بە کوردەکان،[(١٥)] درایفر ئەم ڕوداوە بە چەند شتی زیاتر و فراوانتر دەگێڕێتەوە و لە باسەکەیدا بەناوی ـ کوردستان و کوردـ کە پێشتر ناومان هێنا بوو دەلّێ:ـ بانگ کردنی ئەم سەرۆکانە لە کۆتایی مانگی تەموز بوو. لە کاتی گفتوگۆدا وەزیرەکان لەسەر ئەوە سووربوون کە ئەم مەسەلانە شتێکی ناوخۆییە و هیچی تر. هەروەها ـ باب العالی ـ حوکمێکی زاتی فراوان دەدات بە کوردەکان. مولانا زادە و ڕەفعەت بەگ بەناوی وەفدی کوردی هاتنە دوان و گوتیان بە پێی بۆچوونەکانی سەرۆك ـ ولسن ـ هەر نەتەوەیەك مافی ئەوەی هەیە کە بۆ دوارۆژی خۆی تێ بکۆشێ و بۆ دابینکردنی بەختیاری خۆی هەولّ بدات. کوردەکان دلّنیان لەوەی ئەو دەولّەتەی کە ئازادییان بۆ دەپارێزێ بەریتانیای گەورەیە، لەبەر ئەوە وای بەباش دەزانن کە پێویستە لەگەلّ دەسەلاّتدارانی بەریتانی دابنیشن و بگەینە یەك، ئەو پرسی: چۆن!؟ دەسەلاّتدارانی تورکی، دەتوانێ هەر چۆن حوکمێکی زاتی بدا بە کوردەکان لەوکاتەی کە خۆی دلّنیا نیە لەو بارودۆخەی کە خۆی تیایدا دەژی ئەم پرسیارە ئەحمەد عبوق پاشا-ی تووڕە کرد و لە شوێن خۆی هەلّسایەوە و هاواری کرد:ـ حکومەتی ئێستا لە پێشوو بەهێزترە و زۆر لە سەر ڕکە و یەك بست لە خاك نەکەوێتە ژێر دەستی بێگانە و فەرمان دەرکراوە بۆ قەفقاس کە ماوە نەدرێ هیچ هێزێکی بێگانە بێتە پێش، هەروەها ماوە نەدرێ بەو پەناهەندە ئەرمەنییانە بگەڕێنەوە تورکیا، لێرە ئەحمەد عبوق پاشا لە قسەکردن وەستا، ئەویش عەونی پاشا بوو کە بەچاوی ئیشارەتی پێ دەدا کە چیتر قسە نەکات.[(١٦)]

PDF 4 KURD

**پەراوێزەکانی بەشی چوارەم:**

(1) Documents on The British. Foreign policy, 1919-1939. First Series. No. 616) pp. 922-3.

(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٩٢٢ – ٩٢٤.

جیاوازیەکی زۆر هەیە لە وەسفی مستەر ریان بۆ سەرکردە کوردەکان کە بە ئەندامی کارامە ناویان دەبات لەگەڵ وەسفی مستەر تیللی کە پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد کە گوتبووی کوردەکان سەرکردەی بەرپرسیاریان نییە. (بەشی یەکەم بخوێنەوە).

(٣) ڕۆژانەی مێجەر نۆئێل، لا (١٥).

(٤) هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ١٨.

(٥) هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٠-٢١.

(٦) ڕۆژەکانی مێجەر نۆئێل، لا ٢١.

(٧) هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٢ – ٢٣.

مرۆ هەست دەکات چەند وشەی ڕاست بە وشەی چەوت تێکەڵ بووە لە بەیاننامەی ئەو سەرکردە عوسمانیەیە. لە ڕۆژانی تەنگانەدا عوسمانییەکان دان بەوەدا دەنێن کە کورد و عەرەبەکان نەتەوەیین کە لە ماوەی سەدەکانی پێشتر لێی بەش کرابوون و تەنانەت بە نووسین و خوێندن بە زمانەکانیان بێ بەش کرابوون.

(٨) هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٣.

(٩) هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٥.

(10) Cumming. H.H. – Franco – British Rivalry. Pp. 130. 148. etc

(11)Drive, G.R. – Kurdistan and Kurds (preface). Mount Karmel. .1920

(12) Lbid… pp. 79-80. 94-95. 95-96. etc

درایفەر دۆخی هۆز و خێڵ و کەسایەتی و دۆزی کوردی ڕوونکردۆتـەوە. بـۆ نموونـە دەڵـێ عەونی بەگ لە ماڵباتی بەدرخانییەکان لایەنگری فەڕەنسا بووە.

(13)Documents on British Foreign Policy, Vol. iv. First series, 1919. No. (451), pp. 678-80…

Admiral sir A. calthorpe (Constantinople) To Earl curzon (Received july 11). No. 1437, constantinople, july 10. 1919.

(١٤) کارلتۆرب ئاماژە بۆ برۆسکەی ژمارە (١٤٣٠) دەکات کە لەوێ بلاو نەکراوەتـەوە، هەروەها ئاماژە بۆ برۆسکەیەکی تری حاکمی مەدەنی بەغدا لە بەرواری ١٩١٩/٥/١٢ دەکات کە بڵاونەکراوەتەوە لەگەڵ چەند پەیامێکی تر.

(15) Lbid.. pp. 693-696.

(16) Driver, G.R . – Kurdistan And The Kurds, p.99.

پێویستە لێرەدا ئاماژە بۆ ڕاوبۆچوونی حکومەتی عوسمانی بکەین، کە ئەو وەزیرانە دەریان بڕی کە بریتی بوو لە بەخشینی یانی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردەکان وەکو بەشێك لە چارەسـەرکردنی کێشەی کورد.

# بەشی پێنجەم

PDF 4 KURD

ئەوەی کە لێرەدا پێویستە دوبارە بیخەینەوە بەرچاو ئەوەیە کە ئێمە دەمانەوەێ لە هەڵوێستەکانی دەسەڵاتدارانی بەریتانیا و لێپسراوە عوسمانییەکان لە ئەستەمبۆڵدا بگەین، کە پەیوەندیدارە بە مەسەلەکانی کوردەوە، هەروەها بیروڕای کارمەندەکانیان لە کێشە پەیوەندیدارەکان بە هەرێمی کوردستانەوە لە سەردەمی ئاشتیدا دوای جەنگی یەکەمی گەورە. ئەو هەواڵ و بانگەشانەی کە لەسەر زمانی ناوەند و سەرچاوە هەمەجۆرەکانەوە دەبیستران دەربارەی پێشنیاری دروستکردنی دەوڵەتێکی ئەرمەنی کە ڕووبەرێکی گەورەی هەرێمی کوردستانە لە ئەنادۆڵ دا دەخرێتە سەرییەوە و بەمەشەوە بەشێکی زۆر لە گەلی کورد دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتییەوە، ئەم قسە و هەواڵانە کارێکی زۆری کردە سەر دروستکردنی بارێکی پڕ لە نیگەرانی و نارازیبوون لە نێو کورد و گەلانی تری ئەم وڵاتانەوە. هەر وەکو بینیمان، چەند شێوەیەکی ئەوەمان بۆ بەدەر کەوت لە نامەکانی میجۆر نوئێڵدا دەربارەی هەمان بابەت ئەم نامەیە کە لە بەڵگەنامەی ژمارە٤٦٩دا هاتبوو. لەم نامەیەدا کە لە ڕۆژی ٢٩ی تەموزی ساڵی ١٩١٩دا نوسراوە، نێردراوی پایەداری بەریتانیایی لە ئەستەمبوڵدا ـ کارلتوب ـ کە پێشتر ناومان هێنا بوو زۆر باسی ئەوە دەکات کە بارودۆخ لەسەر سنووری تورکیا و ئەرمینیا دا بە شێوەیەکی ترسناك و چاوەڕوان نەکراو بەرەو هەرەس هێنان دەچێ، دە هەزار کوردیش دژایەتی خۆیان پیشان دەدەن، چونکە ئەو قسە و پرۆپاگەندانەی دەربارەی ئەرمەنییای گەورەدا دەبێتە هۆی تەقینەوەی ئاگری جوڵانەوەی نیشتمانی کە ئەمەش بیانویەکە دەکەوێتە دەست عوسمانییەکان و کوردەکانیش ناچار دەکات بگەڕێنەوە لای تورکەکان و ژیان لەگەڵ ئەوان ببەنە سەر، لە هەمان کاتیشدا دەبێتە هۆی بەهێز بوون و پەلوپۆهاوێشتنی جولانەوەی ئیسلامی.(١) پێش ئەمەش لەو کۆبونەوەیەی کە لە ماڵی سەرۆك ـ وڵسن ـ دا بەسترا لە ڕێکەوتی ٢٥ی حوزەیرانی ١٩١٩دا، لوید جۆرج ـ سەرۆك وەزیرانی بەریتانیایی پرس و ڕای کرد ئایا

دەتوانرێ شتێ بکرێ دەربارەی ئەرمینیا؟ هەروەکو ئەو گوتی: چونکە هیچ هێزێکی هاوپەیمانان لەوێدا نییە، ئەگەر بێت و هێزەکانی تورکی لەوێ نەمێنن، ئەوا کورد و ئەرمەنەکان بەرانگژی یەکتر دەبن. جا ئەو پێشنیار دەکات کە هەندێ هێزی سەربازی لەوێ دابنێن.(٢) وەزیری دەرەوەی بەریتانیایی لە نامەیەکیدا بۆ نێردراوی پایەداری نوێی بەریتانیایی

PDF 4 KURD

وەزیری دەرەوەی بەریتانیاش ـ ئیرل کیرزن ـ دووبارە دەگەڕێتەوە سەر مەسەلەی ئەرمینیا و کوردستان، ئەویش لە نامەکەیدا وای ڕوون کردبۆوە کە ناردبووی بۆ نێردراوی پایەداری نوێی بەریتانیایی لە ئەستەمبول دا. ئەدمیرال ـ ویب ـ لە ڕۆژی ١٢ی ئاب. ـ کیرزن ـ لەو نامەیەدا داوا لە نێردراوی پایەداری دەکات کە بیروڕای پوختەکراوی خۆی دەربڕێت دەربارەی دوارۆژی کوردستان و ئەرمینیا و لەگەڵ دەستنیشان کردنێکی تایبەتی بۆ ئەو پێشنیارانەی کە ـ میجۆر نوئێل ـ پێشکەشی کردبوو لە ڕاپۆرتەکەیدا لە ڕۆژی ١٨ی تەموز ( کە ڕاپۆرتێکە لە ژێر ناوونیشانی: چەند تێبینیەك لەبارەی بارودۆخی کوردەوە، بڵاوکرابوەوە). هەروەها بۆ ئەو پێشنیارانەی کە کۆلۆنێل ـ ولسن ـ لە تەلەگرافی ژمارە ٦٦٦٦ خستبوویە ڕوو،(٣) ئەدمیرال ـ ویب ـ وەڵامی نامەکەی ـ کیرزن ـ ی دایەوە کە لە ١٩ی ئابدا بڵاونەکرابووەوە. ویب لە وەڵامەکەیدا بەدیاری خستبوو کە ناڕەزاییەکی بەتین هەیە بەرامبەر پێشنیارەکانی ـ کۆلۆنێل ولسن ـ کە لە تەلەگرافەکەی ١٣ی تەموزدا پێشانی دابوو.(٤) چونکە ئەگەر بێت و ـ وان ـ و ـ موش ـ بکەونە ژێر سنوری دەوڵەتی کوردی داهاتوو، ئەمەیان لێدانێکە لە بەرژەوەندییەکانی ئەرمینیا. جا لەبەر ئەمە چارەسەر کردنێکی ناوەڕاستانە وەکو ئەو چارەسەرکردنەی کە ـ میجۆر نوئێل ـ لە ڕاپۆرتەکەی ١٨ی تەموزدا پێشنیار دەکا ( ئەو ڕاپۆرتەی کە لە سەرەوە باسمان کردبوو. وا دەردەکەوێ کە تەنها ئەوە تاکە ڕێگایە کە بۆ ڕزگاربوون لە تەنگ و چەڵەمەکاندا. هەروەکو ـ میجۆر نوئێل ـ بۆی چووە ئەم چارەسەر کردنە پێشەکی پێویستی بە ئامادەکردنی ئینتیدابێك هەیە کە هێزێکی داگیرکاری سەربازی پشتیوانی لێوە بکات. نێردراوی پایەداریش ئەدمیرال (ویب) وا تێدەگا ئەو لایەنگیری نیگەرانیەکی (نوئێل) نەکات بە هۆی خستنە سەری چەند هەرێمێکی کوردستان بۆ وڵاتانی نێوان دوو ڕووبارەکە، ئەوەش کە (ولسن) لە تەلەگرافەکەیدا باسی دەکات. بە مەرجێك دەبێ ئەوە ببێ کە ئەم خستنە سەرە نەبێتە هۆی دەرگا داخستن بەڕووی هیوا و ئاواتەکانی دوارۆژی میللەتی کوردەوە.(٥) بەڵام ئەو چارەسەرکردنە ناوەڕاستانەیە کە (میجۆر نوئێل) پێشکەشی دەکات و کە زۆر جار بەسەری دا دێتەوە و دەستنیشانی دەکات. ئەوە نوئێل خۆی کورت و پوختەی دەکاتەوە لە لێکۆڵینەوە ناوبراوەکەیدا واتە (چەند تێبینیەك دەربارەی بارودۆخی کوردەوە) بەم شێوەیەی خوارەوە:

بۆ ئاسان کردنی پیاچوونەوە ئەم پوختەیەی خوارەوەی پێشنیارەکان دەخەینە ڕوو. هەر دوو ویلایەتی "ترابزۆن و ئەرزڕۆم" دەوڵەتێکی ئەرمەنی پێك بێنن لە ژێر چاودێری ئەمریکا. چوار

PDF 4 KURD

ویلایەتەکی تریش دەوڵەتێکی کوردی پێك دەهێنێت لە ژێر چاوەدێری بەمزووانەی بـەریتانیا، بەڵام باشترین چارەسەری ئەوەیە کە دەسەڵاتی تورکیا بگەڕێتەوە سەر هەر شەش ویلایەتەکە و لە ژێر نیمچە چاودێریەکی ئەورووپاییدا.(٦) بەڵگەنامەی ژمارە ٤٩٨ ئەو نامەیە تێـدا هـاتوە کە پێشتر ناومان هێنابوو لە لایەن بەڕێز (هوهلر) لە ئەستەنبۆڵەوە بۆ بەڕێز کـلارك کـیر لـە وەزارەتی دەرەوە هولر باسی ئەوە دەکا کە ئەو خۆی بۆتە پسپۆر لـە کاروبـاری کوردەکانـەوە. ئەو وا تێدەگا کە پێویستە لە سەریان. یانی لێپرسراوانی بەریتانیایی بەو شێوەیە هەڵسوکەوت لەگەڵ مەسەلەی کورد بکەن بە گوێرەی ئەو پەیوەندییەی کە لەگەڵ میزۆپۆتامیـادا هەیانـە. ئەم بەڵگەنامانە چەند وێنەیەکیان لە پەیوەندییەکانی نێوان مەسەلەی ئەرمـەنی و مەسـەلەی کورد دا خستە ڕوو لە هەموو جـۆرە بۆچـوونێکەوە. لـە پەیوەندییـەکانی نێـوان مەسـەلەی ئەرمەنی و کورد دا هەروەها لەگەڵ مەسەلەی (میزۆپۆتامیا) شدا.(٧) هـەروەها بەڵگەنامـەی ژمارە ٥٤٥ ئەو نامەیەی تێدا هاتووە کە بەڕێز (کراو) لە پاریسەوە ناردوویـەتی بـۆ وەزیـری دەرەوە. (ئیرل کیرزن) لە ڕۆژی ١٢ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩١٩دا(٨) پـاش ئـەوەی بـەڕێز (کراو) سڵاوی خۆی پێشکەش بە وەزیری دەرەوە دەکات ئەنجا دەڵێ:ـ ئەو چـەند دانەیـەك لـە نامە گۆڕینەوەکان بۆ دەنێرێ (بڵاونەکراونەتەوە) کە لە نێوان (قسەکەر بە ناوی کوردەکانـەوە لە کۆنگرەی ئاشتیدا لە پاریس). جەنەراڵ (شەریف پاشا) و بەڕێز (فوریس ئەدامس) دەربارەی ئامانجەکانی گەلی کورد. شەریف پاشا لە کاتی قسەکردنیدا لەگەڵ بەڕێز ئەدامسـدا ئەمـەی گوت:ـ ئەو دەیەوێ یاداشتێك بخاتە بەردەستی کۆنگرەی ئاشتی. دەربارەی مەسەلەی کوردەوە کە ئەویش تێدا داوا دەکات کە کوردستان بکەوێتە ژێر ئینتدابی بەریتانیا. بەم بۆنەیەوە بەڕێز (کراو) حەز دەکات ئەوە دەستنیشان بکات کە ئەگەر وڵاتە یەکگرتووەکان ڕازی بن و ڕازی نەبن بە ئینتدابی بـەریتانیایی لەسـەر (ئـەرمینیا) ئەمـە هـیچ کارێـك ناکاتـە سـەر مەسـەلەی کوردستان. هەروەها دیسان دەستنیشانی ئەو ڕاستییە دەکرێ.(٩)

لەو نامەیەدا کە لە وەزارەتی هیندستانەوە نێـردراوە بـۆ وەزارەتـی دەرەوە. بێجگـە لـەو کارتێکردنەی کە دەکاتە سەر سنورەکانی کوردستانی باکور، واتە کارتێکردنی ئەو ئینتدابـەی کە گوایە ئەخرێتە سەر ئەرمینیاوە، لەسەر ئەو مەسەلەیەی کە پەیوەندی هەیە بـە هـەرێمی کوردەکانەوە. ئەو وای لێك دەداتەوە کە لەم بارودۆخە کە زۆر پێویستە حکومەتی بەریتانیایی بڕیار بدات لەمەڕ ئەو هۆیانەی کە باسمـان کـردن لـەو دوو نامەیـەی (نێـردراوی پایـەدار) و وەزارەتی هیندستانەوە، کە دەبێ بەلایەنی کەمەوە بەشێکی گەورە لە کوردستان بکەوێتە بەر

چەند جۆرە دەسەڵاتێکی ئینتدابییەوە. هەروەها بەڕێز (کراو) حەز دەکا ئەوەش بڵێت کە (شەریف پاشا) بە قسە داوای لە وەزارەتی دەرەوە کرد کە فەرمان بدات بە نێردراوی پایەداری بەریتانیایی لە ئەستەمبوڵدا بە هەڵسانی بۆ پاراستنی ئەندامەکانی (یانەی کورد) لە ئەستەمبوڵ لە دەست درێژییەکانی حکومەتی عوسمانی ڕەگەزپەرستان.

ئەم نامەیە جارێکی تریش ئەوە پیشان دەدات کە تا چ رادەیەك مەسەلەی کورد گرنگی پێدراوە لە لایەن لێپرسراوە بەریتانییەکانەوە. ئەگەر هەر چەندە ئەم گرنگی پێدانەش لەوە زیاتر نەبێ کە ئەو پێشنیارەیە کە دەڵێ پێویستە بەشێکی گەورە لە کوردستان بکەوێتە ژێر چەند جۆرە دەسەڵاتدارێکی ئینتدابەوە.

ئەمەی شایانی باسکردنە ئەوەیە کە سەرۆکی وەفدی کورد لە کۆنگرەی ئاشتیدا. شەریف پاشا ئەویش یاداشتێکی خستە بەردەم کۆنگرەکە و دەربارەی (داواکارییەکانی گەلی کوردەوە) لە بەهاری ساڵی ١٩١٩دا، جا لێرەدا دەربارەی یاداشتەکانی دووهەمەوە قسەکانی خستبووە ڕوو. ئەوەی لێرەدا کە پێویستە لێی بکۆڵینەوە و وردبینەوە ناوەڕۆکی ئەو نامەیەیە کە وەزارەتی هیندستان باسی کردبوو، هەروەها ئەو بیروڕا گرنگانەی کە تێدا لە لایەن سکرتێری هەمان وەزارەتەوە دەربڕابوو دەربارەی مەسەلەی کورد بەڕێز(شکبورغ) کە ناردرابوو بۆ (لۆردهاردینغ) جێگری پاشای هندستان ئەمەش نامەکەیە: بەڕێز (شکبورغ) لە نامەکەیدا دەڵێ: (وهومونتاجۆ) وەزیری هندستان پێی ڕاسپاردبوو کە چاوێ بخشێنێتە سەر نامەکەی بەڕێز (واکلی) لە رۆژی ٢٦حوزەیرانی ١٩١٩دا لە ژێر ژمارەی ٣٢٩٩دا (بڵاویش نەکراوەتەوە)، هەروەها ئەو نامە گۆڕینەوانەی کە پەیوەندیان بەوەوە هەیە هەروەها لەبارەی بارودۆخی ڕامیاری دوا ڕۆژی کوردستانەوە ئەو شتانەی تیادا هاتووە کە دەربارەی بابەتەکە بۆ حکومەتی بەریتانی جێبەجێ کراون. (شکبورغ) دەڵێ:ـ تەلەگرافی وەزیری دەرەوە لە رۆژی ٩ی مایسی ڕابردوو کە تێدا هاتووە: ئەو دەسەڵاتی تەواوی دەدات بە (فەرمانداری ناسەربازی) لە بەغدادا کە هەڵبستی بە دروستکردنی ویلایەتی موسڵی عەرەبی کە لە دەوروپشتییەوە زنجیرەیەك دەوڵەتی کوردی هەبن خاوەنی مافی ئۆتۆنۆمی لە ژێر فەرمانڕەوایی سەرۆکە کوردەکانەوە، کە ئەوانیش ڕاوێژکارە ڕامیارە بەریتانییەکان هاوکارییان لەگەڵ دەکەن. بەڕای ئەو ئەم ئاگادارییانە شتێکی کاتین و هیچی تر. (شکبورغ) وا لێکدەداتەوە کە هەموو دواهەوڵ و ڕێکخستنەکان بەبێ چارەسەر کردنێکی گشتی سوودی نییە و هەروا ئەمێننەوە، ئەوەی نێوان تورکیا و نێوان هاوپەیمانەکانیش. وەزیری هندستان بەڕێز (مونتاجو) لەم

ڕوانگەیـەوە ناچارە مەسـەلەکە بـەدیار بخات و باسـی بکـات. ئـەو دەزانـێ کـە بـۆ دوا چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد دەبێ پشت ببەسترێ بە چەندان هۆکاری هەمە جۆرەوە، ئەوەی کە ڕوون و ئاشکرایە لـەو چـەند ڕاپۆرتـە نوێیانـەدا کـە نێـردراوە لـە لایـەنی فـەرمانڕەوای ناسەربازی لە بەغدا، ئەوەیە لە نەبوونی ڕامیاریەکی نەخشە بۆ کێشراوی چەسـپاو بەرامبـەر کێشەکانی کوردەوە بۆتە هۆی پەیدا بوونی چەند هەلوێستێکی زۆر خراپ لە بارودۆخی ناوەوە و ناوچەدا. بۆ بەڕێز (مونتاجۆ) وا دەردەکەوێ باشـترین ڕێگـە ئەوەیـە کـە بـەزوترین کـات حکومەتی بەریتانیا هەموو گیروگرفتەکان بخاتە نێـو بازنـەی گرنگـی پێدانـەکانی خۆیـەوە و هەروەها چەند پێشنیارێکی دیاریکراو بدرێتە کۆنگرەی ئاشتی لـە پاریسـدا. (شـکبورغ) لـە نامەکەیدا بەردەوامە و دەڵێ: ڕاسپاردەکانی فەرمانداری بەغدا دەربارەی کوردسـتان پوخـت کراوەتەوە. لەو تەلەگرافەیدا لە ژێر ژمـارەی ٦٦٦٦دابـوو. کـە تێـدا پێشـنیار دەکـات کـە پێویستە لەسەر حکومەتی بەریتانیا بەرپرسیاری ئەو هەرێمە هەڵبگرێ کە زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی کوردن. ئەم ڕاسپاردانەی کە فەرماندار (کۆلۆنێل ولْسن) ئەیانخاتە ڕوو، کراوەنە بۆ هەرجۆرە ڕەخنەیەکی دیار. ئەمە شتێکی زۆر زەحمەتە کە بەبێ ئاگا لە خۆبوون لە هەڵگرتنی ئەم ماوە دوورودرێژەی لێپرسراویەتی سەربازی و ڕامیاری بەریتانیا لەم هەرێمە دوورانـەدا. لـە لایەکی دیکەوە بەڕێز(مونتاجۆ) وا دەبینێ بە گوێرەی قسەی(شکبورغ)، ئەمە شتێکی گـەلێ سەختە کە وا بیر بکەینەوە کـە دەوڵـەتێکی تـری گـەورەی ئـەوروپایی ڕازییـە بـەوەی کـە کوردستان بخاتە ژێر ئینتدابی خۆیەوە. بەڵام گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی تورکیا وەك چارەسەریەکی دیکـە بـێ. لـە تەلەگرافەکـەدا (ئـەدمیرال کارلسـورب) لـە ژێـر ژمـارەی ١٤٥٦ کـە (بڵاونەکراوەتەوە) لە ڕۆژی ١٣ی تەمموز وا دەردەکەوێ کە وا ئەمەیان چارەسەریەکی کاریگـەر نییە بۆ مەسەلەکە. لەمەش زیاتر ئەگەر کوردسـتان بـێ حکومـەت بمێنێتـەوە ئـەوا دەبێتـە دراوسێیەکی ڕك و کینە لێهەڵگیراو و نەك تەنها لە لایـەن عێراقـی نوێـوە بـەڵکو لـە لایـەن شاژنی ئەرمینیاشەوە کە کەوتۆتە ژێر ئینتدابەوە لە باکور. پێویستە ئـەوەش بخەینـە بەرچـاو کارتێکردنی ئەوە لە کوردسـتانی ئێرانیشـدا، کـە گومـانی تێـدا نییـە لـەوێش جولانـەوەی نیشتمانی بەم هۆیەوە پەرەدەستێنێ. ئـەو دەسـەڵاتدارییەی کـە ئێـران بـەکاری دەهـێنی لـە هەرێمی کوردەکان بێ هێزترین دەسەڵاتدارییە، بەڵام بۆ ئێران لێدانێکی گەورەیە لـە ئـەنجامی لەدەستدانی ئەم هەرێمانەدا، چونکە ئەو شانازی بە خۆیـەوە دەکـات. ئـەوەش کاریگـەرێکی خراپ دەکاتە سەر ئەو دۆخە نوێیەی کە ئێران نیازی وایە بچێتە ناویـەوە لـە ژێـر چاوەدێری

PDF 4 KURD

بەریتانیادا. (شکبورغ) لەسەری ئەڕوا و دەڵێ: هەر چۆنێکی بێ بەڕێز (مونتاجۆ) لایەنگری ئەو بیروباوەڕەیە کە دەڵێ: هەندێ لەو شێوە ڕێکخستنانە وەك ئەوانەی کە (کۆلۆنیل ولسن) پێشنیاری کردبوون، ئەمەیان تاکە چارەسەرییەکی کاریگەرە بۆ نەهێشتنی کێشەکە. بەڵام ئەو ئەوەش پێشنیار دەکات وەکو هەنگاوێکی سەرەتایی بۆ لێکۆڵینەوەیەکی لەبارتری بابەتەکە کە حکومەتی بەریتانی و نێردراوی پایەدار لە ئەستەنبۆڵدا قسەیەکی ڕێك و ڕوون بخەنە ڕوو بەرامبەر بە هەموو مەسەلەکەوە.[١٠] لێرەدا ئەوە بەدیار دەکەوێ کە وەزارەتی هیندستان لە لایەن خۆیەوە بە هیچ شێوەیەك گرنگی پێدانەکەی ئەو لە هی دەسەڵاتدارانی بەریتانیا کەمتر نەبووە. جا ئەگەر لە ناوەوەی بەریتانیادا بێ یان لە دەرەوەیدا، زۆر جار وا ڕێك دەکەوێت. هەروەکو دەبینین بە شێوەیەکی هەمە جۆر باسی مەسەلەی ئەرمینیا و مەسەلەی کورد دەکرێ هەروەها زۆربەی بیروڕاکان ئەمە دەڵێن: ئامادەگی دۆزینەوەی چارەسەرییەکی کاریگەریانە یان سەرکەوتوانە بۆ مەسەلەی لقوپۆپ لێبووەوەی میللەتی کورد نییە. ئەم جۆرە مەسەلەیە جۆرە چارەسەرییەکی پێدەوێت. لەڕاستیدا زۆر هەوڵدراوە لە لایەن ناوەندە هەمە جۆرە لێپرسراوەکان بۆ دۆزینەوەی ئەمجۆرە چارەسەرکردنە یان چارەسەریەك بە گوێرەی توانا و پلەوپایەی هەر لایەنێك یان لێپرسراوێ لەوانەدا. هەتا لێپرسراوانی فەرەنساییەکان گرنگیان داوە بە مەسەلەی کورد و ئەرمەنی و ئاشوری ئەویش بە گوێرەی بۆچوونی تایبەتی خۆیان. لە چەند شوێنێکدا دەستنیشانی ئەمەیان کردبوو. ئەمەش بە ڕوونی دەردەکەوێ لەو گفتوگۆیەی کە کرا لەنێوان وەزیری دەرەوەی بەریتانی (کیرزن) لەگەڵ وەزیری دەرەوەی فەرەنسادا بەڕێز (بیجون). لە بەڵگەنامەی ٥٨٤دا کە بریتییە لەو تۆمارکردنەی کە (ئیرل کیرزن) کردوویەتی. هی ئەو گفتوگۆیەی کە لە نێوانیاندا کراوە لە وەزارەتی دەرەوە لە (لەندەن)دا کە لە ١٢ی تشرینی دووەمی ١٩١٩دا، لە ناوی دا (کیرزن) دەڵێ: کە بابەتە سەرەکییەکانی خستە بەردەم هاوڕێ فەرەنسیەکەی کە پێویستی بە بڕیار لەسەردانی ئەوی هەیە. هەروەها ڕێکخستنی بارودۆخی ئەرمینیا و دواڕۆژی کوردستان.[١١] ئەوەشی لەسەرمانە ئەو بۆچوون و تێڕوانینە بەدیار بخەین کە یەکێ لە سەرکردە کوردەکان دەریبڕیوە ئەویش بەڕێز عبدولقادر شەمدینانیە کە زۆر جار ناومان هێناوە. ئەم ڕوداوەش تۆمار کردنی بیروڕای لێپرسراوێکی کوردە بۆ یەکەمین جار، کە زۆر کەم وارێك دەکەوێ بۆ ئەمجۆرە سەرکردانە کە هەڵوێست و بۆچوونی خۆیان تۆمار بکەن لەوێدا بەڵگەنامەیەك هەیە لە ژێر ژمارەی ٦٢٠دا ئەو نامەیەشی تێدایە

کە نێردراوی پایەداری بەریتانی لە ئەستەمبوڵدا (ئەدمیرال دی ڕوبیك) ناردوویەتی بۆ وەزیری دەرەوەی بەریتانیا (لۆردکیرزن).

(دی روبیك) تیایدا دەڵێ: ئەو ڕاپۆرتە دەنێرێ کە دەربارەی ئەو گفتوگۆیە کـە لـە نێـوان بەڕێز هوهلر کرابوو لە ڕۆژی ڕابردودا لەگەڵ سەرکردەی کـورد شـێخ سـەید عبـدولقادر پاشـا دەربارەی کێشەکانی کوردەوە. نێردراوی پایەدار دڵنیایی خۆی دەردەبڕێ لەوەی کە مەسـەلەی کوردستان مەسەلەیەکە شایانی ئەوەیە کە زیاتر گرنگی پێبدرێ و لێکۆڵینەوەی وردتری لەسەر بکرێ لە لایەن حکومەتی بەریتانیاوە. نێردراو وا تێدەگا هۆکارەکەی ئەوەیە کە چـونکە ئـەو جولانەوەی کە دەیەوێ بەم مەبەستە بگات جولانەوەیەکی قوڵ و ڕەسـەنە. ئـەو دەڵێ:ـ هـەر چونێکی بێ کوردەکان بە شێوەیەکی سەرەکی چاویان بڕیوەتە حکومەتی بەریتانیا. نێـردراوی پایەدار دەست نیشانی ئەوەش دەکـات سـەرکەوتنی کوردەکـان لـە پێکهاتنـەوە یـان لەگـەڵ ئەرمەنەکاندا کارێکە شایانی گرنگی پێدانێکی گەورەیە. ئەم ڕێکەوتنەیان نرخێکـی گـەورەی هەیە بۆ چارەسەرکردنی کۆمەڵێ گیروگرفت. بەڕێز هوهلر لە یاداشتەکەیدا کە لەگەڵ نامەکەی نێردراوی پایەدار بەسترا بووەوە لە بەڵگەنامەی ژمارە ٦٢٠دا، دەڵێ: ئەو بەیانییە پێشوازی لە بەڕێز (سەید عبدولقادر) کرد و سەید پێی گوت: ئێستا کوردەکان خۆیان لە بارێکی زۆر خراپا دەبینن یان بارێکی پڕ مەترسی. ئەمە بە گوێرەی بیروڕای ئەو و فەرمانداران لە ئەستەمبوڵدا بە سەرۆکایەتی (الصدر العزم) فەرید پاشا چەند پێشنیارێکی ڕێـك و گونجاویـان دا بـە ئـەو، ناوەڕۆکی ئەوەیە بەڵێن دەدرێ بە کوردەکان کە حوکمی ئۆتۆنۆمی تەواویان پێبـدرێ لـە ژێـر چاوەدێری حکومەتی تورکیاوە. ئەم فەرید پاشایە لە وەزارەتەکەی پێشووشـدا گـەلێ بـەڵێنی داوە، بەڵام هێشتا دەسەڵات هی خۆییەتی کەچی هیچی جێبەجێ نەکردوە. هـەروەها ڕژێمـی ئێسـتا بـە سـەرۆکایەتی عـەلی ڕەزا ئـەویش زۆر بـەڵێنی پێـدا بـۆ جێبـەجێ کردنـی بەڕێوەبەرایەتییەکی ناوخۆیی بۆ کوردەکان، بەڵام لەو کاتە بەدواوە یا دەگەڕان و بەشـێوەیەکی ناشـیرین ڕەفتاریـان لەگـەڵیان دەکـرد و هـەر لـەم کاتەشـدا مەترسـی مسـتەفا کـەمال لـە پەرەسەندندا بوو، جا ئەوەی کە حکومەتی ئێستای ئەستەمبوڵ حەزی لێـدەکات ئەوەیـە کـە کوردەکان بۆ لای خۆی ڕاکێشێ و بیانکا بە پێشتیوانی خۆی. سەید عبدولقادر گوتی کە حەز دەکات پێڕەوی خۆی ڕێك بخات لەگەڵ هی وڵاتە هاوپەیمانەکاندا بەتایبەتی لەگەڵ ئینگیلتەرە، چونکە ئەو بڕوای وایە کە دوارۆژی کوردەکان بەستراوە بە ڕامیـاریی حکومـەتی بـەریتانیا و لێرەدا بەڕێز هوهلر دەچێتە ناو بابەتێکی گرنگی دیکە کە باسکراوە لـە نامەکـەی نێـردراوی

PDF 4 KURD

پایەدار ئەویش پێك هاتنەوە و ڕێکەوتنەکەی نێوان کورد و ئەرمەنەکانە. ئەو دەڵێ کە سەید عەبدولقادر بە گوێرەی بیروڕای ئەو، هەواڵێکی زۆر گرنگ و نوێی پێ ڕاگەیاند. واتە هوهلر، دەربارەی گەیشتنی کورد و ئەرمەن بەڕێکەوتننامەیەك لە تورکیا و لە هەمان کاتدا لە پاریسدا، ئەویش بەڵگەنامەکانی پێدەدا. ﴿هوهلر دەڵێ کە دانەیەك لەم بەڵگەنامانەی ئەم ڕێکەوتننامەیە پێچراوەتەوە لەگەڵ یاداشتەکەیدا﴾، بەڵام ئەم بەڵگەنامانە بڵاونەکراونەتەوە لە ئەنجامە جێبەجێ کراوەکاندا، کە پێچراوەتەوە لەگەڵ ئەو نامەیەی کە نێردراوە بۆ سەرۆکی وەفدی ئەو وڵاتانەی کە بەشداریان کردوە لە کۆنگرەی ئاشتیدا، کە بە شێوەیەکی هاوبەش ئیمزا کراوە لە لایەن (شەریف پاشا) لە جیاتی کوردەکان و (بوغوس نوبار پاشا) لە جیاتی ئەرمەنەکان. هوهلر دەڵێ: ئەم بەڵگەنامانەش گەیشتنە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ـ لەگەڵ ئەوەشدا ئەو خۆی چەند دانەیەکی بڵاوکراونەکراوەی لەگەڵ یاداشتەکەیدا نارد. دیسان هوهلر دەڵێ دڵخۆشی بێ پایانی خۆی دەردەبڕێ کاتێ کە زانی ئەم دوو گەلە گەیشتونەتە تەبایی و برایەتی.

هەروەها دەڵێ سەختی مەسەلەکەی بۆ سەیدعبدولقادری ڕونکردبۆوە. هەروەها سیاسەتی حکومەتی بەریتانیا دەیەوێت دەست نەخاتە ناو کاروباری ناوەوەی تورکیا، بەڵام سەید عبدولقادر دەستنیشانی سەرهەڵدانی جولانەوەیەکی نیشتمانی کرد لەو بەهارەدا. بەڕێز درێژەی بە قسەکەی دا، هوهلر دەڵێ، ئەوە ڕاستە کە پێویستە لەسەر کوردەکان هیوا و ئاواتەکانیان بێننەدی لە ڕێگەی کۆنگرەی ئاشتییەوە نەك لە ڕێگەی حکومەتی عوسمانی لە ئەستەمبوڵدا، بەڵام ئەوەش ڕاستییە کە بەدرێژایی ڕۆژگار چەند ساتێکی بەکەڵکی تریش دێتە کایەوە، ئەو بە شێوەیەکی زۆر لێهاتوانە ئەو تەنگ و چەڵەمانەی خستەڕوو کە دێنە ڕێگەی گەلی کورد لە جێبەجێ کردنی هیوا و ئاواتەکانی لە ئازادییدا، ئەگەر بێت و وڵاتە هاوپەیمانەکان هێزێکی وایان بەدەستەوە بێ بۆ ناچارکردنی عوسمانییەکان کە ڕازی ببن بە هەموو بەندەکانی پەیمانی ئاشتی. ﴿پەیمانی ئاشتی نزیکە بۆ مۆرکردن لەنێوان هاوپەیمانەکان و تورکیادا کە ناسراوە بە پەیمانی سیڤەر مۆرکراوە لە مانگی ئابی ١٩٢٠﴾. هوهلر دەڵێ کە زۆر سەری سوڕما لەو ورەبەرزیە و چاو نەترسییەی کە شێخ عبدولقادر پیشانیدا بۆ گەیشتن بە ئازادی بۆ کوردستان و مافی چارەی خۆنوسین، بێ ئەوەی گوێ بدرێ بە حکومەتی عوسمانی. دەست و پێوەند لەوێوە دەڵێن کە ئەم نامەیە، واتە نامەی نێردراوی پایەدار لە ئەستەمبوڵدا

کە ئەم یاداشتەی هوهلری لەگەڵدایە، وەزیری دەرەوە (لورد کیرزن) ئـەم هێمایـەی خـوارەوەی لەسەر داناوە:ـ

١. من بە تەواوەتی لایەنگری مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان دەکەم.

٢.ڕێکەوتنەکەی کورد و ئەرمەن، بەڵام کـێ هەڵدەسـتێ بــە هێنـان و ڕێکخسـتنی ئـەو هێزانەی کە داواکاری یەکەم جێبەجێ دەکەن؟

جارێکی تریش بەم شێوە دەبینین کە بیروڕای گەورە لێپرسراوانی بــەریتانی لایــەنگرتنێکی تەواوە لە مافی ئۆتۆنۆمی بــۆ کوردەکـان لــە کـاتی پــێش ســەرکەوتنی کەمالییەکانـدا دوای سەرکەوتنیش ئەم بیروڕایەیان هەر پاراست بەڵام بەشێوەیەکی کـەمتر ڕوون و کــەمتر ئاشــکرا لێرەدا پێویستە لەسەرمان کە بچینە سەر ناوەڕۆکی بابەتی پێك هاتنــەوەی کــورد و ئەرمــەن بەوجۆرە شێوانەی کە باس کراون.

PDF 4 KURD

## پەراوێزەکانی بەشی پێنجەم:

(1) Cocuments on the British Foreign policy 1919-1939. first sesies. Vol. iv, 1919, No. (469). Pp 704-5

ئەرمینای گەورە پرۆژەیەك بوو کە کۆمارە ئەرمەنستانی و ئێستا و هەندێ ویلایەتی خۆرهەڵاتی تورکیای دەگرتەوە کە زۆربەی دانیشتوانی کورد بوو.

(٢) Lbid No. (426)< pp. 643-4

(٣) ولسن پێشنیاری کرد هەردوو ویلایەتی (ترابزون و ئەرزەروم) بکەونە ناو دەوڵەتی ئەرمەنی و دەوڵەتی کوردیش چوار ویلایەتەکەیتر بگرێتەوە لە ئەنازۆلی خۆرهەڵات واتە (وان، بتلیس و دیار بەکر، دیاربەکر، عەزیز).

(4) Noel. Major E.W.C – Note on the Kurdish Situation. P. 19-20: Documents on British Foreign policy, First Series, 1919. NO (492). Pp. 435-6

(5) Cocuments on the Breitish Foreign policy, first series, Vol iv, No. (498)p. 742.

(6) Lbid no. (545), pp. 814-5.

مستەر کراو ئەندامی شانەی بەریتانی لە کۆنگرەی ئاشتی چاوی بە ژەنەراڵ شەریف پاشا کەوت لە پاریس.

(7) Lbid no. (545), p. (815)

(8) Lbid no. (545), p. 814

(9) Lbid no. (584), p 878

(10) Lbid no. (620), 1919. pp. 925-928

PDF 4 KURD

# بەشی شەشەم

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

لە بەشی پێنجەمدا گوتمان کە دەبێ بچینەوە سەر ناوەڕۆکی بابەتی پێکهاتنەوەکەی ئەرمەن و کورد، بەم شێوەیەی کە باس کراوە. بەڵگەنامەی ژمارە ٦٢١ ئەو نامەیەی تێدا هاتوە کە ئیرل کیرزن ناردویەتی بۆ سیردی روبیك بە ژمارەی ١٨٣١ لە رۆژی ١٠ی کانونی یەکەمی ١٩١٩دا، لە وەزارەتی دەرەوە لە لەندەنەوە بۆ ئەستەمبۆڵ. ئەم نامەیە دەستنیشانی ئەو یاداشتە دەکات کە لە رۆژی ٢٠ی تشرینی دووهەم نوسراوە لە پاریسدا و بەرزکراوەتەوە بۆ کۆنگرەی ئاشتی لەوێدا، لە لایەن (بدغوس توبار) لە جیاتی ئەرمەنەکان مۆریش کراوە هەروەها ئۆهانجیان (ئەوە نوێنەری کۆماری ئەرمەنیەکانە لەو کاتەدا لە ئەرمینیای سۆڤییەتیدا دامەزرا بوو) هەروەها لە لایەن شەریف پاشای ناسراوە و قسەکەر بەناوی کوردەکانەوە. نامەکە دەڵێ ئەوانەی کە ناویان هاتوە لە یاداشتەکەیاندا ڕوونی دەکەنەوە کە ئەرمەن و کورد هەمان هیوا و ئاواتیان بۆ ڕزگار بوونیان لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیدا هەیە. هەروەها پێکەوە لە پێناوی ئەرمینیایەکی ئازاد و یەکگرتوو و کوردستانێکی ئازاد لە ژێر ئینتدابی دەوڵەتێکی گەورەدا کار دەکەن. ئەوان مەسەلەی دیاریکردنی سنووری نێوان دەخەنە بەر بڕیاری کۆنگرەی ئاشتی، بەڵام دەقی یاداشتەکە لەوێدا بڵاونەکراوەتەوە. کیرزن لە نامەکەیدا وا دەکات لە نێردراوی پایەدار کە دەربارەی بۆچوونی خۆی تەلەگرافی بۆ بکات، بەڵام سیردی روبیك پێش ئەوەی نامەی کیرزنی پێ بگات ئەو لەم بارەیەوە بیروڕای خۆی دەربڕی بو و ڕەوانەی کردبوو. دی ڕوبیك لە تەلەگراەکەی ژمارە ٢١٣٥ی دا لە رۆژی ١١ی کانونی یەکەمی ١٩١٩دا، گەیشتە وەزارەتی دەرەوەش لە ١٦ی کانونی یەکەم. ئەو باسی ئەو ڕێکەوتننامەیە دەکات کە لە نێوان کورد و ئەرمەندا ئەنجام درا. ئەو بە ڕووداوێکی دادەنێ. (خۆشترین موژدەیە... من ناتوانم بیر لە شتێکی لەوە باشتر بکەمەوە، لە پێناو ئاسودەیی و بەختیاری هەموو ئەو لایەنانەی کە دەکەوێتە چوارچێوەی ئەم مەسەلانەوە. من وای دادەنێم ئەم ڕێگایە مایەی هاندان و هەمووجۆرە گرنگی پێدانێکی پێویستە. لە بارەوە (لورد کیرزن) لە وەزارەتی دەرەوەدا لە لایەن خۆیەوە چەند ئاگادارییەکی دیکەی بۆ دی ڕوبیك نارد. لە ئەستەمبوڵ ئەویش لە تەلەگرافی ژمارە ١٨٨٧دا لە رۆژی ٢٠ی کانونی یەکەم داوای کردبوو بە هەموو شێوەیەك هەوڵ بدرێ بۆ بەهێزکردنی برایەتی ئەرمەن و کوردەکان.[1] ئەدمیراڵێکی تریش بەناوی سیرویب ئەویش لە ئەستەمبوڵەوە بیروڕای خۆی لەم کارەدا دەربڕی لە نامەکەی ژمارە ٣٨یدا لە رۆژیە ٨ی کانونی دووهەمی ١٩٢٠دا. تێدا گوتویەتی هەرچەندە تا ئەو پەڕی پێویست دەبێ کورد

PDF 4 KURD

و ئەرمەن هەوڵ بدەن بگەنە یەکتر و هەوڵ و کۆششیان یەکلا بخەن ، بەڵام ئەو گومان دەکا لەوەی ئەو رێکەوتننامەیەی نێوان شەریف پاشا و نوبار پاشا ببێتە هۆی جێبەجێ کردنی ئەم پێویستیە. ئەو لەسەری دەڕوا و دەڵێ هەرچەندە هەڵوێستی شەریف پاشا ڕەسەنە، بەڵام ئەو ماوەیەکی زۆر لە ئەورووپا ماوەتەوە تا وای لێهات پەیوەندی بە وڵاتەکەیەوە زۆر کز بوو.[٢] ئێمە وای دەبینین هۆی بیروڕاکەی ئەدمیرال ویب ئەوەیە کە نە ئەونە سیردی ڕوبیك وایان لێك نەدایەوە کە شەریفی کورد یان نوبار- ی ئەرمەنی بە شێوەیەکی فراوان نوێنەرایەتی گەلەکەیان دەکەن. هەروەکو لە لاپەڕەکانی پێشودا باسمان کرد. بەم بۆنەیەوە پێویستە ئەوە بەدیار بخەین کە بیروباوەڕ تاڕادەیەك خۆپارێزەکان کە هەردو لێپرسراوی گەورەی بەریتانی لە ئەستەمبوڵدا دەریانبڕی هەروەها چەندی دیکەش، دەربارەی مەسەلەی کورد، بە تایبەتی پیاوە ناسراوەکانی کورد، هەروەها بۆ مەسەلەی ئەرمەنی، هۆیەکەی ئەوەیە، واتە ئەو بیروڕایانە لە بنەڕەتەوە ئەگەڕێنەوە سەر ئەو کارتێکردنەی کە حکومەتی عوسمانی بەکاری دەهێنا لەسەر ئەم لێپرسراوە بەریتانییانە. لە چوارچێوەی ئەم بارە تایبەتییەدا بە پیشاندانی بیروڕای خۆپارێز دەربارەی ئەم دوو مەسەلەیە گونجان و ڕۆیشتنێکە لەگەڵ سیاسەتی عوسمانی بەردەوام بەرامبەر ئەو نەتەوە و گەلانەی کە دەکەونە چوارچێوەی ئیمپراتۆرییەتدا. ئەم سیاسەتە خراپ و چەوتە ناسراوە. لە لایەکی دیکەوە دەسەڵاتدارانی وڵاتانی هاوپەیمانی داگیرکەر نەیاندەویست یان وایان پیشان دەدا کە نایانەوێ دەست بخەنە کاروباری ناوەوەی تورکیا. هەروەها بەهۆی دوری نێوان هەرێمەکانی کورد و ئەرمەن ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە جولانەوەی نەتەوایەتی تورکی توانی بەزوویی ئەم هەرێمانە دوربخاتەوە لە هێز و دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی هاوپەیمانەکان لە ئەستەمبولدا. هەروەك بە ئاشکرا ئەمە دەرکەوت کە ڕووداوی گەشتەکەی میجۆر نوئێل و ئەو کوردانەی کە لەگەڵیا بوون. لەمەش زیاتر ئەو کۆسپانەی کە فەڕەنسا دروستی دەکەن کە لە پێشوودا باسمان کرد و دیمان، لەمەودواش هەندێکی دیکەی لێ دەبینین. ئەوانە هەموویان کاری خۆیان کرد. بێجگە لەو بارودۆخە و هۆیانە و شتی دیکەی کاریگەر لەم هەڵوێستانەدا.

لە لایەکی دیکەوە ئێمە دەبینین هەڵوێستە سەرەکییەکانی نێردراوە پایەدارەکان و گەورە لێپرسراوانی تر بە زۆر شێوەی باش و ئاشکرای هەیە بەرامبەر مەسەلەی کورد و گیروگرفتی ئەرمەن، هەروەکو لەمەودوا دەبینین، بەڵام لێپرسراوانی دیکە لە ـ لەندەن ـ و شوێنەکانی تر، هەندێ لە هەڵوێستەکانیان باش بوو، باوەڕیشیان هەتا ماوەیەك گەلێ باشتر بوو. میجۆر نوئێلی بەناوبانگ[٣] کە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانیدا، دەستی کرد بە گەڕان و سوڕان بە هەموو

PDF 4 KURD

لایەکی کوردستان دا. گەیشتە شاری ـ حەلەب ـ پاش ئەوەی ـ دیاربەکر ـ یان بـەجێ هێشـت. لـە حەلەب دا چاوی بە کۆلۆنێل ولسن کەوت کە لە بەغداوە هـاتبوو لـە ڕێکـەوتی ٢٦ی حـوزەیرانی ١٩١٩. ولسن لە ١٣ی حوزەیران چەند پێشنیارێکیدا بـە حکومـەتی بـەریتانیا بـۆ دامەزرانـدنی کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆ کە هەندێك لە شارەکانی ڕۆژهـەڵاتی تورکیـاش دەگرێتـەوە. ئـەم تەلەگرافە ژمارە ٦٦٦٦ ناوبانگی دەرکرد لەنێو بەڵگەنامـەکانی سیاسـەتی دەرەوەی بـەریتانیادا. نوئێل پاش ئەوەی پرسی بە ولسن کرد، بڕیاریدا سەربدات لە ئەستەمبوڵ بۆ ئـەوەی خـۆی ئامـادە بکات بۆ گەشتێکی دیکەی دووردرێـژ لـە کوردسـتانی ناوەڕاسـت و بـاکوردا بەهاوڕێیـەتی چـەند سەرکردەیەکی کورد کە ئەو دەیانناسێ. نوئێل گەیشتە ئەستەمبوڵ لە ٣ی تەموز. چاوی کەوت بە ژمارەیەك لەو سەرکردە کوردانەی کە لەوێ جێنشینن. ئەو ئەم باسەی نووسـی کـە ئێمـە ئێسـتا وەریدەگێڕین، لەو کاتەی کە لە ئەستەمبول بوو وەکو دەردەکەوێ کردی بە یاداشتێك و پێشکەشـی کرد.(٤) پێش ئەوەی ئەوێ بەجێ بهێڵێ لەگەڵ کوردەکاندا و بـڕۆن بـۆ کوردسـتان و دەسـت بـە دوا گەشتە بەناوبانگەکەیان بکەن، کە باسی ساتنامەکەی تێدا هاتوە. لەوانەیە دەسەڵاتدارانی بەریتانیا لە ئەستەنبۆڵ فەرمانیان پێدابێ کە ئەوە بنوسێ ئەوەی گومـانی تێـدا نییـە ئەوەیـە گرنگـی ئـەم باسەی وەکو بەڵگەنامەیەکی مێژوویە کە ئەوە لە خوێنەر ناشارێتەوە کە چـەندەها بـیروڕای نـوێی ئەو سەردەمی پیشانداوە بەرامبەر بە مەسەلەی کورد و هەروەها پەیوەنـدی هەمـەجۆرەی هـەموو لایەنە سیاسی و نێودەوڵەتی و ناوچەییەکان بەرامبەر ئەم مەسەلەیەوە. دەبێ ئـەوەش دەستنیشـان بکەین کە نوئێل وا دەردەکەوێ ناچار بووە پەلە بکات لە نووسینەوەی باسەکەی یـان یاداشـتەکەی، لەگەڵ ئەوەشدا نرخێکی گەورە و پارێزراوی هەیە وەکو بەڵگەنامەیەکی مێژوویی.(٥)

## چەند تێبینییەك دەربارەی بارودۆخی کورد:

### ١.مێژوو:

کوردەکان کە نەوەی گەلی کورد بوونی کۆنن ئەوانـەی کـە هێزەکـەی ـ زەینـەفونی(٦) ـ بێـزار کردبوو لە کاتی کشانەوەیدا. لە سەرەتادا لـەو هەرێمـەدا نیشـتەجێ بـون کـە دەکەوێتـە نێـوان دەریاچەی ورمێ و وان. هەروەها ئەو چیایانەی کە سەرچاوەکانی هـەر دوو زێـی وڵاتـانی نێـو دوو ڕوبارەکە پێکدەهێنن، هەروەها چیای زاگرۆس بـە درێـژایی سـنوورەکانی خـوارو و ئـەو هێڵێـەیان هەتاکو باکور هەرێمی هۆزە لوڕییەکان بووە. کـاتێ هێـزی حکومەتـەکانی دەورووپشـتی هـەرێمی

PDF 4 KURD

کوردی بەرەو نەمان چوون، جەماوەر خەڵکی شەڕکەری ڕووەو باکور و ڕۆژئاوا سەریان هەڵگرت و یانی سەریان هەڵگرت بەرەو کوردستان و تێدا نیشتەجێ بوون هەتاکو ئێستا. کە ئەم وڵاتانەن:

بایەزید و ئەرزەڕۆم و ئەرزنجان و ئەو چیانەی کە دەکەونە ڕۆژهەڵات و باکوری شاری حەلەبەوە. ئەو کوردانەی کە لەو شوێنەدا دەژین کە پێی دەڵێن کوردستانی ناوەڕاست و دەوروبەری، هێزی باشیان بەدەست هێنا و بە ئاسودەییەوە ژیان و لە ڕاستیدا لە ناوەڕاستی ئەم مێژووەدا کە ئێمە باسی لێوە دەکەین چەند کەڵە شاعیرێ ناویان دەرکرد و سەریان هەڵدا لە زنجیرە چیاکانی هەکاریدا. بە شێوەیەکی گشتی تورکەکان توانیان هێزی کوردەکان لەناو ببەن، لەم دواییەشدا ئۆستانی ڕەواندوز کە دوا ویلایەتی سەربەخۆی کوردان بوو خۆی دایە دەست هێزەکانی عوسمانییەوە. بەم شێوەیە بەدیار کەوت کە سەرهەڵدانی بیروباوەڕی سەربەخۆیی لەناو کورداندا پێش مەسەلەی ئەرمەن هەر هەبووە و لەویش زیاتر بەرەو پێشەوە چووە. وەك دەردەکەوێ دوا شوێنەواری مەملەکەتی ئەرمەنی لە ڕۆژگارێکی دێرینەوە لەناو چووە و نەماوە، دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی چواردەهەمی زایینی.

**٢.زمان:-**

لێکۆڵینەوەکان سەلماندویەتی کە وشەی کوردی دەربڕینێکی ڕێکوپێکی زمانێکی سەربەخۆ و پێشکەوتوە وەك زمانی تورکی و فارسی وایە. بەهۆی پچڕپچڕی و لەیەك دوربوونی هۆزەکانی کورد و نەبوونی و وێژە و ئەدەبێکی پێگەیشتووی کاریگەر.

زمانەکە بوو بە چەند لەهجەیەك و یەکێك لەمانە لەسەر بناغەی تایبەتی خۆیدا سەری هەڵدا، بەڵام هەموویان هەر زمانە سەرەکییەکەن و لەوەوە گیانیان بەبەرا دەکرێ. تورکەکان هەوڵێکی زۆریاندا بۆ ئەوەی زمانی کوردی نەبێتە زمانی نوسینەوە و بڵاونەبێتەوە. لە دەوڵەتی عوسمانیدا چاپکردن و بڵاو کردنەوەی پەرتووکیان بە زمانی کوردی قەدەغە کرد. ئەم کارە بوە هۆی ئەوەی کە ئەم زمانە وا لێبکات بە ئاسانی بۆ نووسینەوە بەکار نەیەت. ئەوەی گومانی تێدا نییە ئەوەیە ئەگەر بێت و زمانی کوردی گرنگی تەواوی پێبدرێ و قوتابخانەی بۆ بکرێتەوە، ئەوە دەبێتە هۆکارێکی باش و گونجاو و بۆ فێربوون. ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێ ئەوەیە کە زمانی کوردی بەکار دەهێنرێ لە هەندێ هەرێمدا لە نێوان کورد و ئەرمەن و نەسار و سریانەکاندا. وەکو زمانێکی نێونەتەوەیی لە نێوانیاندا. لە ڕاستیدا هەندێ کۆمەڵە ئەرمەنی هەن لە هەندێ شوێنەکانی کوردستاندا تەنها زمانی کوردی دەزانن.[٧]

PDF 4 KURD

## پڕهێزی و چالاكی نەتەوەی كورد.

**ئەمەی خوارەوە لە كتێبی (ژیانی بەرایی كوردەكان)ەوە وەرگیراوە كە لە لایەن (میلانجن) بلاّو كراوەتەوە لە ساڵی ١٨٧٠دا.**

"ئەوەی كەجێی سەرسوڕمانە ئەوەیە كە كوردەكان بە درێژایی ئەم هەموو سەدانە نەیانتوانی سەركەوتن بەدەست بێنن، هەرچەندە داگیركەران چەند جار وڵاتەكانیان خستە ژێر چەپۆكی خۆیانەوە. سەركەوتن لە پاراستنی نیمچە سەربەخۆییەكەیان، هەروەك و پێشوو توانیان كەسایەتی نەتەوایەتی خۆیان بپارێزن كە جیاوازن لەگەڵ دراوسێكانیان. ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە كە وەك موعجیزەیەك سەیر بكرێ ئەوەیە كە ئەم گەلە جیاوازی هەیە لەگەڵ بولغارییەكان و چیكەكان یان گەلانی تر، چونكە ئەو پاشایەكی نییە، شاهێكی نییە، نە تاج و نە پارچە تەنەكەیەك و نە ئاسنێكیان نییە كە نیشانەی جیاوازی نەتەوایەتی پیشان بدات و شانازی پێوە بكەن. ئەم گەلە بەردەوام بە كوردایەتی و رۆژگاریش نەیتوانی بیانگۆڕێ، بەڵام زانایانی مرۆڤناسی هیترچی دەڵێن ئەگەر ببیستن كە كوردەكان كاتی خۆی خاوەنی زنجیرەیەك حوكمی پاشایەتی تایبەتی خۆیان نەبوونە؟ یان شێوەیەكی دەستوری ڕامیاری كە دەبێتە بناغەیەك بۆ نەتەوەكەیان لە دەست نەداوە، بەڵكو ئەو پەیوەندیە بەهێزانەی مانەوەی كۆمەڵایەتی و ڕامیاری كە بەدیار دەكەوێ لە شێوەی ئایین و شوێنەواری مێژوویی و ئەدەب و خوێندنەوە بە هیچ شێوەیەك ئەوان پێیان نەزانیوە. پاش ئەوەی كە زانیمان چۆن كوردەكان هەروەك خۆیان مانەوە بەدرێژایی رۆژگارێكی دورودرێژ، شەپۆلی ڕووداوەكان نەیانتوانی نەتەوەكەیان بخنكێنێ و لەناو بەرێ. جا بەهۆی ئەم زانینەمان لەم یادەیەوە، شتێكی بەسوودە لە گێڕانەوەی كورتەیەكی مێژووی سەرەتایی ئەم سەردەمەیان (سەدەی نۆزدەهەم) بۆ سەلماندنیەتی ئەوەی كە نەتەوەكەیان نەك تەنها هەر دوورە لە بارێكی تەمەڵی و خەواڵویی، بەڵكو بە پێچەوانەوە ئەم نەتەوەیە هەرگیز كۆڵی نەداوە بۆ بەدیار خستنی نیشانەكانی پڕ هێزی چالاكی. هیوا و ئاواتە نەتەوایەتییەكانی كوردەكان سێ جاران پاڵی پێوە ناون هەر لەم سەدەیەدا بۆ لابردنی دەسەڵاتی سوڵتان و گەیشتنیان بە سەربەخۆییان. جولانەوەی یەكەم شۆڕشی محەمەد پاشای ڕەواندزی بوە لە ساڵی ١٨٣٤. پلانەكانی پاشا نهێنی و شاراوە نەبوون، ئەوەی گومانی تێدا نییە مەبەستی ئەو ئەوە بوو وڵاتەكەی تا لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەكان رزگاریان بكات. جولانەوەی دووهەم كە كوردەكان بە مەبەستی سەربەخۆیی نیشتمانیان پێی هەڵسان ئەم جولانەوە ڕێكوپێكە بوو كە لە لایەن ئەحمەد پاشاوە كە بە میرات میری سلێمانی بو و سوپایەكی ڕێكوپێكی كۆ كردەوە كە پێكهاتبوو لە چەند هێزێكی پیادەڕۆیی خاوەن تۆپ و هێزی وڵاخە بەرزە، خۆی سەركردایەتی

هێزەکانی دەکرد بەرەو پاشای تورکی رۆیشت کە فەرمانڕەوا بوو لە بەغدا ئەم ڕوداوە لە ساڵی ١٨٤٣رویدا، روداوی سێیەمی شۆڕشگێڕانە و گرنگتر ئەوە بوو کە لە ساڵی ١٨٤٧رویدا. ئەو کاتەی کە سەرکردەی کورد بەدرخان بەگ سوپایەکی کۆکردەوە و توانی زاڵ ببێ بەسەر سوپای تورکی هێرش بەر بە سەرۆکایەتی عومەر پاشا باب عالی. ئەم روداوانەی وەك گێرە شێوێنیەك و هەڵگەڕانەوە و تێکدانی بارودۆخ لێکدەدایەوە کە هیچ پەیوەندییەکی بە بیر و هەستی نیشتمانییەوە یان هیوا و ئاواتی نەتەوایەتی نییە، بەڵام پێویستە ئەو جولانەوە شۆڕشگێڕیانەی کە لە کوردستاندا ڕوویدا، بەبەڵگەیەکی بەهێز دابنرێ بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی بیروباوەڕ کە لە قولایی مەسەلەکە گەلێ بەرزترە لە مەبەستەکانی کەسایەتی ئاسایی. ئەگەر وا نەبێ چۆن ئەوە لێکدەدەیتەوە ڕودانی سێ جولانەوەی ڕێکوپێك و نەمانیان لە ماوەیەکی کورتی پانزە ساڵییدا. یەکەمیان لە خواروو ڕویدا و دووهەمیشیان لە سنورەکانی ڕۆژئاوا و دواتریان لە بەشەکانی کوردستانی باکور هەتا وا دەردەکەوێ کە هەستی شۆڕشگێڕانە گڕی سەندبوو لە نێو بیر و ئەندێشەی هەموو جەماوەری گەلی کوردا. لە تاقیکردنەوەکانی خۆمدا کە بەدەستم هێناوە لەو پەیوەندییە بەهێزەی کە هەمبوو لەگەڵ گەلێ لە سەرکردەکانی جولانەوەی نیشتمانی کورد وەکو: ئەحمەد پاشا لە سلێمانی و رەسول پاشا ـ کە برای محەمەد پاشای ڕەواندوزی بوو ـ هەروەها لەگەڵ هەموو برا و کوڕەکانیان، دەتوانم بەبێ دودڵییەوە بڵێم و بێ ئەوەی گوێ بدەمە زێدەگۆتن، کە هەستی نیشتمانی و حەزکردن لە سەربەخۆییدا ڕەگێکی قوڵی داکوتاوە لەنێو دڵی کوردەکاندا هەروەك گەلانی دیکە نە کەمتر و نە زیاتر.(٨) لەوەتەی ئەو نووسینەی سەرەوەمان نوسیوەتەوە لە نێو کوردەکاندا چەندان جولانەوەی نیشتمانی سەری هەڵدا کە بووە هۆی خوێن ڕشتن. لەوانەش هێرشەکەی عوبێدوللا لە ساڵی ١٨٨٦ بۆ سەر ئێران، هەروەها شۆڕشی دژی تورکیا لە هەکاریدا لە ساڵی ١٨٩٥، هەروەها شۆڕشی بەئەنجام نەگەیشتووی بەتلیس لە ساڵی ١٩١٤ کە تورکیا زۆر بە توندوتیژی توانی لەناوی ببات.(٩)

## شناسنامەی نەتەوەیی:

ئەوەی جێی داخە کە کورد لە ئەوروپا وا سەیر دەکرێ کە پیاوێکی کێویە و هیچ کارێکی نییە لە ژیاندا تەنها سەربڕینی ئەرمەنییەکان نەبێ، تێگەیشتنی ئەمەش گەلێ سەختە ئایا هۆی چییە ئەم بە هەڵە تێگەیشتنە وا بڵاو بۆتەوە. کەچی دەبینین هەر گەڕۆکێکی بێگانە سەری لە کوردستان دابێ لە کاتی گەڕانەوەیدا جوانترین و بەرزترین بیروهەستی هەڵگرتوە دەربارەی کوردەکانەوە. لەگەڵ ئەوەشدا

PDF 4 KURD

کاریگەری ڕۆژنامە مەسیحی خوازەکان و ئەو پارتە بەهێزەی کە لایەنگری ئەرمەنەکانی دەکرد لە ئینگلتەرە بوە هۆی ئەوەی کە بیرێکی گشتی دژی کوردەکان باو بێ لە ئەوروپادا. لە وڵاتی دوو زێکەدا ئەوە ڕوون بۆتەوە کە کورد باشترین دەستەن لە ڕیزی هێزەکانی پۆلیسدا کە سەر بە ئێمەنە. هەروەها ئەو کۆمەڵە کرێکارانەی کە لە کاتی جەنگدا پێکهاتبوون دیسان بەدیاری خست کە کۆمەڵەی کوردەکان بەرهەمێکی باشیان بەدەست هێناوە لە کێلگەکانی کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ ـ ئێرانیدا. هەروەها کوردەکان ئامێرەکانیان زۆر بە لێهاتویەتی دەخستە گەڕ لە کانە غازەکانی باشوری ئێران، ئێستاکەش زۆر لەوان پلەوپایەی سەرۆکایەتی گرنگیان بەدەستەوەیە لە کاروبارە سەربەخۆکانیان لە ئاستەنوێکاندا. ڕاستییەکی دیکەی زانراویش هەیە کە ئەو کوردانەی کە چوونەتە ئەمریکا ناوبانگی باشیان دەرکردوە و بە زوترین کات دەتوانن خۆیان بگونجێنن لەگەڵ باروودۆخی شارستانییەتی نوێ دا. ئەم نموونانە ئەوەمان بۆ دیار دەخەن کە کورد تواناییەکی تەواوی هەیە بۆ تێگەیشتن لە فێربوونی نوێ و پێشکەوتنی بێ هاوتا. بیر و باوەڕی ڕێك و دادپەروەرانەی چاوەدێرە لێهاتوەکان ئەوە دەگەینێ کە کورد لە گەلانی تر بە تواناترە بۆ سودوەرگرتن لەو شێوە حوکم کردنەی کە لەسەر بناغەی هێمنی و پێشکەوتنەوە دامەزراوە لە وڵاتەکەیدا.

### پەیوەندی لەگەڵ ئەرمەنددا:

لەڕاستیدا جیاوازییەکی ئەوتۆ نییە لە نێوان کورد و ئەرمەندا، بەڵام ئەوەی جێی داخە ئەو شێوە ڕامیارییەی کە عەبدولحەمید هێنایە کایەوە[١٠] و کۆمەڵەی یەکێتی و پێشکەوتن(جمعیە اتحاد الترقی) لەسەریا ڕۆیشت و بوە هۆی دروست بوونی ڕك و کینە و بڕوا بەیەکتری نەکردن کە نەهێشتنی ئەمەش تا ڕادەیەك سەختە. هەتا ساڵانی ١٨٦٠ کورد و ئەرمەنەکان توانیان بەشێوەیەکی برایانە پێکەوە ژیان ببەنە سەر هەروەکو ئەرمەنەکانیش هەروا ئەڵێن. زیندەبەچاڵ کردنی ئەرمەنەکان لە ساڵانی ١٨٩٥ و ١٩١٥دا بە کورتی و درێژییەوە هۆیەکەی دەسەڵاتدارانی عوسمانی بوون. کاتێ من لە دیاربەکر بووم[١١] خۆم ئامادە کرد بۆ لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی لەگەڵ سەرۆکە لێپرسراوەکانی هەموو تایفەکانی مەسیحی دەربارەی پەیوەندییان لەگەڵ کوردەکانەوە. ئەوانە هەموو بەجارێ گوتیان ئەگەر بێت و دەسەڵاتی تێکدەرانەی تورکیا نەمێنێ هیچ هۆیەك نامێنێ بۆ نەگەیشتن بە ڕێکەوتننامەیەکی ڕێکوپێك لە نێوان هەردوو گەلدا بۆ ئەوەی ئاشتیانە ژیان بەرنەسەر. لە ماوەی شەڕەکەدا چەند شتێ هەیە کە ڕاستیی ئەوە دەردەخا کوردەکان بەڕاستی و بە تەواوەتی فەرمانەکانی تورکیایان جێبەجێ نەکردوە، دەربارەی زیندەبەچاڵکردنەکان، ئەوان زۆر

له ئاواره ئەرمەنییەکانیان گەیاندە سنوورەکانی ڕووسیا، لـە زیندەبەچاڵ کـردن رزگاریـان کـردن. کوردە دەرسیمیەکانیش لای کەمی ٢٥ هەزار ئەرمەنییان بەهەمان شێوە ڕزگار کرد. دەربارەی ئەم ڕووداوە ڕاپۆرتێ لە ڕۆژنامەی (جاغادامات)ی ئەرمەنیدا بڵاو کراوەتەوە لـە ژمـارەی ١١٩ی ڕۆژی ٢ی نیسانی ١٩١٩دا. لە کاتی ئاشتیدا سەرم دا لە چـەند هـەرێمی کوردسـتانی ناوەڕاسـت نزیـك ڕەواندز، لەوێدا چاوم کەوت بە چەندان ئاوارەی مەسیحی کە کوردەکان شـاردبویانەوە و بـۆ مـاوەی دوو ساڵ لە چیاکاندا پارێزگاریان لێدەکردن. بەم شێوەیە ئەم ئەرمەنییانە لە دوورخستنەوە و مردنی چاوەڕوان کراو ڕزگاریان ببوو. سەرەڕای ئەمەش کوردەکانی ئەو هەرێمـە نـاوی چـەندان مەسـیحی تریان پێدام کە نەیانتوانی ڕزگاریان بکەن. داوایـان کـرد بـە زووتـرین کـات ڕەوانـەیان بکـەن بـۆ ئوردوگای ئاوارەکان لە عێراقدا. ئەوانەی کە چارەنووسی ڕەشیان ئەوانی گەیاندە ئەوێ. بێجگـە لـە ئەرمەنەکان، سریان و (نساترە)ش هەن و نێوان کوردەکان و ئەم دوو تایفەیە هـەموو کـاتێ برایانـە بوە، بەڵام نەسایترەکان بوون بە هاوپەیمانی ڕووسیا و بەشداری شـەڕیان کـرد. بـەم شـێوەیە نێـوانی ژیانی دورودرێژی برایەتییان کە هەیانبوو نەما. لەگەڵ ئەوەشدا کورد و (نەساتیرەکان) هـەردووکیان یەك بۆچوونیان هەیـە دەربـارەی برایـەتیی ڕابردوویـان بـە گـوێرەی بیروڕایـان دەتـوانرێ دووبـارە بگەڕێنەوە سەر هـەمان ژیـان بـۆ کـەم و کـورتی. مەسـەلەیەك هەیـە ئەگـەر بێـت و نەسـاتیرە مەسیحیەکان لە هەکاریدا لە بنەڕەتە کورد بن یان لـە ئاوارەکـانی نـەژادی ئارامیـدا بـژمێردرێن، ئەمە تا ڕادەیەك مەسەلەیەکی کراوەیە. نەساتیرە خوێندەوارەکان بە هێنـانی بەڵگـەوە دەڵـێن کـە ئەوان لە بنەڕەتە کـوردن و چـوونەتە سـەر ئـایینی مەسـیحی پـێش هـاتنی ئـایینی ئیسـلامی. ڕاستییەکی واش هەیـە کـە ئـەوان بـە کـوردی دەدوێـن و ڕێکخسـتنی هۆزایـەتییان وەك ژیـانی هۆزەکانی کوردی دەوروپشتیان وان.

**حەمدیەتی:**

ناوبانگی چاکی کوردەکان لە ئەوروپادا خـراپ بـو و بـەهۆی پێکهێنـانی هێـزی ولاّخەبـەرزەی حەمیـدی.[١٢] لـە لایـەن سـوڵتان عەبدولحەمیـد بـە شـێوەیەکی گشـتی وا لێـك دەدرایـەوە کـە حەمیدیەتی پێکهاتوە بۆ ئازاردانی مەسیحییەکان، بەڵام لە ژێر تیشکی ئەو ڕاستییەی کـە هەیـە، پێکهێنانی ئەو هێزە حەمیدیانە ئەو سیاسەتە تایبەتییە کە حکومەت دەیویست هێـزی کوردەکـان پێ بشکێنێ و سوود لە ڕك و کینەکانیان وەرگرن. هەروەها بارودۆخێـك دروسـت بکـا بـۆ ئـەوەی یەکگرتنی هەموو هۆزەکان دژی میری کارێکی زۆر سەخت نەبێت.

**پەراوێزەکانی بەشی شەشەم:**

(١) لەو یاداشتنامەی کە شاندی ئەرمەنی لە ساڵی ١٩١٨ بەرزی کردەوە گشت مەرگە ساتەکانی ئەرمەن دەخاتە ئەستۆی سوڵتان عەبدولحەمید و بەرپرسە عوسمانیەکان.

Memorandum on the Armeian Question. By the Armenian National Delegation, Paris, june, 1918 (Waterlow Brothers, London).

(2) Documents on British Foreign plicy, 1919-1939, first Series, vol, iv, London, 1952.

ڕای جیاوازمان بینی لە لای ئارنۆلد ولسن و ئەوانی تر لە بەشەکانی پێشوتری ئەم باسە.

(٣) ناوەرۆکی مێجەر نۆئێل لە پەرتوکی حاکمی مەدەنی بەریتانی (ویلایەتی نێوان دوو ڕووبارەکە).

(٤) مێجەر نۆئێل لە ١٨/ تشرینی دووەمی ١٩١٨ گەیشتە سلێمانی لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی لەگەڵ شێخ مەحمودی نەمر و بە زمانی دەسەڵاتدارانی بەریتانیا و شێخ مەحمودی حاکمی کوردستان دانا و دواتر زۆربەی شارەکانی کوردستان تا دەگاتە دیاربەکر بەسەرکردەوە و یادەشتەکانی خۆی نووسیەوە کە ئێستا بە:

Diary of Major E.M. Noel on Special Duty in Kurdistan.

(٥) زانیاری زیاتر دەربارەی گەشتەکانی مێجەر نۆئێل لە زنجیرە باسی (کردستان فی عهد السلام) د. احمد عثمان گۆڤاری (الثقافة)، بغداد، ژمارەکانی (٨) أب، ٩ ایلولی، (١١-١٢) ١٩٧٩ ژمارە ١، ١٩٨٠.

(6) Note on the kurdish Situation By Major E.W.C. Noel political Dapartment. Government of india. On Speciel "Duty" inkurdistan. July. 1919

(٧) زینگون – سەرکردەی گریکی کە سەرکردایەتی گەڕانەوەی ١٠٠٠٠ چەکداری یۆنانی کرد دوای جەنگیان لە دژی ئێرانیەکان و ئەوانە بە ناوچەی کوردی تێپەڕ بوون لە زاخۆ تا جزیرە و گەلی کادۆك کە پێشنیاری کردن لە ساڵی ٤٠١ پ.ز لە دژیان جەنگان.

PDF 4 KURD

(٨) نۆئێل دەستی لەسەر هۆکارەکان دادەنێ و هۆکاری پێشنەکەوتنی ئەدەبی کوردی دەخاتە ڕوو.

(٩) پێیاچوونەوەی پەرتووکی (فلینگن) ماف کردووە بۆ پێیاچوونەوەی کۆیلەی لاپەڕەکانی ٢١٠-٢١٣.

(١٠) نۆئێل مەبەستی شۆڕشی شێخ عەبیدوڵایە لە کوردستانی عوسمانی ساڵی ١٨٨٠ و شۆڕشی بەدلیس بەسەرکردایەتی مەلا سەلیم کە لە ساڵی ١٩١٤ لە سێدارەدرا.

.Driver. G.R. – Kurds and Kurdistan. Mount Carmel. P. 98

(١١) ناوەرۆکی پەیوەندی کوردی – ئەرمەنی بڕوانە زنجیرەی باسی (الشعب الكردي و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی) مجلە (شمس كردستان)، ژمارەکانی ٥٣، ٥٤، ٥٥، ٥٦ ساڵی ١٩٧٩ بغداد.

(١٢) بریتیی لە تیپی هێزی هۆزە کوردیەکان لە ئەمیری سەرکردە کوردەکان کە سوڵتان عەبدولحەمید پێکی هێنا بۆ لێکجیاکردنەوەی هۆزەکان و ڕێگرتن لە یەکگرتنیان.

PDF 4 KURD

# بەشی حەوتەم

PDF 4 KURD

مەسەلەی کورد بابەتی گفتوگۆیەکی درێژی تر بوو لەنێوان دەسەڵاتدارانی بەریتانی و فەرەنسی و هەندێکی دیکەش.

کۆنگرەی لەندەن لە کانونی یەکەمی ساڵی ۱۹۱۹دا بەسترا، لە نێوان وەزارەتی دەرەوەی بەریتانی و فەرەنسادا. بۆ لێکۆڵینەوە لەو مەسەلە هەمەجۆرانەی کە خراینە ڕوو کۆبونەوەی سێیەمیان تایبەتی کرا بۆ بابەتی چارەسەرکردن لە تورکیادا. لە بەڵگەنامەی ژمارە ٦٣٣دا کە لە بەڵگەنامەکانی ڕامیاری دەرەوەی بەریتانیاییدا بڵاو کرایەوە وا هاتووە: گفتوگۆیەکانی ئەنگلۆـ فەرەنسی بەردەوام بوو لە کۆبونەوەی ڕۆژی ۲۳ی کانونی یەکەمدا، لە ژووری وەزیرانی دەرەوەی هەردوو وەفدەکەدا، هەروەها جەنەڕاڵ (غیبون) ئامادە بوو لەگەڵ وەفدی بەریتانیایی.

**کوردستان:**

لۆرد کیرزن بە دوانێك کۆبونەوەکەی دەست پێکرد. دەستنیشانی یاداشتەکەی مسیوبیرتیلوی کرد دەربارەی کوردستان ـ ئەویش ناوەڕۆکی بەڵگەنامەی ٦٣٤ پێکدەهێنێ ـ کە کیرزن پێشتر وەریگرتبوو چاوێکی بەسەردا خشاند. لە یاداشتە فەرەنسییەکەدا ئەو پێشنیارە نوسرا بوو. بە دانانی بەشێك لە کوردستان لە سنووری ئینتدابی سەر وڵاتانی نێوان دوو زێیکە، بەڵام بۆ بەشەکانی دیکەی دەتوانرێ یەکێتیەکی فیدراڵی پێك بهێنرێ بۆ هۆزە کوردەکان لە ژێر جۆرە چاوەدێرییەکی ئەنگللۆ ـ فەرەنسیدا، هەروەها لەگەڵ هەر بەناو هێشتنەوەی دەسەڵاتی تورکی.

لۆرد کیرزن دەربارەی ئەم پێشنیارانەی یاداشتەکەی فەرەنسا گوتی: ئەو گومان دەکات لە گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی سوڵتان بۆ کوردستان هەرچەندە ئەگەر تەنها بەڕواڵەتیش بێت. هەروەها بەو بیرەش ڕازی نەبوو کە کوردستان دابەش بکرێ بۆ چەند هەرێمێکی دەسەڵاتی (هەر دوو وڵات) مسیو بیرتیلۆ وەڵامی دایەوە کە دابەش بوونی هۆزایەتی یەکێکە لە هۆیەکانی یەك نەگرتن.

لۆرد کیرزن لە وەڵامدانەوەکەیدا ڕوونی کردەوە کە ڕازی نییە بە بیری دابەشکردنی هەرێمی کوردستان لە نێوان بەریتانیا و فەرەنسادا. ئەو وای لێکدایەوە کەوا کوردەکانیش ئەم بیرە ڕەت

دەکەنەوە. هەروەها کیرزن گوتی ئەوە کارێکی سەختە لێکۆڵینەوەی بابەتەکە لە ڕێگەی یاداشتەکاندا، یان دانانی سنوری کوردستان کە دووربێ لەو بڕیارەی کە دەربارەی سنوری ویلایەتی موسڵ و کوردستانی خواروە، بەڵام ئەوەی خستە سەر شانی خۆی و چەند پێشنیارێکی خستە بەردەست مسیۆبیرتیلۆ دەربارەی هێلە ڕامیارییە گشتییەکان کە بەم شێوەیە (ئەوەش لەوانەیە وەك کیرزن دەڵێ کە ڕێنماییەکە بۆ هەردو حکومەتی بەریتانی و فەڕەنسی بۆ گەیشتن بە دوابڕیار.

١. ئینتداب، نە ئینگلیزی و نە فەڕەنسی یان نە ئینتدابی ئینگلۆـ فەڕەنسی ناکرێ و جێی دڵنیابوون نییە لە هەموو کوردستاندا، لەوانەیە تەنها لەو هەرێمە ئاسوودەیە و ئاوەدانییە ببێت کە لە کوردستانی خوارودایە.

٢. نابێ دەسەڵاتی تورکیا لە کوردستاندا درێژە بکێشێ هەر چەندە ئەم دەسەڵاتەش بەڕواڵەت بێت.

٣. کوردەکان بە تەواوی دەتوانن بۆ گەیشتن بە گوێرەی ئەو دوا زانیارییانەی واتە کیرزن کە کوردەکان ئارەزوویان هەیە بۆ گەیشتن بە ڕێکەوتنێکی کاریگەر لەگەڵ ئاسوورییەکاندا لە لایەك و لەگەڵ ئەرمەنیەکانیشدا، لە لایەکی ترەوە. جا لەبەر ئەمە نابێ بڕیارێك دەربارەی مەسەلەی کوردی بدرێت کە پەیوەندی نەبێت بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئەرمەنی کە بەریتانیا و فەڕەنسا بڕیاریان لەسەر دامەزراندنی داوە.

٤. بۆچوونی تایبەتی کیرزن ئەوەیە کە پێویستە ماوە بدرێت بە کوردەکان کە خۆیان بڕیار بدەن، ئایا تەنها دەوڵەتێك پێکدەهێنین یان ژمارەیەك لە قەوارەی بچووك بچووك کە پەیوەندیان بەیەکەوە هەبێت بە چەند داوێکی باریکەوە.

٥. ئەگەر بکرێ پێویستە کوردەکان بۆ پاراستنیان لە دەست درێژیکردنی عوسمانییەکان دڵنیا بکرێن، لێرەدا ئەو پێویستە هەندێ لە ناوەڕۆکی یاداشتەکەی مسیوبیرتیلۆ بخەینە ڕوو، لە لایەنی فەڕەنساوە. ئەم یاداشتە کە بەزمانی فەڕەنسا لەوێدا ڕێکخرابوو لە بەڵگەنامەی ژمارە ٦٣٤دا. لەوێدا لە پەراوێزدا دیسان باسی ئەوە دەکرێ کە ئەم یاداشتە درایە دەست لۆرد کیرزن لە لایەن بیرتیلۆ وە لە ٢٣ی کانوونی یەکەمی ١٩١٩ دا لەم یاداشتەی بیرتیلۆ دا وا باس دەکرێ مەسەلەی ڕێکخستنی دوارۆژی کوردستان وەکو مەسەلەی ئەرمەنی بۆتە گیروگرفتێکی ئاڵۆز.



PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

لکاندنی کوردستان به ئەرمینیاوه شتێکی نەگونجاوه و ناکرێ. ئەمەش تەنها هۆی ئەوه نییه که ئەرمەنییەکان ڕێژەیەکی کەمتر پێك دەهێنن، بەڵکو لەبەر ئەوەشه که ئەمه شتێکی دادپەروەرانه نییه و هەرگیز ناشکرێ بەکردەوه کوردەکان بخەینه ژێر دەسەڵاتی ئەرمەنی دراوسێیان که هەموو کاتێ ژمارەیان لەوان کەمتره. لەوانەیه کوردەکان حەز له شارستانییەت بکەن، سلاحەدین-ی بەناوبانگ یەکێ له کوردەکان بوو. شوێنی جوغرافیای کوردستان و سرووشتی زەوییەکەی و چۆنییەتی دانیشتووانی وا دەکەن که وڵاتی بێ سەربەخۆدی خۆی بێ. بارودۆخی تایبەتی ئەو وڵاته و سامانی سروشتی بەکار نەهاتووی بەشێوەیەکی تەواو. ئەمانه وای لێدەکەن وڵاتێ بێ که گرنگیەکی تایبەتی هەبێ له لایەن بەریتانیا و فەرەنساوه. دەبێ ببێته بابەتێك بۆ ڕێك کەوتنێکی تایبەتی له نێوانیاندا و بەبێ دەستێوەردانی هیچ بێگانەیەکی تر.

پاشان یاداشتەکەی فەرەنسا ئەوەی ڕوونکردەوه چۆن پەیمانی ساڵی ١٩١٦ (یانی پەیمانی سایکس ـ بیکۆ) کوردستانی دابەش کرد بۆ هەرێمی دەسەڵاتی فەرەنسا و هەرێمی بەریتانیا. هاتن و ئامادە بوونی ئەورووپییەکان زۆر پێویسته له کوردستاندا، که دەبێ به شێوەیەکی ڕێك بخرێ له شێوەی فیدراڵییدا له ژێر دەسەڵاتی ئەورووپییەکاندا. هەروەها یاداشتەکەی فەرەنسا کاتێ دەتوانرێ بەرواڵەت دەسەڵاتی تورکی بهێنێ لەگەڵ ئەنجومەنه ناوه خۆییانەدا که له ژێر چاودێری فەرەنسا و بەریتانیادا هەڵبژێردراون.

پاشان ڕێکخستنی کوردستانی دیاریکراو جێبەجێ نابێت، تەنها پاش دیاری کردنی سنوری ئەرمینیا و ویلایەتی موسڵ نەبێت.[1] دەتوانین وای دابنێین و بڵێین پێشنیارەکانی (لۆرد کیرزن) هەروەکو له سەرەوه هاتووه چەند لێکدانەوەیەکی تاڕادەیەك ڕوون و ئاشکران، پێش پتر ڕوون بونەوەی لێکدانەوەکانی بەریتانیا و خستنەکاری ئەم لێکدانەوانه له بەندە ئاشکراکانی پەیمانی سیڤەری داهاتوودا. پێشنیارەکانی لێپرسراوی بەریتانیا بوه هۆی لێکدانەوەیەکی ڕوون و ئاشکرا بۆ دامەزراندنی قەوارەیەکی سەربەخۆ له کوردستاندا و ماوەدان به کوردەکان بۆ هەڵبژاردنی شێوه و جۆری ئەم قەواره چاوەڕوان کراوه، هەروەها توانای کوردەکان بۆ لێك نزیك بونەوه له مەسیحییه دراوسێکانیدا،[2] بەڵام یاداشتەکەی فەرەنسی هەروەکو مسیۆ بیرتیلۆ خستبوویه بەردەست له لایەکەوه دان دەنێت بەم جۆره بەمجۆره پێشنیارانەی وەك هی بەریتانیا، که پێویسته بۆ دامەزراندنی قەوارەیەکی سەربەخۆ له کوردستاندا، لەبەر ئەوەی وڵاتێکه سەر به خودی خۆیەتی، لەم بارەیەوه یاداشتەکەی فەرەنسا به شێوەیەکی ڕوونتر باسی

دەکات. لە لایەکی دیکەوە دێتە سەر باسێکی دی، ڕۆڵی فەڕەنسا لـەم چارەسـەرکردنەدا جـا بەهەر جۆرێك بێت. بە تایبەتی لە ڕێگەی سوربون لەسەر دەستخستنە ناوەوەی زۆر پێویسـتی ئەورووپا لە کوردستاندا و ڕێکخستنی کاروباری ئەم وڵاتـە بـە شـێوەیەکی فیـدراڵی لـە ژێـر چاوەدێری دەسەڵاتی ئەورووپییەکانەوە ئەم یاداشتە ماوەی ئـەوە نـادات گومانێـك هـەبێ لـە ئارەزوی فەڕەنسـادا بـۆ گێڕانـی ڕۆڵێکـی چەسـپاو لەوێـدا. لـە ژێـر (چـاوەدێری فەڕەنسـا ـ ئینگلتەرە) یاداشتەکەی فەڕەنسا مەسەلەی ئەرمەن بە شتێکی سەلمێنرا و پشتگوێ ناخـات و هەروەها پەیوەندی لەگەڵ مەسەلەی کورد و یان پێك بەسترانەوەیان لەبیر ناکات. ئـەوەش لـە بەر ئەوەی کە لایەنی فەڕەنسی دەزانێ کە ڕۆڵی بەریتانیا لە چارەسەرکردنی مەسەلەی ئەرمەن ڕۆڵێکی سادە و کەم دەبێ. ئەوەش بوارێك بۆ فەڕەنسا دەهێنێتە کایەوە بۆ ئەوەی ڕۆڵی خـۆی لەوێ ببینێت، کە باسی مەسەلەی ئەرمەنی کراوە، مێژوو ناتوانێ باسی ئەوە نەکات کە گەلی ئەرمەنی لە مەسەلەی ڕاستەقینەی خۆی جودا نابێتەوە لە نیشتمانەکەیدا لە خواروی قەفقاز و ئەو هەرێمانەی ئەنەدۆڵ لە ڕۆژهەڵاتی بـاکوردا، کـە لەوانەیـە ئەرمەنـەکان لەوێـدا زۆربـەی دانیشتوان پێك بهێنن لەو کاتە کە ڕێگا بدرێ بە ئاوارەکانیان کە بگەڕێنەوە بۆ ئەوێ. ماوەی خەبات و تێکۆشانی ئەم گەلە درێژەی کێشا هەروەها لەگەڵیانـدا ژان و ئازارەکـانی درێـژەیان کێشا، ئەوەی کە داد و مێژوو بە شێوەیەکی توندوتیژ بەرِوویان وەستان. لە بەشـی شەشـەمی ئەم باسەدا دەستنیشانی ئەوەمان کرد کە لە گۆڤاری (**الثقافة**) بڵاو کراوەتەوە. لـە ژمـارە ٥، مایسی ساڵی١٩٨٠، وەفدی نیشتمانی ئەرمەنییەکان سەرۆکایەتی (بوغوس نوبار) لە پاریسدا یاداشتێکی دا بەدەست سەرۆك و گەورە پیاوانی وڵاتە گەورەکانی هاوپەیمان لە ژێر ناونیشـانی :

### یاداشتێ دەربارەی مەسەلەی ئەرمەنی:

لە حوزەیرانی ١٩١٨،[٣] واتە پێش کۆتایی هـاتنی جـەنگ. وەفدەکـە لـە یاداشـتەکەیدا مەسەلەی گەلەکەیانی بە شێوەیەکی ڕاستگۆیانە و کورت و بەهێز خستبووە ڕوو ئەو هـەموو ناخۆشی و دەردەسەریانەی کە ئەرمەن بەسەریا هاتوە هەموویان خسـتە ئەسـتۆی حکومـەتی عوسمانی. بە شێوەیەکی تایبەت (سوڵتان عەبدولحەمیـد) ی دووەم، هـەروەها لـە هەڵوێسـتی (ئەنوەر) و (تەلعـەت) لـە سـەرکردەکانی (یـەکێتی و پێشـکەوتن)ی عوسـمانی) کـە ئـەوان دەیانویست (مەسەلەی ئەرمەنی لەناو بەرن بە کووشتنی گـەلی ئەرمـەن خـۆی). ئـەم گەلـە زیندوە، ئـەم گەلـە خـاوەن شـەهیدە کـە بـەم شـێوەیە باسـیانی کردبـوو سـەرۆك وەزیرانـی

بەریتانیا(لوید جورج)[٤] یەك لە ڕووە دیارەكانی یاداشتی وەفـدی ئەرمــەنی، دانــی پیانــانیّ، ئاشكرایانە لە بچووكترین داواكاریان، ئەویش ئەوەیە كە ئەرمــەن كەمایەتییــەكی ڕوون پێـك دەهێنن لە هەر ویلایەتێكی توركیای ڕۆژهەڵات كە كوردەكان لەوێدا زۆربەی زۆری دانیشتووان پێك دەهێنن. بە هۆی ئەم بێ هێزییەوە، یان كەم و كورتییەوە، وەفـدی ئەرمــەنی دان بــەوەدا دەنێت كــە شــتێكی نــەگونجاوە و نــاكرێ ئەرمینیایــەكی خــاوەن ئۆتۆنــۆمی دابمــەزرێت لــەم ویلایەتانەدا، هەرچەندی كۆنگرەی ئاشتی حەز لەمەش بكات بۆیان لــەدوای كۆتــایی هــاتنی جەنگ. لەبەر ئەوە وەفدەكە وای بەباش زانی كـه تاكـه ڕێگـەی كاریگـەر بـۆ گەیشـتن بـەم ئامانجە، ئەوەیە دانانی ئەم هەرێمانە لەژێر چاودێری وڵاتە ئەورووپییە گەورەكاندا و یەكێ لەم وڵاتانەش بیخاتە ژێر ئینتدابی خۆیەوە. ئەم بیروڕا و ڕوونكردنەوانــەی كــە بــەم شــێوەیە لــە یاداشتەكەی وەفدی ئەرمەنییەوە پیشان دەدرێ. دەبێ سنورێكی دیاریكراو دابنێ بۆ ئەو بیروڕا هەڵانەی كە دەربــارەی ڕۆڵــی كوردەكانــەوە ئەخرێتــە ڕوو هــەروەها دەربــارەی ئــەو مەســەلە مرۆڤایەتیانە كە پەیوەندی هەیە بە مەسەلەی ئەرمەنی. ئــەو شــتەی كــە مانایــەكی ڕوون و ئاشكرای هەیە لەو ڕوداوە ئاڵۆزانەی مێژووی هەرێمەكەدا لە سەردەمی ئاشتیدا پاش جـەنگی گەورەی یەكەم ســەرهەڵدانی مەســەلەیەكی تــرە لــەنێوان مەســەلەكانی گــەلانی ڕۆژهــەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەویش مەسەلەی ئاشوری و كلدانەكانە. لە بەشەكانی ڕابردودا بە كـورتی باسـی مەسەلەی ئاشورـ كلدانمان كرد، بە تایبەتی لــە بەشــی دووهــەمی ئــەم باســەدا لــە گۆڤــاری **(الثقافة)** ژمارە ٩ ئەیلول ١٩٧٩. دەستنیشانی ئەوەمان كرد كە بەشێوەی تایبەتی لە لایــەن لێپرسراوانی فەڕەنساییەكانەوە جێی هاندان و گرنگی بوو، ئەم وەفدەی كە بەناوی ئەم گەلــەی (نەسرانیەوە) قسەی دەكرد یان بە شێوەیەكی ڕاستی ئەوانەی كە لێپرسراویەتی مەســەلەكەیان گرتبوە ئەستۆ لەو كاتە پاش جەنگدا، یاداشتێكیان پێشكەش بە كـۆنگرەی ئاشــتی كــرد لــە پاریسدا لە تەموزی ١٩١٩دا، لەژێر ناونیشانی (مەسەلەی ئاشوری ـ كلدانی لەپێش كۆنگرەی ئاشتیدا).[٥] ئەم یاداشتە مۆركرابــو لــە لایــەن ســەعید. أ. ســادق و ڕۆســتەم نــەجیب، لــە پێشەكیدا وەفدەكە ناوی لە خۆی نابوو (نێردراوی ئاسوری ـ كلدانی) ئەم یاداشتەی كە بەناوی ئاسورییەكان داوای چەند ویلایەتێكی توركی دەكات لە ڕۆژهەڵات و باشوردا كە دانیشتوانیان كورد و تورك و عـەرەبن، هەروەها داوای ویلاتەكانی حەلەب و دێــرزور و موســڵیش دەكـات. هەروەها چەند شوێنێكی دەریای سپی ناوەڕاست و كەنداو جگە لە چەندان داواكــاری نابــەجێ تر كە مایەی سەرسوڕمانە. یاداشتەكە وای بڵاو كردۆتەوە كە ژمارەی ئاســوری و كلدانــەكان

خۆی لە ١,٥٢٠,٠٠٠ کەس دەدات، جگە لەو کورد و عەرەبانەی کە لە بنەڕەتەوە ئاسوورین، ئەرمەنەکان ژمارەیان لە ئاسوورییەکان کەمترە، یاداشتەکە شانازی بەوە دەکات کە شەڕکەرە ئاسوورییەکان شانبەشانی هێزەکانی وڵاتە هاوپەیمانەکان جەنگاوە. یاداشتەکە داوای بەڵێنی ئینتداب دەکات لە وڵاتە گەورە هاوپەیمانەکان. بۆ دابین کردن لە لایەن یەکێ لەم وڵاتانەوە، یاداشتەکەی ژمارەی دانیشتوانی کوردەکان لەوێدا دەوروبەری ٢٥٨,٠٠٠ کەس دادەنێ، ئاسوری و کلدانیش ٥٦٣,٠٠٠ کەس و ئەرمەنییەکانیش ١٣٨,٠٠٠ کەس. یاداشتەکە نەخشەیەکیشی لەگەڵ بوو.(٦)

هەر کەسەی ئەم یاداشتە بخوێنێتەوە، گومان لەوە ناکات کە فەرەنسا حەزی دەکرد پێشکەشی بکات، هەروەکو وای کرد لەگەڵ نووسراوی بەڵگەنامەی پەیوەندیدار بەهەمان مەسەلەی ئاسوری کە خرابوە پێش دەستی حکومەتی فەرەنسا لە ساڵی ١٩٢١ دا. هەروەکو لە بەشی دووهەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە باسمان کرد. لێرەدا پێویستە خۆمان ببەینە لایەکی سەیری تر لە مەسەلەی کورددا، کە ئەویش دەربڕینێکی نابەجێی ترە دەربارەی ئەو دۆخەی کە لە هەرێمەکەدا ، بەهۆی شەڕ و دۆڕاندنی تورکیا و سەرکەوتنی هاوپەیمانەکان دروست بوو.

PDF 4 KURD

**پەراوێزەکانی بەشی حەوتەم:**

(1) Documents on British Foreign policy, 1919-1939 first series, vol. iv, London, 1952, No. (633)

(٢) سەرچاوی پێشوو Ibid

(3) Memorandum on the Armenian Questin by the Armenian National Delegation. Paris, june, 1918, waterlow Brothers, London.

(٤) سەرچاوی پێشوو Ibid

وەڵام نامەی (لوید جۆرج)ی سەرەك وەزیرانی بەریتانیا کە لە ساڵی ١٩١٨ نووسراوە و لە یاداشتامەی ئەرمەنی بڵاوکراوەتەوە و دوای ئەم بەروارە یەکسەر لە ئینگلترا چاپ کراوە.

(٥) question Assyro- chaldeenne Devant La Conference De La paix, paris, Le 16 juillet, 1919, Le premiers assyro-chadeens A, La conference De la paix, said A. Namik Rustum Nadjib.

(٦) هەمان سەرچاوەی پێشوو. لەوانەیە ناوی دوو کەسەکە خواستراو بێت.

# بەشی هەشتەم

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

لە گەرمەی ئەو ڕووداوانە و ئەو بارودۆخانەی کە تێدا سەری هەڵدا و ڕەنگدانەوەیەکی ئەو بوو، حکومەتە بێ هێزەکەی ئێرانیش ئەویش هەروەکو ئەوی تر چەند داواکارییەکی نابەجێ دەخاتە بەرچاو و بەتەمای ئەوەی چەند بەشێکی دەست بکەوێت، هەر چەندە بەشداری ئەو شەڕە جیهانییە ئیمپریالیزمییەی نەکردبوو. پێش ئەوەی بچینە نێو قولایی ئەم بابەتەوە، پێویستە بە شێوەیەکی سەرپێی ئەوە بە خوێنەر ڕابگەینین کە گەلی کورد لە بنەڕەتەوە لە تورکیا و ئێران و ولاتانی نێوان دوو زێ کە ژیانی دەبردە سەر. هەروەها سنوری نێوان ئەم دەوڵەتانە بە ناو هەرێمی کوردەکانەوە تێدەپەڕێ. لە کاتی دوای جەنگدا ئێران و بەریتانیا بوونە دوو هاوڕێی خۆشەویستی یەکتر، هەتا گەیشتە ڕادەی بەستنی پەیمانێکی بەناوبانگ بۆ هاوکاریکردن و دۆستایەتی لە نێوانیاندا لە ساڵی١٩١٩. بەستنی پەیمانەکە جێبەجێ کرا لە لایەن وەزارەتی کە بەناوبانگ بوو لە دۆستایەتیکردن لەگەڵ بەریتانیادا. ئەو لە گەرمەی شەڕی جیهانیدا وەزارەتەکەی پێکهێنا. باسی ئەو پەیوەندییە بەهێزەی نێوان بەریتانیا و ئێران لە یاداشتی وەزارەتی هیندیدا کرابوو، کە شکبورغ نوسیبوی بۆ جێگری پاشا لە هیندستان دا. لۆرد هاردینغ (ئەمەش ڕوونکراوەتەوە لە بەشی پێنجەمی ئەم باسە لە گۆڤاری ـ **الثقافة**، ژمارەی ئادار، ١٩٨٠). پێشتریش دەستنیشانی هەمان داواکارییە نابەجێ و ناپەسەندمان کردبوو بۆ دابڕینی چەند بەشێك لە کوردستانی عوسمانی دا. (هەروەکو لە بەشی دووهەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا باس کراوە لە گۆڤاری ـ **الثقافة**، ژمارە ٩ی ئەیلول، ١٩٧٩). ئەو داواکارییانەی کە وەفدی ئێرانی خستبوویە بەردەم کۆنگرەی ئاشتی لە پاریسدا، لێرەدا پێویستە چاو بدەینە هەنگاوەکانی پێشکەشکردنی داواکارییەکانی ئێرانی بۆ گۆڕینی سنوور لە کوردستاندا کە لە بەرژەوەندی ئەودا بێ.

ئەویش بە گوێرەی بەڵگەنامەکانی بەریتانیا. وا دەردەکەوێ بۆ یەکەمین جار باسی داواکارییەکانی ئێرانی کراوە لە بەڵگەنامەی ژمارە ٨٢٥ دا. ئەم بەڵگەنامەیە نامەیەکی تێدایە کە لە لایەن وەزیری دەرەوە ـ ئیرل کیرزن ـ لە لەندەنەوە نێردراوە بۆ ـ ئیرل دربی ـ لە پاریسدا، لە ڕۆژی ٢٥ تشرینی یەکەمی ١٩١٩. تێدا وەزیری بەریتانی باسی ئەم سەردانە دەکات کە وەزیری دەرەوەی ئێرانی پێی هەڵساوە، لە وەزارەتی ـ وثوق **الدولة** ـ بۆ وەزارەتی بەریتانی لە ١٦ی هەمان مانگدا. نامەکەی ـ لۆرد کیرزن ـ درێژەی پێدەدا و دەڵێ: وەزیری

دەرەوەی ئێران گوتویەتی کاتێ کە ئەو لەگەڵ ـ پاشاـ دا گەڕاوەتەوە بۆ لەندەن (ئەحمەد پاشای قاجار بوو کە وازی لە پاشایەتی هێنا و دای بە ڕەزا پەهلەوی لە ساڵی ١٩٢٥). بۆ ئەوەی گفتوگۆ بکات، واتە (نصرت **دولة**)ی لەگەڵدایە یانی (لۆرد کیرزن)، دەربارەی بابەتی سنوور گۆڕینی ئێران. بە تکاوە وەزیری پایەداری ئێرانی داوای ئەوەی کرد کە بیروڕا و بۆچوونی حکومەتی خاوەن شکۆی بەریتانی بۆی ڕوون بکاتەوە دەربارەی دوو مەسەلەی گرنگ و جیاواز: ـ أ. مەسەلەی تورکمانستان . ب. مەسەلەی کوردستان.

دەربارەی مەسەلەی کوردستان نامەکەی کیرزن بابەتەکە بەم شێوەی خوارەوە باس دەکات:

دەربارەی کوردستان وەزیری ئێرانی (نصرت الدوله) بە گوێرەی بۆچوون و بیروڕای خۆی گوتی: ئەمە شتێکی هەڵەیە باسی کوردستانی تورکیا و کوردستانی ئێران بکەین. چونکە لە ڕاستیدا هەمووی یەك کوردستان پێك دەهێنین. ئەو شتەی کە پێ دەڵێن سنوور لە نێوان هەر دوو بەشەکەدا لە سنوورێکی خەیاڵی بەملاوە شتێکی دیکە نییە.

نصرت الدوله درێژەی بە قسەدا، ئەگەر حکومەتی بەریتانیی شتێکیتری بۆ یەك کوردستان دانەناوە ئەوا ئەو لە لایەن خۆیەوە بە گوێرەی بۆچوونی بەریتانیا کار دەکات، بە مەرجێ ئێران دەنگێ یان دەسەڵاتێکی هەبێ لە هەرێمەکەدا.(١)

بە واتایەکی تر وەزیری ئێرانی داوای دەسەڵات داریەتی کرد لە کوردستانی عوسمانیشدا بە هاوکاری کردنی بەریتانیا و پشت بەستن بە هاوڕێیەتی نێوانیاندا.

بەڵگەنامەی ژمارە ٨٤٥ ئەو تەلەگرافەی تێدا بوو کە نێردراو بوو لە لایەن لۆرد کیرزنەوە لە لەندەن درا بۆ باڵوێزی بەریتانی لە تاراندا بەڕێز بیرسی کۆکس لە تشرینی دووەمی ١٩١٩. کیرزن لە نامەکەدا دەڵێ وەزیری دەرەوەی ئێرانی سەردانێکی کردەوە. کیرزن دەڵێ:ـ وەزیری دەرەوەی ئێرانی پایەدار کەمێ سەری سوڕما کاتێ ئەو نەخشەیەی خستە بەردەستی کە ئەو سنورە تایبەتییەی تێدا ڕوون کرابۆوە کە حکومەتی ئێرانی حەز دەکات دەستکاری بکرێت بۆ ئەوەی کۆنگرەی ئاشتی بە ناچارییەوە دانی پێدابنێ. ئەویش نەیدەویست یارمەتی دان و پشتگرتنی بەریتانیا بە دەست بهێنێ. کیرزن دەڵێ ئەو لە لایەن خۆیەوە ئەوەی بۆ دەرکەوت کە بەلای کەمەوە دوو جۆرە بارودۆخی وا پێش دێت سەبارەت بە سنوور گۆڕینانەدا کە بریتی دەبێت لە فراوان کردنێکی گەورە و دواجاریش دەبێتە چەند داواکاریەکی نابەجێ بۆ فراوان کردنی خاکی ئێران لەسەر حیسابی دراوسێکانیدا. لە پێشنیاری یەکەمدا هاتوە کە هەرێمێکی فراوان بپچڕێندرێت لە ناوچەی کوردنشین کە درێژ دەبێتەوە لەگەڵ سنووری تورکیا

و ئێراندا بەرەو ڕۆژئاواش لە گۆمی ورمێوە بە شێوەیەکی ڕاستەخۆ تـا نـاو جەرگـەی وڵاتـی کوردان ئەمەش تەواوی پەرەگرافەکەیە:

The cirst prcposat was for Theannexation of a concireble tract of kurdish terriory  ly imgac ross tarco – persiamfron jero the west of lake armie and eatin2 rignt into inohe art of the kurdish cuntry[2]

کیرزن دەڵێ ئەو بۆ وەزیری ئێرانـی ڕونکردۆتـەوە کـە ئـەو ناوچـەیە کـاتی خـۆی لـەژێر دەسەڵاتی تورکیا بووە. تەنها ئەوە نەبێ وەزیری ئێرانـی ئـەم بیـانووەی گرتبـوو دەسـت کـە هەرێمی ناوبراو و هەمووی کوردنشینن.

وەزیر وای لێك دەدایـەوە کـە ئـەم ڕاسـتییە مـافێکی تایبـەتی لـەوێ پێـدەدات.[٣] بـە شێوەیەکی تر وەزیری ئێرانی داواکارییەکانی خۆی دەربارەی هەرێمی کوردنشینی عوسمـانی وا پیشان دەدات، وەکو ئەوە وا بێ کە مافێکی سروشتی خۆیەتی. هەرچەندە ئێران وەکو باسمـان کرد لەو شەڕەدا هاوبەشی نەکرد، بەرامبـەر ئەمـە مـافی ئـەوەی نـەبوو داوای هەرێمـەکانی دەرەوەی سنوری خۆی بکات، بەڵام وەکو دەردەکەوێ ئەو پشتی بە بناغەیەك دەبەست، ئەویش هاوڕێیەتی درێژەخایەنی لەگەڵ بەریتانیا بوو بە پەیمانی ١٩١٩ی نارێکوپێك کـە لـە دواجـار هەڵوەشایەوە. بەڵگەنامەی ژمارە ٨٤٦ ئەو یاداشتە ئێرانییـەی تێـدا هـاتبوو، کـە وەزیـری دەرەوەی ئێران پێشکەشی کرد. لە پەراوێزدا ئەمە باسی لێوە کرا کە ئـەم یاداشـتە مێـژووی لەسەر نییە، وەزیری دەرەوەی ئێرانی دابوی بە لۆرد کیرزن لە ڕێکەوتی ١٣ی تشرینی دووەمی ١٩١٩ . یاداشـتەکەش بـە زمـانی فەڕەنسـاوی نوسـرا بـوو. یاداشـتەکە دەسـت دەکـات بـە ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی سنووردانان بەو شێوەیەی کە ئێـران حـەز دەکـات گـۆڕانی بەسـەردا بکرێت، بە گوێرەی بۆچـوونی وەزارەتـی دەرەوەیـدا لـە هـەرێمی کوردنشـینی عوسمانیـدا وا دەردەکـەوێ سـەرەڕای نـەبوونی مـافی ئـەم حکومەتـە بـۆ داوا کردنـی گـۆڕینی سـنوور. داواکارییەکان لە خۆیاندا لەڕاستی دوور بوون. هەروەها ڕوون و ئاشکراش نەبوون.[٤] هەروەها بەڵگەنامەی ژمارە ٨٤٩ ئەو نامەیەی تێدا هاتبوو کە وەزیری دەرەوەی ئێرانی ناردویەتی بـۆ ئێرل کیرزن کە لە ١٨ی تشرینی دووەمدا گەیشت لەژێر ڕۆژی ١٧ی تشرینی دووەمدا نێردرا بوو، ئەویش هەر بە زمانی فەڕەنساوی نوسرا بوو. ئـەم نامەیـەش دەدوێ دەربـارەی (بابـەتی گۆڕینی سنور کە حکومەتەکەم داوای جێبەجێ کردنی دەکات...) ئەم یاداشـتەش بـارودۆخی هەرێمی کوردنشینی بەم شێوەی خوارەوە ڕوون دەکاتەوە:ـ

أـ دەربارەی کوردەکان، ئەوان بوونەتە ژمارەیەکی گەورە لە تیرە و هۆز. پەیوەندی نێوانیان نادۆستانەیە، ئەم تیرە و هۆزانەش گەلێکی یەکگرتوو پێك ناهێنن هەروەها لە توانای هۆزەکانیشدا نییە یەکێتیەکی ڕامیاری پێك بهێنن وەکو وەزیر دەڵێ، ئا بەمجۆرە خستنەسەری ئەم کوردانە بە ئێرانەوە چارەسەرییەکە بۆ ئەم مەسەلە سەختە، چونکە ئێران کاری کردۆتە سەر بەشێکی گرنگ لە کوردەکانی موکری و گاروسی، وایان لێهات کە نیشتەجێ بن و جۆری ژیانی خۆیان بگۆڕن. وەزیری ئێرانی لە یاداشتەکەیدا دەڵێ: کوردەکان هیچ کاتێ مل کەچ نەبووینە بە دەسەڵاتداریەتی ئەرمەنیدا، بەڵکو کۆمەڵگەی نەتەوایەتییان و زمان و ئایینیان ئەمانە هەمووی وایان لێدەکات کە بە شێوەیەکی ئاسایی زیاتر بگونجێن لەگەڵ ئێراندا.(٥) بێگومان دژیایەتی و ناڕێکی لە بۆچووندا ناتوانێ لە خوێنەر بشاردرێتەوە. وەزیری ئێرانی بۆ بەرژەوەندی تایبەتی ئەوە پیشان دەدات کە کوردەکان توانای ئەوەیان نییە کە یەك بگرن و گەلێك پێك بهێنن، بەڵام لە هەمان شوێندا دان بەوەدا دەنێ کەوا خاوەن کۆمەڵگەیەکی نەتەوەیی و زمان و ئایینی خۆیانن. ئایا ئەمە بە زۆری ئەو توخمانە نین کە دەبنە هۆی پێکهێنانی نەتەوە، واتە کۆمەڵگەی نەتەوەیی و زمان و ئایین وا لە کوردەکان دەکات لەگەڵ یەکتری گونجاو بن پێش هەموو شتێکی تر؟

یان پێش ئەو هەموو بیروڕایە نامۆیانەی وەزیری ئێران و هەروەها پێمان ناخۆشە دەربارەی ئەم کوردانە. بەڵگەنامەی ژمارە ٨٥٢ ئەم نامەیەی تێدا بوو کە باڵوێزی بەریتانیا لە تارانەوە (بیری کوکس) ناردویەتی بۆ وەزیری دەرەوەی بەریتانی ئیرل کیرزن لە ٢٣ی تشرینی دووهەم گەیشت. کە تەلەگرافێکە لە ڕۆژی ٢١ی تشرینی دووهەمی ساڵی ١٩١٩. کوکس لە نامەکەیدا دەڵێ:ـ تکا دەکەم ئەم تێبینیانەی خوارەوە پەسەند بکەن دەربارەی بارودۆخی باکوری ئێران:

لە ئازەربێجانی ڕۆژئاوادا، سمکۆی کورد ئەو هەرێمەی کە درێژ بۆتەوە لە ورمێوە هێناویەتە ژێر دەسەڵاتی خۆیدا، تورکەکانیش یارمەتی دەدەن بەماڵ و سامان و چەکدار. بەڕێز کوکس لە درێژەی قسەکەیدا دەگاتە ئەمە:ـ لەم دوابەدواییەدا پێویست بەوە دەکات کە جێگری کونسلی ئینگلیزی لە ورمێ نەمێنێت و بگەڕێتەوە چونکە لە بارێکی نالەباردایە. بارودۆخی ئازەربێجان هەموی تێك چووە.(٦) لێرەوە باسی دەربارەی شۆڕشی کوردەکانی ئێرانە بە سەرۆکایەتی ئیسماعیل خانی شکاك ناسراو بە سمکۆ). دژی ڕژێمی ئێرانی ڕاستەوخۆ لەدوای کۆتایی هاتنی جەنگ، شۆڕشەکە دوای ساڵی ١٩١٩ بەهێزتر بوو و هەروەها چەندان

سالّی خایاند. بەڵگەنامەی ژمارە ٨٥٤ تەلەگرافێ لە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانی تۆمار دەکات. یانی لە لایەن (ئیرل کیرزن)ەوە لە ٢٨ی تشرینی دووەمی ١٩١٩. ئیرل کیرزن دەڵێ: وەزیری دەرەوەی ئێران سەردانێکی ئەوی کرد بۆ گفتوگۆ کردن لە چەند خاڵێکی هەمەجۆرە کە پەیوەندی بە نیشتمانەکەیەوە هەیە. کیرزن زیاتر دەڵێ: هەروەها چوینە سەر باسی درێژ کردنەوەی سنوور بەو شێوەیەی کە میر پێشنیاری کردوە، یانی وەزیری دەرەوەی ئێرانی، بەرەو ڕۆژئاوا، واتە بەرەو هەرێمە کوردنشینەکانی عوسمانی. من هیچ جۆرە بیروڕایەك و بۆچوونێکم پێشکەشی نەکرد دەربارەی ئەم هێڵەی کە نیگار کراوە لەسەر ئەو نەخشەیەی کە پایە بەرز خۆی پێشکەشی کردوە.

من پێم گوت ئەوە مانای ئەوە دەدات پێشنیارکردن یانی خستنە سەر هەرێمێکی فراوان بۆ خاکی ئێران. هەروەها پێم گوت ئەو چیایانەی تەنیشت ئەم هێڵە وادیار دەکەوێ دەکەوێتە ژێر دەسەلاتی یاخیبووی کورد ناسراو بە سمکۆ کە واز ناهێنێ لە هێرش و هەڵمەتەکانی خۆی بۆ سەر هەموو شوێنێکی ئەوێی ئێران، چۆنیشی بوێت وا دەکات.(٨)

ئەم بارودۆخە ڕاستییە، هەروەکو کیرزن لە تەلەگرافەکەیدا دەڵێت، لە بەرژەوەندی درێژکردنەوەی دەسەلاتی ئێراندا نییە بە شێوەیەکی فراوان. هەروەها لەو باوەڕەدا نین بەڵێنە چەورەکانی ئەو یەکگرتنەی نێوان هۆزەکان ببێتە هۆی ئەوەی کوردەکانی تورکیا ببنەوە یەك لەگەڵ برا کوردەکانی ئێرانیان بۆ بەدی هێنانی کۆمەڵگەیەکی یەکگرتوو لە ناو سنوری ئێراندا و لەژێر فەرمانڕەوایی ئەویشدا، بەلام کیرزن دەگاتە ئەو قسەیە و دەڵێ: من بەردەوام لەسەر ئەو باوەڕە بووم کە دەتوانرێ دەسکاری سنور بکرێ ڕووەو ئەم هەرێمانە بۆ بەرژەوەندی ئێران، ئەویش بە هۆی بەکارهێنانی توانای ئێمە، بەلام بە وەزیری ئێرانیم گوت: من ناتوانم بە وردی ئەم خالانە دیاری بکەم، بەلام پاش لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی جوغرافیایی و مرۆڤی ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە دەتوانرێ پاڵپشتی حکومەتەکەی بکەین. ئێمەش زۆر دڵخۆش دەبین بە پێشکەش کردنی ئەم یارمەتییانەدا.(٩) بەم شێوەیە حکومەتی بەریتانی بەڵێنی دا کە پاڵپشتی حکومەتی ئێران بکات، کە پێی بەسراوەتە پەیمانێکی هاوکاری کردن لە پێناوی دەسکاری کردنی سنوریدا لەبەری عوسمانییەکانەوە لە بەڵگەنامەی ژمارە ٨٧٨ دا نامەیەکی تێدایە لە وەزیری دەرەوەی بەریتانیا ئیرل کیرزن بۆ وەزیری دەرەوەی ئێران لە ڕۆژی ٥ی کانونی دووەمی ١٩٢٠، ئەمەی تێدا هاتوە: لە وەلامی یاداشتەکەتدا بە ڕۆژی ٥ی کانونی یەکەمی ١٩١٩دا. ئەم یاداشتە پەیوەندیدارە بە داواکانی حکومەتی ئێرانی بۆ گۆڕینی سنور... کیرزن لە

PDF 4 KURD

نامەیەکدا لەسەری ئەڕوا و دەڵێ: ( هەر چۆنێکی بێ، من ئامادەم، هەروەکو وام گوتوە،... چەندی بتوانرێ کار بکەم بۆ پشتگیری کردنی بەرژەوەندییەکانی حکومەتەکەتان لە لای سنورەکانی ڕۆژئاوای ئێراندا،[10] ئەم پەیمانامەی بەریتانیا دەتوانرێ تا ڕادەیەك بەشێکی ئاسایی دابنرێ، چونکە پەیمانی ئاشتبوونەوە لەگەڵ تورکیادا هێشتا مۆرنەکراوە، کە ئەویش پەیمانی سیڤەرە کە لە پاشاندا مۆرکرا لە ئابی ١٩٢٠، بەڵام سەرەڕای ئەو پەیمان دانانەش داواکاریەکەی ئێران تا هەتایە هەر بەدی نایەت.

## کۆنگرەی لەندەن و مەسەلەی کورد:

لە نێوان وڵاتە گەورە هاوپەیمانەکان کۆنگرەیەکی گرنگ لە لەندەن بەسترا. بەریتانیا و فەڕەنسا و ئیتاڵیا و یابان تێدا ئامادە بوون. لە پێناو گفتوگۆ کردن لە بارودۆخی نێودەوڵەتی کە دراوەتە کۆنگرەی ئاشتی، هەروەها چەند مەسەلەیەکی دیکەش. کۆنگرەکە لە لەندەن لە شوباتی ساڵی ١٩٢٠دا بەسترا. ڕووداوەکانی دانیشتنەکانی کۆنگرەکەی بڵاو کردەوە کە لە هەندێ لایەنی وا دادەنرێ چەند هەنگاوێکی پێشەکییە بۆ بەستنی پەیمانی ئاشت بونەوەی داهاتوو لەگەڵ تورکیادا. لە بەڵگەنامەکانی ڕامیاری دەرەوەی بەریتانیاندا بڵاوکرایەوە. لە بەڵگەنامەی ژمارە ١٢دا هاتوە: یەکێ لە دانیشتنەکان لە بارەگای سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا بەسترا لە داوینخ ستریت، لە ١٧ی شوباتدا. لە لایەنی بەریتانیادا سەرۆك وەزیران لۆرد جۆرج و وەزیری دەرەوە لۆرد کیرزن و هی تر ئامادە بوون. لە لایەنی فەڕەنساوە بەڕێز کامبو و بیرتیلو و هی تر ئامادە بون. هەروەها نوێنەرانی ئیتاڵیا و یابانیش بەشداریان تێدا کرد. گفتوگۆ هاتە سەر مەسەلەی موسل، ئەویش کێشەیەکی ورد و سەخت بوو، بەڵگەنامەکە دەڵێ، لەبەر ئەوەی موسل لەژێر دەسەڵاتی بەریتانیا یان فەڕەنسادا نەبوو. هەروەها بابەتی وڵاتانی نێوان دوو ڕووبارەکە پشتی بەستبوو بە دیاریکردنی ئەو سنورانەی کە دەکەونە باکورەوە، بەڵام دەربارەی بابەتی کوردستان، ئەویش دوان لە بارەیەوە ئایا هەر بە هەرێمێکی عوسمانی ئەمێنێتەوە، بەڕێز بیر تیلو کە لەوەفدی فەڕەنسادا بوو نارەزایەتی خۆی دەربڕی بۆ دابەش کردنی هەر جۆرە دەسەڵاتداریەك لەوێدا،[11] ئەم بیرورایە دواییەی بیرتیلۆ هەروەکو لە بەڵگەنامەدا هاتوە لەبارەی کوردستانەوە بە شێوەیەکی تەواو ناگونجێ لەگەڵ بیروڕاکەی پێشووی لە یاداشتەکەیدا (لە بەشی حەوتەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا) چونکە بیرتیلۆ لە یاداشتە باسکراوەکەیدا داوای کرد بۆ چاوەدێریکردنی کوردستان لە لایەن فەڕەنسا و بەریتانیاوە.

هەروەکو لۆردکێرزن خۆی ئەم ڕاستیە ڕوون دەکاتەوە. لە هەمان بەڵگەنامەدا واتە ژمارە١٢ بەم شێوەیە هاتووە: لە دواجار دەربارەی چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردستان، مەسەلەیەکی سەخت سەری هەڵدا و هاتە کایەوە، لۆرد کیرزن لەو باوەڕەدا بو کە فەڕانسا لە دوا ڕۆژدا ئینتداب لەسەر هەرێمی کلیکیا قبوڵ دەکات (هەرێمێکە دەکەوێتە خواروی تورکیا کە هاوشوێنە لەگەڵ سنورەکانی باکوری سوریا و دەریای ناوەڕاست)، بەڵام فەرەنسا بە شێوەیەکی زانایانە ئەمەی ڕەت کردەوە. ئەمەش بە گوێرەی بیروڕای کیرزن لە قبوڵ کردنی ئینتداب لەم هەرێمەدا، بەڵام ئەنجامی ئەمەش ئەوەیە، کە سنورەکانی تورکیا بوە هاوشوێنی سنورەکانی کوردستان (واتە لەو کاتەی کە دەوڵەتێکی کوردی لە تورکیەدا دادەمەزرێ هیچ هەرێمێك نییە کە لە تورکیای جیا بکاتەوە). پرسیاری سەرنج ڕاکێش ئەوە بوو و کوردستان هەر بە بەشێك لە ئیمپراتۆریەتی تورکی دەمێنێتەوە یان سەربەخۆ دەبێ وەکو ئازەبێجان.[١٢] لێرەدا پێویستە لەسەرمان تێبینی ئەوە بکەین کە ئەم بەڵگەنامانەی پەیوەندیدارن بە کۆنگرەی لەندەنەوە پشتی بەستوە بەو تێبینیانەی کە سکرتێری وەفدی ئینگلیزی نووسیویەتی لە کاتی درێژە پێدانی باسەکانی لە کۆنگرەکەدا. جا جێی سەرسوڕمان نییە کە هەندێ لەم تێبینیانە و واتایەنە ورد و ڕوون نەبن یان ئاشکرا نەبن. بۆ نمونە لەوانەیە مەبەست لە گوتنی (وەکو ئازەربێجان) دامەزراندنی کۆماری ئازەربێجانی بێ لەو کاتەدا. واتە پێش دامەزراندنی کۆمارەکانی شورەوی کە دەکەونە ئەو دیوی قەفقاسەوە پاش ئەو بە ماوەیەك لە کۆتایی هاتندا بیرتیلو (لە لایەنی فەرەنساوە) ئەوەی دەربڕی کە لەسەر ئەوڕایەیە چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردستانی بە بابەتێکی کراوە ئەمێنێتەوە، هەروەها گوتی ئەو لەو باوەڕەدایە کە لۆرد کیرزن ئەویش شتێ پیشان دەدات دەربارەی ئەم بابەتە.[١٣] لە لایەکی دیکەوە ئەم زنجیرە بەڵگەنامەی بەریتانیا و ئەم ناو و نیشانەی خوارەوە دەبینن: پوختەکردنی گفتوگۆکانی دەربارەی پەیمانی ئاشتی لەگەڵ تورکیادا. لێرەدا ئیشارەت دانێك هەیە بۆ کۆتایی هاتنی دانیشتنی ڕابردوو هەروەها قسە کردنێکی چاوەڕوان کراو لە لایەن وەزیری دەرەوەی بەریتانیا لۆرد کیرزن کە ئیشارەتی بۆ کردبو ئەندامی وەفدی فەرەنساوی بیرتیلو دەربارەی دوارۆژی کوردستان. لەمەش زیاتر بەڕێز بیرتیلو ئەوڕایەی ڕوونکردەوە کە ئەو ئەنجومەنەی هاوپەیمانەکان لە لەندەندا بەستراوە بە شێوەیەکی کاتی بڕیاری دا بە دانانی کوردستان لەژێر دەسەڵاتی تورکیادا. ئەو لەو باوەڕەدا بوو ئەمە هەمان بیروڕای بەریتانیای گەورەشە، بەڵام بەرپەرچ دانەوەی بەریتانیا بۆ بیرتیلۆ لە بەڵگەنامەی ژمارە ١٨ی دا دیار دەکەوێ لێرەدا قسە وا دێت کە لۆرد کیرزن قسەکەی نێردراوی فەرەنساییەکانی ڕاست کردەوە و

پێشانیدا کە بەڕێز بیر تیلۆ پێشنیاری کرد لەسەر حکومەتی بەریتانی بە شـێوەیەکی نارەسمیانـە کە دەبێ چاوەدێری کردنی فەرەنسا و بـەریتانیا لەســەر کوردســتان ئاشـکرا بکـرێ، بـەڵام ئـەم پێشنیارە قبوڵ نەکرا یان باوەڕی پێ نەهێنرا لە لایەن حکومەتی بەریتانیاوە. هۆیەکەشی ئەمـە بوو کە بەریتانیای گەورە حەزی نەدەکرد دەست بخاتە ناو کاروباری کوردستانەوە لەژێر ڕۆشـنایی ئەمەوە فەرەنسا و بەریتانیا هاتنە سەر ئەم بڕیارەی کە دەبێ کوردستان سەربەخۆ بێـت یـان بـە شێوەی دەوڵەتێك یان وەکو یەکێتییەکی فیدراڵی لە چەند دەوڵـەتێکی خـاوەن مـافی ئۆتۆنـۆمی هەروەها حکومەتی هیندی بـەریتانیا گرنگییـەکی زۆری دابـوو بـە چارەسـەرکردنی مەسـەلەی کوردستان. لەبەر ئەوەی هێزەکانی هینـدی بـەکار ئـەهێنران بـۆ پاراسـتنی یاسـا لـە هەرێمـە کوردنشینەکانەوە. لەبەر ئەمانە هەمووی هەروەکو لەم بەڵگەنامەیەدا هاتووە. واتـە ژمـارەکراو بە ١٨. لورد کیرزن دوای ڕاوێژکردنی لەگەڵ وەزارەتی هیند ئارەزووی ئەوەی هەیە کە ماوەی پێ بدرێت چەند پێشنیارێکی دیاریکراو دابنێت لە پێش ئەنجومەنی هاوپـەیمانان. ئـەو لـەو کاتـەدا ناتوانێ چ پێشنیارێکی کاتی یان قسەیەکی لابەلا قبوڵ بکات کـە کوردسـتان بمێنێتـەوە لـەژێر دەسەڵاتی تورکیادا. ئەو بیروڕا و تێگەیشتنی خۆی وا دەربڕی کە ئەم جۆرە قسانە لـە دوا ڕۆژدا دەبنە کارێکی زۆر ناپەسەند. بەڕێز بیرتیلۆش پشتگیری بیروڕاکانی لۆرد کیرزنی کـرد، بـەڵام بـە مەرجێ بەڕوون و ئاشکرایی بمێنێتەوە و تێبگەیشترێ کە چارەسـەرکردنی مەسـەلەی کوردسـتان بەشێکی تەواوکەر بێ بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی تورکیا، هەمووی لەسەر ڕۆشنایی ئەمەوە وا بڕیاردرا:

پێویستە لەسەر لورد کیرزن پلانێك دەربارەی کوردستان پێشکەش بە کـۆنگرەی ئەنجومـەنی ئێستای هاوپەیمانان بکات (کە بەستراوە لە لەندەن). ئەویش کە پاشـان لێـی دەکۆڵدرێتـەوە بـە بەستنەوەی لەگەڵ پەیمانی ئاشتی لەگەڵ تورکیادا.[١٤] لەوێدا پەراوێزێك هەیە دەستنیشانی ئـەوە دەکات کە (بوغوس نوبار) و (ئەهارونیان) هەردوکیان نوێنەرایەتی ئەرمەن بـوون لـە کـۆنگرەی ئاشتیدا. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی مەسەلەکە بۆ خوێنەر، لەسەرمانە پێشەکی دەستنیشانی ئـەوە بکەین کە ئەو کۆنگرەیەی (لەندەن)ی ئەنجومەنی هاوپـەیمانان کـە بەسـتراوە لەشـوباتی ١٩٢٠، هەروەها ئەو گفتوگۆیە گرنگانەی کە ئەنجامـدرا لـە دانیشـتنەکانیدا، ئەمانـە هـەمووی چـەند هەنگاوێکی سەرەتایی گرنگ بوون، پێش چەند هـەنگاوێکی دیکـەی دوای چـەند هـەنگاوێکی دیکەش. هەروەکو دەبینین بە مەبەستی گەیشتن بە مۆرکردنی پەیمانی ئاشتی لەگـەڵ تورکیـادا. ئەو پەیمانەی کە لە دواجاردا هەر مۆرکرا کە ناسراوە بە پەیمانی سیڤەر لە ئابی ١٩٢٠دا.

PDF 4 KURD

**پەراوێزەکانی بەشی هەشتەم:**

1- Documents on British Foreign Policy 1919-1939; Vol. IV, No. (825), p. 1214.

(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ژمارە (٨٤٥)

(٣) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ژمارە (١٢٢٥-٦)

(٤) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ژمارە (١٢٢٩-٦)

(٥) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ژمارە (٨٤٩)

(٦) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ژمارە (٨٥٢) (١٢٤١ – ١٢٤٠)

(٧) بزووتنەوەی سمکۆ یان سمایل خان سەرکی کوردەکانی شکاك لە ئێران. گۆڤاری (شمس کردستان)، ژ ٥٧ – ٥٨، ١٩٨٠ بغداد.

(٨) بۆ رەتکردنەوەی هەندێ بیروبۆچوونی هەڵە سەبارەت بە بزووتنەوەی نیشتمانی کوردەکان ل ئێران ٢ د.ع. شمزینی دەڵێ: (بیروبۆچوونەکانی ئێران درۆ بوون بۆ ئەوەی وا نیشان بدەن کوردەکان بە پاڵپشتی ئینگلیز شۆڕشەکانیان ئەنجام دەدەن) رۆژنامەی (خبات) بەغدا ژ (٢٩٢) ١٩ئاب ١٩٦٠.

(9) Documenta on British Foreign Policy, 1919-1939, No (854), Vol. IV pp. 1247-8

Ibid, No. (878), pp. 1274 Documents on Beitish Foreign Policy, 1919- 1939, No. (12), Vol. IVV First Series. p. 103, 1920, London, 1958

Ibid, No. (12), p. 106, Vol. VII

Ibid, No. (12), Vol. VII, p. 108

Ibid, No. (18), Vol. VII, pp.159-60

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

# بەشی نۆیەم

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

کۆنگرەی ئەنجوومەنی هاوپەیمانە گەورەکان بەردەوام بوو لە دانیشتنەکانیدا لە ـ لەندەن ـ بۆ گفتوگۆ کردن لەمەڕ ئەو مەسەلانەی کە خراونەتە ڕوو. هەروەکو گوتمان دانیشتنەکەی ڕابردوو و کۆتایی هات بە بڕیاری داواکردن لە وەزیری دەرەوەی بەریتانی ـ کیرزن ـ کە پلانێکی تەواو پێشکەش بکات لەبارەی چارەسەرکردنی کێشەی کورد. بەڵگەنامەی ژمارە ٢٠درێژەی دانیشتنی کۆنگرەی ئەنجومەنی هاوپەیمانانی تێدا هاتووە، کە بەستراوە لە ـ لەندەن ـ لە داوتینغ ستریت لە ڕۆژی ٢١ی شوباتی ١٩٢٠. لە دانیشتنەکە سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا ـ لوید جۆرج ـ ئامادە بوو، هەوەرها وەفدی بەریتانی لە لایەن فەڕەنساوە ـ کامبو و بیر تیلو ـ و هی تر ئامادەبون. گفتوگۆ کرا دەربارەی پەیمانی ئاشتی لەگەڵ تورکیادا. ئەمەی خوارەوەش لەم بەڵگەنامەیەدا هاتووە:ـ

ئەوەی دەربارەی کوردستان بێ، وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا خۆی خەریك کردبوو بە دارشتنی چەند پێشنیارێکی دیاریکراو کە وەزیر بە هیوای ئەوەبوو کە بەزووترین کات ماوەی پێ بدرێت پێشکەشی بکات بۆ کۆنگرەی ئەنجومەنی هاوپەیمانەکان بۆ گفتوگۆ کردن لەسەری.[١] پاشان بەم شێوەیە ڕێککەوتن:ـ

دۆخی کوردستان و سنوورەکەی ، پێویستە چاوڕێی بڕیارێك بن کە دەربارەیانەوە دەدرێت. هەروەها پێویستە لەسەر لورد کیرزن چەند پێشنیارێ پێشکەش بکات.[٢] هەروەها بەڵگەنامەی ژمارە ٢٩ درێژەی دانیشتنی کۆنگرەی ئەنجومەنی هاوپەیمانەکانی گرتۆتە خۆ کە بەستراوە لە ٢٦ی شوباتی ١٩٢٠ لە لەندەن. ئەم ڕێکەوتنانەی ئاماژە پێکرابوو، پەیمانی ئاشتی لەگەڵ تورکیا، لە هەندێ بەشی گفتوگۆکاندا لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە دەبێ فەڕەنسا و ئیتاڵیا هەوڵی ئەوە نەدەن کە چەند ئیمتیازێ بەدەست بهێنن دژی بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا لە کوردستاندا هەتا ڕۆژهەڵاتی زێی دیجلە. هەروەها ئەم خاڵەش تێدا هاتبوو: کوردستان.. لە لایەنی فەڕەنساوە ـ مسیو کامبو ـ قسەی کرد، دەربارەی ناوەڕۆکی مەسەلەکەوە پرسیاری کرد، ئەویش مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستانە یان شتێکی ترە. هەروەها ئەگەر ئەم مەسەلەیە چارەسەرییەکی بۆ دۆزرایەوە و هەر لەو کۆنگرەیەدا، یان نا... لورد کیرزن وەڵامی دایەوە کە مەسەلەی کوردستان چارەسەری بۆ نەدۆزراوەتەوە لە دانیشتنەکانی ئەنجومەنی هاوپەیمانان، بەڵکو کۆنگرە بڕیاریدا کە پێویستە لەسەری ـ واتە

PDF 4 KURD

کیرزن ـ هەروەها ـ مسیوبیرتیلوـ هەردوکیان پێکەوە لەسەر ئەم بابەتە گفتوگۆ بکەن. کـیرزن لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ:ـ سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا ـ لوید جۆرج لە ڕۆژی ڕابردودا چـەند خاڵێکی ڕوونکەرەوەی خستیە بەردەم ئەنجومەنی هاوپەیمانان بۆ ئەو وتەیەی کە ئەو وای داناوە بیخاتە بەردەم کۆنگرەی گشتی بەریتانی لە کاتی پاش عەسـری ئـەمڕۆدا دەربـارەی تـەواوی مەسەلەکانی تورکی. بەڕێز ـ لوید جۆرج ـ گوتی ئەو دەیەوێ بڵێـت مەبـدەئی سـەرەکی لـەو مەبدەئانەی کە ئەنجومەنی هاوپەیمانان پێوەی پابەندن جیاکردنەوەی ئەم وڵاتانەیە لـە لاشـەی ئیمپراتۆرییەتی تورکی کە دانیشتوانیان گەلانێکن کە تورك نین، وەکـو عـەرەب و ئەرمـەن و سریان و کورد، ئەوەی ناوی کەوتۆتە دواوە واتە کوردەکان بە هـەمو دڵنیـا بونێکـەوە ئەوانـە تورك نین. پاشان ئەو گفتوگۆیە خۆش و کاریگەرە تۆمار دەکات کە لە نێوان ـ مسیو تیلۆـ و ـ لۆرد کیرزن ـ ڕویدا، دەربارەی سنوری بەرژەوەندی وڵاتـەکانیان لـە هـەرێمی کوردنشـیندا. بیرتیلـۆ گوتی:ـ لەوێـدا سـامانێکی کـانزایی هەیـە لـە بەشـەکەی بـەریتانیا لـە هـەرێمی کوردەکاندا. لۆرد کیرزن وەڵامی دایەوە:ـ کە بەریتانیا هیچ سودێك لە کوردستان وەرناگرێـت، بەڵام بیرتیلۆ وای لێك دەدایەوە کـەوا کوردسـتان گرنگییـەکی تایبـەتی دیـاریکراوی هەیـە، ئەویش بەهۆی هاوسنور بونی لەگەڵ ئەرمینیا و بە هەمان شێوە لەگەڵ سریان و کلدانـەوە.[٣]

مەسەلەی کورد چەند گرنگییەکی زۆر و زیاتری پێدرا لە لایەن وڵاتە هاوپەیمانـە گەورەکانـەوە لە کۆنگرەکانی تردا کە بەستران پاش ئەو کاتی. لەوانە کۆنگرەی سان ڕیمۆی بەناوبانگ ، کـە وڵاتە هاوپەیمانەکان بەستیان لە نیسانی ساڵی ١٩٢٠دا. هـەروەکو ڕون دەبێتـەوە، کـۆنگرەی سان ڕیمۆ بوو کە زۆربەی بەندەکانی پەیمانی ـ سیڤەرـ ی داڕشت کە بەسـترا لـە ئـابی هـەمان ساڵدا. بە تایبەتی ئەو بەندە ناسراوانەی کە پەیوەندیدارن بە مەسەلەی کوردەوە، بـەڵام پـێش ئەوەی دەست بکەین بە باسکردنی چۆنیەتی ئاڵوگۆڕکردنی مەسەلەی کورد لە سان ڕیمۆ و هـی تر، پێویستە لەسەرمان باسی کۆنگرەیەکی گرنگی تر بکەین کە پـێش ئـەوکاتی ئـەویش لـە لەندەندا بەسترا. ئەم کۆنگرەیەش وا دادەمەزرێ کە ڕێ خۆشکەرێکە بـۆ کۆنگرەکـانی دواتـر دەربارەی مەسەلەی کورد بە گوێرەی بیروڕا و بۆچوونی بەریتانیا. لـە لەنـدەن لـە زۆر بۆتـەوە ناوی ئەم کۆنگرەیە هاتوە کە لۆرد کیرزن بەستای لەگـەڵ گـەورە لێپرسـراوانی بـەریتانی کـە پەیوەندییان هەیە بە مەسەلەکانی ڕۆژهەڵات و مەسەلەی کوردەوە. هەروەها ناوی هاتووە لـە نوسراوی فەرمانداری شارستانی لـە بەغـدا و ئەرنۆلدولسـن (وڵاتـانی نێـوان دوو ڕووبارەکـە ١٩١٧ـ ١٩١٨) هەروەها لە چەندین بواری تردا. هەروەها بەڵگەنامـەکانی بـەریتانی بەشـی

PDF 4 KURD

تۆمارگە گشتییەکانی ئەو بەڵگەنامەیەی تێدابوو کە دیارکراوە بە (وەزارەتی دەرەوە بە ژمارە ٣٧١ـ ٤١٤٩). بـەمجۆرەش ناونیشـانی کـراوە (کـۆنگرەی فەرمانگـە میرییـەکان دەربـارەی مەسەلەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست)، چەند تێبینیەك لە کـۆنگرەی بەسـتراوەوە لـە وەزارەتـی دەرەوەدا لە ڕۆژی پێنج شەمە ١٧ی نیسـانی ١٩١٩. ئامـادەبووان: ئـیرل کـیرزن کیرلسـتون سەرۆك، کۆلۆنێل وڵسن فەرمانداری شارستانی بەغداد ( وڵسن لە بەغداوە سەفەری کرد تەنها بۆ ئەوەی ئامادەی ئەم کۆنگرەیە بێت وەکو لێپرسراوێکی یەکەم لە فەرمانگەدا).

بەڕێز تۆماس هولدرنیس ـ وەزارەتی هیند.

بەڕێز ج ـ شکبرە ـ وەزارەتی هیند.

جەنەراڵ بارسولومیو ـ وەزارەتی جەنگ.

بەڕێز ج. کیدستون ـ وەزارەتی دەرەوە.

بەڕێز ئەی. جونزـ سکرتێر.

میجەر ه. یونغ.(٤)

لەم بەڵگەنامە گرنگەدا لـەژێر ناونیشـانی (دواڕۆژی بـەڕێوەبردن لـە وڵاتـانی نێـوان دوو ڕووبارەکە) ئەمەی خوارەوە هاتووە:

١. نامەیەك لەبەر دەست کۆنگرەدا هەیە کە لە لایـەن کۆلۆنێـل (ئەرنۆلـد وڵسـن)ەوە نێردراوە بۆ وەزارەتی هیند لە مانگی نیسانی ١٩١٩دا. بێجگە لە چەند پاشکۆیەك دەربارەی دواڕۆژی دەستور لە وڵاتانی نێوان دوو ڕووبارەکەدا، سەرۆك (واتە کیرزن) گوتی: باری تـەواوی وڵاتانی نێوان دوو ڕووبارەکە گـۆڕانێکی بەسـەردا هـات بـە هـۆی کـارتێکردنی بەیاننامـەی هاوبەشی ئەنگلۆـ فەڕەنسای دەرچوو لە ٨ی تشرینی دووهەمی ١٩١٨دا. لـە ئـەنجامی ئـەم ڕوونکردنەوەیەدا لێژنـەی ڕۆژهـەڵات داوای کـرد ( لێژنەیـەکی بەریتانیایـە کـە تایبەتـە بـە کاروباری ڕۆژهەڵات). لە وەزارەتی هیندی لە لەندەن کە تەلەگرافێك بکـات بـۆ فەرمانـداری شارستانی لە بەغداد، داوای لێ بکـات بـۆ پێشـاندانی بـیروڕای خـۆی بـۆ باشـترین شـێوەی حکومەتێکی داهاتووی وڵاتانی نێـوان دوو ڕووبارەکـە. ئـەو چـەند ڕێنماییـەی پێـدرابوو بـۆ پێشکەش کردنی چەند پێشنیارێك کە پشـت دەبەسـتێت بـە بۆچـوونی مـافی دیـاری کردنـی چارەنووس، بەڵام بەمەرجێك ئەم بۆچوونە دەرنەچێت لە سنوری ئەوەی کـە بـەڕێوەبردنی ئـەم وڵاتانە تاکو ئێستاش پێویستی بە چاوەدێرییەك و دەسـەڵاتێکی فراوانـی بەریتانیاییەکانـەوە هەیە. لەنێوان مانگەکانی یەکەمی ئـەم سـاڵەدا ١٩١٩، فەرمانـداری شارسـتانی لـە چـەند

نامەیەکدا هیوا و ئاواتی هەموو بەش و لایەنەکانی دانیشتوانی ڕونکردبووەوە. لە ١٤ی شوباتدا وەزارەتی هیند تەلەگرافێکی نارد داوای لە فەرمانڕەوای شارستانی کردبوو کە پلانێکی ورد پێشکەش بکات لە دوارۆژی بەڕێوەبردن لەوێدا. پێویستییەکی زۆر بە دەستوور هەبوو کە دەبێ نەرم و گونجاو بێ، ئەمەش خۆی لەخۆیدا وەڵامی ئەم تەلەگرافەیە کە پێویستە ئێستا لێی بکۆڵدرێتەوە لە لایەنی ئەم کۆنگرەیەوە. ئەنجومەنە شارەوانی و ناوخۆییەکان دامەزران. تاکو ئێستا قسە هەر هی وەزیری دەرەوە سەرۆکی کۆنگرە ئیرل کیرزن ـ ە، کۆلۆنێل (وڵسن) داوای لە ئەفسەرە سیاسییەکانی کرد کە سەرۆکایەتی بۆدەکەن بۆ پێشکەش کردنی بۆچوونی خۆیان لە پێشنیارە سەرەتاییەکان لە پێناوی فراوانکردنی ئەم ڕژێمە. لەم پێشنیارانەدا ئەو وای داوا کرد، واتە فەرمانڕەوای شارستانی ـ وڵسن، کە بەڕێز بیرس کۆکس بگەڕێتەوە بۆ وڵاتانی نێوان دوو ڕووبارەکە بۆ گرتنە ئەستۆی پلەی نێردراوی پایەدار کە پێشنیار کراوە دابنرێ. وڵسن پێشنیاری دروستکردنی چوار پارێزگای کرد، یان پێنج پارێزگا ئەگەر پێویستیش کرد کوردستانیش بخرێتە سەر ئەم وڵاتە. کە وای لێدێت هەر پارێزگایەك ئەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی نێردراوێکەوە، زۆربەی ئەفسەرەکانی ڕازیبوون بە پێشنیارەکانی، بەڵام کۆلۆنێل هاول داوای دابەش کردنی عێراقی کرد بۆ پێنج پارێزگا بێجگە لە موسڵ. ئێستا پێویستە لەسەر کۆلۆنێل وڵسن کە دواپلانەکەی پێشکەش بکات بۆ ئەوەی کۆنگرە سەبارەت بەوە بڕیارێ بدات. کۆلۆنێل وڵسن : ئەو ڕونیکردەوە کە دوا پێشنیارەکانی لەو نامەیە دایە کە ناردویەتی بۆ وەزارەتی هیندی لە ٦ی نیسان. گوتی ئەو ڕازییە بە پێشنیاری هاول دەربارەی موسڵ و کوردستانیش. وڵسن داوای چەند ڕێنماییەکی کرد لە لایەن کۆنگرەوە پێی بدرێت. وەڵامی ئەو پرسیارەی کە لە سەرۆك کرابوو، وڵسن گوتی:ـ دابەشکردنی بەڕێوەبەرایەتی پێویست لە کۆتایی دا پشت دەبەستێت بە بڕیارەکانی کۆنگرەی ئاشتی. سێ بارودۆخ هەیە بۆ سنورکێشان. یەکەمیان ئەو سنوورەی ئێستای ویلایەتی موسڵی کۆنە. دووهەمیان ئەو سنورە پێشنیارکراوانەنە لە لایەن وەفدی ئاشتی بەریتانیا کە درێژ دەبێتەوە لەنێوان گۆمی وان و ڕووباری دیجلە سێیەمیان ئەو سنوورانەیە کە ئەمریکاییەکان دەیکێشن لە کاتێکا کە ڕازی دەبن بە ئینتداب لەسەر ئەرمینیا کە دورودرێژ دەبێتەوە بەرەو باکوور. دانیشتوانی ویلایەتی موسڵی کۆن کە پێشنیاریان نەکردوە بۆ هیچ جۆرە گۆڕانکارییەکی بەڕێوەبردن لە کاتی ئێستادا بۆ ئەم وڵاتانەی کە دەکەونە ئەم دیویان ( واتە وڵاتانی کورد لە دەرەوەی ویلایەتی موسڵ) بەشێوەیەکی سروشتی ئەم خەڵکە دەبن بە سێ بەشەوە: یەکەم ـ هەرێمێك کە تەواوی

PDF 4 KURD

دانیشتوانی کوردن بەدرێژایی سنوری ئێران ژمارەی دانیشتوانی دەگاتە١٥٠,٠٠٠ کەس. ئەم کوردانە تۆزێ جیاوازییان هەیە لەگەڵ کوردەکانی ئێراندا کە لەمدیو سنوور ژیان دەبەنە سەر. دووهەمیان:ـ هەرێمێك کە کفری و کەرکووك و ئاڵتون کوپری و هەولێر دەگرێتەوە ژمارەی دانیشتووانی لە نێوان ٢٥٠,٠٠٠ تا ٣٠٠,٠٠٠ کەس دەبێ. زۆربەی دانیشتووان لێرەدا کوردن، نیشتەجێن و پەیوەندییان لاوازە لەگەڵ دراوسێکاندا. تەنها زمانەکەیان نەبێ. سێیەمیان :ـ ئەوەی لە ویلایەتی موسڵ دەمێنێتەوە کە دانیشتوانی لە ١٠٠,٠٠٠ کەس تێناپەڕێ. هەموویان عەرەبن و زۆربەیان نیشتەجێن. ناو شاری موسڵ خۆی سێ یەکی دانیشتوانی عەرەبن و سێ یەکەکەی تریش پێك هاتوە لە کورد و مەسیحی و نەتەوەکانی دیکە. هەروەها چەند خێزانێکی کوردی کۆچەری تێدایە. بەڕای ولسن دوو ڕێگای جێگرەوە هەیە بۆ بەڕێوەبردنی ئەم هەرێمە. ڕێگای یەکەم دامەزراندنی کوردستانێکی خاوەن ئۆتۆنۆمی کە موسڵ پایتەختی بێت. ئەم چارەسەرییەش ئارەزوەکانی کوردەکان بەدی دەهێنێت. لەوانەیە ئەوە ببێتە هۆی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کاریگەر و نیمچە سەربەخۆ کە کوردەکان زۆربەی دانیشتووانی پێك دەهێنن، بەڵام دانیشتووەکانی تر ئەوا داوای دامەزراندنی ویلایەتی موسڵی سەربەخۆ دەکەن. ڕێگەی دووهەمیان ئەوەیە دامەزراندنی ویلایەتی موسڵ وەك بەشێك لە وڵاتانی نێوان دوو ڕووبارەکە و نێوانێك دروست بکرێت بەچەند دەوڵەتێکی کوردی خاوەن ئۆتۆنۆمی لە چوار دەوری ئەوەوە. لەوانەیە ئەم دەوڵەتە کوردییانەش سلێمانی و ڕەواندوز و عەمادیە و جەزیرەی ئیبن عومەر بێت. ئەم وردە دەوڵەتانەش لەلایەن سەرۆکی ناوچەکان فەرمانڕەوایی دەکرێت لەگەڵ ڕاوێژکارە سیاسییە بەریتانییەکان ڕاستەوخۆ دەکەونە ژێر دەسەڵاتی بەغداوە. ئەو خودمختارییەی کە دەدرێت ئەو وردە دەوڵەتانەی دەکەونە ناو چیاکانەوە فراوانتر و گەورەتربن لەهی حکومەتەکانی دەشتەکانەوە، ئەگەر ئەم چارەسەرییە جێی ڕەزامەندی بوو ئەوا پارێزگای موسڵ لە هەولێر و ئاکری و زاخۆ پێکدێت. سەرۆك: ئەو پرسیاری کرد لە چوارچێوەی ئەم چارەسەرییەی دووهەمدا چۆن دەتوانرێ شوێنی هەریەك لە دیاربەکر و ئورفا و جرایلس بێنینە بەرچاو لەو کاتەدا ئەگەر بڕیاردرا ئەم هەرێمانە بکەونە بەر ئیدارەی وڵاتانی نێوان دوو ڕووبارەکە. کۆلۆنێل ولسن گوتی:ـ کە ئەو ئاواتی بەردەوامی ئەوەیە ئەمجۆرە بڕیارە نەدرێت. هەروەها هەرجۆرە بەستنەوەیەك لەنێوان دیاربەکر و ئورفا و سلێمانیدا بە بیروڕای ئەو شتێکی نارێك و نەگونجاوە. ئەو دەستنیشانی ئەوەی کرد کە بەڕێوەبەرایەتی هەرێمی دیاربەکر دەبێتە هۆی زیادبوونێکی گەورە لە ئەرکەکانی سەربازیدا.

PDF 4 KURD

ئەگەر وای پێویست کرد کە دەبێ دەسەڵاتدارانی بەریتانیا هەڵسن بە بەڕێوەبردنی دیاربەکر و ئورفا ، ولّسن ئەمەی وادانا لەم بارەیەدا دەبێ پارێزگایەکی جیاکراو دابمەزرێت مەرکەزەکەی شاری دیاربەکر بێت. ئەو گەیشتە ئەو ڕایەی لەوانەیە کوردەکانی موسڵ ڕازی نەبن لەو دەسەڵاتەی کە لە دیاربەکرەوە سەرهەڵدەدا، بەڵام ئەو وا تێدەگا کە ئەم شتە نرخێکی وای نییە کە کاربکاتە سەر تێکچوونی هاوسەنگ لە بەستەنەوەی ئەم هەرێمانەدا بە وڵاتانی نێوان دوو ڕووبارەکەوە.

مستەر کیرستۆن: ئەو دەستنیشانی بۆ ئەوە کرد وا دەردەکەوێ کە ژمارەیەکی زۆر دەیانەوێ بەرپرسیارییەتی فەرمانڕەوایی هەرێمی دیاربەکر و جەزیرەی ئیبن عومەر وەربگرن. لە نێوان ئەوانەدا چەند ناوێکی هێنا، جەنەراڵ شەریف پاشا و سەید عبدولقادر شەمدینانی و خێزانی بەدرخانییەکان. کۆلۆنێل ولّسن لەمەڕ ئەم ڕایە بوو کەوا نابێ تا ڕادەیەکی زۆر پشت بەمانە ببەسترێ. ئەوانە پەیوەندییان پچڕاوە لەگەڵ بارودۆخی ناوچە و هەرێمەوە، هەروەها وادیار ناکەوێ کەوا خەڵك پێیان ڕازی بن، بەڵام ئەو واتە ولّسن خۆی ئەمە بە باش دەزانێ گەڕانەوەی دەسەڵاتی تورکی بۆ دیاربەکر. بۆ پرسیاری سەرۆك، ولّسن وەڵامی دایەوە ئەو دڵنیایە چارەسەری دووهەمی پێ باشترە لە نێوان هەر دوو چارەسەرییەکەدا (یانی دامەزراندنی ویلایەتی موسڵ و چەند دەوڵەتێکی کوردی لە چوار دەورییەوە لە ژێر فەرمانڕەوایی سەرۆکە کوردەکان و بە چاودێری ڕاوێژکارە بەریتانییەکان). سیر هولّد رینس دەستنیشانی ئەوەی کرد کەوا چەند هاوتایەکی ئەم ڕێکخستنانە هەیە لەم دەوڵەتۆکانەی کە پێی دەڵێن ـ شان ـ لە بورمبا. کۆلۆنێل ولّسن بەم بیروڕایە ڕەزامەندی خۆی پیشاندا، هەروەها باسی ئەوەشی کرد کەوا مێجەر نوئیل ئەویش چارەسەری دووهەمی پێ باشترە. ئەو لەمەدا خوێن گەرمە، هەروەها وەکو خوێن گەرمەکانیش وردبین نییە، لە هەمان کاتدا ئەو شارەزاییەکی گەورەی هەیە لەسەر کوردەکان و زۆریش سەرکەوتو بوو لە بەڕێوەبردنی شاری سلێمانی.(٥) ولّسن وای لێکدەداتەوە کەوا هیچ کۆسپێکی گەورە نییە لە ڕێگەی کۆکردنەوە و ڕێکخستنی سەرۆکەکانی ناوچەکەوە ئەگەر چەند ئەفسەرێکی لێهاتو هەبن. تەنیا خاڵێك هەیە لە بەرژەوەندی پێکهێنانی کوردستانێکی یەکگرتو ڕاستەوخۆ لە ژێر ئیدارەی بەریتانیا، ئەویش ئەوەیە کە هەرێمی کوردنشین هاوبەشی بکات لەدانەوەی قەرزە گشتییەکانی عوسمانییەکان. ئەویش لە ڕێگەی داهاتی توتنەوە. ئەو دەترسێت لەوەی ئەوەش نەکرێت لە ڕێگەی سەرۆکەکانی کوردستانی خاوەن ئۆتۆنۆمی چەند تەنگ و چەڵەمەیەك دروست بکەن لە ڕێگەی

PDF 4 KURD

کۆکردنەوەی باجەکان. سیر هولدریش باسی مەسەلەی خۆی کرد لە هیند بەرامبەر بەمە. کۆلۆنێل ولّسن گوتی: شتێکی ئاسانە بە قاچاغی توتن بردن بۆ ئێران، پاشان دوبارە هێنانەوەی بۆ ولآتانی نێوان دوو ڕووبارەکە. سیرهولّدر نیس وا دەڵێ: بەرامبەر بە سوودی ئامۆژگاری و پاڵپشت کردنی بەریتانیا پێویستە لەسەر سەرۆکە کوردەکان باج بدەن. سەرۆك لەو باوەڕەدایە دوا پێشنیار پێویستە جێبەجێ بکرێت، بەرامبەر بە خودمختاری ـ **حکم الذاتي** ـ لەبارەی توتنەوە، پێویستە لەسەر کوردەکان ڕێژەیەکی دیاریکراو یان پارەیەکی تەرخان کراو بدەن. مستەر شکبرە پرسیاری لە ناوەڕۆکی یاداشتەکەی میجەر نوئێل کرد. سەرۆك باسی دۆخی سیاسی کرد لە تورکیادا، ئەو گەیشتە ئەوەی لەوانەیە گەلی ولآتانی نێوان دوو ڕووبارەکە ڕازی نەبن بە دابەشکردنی ئیمپراتۆرییەتی تورکی. مستەر کبرستون پرسیاری کرد: چ گرنگییەك هەیە لە جولآنەوەی یەکگرتنەوەی کوردستان؟ کۆلۆنێل ولّسن ئەوەی ڕوونکردەوە کە بۆ یەکەم جار میجەر نوئیل گەیشتە کوردستان، هاواری کوردستانی خاوەن ئۆتۆنۆمیی بڵاوکردەوە، وەفدێکی کوردەکانی ئێران ئەوەیان دەربڕی کە ئەم کوردانە ئارەزوی ئەوەیان هەیە بچنە ژێر ئاڵای ئەم جولآنەوەیە کە هەر لەو جولآنەوەیە دەچێت کە دەوڵەتی ئازەربێجان لێ پەیدابوو. ولّسن خۆی سەری لە سلێمانی دا و بۆ وەفدی ناوبراوی باس کرد بە هۆی پەیوەندیمانەوە بە ئێران، ناتوانین دان بنێن بەم جۆرە هەستانە، یان هاندانی. لە کوردەکانی ئێران وا دەرکەوت کەوا لە ڕوونکردنەوەکە گەیشتن. تەنها ژمارەیەکی کەم نەبێ لە لاوە کوردەکان کە هەست بە نائومێدی دەکەن. ئەو بیری بۆ ئەوە ناچێ کە ئەم جولآنەوەیە دوبارە سەرهەڵبداتەوە ئەگەر دەستکرا بەدامەزراندنی چەند وردە دەوڵەتێکی کوردی خاوەن ئۆتۆنۆمی لە ژێر چاوەدێری ڕاستەوخۆی بەغداوە. سەرۆك گوتی: وا دەردەکەوێ چەند هەنگاوێك بەرەو پێشخستنی دەستوور شتێکی زۆر پێویستە. هەروەها دەربارەی موسڵ و کوردستان هەموو بیروڕاکان هاتنە سەر بیروڕای ئەو بۆ پەسەند کردنی چارەسەرکردنی دووهەم لە نێوان ئەو دوو چارەسەرییەدا کە لە لایەن ولّسنەوە پێشنیار کراون. لە وەلآمی پرسیاری مستەر شکبرە سەرۆك درێژەی پێدا: ئەو ناترسێت لە بارودۆخی ئێستاکەدا، کە فەڕەنسییەکان ناڕەزایی خۆیان دەربڕن بەرامبەر ئەم پێشنیارانە. ئەو وا دەبینێ کە پێویستە لەسەر کۆنگرە ماوەی کۆلۆنێل ولّسن بدات بۆ دامەزراندنی پارێزگاکانی بە شێوەیەکی کاتی بەڕێکخستنی چەند ئەنجوومەنێکی ناوخۆیی لەسەر پلانی پێشنیار کراودا. یەکسەر دانانی نێردراوی پایەدار سەیری ئەمەیان نەکرد و باسیان لێنەکرد. کۆنگرە بڕیاریدا:

ماوەی کۆڵۆنێل وڵسن دەدرێت بۆ هەنگاونانی دامەزراندنی پێنج پارێزگا هەروەکو هاول پێشنیاری کرد لەگەڵ پارێزگای موسڵی عەرەب چەندە وردە دەوڵەتێکی کوردی خاوەن ئۆتۆنۆمی چواردەوری بگرن، لە ژێر فەرمانڕەوایی سەرۆکە کوردەکان و ڕاوێژکارە بەریتانیاییەکان. هەروەها بڕیاری دامەزراندنی ئەنجومەنی ناوخۆیی و شارەوانی درا. ئەو خوێنەرەی کە شارەزایی پەیدا دەکا لەبەرە و پێشەوەچوونی مەسەلەی کورد لەم باسەدا. دەبێ هەست بە گرنگییەتی ئەم کۆنگرەیە بکات هەروەها مانای گفتوگۆ و پێشنیارەکان و ئەودەستنیشان کردنانەی کە تێدا هاتوە لە لایەنە مێژووییەکەیەوە تێبگات. هەروەها هەندێ جێبەجێ کردندا کە جێی خۆی کردۆتەوە لە پێشنیار و چارەسەرکردنی داهاتوودا سەبارەت بەم مەسەلەیەوە. هەندێ لەم پێشنیارانە هەروەکو دیمان زیاتر لەوە بەرەو پێشەوە چوو. هەروەها دەبینن لەبەردەوام بوونی باسەکاندا کە ڕێخۆشکردنێکە بۆ بەستنی پەیمانی سیڤەر، کە هێندەی نەماوە ببەسترێت. ئەویش چەند بەندێکی تێدا هاتوە دەربڕینێکە لە مەسەلەی کوردەوە. شایانی ئاگاداربوونە لە تێبینیەکەی سەرۆکی کۆنگرە لەبارەی لێکدانەوەی ئەو بە نەبوونی نارەزایی فەرەنساییەکان لەسەر پێشنیارە بەردەست خراوەکان. وەکو زیاتر ڕوونکردنەوەیەکی بابەتەکانی ئەم کۆنگرەیە، خوێندنەوەی ئەم بەڵگەنامەش پێویستە بە ناونیشانی (ڕوونکردنەوەکانی تر) (دۆخی کوردستان)[٦] دەربارەی بۆچوونی هەموو جۆرە ناوەندەکانی لێپرسراو لەوانە سەرکردایەتی مارشال (ئەلبنی) لە میسر، بۆچوونی سەرکردایەتی بەریتانیا لە میسر، وەکو بۆچونی مێجەر نوئێل بوو سەبارەت بە کوردستانی ئۆتۆنۆمی دا، نزیکتریش بوو لە بۆچوونی نێردراوی پایەدار لە تورکیادا. هەروەها بۆ دڵنیابوونێکی بەردەوام لە بەستنەوەی مەسەلە پێش چاوخراوەکان لەم کۆنگرانەدا، دەست نیشانی ئەو تەلەگرافە دەکەین کە بۆتە پاشکۆی بەڵگەنامەی ژمارە ٥٠ لە بەرگی حەوتەمدا لە بەڵگەنامە سیاسییەکانی دەرەوەی بەریتانیا کە ئاراستەی نێردراوی پایەدار کراوە لە ئەستەمبوڵدا لە ٥ی مارتی ١٩٢٠دا تێدا هاتووە: ئەنجومەنی باڵای هاوپەیمانان بەوردی باسی ئەو سیاسەتەیان کرد کە پێویستە پەیڕەوی بکرێ لە ئەستەمبوڵدا، پێویستە هاوپەیمانەکان بەرەیەك لەگەڵ سوڵتاندا پێك بهێنن، هەروەها هەوڵدان بۆ هێنانەدی ئەرمینیایەکی سەربەخۆ و لەوانەیە دان نانێکیش هەبێ بە کوردستانی سەربەخۆدا.[٧] کۆنگرەی بەناو بانگی وڵاتە هاوپەیمانەکان لە سان ڕیمۆدا بەسترا لە نیسانی ١٩٢٠. بەڵگەنامەی ژمارە ٥ لە بەرگی ٨دا زنجیرەی یەکەمی بەڵگەنامەکانی بەریتانیا تێبینییەکانی سکرتێری وەفدی بەریتانیای تێدا هاتوە. لەم

PDF 4 KURD

کۆنگرەیەدا سەبارەت بەو دانیشتنە بەستراوەی ئەنجومەنی باڵا لە سان ریمۆدا لە ١٩ی نیسان ١٩٢٠. لە لایەنی بەریتانیاوە سەرۆك وەزیران بەڕێز لوید جۆرج لەگەڵ وەفدی بەریتانیا ئامادە بوو لە لایەنی فەڕەنساوە بەڕێز میلیران و وەفدەکەی ئامادە بوون. لە بەڵگەنامەکەدا ئەم ناونیشانە هاتوە: کوردستان، بەڕێز لوید جۆرج پێشنیاری کرد کە ئەنجوومەنی باڵا توانایی ئەوەی هەیە لە مەسەلەی کوردستان بکۆڵێتەوە. لورد کیرزن گوتی: چارەسەر کردنی مەسەلەی کوردستان شتێکی سەختە. چونکە بابەتەکەی جێی گرنگی پێدانی وڵاتە ئەوروپاییە گەورەکانە. هاوسنوورە لەگەڵ ئەرمینیا و دراوسێتی هەیە لەگەڵ مەسیحییەکان و سریان و کلداندا. هەروەها گوتی: ئەو هەر لە سەرەتاوە پێشنیاری کرد بە دانانی کوردستانێ لە ژێر چاوەدێری بەریتانیا و فەڕەنساوە. لەمەش زیاتر کوردستانی خوارو بەشێکی ویلایەتی موسل پێك دەهێنن کە دەکەوێتە هەرێمی ئەو ئینتدابەی دراوە بە بەریتانیای گەورەوە. هەموو جۆرە پێشنیارێ پێشکەش کران... پاشان کار گەیشتە ئەوەی جیاکردنەوەی کوردستان لە تورکیادا پەسند بکرێت و ببێت بە وڵاتێکی خاوەن ئۆتۆنۆمی، بەڵام ئەوەی سەخت بوو دۆزینەوەی ئارەزوی کوردەکان خۆیان بوو. ئەو خۆی هەوڵیدا واتە کیرزن، شارەزایی پەیدا بکات لە هەستی کوردەکان، پاش چەند لێکۆڵینەوەیەك نەیتوانی بگاتە ئەوەش کێن ئەوانەی نوێنەری کوردانن.

شەریف پاشا واخۆی نیشاندا کە نوێنەرێکی ئەوانە بەڵام ئەو پێ ڕازی نەبوو. کوردەکان حەز لە چاودێری بەریتانیا دەکەن و گومانیشی تێدا نییە ڕازین بەچاوەدێری فەڕەنساش. کیرزن ئەمەشی گووت بۆ دڵخۆشکردنی فەڕەنساییەکان. ئەو وڵاتەکەی ڕاهاتووە لەسەر حوکمرانی تورکیا، شتێکی ئاسان نیە جیاکردنەوە لێی. بەشێك لە کوردستانی خوارووداا پەیوەندی بە بەرژەوەندییەکانی بەریتانیاوە، چونکە هەرێمی چیاکان لە ویلایەتی موسڵدا کوردەکان تێدا نیشتەجێن. ئێستا ئەو تێگەیشتنی کەوا بەکردەوە ناکرێت ویلایەتی موسڵ دابەش بکرێت. لەبەر ئەم هۆیە ئەو وا پێشنیار دەکات کە پێویستە ماوەی دانیشتووانی ئەم بەشە بدرێت لە ویلایەتی موسڵ لە کاتی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردستانی ئازاد ئەوان بڕیار بدەن ئایا ئارەزووی مانەوەیان هەیە لەژێر ئینتدابی بەریتانیا یان دەچنەوە ناو هاونیشتمانەکانیان. ئەمە شتێکی گەلێ سەختە بۆ دیاری کردنی چارەی ئەم مەسەلەیە لە پەیمانێك دا (یاخود پەیمانی ئاشتبونەوەی چاوەڕوانکراو لەگەڵ تورکیادا) لەگەڵ ئەوەشدا هەر دەبێ شتێ ئەنجام بدرێ. لە ئەنجومەنی باڵای بەستراو ئەو، واتە کیرزن پرۆژەی یان پوختەی چوار بەند دەخوێنێتەوە و

پێشنیاری دەکات کە بخرێتە ناو ماددەکانی پەیمانەکەوە. ئـەم بەندانـە چارەسـەرییەك نادەنـە دەست، بەڵکو زەمینەیەك خۆش دەکات بۆ چارەسەرییەکی گونجـاو لـە داهـاتوودا. ئەنـدامی وەفدی فەڕەنسا مسیۆ بیرتیلـۆ گـوتی: لـە یەکـەم چاوپێخشـاندا ئـەم پێشـنیارە نوێیانـە وا دەردەکەون کە یارمەتی دواچارەسەری مەسەلەکە دەدەن. ئەو حەز دەکات کە ماوەی بدەن بـۆ لێکۆڵینەوەی پڕۆژەی بەندەکانی کیرزن لەوێدا پاشکۆیەك بـوو. ئـەو بەمـەڕازی بـوو. یـاخود بیرتیلۆ کەوا ئێستا چارەسەرییەکی گونجاو لە ئارادا نییە. دواخستنی ئەم بابەتە کـە شـتێکی زۆرپەسندە. کوردەکان بەدیار کەوتن. ئەمە قسەی نوێنەری فەڕەنسایە لە لەندەن و پاریسدا لە هەموو جۆرە کارێکیشیان کرد، سریان و کلدانییەکانیش دوای ئەندامانی کۆنگرە دەکـەون بـۆ هەر لایێ بچن. هەتا گەیشتنە سان ریمۆی. سەرۆکی وەفدی فەڕەنسـی مـیلیران گـوتی: لـورد کیرزن ـ لە کاتی قسەکردنیدا باسی ئەوەی کرد هەندێ لە کوردەکـانی دانیشـتووی ویلایـەتی موسڵ دێنە ژێر ئینتدابی بەریتانیاوە. ئەم بابەتەش بە تەواوی پەیوەندی هەیـە بـە هـەر دوو حکومەتی فەڕەنسا و بەریتانیا. چارەی ئەم مەسەلەیەش دواخرا... سەرۆکی وەفـدی ئیتالیـا سەرۆکی دانیشتنەکە، سینۆر (نیتی) گوتی: وا پێویست دەکات مەسەلەی کوردستان دابنرێت لە خشتەی کارەکانی بەیانیدا. بیرتیلۆ گوتی: ئەو وای پێباشە کە دوابخرێت بـۆ کـاتی بـەیانی یان دووسبەی.(٨)

PDF 4 KURD

**پەراوێزەکانی بەشی نۆیەم:**

(1) Documents on British Foreign Ploicy, 1919-1939,
First Series, Vol. VII,p.139.

(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو

(3) Ibid, Vol. VII, P. 258, No. (29).

(4) Public Record Office, (foreign office), 371-4149, h 325 (prited for the f. o, may 1919) (inter – Departmental conference on Middle Eastern Affairs), April, 1919.

(٥) شایانی ئاماژە بۆکردنە کە مێجەر نۆئێل یاداشتنامەیەکی ئاراستەی ئەو کۆنگرەیە کرد کە لە (لەندەن) ئەنجامدرا سەبارەت بە کێشەی کورد کە لە (بەڕێوبەرایەتی بەڵگە گشتییەکان) کۆکراوەتەوە و ژمارەی:

Pro (fo), 371-4179 H 325 (Enelosure No . 8), (Note by political officer, Sulaimanyah, in Regard to political Status of Kurdistan)

سەرەتاکەی دا دەڵێت: (هەستێکی بەهێز لە کوردستان هەیە کە دەتوانرێت بە نیشتمان وەسف بکرێت، بەڵام باشتر وایە بە برایەتی عەشایەتری ناو ببرێت) و دەقەکەی بەم شێوەیە:

There is Strong Feeling in kurdistan which may bd Called National. But which is Better Described as – Clannish.

(6) (Pro). (fo). 371- 4198. Hm 07115 (I.D.C.E.) (Additional Note) (Situation in kurdistan).

لەم یاداشتنامەیە ئاماژە بە بە ژمارەی نامەکان کراوە کە سەبارەت بەم مەسەلەیە لە نێوان فەرمانگە و بەرپرسە بەریتانیەکان ئاڵوگۆڕ کراوە.

(Coucments on British Foreign Ploicy, 1919-1939.
First Series, Vol. VII. Pp. 421-2, NO (50).

(8) Documents on British Foreign Ploicy, First Series, Vol. VIII. 1920 london, 1958, (Sanremo, April. 19, 1920) No. (5).

PDF 4 KURD

# بەشی دەیەم

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

له بەشی نۆیەمی ئەم باسەدا درێژەی دانیشتنی کۆنگرەی سان ریمۆمان خستە ڕو کە بەسترابوو لە لایەن وڵاتە هاوپەیمانە گەورەکاندا کە ١٩ی نیسانی ١٩٢٠ بەسترابوو. کۆنگرەی بەستراو بۆ باسکردن بوو دەربارەی پەیمانی ئاشتی چاوەڕوان کراو لەگەڵ تورکیای عوسمانیدا. ئەوەمان گووت کە وەزیری دەرەوەی بەریتانی کیرزن لە کاتی قسەکردندا ئەوەی ئاشکرا کرد کە نیازی وایە پڕۆژەی چەند بەندێك پێشکەش بکات دەربارەی کوردستان، بۆ ئەوەی بیخاتە ناو بەندەکانی پەیمانی ئاشتی کە لەمەودوا دەناسرێت بە پەیمانی سیڤەر. ئەم بەند و مادانەش کە پەیوەندییان بە کوردستانەوە هەیە هەر وەکو کیرزن پێشکەشی کردبوو لە بەڵگەنامەکانی بەریتانی نوسرانەوە. وەکو پاشکۆیەك بۆ بەڵگەنامەی ژمارە ٥. هەروەکو خستوومانە ڕوو لە بەشی نۆیەمدا، لە ژێر ناونیشانی پڕۆژەی بژارکراو و لە بەندەکانی پەیوەندیدار بە کوردستان، بەڵام پێش ئەوەی دەقی ئەم بەندانە بخەینە ڕوو، هەروەها لە پێناوی ڕوونکردنەوەی هەنگاوەسەرەتاییەکاندا، کە بوونە هۆی داڕشتنی ئەم مادانە، هەروەها بۆ تێگەیشتنی گفتوگۆکان کە ڕوویدا دەربارەی مەسەلەی کوردی لەژێر ڕۆشنایی ئەم بەندانەدا لە کۆنگرەی سان ریمۆدا کە ئێمە لەبارەیەوە دەدوێین لە دانیشتنەکانی دوای ئەودا. بۆ ئەم هەموو شتانە پێویستە بابەتی پەیوەندیدار بەمانەوە پێشکەش بکەین. بابەتی یەکەم ئەو کۆنگرە گرنگەیە لە نێوان هەندێ وەزیر و گەورە لێپرسراوانی بەریتانیا بیدا بەسترا لە لەندەن دا بە سەرۆکایەتی وەزیری دەرەوە. لۆرد کیرزن خۆی. هەر لە مانگی نیساندا، بۆ گفتوگۆ کردن لەمەڕ مەسەلەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە تایبەتی مەسەلەی کورد. هەروەها بۆ داڕشتنی ئەو بەندانەی کە نیاز وایە بخرێنە ناو پەیمانی ئاشتبوونەوە و لەگەڵ تورکیادا یان ڕێککەوتن لەسەر لایەنە گشتییەکانی ئەم داڕشتنە. کۆبونەوەیەك بۆ ئەم کۆنگرەیە کرا لە وەزارەتی دەرەوە، لە ڕۆژی سێشەمەی نیسانی ١٩٢٠، ئامادەبووانیش ئەمانە بوون:

- *وەزیری دەرەوە ئیرل کیرزن، لەسەر کورسی سەرۆکایەتی.*
- *مێجەر جەنەراڵ رادکلین، بەرێوەبەری عەمەلیات، وەزارەتی جەنگ.*
- *لیفتنان، کۆلۆنێل کویبونس، وەزارەتی جەنگ.*
- *بەرێز جۆرج بارستاد، وەزارەتی دارایی.*
- *بەرێز جۆن تیللی، یاریدەری جێگری وەزیری دەرەوە.*

PDF 4 KURD

- بەڕێز فوربس ئادەم، وەزارەتی دەرەوە.
- بەڕێز ئۆلیفات، وەزارەتی دەرەوە.
- کاپتن لاین، بەڕێوەبەری عەمەلیات، وەزارەتی دەریایی.
- پایەدار أ ع ی.أس. منتاجو، ئەندامی پەرلەمان، وەزیری هیند، وەزارەتی هیند.
- بەڕێز ئارسەر هیرزل، یاریدەدەری وەکیلی وەزیری هیند.
- بەڕێز س کاربت، وەزارەتی هیند.
- مارشاڵی ئاسمانی بەڕێز: هیوز ترینجارد، وەزارەتی فڕۆکەوانی، سەرۆکی ئەرکانی فڕۆکەوانی.
- سەرکردەی جەناح جانییر، وەزارەتی فڕۆکەوانی.
- مێجەر أج. یونغ، سکرتێر.(1)

لە ژێر بابەتی کوردستان و ولاّتانی نێوان دوو ڕووبارەکەدا، ڕووداوەکانی ئەم دانیشتنە بەم شێوەی لای خوارەوە بەدیار کەوت: سەرۆك گوتی( واتە کیرزن) بەم کۆنگرەیە سێ یان چوار کۆبونەوەی کردوە بۆ گفتوگۆکردن لە بابەتی کوردستان لە هەر دانیشتنێکدا ئەوان دەگەیشتنە چەند ئەنجامێکی دژ بە یەکتری. ئەمەش لە هەڵەوە نییە کە لە کۆنگرەکەدا سەری هەڵدابێ بەڵکو هۆیەکەی دەگەڕێتەوە سەر ئەو گۆڕانە خێراییانەی کە بەسەر بارودۆخدا دەهات. پێشنیاری یەکەم خرابوە ڕوو (قسە هی سەرۆکە) دامەزراندنی هەرێمێك لە چەند ولاّتێکی کوردی ئۆتۆنۆمی لە دەوروپشتی ویلایەتی موسڵدا. پێشنیارێکی تر لە شوێنی ئەودا چارەسەرکردنی فەڕەنسا بوو کە ئەویش دابەشکردنی کوردستان بوو بۆ دوو هەرێمی دەسەلاّتی بەریتانی و دەسەلاّتی فەڕەنسی. کیرزن لە درێژەپێدانی قسەدا دەڵێ: لە دواکۆبوونەوەدا کە وەزیری هیندی مونتاجۆی تێدا ئامادە نەبوو، کۆنگرەکە بڕیاری دا حکومەتی بەریتانی دەبێ پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ کوردستاندا بپچڕێنێ و خۆی بچەسپێنێ، لە حەوزی ڕووبارەکان. لە پێناوی شوێن پێکەوتنی ئەم سیاسەتە کە خۆی ئارەزوی لێیەتی، هەوڵێك درابۆ پەیدا کردنی چەند نوێنەرێکی بیروڕای گشتی کورد بۆ ڕاوێژکردن لەگەڵیاندا دەربارەی شێوەی حکومەتی ئۆتۆنۆمی کە دەتوانن دایبمەزرێنن یان بیپارێزن لە کوردستانێکی سەربەخۆدا. بۆ ئەمەش چەند لێپێچینەوەیەك نێردرا بۆ ئەستەمبوڵ و بەغداد. نێردراوی پایەدار لە ئەستەمبوڵدا گەیشتە ئەو ڕاستیەی کە شەریف پاشا پیاوێکە دەسەلاّتی پێنەدراوە و ناتوانێ بە نوێنەری بیروڕای کوردی دابنێین. سەرەڕای ئەمەش ڕێگەی خۆی خۆشکردوە لەگەڵ

تورکەکاندا. ئێستا بە ئاشکرا دەردەکەوێ کەسێکی گونجاو نییە کە بتوانرێ بە هۆیــەوە مــافی ئۆتۆنۆمی کوردی ڕێك بخرێ. فەرمانڕەوای شارستانی لە بەغــدا ئەمــەی نووســیوە: کەســێکی کورد نییە شیاوی ئەوە بێ کە لە جیاتی هەموو کوردستان بدوێت. بەم شێوەیە ئێستا ئێمە لە بارێکداین دەتوانین (لورد کیرزن) وا دەڵێ، ئەگەر ئارەزوویان لێبێت کوردستان لە تورکیادا جیا بکەینەوە، بەڵام لە تواناماندا نییە کەسێکی وا بدۆزینەوە کە لــە توانــای دابــێ دەوڵــەتێکی ئۆتۆنۆمی لەم وڵاتەدا دابمەزرێنێت. کۆلۆنێل وڵسن لە بەغدا ناڕەزایی دەربــڕی بــە پچــڕاندنی پەیوەندیمان لەگەڵ کوردستانی خواروودا ئەو گوتی: ئەگەر ئەم ئیدارەیەی ئێستاکە لە موسڵ و سلێمانی و هەولێردا هەیە نەیپارێزین ، لە دواڕۆژدا تەنها کوردستان لە دەست نادەین، بەڵکو هێز و توانامان لە ئێرانیشدا لەناو دەبەین، تا وای لــێ دێ هەرێمــەکانی وڵاتــانی نێــوان دوو ڕووبارەکەش لەدەست دەدەین، بەڵام ئەو واتە کیرزن هەرگیز ناتوانێ ڕێك بکــەوێ لەگــەڵ ئــەم لێکدانەوە و بۆچوونانە... بەڵام پێشنیارێ لە لایەن نوری پاشا و سەعید هاتە بەردەست، کــە ئەو ئێستاکە لە لەندەنە، کە کوردەکــانی کوردســتان زۆر ئارەزوویــان لێیــە و ڕازی دەبــن بــە دەسەڵات دارییەتی شەریف عەبدوڵلا. پاشای پێشووی ئوردون و برای فەیسەڵ پاشای یەکــەم، ئەگەر عەبدوڵلا بکرێت بە سەرۆکی حکومەتی عەرەبی لە بەغداد. ئەو داوا دەکات ـ کیرزن ـ لە کۆنگرە بۆ گفتوگۆکردن ئایا خستنە ناو عەبدوڵلا لــەم شــێوەدا ڕێگــا ئاســان دەکــات بــۆ دەرچوونی حکومەتی بەریتانی لە هەموو گیروگرفتەکانیدا. ئێمەش لەڕاستیدا کاتێ هێزێکمان ناردبۆ بەسرە، نیازی ئەوەمان نەبوو بە شێوەیەکی بەردەوام وڵاتانی نێوان دوو ڕووبارەکە بخەینە ژێر دەسەڵاتی خۆمانەوە. هێدی هێــدی ڕاکێشــراین بــەرەو بەغــدا و هەرێمــە شــاخاوییەکان. ئەوەندەی ئەو شتەی کە پەیوەندی بە کوردستانەوە هەیە. ئەو چارەسەرییەی کــە ئــەو خــۆی ـ یانی کیرزن ـ پێشنیاری دەکات مەبەستی لەوە بــوو پچــڕاندنی پەیوەندییــەکانمان لەگــەڵ ئــەم وڵاتەدا بە شێوەیەکی یەکجارەکی. لە لایەکی تریشــەوە وەزارەتــی هینــد ئــەویش لــە لایــەن خۆیەوە داوای کرد بە دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ کوردستانی خواروودا. لێرەدا ئــەو پرســی ــواتە کیرزن ـ لە کاتی بەدیارکەوتنی ئەوەی کە زۆربەی هەر زۆری دانیشتووانی باکوری وڵاتی نێوان دوو ڕووبارەکە کە داوای عەبدوڵلا دەکەن کە فــەرمانڕەواییان لەســەرا بکــات هــەروەها گەلی کوردستانی خوارووش ڕازین بە فەرمان ڕەواییەکەی، ئەو پرسی لەم بــارەدا ئایــا ئەمــە شتێکی ژیرانەیە بەم توانایە ڕازی نەبین. سیر (ئارسەر هیرزل) گوتی: هەر چەندە بەڕێز ـ بیل ـ سەرۆکێکی عەرەبی ئامادە کرد بۆ وڵاتانی نێوان دوو ڕووبارەکە، ئەو لەم بــاوەڕەدا نییــە کــە

PDF 4 KURD

داوای ئەوە بکات عەبدوڵلاّ ئەم پایەیە بگرێتە ئەستۆی خۆی. (مستەر شکبرە ـ مستەر مونتاجۆ) ڕوونی کردەوە کە لە هەر گفتوگۆیەکی دەربارەی کوردستان ئەوە شتێکی بنەڕەتییە کە بگەینە بڕیارێك دەربارەی چۆنییەتی دور خستنەوەی تورکەکان و هێشتنەوەیان لە دەرەوەدا. شتێکی گرانە چارەسەرکردنی مەسەلەی پەیمانەکە لەگەڵ تورکیادا بە پارچە پارچەیی. چونکە هەر بەشێك پەیوەندی هەیە لەگەڵ بەشەکانی تردا. سەرۆك ڕازی بوو ـ یانی لورد کیرزن ـ کە پێویستە لەم مەسەلەیە بکۆڵدرێتەوە، ئەو لەسەر ئەم بابەتە گفتوگۆی کرد لەگەڵ مستەر فانسیتارن (کە لێپرسراوێکە لە وەزارەتی دەرەوەدا یان سکرتێری لێژنەی ڕۆژهەلاّت) کە دوو پرۆژەی پێشکەش کرد لە بەند و ماددەکانی پەیوەندیدار بە کوردستان بۆ نووسینەوە یان لەگەڵ ماددەکانی پەیمانەکە ـ پاشکۆ ـ بە پێنوسی فانسیتارن لە ژێر ناونیشانی ـ بەندی پێشنیارکراوە دەربارەی کوردستان ـ.[٢] لورد کیرزن بەدەقی یەکەم ڕازی نەبوو، لە دوو پرۆژەکەدا لەبەر دوو هۆکار: یەکەمیان تێدا ناوهێنانی کۆمەڵەی نەتەوەکان، ئەو لەم باوەڕەدایە کە کۆمەڵەی نەتەوەکان هیچ جۆرە بەرپرسیارییەك ناخەنە ئەستۆی خۆیان دەربارەی دوا ڕۆژی کوردستان. دووهەمیان لەم دەقەدا دانان هەیە بە دەسەلاّتی حکومەتی تورکی. پاشان هەریەك لە سیر هیرزل و وەزیری هیند مونتاجۆ قسەیان کرد. سەرۆك گوتی: یەك لە کۆسپە سەرەکییەکان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی نیمچە ئۆتۆنۆمی لەگەڵ ڕاوێژکارە بەریتانییەکاندا ئەوەیە فەڕەنسییەکان بە گەرمییەوە داوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی وەکو ئەو دەکەن لەگەڵ ڕاوێژکارە فەڕەنسییەکان لە کوردستانی باکووردا. ڕاستە فەڕەنسییەکان هەست بە نائومێدی دەکەن بەرامبەر کلیکیا( هەرێمێکی تورکیایە کە وا چاوەڕوان دەکرا بکەوێتە ژێر ئینتدابی فەڕەنسییەکان)، بەلاّم ئەوان بەردەوام مەبەستیان ئەوەیە کە دەسەلاّتیان فراوان بکەن بەرەو ڕۆژهەلاّت و کوردستانی ڕۆژئاواش هەڵلوشن. ئەو یانی کیرزن بە هەموو هێزێکییەوە هەوڵی دەدا کە دەستی بیرتیلو (ئەندامی وەفدی فەڕەنسی و پسپۆڕ لە کاروباری کوردەکان) نەگاتە ئەم هەرێمە. بۆ ئەم مەبەستەش بیانوی ئەوە بوو، هەروەکو کیرزن دەڵێ: ئێمە خۆمان ئامادە دەکەین بۆ کشانەوە لە کوردستان. ئەو دەربارەی ترسەکەی خۆی گوتی: ئەگەر ئێستا بچین بۆ سان ریمۆ و لە هەمان کاتدا گوتمان ئێمە وازمان هێنا لە نیازی کشانەوە، ئەوە ئەبێتە هۆی نارەزایی دەربڕین لە لایەن فەڕەنسییەکان. پاش ئەوە خاوەن پایە ـ مونتاجۆ ـ قسەی کرد، سەرۆك گەڕایەوە و گوتی: کار تێکردنیکی نابەجێ دەبێ ئەگەر ماوەی تورکەکان بدەین فەرمان ڕەوایەتی هەموو کوردستانی باکور بکەن تەنها بەرامبەر ئەوەی ڕێگا

ئاسانکردن بۆ گەڕانەوەی ئاشورییەکان بۆ شوێنەکانیان. ئەمە نرخێکی گەورەیە کە دەیدەین. لەوەش زیاتر ئەمە تەواو لادانێکە لەو قسانەی کە بە فەرەنسییەکان دەڵێین. سەرۆك وا دەبینێ کوردەکان نیازی هێمنی و جێگرییان دەبێ ئەگەر سەربەخۆبن، بەرژەوەندی سەرەکییان ئەوە دەبێ دروستکردنی پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا. پاش ئەوەی جەنەڕاڵ رادکیف و مارشاڵ تریمنجارد و سەرۆك کیرزن قسەیان کرد، مونتاجۆ ڕای خۆی دەربڕی و گوتی: پێویستە فەرەنسییەکان ئاگادار بکەینەوە کە مەسەلەی کوردستان دەبێ چارەسەر بکرێ بە گوێرەی پرۆژەی بەندەکانی پێشنیارکراو کە کۆنگرە دانی پێدا ناوە واتە پاشکۆی ناوبراو، هەروەها پرۆژەی کیرزن. پاشان هەریەك لە کۆلۆنێل کریبوس و بەڕێز فوربس ئادەم و بەڕێز مونتاجۆ و مێجەر یونغ و بەڕێز کاربیت قسەیان کرد. لە دواجارا سەرۆك گوتی: ئەو پێشنیارە هەمە جۆرانە باس لەوە دەکاتەوە کە پێشکەش کرابو لە کاتی گفتوگۆکردنەکاندا. هەروەها پێویستە ئەوەمان لەبیر بێ کە فەرەنسییەکان لەوانەیە چەند داواکارییەك پێشکەش بکەن لە چەند ئیمتیازێکی بازرگانیدا لە هەر کوردستانێکی بەتەواوی سەربەخۆدا. هەرچەندە لە ڕاستیدا بواری ئابووریان تاکو ئێستا هەر لە سنووری کلیکیادا بووە.(٣) لێرەدا دەبێ خوێنەر هەست بەو گۆڕان و پێشکەوتنانە بکات کە پەیدا بووە لە بۆچونەکانی ئەم لێپرسراوانەدا لەگەڵ کۆنگرەی پێشوودا بۆ ئەمجۆرە لێپرسراوانە کە بەسترا لە نیسانی ١٩١٩دا کە ڕوونمان کردەوە لە بەشی نۆیەمی ئەم باسەدا. ئەم جۆرە گفتوگۆیانە هەروەکو ئاشکرایە چەند ڕووناکییەکی تر دەخاتە سەرچارەسەرکردنی پێشنیارکراو و بۆ مەسەلەی کورد. هەروەها لەسەر هەڵویستی هەریەك لە فەرەنسا و بەریتانیا دەربارەیەوە بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندیدارە بە کوردستانی باکوور یان تورکیا. کە بنەڕەتی بابەتەکەی ئەو بەندانەیە کە ئاخنرا بووە بە بڕبڕەی پەیمانی سیڤەری داهاتوو، بەڵام ئەو پرۆژەیەی کە پشتی بەستبوو بە دەقی فانسیتانەوە هەروەکو لە پاشکۆی ناوبراودایە، کە لورد کیرزن پێشکەشی کرد وەکو چەند مادەیەکی پێك بەستراو بە کوردستانەوە بۆتێئاخنینی لە پەیمانەکەدا، ئەم پرۆژەیە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

١. لیژنەیەك هەڵدەستێت کە بارەگاکەی لە ئەستەمبوڵە و هەڵبژێردراوە لە لایەن حکومەتی بەریتانی و فەرەنسی و ئیتاڵی، بە داڕشتنی پرۆژەیەك لە نێوان ٦ مانگ دا. دوای دانانی پەیمانی ئێستا بۆ جێبەجێ کردن و سەربەخۆیی خودمختاری بۆ هەرێمەکانی کە زۆربەیان دانیشتوانی کوردن. کە ئەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ڕوباری فوراتەوە و لە خوارووی سنوورەکانی خوارووی ئەرمینیا. هەروەها بۆ باکوری سنورەکانی باکوری سوریا و وڵاتانی نێوان دوو



PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

ڕووبارەکە و بۆ ڕۆژئاوای سنوورەکانی ئێران و تورکیا. ئەم پڕۆژەیەپڕۆژەیەك لە نێوان ٦ مانگ دا. دوای دانانی پەیمانی ئێستا بۆ جێبەجێ کردن و سەربەخۆیی خودمختاری بۆ هەرێمەکانی کە زۆربەی دانیشتوانی کوردن. کە ئەکەوێتە ڕۆژهەلاتی ڕووباری فوراتەوە و لە خوارووی سنوورەکانی خوارووی ئەرمینیا. هەروەها بۆ باکووری سنورەکانی باکوری سوریا و ولاتانی نێوان دوو ڕوبارەکە و بۆ ڕۆژئاوای سنورەکانی ئێران و تورکیا. ئەم پڕۆژەیە بریتی دەبێ لە دابینکردنی تەواو بۆ ئاسوری و کلدانی و کەمایەتییە ئایینیەکان کە لەم هەرێمانەدا دەژین. بۆ ئەم مەبەستە لێژنەی پێك هاتوو لە نێردراوانی بەریتانی و فەڕەنسی و ئیتالی و ئێرانی و کوردەکان، هەڵدەستن بە سەردانکردنی هەرێمەکە بۆ ئەوەی بزانن ئایا چ پێویستییەك هەیە بۆ هەر گۆڕینێك لە سنووری تورکیادا کاتێ کە لەگەڵ سنووری ئێراندا یەکئەگرنەوە.

٢ـ پێشەکی حکومەتی تورکیا دان دەنێت بە ناوەڕۆکی مادەی پێشوو.

٣ـ ئەگەر لە نێوان سالێکدا ئەوە ڕون بووەوە کە زۆربەی دانیشتوانی ئەم هەرێمە ئارەزووی جیابونەوەیان لە حکومەتی تورکیا هەیە، پێشەکی تورکیا ڕازی دەبێ لە جێبەجێ کردنی بیروڕای لێژنە لەم ڕووەوە وازهێنانی لە هەموو ماف و ئیمتیازاتێکی لەو هەرێمەدا.

٤ـ لەباری بەدی هاتنی ئەم جیابونەوەیەدا، ولاتە هاوپەیمانە گەورەکان هیچ ناڕەزاییەك دەرنابڕن ئەگەر کوردەکانی دانیشتوانی ئەم بەشە لە کوردستاندا کە لە ژێر سنووری مووسلدایە تاکو ئێستاش، ئەگەر بە ئارەزووی خۆیان حەزیان کرد بخرێنە پال ئەو دەوڵەتە کوردیە سەربەخۆیەدا ئەمە چەند پێشکەوتنێکە کە لەپێش و لە کاتی کۆنگرەی سان ریمۆ ڕویدا.(٤)

## ڕێکەوتننامەی سێ لایەن، کە بابەتی دووهەمە

ئەو ڕێکەوتننامەیەیە کە ئەنجامدرا لەلایەن بەریتانیا و فەڕەنسا و ئیتالیادا، دەربارەی بەرژەوەندییە هەمەجۆرەکانیان لە هەرێمی کوردنشیندا. ئەم ڕێکەوتننامەیە زیاتر ئاشکرای دەکات لە هەموو بۆنەیەکی تر ئەو گرنگیەی کە وای لەم ولاتانە کرد بۆ پەیدا کردنی سەربەخۆیی بۆ ئەم هەرێمە. ئەم پەیمانە لە ٢٣ی نیسانی ١٩٢٠بەسترا، وەکو پاشکۆیەك لکێنرا بە بەلگەنامەی ژمارە ١٣ لە بەرگی ٨ی بەلگەنامەکانی سیاسەتی دەرەوەی بەریتانیا، بەم شێوەی خوارەوە:

پاشکۆی (أ) لە بەلگەنامەی ژمارە ١٣

پڕۆژەی ڕێکەوتنامەی سێ لایەنی و زۆر نهێنی.

PDF 4 KURD

حکومەتەکانی فەرەنسی و بەریتانی و ئیتالّی نیازێکی دڵسۆزانەیان هەیە بۆ یارمەتیدانی تورکیا بۆ پەرەپێدانی داهاتەکانی و خۆ دوورخستنەوە لە ڕکەبەری نێودەوڵەتی کە لە پێشوودا ڕێگەی لەم مەبەستانە گرتبوو. لە هاتنەکایەوەی سەربەخۆییەکی خێرایان لە دوارۆژ بۆ کوردستان دانی پیانراوە لە لایەن ئەم ولاّتە گەورە ڕێککەوتوانەدا. ئەوەی کە جێ ئارەزوە لەم بارەیەوە بەردەوام پێش خستنی ئەم ولاّتەیە. هەروەها ڕێ خۆشکردن بۆ یارمەتی سەربازی کە ولاّتەکەی پێویستی پێ دەبێ لە کاتی بەڕێوەبردن و هەروەها دورکەوتنەوە لە ڕکەبەری نێودەوڵەتی لەم بوارەدا. بەهەست کردن بە بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی ئیتالّیا لە خواروی (ئەنادۆڵ) و هی فەرەنسا لە (تلیکیا) و لەبەشی رۆژئاوای کوردستان هاوسنوری سووریا هەتا جەزیرەی ئیبن عومەر، هەروەها هی بەریتانیا ئەو بەشەی کوردستان کە دەکەوێتە ڕۆژهەلاّتی زێی دیجلە، ئەو حکومەتانە لەسەر ئەم بەندانەی خوارەوەدا ڕێك کەوتن:

١. ئەم دەوڵەتە گەورە ڕێککەوتوانە خاوەن توانای یەکسان دەبن بۆ پێکهێنانی هەموو لیژنە نێودەوڵەتییەکان کە تێدا هەیە و دادەمەزرێت. بەرپرسیاری ڕێکخستنی و بەڕێوەبردنی بە ڕێگایەك دەبێ کە بە تەواوی بگونجێ لەگەڵ سەربەخۆیی ئەم ولاّتەدا.

٢. لە بوارەکانی تریشدا هەمان یەکسانی دەپارێزرێت. لە هەر بارێکدا ئەگەر حکومەتی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی ئارەزووی کرد، یان لە بارودۆخی کە بەندی سێیەم بەڕێوە بردنی ناوخۆیان بە پۆلیس بۆسەر ئەو هەرێمانەی کە دانی پیانراوە بۆ ئێمتیازی تایبەتی بەریتانیای گەورە و فەرەنسا و ئیتالّیا، یەك لە دوای یەکدا. ئەم ولاّتە گەورەڕێك کەوتوانە نارەزایی دەرنابڕن بەرامبەر داواکارییەکانی ئەم دەوڵەتە کەدانی ناوە بە چەند ئیمتیازێکی تایبەتی لەم هەرێمەدا و ئەو خۆشی ئەم یارمەتیە دابین دەکات.

٣ـ ولاّتە گەورە ڕێککەوتوەکان هیچ داواکاریەك پێشکەش ناکەن هەروەها پشتگیری داواکاری هاولاّتیانیان ناکەن لەوێدا بۆ بەدەست هێنانی چەند ئیمتیازێکی پیشەسازی یان بازرگانی لەو هەرێمەی کە دانی پیانراوە بە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی یەکێ لەم دەوڵەتە گەورانەدا، بەلاّم لەوێدا هاولاّتیانی هەموو ئەم ولاّتانە یەکسان دەبن لە مەسەلەکانی بازرگانی بە تایبەتی لە بواری ترانسیت و مەکوس و مەسەلەکانی تر وەکو ئەمانە.

٤. ولاّتە ڕێککەوتوەکان یارمەتی دبلۆماسی یەکتری دەدەن بۆ پاراستنی دەسەلاّتیان لەو شوێنانەی کە خاوەن ئیمتیازی تایبەتن،[٥] یەك لە دوای یەکدا. بە پێشکەش کردنی ئەم دەقانە لێپێچینەوە لە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کۆنگرەی سان ریمۆ شتێکی ئاسان دەبێ. لەبەشی حەوتەمی

ئەم باسەدا درێژەی دانیشتنی ئەم کۆنگرەیەمان پێشکەش کـرد کـە بەسـترابوو لـە ١٩ی نیسـانی ١٩٢٠دا. هەروەکو گوتمان بەڵگەنامەی ژمارە ٨ تێبینیەکانی سکرتێری وەفدی بـەریتانی تێـدابوو بۆ کۆبونەوەی ئەنجومەنی باڵای کۆنگرەی سان ریمـۆ کـە بەسـترا لـە ٢١ی نیسـانی ١٩٢٠دا. ئـەم ناونیشانەی تیادا هاتوە، کوردستان:

سەرۆکی وەفدی ئیتاڵی سینور نیتی گوتی: وەفدی بەریتانی ئـارەزووی هـەبوو کـە پڕۆژەیـەکی بژارکراو لەو بەندانە پێشکەش بە ئەنجومەنی باڵا بکات کە پەیوەندی بە دوارۆژی کوردسـتان هەیـە بۆ لێکۆڵینەوەی لەسەری. (ئەم پڕۆژەیە چوار بەندە کە لە سەرەوەدا ختسمانە ڕوو). مسیو بیرتیلـۆ ئەندامی وەفدی فەڕەنسی گوتی: مەسەلەی سنوری کوردسـتان هـەبوو ئـەویش خـاڵێکی ئەوەنـدە گرنگ نییە. وەفدی فەڕەنسی ڕازییە بە پڕۆژەی ئەم بەندانە. لەگـەڵ هەسـتکردن بـەوەی کـە هـیچ جۆرە تەنگیەك یان کەمکردنەوەیەك نییە لە مافە ئابورییەکانی فەڕەنسادا بەو شـێوەیەی کـە بـۆی پاراستووە.

ڕێکەوتنامەکەی سێ لایەنی کە لەسەرەوە باسمان کرد.

پاش گفتوگۆیەکی کورت ئەنجومەنی باڵا لەسەر ئەمانەی خوارەوە ڕێك کەوت:

أ- ڕازیبون بە پڕۆژەی ئەو بەندانەی کە پەیوەندیدارن بە کوردستان کە پێشـکەش کـراوە لـە لایەن وەفدی بەریتانیاوە.

ب- لەهەر بارێکدا ئەگەر لێژنەی کوردستان لە هەر مەسەلەیەکدا سەر نەکەوت لـە گەیشـتن بۆ ڕێککەوتنێکی هەمە لایەنی، پێویستە مەسـەلەکە بـەرز بکرێتـەوە لـە لایـەن لێژنەکـەوە بـۆ سەرۆکانی حکومەتی ئەم وڵاتە.(٦)

لێرەدا دوو ڕاستی بەدەر دەکەون. یەکەمیان ڕازی بـوون بـەو بەندانـەی کـە پەیوەندیـدارن بـە هەرێمی کوردنشینیان، لە لایەن ئەنجومەنی باڵای وڵاتـە گـەورە هاوپەیمانـەکان، هـی دووهـەمیان سـوربوونی فەڕەنسـایە لەسـەر ئیمتیـازە ئابووریـەکانی لـە هـەرێمی کوردنشـیندا بـە گـوێرەی ڕێکەوتننامەی سێ لایەنی باسکراو. تێگەیشتنی ئەمە زیاتر بۆمان ئاسان دەبێ بـە پیاچـوونەوەی ئەو گفتوگۆیانەی کە ئەنجامدران لە کۆنگرەی وەزیران و گەورە لێپرسراوانی بەریتانی لە لەنـدەن کـە چەند شتێکمان لێ پێشکەش کردن لە سەرەوەی ئەمەدا.

تێبینی:

ئەمەی جێی سەرسووڕمانە ناونەهێنانی جوڵانەوەی کەمالییەکان و نەتەوەی تورکە لە کۆنگرەی وەزیران و گەورە لێپرسراوانی بەریتانی کە هەر چەندە لەم کاتەدا کە هاتبووە ناو مەیدانەوە.

PDF 4 KURD

**پەراوێزەکانی بەشی دەیەم:**

(1) (P.R.O) (FO) 371-5068, E 3706/11/44 Inter Depart Mental Conference on Mid. East. Affalrs (Draft Minutes of A meeting held at the foreign office on april 13 the 1920).

(٢) پرۆژەی (فانسینارت) سەبارەت بە ناوچەی کوردی لەگەڵ یاداشتی ناوبراو بەم شێوەیە تۆمار کراوە:

(Appendix A)

(Suggested Clause Relating to kurdistan)

و دەقەکەی بەم شێوەیە:

حکومەتی تورکیا کە بۆ ئەنجوومەنی نەتەوەکان یاداشتامەی ناوبراو جێبەجێ بکرێت بۆ بەخشینی یان ئۆتۆنۆمی بە کوردان کە زۆرینەی دانیشتوانی کوردن و دەکەوێتە خۆرهەڵاتی ڕووباری فورات و باشووری سنووری ئەرمەنستانی باشوور و باکووری سنووری سوریا و تایفەی ئاشووری لە دۆڵی زێی گەورە و ئەم پرۆژەیە لە ماوەی ٦ مانگدا جێبەجێ دەکرێت.

(٣) هەروەها بگەڕێوە بۆ ئەم بەڵگەنامانە تاوەکو شێوازی مەسەلەی ودری ڕوون بێتەوە.

(P.R.O) )FO) 371,6343-4842

(Report on mid – east conferece held in ciro)… (Apendix 10-kurdistan) (march 15, 1921).

(note by the secretary of stae – 3 – kurdistan) p.81.

(P.RO) (FO) 341, 6346-2262

(Paraphrase tele gram from the secretary of state for the colonies…) (24 th. June 1921)

(P.R.O.) (FO) 371, 6343-2262 (E 342)

PDF 4 KURD

(H. Rumbold, british high commisstioner, constantiople, 29 the. Dec. 1920, to the earl curzon). (E… 43) (kurdisth avtvities in constantiople).

(4) Documents on the british foreign policy, 1919-1939, first series, 1920, VOL. VIII, pp. 43-45.

(5) Ibid, (Appendix A) to No. (13) draft of rtipartite agreement(, pp. 141-142.

(6) Ibid, p. 77.

د. احمد عثمان ١١-٨-١٩٨٠

# بەشی یازدەهەم

PDF 4 KURD

ئەم ئەنجامە گرنگانەی کۆنگرەی سان ریمۆ دەربارەی ئەو سیاسەتەی کە پێڕەوی دەکرێ بۆ مەسەلەی کورد لە تورکیادا. کە لە ئەنجامدا خرایە بڕبڕەی پەیمانی سیڤەر بۆ ئاشتی، ئەم ئەنجامانە بە شێوەیەکی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بیروڕا و بۆچوونانەی کە لێپرسراوە بەریتانیاییە گەورەکان گەیاندیانە پێگەیشتن و پوختکردن. لەپێش هەموویانەوە وەزیری دەرەوە لورد کیرزن. ئەویش پاش کارێکی پێشکەوتووانە بۆ لە بێژینگدانی هەمەجۆرە بیروڕا و بۆچوون و ئارەزووەکان لە ماوەیەکی دووروودرێژدا. هەروەکو بەڕوونی دەبینین ئەم لێپرسراوانە دەستیان کرد بە ئالۆگۆڕ کردنی هەموجۆرە بیروڕا و بۆچوونێ و تێگەیشتن بە هۆی کۆمەڵێ لە نامە و نوسراو و تەلەگراف و هەروەها زنجیرە کۆبونەوەکان و کۆنگرەکان و چاوپێکەوتنەکان و باس و لێکۆڵینەوەی دڵسۆزانە. لە سەیرکردنێکی هۆشیارانەدا بۆ ڕووداوەکان و بەرەو پێشەوە چوون و کارەبیرییەکان و هەڵسەنگاندنی دۆخی ڕاستەقینەی خودی و بابەتی کە ئالاون لە هەرێمی کوردنیشندا، بیروڕا و بۆچوونەکان لە هەندێ بواردا یەکیان دەگرتەوە و لە هەندێ بواری تریشدا جیاواز دەبوون، هەندێ جار گونجاون و هەندێ جاریش دژ بە یەکتری. لەبەر ئەوە بەشتێکی غەریب و لەناکاو دادەنرا کە یەکێ لەم لێپرسراوانەی بیروڕای خۆی بە توندی بگۆڕێت، یان بۆی ئامادە بکات بە گوێرەی بارودۆخ یان بە پێی ئەو بیروڕایە نوێیەی کە تازە پێی گەیشتووە، کارەکە بە هەمان شێوە بو کە جیاوازی دا بۆ دەسەڵاتدارەکان. یان بە گوێرەی پلە و پایە و شوێنی دانیشتنیان بوو. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەم ڕاستیانە، چەند نمونەیەکی تری ئاشکراتر دەخەینە بەردەست، کە دەربڕینی هەندێ لەم بیروڕا و تێنەگەیشتنانەیە. لەگەڵ دانانی ئەوەی پەیمانی سیڤەر و بەندەکانی لورد کیرزن کە پێشکەشمان کردن لە بیرمان هەر بمێنێتەوە و لەبەر چاومانا دیاربێ و بەدرێژایی کاتیش زیندوو بێت لە یادماندا. لێرەدا دەبێ ئەوە بڵێین کە زۆر پێویستە بگەڕێینەوە سەر خوێندنەوەی نامە و تەلەگرافەکان یان سێ بەڵگەنامەکەی پەیوەندی دارە بە ئالۆگۆڕکردنی بیروڕا لە نێوان وەزیری دەرەوە. لورد کیرزن و نێردراوی پایەداری بەریتانیا لە قوستەنتنییەدا سێر دی روبیك کە لە بەشی دووهەمی ئەم لێکۆڵینەوەیدا، باسی لێ کراوە. لەوێدا هەست بە بوونی چەند ڕەگێکی ئەم چوار بەندە دەکەین کە لورد کیرزن پێشکەشی کردبوو لە کۆنگرەی سان ریمۆدا لەو قۆناغەدا. بارودۆخ لەو کاتەدا بەخێرایی و سوڕانی تێدایە و لە گۆڕاندا بوو لە ناوەوەی تورکیا و لە قولایی ئەنادۆڵ دا، بیری

نەتەوایەتی کەمالییەکان کە لە کۆتایی هاوینی ساڵی ١٩١٩دا سەری هەڵدا لەم کاتەدا بە وردی حیسابی بۆ دەکرا. وای لێهات کاری دەکردە سەر هەموو لایەکی بارودۆخی سیاسی کوردستانی ناوەڕاست و باکوور و تورکیاش بە شێوەیەکی گشتی کارتێکردنی ئەم بەرەو پێشەوە چوونانە خەریکبوو دیار دەکەوت لەسەر بەردەوامبوونی باسەکان لە ڕێگای پەیمانی ـ سیڤەرـ ەوە، کە هێشتا مەرەکەبەکەی پێی نوسرابوو لەسەر کاغەز وشك نەبوبۆوە، بەڵام هەتا پێش ئەوەش هەموو ناوەندە جۆربەجۆرەکان هەستیان دەکرد بە گرنگیەکی ئەم دۆخە نوێیەی کە لەمەودوا دروست دەبێ بە هۆی گەشەکردنی ئەم جولانەوە تورکیە. بەڵگەنامەی ٢٣ لە بەرگی ١٣دا بەڵگەنامە سیاسییەکانی بڵاوکراوەتەوە. ڕاپۆرتێکی گرنگی تێدایە بە ناوی (یاداشتی سەرکردایەتی گشتی دەربارەی دۆخی تورکیا) کە دەرچووە لە وەزارەتی جەنگەوە بە مێژووی ١٥ی مارتی ١٩٢٠. لە بەشی یەکەمی ئەم یاداشتەدا ئەمەی خوارەوە هاتوە:

**١ـ هۆکارە گشتییەکان:**

**أ. هۆکاری ڕامیاری:**

دەسەڵاتی سیاسی کەوتە دەست نەتەوە پەرستەکان (کەمالییەکان). ئەمە دانپێدانانێکی ئاشکرایە بە پەرەسەندنی هێزی حکومەتی کەمالییەکان، لە هەمان ڕۆژەوە جەڵەوی سیاسی گرتە دەست. هەروەها لە یاداشتەکەدا ئەمە هاتوە:

ب. گەلە دراوسێکانی کوردەکان:

هەست و بیروڕا لە ناو کوردستاندا بەش بەشە و پچرپچرە، گومانی تێدا نییە تورکەکان چالاکی خۆیان لە ناو ڕیزەکانی کوردا فراوانتر دەکەن، ئەمانیش کوردەکان ڕێز لە خەلافەتی عوسمانی دەنێن، بەڵام پارتێکی بەهێز هەیە حەز لە سەربەخۆیی کوردستان دەکات، هەر بڕیارێ ئامانجی دابەشکردنی کوردستان بێ، لە نێوان فەرەنسا و بەریتانیادا، دەبێتە هۆی ئەوە کە ئەم پارتە خۆی بخاتە باوەش پارتێکی لایەنگیری تورکەکان، بەڵام جێی باوەڕ نییە کوردەکان چەند کارێ ئەنجام بدەن لە دەرەوەی سنووری هەرێمەکەیان. وا دەردەکەوێ بە شێوەیەکی گشتی هەموویان ئارەزوویان ئەوەیە کە جیاببنەوە لە تورکەکان. لە یاداشتەکەدا ئەم بیروباوەڕە دەردەبڕێت کە پەیمانی ئاشتی لەگەڵ تورکیا چەند بابەتێکی تێدایە کە تورکەکان بە هیچ شێوەیەك پێ ڕازی نین، تەنها ئەگەر بە هێزی سەربازی بۆی ناچار بکرێت.

هەندێ لە مەرج و پابەندەکان (التزامات):

PDF 4 KURD

ج. وازهێنانی تورکیا لە هەمو ماف و ئیمتیازەکانی لە کوردستاندا، بۆ بەرژەوەندی ولاتە گەورە هاوپەیمانەکان.

د. داننان بە ئەرمینیا: هەروەها دەربارەی کوردستان، ئەمە شتێکی سەختە کە بزانرێ چ جۆرە تەنگ و چەلەمەیەك سەر هەڵدەدا لە ڕێگەی جێبەجێ کردنی بەندەکانی پەیوەندیدار بەم هەرێمەوە لە پەیمانەکەدا. چونکە هەڵوێستی کوردەکان خۆیان جێی دڵنیا بوون نییە، بەڵام لە لایەکی ترەوە ئەوەی ئاشکرایە کە ولاتە هاوپەیمانەکان لە بارێکی وادا نین کە بتوانن هیچ کارێکی سەربازی ڕاستەوخۆ ئەنجام بدەن لە هەرێمەکەدا. پێویستە لەسەر ئەم ولاتانە پشت بەوە ببەستن کە چەندی لە تواناادا هەیە پاڵپەستۆ ئاراستە بکەن لە ئەستەمبوڵ و شوێنی دیکەدا. ئەوەی لێرەدا پێویست بێ هێنانەوەی چەند بیروڕایەکی مستەر (دیانە) کە پێشتر باسمان کردبوو، دەربارەی پوختەی هەڵوێستی کوردەکان لەم دۆخە دروستبووەدا، لەگەڵ دارشتنی پەیمانی ئاشتی لەگەڵ تورکیادا. بەڵگەنامەی ژمارە ١٤٤ لە بەرگی ١٣دا نامەیەکی تێدایە لە لایەن ئەدمیرال سی (دی روبیك) لە ئەستەمبولەوە نێردراوە بۆ ئێرل کێرزن لە رۆژی ٢٨ی ئەیلولی ١٩٢٠. دی روبیك دەڵێ ئەو، یاداشتی ئەم لێپرسراوە دەنووسێتەوە، ئەو یاداشتەی کە بۆتە پاشکۆی بەڵگەنامەی ١٤٤. بە ناونیشانی: (یاداشتێك بە پێنووسی ریان دەربارەی جولانەوەی نەتەوەیی لە ئەنەدۆڵدا) لە مێژووی ٢٣ی ئەیلوول. مستەر ریان دەڵێ: ئێمە ئێستا ڕووبەڕووی دوو مەسەلەی هاوکات دەبینەوە... پەیمانی ئاشتی... هەروەها کوردەکان. بە شێوەیەکی تەواو هۆکارە سەرەکییەکانی ترمان ڕونکردەوە، تەنها ئەم کوردانە نەبێ کە هەندێکیان وایان لێهاتووە لە گرنگی خۆیان کەم دەکەنەوە. زۆربەیان لە لایەنی سیاسیەوە جیاوازیان لەگەڵ تورکەکان نییە. ئەوانە لە بنەڕەتەوە کەوتبونە ژێر دەسەلاتی نەتەوە پەرستەکانەوە، بەڵام ئەوانەی دیکەیان بە چەند شێوەی جیاواز ئارەزووی کوردایەتی و نیشتمان پەروەرییان هەیە، ئەوان شەیدای ئەم ئارەزووانەن بە هەمان ڕێژەش دژایەتی تورکەکان دەکەن. بە شێوەیەکی گشتی ئەمانە یەکگرتوو نین، بەڵام ئەگەر بە دڵنەرمی لەگەڵیان هەڵسوکەوت بکرێ لە لایەن حکومەتی بەریتانیاوە دەتوانرێ بەکار بهێنرێن بۆ ڕێگەگرتن لە جولانەوەی کەمالییەکان و بەلشەویەکان و دژی هێزی ئاژاوەچیان. پێویستە ئەوە بزانین کە ئەوان ئێستاکە دڵیان ئەسوتێن بە هۆی پەیمانی ئاشتی - پەیمانی سیڤەر - ەوە، چونکە پارچەیەکی کەم و تەسك بۆ کوردستان دادەنرێت، سەرەڕای ئەمەش بەشێکی گرنگی ئەم پارچە خاکە تەسکە دەکەوێتە ژێر دەسەلاتی فەرەنساوە، بەڵام لە سەروی هەموویانەوە کوردەکان

PDF 4 KURD

دڵنیا نین لە سنووری وڵاتەکەیان لەگەڵ ئەرمینیادا لە دوا ڕۆژدا، کوردەکان هەڵوێستیان یەکگرتووە دەربارەی ڕازی نەبوون بە دەسەڵاتداریەتی ئەرمەنەکان لەسەر هەرێمە کوردنشینەکاندا. پێویستە لەسەرمان تێبینی ئەوەش بکەین لە نێوان هەموو بۆچوون و هەڵوێست و سیاسی و چارەسەرییە پێشنیارکراوەکاندا بۆ مەسەلەی کورد لە سیاسەتی بەریتانیا، پێشنیاری کێشانەوەی تەواو لە کوردستاندا و پچڕینی هەموو جۆرە پەیوەندییەك لەگەڵ ئەم وڵاتانەدا ئەم پێشنیارە لەم دوادواییەدا کەمترین گرنگی پێدرا، بەڵام ئەو سیاسەتە بوو کە بڕیاردرا پێڕەوی بکرێت لە بەهاری ساڵی ١٩٢٠. لە بەڵگەنامەی ژمارەکراوی (وەزارەتی دەرەوەدا) ٧١، (٥٠٦٨) ٤٤/١١/٢٤٨٦ لە ٣٠ مارتی ١٩٢٠. نامەیەکی تێدایە لە وەزیری دەرەوە بۆ فەرمانڕەوای شارستانی لە بەغداد لە ڕۆژی ٢٣ مارت. وەزیر لە نامەکەدا دەڵێ: حکومەتی بەریتانیا دوبارە دەکۆڵێتەوە لە دوارۆژی کوردستان. دەربارەی ئەوە چەند پێشنیارێك پێشکەش دەکرێت بۆ کۆنگرەی ئاشتی ( پرۆژەی چوار بەندە کەیە وەکو باسمان کرد). ئەمەش بەهۆی زۆر پێویستی چەند لە تواناد‌ا هەبێ بۆ کەم کردنەوەی کاروبار و ئەرکی سەربازی و ڕامیاری هەتا کەمترین ڕادە. لێپرسراوەکان کێشانەوەی تەواویان لاباشترە لە کوردستاندا و هەڵنەگرتنی هیچ جۆرە لێپرسراویەك لە بەڕێوەبردنی هەر هەرێمێکدا ـ حکومەتی بەریتانیا ئامادەیە، ئەگەر کوردەکان حەز بکەن لە تورکیا ڕزگاریان ببێت چەند بەندێك ئامادە بکات بۆ ئەم مەبەستە بۆ پەیمانی ئاشتی لەگەڵ تورکیادا، هەروەها هەموجۆرە پاڵپشتیەکی سیاسیان بکرێت بۆ پاراستنی ئامانجەکانیان، بەڵام لێپرسراوانی بەریتانیا لە توانایاندا نییە زانیاریەکی تەواو بەدەست بێنن دەربارەی ئارەزووی کوردەکان بە شێوەیەکی گشتی. هەروەها بە هۆی نەبوونی نوێنەرێکی باوەڕ پێکراو کە بەرگری بکات لە مەسەلەی کورد لە کۆنگرەی ئاشتیدا. پێشنیارێ پێشکەش کرا ماوەی شەریف پاشا بدرێت، کە ئێستا لە لەندەندا دەژیت، بیروڕای خۆی بەرامبەر ئەم خاڵە دەربڕێت. ئەگەر هات و پەسەند کرا دەتوانرێ داوای نوێنەرایەتی یانەی کورد بکرێت لە ئەستەمبوڵ، لەوێ ڕای خۆی دەربڕێت بێ ئەوەی بیر لە شێوەی حکومەتەکە بکرێتەوە کە لە کوردستاندا دەمەزرێت. هەندێ لەسەنگی باشتری ئابوری بۆ بەریتانیای گەورە پارێزراو دەبێت و دەسەڵاتی بەریتانیاش بە تایبەتی لە کوردستانی خواروودا هەر دەمێنێتەوە. ئەوەی جێی گومان نییە لە نوێنەردا لەم کاتەدا ئەوە تێ گەیشتوە ئەم جۆران جۆرییە لە بیروڕا وا ئەم هەمەجۆرەیەش لە پێشنیارەکاندا، دەتوانرێ بە ئاشکرایی بە شتێکی ئاساییدا بنرێت.ئەویش لەبەر تاڕادەیەك نوێیەتی مەسەلەی کورد و

PDF 4 KURD

بە گەرمی و باسکردنی لە شێوەتازەکەیدا لە ئەنجامی هەرەس هێنانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لە دوای جەنگدا. هەروەها بە هۆی ئەو تەنگ و چەڵەمانەی کەجۆرە گیروگرفت پەیدا دەکا. ئەویش لەم کاتەدا کە ناوچەکانی هێز و دەسەڵات و کارتێکردن هەمەجۆر دەبێ، هەروەها هۆیەکانی دەست تێوەردان زۆر دەبن لە پێناوی پاراستنی بەرژەوەندییە هەمەجۆرەکان، بەڵام یەکێك لە هۆیە دیارەکانی تر بۆ ئاڵۆزکردنی ئەم گیروگرفتە لە تورکیادا بەستنەوەیەکی تارادەیەکی دوور و ناپێویست بە مەسەلەی ئەرمەنەکانەوە کە وڵاتە گەورەکان بە پلەی یەکەم گرنگیەکی گەورەیان پێدەدا لەم قۆناغەی دوای جەنگدا، لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانرێ هەست بە چەند هێڵێکی ڕوون بکەین لەو سیاسەتەی کە بریارە پێڕەوی بکرێت بەرامبەر ئەم گیروگرفتە هەرچەندە ئەم جار وا ڕویداوە، ئەگەر پێشنیارێ پێشکەش بکرێت یان چارەسەریەك بێ ئەوەی نارازی بونێکی لێ پەیدا ببێ یان ڕەخنەگرێ لە نێوان سیاسیە بەریتانییەکان خۆیان، یان لە لایەن فەرەنسییەکانەوە. هەروەها بە تایبەتی لە لایەن عوسمانییەکان و کەمالییە نەتەوەییەکان هەروەها هیتریش لێرەو لەوێدا هەندێ لە هێڵە سیاسیە ڕوونەکان کە وەزارەتی دەرەوە لە لەندەن پێشنیاری کردبوو دەربارەی مەسەلەی کورد دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی ٢٢ی تشرینی دووهەمی ١٩١٩. ئەم هێڵە سیاسییانە نامەیەکی تێدایە کە وەزیری دەرەوە ناردویەتی بۆ فەرمانڕەوای شارستانی لە بەغداد لەهەمان ڕۆژدا. بەڵگەنامەی ژمارە (٩٥) (٦٠٨)، یان (٢٧١) (٤١٩٣) (٢٠٩٩١) گفتوگۆ لەسەر لایەنەکانی ئەم سیاسەتە دەکات، کە بریتییە لە یەکەم: نامە ناوبراوەکە کە لە لایەن وەزیری دەرەوە بوو دەربارەی ئەو سیاسەتەی کە نیازە پێڕەو بکرێت لە کوردستان. هەندێ بیروڕای (مێجەر نوئێڵ)ی تێدا بووە. دووهەم: بەڵگەنامەی وەڵامدانەوە بە ژمارەی ١٤٦٢٩ لە ڕۆژی ٢٧ تشرینی دووەم، لە لایەن فەرمانڕەوای شارستانی ناوبراودا. نامەی وەزیری دەرەوە بەم شێوەی خوارەوەیە:

(لە وەزیری دەرەوە دا بۆ فەرمانڕەوای شارستانی لە بەغدا و ٢٥ی تشرینی دووەمی ١٩١٣): مەسەلەی سیاسەتمان بەرامبەر کوردستان بە هەموو پارچەکانیەوە ئێستا لێرە لە ژێر لێکۆڵینەوە دایە. هەروەها ڕای حکومەتی بەریتانیا ڕوی لە ئەم لایەنەیە کەوا خەریکم ڕوونی دەکەمەوە: ئێمە لە پێنج خاڵی جێگیرەوە دەست پێ دەکەین:

١. ئەوەی پەسەند بێ بە چەند هۆیەکی سەربازی و ڕامیارییەوە، دەبێ سنوورەکانی وڵاتانی نێوان دوو ڕووبارەکە هەتا دەتوانرێ کورت بن.

PDF 4 KURD

٢. لەتواناماندا نییە ئەو سیاسەتە بگرینە بەر، کە چالاکی سەربازی پێویستە لەناوەوە یان لە دەرەوەی ئەم سنوورەدا.

٣. حکومەتی بەریتانیا لە هەر بارودۆخێکدا ڕازی نییە بە ئینتداب کردنی کوردستان.

٤. ئەگەر یەکێ لە دەوڵە گەورەکان ڕازی بوو بە ئینتداب کردنی ئەرمینیا وا نابێ سنوری لای خواروی درێژ ببێتەوە تا سنووری وڵاتانی نێوان دوو ڕووبارەکە.

٥. ناتوانرێ چاوپۆشی بکرێ لە گەڕانەوەی دەسەڵاتی تورکیا بۆ کوردستان.

لە درێژەی نامەکەیدا دەگاتە ئەم قسەیە: یەك لەم دانانە ئەوەیە کە کوردستان وازی لێبهێنرێت لە سەر باری خۆی و پشت بە ڕێگە تایبەتییەکانی خۆی ببەستێت. ئەو مەسەلەیەی کە بەڕاستی سەری هەڵداوە ئەوەیە چۆن دەتوانرێ ئەمە جێبەجێ بکرێت بە شێوەیەکی ڕێکوپێك کە ئارامی و ئاسایش تێدا بپارێزرێت. مێجەر نۆئێلیش ئامۆژگاریمان دەکات لەوەی کە سێ مەرجی بنەڕەتی هەیە:

١. پێویستە دەسەڵاتی تورکەکان لە کوردستان نەمێنێت.

٢. پێویستە ماوە نەدرێت کوردستان دابەش بکرێت (بۆ نموونە، لەگەڵ فەرەنسییەکان)

٣. بە گوێرەی توانا پێویستە سنوورەکان لە ڕۆخ هێڵی بنەڕەتی نەتەوەیی بن.

بیروڕای نوئێڵ ئەوە دەگەینێ کە کوردەکان، ئەگەر بۆ خۆیان وازیان لێبهێنرێ، ئەوا دەبن بە لایەنگری بەریتانیا و پێویستیان بە هاندان و یارمەتیدان نییە لە لایەن ئێمەوە بۆ دەرکردنی تورکەکان. هەروەها ئەو وای لێکدەداتەوە دابەش کردنی ئەم وڵاتانە دەبێتە هۆی بزووتنەوەیەکی نیشتمانی دژی بەریتانیا و دەبێتە هۆی گەڕانەوەی دەسەڵاتی تورکی . ئەوەی پەیوەندی بە کوردستان خۆیەوە هەیە. بیروڕا وایە هاندان بۆ دامەزراندنی یەکێتیەکی فیدراڵی بۆ وڵاتە ئۆتۆنۆمییەکان تاکو ئێستا شتێکە لە کردەوەدایە. هەروەکو لەگەڵتان گفتوگۆمان لەسەر ئەم شتە کرد. هەروەها بیروڕاش وایە خەڵکی کوردستانی باکوور (تورکی) خۆشیان دێت لە بنەماڵەی بەدرخانییەکان. هەروەها لە باری داننان بە سەربەخۆیی ڕامیاری کوردستان. دەبێ ئەو شتەی کە دەیەوەێ بەدەستی بهێنێت (یانی دەسەڵات دارانی بەریتانیا) ئەویش بەهۆی خۆ نزیك کردنەوە لە شێخەکانی ناوەخۆدا. لە وەڵامی فەرمانڕەوای شارستانی لەسەر ئەو نامەیەدا لە ٢٧ی تشرینی دووهەمی تێدا بەو شێوەیە دەڵێت: لە نێوان هەر پێنج خاڵە جێگرەکەدا (ناوبراو) ئەو بە تەواوی لایەنگری دوو خاڵی (١,٣) دەکات، خاڵی چوارەمیش لە سنووری توانای ئەودا گەورەترە، بەڵام ئەو پێویستی بە لێدوان نییە. لێرەدا هەموویان

ئامانجیان بەرپا بوونی ئاشتییە، بەڵام خاڵی پێنجەم ئـەو خـۆی نارازییـە پێـی، ئـەو وای بـۆ دەردەکەوێت ناتوانن لایەنگریەکی تەواو کۆ بکەنـەوە تـا بتـوانن تورکـەکان دور بخەنـەوە لـە کوردستان، ئەگەر بێت کۆنگرەی ئاشتی بڕیاری لەسەر کردنی ئەم کارەدا. هەروەها ئەو لەگەڵ هەر سێ خاڵەکانی مێجەر نوئێل یەك ناگرنەوە. لە لایەکی ترەوە پێویستـە ئـەوەش لـە یـاد نەکرێت کە مەسەلەی ئەرمەنی لە تورکیادا کە هیچ لایەنێك نەیتوانیوە شتێ لە بەرژەوەنـدی ئەودا بکات، لە دواجار خەریك بوو مەسەلەی کوردی گرانبارتر دەکرد، لەڕاسیتدا بـێ ئـەوەی گوناهەکە هی یەکێك بێت، بەڵام جولانەوەی نەتەوەیی کەمالییـەکان ئەمـەی کـردە بنیشـتە خۆشە بۆ پڕوپاگەندەیەکی بـەرفراوان دژی هەولـە بـەجێ و هەقـدارەکانی نیشـتمان پـەروەرە کوردەکان هەروەها دژی بەرژەوەندییەکانی هاوپەیمانـەکان بـە شـێوەیەکی تایبـەتی بـەریتانیا چالاکی لە دژایەتی کردن بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لە تورکیادا بـەردەوام لـە ئـارادا بوو. هەروەها دژی هەر هەوڵێك بۆ نزیك کردنـەوە و تـەبایی نێـوان گـەلی کـورد و گـەلانی دیکەدا. لە ڕووداوە سەرسوڕهێنەرەکانی ئەم کاتـەدا کـە تێـدا دژایـەتی ڕامیـاری هەڵـدەدا، زۆربەی جار بای ڕووداوەکان بە ئارەزووی بەلەمەکانی هەڵناکان. ئـەوە پەیوەنـدی هەیـە بـەو ئاشت بوونەوەیان ئەو ڕێککەوتنەی کە بوو لە نێوان نوێنەرانی ئەرمەن و کوردەکـان، یـان لـە نێوان شەریف پاشا و هەریەك لە بوغوص نوبارپاشا و ئەوهانجیان دا، هەروەکو هەندێکمان لێ باس کرد لە بەشەکانی ڕابـردووی ئـەم لێکۆڵینەوەیـەدا. بـە هـۆی کـارتێکردنی جولانـەوەی نەتەوەیی کەمالییەکان، هەروەکو دەردەکەوێ ژمارەیەکی زۆر لە پیاو ماقووڵ و سەرۆك هـۆزە کوردەکان دەنگی نارەزایی خۆیان گەیاندە نێردراوی پایەداری بەریتانیا لە ئەستەمبوڵ دژی ئەم سەرکەوتنە بێ هاوتایەی کە لە تەبایی و برایەتی نێوان ئەم دوو گەلەوە دێتە بەرهەم. ئەمەش پەندێکـە لـە پەنـدەکانی مێـژووی ئـەو کـاتی کـە پێویستـە بنووسـرێتەوە و بگێڕدرێتـەوە. بەڵگەنامەی ژمارە کراو (٣٧١) (٥٠٦٨) (٢٧٨٦) ئەمەی تێدایە بەناونیشانی: (هەڵوێستی گشتی لە تورکیادا بەرامبـەر ڕێککـەوتنی کـورد و ئەرمـەن). نامـەی نێـردراوی پایـەداری بەریتانیا لە (قستەنتنییە)دا ئەدمیرال سیر (دی ڕۆبیك) بۆ وەزیـری دەرەوە لـە ١٥ی مـارتی ١٩٢٠، ئەوە تێدا هاتووە بە بڵاوکردنەوەی ڕێککەوتنی نێوان شەریف پاشا و بوغـوص نوبـار پاشا بوە هۆی پەیدا بوونی ناڕێکییەتی فراوان لە بۆچوون و بیروڕا لێـرەدا. ئـەو دەڵـێ لەگـەڵ نامەکە یا پارچەیەك لە ڕۆژنامەی (سیفور)ی ئەسـتەمبولی دەنێرێـت، کـە وتـارێکی تێدایـە دەربارەی بیروڕای یەکێ لە ڕەخنەگرە ئەرمەنەکان دژی ڕێك کەوتنەکەیە. هـەروەها سـەرکردە



PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

کوردەکانی لایەنگیری دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی سەربەخۆ گەلێ دڵخۆش بوون بەم ڕێککەوتنەیە، بەڵام نارەزامەندان بە حکومەتێکی کوردی سەربەخۆ گەلێ دڵخۆش بوون بەم ڕێك کەوتنەیە، بەڵام نارەزامەندان (**المعارضة**) زۆربەیان ئەندامانی خێزانی بابان زادە بوون. نێردراوی پایەدار لەگەڵ نامەکەیدا لیستەیەکیش دەنێرێت بەناوی خاوەن حەزومال نووسەکان و ئەوانەی تەلەگرافی نارەزاییان ناردوە لەسەر ئەو کارانەی کە شەریف پاشا کردویەتی بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ سەرۆکە ئەرمەنەکاندا. لە هەر بارێکدا ئەگەر حکومەتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ئارەزووی کرد، یان لە بارودۆخی کە بەندی سێیەم باسی دەکات ئەگەر حکومەتی کوردی ئارەزووی هەبوو لە بەدەست هێنانی یارمەتی دەرەوە لە بەرێوەبردنی ناوخۆیان بە پۆلیس بۆ ئەو هەرێمانەی کە دانی پیانراوە بۆ ئیمتیازی تایبەتی بەریتانیای گەورە و فەرەنسا و ئیتالیا لە دوای یەکدا، ئەم وڵاتە گەورە ڕێککەوتوانە نارەزایی دەرنابڕن بەرامبەر داواکارییەکانی ئەم دەوڵەتە کە دانی ناوە بە چەند ئیمتیازێکی تایبەتی لەم هەرێمەدا و ئەو خۆشی ئەم یارمەتییە دابین دەکات.

٣. وڵاتە گەورە ڕێککەوتووەکان هیچ داواکاریەك پێشکەش ناکەن، هەروەها پشتگیری داواکاری هاووڵاتیانیان لەوێدا بۆ بەدەست هێنانی چەند ئیمتیازێکی پیشەسازی یان بازرگانی لەو هەرێمەی کە دانی پیانراوە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی یەکێ لەم دەوڵەتە گەورانەدا، بەڵام لەوێدا هاووڵاتیانی هەموو ئەم وڵاتانە یەکسان دەبن لە مەسەلەکانی بازرگانی بە تایبەتی لە بواری ترانسیت و مەکوس و مەسەلەکانی دیکەی وەك ئەمانە.

٤.وڵاتە ڕێککەوتووەکان یارمەتی دبلۆماسی یەکتر دەدەن بۆ پاراستنی دەسەتەڵاتیان لەو شوێنانەی کە خاوەن ئیمتیازی تایبەتییە، یەك لە دوای یەکدا بە پێشکەشکردنی ئەم دەقانە لێپێچینەوە لە چۆنیەتی بەرێوەچوونی کۆنگرەی سان ڕیمۆ شتێکی ئاسان دەبێ. لە بەشی حەوتەمی ئەو باسەدا درێژەی دانیشتنی ئەو کۆنگرەیەمان پێشکەش کرد کە لە ١٩ی نیسانی ١٩٢٠ بەسترابوو، هەروەکو گوتمان بەڵگەنامەی ژمارە (٨) تێبینییەکانی سکرتێری وەفدی بەریتانی تێدابووە، بۆ کۆبوونەوەی ئەنجومەنی باڵای کۆنگرەیسان ڕیمۆ کە بەسترا لە ٢١ی نیسانی ١٩٢٠ دا ئەم ناویشانەی تێدا هاتووە:

کوردستان: سەرۆکی وەفدی ئیتالی سینورینتی گوتی: وەفدی بەریتانی ئارەزووی هەبوو کە پرۆژەیەکی بژارکراو لەو بەندانەدا پێشکەش بە ئەنجومەنی باڵا بکات کە پەیوەندی بە دوا ڕۆژی کوردستان هەیە بۆ لێکۆڵینەوەی لەسەری ئەم پرۆژەیە چوار بەندەکە لەسەرەوە خستمانە

PDF 4 KURD

ڕوو، مسیوبیرتیلۆ ئەندامی وەفدی فەرەنسی ڕازییە بە پرۆژەی ئـەم بەندانـە، لەگـەڵ هەسـت کردن بەوەی کە هیچ جۆرە تەنگیەك یـان کـەم کردنەوەیـەك نییـە لـە مافـە ئابوورییـەکانی فەرەنسادا بەو شێوەیەی کە بۆی پاراستوە ڕێککەوتنامەکەی سێ لایەنی کە لە سەرەوە باسمان کرد، پاش گفتوگۆیەکی کورت ئەنجومەنی باڵا لەسەر ئەوانەی خوارەوە ڕێککەوت:

أ — ڕازی بوون بە پرۆژەی ئەو بەندانەی کە پەیوەندارن بە کوردستان کەپێشکەشکراوە لـە لایەن وەفدی بەریتانیەوە.

ب- لە هەر بارێکدا ئەگەر لیژنەی کوردسـتان لـە هـەر مەسـەلەیەکدا سـەرنەکەوت لـە گەیشتن بۆ ڕێککەوتنێکی هەموو لایەنێ، پێویسـتە مەسـەلەکە بـەرز بکرێتـەوە لـە لایـەن لیژنەکەوە بۆ سەرۆکەکانی حکومەتی ئەم وڵاتانە، لێرەدا دوو ڕاستی بەدەردەکەون، یەکەمیان ڕازی بوون بەو بەندانەی کە پەیوەندیدارن بە هەرێمی کوردنشین، لە لایـەن ئەنجومـەنی بـاڵای وڵاتە گەورە هاوپەیمانەکان، هی دووەمیان سوودبوونی فەرەنسا لەمەڕ ئیمتیازە ئابوورییـەکانی لە هەرێمی کوردنشیندا بە گوێرەیی ڕێککەوتنامەی سێ لایەنی باسکراو، تێگەیشتنی ئەمـە زیاتر بۆمان ئاسان دەبێ بە پیاچـوونەوەی ئـەو گفتوگۆیانـەی کـە ئـەنجام دران لـە کـۆنگرەی وەزیران و گەورە لێپرسراوانی بەریتانی لە (لەندەن) کە چەند شتێکمان لێ پێشکەش کردن لـە سەرەوەی ئەمەدا.

**تێبینی:**

ئەوە جێـی سەرسـوڕمانە ناونـەهێنانی جولانـەوەی کەمالییـەکان و نەتـەوەی تورکیـا لـە کۆنگرەی وەزیران و گەورە لێپرسراوانی بەریتانی کە هەر چەندە لەم کاتەدا کـە هـاتبووە نـاو مەیدانەوە،

هەروەها سیر دی ڕۆبیك دەستنیشانی ئەو نامەیـەی دەکـات کـە ژمـارەکراوە ـ٣٠٦١ــ (٢٥٧٥) لە ٢ی مارت دەربارەی هەڵوێستی شەریف پاشا.

PDF 4 KURD

# بەشی دوانزدەهەم

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

ئەم خشتەیە ناوی ئەو سەرۆك هۆزە کوردانەی تێدایە کە تەلەگرافی نارەزایی دەربڕینیان ناردووە دژی ڕێککەوتنی کورد و ئەرمەن، بەم شێوەیەی خوارەوەیە: لە ـ وان ـ ە وە سەرۆکەکان:ـ

ـ یوسف، زەکی، سمبو، قولی خان، جەعفەر، ئیسماعیل، ئەمین، ڕۆستەم، عومەر، سوڵتان عەلی، حەسەن حوسێن، هەروەها ژمارەیەکیش لە پیاوە گەورەکان. ئەمانەش سەرۆکی هۆزەکانی خوارەوەن بە ژمارە:

ـ حەیدەر ئانلی، مازیکە، کارخان، ئورار، (ئورمار)، زیلان، کارخان، ماهوران، دیزی شەمسیکی، نافوری، برونکی، ئەرتو، بیرابیر کاتلی. لە ـ دیاربەکرـ وە سەرۆکەکان:ـ

ـ یوسف، سەید عەلی، حەسەن، کرمۆ یوسف، پاشا بەگ، جارئۆغلۆ، ئەیوب جیجك، جەعفەر و لێژنەی ـ کۆمیتەی بەرگری لەماف ( ویلایەتەکانی ڕۆژهەلأت). ئەمانەش سەرۆکی ئەم هۆزانەی خوارەوە:ـ

ـ کیرجالی ئۆشاغلی، عەشیرەتی عەباسی، زول، شادلی، بالابانلی، بال، زیشانلی، جەعفەرلی، لە ـ ترجان ـ ەوە سەرۆکەکان:ـ

ـ بەگ، حوسێن، حوسێن، کەریم.

ئەوانەش سەرۆکی ئەم هۆزانەن:

کورشانلی، منکویلی، جازکیویلی، شادانلی.

لە (ئەزرنجان)ەوە سەرۆکەکان:ـ

ـ زیزا، سەرۆکی شارەوانی، هەروەها هەندێ لە پیاوە ناودارەکان.

لە (قورجای)ەوە، سەرۆکەکان:ـ

ـ حوسێن و یوسف بەناوی دانیشتوانی کوردەکانەوە.

لە (عەزیز)ەوە سەرۆکەکان:

ـ خەلیل، حاجی کهیا، عەلی، محەمەد، عومەر، حسێن و هەروەها هەندی لە پیاوە دیارەکان.

PDF 4 KURD

ئەوانەش سەرۆکی ئەم هۆزانەی خوارەوەن:

باریجیکیان، ئیزارلێ، زیقی، سعرت، ئەلوەدی، سەرۆکی کۆمەڵەی (تەعالی) کورد.

لە (حەسەن قەڵا)وە، سەرۆکەکان:

بیکیا(نەوەی ئەحمەد پاشا)، حەیدەر و مستەفا بەهجەت، باتاڵ، حەسەن بەگزادە ئەرسەلان، کۆلۆنێل موحەمەد بەگزادە کەریم، رەشید.

ئەمانەش سەرۆکی ئەم هۆزانەی خوارەوەن:

ـ زیلان، جەلالێ، حاجی قیانای، سادانلی، مابجافاتلی، سودانلی.

لە (بایەزید)ەوە سەرۆکەکان:

ـ مێجەر ئیبراهیم، نەبی عەلێ، دەروێش.

ئەمانەش سەرۆکی ئەم هۆزانەی خوارەوەن.

ـ جەلالی، کاشودانلی، حەیدەر نانلی، کاجیلانلی.

لە (مەلاتیە)وە سەرۆکەکان:

ـ جنون زادەمالو، موحەمەد حائری، بیرام، حەسەن.

ئەوانەش سەرۆکی ئەم هۆزانەی خوارەوەن:

ـ سونیان، عیسولێ، بالان، بالیان.

لە (دیاربەکر)ەوە:

ـ لیژنەی بەرگری مافی (ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵات).

لە (بەشیری)ەوە:

ـ عبدالقادر سەرۆکی هۆزی ماستان، عوسمان و گەنجۆ لە هۆزی ماستان.

لە (مدیات)ەوە:

ـ عوسمان سەرۆکی هێزی نیشتمانی، حەمدی، سەرۆکی شارەوانی.

لە (نەسیبین)ەوە، سەرۆکەکان:

ـ عبدالقادر، سەرۆکی شارەوانی، فەقیرالله، موفتی، سرخان، عومەر، ئەحمەد، هەروەها ژمارەیەك لە پیاوە دیارەکان.

ئەوانەش سەرۆکی ئەم هۆزانەی خوارەوەن:

ـ جیموقی، همکیان، جومران.

لە (ئەرغنی)ەوە:

PDF 4 KURD

ـ مەحمود ـ سەرۆكی شارەوانی، هەروەها ژمارەیەك لە پیاوە دیارەكان.

لە (ئەشكرد)ەوە:

ـ زەكی، ئیبراهیم عەلی، عەبدولمەجید ـ سەرۆك هۆزن.

لە (كیماخ)ەوە، سەرۆكەكان:

ـ حوسێن فەهمی، ئاغادادا، موحەمەد، مەزهەر.

ئەمانەش سەرۆكی ئەم هۆزانەی خوارەوەن:

ـ قۆجكیری، شادڵی، كلبابی، مەقسود ئوشاغلی(لە دەرسیم).

لە (قەراغ لیسە)وە ئیبراهیم سەرۆك هۆزی ئیمانلی، عەلی سەرۆك هۆزی نەیران، هەندێ پیاوی دیاری هۆزەكان.، سەرۆكەكان:

ـ عەبدولعەزیز، شێخ سوریی جیجانی، موحەمەد عەلی، هەروەها هەندێ ـ لە پیاوە دیارەكان ـ ئەوانەش سەرۆكی ئەم هۆزانەی خوارەوەن:

ـ جینلی، بروسان، سیفاكی.

لە (سیفریك)ەوە سەرۆكەكان:

ـ مستەفا، سەعدون، عەبدولقادر، روشدی، جودی ـ سەرۆكی كومیتەی بەرگری لە ماف، ڕەزا ـ سەرۆكی شارەوانی ـ عوسمان، موفتی.

ئەوانەش سەرۆكی ئەم هۆزانەی خوارەوەن:

ـ بناهاتیب، توركمان قراكیج، كمركی.

لە (ویران شەهر)ەوە:

ـ مەحمود ئیبراهیم پاشازادە، سەرۆكی هۆزەكانی میللی بە ناوی كۆمیتەی بەرگری لە ماف (ویلایەتەكانی ڕۆژهەلاّت).

لە (دیریك)ەوە سەرۆكەكان:

ـ كازم ـ موفتی، حەسەن ـ سەرۆكی شارەوانی، مەحمود، دەروێش، سەعدون، هەروەها هەندێ لە پیاوە دیارەكان.

ئەوانەش سەرۆكی ئەم هۆزانەی خوارەوەن:

ـ دشتكور، مازویراغ، مشكیتان.

لە ( بالو)وە سەرۆكەكان:

ـ موحەمەد، ئەرسەلان، بیكو، فارس، مەلا ئەحمەد، مەحمود، عەلی، رەشید، عەلی.

PDF 4 KURD

ئەوانەش سەرۆکی ئەم هۆزانەی خوارەوەن:

ـ قرابیکیان، قراجور، مزروعات، کیوکراسە، فیشین، ئاشمان، سیوان، ترون باحرات، بولانیك.

لە (ماردین)ەوە سەرۆکەکان:

ـ محەمەد عەلی، ئیبراهیم عوسمان، قازا، حەسەن هەمزە، عەبدولرەزاق، یاسین، ئەمین، رِەفعەت، سەرۆکی شارەوانی، هەروەها هەندێ لە پیاوە دیارەکان. ئەوانەش سەرۆکی ئەم هۆزانەی خوارەوەن:

ـ کیکی، ملی، هالیمان، دوکود، میراستان، ئوریسی و بافیلان، مشکین داشیلر، لە (سلیفان) ـ عەبدولرەحمان ـ سەرۆکی کۆمیتەی بەرگری لە ماف و هەروەها هەندێ لە پیاوە دیارەکان.

لە (مسافیر)ەوە:

ـ حەمۆ، سەرۆکی هۆزی راشد، ئەحمەد سلێمان سەرۆکی هۆزی شمکیان، ئەحمەد سەرۆکی هۆزی پرمان، هەروەها هەندێ لە پیاوە دیارەکان.

لە (حصن مەنسور)ەوە سەرۆکەکان:

ـ جەمال بەهادین، حاجی ئوزرزادە ئەمین، شێخ حوسێن، عەلی ئاغازادە ئوزد، بوغازادە موحەمەد، هەروەها هەندێ لە پیاوە دیارەکان.

ئەوانەش سەرۆکی ئەم هۆزانەی خوارەوەن.

ـ رِەشوان، ماریر، یاسکلی، خزردیا، کیافی.

لە (کیاختی)ەوە:

ـ حاجی حوسێن ئاغا بەدرەدین، سەرۆك هۆزەکانی زرارکیان کلارورەشوان.

(ناوی ئەمەیان هێناوە بەبۆنەی پەنا بردنی مێجەرنوئێلّ بۆلای، پاش نەچوونە سەری گەشتەکەی)

فکری، سەرۆکی هۆزی جالیك، حاجی ئوزرئاغا ئەمین، سەرۆکی هۆزی مارفیلد هەروەها هەندێ لە پیاوە دیارەکان.

لە (حەسەن قەلاّ)وە:

ـ بادوهی، سەرۆکی هۆزی ماجدانلی، مەقسود ئاغازادە حەسەن، سەرۆکی هۆزی سوسە.

لە (مەدیات)ەوە:

PDF 4 KURD

ـ حەمدی، سەرۆکی شارەوانی، شاکر موفتی، لیژنـەی بـەرگری مـاف، خـەلیل سـەرۆکی هۆزی ماحالمی، هەروەها هەندێ لە پیاوە دیارەکان و سەرۆك هۆزەکان.

لە (دەرسیم)ەوە:

ـ جەمیل، سەرۆکی شارەوانی، هەروەها هەندێ لە پیاوە دیارەکان.

لە (معدن)ەوە:

ـ یوسف، سەرۆکی شارەوانی، تۆفیق، سەرۆکی هۆزی بـارفیج، محەمـەد سـەرۆکی هـۆزی عیسۆلّی، محەمەد عەلی، سەرۆکی هۆزی جیمارات، رەشید سەرۆکی هۆزی پوکات، هـەروەها هەندێ لە پیاوە دیارەکان.

## یەکیەتی کۆنفیدرالی و چەند چارەسەرییەکی دیکە:

لە کات و لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانیدا تا ڕادەیەك زوو وەختـانێکی چـەند بـیروڕا و تێگەیشتنێ سەریان هەلّدا لەوانە وەکو یەکێتی کۆنفیدرِالّی، ئەم چەمکەش ـ یەکێتی فیدرِالّی ـ وەکو دەربرِینی بوو لە جێبەجێکردنی یان دامەزراندنی دەولّەتێکی کوردی سـەربەخۆ، وەکـو چارەسەریەك بۆ مەسەلەی کورد، ئەم بـاوەڕە تاڕادەیـەك هـەموو جـۆرە بـیروڕا جیاوازەکـانی لایەنەکانی لەسەر ڕاستییەتی و گرنگییەکـەی کـۆ ببـۆوە هـەروەکو لـەڕابردوودا ئەمانـەمان ڕوونکردبۆوە. لەو کاتەدا لە ڕاپۆرتی ـ ئەفسەری سیاسی ـ سیر بیرسـی کۆکسـی ناسـراو لـە سالّی ١٩١٧دا ئەمەی خوارەوە هاتوە:ـ

پاش ئەوەی بەغدامان داگـیر کـرد لـە مـارتی ١٩١٧، ئەمـە بـوە شـتێکی حـەتمی لای خەلّکەکە ڕونببۆوە کە ئێمە لێپرساویەتی دەگرینە دەست، هەتا سـنوورەکانی تورکیـا بەمـە گەلێك دلّخۆش ببوون.

بە شێوەیەکی گشتی هۆزە کوردەکان لەو باوەڕەدا بوون کاتی ئەوە هاتووە سـەر و سـیمای نەتەوایەتی خۆیان پیشان بدەن. هەروەها بیری مـافی ئۆتۆنـۆمی بـۆ کـورد کـە خرابـووە نێـو دەستووری عوسمانییەوە، وروژایەوە و بە شێوەیەکی فراوان سەری هەلّدایەوە.[1] مێجەر نوئێـلّ گەیشتە سلێمانی لە ١٦ی تشرینی دووەمی ١٩١٨ـ (نەك لە ڕۆژی ـ ١٨دا کـە لـە ڕابـردوو باسکراوە، ئەمـەش نووسـراوەتەوە لـە تەلەگرافـەی کـە لـەوێوە نـاردبووی ڕاسـتەوخۆ دوای گەیشتنەکەی لە تەلەگرافی فەرمانگەی ڕامیاری لە بەغدادا ژمارە کراو ٩٩٢٧ واهـاتووە کـە

PDF 4 KURD

میجەر نوئێل لە سلێمانیەوە تەلەگرافێکی نارد، کە لە ڕۆژی ١٦ی تشرینی دووەم بەم شێوەیەی خوارەوە:ـ

ئەمڕۆ کە گەیشتمە سلێمانی. وەکو پاشایەك پێشەوازیم لێکرا. ئەوانەی لە لادێ وە هاتبون بەدرێژایی ڕێگە وەستابوون، نیشانەی دڵخۆشییان بە هاتنمان پیشاندا. نوئێل لە تەلەگرافەکەی دا لەسەری ئەڕوا و دەڵێ: من تەنگ و چەڵەمەیەکی زۆر نابینم لە دواڕۆژا لە ڕێگەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لەژێر چاودێرییان و دەسەڵاتداریەتی ئەفسەرە سیاسییەکانماندا، بە مەرجێ چەند کارێکی پێویست بە خێرایی ئەنجام بدرێت. هەر هیچ نەبێ جولانەوەکە لە سلێمانیدا پەرەی سەندوە، فەرمانگەی ڕامیاری لە تەلەگرافەکەیدا کە دەست نیشانی ناوەڕۆکی تەلەگرافی ـ نوئێڵ ـ ی کردوە زیاتر دەڵێ: نوئێڵ پێمان دەڵێ هەر ئێستا دەستبەکاربین بۆ دامەزراندنی جولانەوەیەکی وەکو ئەو لە هەندێ هەرێمەکانی کوردنشین لە باکوری مووسڵدا. ئەم پێشنیارە ئێستا کە لە ژێر لێکۆڵینەوەدایە، نۆئێل هەوڵ دەدات بۆ ڕێکخستنی کۆنگرەیەك بۆ پەنجا هەتا شەست سەرۆکی کورد لە سلێمانی، لە کۆتایی ئەم مانگەدا، کە فەرمانداری شارستانی خۆی تیایدا ئامادە دەبێ.[٢] لە تەلەگرافێکی هەمان فەرمانگەی سیاسیدا، مانگێك پێش ئەم ڕۆژە، یانی ١٦ی تشرینی یەکەم، بۆ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا لەژێر ژمارەی ـ ٩٧٤٥ـ دا باسی گرنگی داگیرکردنی ـ مووسڵ ـ دەکرێت. ئەمەش دەبێتە هۆی توانینمان بۆڕێکخستنی کوردستان و دامەزراندنی یەکێتی کۆنفیدراڵی کورد سەربەخۆ لەدەست ڕژێمی تورکیادا.[٣] هەروەك دەردەکەوێ، بەم شێوەیە باسی ئەم چەمکە بۆ یەکەمین جار دەکرێ لەو بەڵگەنامەنەدا، واتە یەکێتی کۆنفیدراڵی. لە تەلەگرافێکی تری ئەفسەری سیاسی لە بەغداد لە هەمان ڕۆژدا ١٦ی تشرینی دووەم. ئەمەی تێدا هاتووە: بۆ بینینی ئەفسەرە سیاسییەکان لە ١٣ی تشرینی دووەم بە فڕۆکە سەرم دا لە خانەقین و کفری. هەموو ئارەزووی داگیرکردنی سلێمانیان دەرکرد بە کەم هێزێکەوە بۆ نەهێشتنی ئاژاوە. هەروەها کۆمەڵێ لە خێزانە کوردەکانی پەرت و بڵاو بە بەغدا و دەوروبەریدا ئەمڕۆکە هاتنە لام بۆ ئەوەی حکومەتی بەریتانیا هان بدەن بۆ ئەوەی شتێ بۆ کوردستان بکات بەڵکو بەرەوپێشەوە بەرێت. ئەویش بە هۆی کوردستان خستنە ژێرچاودێری خۆیەوە. یەکێ لەم سەرۆکانە پێشنیاری دامەزراندنی یەکێتی فیدراڵی کرد و ئەوانی تریش بە گەرمییەوە لایەنگریانکرد. ئەم سەرۆکە گوتی: فەرەنسییەکان لێهاتوونین، تەنها حکومەتی بەریتانیا دەتوانێ ئەم کۆنفیدراڵییە دابمەزرێنێت بە مەرجێ هەموو دانیشتووانی کوردنشین

بکرێتەوە.[٤] ئەم دوا داواکارییەی وەفدی خێزانە کوردەکان لە چوارچێوەیەکی مێژووییدا گرنگ و لەڕاستییەوە نزیك بوو. لەبەر ئەوەی زۆربەی کوردەکان لە کوردستانی ناوەڕاست و باکوردا ژیان دەبەنە سەر یان لە کوردستانی تورکیا، بەڵام مێژوونوسی بەناوبانگ ئەرنۆلّدتوینبی کە فەرمانبەرێك بوو لە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا لەوێ لەسەر تەلەگرافەکەی ولّسن دا قسەیەکی کرد کە ناتوانرێ هەموو کوردەکان کۆ بکرێتەوە لەم یەکێتییە فیدراڵییەی پێشنیار کراوەدا. بۆ نموونە: ناتوانرێ هەموو کوردەکانی ـ چیای ئارارات و کیلیکیا ـ کۆبکرێنەوە لەبەر چەند هۆیەکی جوگرافی. بەگوێرەی بیروڕای ئەو کوردستان وەك یەکێتییەکی سیاسی ڕێکخراو بە پێی هێڵی نەتەوایەتی پێویستە تەنها لەو هەرێمە بێ کە دەکەوێتە باشوری ڕۆژهەڵاتی هەر دوو زێی دیجلە و بۆتان. زێیەکە لە توریکا، یەکێکی تریش ـ لەوانەیە یونغ، یان کروستوندا بێ ـ. لەسەر ڕایەکەی توینبی دواو و گوتی: ئەم پارچە خاکە گەلێ بچووکە، ئەمەش لە هەمان بەڵگەنامەدا بوو لە ڕۆژی ١٩١٨/١١/٢١ دا. لە هەمان کاتدا لێپرسراوە بەریتانیاییەکان لە هەموو جۆرە پلەوپایە و شوێنێکەوە لە لەندەن و ئەستەمبوڵ و جێگەیتردا، سەرگەرمی لێکۆڵینەوە بوون لە بارودۆخی هەرێمی کورد لە هەموو لایەنەکانییەوە، هەموجۆرە پێشنیارێك و چارەسەرییەکیان پێشکەش دەکرد دەربارەی مەسەلەی کورد. لەوانە مەسەلەی کوردستانی تورکیا کە بابەتی بنەڕەتی ئەم باسەمانە. فەرمانگەی ڕامیاری لە وەزارەتی هیند لە لەندەن لە ڕۆژی ١٤ی کانونی یەکەمی ١٩١٨دا یاداشتێکی گرنگی پێشکەش کرد سەبارەت بە کوردستان، لە ئامادەکردنی (جی، ئەی، ئێس).[٥] ئێمەش ئەم بڕگانەی خوارەوەی لێوەر دەگرین:ـ

٣ـ مەسەلەی کورد بە هەموو لایەکییەوە بەستراوەتەوە بە مەسەلەی ئەرمەنەوە، ئەوەش مانای ئەوەی نییە چونکە ئەرمینیا هەرێمێکی دەسەڵاتداری پێك دەهێنێت لەبەر ئەمە حکومەتی فەرەنسا بۆ بەرژەوەندی خۆی پێی ڕازییە لە جیاتی وازهێنانی لەداوا کارییەکانی لە ویلایەتی مووسڵدا. هەروەها چەندان شوێنی دیکە، بەڵکو بۆ هۆیەکی گشتی ئەویش ئەوەیە کە ناتوانرێ مەسەلەی ئەرمەن چارەسەر بکرێ بە شێوەیەکی باشتر، ئەگەر جۆرە ئاشتبونەوەیەك نەبێت لە نێوان کورد و ئەرمەندا. هەروەها یاداشتەکە دەگاتە ئەم قسەیە:ـ

لە هەمان بابەت، واتە پەیوەندی نێوان مەسەلەی کورد و ئەرمەن، کاپتن ولّسن دەستنیشانی کردبوو لە تەلەگرافەکەی ٢٧ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨دا. کە تێیدا سووربوو لەسەر پێویستی بەدی هێنانی ـ یەکێتی فیدراڵی کوردی ئازاد کراو لە ژێر دەسەڵاتی

PDF 4 KURD

تورکەوە. ئەوەی دەمەوێ بۆ دەوڵەتی ئەرمەنی سەربەخۆ، کە بەریتانیا نیازی وایە دایبمەزرێنێت، دەبێ بەختێکی زۆری هەبێ لە مانەوەدا. یاداشتەکە دەگاتە ئەم قسەیە:ـ

٤ـ چارەسەرییەکی گیروگرفتەکە بە پێڕەوی دەوڵەتی کوردی دامەزراویان یەکێتی کۆنفیدراڵی لە ژێر چاودێری بەریتانیادا دەبێتە هۆی شادییەکی گشتی بۆ هەموو دانیشتوانی هەرێمەکە.

٥ـ کۆلۆنێل وڵسن لایەنگیری خستنە سەر کوردستانی ناوەڕاست یان باکوور بۆ یەکێتی فیدراڵی کوردستانی باشور ناکات.

٦. ئەوەی ڕوونە، لای کەمی ئەوەندەی شتە کە پەیوەندی هەبێ بە کوردستانی باشورەوە. دانیشتووان خۆیان خەریکی ئەوەن چارەنووسی خۆیان دیار بکەن، بێجگە لە چەند نارەزامەندی نەبێ، ئەم ڕێگەیەیان هەڵبژارد کە بۆخۆیان کۆنفیدراڵییەکی سەربەخۆ پێك بهێنن لە ژێر ڕێنمایی بەریتانیا، بەڵام گیروگرفتەکان لەگەڵ فەرەنسادا هەر دەمێنێتەوە. لە ڕاپۆرتی مێجەر نوئێل کە پێشتر باسمان کردبوو، ئەو ڕاپۆرتەی لە بەڵگەنامەکاندا ناوی لێنرا بوو ـ پاشکۆی٨ ـ ئەمە هاتوە لە ژێر ناونیشانی ـ تێبینی ئەفسەرێکی سیاسی لە سلێمانی ـ دا دەربارەی دۆخی سیاسی لە کوردستاندا ـ (٦). ئەمەی خوارەوەش هەر لەم ڕاپۆرتەدا هاتوە:

(کوردستان هەموی ئەم هەرێمانە بگرێتەوە کە زۆربەی دانیشتوانی کوردن. ئەگەر ڕەزامەندی پیشان بدرێ بەرامبەر ئەم پێشنیارانە، ئەوا سود و بەرهەمەکانی کۆنفیدراڵی کورد دێتە دی لە ڕێگەی تەبایی و ئاشتبونەوە و جێگربونی هیوا و ئاواتەکانی نەتەوەیی دا.

PDF 4 KURD

**پەراوێزەکانی بەشی دوازدەهەم:**

(1) Pro (FO) (371) (3407) (XC/A/3785) (From Civil commissioner, Eaghdad, to India office), Dated 7th. Dec. 1917.

(٢) بە شێوەیەکی فیعلی ئەم کۆنگرەیە ئەنجامدرا (ولسن) تیایدا ئامادە بوو کە بە فرۆکە سەردانی سلێمانی کرد، ڕۆژی ١٢/١ کە پێشتر ڕوونمان کردەوە.

- Pro (FO) (371) (3385), (191848) (747) (Nov. 20th , 1918).

(3) Pro (FO) (371). (17606).

هەروەها ئەمە بخوێنەوە.

Pro (FO) (371) (3385) (174037) (69427)

(4) Pro (FO) (371) (3385), (191474) (747)

(5) Pro (FO) (371) (3386), (207981) (747) (Note By political Department India office) (Dec> 18th, 1918) (j.E.S.)

(6) Pro (FO) (371) (4149) (H.325), (Enclosure No. 8) (Note By political offiecer, Sulaimaniya in Regard to the political status of Kurdistan)

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

# بەشی سیانزەهەم

PDF 4 KURD

**بیروڕای سەرکردایەتی بەریتانیا لە میسر:**

لە بەشی نۆیەمدا بە شێوەیەکی سەرپێی باسی ئەوەمان کرد کە سەرکردایەتی بەریتانیا لە میسر ئەویش بیروڕایەکی هەیە دەربارەی مەسەلەی کورد. لێرەدا پێویستە لەسەرمان هەندێکی دیکەی ئەم شتە ڕوون بکەینەوە. بەڵگەنامەی ناولێنراو (وەزارەتی دەرەوە) (٣٧١) (٤١٩٨) (٠٧١١٥) لە ژێر ناونیشانی (کۆنگرەی فەرمانگەکانی میری دەربارەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست)( تێبینیەکی دیکە) (دۆخی کوردستان)[1] باسی درێژەی ئەو شتانەی کردبوو کە ڕوویدابوو لە کۆبونەوەی ئەم فەرمانگە میریانەدا، کە دەستنیشانی زۆر کۆبونەوەیان کرد. لەوانە ئەوەی کە بەسترا لە نیوەی دووەمی مانگی ئەیلوولی ١٩١٩دا. ئەم بەڵگەنامەیە بەشێوەیەکی کەمێ درێژ ئەو باسانە دەخاتەڕوو کە لەوێدا لێدوان، ئەمەی خوارەوەی تێدا هاتووە: لە کۆبونەوەی بیست و نۆیەمی کۆنگرەی فەرمانگە میریەکانی بەریتانیا دەربارەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کاتێ بڕیاردرا دوان لەسەر ڕامیاری حکومەتی خاوەن شکۆ دەربارەی کوردستان. دەبێ بە چاوەڕوان کردنی گەیشتنی مارشاڵ لۆرد لبنی ـ ئەمە سەرکردەیەکی سەربازی بەریتانیای بەناو بانگە لە جەنگی جیهانی یەکەمدا ـ بچێت بۆ لەندەن. لەو کاتەوە هەڵوێست لە دوو لایەنی گرنگەوە گۆڕانی بەسەردا هات. یەکەمیان : ڕێکەوتن نامەیەك مۆرکرا لە نێوان هەر دوو حکومەتی بەریتانیا و فەرەنسا بە پێی ئەمە پێویستە لەسەر هێزەکانی بەریتانیا بکشێنەوە بۆ دواوەی ئەو هێڵەی کە درێژ دەبێتەوە لە زێی فوراتەوە بەرامبەر کەناری لای ڕاستی (خاپورسو) زێی خاپور، هەروەها جفجغ سو(زێی جفجغ). بۆ ئەو شوێنەی کە زێی دووهەم لێك دەداتەوە لەگەڵ دۆڵی (عراد)، لەوێوەش لەگەڵ سووڕانەوەی زێی دیجلە بۆ ڕۆژئاوای جەزیرەی ئیبن عومەر، هەروەها بەدرێژایی کەناری لای ڕاستی دیجلە هەتا (نیل). (بۆ یەکەمجار ناوی ئەم ڕێکەوتننامەیە بە ئاشکرا باسی لێوە دەکرێت لە بەڵگەنامەکاندا.)

دووەمیان: مێجەر نوئێڵ و کۆلۆنێل بیل کە خۆیان ئامادە دەکرد بۆ گەشتێکی نێو هەرێمەکانی کوردنشینەوە کە کەوتونەتە ژێر دەسەڵاتی بەریتانیاوە لە سوریا و وڵاتانی نێوان دوو ڕووبارەکە. بەهۆی نارەزامەندی لایەنگرانی مستەفا کەمال، لەم کاتەدا ناچار بوو واز لە پرۆژەی ئەم گەشتەی بهێنێت. (باسی ئەم گەشتەمان کرد کە لە ١٣ی ئەیلوول پچڕاند). مەسەلەی یەکەم کە پێویستی بە بڕیارێ هەیە ئەو کارتێکردنەوەیە کە بەدیار دەکەوێ لەسەر

مەسەلەی کورد بە هۆی بڕیاری کێشانەوەی هێزەکانی بەریتانیا لەو هەرێمەی کە دەکەوێتە ڕۆژئاوای هێڵی نوێوە. تا ئێستا ڕوون نەبۆتەوە ئایا کێشانەوەی هێزەکانی بەریتانیا دەبێتە هۆی فراوان بوونی دەسەڵاتی فەڕەنسا تا ئەم هێڵە. ئەگەر ئەمە وابوو، هەر هەوڵ و هاندانێك بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی ئۆتۆنۆمی لە تورکیا وەك یەکگرتنێکی ڕامیاری لە ژێر دەسەڵاتی وڵاتێکی گەورەی ئەورووپا دەبێ وازی لێبهێنرێ. ئەوە دەمێنێتەوە گەیشتن بە بڕیارێك کە پێویست بێ لەسەر حکومەتی بەریتانیا پتر گرنگی بدات بە مەسەلەی کورد و ئەرمەن لەو هەرێمەی کەوتۆتە ڕۆژئاوای ئەو هێڵەوە. ئەگەر کار بەم جۆرە بوو، ئەو دەسەڵاتدارییە ناوەخۆییە کێیە کە بەرپرسیارە لە جێبەجێ کردنی ئارەزوەکانی حکومەتی خاوەن شکۆ. واتا ئایا ئەم دەسەڵاتداریە هی نێردراوی پایەدارە لە ئەستەمبوڵ یان جەنەڕاڵی سەرکردەی لە وڵاتانی نێوان دوو ڕووبارەکە، یان جەنەڕاڵ سەرکردەی سوپای هێرش بەری میسر. ئەگەر ڕوونبوەوە کە ناتوانرێ بڕیارێ دەربکرێ دەربارەی ئەم خاڵە تا ئەو کاتەی بڕیارێك لە کۆنگرەی ئاشتییەوە دەردەچێ دەربارەی چارەنووسی کوردستان و ئەرمینیا. تاکە مەسەلەیەك کە دەکەوێتە بەردەست حکومەتی بەریتانیا پەیوەندی کردنیانە لەگەڵ کورد و ئەرمەن لەو هەرێمانەی کە بە یەکجاری دەکەونە ژێر دەسەڵاتی بەریتانیاوە. سنورکێشانێکی ڕێك و پێك بۆ ئەم هەرێمانە، ئەویش دەبێ چاوەڕوانی بڕیاری کۆنگرەی ئاشتی بکرێت. ئەو مەسەلەیەی کە باسی لێ دەکرێ ئەوەیە ئەگەر شتێکی باش نەبێ بۆ حکومەتی بەریتانیا کە ئێستا لە لایەنی خۆیەوە بڕیار بدات بێ کۆنگرەی ئاشتی. ئەو بوارەی کە سنوور دەیگاتێ کە بەرژەوەندی وای پێویست دەکات بەریتانیا دەسەڵاتی خۆی بەسەرا بکێشێ. هەروەها ڕێك بخرێ بۆ جێبەجێ کردنی سیاسەتێکی ڕێك و پێك لە چوارچێوەی ئەو سنووردا. بە شێوەیەکی گشتی وا چاوەڕوان دەکرێ بە ئینتداب کردنی وڵاتانی نێوان دوو ڕووبارەکە کە دەدرێت بە بەریتانیا، کەمێ گومان هەیە لەوەی هەر بیانویەك پێشکەش بکرێت بۆ بەرژەوەندی سنورێکی دیاریکراو، ئەوا سەنگێکی زۆری دەبێ لە کۆنگرەی ئاشتی. بە تایبەتی ئەگەر چەند ڕاستیەك پاڵپشتی بکەن کە ماوەی ئەوە نەدەن بەرپەرچی بدەنەوە یان دوبارە لێیان بکۆڵنەوە. لە چەند کاتێکی جیاجیادا چەند پێشنیارێکی هەمە جۆرە پێشکەشکران دەربارەی سنوری میزۆپۆتامیا و کوردستان یەك لە دوای یەکدا. لە کۆبونەوەی بیست و نۆیەمی کۆنگرەی فەرمانگە میرییەکان دا دەربارەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بڕیاردرا ئەگەر خەزێنەی دەوڵەت ڕازی بوو، پێویستە دەست بە کار بکرێ بۆ ڕاکێشانی هێڵی شەمەندەفەری کفری ـ کەرکوك. هۆی

دەرکردنی ئەم بڕیارەپێویست بوون بۆ ڕێگە خۆشکردن بۆ گەیشتن بە موسڵ نەك بـە ئـارەزوی ڕێکخستنی ئەو هەرێمە کوردیانە بێ کە هێلەکە پیایـدا ئـەڕوات. لەڕاسـتیدا وا دەردەکـەوێ پێداچونی هێڵەکان بەناو هەرێمە کوردییـەکان دەبێتـە هـۆی پێویسـت بوونیـان بخرێنـە ژێـر دەسەلاّتی بەریتانیاوە. فەرمانداری شارستانی ولاّتی نێوان دوو ڕووبارەکە کـە لـە کۆبونـەوەی شانزەهەمی کۆنگرەی فەرمانگەمیرییەکان دەربارەی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست (ئەو کۆبونەوەیـەی کە لە نیسانی ١٩١٩دا بەسترا، ڕوداوەکانیش لە بەشی نۆیـەمی ئـەم لێکۆڵینەوەیـەدا باسـی کرا. دەسـەلاّتی پێـدرا بـۆ ئـەوەی پارێزگـاری ـ مووسـڵ ـ ی عـەرەبی بهێنێتـەدی، چـەند دەوڵەتێکی کوردی ئۆتۆنۆمی چواردەوری بگرن. لەژێر دەسەلاّتداریەتی سەرۆکە کوردەکان بـە چاوەدێری ڕاوێژکارانی بەریتانیا، بەلاّم هەر چۆنیەکی بێت شتێ بڕیار نەدرا دەربـارەی سـنوری دەرەوەی (باکور) بەم پشتێنە دەوڵەتانە. وای دا دەنێین کە سـنوری ڕۆژئـاوای بـە شـێوەیەکی گشتی، دەکەوێتە سەر هێڵی کاتێ کە هێزەکانی بـەریتانیا دەکشـێنەوە دواوەی. تـەنها ئـەو دەمێنێتەوە دیاری کردنی چۆنیەتی بەسـتنەوەی ئـەم سـنورانە لەگـەڵ سـنورەکانی ئێرانـدا. بابەتەکە پتر ئالۆز دەبێ بەهۆی ئەو پێشنیارە نوێیەی فەرمانداری شارستانی، بەگەڕاندنـەوەی ـ ٢٧,٠٠٠ کەسی ئاسوری پەنابەر لە ـ باقوبەـــ وە بـۆ ـ عەمادیەـــ بـاکوری موسـڵ. ئـەم پێشنیارە درایە وەفدی ئاشـتی ـ بەریتانیاـــ لـە پـاریس، بـەلاّم وەفدەکـە پێشـنیارەکەی بـۆ گەراندنەوە بێ ئەوەی هیچ بیروڕاییێ لە بارەیەوە دەربڕن. لە هـەمان کاتـدا تەلەگرافـە هەمـە جۆرەکانی وەزارەتی جەنگ وا ڕادەگەینن کە دووبارە جێنشـین کردنـەوە هـەر بەردەوامـە بـە چاوەڕوانی کردنی ڕازیبون لەسەر پێشنیارەکەوە.[٢] کاتێ بەم شێوەیە سـنوری ژێـر دەسـەلاّتی بەریتانیا دیاری دەکرێ، بە شـێوەیەکی ڕوونـتر یـان سـنوری ئـەو هەرێمـەی کـە نیـاز وایـە حکومەتی بەریتانیا. بهێنێتە ژێر دەسەلاّتی خۆیەوە ئەو سیاسـەتە کردەییـەی کـە پـەیڕەوی دەکرێت لە ناوەوەی ئەم سنورەدا لە دەسەلاّتی وەزارەتی هیند دەبێ بە پرس پێکردنی وەزارەتی دەرەوە. دەتوانرێ بە شێوەیەکی سەربەخۆ بەڕێوەببرێت لە سیاسەتی پەیڕەوکراو لە دەرەوەیـدا. ئا ئەمەیە ئەگەر بەریتانیا بییەوێ گرنگی بدات بە هەرێمەکانی ترەوە بێجگە لەو هەرێمانـەی کە داوای دەکات لە کۆنگرەی ئاشتی دا، هی ژێر دەسەلاّتی ئەون. ئەو نوسراوە گرنگانەی کـە گەیشتبون تا ڕۆژی دواکۆبونەوەی کۆنگرە ـ کۆبونەوەی بیست و هەشـتەم کـە بەسـترا، دەبـێ پێش هاتنی مـانگی ئـەیلول بـێ ـ ئـەو نوسـراوانە پوختکرانـەوە لـە یاداشـتێك لـە لایـەن سکرتێرەوە، بەلاّم ئەو نوسراوانەی کە لەو ڕۆژەوە وەرگیراون گرنگەکانیان بەم شـێوەیە کـورت

دەكرێتەوە: (١٢٧٣٠٤) نێردراوی پایەدار لە ئەستەمبولّ لە تەلەگرافێ وەرگیراو لە ١٠ی ئەیلولی ١٩١٩دا دەڵێ: ئەو لەگەڵ ئەم ڕایەدایە كەوا شەریف پاش شایانی پلەوپایەی لێپرسراوەتی نییە لە كوردستاندا. (١٢٩١٧٣) فەرماندەی شارستانی لە بەغداد بیروڕایەكی وەك ئەوی دەربڕی لە تەلەگرافێ ڕۆژی یەكەمی ئەیلول دانەیەكی نێردرا لە وەزارەتی دەرەوە بۆ وەزارەتی هیند لە ڕۆژی ١٣ی ئەیلول – ١٢٩٣٦٨ هەروەها فەرماندەی گشتی سوپای هێرشی میسر، ئەویش بیروڕای خۆی دەربارەی ئەو مەسەلەی كورد پێشكەش كرد لە ١٥ی ئەیلوول. بە شێوەیەكی گشتی بیروڕای ئەو لەگەڵ هی مێجەر نوئێلّ و نێردراوی پایەدار لە ئەستەمبولّدا یەك بوون. ئەو وای دانا خستنەسەر دەوڵەتۆكانی كوردستانی باشور بۆ میزۆپۆتامیا مانای پەیوەندی كردن دەدات لەگەڵ كوردەكان جا هەرێمێكی نزیك سنور دروست دەبێ پێویستی دەبێ بە خەرج كردنێكی بەردەوام. ئەو وای بە باشزانی (واتە فەرماندەی هەڵمەتی بۆ میسر) ئەمینیای كاتی بخرێتتە سەر دەوڵەتی كوردی. بە گوێرەی لێكدانەوەی مێجەر نوئێلّ ئەمە بیروڕایەكی تازە بابەتە. ـ١٣٠٣٤٠ـ لە ١٧ی ئەیلولدا تەلەگرافێك بە پۆستە گەیشت كە لە ـ ٨ ـ ی ئەو مانگ نووسرا بوو لە لایەن نێردراوی پایەدار لە ئەستەمبولّ، هەندێ شتی تر دەخاتە سەر تەلەگرافەكەی پێشوودا ژمارە ـ١٢٧٣٠، كە لە سەرەوە باس كرا ـ ئەو باسی ئەوە دەكات كاتێ ڕازی بوو بە سەفەركردنی چەند سەركردەیەكی كورد بۆ كوردستان بە سەرپەرشتی مێجەر نوئێلّ ئەو ئاگای لەخۆ بوو لە دیاریكردنی مەبەستەكە كە تا چ ڕادەیەك كارەكە پەیوەندی هەیە بە حكومەتی خاوەن شكۆوە لە پێناوی بەكار هێنانی دەسەلاّتیان بۆ بەرژەوەندی پاراستنی بارودۆخی گشتی بێ ئەوەی زیانێكی هەبێ لە دوارۆژدا. ئەو تێبینی ئەوەی كردبوو ئەمە بۆتە شتێكی ڕاست، جا بە هەر شێوەیەك بێ كە حكومەتی خاوەن شكۆ وەكو ئەمەیە بییەوێ پاڵپشتییەكی بەهێزی ئەو جولانەوە نیشتمانییە بكات كە مەبەستی بەدی هێنانی جۆرە دەوڵەتێكی كوردییە لە ژێر چاوەدێری بەریتانیا. ئەو پێشنیاری كرد ـ واتە نێردراوی پایەدار ـ كە حكومەت خۆی بە شێوەیەكی گشتی كار بە ئەنجام بگەیەنێت و دوبارە سیاسەتێكی ڕێكوپێك بەرامبەر كوردستان بەكار بهێنێ. (١٣٠٣١٨) لە ١٨ی ئەیلوول نامەیەك گەیشتە وەزارەتی هیند لە لایەن فەرمانداری شارستانی لە بەغداوە، یاداشتێكی تێدایە دەربارەی تێكچوونی نێوان كوردەكان. ئەم یاداشتە داوای كۆنفیدراڵی دەكات بۆ كوردستان، كە پێك هاتوە لە زنجیرەیەك دەوڵەتۆكەی كوردی ئۆتۆنۆمی كە دەسەلاّت درا بە فەرمانداری شارستانی لە بەغداد دانی پێدا دانێت. ١٣١٥٢٨ لە ٢٠ی ئەیلوول نامەیەك

گەیشت لە یەکێ لە فەرمانبەرەکانی بەریتانیا لە ئەستەمبوڵ دەربارەی میزۆپۆتامیا و مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان. (لەوانە نامەکە لە ـ هوهلرـ ەوە بۆ ـ جون تیللی ـ بێت.أ.ع). ١٣٦٢٥٥ لە ٢ی تشرینی یەکەم نێردراوی پایەدار لە ئەستەمبوڵ لە تەلەگرافیێکدا ئەم هەواڵەی نوسیبوو کە ـ (صدر **الاعظم**) ـ ی عوسمانی پێشنیاری کردوە بە ناردنی یەکێ لە پیاوە دیارەکانی کورد وەك پارێزگارێك بۆ ناوچەیەکی کوردی گرنگ وەکو دیاربەکر. ١٢٨٣٤٩ لە ٢ی تشرینی یەکەم فەرمانداری شارستانی لە بەغداد بیروڕای خۆی دەربڕی و گوتی: کە پێشنیارەی (صدر **الاعظم**) پێویستە پاڵپشتییەکی دیبلۆماسییانەی لێبکرێ لە لایەن حکومەتی خاوەن شکۆی بەریتانیا. ئەو وای دانابوو کە پیرەمێرد شەریف پاشا لە هیچ شتێکەوە سودی لێنابینرێ. ئەو بابانزادەی لا باشتربوو چونکە هەموجۆرە خەڵکەکان پێ ڕازی ببوون. هەروەها توانای زیاتری هەبوو بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو گۆڕانە چاوەڕوان کراوەی لە ڕژێمی ئەستەمبوڵ. ١٣٦٦٧٤ لە تشرینی یەکەمی ١٩١٩دا یاداشتێك گەیشتە وەزارەتی دەرەوە لە لایەن سەرۆك ئەفسەرە سیاسییەکان لە سوپای هەڵمەتی بۆ میسر، سەرۆکی موخابەراتی سەربازی نووسیبووی، سەرۆك ئەفسەرە سیاسییەکان بیروڕاکەی بەشێوەیەکی گشتی ڕێك دەکەوێت لەگەڵ هی مێجەر نوئێل و نێردراوی پایەدار لە ئەستەمبوڵ، بەڵام ئەو بە باشی نازانێت دانانی هەرێمێکی کوردی لە نێو وڵاتانی نێوان دوو ڕووبارەکە. ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی جولانەوەی یەککرتنەوەی کوردستان، وەیان دۆخێ پەیدا دەبێ وەك ئەم دۆخەی سنووری باکوری ڕۆژئاوای هیند. ئەمەش پێویستی بە ئامادەبوونی هێزێکی بەردەوام هەیە لەم وڵاتەدا. بۆ تەواو کردنی ئەم وێنەیەی کە بەڵگەنامەی پێشوو هەندێ لە سەروسیمای بەدیار خستبوو، پێویستە لەسەرمان بەڵگەنامەی خوارەوەش بخەینە ڕوو کە مەسەلەی پتر ڕوون دەکاتەوە لە بواری ئەم باسەماندا. بەڵگەنامەی دەستنیشانکراو- وەزارەتی دەرەوە- (٣٧١)(٤١٩٣)(١٦٩٤٥٦)(٣٠٥٠) بە چەند تێبینییەکی تر دەربارەی دۆخی کوردستان) (١٠ی کانوونی دووەمی ١٩٢٠).[٣] چەند ڕوونکردنەوەیەکی تر هاتوە بەم شێوەیەی خوارەوە:- لە کۆبونەوەی سی و یەکەمی کۆنگرەی فەرمانگە میرییەکان دەربارەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەستراو لە ١٧ی تشرینی دووەمی ١٩١٩دا کە مێجەر نوئێل تێدا ئامادە بوو، بە درێژی هەموو لایەکی سیاسەتی حکومەتی خاوەن شکۆ باسکرا، کۆنگرەکە بڕیاری دا کەوا پەسندە حکومەتی بەریتانیا بە تەواوەتی خۆی بکێشێتەوە لە هەرێمە کوردنشینەکان، هەروەها کاری دروست کردنی هێڵی شەمەندەفەری کفری ـ کەرکوك

PDF 4 KURD

بوەستێنێت (سەیری بەشی دەیەمی ئەم باسە بکە). ١٥٧٩٥٥/٣٧٩٥ لە ٢٢ی تشرینی دووەم وەزارەتی هیند لە تەلەگرافی نوسراوەی ئەم بڕیارانەی خوراەوە، بۆ جێگری فەرمانداری شارستانی لە بەغداد، دەستنیشانی ئەوە کراوە کە کۆنگرە (مەبەست لێپرسراوە گەورەکانە) گەیشتۆتە پێنج ئەنجامی سەرەکی کە ئەمانەن:ـ

١. لەبەر چەند هۆیەکی سەربازی و سیاسی وا پەسندە کە سنوری سیاسی نێوان دوو ڕووبارەکە تا دەتوانرێ کورت بێت.

٢. لە توانای حکومەتی خاوەن شکۆدا نییە کە بیر بکاتەوە لە سیاسەتێك کە چالاکی سەربازی تێدابێ لە سەر یان دەرەوەی سنور.

٣. حکومەتی بەریتانیا لە هەر بارودۆخێکدا ڕازی نییە بە ئینتداب کردنی کوردستان.

٤. لە کاتێکدا هەر دەوڵەتێکی گەورە ڕازی ببێ بە ئینتداب لەسەر ئەرمینیا، وابیر ناکرێتەوە کە سنورەکەی لای خوارویەوە بگاتە سنوری میزۆپۆتامیا.

٥. ناتوانرێت چاو بپۆشرێت لە گەڕانەوەی دەسەڵاتی تورکیا بۆ کوردستان.

بەڵگەنامەکە لەسەری دەروا و مەسەلەکە پتر ڕوون دەکاتەوە:ـ

لە ئەنجامدا بۆمان دەرکەوت کە پێویستە کوردستان جێ بهێڵدرێت بە تایبەتمەندییەکانی خۆیەوە. ئەو مەسەلەیەی هاتە پێشەوە ئەوەبوو چۆن دەتوانرێ ئەمە جێبەجێ بکرێ لەگەڵ پاراستنی ئاشتی و هێمنی. مێجەر نوئێل ئامۆژگاری لێپرساوانی بەریتانیای کردبوو کەوا سێ مەرجی بنەڕەتی هەیە:

١. پێویستە دەسەڵاتی تورکیا لە کوردستان دوور بخرێتەوە.

٢. پێویستە کوردستان دابەش نەکرێت.

٣. بە گوێرەی توانا پێویستە سنور بەرامبەر سنوری نەتەوایەتی بێت.

گرنگی هەرێمی سلێمانی لە لایەنی ئابووری و سەربازی و ڕامیارییەوە و بەسترانەوەی ئیداری و ئابورییەوە بە بەغداوە لە ڕابردووەوە دانی پێدانرا، بەڵام ئەوەی باوەڕی بۆ دەچێ ئەگەر دان بنرێت بەسەر بە خۆیی ڕامیاری کوردستانەوە وەك یەك پارچە، ئەو کاتە بۆ حکومەتی بەریتانیا ئاسانە بۆیە دەست هێنانی ئەوەی دەیەوێ. ئەویش پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ شێخەکانی ناوخۆدا. (١٥٧٩٥٥/٢٨٠٠) لە تەلەگرافی ڕۆژی ٢٧ی تشرینی دووهەمی ١٩١٩دا جێگری فەرمانداری شارستانی لە بەغداد ڕازی و بەو کورتکردنەوەی سنوری میزۆپۆتامیا و هەروەها بەڕازی نەبوونی حکومەتی بەریتانیا بە ئینتداب کردنی لەسەر

PDF 4 KURD

کوردستاندا. ئەو گوتی: من لەگەڵ ئـەم بۆچـوونە نـیم کـە مـاوە نـادات دەسـەڵاتی تورکیـا بگەڕێتەوە کوردستان، بەڵام نارەزامەندی پێشان نادات ئەگەر حکومـەتی بـەریتانیا سـوربوو لەسەر جێبەجێ کردنی ئەم بیرە وەکو دانانێـك ئـەم پێـنج ئەنجامـە زانینـە بنەڕەتییـە جێـی ڕەزامەندی بوو، ئـەو ڕازی نـابێ، ئـەم بـارەش، لەسـەر سـێ خاڵـە سـەرەکییەکەی تـر کـە پێشنیارکراوە لـە لایـەن مێجـەر نوئێلـەوە بـۆ چارەسـەرکردنی مەسـەلەی کوردسـتان، ئـەو چارەسەرکردنەی کە ئەگونجێ لەگەڵ هێمنی و ئاشتی لـە سـنورەکانی میزۆپۆتامیـادا. وەکـو جێگرتنەوەی پێشنیاری گەڕانەوەی دەسەڵاتی تورکیا بۆ کوردستان. ئـەو خـۆی پێشـنیارێکی پێشکەش کرد لە تشرینی یەکەمی ـ١٩١٩ـ دا بۆ مانەوەی دەسەڵاتی تورکیا لە سەر شـەش ویلایەتەکەی ئەرمەن. هەروەها پێوانێکی فراوانی تێدایە بۆ حوکمی زاتـی ئۆتۆنـۆمی لـەژێر دەوڵەتێکی گەورەی خاوەن ئینتداب. بە پێشـکەش کردنـی ئـەم پێشـنیارە، بەڵگەنامـە کـە دەڵێ:ـ ئەو (واتە جێگری فەرمانـداری شارسـتانی ولسـن) ئـەم ڕایـەی دەردەبـڕی کـە هـیچ دەوڵەتێکی گەورە وەکو بەریتانیا یان ولاتە یەکگرتوەکان ناتوانن وەکو تورکیا سەرکەوتوو بـن لەسەر ئەو هێلانەی کە لە سەرەوە ڕوونکراونەتەوە. ئەو گوتی: زۆر حەز لەوە ناکات بـەریتانیا بەم لێپرسراوەتییە ڕازی ببێ. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بیرکردنەوەی ئەو لە ئینتداب کردنی ئەمەریکا لەسەر هەر شەش ویلایەتە ئەرمەنییەکان.

٢. ئەو هیچ گرنگییەکی بـە بیانووەکـانی مێجـەر نوئیـل نـەدا لـە دابـەش نـەکردنی کوردستان. لەو کاتەی کە دەتوانرێ، بە گوێرەی ڕای ئەو، چەند هۆیەك هەیە کـە کوردسـتانی خوارو جیا نەکرێتەوە لە کوردستانی یەکگرتو و لە ژێر یەك ئینتدابـدا، هـەروەکو ئـەو دەڵـێ هەستی یەکێتی نەتەوایەتی تا ئەو پلەیە لە نێو کوردەکاندا نییـە کـە بتـوانرێ هەڵسـوکەوت بکرێ بە شێوەیەکی یەکسان لە هەموو کوردستاندا، بە نەبوونی ئینتـداب کردنـی یـەکێ لـە دەوڵەتە گەورەکان. ئەو وای لێك دەداتەوە ئەگەر کوردەکان وازیـان لـێ بهێنرێـت خۆیـان بـۆ خۆیان ئەوا نابنە لایەنگیری بەریتانیا.

٣. ئەو هێلی نەتەوایەتی بە سنورێکی باشی دانەدەنا، بەڵکو ئـەو وا تێدەگەیشـت کـە سنوری جوگرافیا و ئابوری باشترە لە هی نەتەوەیی. هەروەها تاکە سنورێکی بەجێ و دوور لە ئاژاوە لە لایەنی ڕامیارییەوە ئەوەیە، کە خۆی کێشاویەتی لە حوزەیرانی ١٩١٩دا. پێشنیاری ولسن ئەمەی خوارەوەیە:

PDF 4 KURD

لەبەر چەند هۆیەکی ئابوری و سەربازی و لە پێناوی پاراستنی ڕێگەیەکی شاخاوی لە ولاّتی عێراقی خاوەن دار و درەختی زۆر و مایەی پەرپێدانێکی گەورە، جا ئەمە پەسند دەکرێ کە سلێمانی و رانیە و کۆیە بخرێنە ژێر ئیدارەی نێوان دوو ڕووبارەکە، هەولێر بەشێکی تەواوە بۆ ویلایەتی مووسڵ، کاتێ بە فرۆکە سەردانی ئەوێم کرد لە ٦ی حوزەیران پیاوە دیارەکانی شار هەموویان پێیان ناخۆش بوو کە خراونەتە سەر کوردستان. جگە لەمەش هەولێر دەکەوێتە سەر هێڵی ئاسنینی ڕووەو مووسڵ. پێویستە لە کوردستان جیا بکرێتەوە وەکو ئاکرێ، هەروەها پێویستە دهوك و زاخۆش بە بەشێك لە ولاّتی نێوان دوو ڕووبارەکە دا بنرێت، بەلاّم بۆ عەمادیە ئەمەیان نە. هەروەکو زۆر جار گوتومانە ئەوە شتێکی سەیر نەبێ کە ولّسن پێشنیاری کرد بۆ دامەزراندنی دەولّەتێکی کوردی ئۆتۆنۆمی لە چوار ویلایەتیەکانی عوسمانیدا دیاربەکر و وان و بەدلیس و عەزیز. (١٦٣٤٧٧/٣٩٤٦) ٢٨ی تشرینی دووهەم ولّسن بە تەلەگراف ئەوەی دەربڕی کە هیچ خالّێکی ڕامیاری نەماوە دەربارەی میسۆپۆتامیا ئەو توندوتیژە لەسەریا، وەیان هەر خالّێك کە پسپۆڕانی هێڵی ئاسنین لەسەریا ڕێك کەوتبن، وەکو هێڵی ئاسنی، کفری ـ کەرکوك. تاکو ئێستاش ئەو بەهێزەوە فەرمانی بەردەوامبونی لە دروست کردنی دەدات. ئەو دەستنیشانی ئەو تەلەگرافەی کردبوو کە ئەو خۆی ئەوەی تێدا پێشنیارکردبوو، لەم تەلەگرافەدا ئەو گوتی:ـ ئەوەی جێی گومان نییە ئەوان دەزانن هێڵ ئاسنی بەغدا ـ موسڵ بە درێژایی خۆیەوە بە هەرێمێکی بیابانیدا تێ دەپەڕێت، تەنها ئەو پارچەیە نەبێت کە دەکەوێتە نێوان بەغدا و سامەڕا. ئەم هێڵە دروست بوو بۆ هاتوچۆی نێوان حەلەب و بەغدا، بەلاّم بۆ پێشخستنی ولاّت ئەم هێڵە باشترە کە نێوان خانەقین و کفری و کەرکوك و ئالّتون کۆپری و هەولێر و موسڵ پێك دەگەینێت.

لەگەلّ هەردوو لقی سلێمانی و ڕانیە، بەلاّم وا دەردەکەوێ خۆمان سەرگەرمی ڕێگەی دیجلە کردووە، ئەگەر موسڵی لەگەلّ بێ یان نە. سنوری عێراق لەسەر زابی سەرو مایەوە. لەگەلّ ئەوەشدا دەتوانرێ ئەو ڕامیارییە جێبەجێ بکرێت کە تازە نەخشەی کێشراوە بۆ کوردستان. بەڕێك خستنی هێڵی ئاسنینی ناوبراو بەرەو باکوری تکریت و بەدرێژایی زابی خوارو، بۆ ئالّتون کۆپری و ڕانیە. من ئەو هێڵە وا دادەنێم شتێکی بنەڕەتییە ئەگەر بمانەوێ بە تەواوی دەسەلاّتمان هەبێ بەسەر کوردەکاندا. بە هەمان شێوە پالّ پشتکردنی چارەنووسی ئەرمەنەکان. ئەم هێڵە تێ دەپەڕێ بە هەرێمێکی زۆر بە پیتی کشتوکالّی گەنم، دەتوانین درێژی بکەینەوە بەرەو باکووری ڕۆژهەلاّت. ئەگەر ئەمەیان لە دواجارا پەسند کرا. دەتوانین هەر ئەو

PDF 4 KURD

کات زەوییەکە ڕێکبخەین. بە دروست کردنی ئەم هێڵە چەند مەسەلەیەك هەر لە خۆیانەوە چارەسەر دەبن کە ئێستاکە ڕووبەڕوویان دەبینەوە لە کوردستان و ئەرمینیا و باکوری ڕۆژئاوای ئێران. لەوانەیە ببێتە هۆی پشت گوێ خستنی هێڵی خانەقین ـ کرماشان لەم کاتەدا. ئەگەر زابی بچووك ببێ بە سنور، لە لایەنی ڕامیارییەوە کارێکی زۆر گرنگ دەبێ بەشێکی گەورەی هەرێمی سلێمانی بکرێت بە ناوچەیەکی کوردی. بۆ ئەم مەبەستەش بۆ ئێمە وا چاکە کە هێڵێکی یەك مەتری درێژ بکەینەوە لە خانەقینەوە بە درێژایی ـ دیالە ـ هەتا دەشتی هەڵەبجە و سلێمانی. ئەم هێڵەش بێگومان ـ جزیەـ ی لەسەرە. ئەوەی زانراوە کە کۆمپانیای توتنی ـ عوسمانی ساڵی ١٠٠/٠٠٠ لیرەی قازانج دەکرد لە توتنی چێنراو و لەم هەرێمەدا پێش هەڵگیرساندنی جەنگ. هەروەها بازاڕێکە بۆ هەموو جۆرە بەرهەمێکی ئاژەڵی و دارستانی. هەروەها هەرێمێکی باشە بەلاْم چاندنی گەنم، من ئامۆژگاریتان دەکەم کە بە زووترین کات ڕێك بخرێت. ١٥٨٧٦٨/٣٨١٨، لە ٢٠ی کانوونی یەکەم ١٩١٩ جێگری فەرمانداری شارستانی ڕاپۆرتێك پێشکەش کرد دەربارەی سەردانەکەی بۆ سلێمانی و هەولێر بە ڕێگەی ئاسمانیدا. لەوێدا شتێکی وای نەدی و نەبیست کە وای لێ بکات ئەو ڕایانەی خۆی بگۆڕێت کە پێشتر دەریبڕیبون. ئەو زیاتر دەڵێ ئەو ڕاپۆرتە جیۆلۆجیانەی کە پێی دەگات دەربارەی هەرێمەکەوە سامانی وا بەدیار دەخات لەوە پترە کە تاکو ئێستا چاوەڕوان دەکرا. ١٦٥٣٢٦ لە ڕۆژی ١٦ی کانوونی یەکەم وەزارەتی جەنگ لە نامەیەك بۆ وەزارەتی هیند دڵنیایی خۆی ڕوونکردۆتەوە لەسەر گرنگی سەربازی سەربازی جەزیرەی ئیبن عومەر، بەلاْم سورنەبوونی لەسەر ئەوەی بیخەنە ناو سنوری میزۆپۆتامیا، ئەگەر نارەزامەندییەکی ڕامیاری پێشان بدرێت. چونکە شتێکی بنەڕەتی نییە بۆ پاراستنی مووسڵ. ١٦٨٠٣٨ لە ڕۆژی ١٩ی کانونی یەکەمدا ڕاپۆرتێك گەیشتە وەزارەتی دەرەوە لە لایەن مێجەر نوئێڵ نێردرا بوو، ئەو تێدا دەڵێ تورکەکان دەزانن دەستیان داگرتوە بەسەر دوو گەلی چەوساوەی ئەرمەن و کورد لە ویلایەتەکانی ڕۆژهەلاْت ئەویش بە هۆی نانەوەی دوو بەرەکی لە نێوانیاندا، ئەوان ڕقیان وەکو یەك لە هەردوو لایانە، هەر یەکێ لەم دوو گەلە بەهۆی پاڵپشتکردنێکی دەرەوە دەتوانن وڵات بەدەریان بکەن. ئەمە شتێکی ئاسایی بوو بە هۆی پڕوپاگەندەی ئیسلامیەوە هەوڵیاندا بۆ ڕاکێشانی سەرنجی کوردەکان بۆ مەسەلەکە دژی مەسیحییەکان و بەدەست هێنانی سەرکەوتن تا ڕادەیەك. ئەگەر لە بیرمان مابێ کورد مرۆڤێکی خۆش باوەڕە و تەنها لە تورکەکانەوە شتێ دەربارەی مەسەلەکە دەبیسێ. هیچ جۆرە دەزگایەکی پڕۆپاگەندەی بەرپەرچ دانەوە نەبوو،

PDF 4 KURD

کۆمەڵە ڕوناکبیرە کوردەکان کە زۆربەیان دور خراونەتەوە لە وڵاتەکەیان، هەموو جۆرە پەیوەندی کردنێکیان بە هاوڵاتیانیان لێ قەدەغە کراوە.
لە زۆربەی هەرێمەکانی ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵاتدا مرۆڤێکی ئەوروپایت بەرچاو ناکەوێت مەگەر بە دەگمەن نەبێ. نوئێل هەستی بەوە دەکرد هەر سەرکەوتنێ نەتەوەپەرەستەکان بەدەستی بهێنن تورکەکان هەر دەبێ بەرواڵەت بێ و کاتی بێ. لە نێوان چوار مانگ لە گەشت و گوزاردا لە کوردستانی ڕۆژئاوا جگە لە دۆستایەتی و دژایەتی بە ئاشکرا دژی عوسمانییەکان شتێکی تری نەبینی. ئایا دەزانی چ جیاوازیەکی فراوان هەیە لە نێوان ئەم دوو نەتەوەیەدا.
١٦٦١٣٨ لە ٢٣ی کانونی یەکەم ١٩١٩دا سکرتێری پێشتری کاروباری ڕامیاری و بازرگانی لە وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسادا مسیو بیرتیلۆ یاداشتێکی پێشکەش کرد بۆ وەزیری دەرەوە کیرزن دەربارەی کوردستان. لەم یاداشتەدا دەستنیشانی ئەوەی کردبوو کە شتێکی نەکراوە، لکاندنی کوردستان بە ئەرمینیاوە. چونکە ئەمە مانای ئەوەیەدانانی کوردەکان کە زۆربەی هەرە زۆری لە ژێر دەسەڵاتی کەسانێك کە ژمارەیان لەوان کەمتر بێ. ئەو باسی کوردستانی کردبوو، کە پێکهاتووە لە ویلایەتی دیاربەکر و بەشی ئاشوری ویلایەتی وان لە تورکیادا. هەروەها ژمارەی ئەوانەی نووسیبوو کە مووسڵمان نین و لەوێدا دەژیان. هەروەها تایفە مەسیحییەکانیشی ناو هێنابوون کە لەگەڵیانا دەژین. لە کاتێکا ئەو گرنگی دابوو بە کوردەکان، لە هەمان کاتیشدا دەستنیشانی ئەوەی کردبوو کە ئەوان دابەش بوونە بۆ چەند هۆزێکەوە و تاکو ئێستا نەچوونەتە ژێر ئاڵای دەوڵەتێکی یەکگرتوو. بەڕای ئەو کوردستان پێویستی بە جۆرە ڕامیاریەکی تایبەت هەیە، ئەمیش لەبەر جێگە جوغرافییەکەی و سامانە سروشتییەکەی. ئەو پێشنیاری کرد کە پێویستە هەرێمی کوردنشین دابەش بکرێت لە نێوان بەریتانیا و فەرەنسا. بەڕای ئەو پاڵپشتی کردنی ئەوروپا گرنگتر نییە لە هی کوردستان. پێویستە بەلای کەمەوە ڕێکخراوەیەکی فیدراڵی دابمەزرێت لە ژێر چاوەدێری ئەوروپا (چاودێر کردنی بەریتانیا و فەرەنسا بە گوێرەی کەرتەکان)، پێویستە ئەم ڕێکخراوەیە پەیوەندییەکی دیاریکراوی هەبێت لەگەڵ دەوڵەتی ئەرمەن، ئەگەر فیدراڵی و ئۆتۆنۆمی نەدرێت بە هەرێمی کوردەکان ئەوا هەندێ تایفەکان تووشی چەوسانەوە و ژێردەستی دەبن. ئەو ئەمەشی پێشنیار کرد پاراستنی دەسەڵات بەرواڵەتی عوسمانییەکان لەگەڵ ئەنجومەنە ناوخۆییەکانی هەڵبژاردراوە، لە ژێر دەسەڵاتی بەریتانیا- فەرەنسا. (بیرتیلو) کۆتای پێهێنا و گوتی:- ناتوانرێ بگەینە بڕیارێ دەربارەی کوردستان پێش دیاری کردنی دۆخی وڵاتانی هاوسێی

میزۆپۆتامیا و ئەرمینیا. لە کۆبونەوەی سێهەمی کۆنگرەی بەریتانیا۔ فەرەنسا، کە بەستراوە لە ٢٣ی کانونی یەکەم ـ لورد کیرزن ـ ئەم پێشنیارانەی خوارەوەی پێشکەش بە بیرتیلو کرد کە ڕامیاری گشتی دەربارەی کوردستان (سەیری بەشی حەوتەمی ئەم باسە بکە). ١٦٤٤٣٠٠ لە ٢٣ی کانونی یەکەم ١٩١٩دا. تێبینیەکانی وەزیری هیند گەیشتە وەزارەتی دەرەوە. دوانێك بوو لەسەر تەلەگرافی جێگری فەرماندەی شارستانی لە میزۆپۆتامیا. پاش لێکۆڵینەوە لە هەموو مەسەلەکانی کوردستان بە ڕاوێژکردن لەگەڵ ئەو ئەفسەرانەی کە زانیاریان هەبوو بۆدووان لە کاروباری ئەم هەرێمەوە. مستر مونتاجۆ، بە ئاگا لەخۆ بونەوە ئەمەی گوت:۔ کە کوردستانی خواروو لە ژێر دەسەلاتی حکومەتی بەریتانیا بمێنێتەوە. هەروەها مستر ۔ مونتاجو۔ پێشنیاری ئەوەی کرد کە دەبێ داوا لە خێزانی بەدرخانییەکان بکرێ، ڕوو لە بۆتان بکەن بۆ مانەوەیان لەوێدا. دەبێ جەزیرەی ئیبن عومەر جێگەیان بێ، پێویستە یارمەتییان بدرێت لە لایەن حکومەتی بەریتانیاوە. هەروەها ئەو ڕایگەیاند بە درێژکردنەوەی هێڵی ئاسنی کەرکووك ۔ کفری. هەروەها ئەو پێشنیاری بۆ گەڕانەوەی ئاسورییەکان بۆ ماڵەکانیان لە دەشتەکان و چیاکانی ورمێیە و ڕێککەوتنێ لەگەڵ حکومەتی ئێران. مستر مونتاجۆ وا تێدەگات دەرکردنی تورکەکان لە هەموو کوردستان، لەوانە کارێکی بێ ئەنجام نەبێت، بەڵام دەسەڵاتی تورکی زۆر کاریگەر نییە و ئەگەر بێت و دەسەڵاتی بەریتانیا لە دەوڵەتی کوردی هەر لە بەهێزیدا بێت بە شێوەیەکی تەواو. ١٦٨٧٦٣ لە ٨ی کانونی دووەم ١٩٢٠ نامەیەك لە نێردراوی پایەدار لە ئەستەمبوڵ گەیشتنە ئەوەی تێدا نوسرابو کەدەسەڵاتدارییەتی تورکیا ژمارەی زۆر تەلەگرافی نارەزای دەربڕینی پێگەیشتوە لەو کەسانەی کە دەڵێن هەڵوێستی هۆزە کوردەکان دەردەبڕن دژی ئەو بیرەی کە بڵاو بۆتەوە کوردەکان ئارەزوی جیابوونەوەیان هەیە لە تورکیا. ئەو وای لێك دەداتەوە کە هەوڵێکی زۆر دراوە لە لایەن سەرکردایەتی جولانەوەی نەتەوە پەرستەکان بۆ پیشاندانی پارتی سەربەخۆ خوازی کورد کەمایەتییەك لە ئاژاوەچییەکان کە زێڕی ئینگلیزی کڕیویانن.(٤)

PDF 4 KURD

**پەراوێزەکانی بەشی سێزدەهەم:**

PRO (FO) (371) (4198), (HM 07115) (Secre) (inter- Departmental Conference on Middle Eastern Affairs) (Additional Note) (situation in Kurdistan) (1919)

(٢) دەسەڵاتداری مەدەنی (ولسن) لە برووسکەیەکدا بۆ وەزارەتی دەرەوە لە بەرواری ٢٢ی تەمموزی ١٩١٩ ڕای خۆی دەربڕی: تایفەی مەسیحی خۆرهەڵات لە کوردستاندا سەیرمان دەکەن کە ئێمە دوا هیوایان بین، بەڵام کوردەکان بە گشتی بە بێ لایەنی وەستاون. بەڵام ڕێبەرە کوردەکان وەك: سمکۆ (سمایل خان) و سەید تەها شەمزینی و ئەوانی تر کە مێجەر نۆئێل پەیوەندیان پێوە دەکات چاوەڕێی ئاماژەیەکن تاوەکو دوامان بکەون ئەگەر بتوانین ئەم ئاماژەیان بدەینێ.

PRO (FO) (371) (4149) (H325) (107933) (From Baghdad, 22nd, july 1919)

(٣) چاوپێکەوتن لە نێوان بەرپرسە بەریتانیەکان و شەریف پاشا لە کاتی جەنگ ڕوویدا. ئەمەش لە میانی بروسەیەکی باڵوێزی بەریتانی لە پاریس لۆرد دری لە ٢٦ مایسی ١٩١٨ وەڵامەکەش لە ٢٨ی مانگدا بوو بەم شێوەیە:

بە پەلە... تەلگراف بۆ پاریس: ئاماژە بە بروسکەی ٢٦ی مایس. سێر بێریسی کۆکس سیمەر لە شاری مەرسیلیا لە ٢ی حوزەیران تکایە بە دڵنیایەوە چاوپێکەوتن لەگەڵ شەریف پاشا ساز بکرێت.

PRO (FO) (371) (3398) (93562) (25434) (May, 27th, 1918)

شەر یف پاشاش خۆشحاڵی خۆی لە ئەنجامی پەیوەندی بە سێر کوکس لە ٢ی حوزەیراندا دەربڕی کە لە نامەکەی لۆرد دری لە پاریس بۆ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا هاتووە.

PRO (FO) (371) (3398) (188326) (Nov. 12th . 1918)

(4) PRO (FO) (371) (4193) (169459) (3050) (XC/A/4008) (Confidential) (Second Additional Note on the Situation in Kurdistan) (jan. 10th. 1920)

PDF 4 KURD

# بەشی چواردەم

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

دەسەڵاتدارانی بەریتانیا، وەکو دەردەکەویت، دەستیان کرد بە پەیوەندی کردنێکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ چەند سەرکردە و تایفە لە هەرێمەکانی کوردنشینی نزیك، لە پێش و لە دوای داگیرکردنی بەغدا لە (ئادار)ی ١٩١٧دا. ئەم ڕاپۆرتەی خوارەوە ئەنجامی ئەم پەیوەندی کردن و تاقی کردنەوەیان تێدایە کە نزیکەی شەش دەبوو لە هەر دوو لایاندا بۆ یەکەمین جار. ئەوەش گرنگییەکی تایبەتی هەیە بەم هۆیەوە لە لایەنی مێژووییدا. ئەفسەری سیاسی هێزەکانی بەریتانیای ئەوکات سیر(بیرسی کۆکس) وەکو دەردەکەوێ ئەو ڕاپۆرتەی نووسیوە بۆ وەزارەتی هیند لە ٧ی کانونی یەکەم ١٩١٧. ئەم ڕاپۆرتە تۆمارکراوە لەناو بەڵگەنامەکانی (فەرمانگەی تۆمارگای گشتی)ی بەریتانیا بە ژمارەی (وەزارەتی دەرەوە (٣٧١)(٣٤٠٧)(١٠١١٥) لە فەرمانداری شارستانی لە بەغدا بۆ وەزارەتی هیند لە ڕۆژی ٧ی کانونی یەکەم ١٩١٧دا (پەیوەندییەکانی بەریتانیا لەگەڵ پیاوی هۆزەکانی کوردستانی باشور)[1] لەم ڕاپۆرتەوە هاتوە:-

پێش ئەوەی باسی هەڵوێستی هۆزە کوردەکانی نیشتەجێی باشوری زێی بچووك بکەین لەوەتەی شەڕ دەستی پێکردوە. سوودێکی ڕۆشنبیری هەیە بە پێشکەش کردنی پوختەیەکی ڕوونکردنەوەی مێژووەکەی ژێردەسەڵاتی تورکی هەتا هاوینی ساڵی ١٩١٤. پەیوەندییەکانی حکومەتی عوسمانی بە هۆزە کوردەکانی نیشتەجێی درێژایی سنوورەکانی ڕۆژهەڵات بریتی بوو لە هەوڵدانێکی بێهودە بۆ درێژە پێدانی دەسەڵاتداری لە لایەکەوە، کاری یاخی بوونیش لە لایەکی ترەوە. لە کاتی بڵاوکردنەوەی دەستوور لە ساڵی ١٩٠٨ تێکچوون و نالەباری لە جیاتی کەمبوونەوە زیاتر دەبوو. ئەمە لە لایەکەوە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو توند و تیژیەی کە کۆمەڵەی (اتحاد و ترقي) بەکاری دەهێنا. لە لایەکی ترەوە نەبوونی ئارامی ڕامیاری لە ئەنجامی نەگەیشتن بەو ئامانجانەی کە جولانەوەی دەستوری بانگەوازی بۆ دەکرد. ئەم دوو هۆکارە بووە هۆی ئەویندارییەکی نادیار بۆ ئۆتۆنۆمی نەتەوەیی سەربەخۆیی هەر چەندە ئەمە لە چەند کارێکی کاریگەر خۆی نەنواند، بەڵام بەلای کەمەوە بووە هۆی هۆشیار بونەوەیەك کە بریتی بوو لە نارەزایەتییەکی گشتی لە هەموو شێوەکانی حوکمی عوسمانی کە بەکار دەهێنرا لەسەر نەتەوەکانی ژێردەسەڵاتی تورك پێش هەڵگیرساندنی جەنگ، دەسەڵاتی عوسمانی لە بەغدا تا ڕادەیەکی زۆر بێ هێز بوو، هەروەها تەنها کوردە یاخیبووەکان نەبوون کە پێویستی

دەکرد بیانخەنەوە ژێر دەسەڵات، ئەو تێك چوونەی کە ڕویدا لە سنوورەکانی ئێراندا، بەهۆی شۆڕشەکەی سالار **الدولة** لە ساڵی ١٩١١ تا ١٩١٣، کە بووە هۆی پتر بوونی تەنگ و چەڵەمە و کەللە ڕەقی حکومەتی تورکیای ئەوکات، بەهێزترین هۆزەکانی ئەم بەشەی سنورەکە دەکەوێتە باشوری زێی بچووك هەمەوەند و جاف بوون. هی یەکەمیان لەو کەسانە پێك هاتوون کە لە هەرێمی سلێمانیدا نیشتەجێن، ئەوەی تریشیان کۆچەرن و دەگەڕێن بەناو ئەو هەرێمەی کە درێژ دەبێتەوە لە ڕۆخی چەپی زێی دیالە کە لە سالحیە (کفری) دەست پێدەکات تا دەگاتە مەریوان لە ئێرانەوە. بێجگە لەمانەش هۆزی ـ باجەلان ـ ی هەبوون، کە هەندێکیان لە تورکیادا دەژین و هەندێکیشیان لە ئێران. نیوەکەی ناو تورکیا ـ مستەفا پاشاـ سەرکردایەتی دەکردن، کە لە خانەقیندا دەژیا و بەهێزترین پیاوی ڕامیاری بوو لەم ناوچەیەدا. لە سەرەتای قۆناخی حوکمی دەستوریدا، حکومەتی تورکی سەر لە نوێ دوژمنایەتی لەگەڵ هۆزی هەمەوەند پیشیان داوە، ئەویش بە هۆی ئەو سیاسەتە ناپەسندەیان بەرامبەر شێخ سەعید ـ حەفید ـ ی قەرەداغی . خێزانی ـ حەفیدییەکان ـ قەرەداغییەکان گرنگترین خێزان بوون لە سلێمانی و دەسەڵاتی هەبوو بە سەر هەموو هۆزەکانی تردا، شێخ سەعید کابرایەکی زۆردار بوو هێمنی و ئاسایشی تێکدەدا، بەڵام ناوبانگێکی فراوانی دەرکردبوو کە شێخێکی خواپەرستە. لە دوور خستنەوەیەکی کاتیدا لە شاری موسڵ لەناو بردرا. لە کانونی دووهەمی ساڵی ١٩٠٩دا لە بارێکی وەها کەس نەیدەزانی کە چۆن بوو، هەمەوەندییەکان هەڵسانەوە بۆ تۆڵە سەندنەوەی، هەندێ هەوڵی بێ هێز درابۆ وەستاندنیان لە شوێنی خۆی، بەڵام ئەنجامەکەی هیچ نەبوو و تەنها ئاواکردنیان بوو بۆ لایەکەی تری سنور، جا لەوێوە هێرشیان دەبردە سەر لادێ و قافڵەکانی تورکان. لە تەموزی ١٩١٠دا نازم پاشا کە ئەو کاتە والیی بەغدا بوو، هەستا بە ئەنجام دانی ئاشت بوونەوەیەکی نارێك و پێك لەگەڵیانا، بەوەش ڕازی بوو کە هەر بەڕواڵەت سەر بە ئەو بن، بەڵام ئەو سیاسەتەی ئەو لەبەر ئەوە بوو کە هەستی بە بێ هێزییەکی زۆر دەکرد لە لایەنی سەربازییەوە. ئەم سیاسەتەش وازیان لێ هێنا پاش ئەوەی کە بانگکرا و لێیان پێچایەوە لە نیسانی ١٩١١دا. لە پاییزی هەمان ساڵدا هەمەوەندییەکان دەستیان دایەوە چەك. لە ساڵی ١٩١٢دا پیلانێکیان دانا بۆ جێبەجێ کردن بۆ گەڕاندنەوەی هێمنی وڵات ئەویش بە چەکدارکردنی کوردەکان لە هێزەکانی سنور، لە شێوەی هێزەکانی حەمیدی کۆن، بەڵام هەر چەندە ژمارەیەکی کەم لە هەمەوەند و جاف و دزەیی بەشداریان تێدا کرد، ئەمە نەبووە هۆی ئەوەی بارودۆخەکە بەرەوباشی بەرێت. کاتێ کە جەنگ هەڵگیرسا

هەمەوەندییەکان یاخی بوونەکەیان هەرمابوو. ئەوەی پەیوەندی بە جاف هەبێ. هەولێکدرا تا کۆتایی ساڵی ١٩١٠ بۆ تۆڵەسەندنەوەی باجێکی گران لێییان. ئەمانە هیچ شتێکیان نەدابوو یان ئەگەر دابوویان کەم بوو لەو ڕۆژەوەی کە سەردەمی دەستووری دەستی پێکرد. مەحمود پاشای بەگزادە کە تا ڕادەیەك دەسەلاتی هەبوو لە هۆزەکەیدا بانگ کرا بۆ موسڵ، ساڵێ لەوێ دەست بەسەر مایەوە، بەڵام ئەم سیاسەتە کە دیارە بە شێوەیەکی تەواو هیچ سودێکی نەبوو، لەم دواییەدا وازیان لێهێنا، جا لەبەر ئەمە ماوەی مەحمود یان دا کە بگەڕێتەوە بۆ شارەکەی. ئەو گفتوگۆیانەی کە لەم دوادواییەی ئەنجام دران بە مەبەستی نیشتەجێ کردنی هۆزەکە هیچ ئەنجامێکی نەبوو هەروەها هیچ پێشکەوتنێکیش ڕووینەدا لە پەیوەندییەکانی ئەو ساڵانەی پێش هەڵگیرساندنی جەنگ. لە نێوان مستەفا پاشا باجەلان و حکومەتی عوسمانیدا بەردەوام لێك دان و دژایەتی هەبوو، ئەو پێش سەردەمی دەستوری ساڵانێکی زۆری بەسەر برد لەدوور خستنەوەی بۆ ئەستەمبوڵ. تورکەکان هەموو کاتێ بە چاوی گومانەوە سەیریان دەکرد، چونکە لایەنگری بەریتانیا بوو. لە ساڵی ١٩١٢دا بۆ ماوەیەك لە بەغدا بەندکرا چونکە لە لایەنی ڕامیارییەوە پەسەند نەدەکرا. هەر لە سەرەتای جەنگەوە بێزار بوونی هۆزە کوردەکان لە حوکمی تورك لە پەرەسەندن دابوو. بەهۆی نەتوانینی هۆزەکان بۆ کۆچ کردن باریان گەلێ گران بوو بەهۆی سەندنی گەلێ باج و سەرانە کە بەسەریانا سەپێنرابوو لە لایەن میرییەوە. لە هەمان کاتدا سەرکردە ئایینیەکانیان تووشی شکاندنەوە و گاڵتەپێکردن ببوون، کە ئەوانە ڕێز و پایەکی زۆریان هەبوو لە هۆزەکاندا. لە ڕۆژانی یەکەمی جەنگەوە، کە هێشتا هەڵمەتی جیهاد کردن بە تەواوی بێ مانا نەبوو حکومەتی تورك هەولێدا لە کوردەکان چەند هێزێکی سوارەی (غیر نیزامی) بەدەست بهێنێت، لەوانە:-

کەتیبەیەکی بچووك چوونە شعیبە، بەڵام هەر چەندە ڕەوشتێکی باشیان هەبوو کە چی بە شێوەیەکی خراپ لەگەڵیان جوڵانەوە. پاشان کوردەکان گەڕانەوە ماڵێ خۆیان، ئا لەو کاتەوە هیچ سوارێك ناوی خۆی تۆمار نەدەکرد بۆ شەڕکردن دژی خۆمان. هەر چەندە تورکەکان بەردەوام هەوڵیان دەدا دوژمنایەتی بخەنە نێوانمانەوە. هۆی سەرنەکەوتنی پرۆپاگەندەی تورك بە شێوەیەکی گشتی دەگەڕێتەوە بۆ هەولی سەرکردە ئاینییەکان هەموویان بە جارێ ڕازی نەبوون فتوای جیهاد دەربکەن، ئاشکرایان کرد کە شەڕ لە پێناوی بەهێزکردنی عوسمانییەکان ئەوانەی کە دوژمنایەتی کوردیان بە میرات بۆمابۆوە. بە نزیك بوونەوەی هێزەکانی ڕووسیا هۆکارێکی تر کەوتە ناو دۆخەکەوە. پێش هەڵگیرساندنی شەڕ هەڵوێستی هۆزە کوردەکان

بەدرێژایی سنورەکانی ڕۆژهەڵاتی تورکیا ڕوون و ئاشکرا بوو. بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین لە کاتێکا گومانێك تەواو هەبوو لە ڕووسەکاندا کە بووە هۆی دودڵی لە ڕازیبوون لە هەوڵ و یارمەتییەکانیان، بەڵام حوکمرانی خراپی عوسمانییەکان کوردەکانی ناچار دەکرد دژی ئیرادەی خۆیان بوەستن و بچنە باوەشی ڕووسەکانەوە. بەم شێوەیە سەرۆکەکانی هەرێمی مووسڵ، پاش خۆراگرتنیان بۆ ماوەی چەند ساڵێك بەرامبەر داواکارییەکانی ڕووسیا، لە دواجار ناچار بوون لە پەناگەیەك بگەڕێن لە هەرێمەکانی ڕووسیا. لە بەهاری ١٩١٤دا وا بلاّو بووەوە کە هەمەوەند و جاف و دزەییەکان ئامادەن بۆ داواکردنی یارمەتی لە ڕووسیا. پاش ئەوەی کە نائومێد بوون لە بەدەست هێنانی ئەو چاکسازییانەی کە بە هیوای بوون بەدی بهێنرێت. لەگەڵ نزیك بوونەوەی پێری ڕووسەکان ئەم هەستانە زیاتر گۆڕانی بەسەردا هات. سوپای ڕوسی دەبووە بارگرانییەك لەسەر هەر شوێنێکی کە داگیریان بکردبایە. هەواڵی ئەو کارە ناپەسندانەی کە لە ڕەواندوز کرا لە ساڵی ١٩١٥ـ ١٩١٦، مایەی دڵئارامی کوردەکانی باشور نەبوو، لە ساڵی ١٩١٦دا هێزێکی ڕووسی هەڵمەتێکیان برد هەتا خانەقین بۆ ماوەی دوو سەعات هەموو شارەکەیان تالاّن کرد و بەڵام بە گەڕانەوەیان ڕەوشەکە خۆش بووەوە. کاتێ بەغدامان داگیرکرد لە مارتی ١٩١٧دا خەڵکەکەی دڵنیابوون لەوەی کە لێپرساوەتی دەکەوێتە دەستمان هەتا سنوورەکانی تورکیا، بەمەوە دڵخۆشییەکی گەورە کەوتە نێوانمانەوە. بە شێوەیەکی گشتی هۆزە کوردەکان هاتنە سەر ئەو باوەڕەی کە کاتی ئەوە هاتووە کە پێناسەی نەتەوایەتییمان نیشان بدەن. هەروەها بیری خودمختاری بۆ کورد کە پەیدابوو لە کاتی حوکمی دەستووریدا سەری هەڵدایەوە و بە شێوەیەکی زۆر فراوان تەشەنەی کرد بە هۆی ناوەڕۆکی بەیاننامەکانمان بۆ عەرەبەکان لە کاتی داگیرکردنی بەغدا، کە نیشانی دابوو هەڵوێستی ئێمە جیاوازییەکی تەواوی هەیە لەگەڵ هەڵوێستی تورکەکان بەرامبەر هیوا و ئاواتی نەتەوایەتیدا. بە بەرەو پێشەوە چوونمان بە درێژایی زێی ـ دیالە ـ و کشانەوەی تورکەکان بەرەو ڕۆژئاوا کوردەکان هەرێمی سالحییە ـ کفری ـ ئەو هەرێمەیان بەجێ هێشت کە هێزەکانی تورکی تێدابوو، هەروەها ئازووقە و خواردنیان نەدا بەم هێزانە، چونکە لەو باوەڕەدا بوون کە ئێمە هەموو هەرێمەکان داگیر دەکەین یەك لە دوای یەکەوە هەتا دەگاتە خانەقین. لەو ساتەی گەیشتنە بەغدا، بەتایبەتی لە ڕۆژانی سەرەتای نیسانی ١٩١٧، چاوپێکەوتنێکمان کرد لەگەڵ ڕووسەکان لە قەسری شیرین، سەرۆکی ئەفسەرە سیاسییەکان (لەوانەشە کۆکس هەر خۆی بێ) پێی داگرت لەسەر گرنگی سیاسەتی داگیرکردنی خانەقین و

PDF 4 KURD

لەگەڵ لێکۆڵینەوە لە دۆخی شەڕ لە پێناوی پاراستنی بەرژەوەندی و دەسەڵاتمان لەنێو هۆزە کوردەکان کە بەڕاستی حەزیان بە ئێمە دەکرد، بەڵام ئەمەیان تا ڕادەیەك ئەگەڕێتەوە بۆ پەرت و بڵاوی هێزەکانمان کە ماوەی نەدەدا بەم شێوەیە بێ. لەبەر ئەمە لەم بارودۆخەدا لە هاندانی مستەفا پاشا باجەلانمان زیاتر پێنەدەکرا. سەرۆکی خانەقین، کە بە گوێرەی توانای هەوڵ بدات بۆ پاراستنی شارەکە و دەوروپشتی بۆ بەرژەوەندی ئێمە. لە هەمان کاتدا سەرۆکی ئەفسەرە سیاسییەکانی هێزی ـ د ـ پێشنیاری کرد لە سەر سەرۆکی دەستەی ئەرکانی ئیمپراتۆرییەت لە ٢١ی مارت، لەبەر ئەوەی چاوەڕوان دەکرێ بە هێرش کردنی ڕووسەکان، جا پێویستە هێڵی جیاکردنەوەی ـ هەرێمەکانی ژێردەست ـ درێژ ببێتەوە لە ـ بەدرە ـ وە بەناو مەندەلی و قزل ربات و بەدرێژایی کێوی حەمرین و هەتا شریمیە لەسەر دیجلە، بەڵام ئەم پێشنیارە جێی ڕەزامەندی حکومەتی خاوەن شکۆنە بوو.

لەبەر ئەوەی چونکە نەدەگونجا لەگەڵ سنوورەکانی ئێستا، یان لەگەڵ ئەو ڕێکەوتننامانەی کە بەستراون لە نێوان حکومەتەکانی ڕووسیا و فەڕەنسا و بەریتانیا. ئەم حکومەتانە ڕێك کەوتبوون لەسەر ئەوەی کە هەرێمەکانی ژێردەست بە گوێرەی پێویستی سەربازی دیار دەکرێ. بەمەرجێ ئەم هەرێمە سەربازییانە پەیوەندییان نەبێت بە هەرێمەکانی ژێردەسەڵاتی سیاسی، کە بڕیاری لەسەر دراوە لە ڕێککەوتننامەیەکی نێوان ئەم دەوڵەتە گەورانەدا. بڕیاردرا بەدانانی ئێدارە و کۆنترۆڵ کردن لە سەر ئەم هەرێمانەی عوسمانی کە یەکێ لەم دوو سوپایە داگیری دەکات، کە دەکەوێتە باشوری زێی بچووکەوە و هەتا ڕۆژئاوای سنور دانرا لە ژێر حوکمی سەرۆکی ئەفسەرە ڕامیارییەکانی هێزی ـ د ـ . پێویستە لێرەدا ئەوە بڵێین ئەو تێکەڵاوبونی بیروڕایانەی کە پەیوەندی هەیە بە حکومەتی بەریتانیا، بە سەرۆکی ئەفسەرە سیاسییەکان ڕانەگەیەنران تا ١٦ی مانگی مایس، لەو کاتەشدا ڕووسەکان لە مانگێك پتر بوو هاتبوونە نێو خانەقینەوە. هەڵسوکەوتی سەربازەکانی شێوەیەکی ناشیرینی بەجێ هێشت لە شارەکەدا، کەوای لە خەڵکەکە کرد ڕقیان لە ئێمە ببێتەوە. ڕووسەکان شارەکەیان لە مانگی نیسان داگیر کرد. هەست و ڕەوشتی خەڵکەکە بەرامبەریان هەر چۆنێکی بێ نارەزاییان نیشان نەدا. کاتێ کە زانییان ئەوانیش هاتوون وەکو هاوپەیمانێکی بەریتانیای گەورە و هەروەها بە بڕیاری ئەو، بەڵام ئەو هەواڵانەی کە گەیشتنە سەرۆکی ئەفسەرە ڕامیارییەکان لە نێوان چەند ڕۆژێکدا ئەوەی گەیاند کە هەڵسوکەوتیان بەرامبەر بە دانیشتوان، بوە هۆی ترس و بێزاری. مستەفا پاشا داوای کرد بە دانانی ئەفسەرێکی سیاسی بەریتانی بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی

شارەکە. داواکارییەکەی خستە بەردەم سەرۆکی سوپا کە ئەویش نەی دەویست جێبەجێ بکات لە ترسی تورەبوونی هاوپەیمانان ـ ڕووسەکان ـ ئەویش بە هۆی هەبوونی جیاوازییەکی بنەڕەتی لەگەڵ ئەواندا لە هەڵسوکەوتماندا لەگەڵ دانیشتووانی ئەوێدا. زۆر پاڕانەوەمان بە نامە بۆهات لە هۆزەکانی باجەلان و جاف و شەرەفیانی و تاڵەبانی، هەروەها لە پیاوە دیارەکانی ـ قزل ربات ـ لە هەموان ئەوە ئاشکرا دەکەن ڕەوشتی ڕووسەکان مایەی بێزارییەکی توندە چونکە دەیانەوێت خەڵکی شارەکە دەربکەن. خەڵکەکەش بە ترسەوە هەڵ دەهاتن بۆ ئەو هەرێمەی کە لە ژێر دەستی تورکان دابوو. لە کۆتایی نیساندا مستەفا پاشا خۆی ڕۆیشت بۆ بەغدا بۆ یەکلا کردنەوەی مەسەلەکە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی بەریتانیا، لەگەل خۆشیا ئەو نامەیەی هێنابوو کە بۆیان ناردبوو لە لایەن عەلی ئیحسان پاشای سەرکردەیەکی تورکان، کە تێدا پێ ڕادەگەیەنێ کە چەند نامەیەکی ئەوی بەدەست کەوتوە چەند زانیارییەکی بەنرخی سەربازی تێدا بووە، مستەفا پاشا ناردوویەتی بۆ هێزەکانی بەریتانیا لە نزیك شارەبان. بە خاینی لە قەڵەم دابوون، هەروەها هەڕەشەی سزادانێکی بە زووترین کاتی لێکردبوو. مستەفا پاشا ئاشکرای کرد کە حوکمی ڕووسەکان گەلێ توندوتیژترە لە هی تورکەکان. کوردەکانی دانیشتووانی ئێرانیان ئازار نەدابوو، بەڵام کوردەکانی تورکیایان بە دوژمنانی خۆیان دەزانی و ماڵ و سامانی هەموو چینەکانیان بێ جیاوازی تاڵان دەکرد. هەتا هی ئەویش خۆی مستەفا پاشا، هەر چەندە پەیوەندییەکی دۆستانەی لەگەڵمانا هەبوو هەڕەشەی ئەوەیان لێکرد بە قامچی لێی بدەن، جل و ئەسپ و خواردەمەنیان هەمووی لێ سەند. هەتا لەناو ماڵەوەیدا کاتژمێرە زنجیردارەکەیان لەناو گیرفانی دەرهێنا. هەروەها ئەو چوارسوارەی کە ناردبووی لەگەڵ ئەسپ سوارە ڕووسەکان بۆهێنانی سوارەکانی دیکە بۆ پاراستنی شارەکە، جل و بەرگ و ئەسپەکانیان لێ سەندن، بێجگە لەمانەش پێی داگرت لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە، کە چەند زانیارییەکی تری سەربەخۆی پاڵپشتی ڕاستی ئەم خاڵانەی دەکرد لە لای سەرۆکی ئەفسەرە سیاسییەکان.

١. ڕووسەکان پاش گەیشتنیان، نیوەی نرخی ئەو شتانەیان نەدەدا کە دەستی بەسەردا گیرابوو، بەقڕانی زیو ئەوەش جۆرە پارەیەکە زۆر زوو ئەمەش هەرنەما، بەرامبەر نان سێ یەکی نرخەکەیان دەدا، بەڵام بە پارەیەکی کاغەزەوە بە نرخێك کە خۆیان دایان نابوو، ئەو پارە کاغەزانەی کە نرخیان ١٠٠٠ ڕۆبڵ بوو بە زۆری لە شارەکەدا دەیانگۆڕی، خەڵکیان ناچارکرد کە زیو بدەن بە نرخی ٣٠/٢٥ قڕان لە کاتێکا نرخی پارەی کاغەز لە بازاڕ ١/٥ قڕان بوو.

PDF 4 KURD

٢.	شارەکەیان چۆڵ کرد لە ئاژەڵان، زۆریان لە سنورە وەئاودیو کردبوو، هەموو داهاتی دانەوێڵە لە کێڵگەکانی خانەقین و دەوروپشتی تێکدرا و دروێنەکرا بێ ئەوەی شتێ بدەن. رووسەکان بەردەوام بوون لە داواکردنی ئازوقە هەرچەندە خەڵکەکەش ئەو توانایانەیان نەبوو.

٣.	لە ئەنجامدا نانی گەنم نەما  هەموو خەڵکەکە بە برسییەتی مانەوە، تەنها چینی دەوڵەمەندەکان نەبێ.

٤.	رێبوارێك هەتا ئەگەر وەرەقەی ماوەدانی ئەفسەریشی لا بوایە، رزگاری نەدەبوو لە تالانکەرانی سوارەکانی قۆزاقی.

٥.	خواردەمەنی بۆ فرۆشتن دەستی بەسەردا دەگیرا، ئەفسەرەکانیش بەدوای خواردندا ماڵ بە ماڵ دەگەڕان یان خاوەن ماڵەکانیان ناچار دەکرد میوانداریيان بکەن. هەتا بێوەژنە خاوەن هەتیوەکانیش لەم جۆرە شتانە رزگارییان نەدەبوو. هەندێ جار پارەی کاغەزی پێنج رۆبڵیان بەکار دەهێنا، بەڵام ئەگەر رێکنەکەوتبان ئەوە شتەکەیان دەبرد و هیچیشیان نەدەدا.

٦.	کاری کێڵگە و بێستان وەستێنرا کە سامانێکی سەرەکی شارەکە بوو، چونکە روسەکان هەندێ سەرچاوەی ئاویان بڕی و دەرفەتی خەڵکیان نەدا گرنگی بە دار و دارستان بدەن.

٧.	زۆر لە خەڵکی لادێیەکان روویان کردە لای تورکان لە سەلاحییەـ کفری ـ.

٨.	هۆزەکانی ـ سەلاحییەـ کە لە سەرەتاوە خواردەمەنییان نەدەدا بە تورکەکان، ئێستا خەریکن پێیان دەدەن، بۆ ئەوەی ماوەیان بدەن لە هەرێمەکەیان بمێننەوە، چونکە ئەو هەواڵانەی گەیشتبوو لە خانەقین و قزل ربات بووە هۆی پەیدابوونی ترس، تا وای لێهات خەڵکەکە لە خراپەی هەردووکیان، هی تورکیان بەباشتر زانی.

٩.	٤٠٠ کەس لە ژێر فەرماندەی سەردارمودی کە یەکێکە لە سەرکردەکانی یاخی بووانی ئێران، لەگەڵ عەلی ئەکبەر خان سەرۆکی کوردەکانی سنجابی ئێران رایان کردبووە بۆ چیای بامو کە ٥٠ میل دوورە لە باکوری رۆژهەڵاتی خانەقین بەنیازی ئەوەن کە خۆیان بدەنە دەست ئێمەوە، بەڵام ئەو هەستە بێزارییانەی کە بە هۆی هەڵسوکەوتی رووسەکانەوە پەیدابوو، هەڵوێستی گۆڕین، تا وای لێهات کە بیر لەوە بکەنەوە بە دژی ئێمە کار ئەنجام بدەن.

رەوشتە خراپەکانی رووسەکان ئەوەیان سەلماند بابەتێکی چاکە بۆ پروپاگەندەی تورکەکان. هەتا ئێمەش بە خێرایی تووشی شەرمەزاری بووین و رێزی ئەوانەمان لە دەستدا کە هەموو

کاتیَ لەگەڵمانا بوون. لە هەمان کاتدا دژایەتی کردنی ڕووسەکان لە پەرەسەندنا بوو ئـەوانیان خستە بارێکی ناڕێکەوە لە کوردستانی خواروودا. بەم هۆیەوە دەرگا دەکرێتەوە بـۆ گەڕانـەوەی دوژمن تا دەگاتە دەوروبەری قزل ربات و مەندەلی. مسـتەفا پاشـا ئـەوەی گـوت کـە هـۆزە کوردەکان هەست دەکەن پێویستیان بە هەبوونی هاوپەیمانانمان هەیە لەوێدا، بەڵام تکای ئەوەی کرد کە پێیان ڕابگەیەنن چیتر بە شێوەی سوپایەکی داگیرکەر تالاَن نەکەن و توندوتیـژ نـەبن. کوردەکان ئارەزویان هەیە نان بدەن بە هێزی ڕووسەکان ئەگەر بێت ئەم دەست بەسەردا گرتنـە نەمێنیَ و بگۆڕدرێت بۆ یاسایەکی ژێر ئیـدارەی لێپرسـراوەتی. بـۆ زۆرکردنـی خواردەمـەنی پێویست، دەبیَ ماوەی جوتیاران بـدرێت بگەڕێنـەوە سـەرکارەکانیان بـیَ ئـەوەی ڕێیـان لـیَ بگیرێت، جارێکی تریش داوای دامەزراندنی نێردراوێکی ئینگلیزیـان کـرد کـە جێـی بـاوەڕی خەڵك بیَ بۆ ئەوەی فەرمانداری شارسـتانی هەرێمەکـە بگرێتـە ئەسـتۆ. هـەروەها هێزێکـی دیکەشی لەگەڵا بیَ، بەرامبەر ئەمە پەیمانیان دا بۆ پاراستنی یاسا و ئاسایشی خانەقین و قزل ربات و هەموو ڕێگاکان لە پێناوی ئارام کردنەوەی ئەو هۆزانەی دەوروپشتی هێزەکانی تورك. هەروەها خۆ چەکدار کردنیان بە شێوەی داواکاری ئێمـە. هـەروەها ئەوانـە پـەیمان دەدەن کـە ئازووقە و خواردەمەنی لە مەندەلی و قزل ربات بنێرن. لەڕاستیدا بە هـۆی تێکچـوونی بـاری ناوەوەی ڕووسیا کۆنترۆڵ و ڕێکوپێکی تێدا نـەما، چـونکە دەیـانزانی کـە ئـەوان تـەنها بـە شێوەیەکی کاتی لە خانەقین دەمێننەوە، بەڵام دەربارەی ئێمەـــ واتـە بـەریتانیا ـ لەڕاسـتیدا شتێکی بۆگەنیان بۆ بەجیَ هێشتین، جا لەبەر ئەم بنەڕەتانە، ئەو دۆخەی کـە مسـتەفا پاشـا پەردەی لەسەر هەڵدایەوە و پشت بەستن بەو هەواڵانەی سەرچاوەکانی تر، بێجگە لەوانەی کـە زیادی لەسەر گوتراوە، بارودۆخی پڕ مەترسین پێویستی بە پێداچونەوەیەك هەیە لە هەڵوێستدا بە گوێرەی لێکدانەوەی سەرۆکی ئەفسەرە ڕامیارییەکان ئەگـەر ڕێـك نەکـەوێت بـە کـارێکی سەربازی سەرکەوتوانەی داگیرکردنی خانەقین لە لایەن خۆمانەوە، هەروەها شتێکی باش نەبوو ناردنی نوێنەرێکی ئینگلیزی بۆ ئەویَ، لەگەڵ ئەوەشدا وای بـۆ دەچـیَ کـە پێویسـتە لەسـەر حکومەتی بەریتانیا زانیاری هەبیَ دەربارەی بارودۆخی ئەویَ و ئەنجامە سیاسییەکانی لێیـەوە پەیدا دەبن. لەم ئاگادارییانەدا ئەو دانی بەوەدانا لەم قۆناغـەدا داگیرکردنـی خانـەقین کارێکـە ناتوانریَ ئـەنجام بـدریَ، هـەروەها هەڵویسـتی یاریـدەدەری ئەفسـەری سیاسـی ـ بەریتانیاــ دەکەوێتە ئاڵۆزییەوە، ئەو ناتوانیَ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کارتێکردن بـە ئـەنجام بگەیـەنێت، بەڵام ئەو لەم باوەڕەدایە تەنها بە ئامادەبوونی دەبێتە هۆی ئـارام بـوونی خەلکەکـە، جلـەوی

بێهودەیی سەربازەکانی ڕووس توند دەکات. لێپرسـراوانی ئـەرکانی گشـتی لـەو کاتـەی لـەو باوەڕەدان توانای دانانی هێزیـان نییـە لـە خانەقینـدا، گومانیـان دەکـرد لـە وردی ڕاپۆرتـە گەیشتتوەکان پێیان دادەگرت لەسـەر ڕاسـتییەتی ڕای خـۆی، کـە بـە نـاردنی یارمەتیـدەری ئەفسەری ڕامیاری ئالۆزییـەك ڕوودەدات لـە نێـوان هاوپـەیمانان، لـە هـەمان کاتـدا ئەگـەر ڕووسەکان ناچار بکرێن بۆ کشانەوە لە دواجاردا، هەبوونی ئەفسەری بـەریتانیا لـەوێ دازیـان بەناوبانگمان دەگەیەنێ. پێشنیاریان کرد کە کۆلۆنێل ـ کینیـون ـ قۆمیسـاری بـەریتانیا لـە کرماشان سەردانێکی خانەقین بکات، لە ژێـر چـاوەدێری ڕووسـەکان ـ بـۆ ئـەوەی ڕاپۆرتێـك دەربارەی دۆخەکەوە بنووسێتەوە و پێشکەش بکات. سـەرۆکی ئەفسـەری ڕامیارییـەکان ئـەم پێشنیارەی بەڕادەی پێویست نەدەبینی و یان باری دۆخەکە کەمێك سوکتر بکات، بـەڵام پێـی داگرت لەسەر ناردنی ئەفسەرێك لە بەغداوە، بەڵام ئەرکانی گشتی ئەمەی وادانـا کـە نـاکرێ هەنگاوێکی وا لەم بارەیەوە بهاوێشترێ پێش ڕاوێژ و پرسکردن بە سەرکردایەتی ڕوسەکان، بـۆ دڵنیا کردنیان کە دژی بەرژەوەندی ئەوان نییە، بەڵام ئەو لە وەڵامدا بەسەرکردایەتی ڕاگەیانـد کە باروکات گونجاو نیە بارودۆخ بە بێ گۆڕان بـەم شـێوەیە مایـەوە، بـەردەوام عـەرزوحاڵ و شکایەتمان پێدەگەیشت لە سەرۆکە کوردەکان بازرگانەکانی خانەقین. مستەفا پاشا بارەگایەکی لە بەغدا کردەوە، وەکو میوانێك لای حکومەتی بەریتانیا. لە هەمان کاتا خێزانەکەی و چەند سـوارێکی هۆزەکـەی هـەڵاتن بـۆ چـیای ـ باتاجاەـ کـە دەکەوێتـە باشـووری شـارەکەوە، ڕووسەکانیش چوونە ناوخانوەکەیەوە. ئەو داوای کرد کە ماوەی بـدرێ ئافرەتـانی خێزانەکـەی بێنێتەوە شارەبان لەگەڵ سوارەکانی هۆزەکەی، ئەوەشیان بۆ دابین بکرێ کـە ئەسـپەکانیان لـە لایەن ڕووسەکانەوە لێ نەستێندرێت، بەڵام لە لایەن سەرکردایەتی هێزی ڕووسیا ئەم داواکارییە قبوڵ نەکرا بە بیانوی ئەوەی سوارەکانی ئەم هۆزە کاری نایاساییان کـردوە لـە ڕێگاکانـدا لـە هەرێمی قەسری شیرین، مستەفا پاشا خۆشی ناسراوە بەوەی کە چەند کارێکی ئەنجام داوە دژی ڕوسەکان. لەوانەیە ئەمە لە ساڵی ١٩١٦دا بوبێت کە ئەو سـەرۆکی فـەوجێکی تـورکی بـوو لەسەر سنور. چەند زانیارییەکی تر گەیشتن لە بەغداوە، ئـەوە دەگەیـەنێ کـەوا خانـەقین بـە تەواوی تاڵان کراوە و زۆربەی دزراوەکانیش لە سنورەوە ئاودیو کراون. لەم ڕووداوەدا دوو ژن و نۆ پیاو کوژران. دووانیان موسڵمان بوون و ئەوانی دیکەش یـەهودی بـوون. ئـەم یەهودییانـە کوژران چونکە ڕازی نەبوون هەروەکو دەڵێن بە گۆڕینی ڕۆبلی کاغەز. لە ناوەڕاسـتی مایسـدا سەرکردایەتی هێزی ڕووسیا چەند کارێکی ئەنجامدا بۆ پاراستنی ئاسایشی ڕێگای قزل ربات و

کرمانشاه، بە بازرگانەکانیان ڕاگەیاند ئەوانەی ئارەزوی سەفەری ڕۆژهەڵاتیان هەیە ڕێگا بۆیان کراوەتـەوە و پێویسـتە پەیوەنـدی بکـەن بـە سـەرکردایەتی ڕووسـەکان بـۆ دابینکردنـی سەلامەتییان، بەڵام ئەو کارانەی ڕووسەکان گونجاو نەبوون، جا ئەو شارانەی کە دەکەونـە ئـەو دێو قزل ربات لە بارێکی نارێکدا مانەوە. بارودۆخ تا کۆتایی مایسی ١٩١٧ بە شێوەیەك بوو هۆزەکانی کوردستانی خوارو کەوا دانراوە لە ژێر دەسەڵات و کارتێکردنی رامیاری ئێمـەدابن، بەتەواوی توشی نائومێدی ببوون و لێمان دوور کەوتنەوە، بەهۆی ئەو خراپ جولانەوەیەی کـە لەگەڵیانا ئەنجام درابوو. لە سەرەتاوە هۆزەکان ئامادە بوون بەڕووی تورکەکاندا هەڵسنەوە کـە لە پاشەکشەدا بوون، عەمباری دانەوێڵەیان کەم کردەوە بۆ ئەوەی داواکاری تورکـەکان بـەجێ نەگەیەنن، بەڵام ئێستا وا دەبیندرێت باشترین ڕێگا بۆ رزگار بوون لەسـەر بـازە شـەقاوەکانی ڕووس ئەوەیە ماوەی تورکەکان بدرێت کە سوود وەربگرن لەم دانەوێڵەیە. تورکـەکان ئەوەنـدە بەهێز نەبوون کە بتوانن بە تەواوی هۆزەکان برسی بکەن و ئارەزووی ئەوەشیان نەبوو شـارێکی دەوڵەمەند تێکبدەن کە خواردەمەنی بەرهەم دێنێت، بەڵام ڕووسەکان لەبەر ئەوەی مانـەوەیان کاتی بوو گوێیان بە دوارۆژ نەدەدا. هەموو شتێکیان تێك شکاند، بـەڵام هـەر چـەندە هـۆزە کوردەکان نارازی بوون بە هاتنیان و یەکیان گرت بۆ بەرەنگاری کردنیان، بەڵام هۆیەك هەیە بۆ وا لێك دانەوە کە تـا ئێسـتاش ئارەزوویـان هەیـە لایـەنگریمان بکـەن، ئەگـەر هـاتوو چـەند هۆکارێکمان پێشکەش کرد کە ئێمە یارمەتییان دەدەین. مانەوەی کوردەکان بە هۆی پاکبوون بەرامبەر بە ئێمە، هەموو کاتێ گرنگییەکی گەورەی هەیە. بۆ نمونە:ـ هۆزەکـانی صلاحیەـ دەوڵەمـەندترین زەویی کشتوکاڵییان بەدەستەوەیە لەم شارەی کـە دەکەوێتـە نزیـك بەغـداوە. هێزەکەی ١٥٠٠ سوارن و خاوەن ١٠٠٠ پیادەشن. ئەو ڕێگایەشیان لە ژێر دەستدایە کە بەرەو ئێران دەڕوا. ئەمانە هەمووی لە ژێر دەسەڵاتی شێخ حەمید تاڵەبانییە کـە پەیوەنـدی یـەکی باشی لەگەڵ دا هەیە. لە کۆتایی مانگی حوزەیران ڕوسەکان خانـەقینیان چـۆڵ کـرد و بـەرەو ئێران کشانەوە. یەکسـەر تورکـەکان گەڕانـەوە شـارەکە و چیـای حـەمرینیان داگیرکـردەوە، نۆکەندی ئاوەکانیان خستەوە ژێردەسەڵاتیان لە دیالـە و مـەحروت و خوراسـان و خـالس، کـە پشتی پێ دەبەسترێ بۆ ئاوەدانی زەوییە کشتوکاڵییەکانی باشوری باقووبە، بـەمجۆرە توانییـان ڕێگا لە ئاوەکان بگرن. هەروەها سەرچاوەی گرنگی ئازوقە و خواردەمەنییان لە تووزومەندەلی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە. لە تەموز دووزمان داگیر کرد و مەندەلییش لە کۆتایی مانگی ئەیلوول. لەو کاتەوە دەسەڵاتی خۆمان خستە سەر نۆکەندەکانی دیالە. هەروەها بە داگیرکردنی

PDF 4 KURD

چەند بەشێکی چیای حەمرین لە تشرینی یەکەم شوێنەکانی ئێمـەی زیـاتر بـەهێزکرد. تـالآن کردنی خانەقین کە لە لایەن ڕووسەکانەوە دەستی پێکرد تورکەکانیش تـەواویان کـرد. بـەهۆی کەمی ئازوقە خواردەمەنی لە سلاحییەـ کفری ـ و دەوروپشتییەوە بارگرانییەکە زیاتر دەبـوو. لە کۆتایی ئابدا کاتێ هێزەکـانی تـورك خانـەقینیان داگیرکـرد، هەنـدێ لـە دانیشـتوان کـە هەلۆیستێکی توندیان گرتبوەبەر لە چیای ـ باداجاەـ ئەوانە کە ئامادەبوون بۆ بەرگریکردن لە خۆیان دژی هەلمەتەکانی تورك. ئەوانیش گەڕانەوە شارەکە، هەروەها باجەلانییەکان گەڕانەوە سەرزەوییە کێلڵراوەکانی خۆیان لە بـاکوری خانـەقین و دەرەیـان لـەوێ چـەند هۆزەکـانی لـەو بچووکتر کە لە باشوری سالحییەـ کفری ـ ژیان دەبەنە سەر وا بلآوبوە کە دەچن بۆ مەندەلی و بەدرە و قەرەداغ و شێخان، دانەوێڵەکەیان لـە گـردە بچـووکەکانەوە خسـتبوە نـاو چـالەوە و شاردبویانەوە، بەلآم ناچار بـوون یـان زەخیرەکـەیان ئاشـکرا بکـەن بـە برسـییەتی بمێننـەوە، سوارەکانیان پەیوەندییان کرد بە شێخی کـوردان دا و حەمیـد تالـەبانی کـە تیرەکـەی خـۆی کۆکردبووە لە هەرێمی ـ کیل ـ لە نزیك ـ تـاوق، داودەو، تالـەبانی یەکێتییـەکی بـەهێز لـە نێوانیاندا هەبوو، هەر بە هۆی ئەم هێـزەش بـوو کـە توانیـان چـالە گەنمـەکانیان بـەکراوەیی بهێلنەوە بێ ئەوەی بترسن لە تورکەکان. پەیوەندیمان کرد لەگەڵ شێخ حەمید و سـەرۆکانی تـر لە ڕۆژانی کۆتایی ئەیلوول، بۆمان دەرکەوت کە ئەوان هیچ جۆرە داواکارییـەکی تورکـەکانیان بەجێ نەهێناوە لە یارمەتی دان و زەخیرە و ئازوقـە، لەمـەودواش هـەر بـەردەوام دەبـن لـەم کارەیان، تا ئەم هیوایە هەبێت کە ئێمە دەتـوانین یارمـەتییان بـدەین. هـەموو ئاژەلـەکانیان گواستەوە بۆ باکور بەرەو زێی زاب، بۆ ئەوەی دوور بێ لە دەستی تورکەکان. ئەمانـە بڕیـاری سزایەکی توندیان دەرکرد لەسـەر دانیشـتوانی قـزل ربـات و خانـەقین. چـەند پیاوێکیـان لـە سێدارەدا، یەکێك لەوانە خێزانێکی پایەداری سلێمانی بوو، ئێمـە تـاکو ئێسـتا لـە بـارێکی وەهادا نین بتوانین هیچ پەیمانێك بدەین بە کوردەکان و هانیان بدەین و بیانگۆڕین بـۆ هەلمـەت بردن دژی تورکەکان. ئێمە ناتوانین ئەم کارەبکەین تەنها پاش داگیرکردنی خانەقین نـەبێ یـان بەلای کەمەوە قزل ربات، لە پەرەگرافی پێشودا لەوە تێدەگەین کە مەسـەلەیەکی دوو لایـەکی کە بەرەنگاری ئێمە دەبێتەوە لەم هەرێمەدا یەکجار سەخت و ئالۆزە. هاوپەیمانانمان کوردەکانی تورکیایان بە دوژمن دانەنا، کە چی ئێمەش وا سەیریان دەکەین لایەنگیری سیاسـی ئێمـەن و لایەنێکی بەهێزن لە هەرێمی ژێر دەسەلآتی ڕامیاریمانەوە. مێژووی کوردەکان پـێش جـەنگ ـ ی یەکەم ـ ئەوە بەدیار دەخات کە ڕووسـەکان لـە دۆخێکـی لـەبار بێبـەش نـەبوون ئەگـەر

بیانویستبایە سودی لێوەربگرن، بەڵام ئەو شوێنەوارەیان بەجێیان هێشت بەڕووداوەکانی ساڵی ۱۹۱۷دا بە ئاسانی لە بیر ناچێتەوە. مەسەلەی داگیرکردنی سەربازی بۆ خانەقین لە لایەن ئێمەوە ئەگەر پڕۆژەیەکی کاریگەر بوایە، ئەوە مەسەلەیەکی ڕوون بوو کە سەرکردەی ئەم هێرشە ـ سەربازییەی بەریتانیاـ لەو پەڕی بەهێزییەوە دەیتوانی بیرێکی لێبکاتەوە. لەوانەیە چەند ڕایەکی تر بەدیار بکەوتایە دەربارەی ئەوەی سەرۆکی ئەفسەرە سیاسییەکان کە لێپرساوەتی دەسەڵاتی ڕامیارییەوە پێ سپێردراوە لە لایەن حکومەتی بەریتانیاوە ئەو بەڵگەی خۆی هەیە بۆ دەرکردنی بڕیارەکەی بەنادرنی ئەفسەرێکی سیاسی بۆ خانەقین لە پێناوی بەهێز کردنی لایەنی سیاسیمان ئەو ئەفسەرەش پلەوپایەیەکی گەورەی هەیە لەم ناوچانەدا. ئەویش مستر ـ ئەی. ب ـ سون ـ ە. ئەم کورتکردنەوەیەی بابەتەکە ـ کە پیشاندانێکی زانیارییەکانی حکومەتی بەریتانیایە دەربارەی درێژەی مەسەلەیەکی یەکجار ئاڵۆز و سەخت کە نوێنەرانی سەربازی و شارستانی خزمەتگوزاری سیاسەت و بەرژەوەندییەکان بەرەنگارییان دەبێتەوە.

### پەراوێزەکانی بەشی چواردەهەم:

(۱) ئەو بۆچوونانە بۆ دەسەڵاتدارانی بەریتانیا لە یەکەم پەیوەندی کاریگەر لە ناوچە کوردنشینە نزیکەکان کە گرنگی خۆی هەیە بۆ تێگەیشتنی ئەم بۆچوونانە لە هەمبەر تەواوی ناوچەکەدا، لەوانەش کوردستانی تورکیا یاخود ناوەڕاست و باکوور.

# بەشی پانزەهەم

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

تاكو ئێستا هەروەكو بەڕوونی دیمان، چارەسەركردنی مەسەلەی كورد، شتێ بوو هەموو ناوەند و فەرمانگە سیاسییەكان و كەسانی زۆری سەرگەرم و خەریك كردبوو لە هەموو جۆرە بیروڕاییێك و شوێنێكدا. ئەم لایەنانە پێشنیاری هەمەجۆرەیان لەو بارەیەوە كردبوو، لە نێو ئەمانەشدا بیری یەكێتی فیدڕاڵی یان دامەزراندنی دەوڵەتێكی سەربەخۆ. لەم بارەیەوە پێشنیارێكی وەكو ئەمە خرایە ڕوو لە لایەن كۆمیتەی كوردستان لە ئەستەمبوڵ درا بە حكومەت و دەسەڵاتدارانی وڵاتە هاوپەیمانەكانیتر. لە یەكێ لە بەڵگەنامەكانی فەرمانگەی تۆمارگەی گشتی بەشی كۆنگرەی ئاشتی بە ژمارەی ٦٠٨ـ٩٥ـ ٧٤٨ بە ناونیشانی ئاواتەكانی كورد[1] چەند بیروڕایەكی هەمە جۆری تێدا هاتوە لە لایەن نێردراوی پایەداری بەریتانیا لە ئەستەمبوڵ ئەدمیراڵ ـ كالسۆرپ ـ پاش دەستنیشانكردنی تەلەگرافی وەزارەتی دەرەوە بە ژمارەی (١) لە ڕۆژی ١٣ی كانوونی دووەمی ١٩١٩ ئەمەی تیادا هاتووە كە دانەیەكی تەلەگرافی ژمارە ١١ دەنێردرێت و لە ٥ی كانونی دووهەم لە لایەن هەمان نێردراوی پایەدارەوە، لەگەڵیا دانەیەك لەم یاداشتە دەپێچرێتەوە كە كۆمیتەی كوردستان پێشكەشی كردووە. داواكارییەكانی كوردەكان ڕووندەكاتەوە. لە گفتوگۆكانی لەگەڵ ئەدمیراڵ كالسۆرپدا ئەو وەفدەی كە نوێنەرایەتی كۆمیتەی كوردستان دەكات سوور بوو لەسەر مانەوەیان لەم پەیوەندییە باشەی نێوان كورد و ئەرمەنەكان هەروەها لە پەیوەندییان لەگەڵ ئاسوورییەكان. وەفدی كوردی داوای كرد ماوەیان پێبدرێت كە چەند نوێنەرێكی كورد بنێرن بۆ كۆنگرەی ئاشتی لە پاریسدا. ـ وەكو دەردەكەوێ بۆ یەكەم جار باسی ئەم داواكارییە دەكرێت، ئەمەش پاڵپشتی داواكارییەكەی شەریف پاشا دەكات كە پێشكەشی كردبوو. ئەدمیراڵ كالسۆرپ وای لا باش و گرنگە كە پەیوەندی نێوان كورد و ئەرمەن ڕێك و چارەسەر بكرێ، ئەو لەسەر ئەم بیرو ڕایەیە كە توركیا زوڵمی لە كوردەكان كردووە و مافی ئەوانی پێشێل كردووە. لە قسەیەكی مێژوونوس ئەرنۆڵدتوینبی لەسەر هەمان بەڵگەنامەدا لە ڕۆژی ١٩١٩/١/٢٧ ئەمەی خوارەوە هاتووە:ـ

١. یەكێتییەكی كۆنفیدڕاڵی ئازاد لە كوردستانی خواروودا.

٢. هەبوونی یەكسانی لە مافی كوردەكان و هەموو نەتەوەكانی تر لە ئەرمینیای نوێدا. واتە دەوڵەتێكی ئەرمەنی كە نیاز وایە دایمەزرێنن لەوكاتدا ـ مەبەست لێرە ئەو كوردانەیە كە

لە دەوڵەتە ئەرمەنییەکەدا دەژین ـ. توینی درێژەی پێدەدا و دەڵێ:ـ لەبەر چەند هۆکارێکی جوغرافی هەرگیز ناتوانرێت دەوڵەتێکی کوردی دابمەزرێت کە هەموو کوردەکان بگرێتەوە. چونکە لەم بارەدا دەبێ چەند کەمایەتی یەکی تریان بخەینە سەر کە لەوان پێشکەوتوترن. هەروەها لەبەر ئەوەی زیان نەگەینێت بە هەرێمەکانی ئێران. (بیروڕاکانی ـ توینی ـ بە شێوەیەکی دیکە پێشکەش دەکەین لە بەشەکانی داهاتوی ئەم باسەدا)، بەڵام نێردراوی پایەدار کالسۆرپ، نامەکەی ٥ی کانونی دووهەمی ١٩١٩ کە لە سەرەوە باسمان کرد بەڵگەنامەی ژمارە٦٠٨/٩٥/١١/١٢٨٩/١١٤٤٦/٧٤٨ی[٢] تێدا بووە لەم نامەیەشدا ئەمە هاتووە:ـ[٣] بە دەستنیشان کردنی تەلەگرافەکەی ژمارە ٣٧ لە ٥ی کانونی دووهەمدا، شەرەفێکە بۆ من یەك دانە لەو یاداشتانەتان بۆ ڕەوانە بکەم کە پێم دراوە لە لایەن کۆمیتەی کوردستانەوە، گیروگرفتەکە لێرە (ئەستەمبوڵ) نوێیە، وەفدێك بە سەرۆکایەتی ئەندامی ئەنجومەنی پیران شێخ عەبدولقادر هەڵی گرتبوو سەرۆکی خێزانی بەدرخان، وەفدەکە لە لایەن مستەر ڕیان پێشوازی لێکرا، ڕیان پەیمانی پێدان کە یاداشتەکەیان بگەیەنێتە حکومەت لە لەندەن، بەڵام شتێکی دەربارەی ئاواتەکانی کوردی نەگوت. وەفدەکە کە لە کاتی گفتوگۆدا ئەوەی ڕوون کردەوە کە ژمارەی کوردەکان لە هەمووان پترە لە هەرێمەکانی ڕۆژهەڵاتی تورکیا. نیگەرانیی خۆیان دەربڕی نە وەك داواکارییە تایبەتییەکانیان پشتگوێ بخرێن. زۆربە توندی سوربوون لەسەر ئەو پەیوەندییە باشەی کە کوردەکان بە ئەرمەنەکان دەبەستێتەوە لە بارودۆخی سروشتیدا. هۆی تێکچونی ئەم پەیوەندییە لە چەند کاتێکی دیاری کراودا دەگەڕێتەوە بۆ دەست تێوەردانی حکومەتی عوسمانی. هەروەها وەفدی کورد باسی ئەو پەیوەنییە چاکەشی کرد کە هەیانە لەگەڵ مەسیحییەکاندا، بەڵگەش بۆ ئەمە لەگەڵ وەفدەکە کەسێکی مەسیحی هاوبەشی کردبوو کە ناوی عەبدولئەحەد داود بوو. ئەندامی وەفدو وەرگێڕیش بوو، کە داڕشتنی یاداشتی وەفدەکەی پێ سپێردرا بوو، کە ئەویش لەگەڵیاندا ئیمزای کردبوو، بەڵام نێردراوی پایەدار گومانی دەکرد لەوەی کە ئەم کەسە بە تەواوی توانای ئەوەی هەبێ نوێنەرایەتی ئاسوری و کلدانی بکات، ئەو هەرچەندە مەسیحییە لە لایەنی ئایینییەوە نەك لە ڕەگ و نەژادەوە. نامەکەی دەنێری و دەڵێ: وەفدی کورد بە تەواوی سنوری کوردستانی ئۆتۆنۆمی ڕوون نەکردبووە، وەفدەکە باسی ئەو وڵاتانەیان کرد کە هەموو یان زۆربەیان کوردن، هەروەها ئەو هەرێمانەی دەکەونە لایەکی تری سنوری ئێران و هەتا وڵاتی لۆڕستان لە باشوردا، ئەوانە ئەمەیان بە باشزانی کاری سنوردانان بهێڵدرێتەوە بۆ بڕیارێکی

دادپەروەرانەی کۆنگرەی ئاشتی، جگە لەمەش وەفدەکە داوای کرد ڕێگایان بۆ ئاسان بکرێ لە ناردنی نوێنەرانی کورد بۆ ئەوروپا لە پێناوی بەرگری کردن لە مەسەلەی کورد بە خۆیان. نامەکەی نێردراوی پایەدار لە درێژەپێداندا دەڵێ:ـ ئەمە لە ڕەوشتی ئێمەدا نییە (واتە لێپرسراوانی بەریتانیا) کوردەکان بە گەلێکی بێدەسەلات دابنێین، لە هەمان کاتیشدا کوردەکان نەژادێکن ناتوانرێ داواکارییەکانیان پشتگوێ بخرێ لە کاتی دانانی ئەو چەند چارەسەرییەی کە بە هیوا نیە بۆ کاروباری هەرێمەکانی ڕۆژهەلاتی ئاسیای بچووك ( واتە کوردستان و ئەرمینیای تورکیا)، بەرەنگار نەبوونەوەی گیروگرفتی جێبەجێ کردنی داواکارییەکانیان و هی ئەرمەنەکان یانی چاندنی گیروگرفتە بۆ دوارِۆژ. نێردراو گوتی:ـ پێویستە ئەوە بزانین کوردەکان خۆیان لەڕادەبەدەر گەلێ تالیی و دەردەسەرییان دیوە بە هۆی بەکار هێنانی توندوتیژییەکی بێ پایان لە لایەن حکومەتی عوسمانیی یەککرتوو. لە کاتی جەنگدا ئەم سیاسەتە هەر بەردەوام بوو، وەفدی کورد باسی ئەو پەڕەگرافە دەکات کە لە کتێبێ بوو والیی تورك لە بەغدا- جاوید پاشا- چاپیکردبوو کە تێدا ڕوونکرابوە لە سەر داواکاری والی موسڵ ٧٠٠ چەکداری کورد ئامادە بوون لە سەرەتای دەست پێ کردنی جەنگ، بەڵام بەمە ڕازی نەبوون لە شوێنەکەی خۆیان زیاتر بەرەو پێش بچن، کاتێ کە زانیان دەبێ بەرەو شاری بەسرە بڕۆن بۆ شەڕ کردن لەگەڵ ئینگلیزەکان. ئەو یاداشتە کوردییەی لەگەڵ نامەکەی کالسپۆرپ بوو لە ڕێکەوتی ٢ی کانونی دووهەمی ١٩١٩ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ داوا لە یاداشتەکانی نێردراوی پایەدار دەکات و تکای لێدەکات کە بیگەیەنێتە حکومەتی بەریتانیا. یاداشتەکە باسی ئەوە دەکات کە ئەمە جاری یەکەمە بۆ کوردەکان ڕێك دەکەوێ بە هۆی نوێنەرانی دان پیانراویان پەیوەندی ببەستن بە شێوەیەکی یاسایی بە حکومەتی بەریتانیاوە. (ئەوەی لێرە پێویستە دەستنیشانی بکەین بۆ یاداشتەکانی پارتی ئیستقلال و سورەییا بەدرخان لە قاهرە، هەروەها یاداشتەکانی شەریف پاشا...) یاداشتەکە دەڵێ:ـ کوردەکان بەردەوام لایەنگری خەلیفە و شاهەکان و دەسەلات دارانی موسوڵمانیان دەکرد، بەڵام هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی کوردستانیان بە شێوەیەکی ستەمکارانە لە نێوان خویانا دابەش کرد. دەتوانین بڵێین خۆبەستنەوەی کوردەکان بە ئێران و تورکیاوە بە شێوەیەکی گشتی لە ترسی ئەوە بوو نە وەك ڕووسیا لە دواجاردا بیانخاتە ژێر چەپۆکی خۆیەوە و بیانتوێنێتەوە. هەڵوێستی کوردەکان لە شەڕدا تەنها کارەکانی سوڵتان کاری تێ نەدەکرد، بەڵکو دەستتێوەردانی ڕووسیاش بە هاندانی کەمایەتییە ناموسڵمانەکان دژی کوردەکان و



PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

ترساندن و هەڕەشە لێ کردنیان بەداگیرکردنی وڵاتەکەیان. ڕووسیا هەڕەشەی دەکرد کە دەبێ کوردەکان لەناو بەرێت، بەڵام پاش ونبوونی ڕووسیا لەسەر شانۆ(دوای شۆڕشی ١٩١٧) هەروەها لایەنگرانی هاوپەیمانان، هۆیەکی وەها نەما بۆ گەلی کورد کە لە مەودوادا ئازار و ئەشکەنجە بچێژێت لە ژێر دەسەڵاتی چەوسێنەرەکۆنەکانیدا. کوردەکان ڕەوشت و نەریتی وایان هەیە کە ماوەیان پێ دەدات شوێنی خۆیان بکەنەوە لە ڕێز گەلانی تری هاوڕێدا. یاداشتەکانی وەفدی کورد زیاتر دەڵێ:ـ لە ناو کوردەکان ژمارەیەکی زۆر خوێنەوار و ڕۆشنبیر هەیە. هەروەها لە پێنج ملیۆن کەمتر نییە لەناو کوردەکاندا. پاش ئەوەی یاداشتەکە داواکاری کوردەکانی ژمارد، بە هیوای یارمەتی دانی حکومەتی بەریتانیا بوو لە پێناوی پێشخستن و گەشە پێکردنی وڵاتەکەیان. لە سەر یاداشتەکەدا ئەم ناوانەی خوارەوە ئیمزایان کرد:ـ

ــ سەرۆکی کۆمیتەی کوردستان و ئەندامی ئەنجومەنی پیران شێخ عەبدولقادرــ شەمدینانی.

- ئەمیر بەدرخان زادە خەلیل سکرتێر، پارێزگاری شاری مەلاتیە بوو.
- شێخ عەبدوڵلا زادە سەید عەبدوڵلا.
- مستەفا پاشا (بابان زادە).
- بابان زادە عەبدولعەزیز.[٤]
- تەرجەمەکار عەبدئەلئەحد داود.
- مەلا سەعید.
- مەلا عەلی ڕەزا.

بۆ پترکردنی زانیاری دەربارەی ئەم مەسەلە و کەسانە بەڵگەنامەی ژمارە کراو (٦٠٨)(٩٥)(٨٣٠٧) کۆنگرەی ئاشتی، تورکیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (٢٥/نیسان/١٩١٩)[٥] دەخەینەوە بەردەست. ئەم بەڵگەنامەیە دانەیەك لە تەلەگرافی ئەستەمبوڵدا ژمارەی ٨٣٢ لە ڕۆژی ٢٢ ی نیسان دەنوسێتەوە و دەستنیشان کردنیشە بۆ تەلەگرافی ئەستەمبوڵ ژمارەکراوی ٧١٦ بۆ بەغداد. گفتوگۆکانی نێوان سەید عەبدولقادر و مستەر ڕیان تۆمار دەکات لە ١٥ی نیسان سەبارەت بە کوردستانەوە. ئەو وا تێدەگا کە حکومەت باوەڕی بە عەبدولقادر نییە کە گوتویەتی:ـ کۆمیتەی کورد هەوڵ دەدات لە پێناوی کوردستانێکی ئۆتۆنۆمی لە ژێر چاودێری بەریتانیا، بەڵام لە لایەکی ترەوە نێردراوی پایەدار لەو باوەڕەدایە ئەدمیراڵ کالسۆرپ کە عەبدولقادر لە ڕاستیدا لایەنگیری بەریتانیا دەکات

بەڵام کالسۆرپ لە قسەکانیدا دەڵێ:ـ هیچ شتێ ناتوانێ تەنها چەند بەڵگەیەکی ڕاستەقینە نەبێ کە دەتوانێ دڵنیای بکات سەید عەبدولقادر و خێزانە بەدرخانییەکان لاسایی یاریکردنی تورکیا ناکەنەوە بۆ سەرنج ڕاکێشانی بەریتانیا، بەڵام بۆ بەرژەوەندی تورکیا. ئەمەشیان لە تەلەگرافەکەدا هاتبوو:ـ سولێمان نەزیف (والی عوسمان بوو لە موسڵ لە کاتی هەڵگیرساندنی جەنگی ١٩١٤) و کۆمیتەی بەرگری (لە ویلایەتەکانی ڕۆژهەلاتی تورکیا)[٦] ئەمانەن کە کار دەکەن بۆ بەرژەوەندی تورکیا لەڕاستیدا نەك لە کۆمیتەی کوردستان، بەڵام عەبدولقادر سودی ئەوەی هەیە بۆ تێك شکاندنی هەوڵەکانی چەند تورکێك بۆ ئەوەی کوردەکان بکات بە لایەنگری تورکیا. کالسۆرپ دەڵێ:ـ من تا ڕادەیەکی باش دڵنیام لەوەی کە ـ عەبدوڵڵا جەودەت ـ بە هەمان بەلەمەکەی عەبدولقادر سەفەر دەکات.[٧] لەو باوەڕەدام کە کوردەکانی دەرسیم لە تورکیا هەر چەندە شیعەن، بەڵام لەگەڵ سەرکردە کوردەکان کار دەکەن لە ئاستی تێکۆشانی نەتەوەییدا. پاشان کالسۆرپ پرسیاری دەکا: ئەگەر حکومەتی بەریتانیا بیروڕاییێکی هەیە دەربارەی کوردستان، بۆ ئەوەی خۆی پێشانی بدات و لە سەری بڕوات کە بۆی ڕوون بکاتەوە چ هەڵوێستێ نیشان بدات بەرامبەر عەبدوڵڵا جەودەت وتورك و کوردەکانی دانیشتوانی ئێران کە بە چالاکییەکی باشەوە کاردەکەن. لەسەر پرسیارەکەی کالسۆرپ لە ڕۆژی ٣ی مایسی ئەم وەلامەی خوارەوە درایەوە:ـ ژمارە (٦٥٧)(١٠ـ٣٦٥/١/١/٨٨٠٣) لەوێدا هاتوە: مستەر بلفۆد سلاوی خۆی پێشکەش دەکات بە ئێرل کێرزن. لە دەستنیشان کردنێکی نامەی بەرێزی ژمارەکراو (٦٢٧٧٣/ ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست/٤٤) لە ڕۆژی ٢٩ی نیسان تکای ئەوە دەکات کە بە ئەدمیراڵ کالسۆرپ ڕابگەیەندرێت وەلامی ئەو پرسیارەی کردبووی لە تەلەگرافەکەی ـ ٨٣٢ی دا لە ٢٢ نیسان، کە پێویستە لەسەری تەنها ئامۆژگاری کوردەکان بکات بۆ پاراستنی هێمنی بە هیچ شێوەیەك هانیان نەدات، تا دەرچوونی بڕیارەکانی کۆنگرەی ئاشتی، چونکە بیروڕای کوردەکان ڕوون و ئاشکرایە لای کۆنگرەکەوە. لەوانەیە مەبەستی (بلفۆر) لە دوا قسەیدا ئەوە بێ کەسان و کۆمیتەی کوردستان و وەفدی کورد و چەند یاداشتێکی ڕوونکەرەوەیان دایە دەست کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس دەربارەی مەسەلەی کورد لەدوای کۆتایی هاتنی جەنگ بۆ ماوەیەکی درێژ وەکو ئەم جۆرە یاداشتانە ڕژانە سەر فەرمانگە نێو دەوڵەتیەکان. بەڵگەنامەی (٦٠٨)(٩٥)(٩٩٩١) کۆنگرەی ئاشتی، تورکیا، ١٥/مایسی/ ١٩١٩[٨] ئاماژە بەو نامەیەی وەزارەتی دەرەوە ژمارە کرا و ١٣٣ لە ڕۆژی ٢٣ی کانونی دووەم. دانەیەك لە نامەکە لە ئەستەمبوڵ دەنوسێتەوە بە ژمارەی ٥٦٤ و ڕۆژی ٢٠ی مایس کە بریتییە لە چەند دانەی یاداشتێکی تر لە لایەن کۆمیتەی کوردستان لە ئەستەمبوڵدا.

كە ئارەزوی كوردەكان دەردەبڕێ بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێكی سەربەخۆ، وەفدێك لە لایەن كۆمیتەوە بە سەرۆكایەتی سەید عەبدولقادر ئەفەندی (بەڵگەنامەكە دەڵێ:ـ ئێستا كە سەرۆكی ئەنجومەنی دەوڵەتی عوسمانییە)، پێشوازی لێكرا لە لایەن ئەدمیراڵ (ویپ) خۆیەوە. (پێشتر باسكرابوو)، ئەو عەبدولقادری ئاگادار كردەوە لەو مەترسییەی كە لە چەند ڕاپۆرتێكدا نیشاندراوە، داوای لێكردوە وەك سەركردەیەكی كورد دەسەڵاتی خۆی بەكار بهێنێ بۆ دوور خستنەوەی هاوڵاتییەكان لەم جۆرە چالاكییانە. بەڵگەنامەكە پێدا دەڕوا و دەڵێ:ـ ئەوە شتێكی ناخۆشە لای (نێرراوی پایەدا) ئەدمیراڵ كالسۆرپ بڕوا بەم قسانە بكات دەربارەی هەڵسانی عەبدولقادر بەڕۆڵی سەركردایەتی لە جولانەوەیەكی دژی بەریتانیا لە ئەستەمبولدا، لە خوارەوە دا چەند بڕگەیەك لە نامەی ٢٠ی نیسانی ناوبراو لە هەمان بەڵگەنامەكاندا بە ژمارەی ١٢٨٩/٥٦٤ لە لایەن نێردراوی پایەدار لە ئەستەمبوڵەوە:ـ نامەكە دەستنیشانی تەلەگرافی نێردراوی پایەدار دەكات ژمارەكراو ١١ لە ٥ی كانونی دووەمدا. دەڵێ:ـ لەگەڵیا سێدانە یاداشتی تر دەنێرێت كە لە لایەن (كۆمیتەی كوردستان) لێرە پێیدراوە. لە نامەكەدا ئەمەش هاتووە:

١. نێردراوی پایەدار دەڵێ من ویستم دانەیەك بنێردرێت لەم یاداشتە بۆ شەریف پاشا لە پاریس ( كە دەقێكی كورتتری لەگەڵایە بە زمانی ئینگلیزی).

٢. ئەم جارەیان ئەدمیراڵ (ویپ) خۆی پێشوازی كرد لە وەفدی كورد. ئەویش لەبەر ئەوەی سەرۆكی ئەم كۆمیتە كوردییە سەید عەبدولقادر ئەفەندییە كە ئێستاكە سەرۆكی ئەنجومەنی دەوڵەتە. سەرەڕای ئەم ڕاستییەش لەوانەیە داواكارییەكانی كورد ڕۆڵێكی گەورەتر بگێڕن لە كۆنگرەی ئاشتیدا لەوەی كە من بیرم لێدەكردەوە لە یەكەم بۆنەدا كاتێ كۆمیتەی كورد پەیوەندی بەمن كرد.

٣. ئەدمیراڵ پەیمانیدا یاداشتی كۆمیتەی كورد بنێرێت بۆ حكومەتی بەریتانیا.

٤. ئەدمیراڵ عەبدولقادر ئەفەندی هاندا وەكو سەرۆكێكی كورد و وەزیرێكی عوسمانی دەسەڵاتی خۆی بەكار بهێنێ بەرامبەر هاوڵاتییە كوردەكانی كە ئەم چالاكییانەیان لێ قەدەغە بكات.

٥. عەبدولقادر ئەفەندی گرنگی پێدانی خۆی پیشاندا بۆ هەوڵی چەندەی كە لە توانایدا بێت. هەروەها باسی هاوڵاتییەكانی خۆی كرد كە لایەنگری بەریتانیا دەكەن.

٦. ئەو دانیشتنە كرا پێش هاتنی ئەو هەواڵانەی كە گومان پەیدا دەكەن بۆ هەڵسانی عەبدولقادر بەڕۆڵێكی سەركردایەتی لە جولانەوەیەكی كوردی تازە سەرهەڵداو دژی بەریتانیا.

PDF 4 KURD

٧.   بەڵام ئەدمیراڵ کالسۆرپ دەڵێ: مـن بـاوەڕ ناکـەم ئەمـە لـە عەبـدولقادر ڕوو بـدات. پێویستە لێرەدا ئەوە باس بکەین چۆن سەید عەبدولقادر و کوڕەکەی لە سێدارە دران لە دیاربەکر بـە تاوانی هاوبەشی کردنیان لە شۆڕشـی کـورد سـاڵی ١٩٢٥ بـە خواسـتی بـەریتانیا. بەڵگەنامـەی ٨٨٥٣/٩٥/٦٠٨ کۆنگرە ئاشتی ـ (لە شەریف پاشـاوە بـۆ ج. مالیـت) (لـە یـەکی مایسـدا)[٩] وەرگێڕانی ئەم نامەیە ئەوی تێدابوو کـە ڕەوانـە کرابـوو بـۆ شـەریف پاشا لـە لایـەن کۆمیتـەی سەربەخۆیی کوردستان لە بارەگاکەی لە قاهیرەدا، لـە ڕۆژی ٢٦ی مـارت سـاڵی ١٩١٩. ئـەوەیان تێدا ڕوون کردوەتەوە کە سوورن لەسەر ئـەوەی چارەنووسـی خۆیـان نـە دەدەن بـە ئێـران و نـە بـە یەکێکیتر، هەروەها پابەندن بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە ٧ لە ویلایەتەکانی تورکیـادا. بۆ پەیدا کردنی زانیاری لە وێنەیەکی تری شێوە هەمەجۆرەکانی دۆخی تازە دروست بـوو لـە دوای جەنگ بەڵگەنامەی ژمارە ٤٤٠٣/٩٥/٦٠٨ سەرۆکی ئەفسەرە ڕامیارییەکان، دەربارەی ئـارەزووی هۆزە کوردەکانی عەرەب بنار لە ڕۆژئاوای زێی فـورات لـە تورکیـا. لـە بـەڕێوەبردنی حکومـەتی بەریتانیا ٦/ مارت/١٩١٩.[١٠] ئەم بەڵگەنامەیە عەرز و حاڵێکی تێدایـە لـە لایـەن هۆزەکانـەوە دەربڕینی ئارەزوی ڕزگار بوونیان نیشـان دەدات لـە ژێـر دەسـەڵاتدارییە تـورك و حـەزکردنیان لـە ئیدارەی بەریتانیا لە پێنـاوی دامەزرانـدنی حکومـەتێکی نیشـتمانیدا. عـەرز و حاڵەکەشـی بـەم شێوەیە بوو: بۆ بەڕێز جەنەراڵ (ماك ئەندرۆ) بۆ یەکەمین جـارە نـاوی دەهێنرێـت، لەوانەیـە ئـەو سەرکردەی هێزەکانی بەریتانیای داگیرکەر بووبێ لە هەرێمەکانی باکوری سوریا و ڕۆژئاوای دجلـە و خواروی تورکیا پاش ئاگربەستی مدروس. لەبەر ئەوەی ئەو هەرێمانەی دەکەونە دەوروبـەری سـروج پێنج هۆزی تێدایە کە ئەمانەن: کیتکـانلی، بیجـانلی، شـیخانلی، ئـەلوەن، ئـومیرات. لـە ژێـر سەرکردایەتی (بەسراوی) دایـە، ئێمـە بـە نـاوی هۆزەکانمـان ئیمزامـان کـردوە تکـا دەکـەین بـۆ دامەزراندنی ئیدارەیەکی ئینگلیزی لەم شوێنانەی کە لە سەرەوەدا باس کراون، لـە پێنـاوی ڕزگـار کردنی ئـەم خەڵکـە لـە بـێ ئابڕویـەتی مـیری و دامەزرانـدنی حکومـەتێکی نیشـتمانی و دوور خستنەوەی ئەفسەرە عوسمانییەکان لەوێدا، هەروەها کۆکردنەوەی بـاج و سـەرانە و داهـات بخرێتـە ئەستۆی حکومەتی خاوەن شکۆ. سەرۆکی کیتانلی: بەسراوی.

سەرۆکی بیجانلی: محەمەد کوڕی عەبدی.

سەرۆکی شیخانلی: شێخ نول.

سەرۆکی ئەلوەن: حاجی مستەفا.

سەرۆکی ئومیرات: حەسەن.

PDF 4 KURD

**پەراوێزەکانی بەشی پانزدەهەم:**

(١) Pro (FO) (608) (95) (748) (peace congress) (political Turkey) (Aspirations of Kurds.

(٢) Ibid, (11/1289) (11446) (748) (peace congress) (jan. 5th, 1919)

(٣) Ibid, (3087) (peace congrss) (political Turkey) (Dec. 1918).

(٤) عەبدولعەزیز بابان خاون بەڕێوەبەری گۆڤاری (ڕۆژی کورد) کە لە ئەستەمبۆل دەردەچـوو لە ١٩١٣ و بریتی بوو لە سیاسەتمەدار و پارێزەرێکی چالاك، لە دوای جەنگ.

(٦) ناوەرۆکی ئەم کردارانە لە پەرتوکی درایڤەر دا هەیە.

(٧) د. عەبدوڵلا جەودەت ئەندام بوو لە بزووتنەوەی ترکیا الفتاة و چەند وتارێکی لە گۆڤـاری (ڕۆژی کورد) هەیە کە لە پەراوێزی (٤) ئاماژە بۆ کراوە و وا دیارە چـەند چالاکیەکیشـی هەبووە لە دوای جەنگدا. هەروەها لە بەڵگەنامەی خوارەوە دەبینرێ:

Driver, G-R,Kurdistan and kursk, mount carmel, Palestine, 1919.

(٥) Pro (Fo) (608) (95) (8307)

(٥) Pro (Fo) (608) (95) (8307) (peace congress) (political Turkey) ((Future of Kurdistan

-Driver, G-R-Kurdistan and Kurds, Mount Carml, 1919

(٨) Pro (FO) (608(95) (9991) (peace congress (Turkey) (Future of (Kurdistan) (15 May 1919

(٩) Ibid (8853) (Cherif pasha to sir G.Mallet) (May1st. 1919

- Ibid (9382) (May 8, 1919

(١٠) Ibid (4403) (Chief Political officer) 6th , May, 1919.

# بەشی شانزدەهەم

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

تا ئێستاش زانیارییەکانی دەسەڵاتدارانی بەریتانیا دەربارەی هەرێمە کوردنشینەکان و کەس و سەرۆکە کوردەکان و هەڵوێستەکانیان بە شێوەیەکی ڕێکوپێك و تەواو نەبوو. هەندێ جاریش بەوردی نەبوو ڕاستەوخۆ لەو کاتەکورتەی هاتنی سەردەمی ئاشتی. بەم لێپرسراوانە بە گوێرەی توانای خۆیان هەوڵیان دەدا ئەم زانیاریانە ڕێکوپێك بکەن بۆ ئەوەی بۆیان بکرێ هەڵوێستی پێویست پیشان بدەن لە هەموو جۆرە مەسەلەکانی هەرێمەکەوە. کاپتن ـ میلز ـ ڕاپۆرتێکی نووسی بۆ سەرکردایەتی گشتی لەو زانیاریانەی کەپەیدای کردبوو دەربارەی هەڵویستی کەس و تایفە کوردەکانی باشور لە تورکیا. ئەم ڕاپۆرتە پارێزراوە لەناو بەڵگەنامەی ناولێنراو. فەرمانگەی تۆمارگای گشتی ـ فرۆکەوانی ٢٠/٧٢١/٥١٣٢ بۆ سەرکرایەتی گشتی ـ ١، ٩ی نیسان ١٩١٩[١] ئەمەی تێدا هاتبوو:ـ لێرە درێژەی هەندێ زانیاریتان دەخەینە بەردەست دەربارەی کۆمیتە هەمە جۆرەکان و پیاو ناسراوەکانی کە باسی پەیوەندییان دەکرێ لەگەڵ جولانەوەی کورد. هەروەها دەربڕینێك دەربارەی بیروڕای هەمەجۆری خەڵکەکەی هەرێمەوە. دەربارەی بابەتەکەوە چەند ڕوونکردنەوەیەك نارێك و دژ بە یەکتری هەن. جا دەبێ تووشی چەند هەڵەیەك ببین لەم تێبینیانەی خوارەوەدا:ـ لەگەڵ ئەوەشدا هەموو جۆرە ڕاپۆرتەکان تەتەڵە کران و لە بێژنگ دران ئەوانەی کە بەڕادەیەکی زۆر زانیاری ڕاست و دروستیان تێدایە. دەتوانرێ پشت بە پوختەکەیەوە ببەستین:ـ

**ئەندامانی کۆمیتەی کورد لە ئەستەنبۆڵ:**

شێخ عەبدولقادر شەمدینانی، ئەمین عەلی بەدرخان، سولێمان نزیف، دکتۆر عەبدوڵلا جەودەت، شێخ عەبدولقادر مامی سەید تەهای نەهرییە. کە دوور خرایەوە بۆ دیمەشق بۆ ماوەی ٤٠ساڵ. پاشان گەڕایەوە بۆ ئەستەنبۆل وەك ئەندامێکی ئەنجومەنی پیران. ئەمین بەدرخان شتێ لەبارەیەوە نازانرێت، تەنها ئەوە نەبێ کە خێزانەکەی دەسەڵاتێکی زۆریان هەیە لە هەرێمی جەزیرەدا. خێزانەکەی پێش بیست ساڵ هەموویان بۆ ئەستەنبۆل دوور خرانەوە. سولێمان نەزیف والیی پێشووی موسڵ بوو، ناوبانگی دەرکردبوو بە ئیش و کاری سەرکوت کردنەوە لەو هەرێمەدا، بەڵام ئێستا لە ئەستەمبۆڵ دەژیت، سەرنوسەری ڕۆژنامەی

PDF 4 KURD

(الحادسه)یه. لەو باوەڕەدام ئەو تەنها گرنگی دەدات بە مەسەلەی سەربەخۆیی کورد وەك نوێنەرێك لە جیاتی حکومەتی تورکی. لە پێش جەنگدا دوو پارت کاریان دەکرد لە ماردین و دیاربەکردا. ئەوانیش: (یەکێتی) و (ئیئتلاف) بوون. هی یەکەمیان لەسەر پێڕەوی پارتی ـ اتحاد و ترقی ـ بوو، بەڵام ئەویتریان نارازی بوو و بە شێوەیەکی بێ هێزی ناوەخۆیی وەرگرتبوو. لەوەتەی جوڵانەوەی کورد دەستی پێکردووە ڕاپۆرتەکان وا دەگەیەنن کە پارتی اتحاد و ترقی واتە یەکێتی بە شێوەیەکی بەرەبەرە گرنگی پێ دەدرێ. باسی هەندێ کەسانی کراوە کە بە تەواوی گرنگی پێ دەدەن. ئەوەی خوارەوەش لیستەیە کە بەناوی هەندێ لە ئەندامانی اتحاد کە ناسراون بە گرنگی دانیان بە جولانەوەی کورد:ـ

دیاربەکر: مستەفا بەگ، زلفی بەگ، عادل بەگ، شەرف أبن ألمه، حقی ئەفەندی بەگ، دکتۆر جەودەت، موصللمو محەمەد.

ماردین: قادر بەگ، حاجی عەبدولڕەحمان، القواس، سەرۆکی شارەوانی (مردووە)، سەرۆکی شارەوانی نصیبین( مردووە)، قادر بەگ، زلفی بەگ و عادل بەگ بران، هەروەها دکتۆر جەودەت نزیکترین هاوڕێ ـ ڕەشیدـ ە کە لە پێشودا والی بوو خۆی کوشت لەو کاتەی کە دەمانویست بیگرین، دەڵێن سەرۆکی لیوایەك بوو لە سوپای تورکی، موسللومحەمەد ئەویش خەڵکی شاری موسڵە. بە هەژاری چوو بۆ دیاربەکر، بەڵام ئێستا زۆر دەوڵەمەندە. وا دەر دەکەوێ کاری ئەم کۆمیتانە بەیەکەوە پەیوەندیدار نین، سەرکردە کوردەکانیش حەز لە یەکتری ناکەن و هەوڵی خۆشیان یەك ناخەن مەگەر زۆر بە زەحمەت نەبێ. ئێستا سەرۆکی هۆزی مافیرکی ـ عەلی باتی و سەرۆکی هۆزی شرناخ عەبدولڕەحمان گەورەترین سەرچاوەی وروژاندن. لە ۱۰ی مارت یەکێ لە دەست ڕۆیشتوانی دانیشوانی میدیات کە ناوی عین ـ قاف ـ ە، پێشنیار و داوای کرد لە سەرۆك هۆزەکانی هافیرکی و شرناخ و صلاحییە کە کۆنگرەیەك ببەستن لە میدیات، بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوەیەك بۆ بەرپەرچ دانەوەی هەر جۆرە ستەمێکی بێگانەکان. (هۆزی صلاحییە لە نێوان جەزیرە و میدیات ژیان دەبەنە سەر و هێزی شەڕکەری ٤٠٠٠ چەکدارە). بەم شێوەیە عەلی باتی و عەبدولڕەحمان و ڕەمەزان ــ سەرۆکی هۆزی صلاحییەـ کۆنگرەیەکیان بەست و کۆنفیدراڵییەکی بە پچڕی دروست بوو. زانیاری دەربارەی ڕێکخراوی مەدینە شاری (سیفریك) کەم و کورتی تێدایە و نادیاریشە. قەراکیپچ هۆزی سەرکییە لەوێدا کە ۱۲۰۰۰ سوارەی چەکداری هەیە، سەرۆکەکەیان عەبدولقادر ئەدرغ لە دیاربەکرەوە گیرابوو لەگەڵ ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیم مللی ناوەڕاستی مانگی شوباتی

PDF 4 KURD

١٩١٩. تا ئێستاش هەر لە دیاربەکرە. پیاوێـك بـەناوی قەسـاب شـێخۆ ئـەو سـەرۆکایەتی هۆزەکە دەکات، ئەو وا دەڵێت: کە هەموو هۆزەکانی هەرێمەکە پشتگیری ئەو دەکەن.

دوو هۆزی تریش هەن بوجاق و هۆشین ئەم سێ هۆزانە هاوڕێیــەتی و دۆسـتایەتییەکی زۆر بەتین دەیانبەستێـــتەوە لەگـەڵ هۆزەکـانی مللـی. پیاوێـك هـەبوو بـەناوی قەسـاب شـێخۆ ئەفسەرێك بوو لە هێزی میلیشا، لە کاتی جەنگ پاشان زۆر دەوڵەمەند بوو. جا نازانرێ ئـەو هەمان کەسە کە لێرەدا ناوی هاتووە یان نـا. نێـردراوی پایـەداری بـەریتانیا لـە ئەسـتەنبۆڵ ئەدمیراڵ کالسۆرپ چەند پێشنیارێکی پێشکەش کـرد دەربـارەی مەسـەلەی کـورد لـە دوای جەنگ بە ماوەیەکی کەم هەندێ لـەم پێشـنیارانە بـووە بەشـێك لـە بەڵگەنامـەی نـاولێنراو (بەڵگەنامەی تۆمارگاکانی گشتی) وەزارەتـی دەرەوە ٦٠٨،٩٥، ٣٨٢، ٦٨٧٠١ ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاست ٤٤، ٩٢٨ (ئەسـتەمبوڵ، ٢ی مایسـی ١٩١٩)[(٢)] لـەم بەڵگەنامەیەشـدا ئەمـەی خوارەوە نوسراوە دەست نیشانکردنی ئەو دوو بەڵگەنامەی (٦٧٤) و (٧١٥) لە ٦ی نیسان لە فەرمانگەی ڕامیاری بۆ جەنەڕاڵ سەرکردەی باڵا لە میسر. هەموو ڕاپۆرتـەکان باسـی دۆخـی تێك چووی کوردستان دەکەن. دوور لە پێویستی ڕامیاری، لـەم کاتـەدا وادەر دەکـەوێ هـیچ جۆرە توانایەك نییە بۆ هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ ئەم دۆخـەدا بـە شـێوەیەکی کاریگـەری لـە ڕێگەی هەولێکی سەربازی بەریتانیا لە دەرەوەی هەرێمی داگیرکراودا. لەم بارودۆخـە راسـتی ڕێگا هەیە لە پێش حکومەتی بەریتانیا بەکاریان بهێنێ:-

١ـ گرنگی نەدان بەم ڕووداوانەی دەرەوەی سنوری ئەو هەرێمانەی داگیرمان کردوون ، هیچ جۆرە هەڵوێستێك بەرامبەر ئەمە نیشان نەدەین.

٢ـ بەکارهێنانی حکومەتی تورکی لە ئەستەنبۆڵ، پشت بەستن بەو پێك هێنـانی کارانـەی کە بە گوێرەی توانای خۆی بە ئەنجامی دەگەیەنێ و لەژێر چاودێری و ئامۆژگاری ئێمەدا.

٣ـ بەکارهێنانی کوردە دەست ڕۆیشتووەکان، ئەوانەی کە بە دڵێکی فراوانەوە حەز دەکـەن لایەنگیری ئێمە بن.

پێشنیاری یەکەم دوو شتی گونجاو و بەری لێ دەگرن، واتە ژیانی مەسیحییەکان دەکەوێتە مەترسییەوە، هەروەها ئەو تێکچوونەی دەرەوەی سنوری ژێردەسەڵاتی ئێمە بـڵاو دەبێتـەوە و دەگاتە ئەو شوێنانەی ئێمە داگیرمان کردوون. لە هەموو بارەکانەوە ئەوی بیری تێ بچێ و چاو پڕ بکا تەنگ و تەسەل دەبووەوە، بە تایبەتی سوود وەرگرتن لە بـەکارهێنانی تورکیـا، بـەڵام دەربارەی ڕێگای سێیەم: من لە ڕاپۆرتەکەی مێجەر نوئیل دەگەمە ئەو ئەنجامەی کە دەتوانرێ

PDF 4 KURD

له كار تێكردنی ڕوییەوە زۆر شت ڕوو بدات، بە مەرجێ واز لە كوردەكان بهێنرێت لە لێپرسینەوە یان لەسەر كارەكانی پێشوویاندا، هەروەها چاوەڕوانی خێر دەكەین لە ناردنی عەبدولقادر منالّەكانی لەگەڵ بەدرخانییەكان و (ئەحمەد سورەییا) لە میسرەوە, ئەم مەسەلەیە تا ڕادەیەكی زۆر پشت دەبەستێت بە هاندانی ئەم جۆرە كەسانە تا چ ڕادەیەك هەنگاو هەڵێنانیان بە گوێرەی بیروڕای ئێمە دەبێ دەربارەی دوا ڕۆژی بەڕێوەبردن لە كوردستاندا. هەروەها تا چ ڕادەیەك دەتوانین وازیان لێ بێنن هەر بە هیوای حكومەتی بەریتانیا بن كە لایەنی ئەوانە ناگرێت وا لە كوردەكان دەكات هەر لە ژێر دەسەلاّتی بێگانەدا بنالێنن. یانەی كورد بڕیاریدا بە شێوەیەكی سەربەخۆ چەند نوێنەرێ لەناو ئەندامەدیارەكانیدا ڕەوانە بكات بۆ كارتێكردن لەسەر هۆزەكان، ئەمەش ئارەزووی كوردەكانە بۆ جیابوونەوە لە توركەكان، بەلاّم ترسی خستنە ژێردەسەلاّتی ئەرمەنەكان پاڵیان پێوە دەنێت كەیەك بگرن. جا تكا دەكەم چەند ڕێنمایی یەكی پێویستم بۆ ڕەوانە بكەن. ئەو دەڵێ چەند دانەیەكم لە نامەكەدا نارد بۆ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا هەروەها بۆ میسر و شوێنی تر. جێگری فەرمانداری شارستانی ـ ولس ـ وتەیەكی لەسەر نامەكەی پێشودا نارد بۆ نێردراوی پایەدار لە ئەستەمبوڵ دەربارەی هەرسێ هێڵە ڕامیارییەكانی پێشنیاركراو. نامە تەلەگرافەكەی منی نارد كە لێدوانێك بوو لە سەر ئەمە و دەربارەی دانیشتنەكەی لەگەڵ سەید تەها نەهریدا. لە نامەی یەكەمی بەڵگەنامەی ژمارەكراو (فەرمانگای تۆماركاكانی گشتی) (وەزارەتی دەرەوە)(٦٠٨)(٩٥)(١١٣١٥)(١٢/مایسی/١٩١٩)[٣] ئەمەی خوارەوە هاتوە:ـ ٥٣٥٣ ئەم لێدوانەی خوارەوە پێشكەش دەكەم دەربارەی نامەكەی ئەستەمبوڵ لە ڕۆژی یەكەم یان دووهەمی مایس و نامەگۆڕینەوەكانی پێشتر. لەوەتەی گەڕاوەتەوە ماوەم نەبووە كە ئەو لە ئەستەنبۆڵ بمێنێتەوە و لەوێوە كاری پێ ئەنجام بدرێت، بەلاّم خێزانی بەدرخانییەكان داواكرا و پاش لێكۆڵینەوە لە ڕاپۆرتەكانی مێجەر نوئیل و گفتوگۆ درێژەخایەنەكان لەگەڵ شێخ تەها (سەیری نامە جیاكراوەكەم بكە كە لە دواوەی دێت) من ڕازیم بە بیروڕاكانی نێردراوی پایەدار كە دەری بڕی بوون لە ئەستەمبۆڵ. بۆ ماوەیەكی درێژ عەبدولقادر دوور بوو لە كوردستان. پەیوەندی لەگەڵ شێخ تەها تا ڕادەیەك خراپ بوو كە هیچ سوودێكی بۆ ئێمە نەبوو. ئەو پێی باشترە لە ئەستەمبۆڵ بمێنێتەوە و لەوێدا كاری پێ ئەنجام بدرێت، بەلاّم خێزانی بەدرخانییەكان ئێستا سودیان لێ دەبینرێت، پێشنیاری كرد هەردوو برا كامەران و جەلادەت بەدرخان لەگەڵ مێجەر نۆئیلّ لە ئەستەمبولّەوە بنێرن بۆ ئەوەی لە حەلەب یەكبگرنەوە لەگەڵ مێجەر نوئیل

PDF 4 KURD

لەوێشدا چاویان بە ئەحمەد سریا دەکەوێت کە میسرە. پاشان سەرهەڵ دەگرن بەرەو کوردستانی ڕۆژئاوا. ئەمە و ئەگەر پەیوەندی نێوان ئێمە و فەرەنسا، هەروەها گفتوگۆکانی ئاشتی ماوەی ئەمەمان پێبدەن. من ئامۆژگاری دەکەم بە هەڵبژاردنی ڕێگای سێیەم کە پێشنیارکراوە لە تەلەگرافی ئەستەنبوڵ لە ڕۆژی یەکەمی مایسدا. بێ ئەوەی خۆمان پابەند بکەین بە قبوڵ کردنی ئینتداب کردنی ئەو هەرێمە کورد نشینانەی دەرەوەی ویلایەتی موسڵ. تا دەزانین کاروبار چۆن بەرەو پێشەوە دەچێت لە پێناوی جێبەجێ کردنی ئەم جۆرە ڕامیارییە وا پێویستە مەسەلەکانی کورد چارەسەر بکرێن بە گوێرەی توانا لە مەرکەزێکەوە لەبەر ئەمە من دەڵێم کە دەسەڵاتم پێبدەن بۆ چارەسەرکردنی ئەم بابەتە کە لە جیاتی حکومەتی بەریتانیا لە هەموو ئەو هەرێمانەی کوردی تێدایە کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی زێی فورات. هەروەها بە ڕازی بوونی مێجەرنوئیل و ئاگادارکردنەوەی سەرکردایەتی هێزی میسر و ئەستەنبوڵ بە شێوەیەکی تەواو. هەروەها هاوکاری کردن لەگەڵ دەسەڵاتدارییەتی ناوەخۆی تورکیا لە هەرێمەکەدا و چاوەڕوانکردنی بڕیارێکی کۆنگرەی ئاشتی، بەڵام نامەی دووەمی وڵسن دەربارەی گفتوگۆکانی لەگەڵ سەید تەها نەهری کە لە سەرەوەدا دەستنیشان کرابوو، بەڵگەنامەی ژمارەکراو (١٠٨٧٢)(٥٥٥٤)(١٣/مایسی/١٩١٩)[٤] نامەیەکی تێدابوو کە ئەمەی خوارەوەی تێدا هاتوە:ـ شێخ تەها مامی عەبدولقادری شەمدینانییە، ئەمیش کوڕی شەشەمی عوبێدوڵڵا ناسراو کە هێرشی کردەسەر ئێران ساڵی ١٨٧٦ـ ١٨٨٠ شێخ تەها گەیشتە بەغدا لە شاری ـ نەهری ـ یەوە لە تورکیادا گفتوگۆیەکی درێژی لەگەڵدا کرا. بە گوێرەی بیروڕای ئەفسەرە سیاسییەکانی ئەویش ئەو گەورەترین دەسەڵاتی بەسەر کوردەکانی کوردستانی ناوەڕاست و باکوری ڕۆژئاوای ئێراندا هەیە لە هەر کەسێکیتردا. (نەقیب)ی بەغدا لە خودی ئەمە پەسەند دەکات. ئەو گوتی مەبەستی هاتنی بۆ سووربوونە لەسەر کوردستانێکی یەکگرتو لە ژێر چاوەدێری بەریتانیا کە هەموو کوردەکانی ئێران دەگرێتەوە. کاتێ بۆم باسکرد کە ناتوانێ چاوەڕوانی هیچ یارمەتییەکمان لێ بکات دەربارەی کوردەکانی ئێران ئەو توشی نائومێدییەکی گەورە بوو، ئەو گوتی ئەگەر ئێوەش ڕازی نەبن ئەم هیوایە هەر دێتە دی. (جولانەوەی ئیسماعیل خان ـ سمکۆ) لەو پەڕی بەهێزیدا بوو و دژی ئێران لەو کاتدا)، بەڵام ئەو ڕاستییەکەی قبوڵ کرد، بە هەرچۆنییەك بێ ئەو گوتی ئامادەیە بۆ یارمەتیدانمان بە هەموو شێوەیەك کە ڕێ تێبچێ، بۆ دامەزراندنی یاسایەکی بەڕێوەبردن کە خۆی و هاوڕێکانی ئارەزوویان لێیەتی، ئەویش چاودێرییەتی بەریتانیایە، دامەزراندنەکەی لەسەر هەمان هێڵە

PDF 4 KURD

بێت کە وەزیری هیند پەسەندی کردبوو. تەنها ئەو داوای دلارامی کردبوو لەم خاڵانەی خوارەوە:ـ

١. مەسەلەی لێبووردن دەربارەی ڕوداوەکانی کاتی جەنگ.

٢. ڕازی نەبوون بە سەرۆکێ بۆ هەموو کوردستان، بەڵکو دامەزراندنی چەند کۆمەڵگەیەکی ئۆتۆنۆمی بەرفراوان.

٣. دانەنانی کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی کەمایەتییە ئایینییەکاندا، پێویستە نیشتەجێ کردنی مەسیحییەکان پەیوەندی هەبێ بەم کارەوە.

٤. داوا لە حکومەتی بەریتانیا دەکات کە هەمان یارمەتی بدات وەکو چۆن لەگەڵ ولاتە هاوڕێکانی تریدا دەیدات.

لەمەش زیار چەند نامە گۆڕینەوەیەك هەبوو دەربارەی هەمان هێڵی ئەو سیاسەتەی کە دەستنیشان کرابوو. لەوانەشدا نامەیەك لە هەمان بەڵگەنامەی ژمارەکراو (٩٣٨٢) لە ڕۆژی ٧/ مایسی/ ١٩١٩.[٥] دەستنیشانی تەلەگرافی وەفدەکە دەکات ژمارەکراو ٦٠٧ لە ٣ی مایس و جێگۆڕینی دانەیەکی تەلەگرافی ئەستەنبۆڵ ژمارەکراو ٩٢٨ کە دەرچووە لە ٢ی مایس. چەند پێشنیارێکی لەجێ دەخاتە ڕوو بۆ چارەسەرکردنی باری ئاڵۆز و تێك چوو. هەر سێ پێشنیارە باسکراوەکان کورت دەکات. لە لێدوانێك هەر لەسەر ئەم نامەیەدا ٩٣٨٢ لە لایەن مستر فوربس ب. ادم لە ٨ی مایس ئەو تێدا دەڵێت:ـ بە تەواوی دەتوانرێ زاڵ ببین بەسەر هەموو گیروگرفتەکانی پەیوەندی دار بە مەسەلەی کوردەوە، بەهۆی ئەم خاڵانەی خوارەوە:ـ

١- نەك ئەرمینیا، بەڵکو ئەگەر ناوێکی تر بدۆزێتەوە بۆ دەوڵەتی ئەرمینیای داهاتوو.

٢- ڕوونی دەکەمەوە بەهۆی نێردراوی پایەدار لە ئەستەمبوڵ لە کاتێکا ئەگەر هەر شەش ویلایەتەکانی تورکیای ڕۆژهەڵات بخرێتە ژێر ئینتداب، ئەمە دەبێتە ئەرك و مەبەستی ئەم دەوڵەتە ئینتداب کارە پاراستنی ئازادی شارستانییەتی و ئایینی هەموو نەتەوە و نەژادەکان لە چوارچێوەی ئینتدابەکەوە. هەمان نامە زیاتر دەڵێ:ـ گرنگترین هۆکار ترسانە لەوەی جیابوونەوەی ئەم بەشانە (دیاربەکر و هی تر) دەبێتە هۆی کەوتنە ژێر دەسەڵاتێکی بێگانەوە. جگە لەمە کوردەکان ئارەزویەکی بەهێزیان هەیە بۆ دوورکەوتنەوە لە عوسمانییەکان، بەڵام ئەم ترسە پاڵیان پێوە دەنێت کە لەگەڵیانایەك بن. پاشان کۆمەڵەی ـ الاتحاد و الترقی) ئەم ڕاستییە بەکار دەهێنێ وەکو بابەتێکی سەرەکی بۆ پڕوپاگەندە نەك هەر لەم هەرێمەدا بەڵکو

لە هەموو تورکیادا، نامەکە بەم داواکارییە کۆتایی پێ دەهێنرێت:ـ تکایە ڕێنماییم بکەن دەربارەی ئەمە و هەروەها تەلەگرافەکەی ژمارە٨٣٢، بەڵام دەربارەی پەیوەندی نێوان کورد و ئەرمەنەکان و تەبایی نێوانیان کە زۆرجاران باسم کردووە، ئەم مەبەستە جێبەجێ بوو لەسەر دەستی چەند سەرکردەیەکی کوردو ئەرمەن. ئەم ڕێکەوتنەی کە لە لایەن ـ شەریف پاشا ـ ئیمزا کرا بە ناوی کوردەکان و بۆغوس نوبار پاشا بە ناوی هەموو ئەرمەنەکان، هەروەها ئۆهانجنیان ئیمزای کرد بەناوی دەوڵەتی ئەرمەنی ئەودیو قەفقاسەوە، دەقی ئەم ڕێککەوتنە بەشێك بوو لە هەمان کۆمەڵەی بەڵگەنامەی ژمارەکراو ٢٠٧٤٧ لە ٢٣ی تشرینی دووهەم ساڵی ١٩١٩.[٦] نامەیەکی تێدایە کە ئاراستەی سەرۆکی کۆنگرەی ئاشتی کراوە بەم شێوەیەی خوارەوە:ـ بۆ سەرۆکی بەڕێز پاریس، ٢٠ی تشرینی دووهەمی ١٩١٩، خۆمان بە بەختیار دەزانین کە دانەیەکتان پێشکەش بکەین لە نوسراوی ئامادەکراو بۆ کۆنگرەی ئاشتی کە لە لایەن ئێمەوە ئیمزا کراوە وەفدی ئەرمەنی یەکگرتوو هەروەها وەفدی کورد لە کۆنگرەی ئاشتیدا. بەڕێزتان بە پێچەوانەوە قسەکانی دوژمنانمان تێدەگەن کە دەڵێن کورد و ئەرمەن ناتوانن بە تەبایی بژین. ئێمە ڕێککەوتنێکی ئاشت بوونەوەمان مۆرکرد. لە ژێر ڕۆشنایی ئاواتی نەتەوایەتیماندا کە پێوانەی دوارۆژە. تکایە ڕێز و ستایشی پایانمان لێوەربگرن.

سەرۆکی وەفدی کورد بۆ کۆنگرەی ئاشتی شەریف

سەرۆکی وەفدی نیشتمانی ئەرمەنی بوغوس نوبار

ئەمەی خوارەوەش دەقی ڕێکەوتن نامەکەیە:ـ

وەفدی ئەرمەنی یەککگرتوو ١٢ شەقامی سەرۆك ولسن، پاریس.

وەفدی ئەرمەنی یەککگرتوو ١٢ شەقامی سەرۆك ولسن، پاریس.

لە ٢٠ی تشرینی دووهەمی ١٩١٩.

سەرۆکی بەڕێز: ئێمە کە لە خوارەوە مۆرمان کردووە، نوێنەرانی هەردوو گەلی کورد و ئەرمەن، مایەی سەربەرزییە بۆ ئێمە کە کۆنگرەی ئاشتی ئاگادار بکەینەوە کە هەر دوو کەسمان خاوەن یەك بەرژەوەندین و بۆ یەك مەبەستیش هەوڵ دەدەین. حەز لە ئازادی و سەربەخۆیی خۆیان دەکەن بە تایبەتی بۆ ئەرمەن، هەروەها ڕزگار بوونیان لە پێوەندی دەسەڵاتدارییەتی توندوتیژی حکومەتی عوسمانی، واتە ڕزگار بوونیان لە زوڵمی الاتحاد و ترقی. ئێمە هەموومان داواکاریمان یەکە لە کۆنگرەی ئاشتی کە بڕیار بدات لەسەر بنەڕەتی مەبدەئی نەتەوەیی بۆ دامەزراندنی ئەرمینیای یەکگرتو و سەربەخۆ، هەروەها کوردستانی

سەربەخۆ لەگەڵ پشتگیری کردنی دەوڵەتێکی گەورە، لە کوردستان، شەریف سەرۆکی وەفدی کورد بۆ کۆنگرەی ئاشتی. بوغوس نۆبار سەروکی وەفدی نیشتمانی ئەرمەنی. دکتۆر ئۆهانیان سەرۆکی کاتی وەفدی کۆماری ئەرمەنی. نامەیەکی دڵخۆشکەریش هەیە بۆ وەزارەتی هەیە بۆ وەزارەتی دەرەوە کۆڵۆنێل (فرینج لە ٥ی ئابی ١٩١٩ لە قاهیرەوە ناردبووی. لە هەمان کۆمەڵەی بەڵگەنامەی ژمارە (٥٦١٥)(٣٨٩)، ٤٤أ- ١١٢٤٤٣[٧] دابوو:- کۆڵۆنێل فرینج دەڵێ:- عارف پاشای ماردینی و ئەحمەد سریابەگی بەدرخان - کە دەڵێ نوێنەرایەتی خێزانێکی کوردی سەرەکی دەکات - سەردانیان کردم، سەید کامل پاشا لەگەڵیان بوو (لەوانەیە ئەویش بەدرخانی بێت) یەکەم داوای لە من کرد (عارف پاشا) کە بە حکومەتی بەریتانیا ڕابگەیەنم کە کۆمیتەی کورد لە قاهیرەدا تکا لە بەریتانیای گەورە دەکات لە لایەنی ئیدارییەوە یارمەتی کوردەکان بدات بۆ ڕێگاخۆش کردنی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ، هەروەها پێویستە لەسەری بە ئاشکرا دان بنێت بە دۆستایەتی کۆنی نێوانیان. ئەمانە گوتیان ڕازی دەبین بە ئینتداب کردنی بەریتانیا، (فرینج) دەڵێ:- من گەیشتمە ئەو ڕایەی ئەوان مەبەستیان لەمە ئینتدابکردنێکی تەسکە و تا ڕادەیەك سنوردار، ئەوان تامەزرۆی دەوڵەتێکی سەربەخۆن بە زووترین کات. عارف ڕوونی کردەوە کە ڕازی نین بە ئینتداب کردنی هیچ دەوڵەتێکی تر، هەروەها ڕازی نین بە دەست هێنانە ناوەوە لە لایەن هەر دەوڵەتێکی گەورەوە تەنها بەریتانیا نەبێت. کوردەکان ئارەزویان هەیە ئەرمەنەکانیش بەشێکیان پێبدرێت لە حکومەتی داهاتوو. کە بگونجێ لەگەڵ ژمارەیان و هەروەها حەز دەکەن بە تەبایی و ڕێکوپێکی لەگەڵیاندا بژین، بەڵام ئەوان باوەڕیان بە توانای خۆییان نییە بۆ یەك گرتنی هەموو هۆزە کوردەکان. منیش پێم گوتن بیروڕاو و ئارەزووەکانیان دەگەینم بە حکوومەتی بەریتانیا، بەڵام هیچ جۆرە قسەیەکم پێنەدان. تەنها خۆم خەریکی پرسیارکردن کردبوو لێیان. ئەحمەد سریا بەدرخان دەیەوێ بچێت بۆ ئەستەنبوڵ. مایەی بەختەوەریمە ئەگەر بڕیارێکی زوو پێ ڕابگەیەنرێ بۆ ئاسان کردنی سەفەرەکەی. من ئەو کارەم لا ناپەسەند نییە، بەڵام عارف پاشای ماردینی دەیەوێ بچێت بۆ ماردین، پاش گەڕانەوەی سریا بەدرخان لە ئەستەمبول.

PDF 4 KURD

**پەراوێزەکانی بەشی شانزدەهەم:**

PRO (AIR) (20-721) (5132) (B.A.J) (Mills to G.H.Q.I) (9th April, 1919)

PRO (FO) (608) (95) (68701) (ME/44) (Admiral calthorpe, costantinople, May 2, 1919) (Very Urgent) (8422-٧/١/٣٨٥).

Ibid, (11315) (Turkey Me) (Civil commissioner to Fo) (May 12th, 1919) (Repeated to cairo)

Ibid, (108387) (From political 12 May, 1919 (Repeated to cairo… ete.) (5354).

Ibid (9382) (Turkey Me) (Situation in Kurdistan) (May 7th, 1919)

Ibid, (20747) (cherif pasha and Boghos Hubar November, 20th, 1919).

Ibid, (5615) (112443/Me 44A) (political) (Colonel French – Egypt – Cairo) (Aug. 5th, 1919) (No.398)

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

# بەشی حەڤدەهەم

لەسەر ڕۆشنایی ئەو ڕێککەوتنەی ئاشتبوونەوە و تەباییدا کە پێشکەشمان کرد، بەم بۆنەیەوە ئەم دوو تەلەگرافە بێنینەوە کە گەیشتە (**صدر الاعظم**) عوسمانی لە ئەستەمبوڵ، لە لایەن پیاوە دیارەکانی ئەرزەڕۆم و دیاربەکر خاوەنەکانیان تێدا نارەزایی دەردەبڕن لەسەر جۆری چارەسەرکردن دەربارەی هەرێمی کوردنشین و ئەرمەن. ئەوانەی ناردوویانە لایەنگیری بۆ دەوڵەتی عوسمانی پێشان دەدەن. بێگومان ئەمەیان گرنگی تەبایی نێوان کورد و ئەرمەن ئاشکرا دەکات بەو شێوەی کە ڕونکراوەتەوە لە بەشی پێشوودا هەر دوو تەلەگرافەکە خرایە نێو هەمان کۆمەڵەی بەڵگەنامە ژمارەکراو ١٢٥٥١، ١٣ حوزەیران ١٩١٩.[(١)] یەك لە نامەکەی نێردراوی پایەدار ئەدمیراڵ ـ ویب ـ دەنووسێتەوە ژمارەکراو ـ ٨٢٤ـ لە ڕۆژی ٢٢ی مایس هەر دوو تەلەگرافەکەی تێدایە کە بۆ (**صدرالاعظم**) نێردراون. هی یەکەمیان لە ئەرزەڕۆم لە ڕۆژی ١٨ی نیسان، ئەوی دیکەیان لە دیاربەکر لە ٢٥ی دا. لە تەلەگرافی ئەرزەڕۆم ئەمەی خوارەوە هاتووە:ـ ئێمە بە نیگەرانییەکی زۆرەوە ئەو هەواڵانە دەبینین بۆ لکاندنی وڵاتە دێرینەکەمان بە ئەرمینیاوە، کە زیاتر لە ٣ باتئەی ناموسڵمانی تێدا نییە. ئەمەش لەگەڵ سیاسەتی ڕاستەقینە ناگونجێ ئێمە بڕیارمان دا هەتا هەتایە بمێنینەوە لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، بەم شێوەیەی کە پێوەی درووست بووە بە درێژایی چەندان سەدە، وەك وڵاتێکی جیانەبووەوە لە حکومەتی عوسمانیدا، زۆر تکا لە حکومەتەکەمان دەکەین بەرگری لە پەیوەندیمان بکەن و نیگەرانیشمان ئارام بکەنەوە.
ئیمزاکان ١ـ **زیاء** زادە مستەفا، ئیسماعیل بەگ زادە مەحمود، کوجل ئاغازادە خەلیل، قازی زادە محەمەد نوری لە پیاوە دیارەکانی کیفی، شێخ زادە محەمەد بەهجەت، عەزیز زادە حاجی ئەحمەد، ئەلبیق زادە عەلی، قەیس زادە، قەهرەمان سەبری، سەرۆکی شارەوانی حەسەنی، ئولاج زادە فەهمی، لال زادە محەمەد، زازیجی زادە سولێمان، حاجی حافز شاکر، ڕەشید بەگ ئەحمەد، محەمەد تورسون، هوبەزادە حسێن، حاجی ڕسول ئاغا محەمەدعەلی، خەلیل حوسێن حلمی، و حلمی (زانایەکی ئایینییە)، یباب ئەحمەد کەمال، سەبری سەعدوڵڵا، حاجی ئەحمەد ئیسماعیل، حقی مستەفا، بەڵام تەلەگرافی دیاربەکر ئاڕاستەی (**صدرالاعظم**) و وەزیری دەرەوە و ناوەوەش کرابوو، بەم شێوەیەی خوارەوە: لەو کاتەی کە مەسەلەی مافی ئازادی دیاری کردنی چارەنووس بڵاوکرایەوە و درایە گەلانی هەمەجۆر، ئێمەی دانیشتوانی دیاربەکر و دەوروبەری

PDF 4 KURD

شانازی دەکەین بە ئەو پەیوەندیانەی کە چەند سەدەیەکە یەکمان دەخاتەوە لەگەڵ خەلافـەت و ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا، ئێستا وامان لێهاتوە نیگەران ببین لە چارەنووسی دوارۆژمان دا.

بێجگە لە هۆزەکانی شارەکەمان کـە تـا ئێستا سـەرژمێرییەکانیان نـەکراوە، ژمـارەی دانیشتووانە موسڵمانەکان کە لە کورد و تورك پێك هاتوون هەر هەمووشمان موسڵمانین دەگاتە ٩٩٠ تا ٥٨٨ کەس بەرامبەر ژمارەیەکی کەمی ناموسڵمان ٣٣ تا ٦٤٩. کۆنگرەی ئاشتیش کە دروست بووەیە مەبەستی پاراستنی ئاشتی و هێمنییە بۆ هەموو گەلان، پێویستە لەسەری بە یەکسانی سەیری هەموو لایەك بکات. زۆربەی بخرێتە ژێر دەسەلاتی کەمایەتییـەوە نابێتـە هۆی زاڵ بوون بە سەرکۆسپە گەورەکانی کوردستان. ئەو ئاشتییە گشتییەی کە دەوڵەتە گەورە هاوپەیمانەکان ئارەزوویان لێیەتی بەردەوام لە مەترسیدا دەبێ، تکایە ئەم دەنگەمان بگەیێنیتە کۆنگرەی ئاشتی بۆ مانەوەمان وەکو پێشوو لە ژێـر دەسـەلاتی ئیمپراتۆرییـەتی عوسمانیـدا. ئیمزاکان:ـ لە شێخەکانەوە: ـ زەکی، عەبدولقادر، عومەر لە زاناکانی ئایینی، محەمەد کامل سەیفوڵلا، عەبدولعەزیز خالس، عەبدولڕەحمان، مەحمود، لە پیاوە دیارەکـان ڕاقـی، سـەعید، حقی، صبری، عارف، ئەحمەد، نیازی، ئەشرەف، ئیسماعیل، فاهرا، عارفی، محەمەد، مـەحمود و حمید. لە شوێنی ترەوە: ئەحمەد، ئەحمەد شوکری، تۆفیق عەلی. وەزیـری دەرەوەی بـەریتانیا ئارەزوی خۆی دەربڕی کە بە زووترین کات ئەو شوێنانە بە شێوەیەکی گشتی زۆربەیان کـوردن پێناسەیەکی بۆ دابنرێت وە یان دیاری بکرێت. لە هەندێ نامە گۆڕینەوەدا باسی ئـەم بابەتـە کرا، لەوانە ئەو نامەیەی کە خراوەتە نێو هەمان کۆمەڵـەی بەڵگەنامـەی ژمـارە (١٢٠٣١) (٣١٢٧) (١٧٧٦٨) ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست/٤٤.[٢] دەربـارەی مەسـەلەکانی پەیوەندیـدار بـە کوردستانەوە، لەم نامەیەدا ئەمە هاتوە:ـ لـە دەستنیشـانکردنی نامەکـەت هـی ڕۆژی ١٠ی مایس بە ژمارەی ٦٩٣٤٥ / ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست/٤٤ دەربارەی مەسەلەکانی پەیوەندیدار بە کوردستانەوە. وەزیری هیند ئامۆژگاری کردم مستەر مونتاجۆ کە سەیری ئەوە بکەم کۆلۆنێـل وڵسن زانیاری ورد نادات بە دەستەوە دەربارەی درێژەییەکەی ئەو هەرێمەی کەوا دادەنـرێ بـە شێوەیەکی گشتی زۆربەی دانیشتوانی کـوردن. لـەم بارەیـەوە لێکۆڵینـەوەی تـر دەسـت پـێ دەکات. مسـتەر مونتـاجۆ لـەم بارەیـەوە هەنـدێ بۆچـوون دەنووسـێتەوە، بـەلام دەربـارەی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ مەسەلەی کورد لە یەك مەرکەزەوە، بەڕای وەزیر ئەمە پێویسـت بـە لێدوان و گفتوگۆ ناکات، بەلام دەبێ ئەم ڕێکخستنە بە تەواوەتی کاتی بێت، مستر مونتـاجۆ پێشنیار دەکات کە لورد کیرزن ڕازی بێت دەسەلات بدرێت بە وڵسن لەسـەر ئـەم بنەڕەتـەوە،

بەڵام دەربارەی هەردوو برا بەدرخانییەکان، مونتاجۆ بیرورِایەکی دیاریکراوی نییە، تەنها پشت بەستن بە قسەی ولّسن نەبیّ کە ئەوان لەوانەیە سودیان لیّببینریّت بۆ کارتیّکردنیّکی راستەوخۆ لە کوردستان دا. بە مەرجیّ ئەگەر لۆردکیرزن هیچ جۆرە نارەزامەندییەك یان کۆسپیّکی دبلۆماسی نەبینیّت. (مستەر شکبرە ئەم نامەیەی ئیمزا کرد، پیّشتر باس کرابوو). وەڵامی نامەکەی رابردوو درایەوە لەو نامەیەی کە لەناو بەڵگەنامەیەك دا بوو بە نیشانی (س. یو.ا)(١٢٣٣١)(١١٣٨٦)(٢٩/مایس/١٩١٩)[٣] لەم نامەیەدا ئەمە هاتووە:ـ من ڕێنمایی کراوم لە لایەن ئیرل کیرزنەوە بۆ ئەوەی بریار بدەم لە گەیشتنی نامەکەتان لاپەرە (٣٥٤٨) لە رۆژی ٢٢ی مایس دەربارەی کاروباری کوردستان. لورد کیرزن رازییە لەسەر ئەوەی گرنگ ئەوەیە کە پیّناسەیەك یان دیاریکردنی هەریّمەکانی زۆربە کوردنشین بەدەست بکەویّت. بۆ جیّبەجیّ کردنی پیّشنیارەکەی مستەر مونتاجۆ، کیرزن وا دەبینیّ کە ئەمەش بە ولّسن رابگەینریّت چونکە گرنگییەکی تایبەتی بەستراوەتەوە بەم دیاری کردنە، بەڵام پیّویستە لەسەر ولّسن بە تەواوەتی هاوکاری بکات لەگەڵ نیّردراوی پایەدار لە ئەستەمبوڵ و هیچ هەنگاویّ نەهاویّت بە بیّ رازی بوونی ئەو. هەروەها پیّویست بە ئاگادار کردنەوەی سەرکرایەتی هیّزی میسری بە شیّوەیەکی تەواو. پاش ئەو هەموو خۆپاریّزییە لورد کیرزن رازی دەبیّ بە دەسەڵات دان بە ولّسن بۆ هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ مەسەلەی کورد. (دانەیەك لەم نامەیە بۆ قاهیرە و مستەر بلفۆر). نامەیەکی تایبەتی هەیە لەم بارەیەوە راستەوخۆ ئاراستەی ولّسن کراوە بە ژمارەی (١٢١٧٦)(١١٣٥)(٥)ی[٤] حوزەیران. ئەمەی تیّدا هاتووە:ـ

لە دەستنیشان کردنی تەلەگرافتان ژمارە(٥٣٥٣) لە رۆژی ٢ی مایس، تۆ دەسەڵاتت پیّدراوە بۆ بەرِیّوەبردنی کاروباری کوردەکان، بە مەرجی راویّژکردنیّکی تەواو لەگەڵ نیّردراوی پایەدار لە ئەستەمبوڵ و ئاگادارکردنەوەی سەرکردایەتی میسر بە وردی. جا بەختیار دەبم ئەگەر بیرورای خۆتانم بۆ بنیّری دەربارەی ئەو هەریّمەی دەیگریّتەوە. سەیریّکی تەلەگرافەکەم بکە هی رۆژی ٢١ی مایس. بەم بۆنەیەوە ئایا لای تۆ باشترە جیا کردنەوەی دیاربەکر و ئورفە لە دەوڵەتی عیّراق؟ بەڵام داواکردنی هەردوو برا بەدرخانییەکان و پیاوە دیارەکانی کورد بۆ سەردانی کوردستان، ئەمە پەیوەندی بە خۆت و نیّردراوی پایەدارەوە هەیە. بەڵام وەڵامی فەرمانداری شارستانی لەسەر داواکارییەکەی وەزارەتی هیند و وەزارەتی دەرەوە دەربارەی دیاری کردنی ئەو هەریّمانەی بە شیّوەیەکی گشتی کوردیان تیّدا دەژی. ئەم وەڵامە هاتووە لە تەلەگرافەکەی دا کە رۆژی ١٣ی حوزەیران، ئەم تەلەگرافە بەڵگەنامەی ژمارە ١٣١٤٠ی تیّدا

PDF 4 KURD

بووه( ئەفسەری ڕامیاری بە فەرمانی وەزارەتی هیند)(١٣/حوزەیران/١٩١٩) (دوارۆژی ئەرمینیا و کوردستان)[٥] ئەمەی تێدا هاتووە:ـ لە دەستنیشانکردنی تەلەگرافەکەتان لە ڕۆژی ٥ی حوزەیران و ٢ مایسدا (لە سەرەوە باسکرا)

١ـ لە نەخشەی ئەتنۆگرافی تورکیای ئاسیادا هەروەکو وەزارەتی جەنگ بڵاوی کردۆتەوە بە ژمارەی ٢٩٠١ چاپ کراوە لە لایەن کۆمەڵەی جوغرافیاناسانی پاشایی دا. ئەم هەرێمانە دەردەکەون کە بە شێوەیەکی گشتی کوردنشینن. تا ڕادەیەکی باش و ورد و ڕێکوپێکە. هەروەها سەختییەکەشی تێدادەردەکەوێ.

٢- سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی هەرێمی زۆربەی کوردنشینن.

٣ـ سنورەکانی باشور لەوانەیە باشوری ڕۆژئاوای چیای قەندیلەوە تێبپەڕێت هەتا خالّی ١١ـ١٣ لەسەر پێوانەی یەك لە سەر ملیۆن. لەوێ وە هەتا خالّی یەکگرتنەوەی هێڵی پانی ـ ٣٧ـ و هێڵی درێژی ٤٤، لەوێوەش بۆ خالّی پێکگەیشتنەوەی هێڵی پانی ـ ٣٧ ـ بە هێڵی درێژی ٤٣.

٤ـ من لەو باوەڕەدام کە سنوری باشوری هەرێمە تەواو کوردنشینەکان پێویستە کەمێ بەرەو باکوری جەزیرەی ئیبن عومەر تێبپەڕێ. لە باکوریشەوە لە نصیبین دا و لە باشور لە ماردین. هەروەها باکوری (رأس العین) بکەوێتە. درێژایی هێڵی پانی ٣٧ هەتا بیراجیك. پاشان لە باکورییەوە بۆ زێی فورات. پاشان ڕێك بوون بە سنوری ویلایەتی خربوت، محمودە عەبدولعەزیز، بەتلیس و وان. بەم شێوەیە، لەگەڵ هێشتنەوەی ئەرزنجان و ئەرزەڕۆم لە دەرەوەی ئەم سنورانەدا.

٥ـ لەم هەرێمانەدا کە پێك هاتووە لە ویلایەتی دیاربەکر و هەرێمەکانی ئەرمەننشین هەروەکو لە نەخشەدا ڕوون دەبێتەوە، بەڵام من لە مێجەر نوئیل و سەرچاوەکانی تر وا تێدەگەم ئەمانە لەم هەرێمانەدا کەمایەتییەکی زۆر بچووك پێك دەهێنن. کار بەم شێوەیە بێ ناکرێ دایان بنێین لە پلەوپایەکی بەرز یان سەربەخۆ. دەربارەی ئەوانی تریان، بریا ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا ڕازی دەبوو بۆ دابینکردنی ژیانێکی ڕێك و هەڵسوکەوتێکی باش بە هیوای پێشخستنێکی نەتەوەیی لە ویلایەتی ئەرزەڕۆم و تەرابزۆن دا، کە لای ئەرمەنییەکان بەڕێوەبردنیان گران نابێ.

٦ـ کوردستان بووە بە دوو کۆمەڵە، ئەوانەش ئەو پارتەی کە لایەنگری مەسەلەی کورد دەکا، کە دەتوانرێ بە کارێکی گونجاو ببێ بە لایەنگری بەریتانیا. ئەوی تریش ئەو پارتەی کە

لایەنگری تورکەکانە لە مەسیحییەکان نزیك دەبنەوە و دژی بێگانە ئەوەستن. هەر یەك لەم پارتانە دەتوانێ ولات بێنێتەوە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە بە پشت بەستن بە کەمێ یارمەتی وەرگرتنی دەرەوە. پێویستە لەسەرمان لە نێوانیاندا هەڵ بژێریت. ئەگەر بڕیاردرا بە گەڕانەوەی دەسەڵاتی تورکیا سەر لە نوێ بۆ کوردستانی ئەرمەنی، ئەوسا کە بیری دامەزراندنی دەوڵەتی ئەرمەنی دەوڵەتی کوردی لەناو دەبردرێت.

٧ـ هەر چەندە کوردەکان ژمارەیان زۆرە و ناسراون بە پیاوەتی و ئازایەتی، هەر چەندە بیری نیشتمان پەروەرییان لا بەهێزە، بەڵام تا ڕادەیەك پارچەپارچەن و لە لایەنی جوغرافییەوە دابەش بوونە بە چەند زنجیرە چیایەك، تا ڕادەیەك یەکگرتنەوەیان جێی باوەڕی نییە، تەنها لە ڕێگای ئیدارەیەکی بیانی بەهێز نەبێت، کە بەتلیس یان (وان) بکات بە پایتەخت و بارەگای خۆی، (ئەمە بیرێکی نوێیە لە خۆیدا). هەروەها هەستی ئیسلامی ئێستایان کە دروست بووە بە هۆی کارەکانی یۆنانییەکان و قلیان (ئەمانە چەند هەرێمێکیان داگیر کرد لە ڕۆژئاوا و باشوری تورکیا لەو سەردەمەدا) ناگونجێت لەگەڵ دەسەڵاتدارییەتی ولاتە گەورەکانی مەسیحیی لەم کاتەی ئێستادا، بەڵام ئارەزوویەك هەیە بۆ ڕازی بوونیان بە ڕێنمایی کردنی بەریتانیا زیاتر لە هەر دەوڵەتێکی تردا. ئەوەش نابێ تەنها خەریکی کۆکردنەوەی زانیاری بین بۆ ماوەیەکی درێژ یان جۆرە دڵنیایی کردنێکی نادیار بۆ ئەم و ئەو. بە گوێرەی دۆخی ناوەخۆی ئەوێ پێویست بە گەیشتن دەکات بۆ بڕیارێکی ڕامیاری و پێشکەش کردنی چەند ڕێنماییەکی پێویست لە ژێر ڕۆشنایی ئەودا.

٨ـ پێشنیارە باسکراوەکان دەتوانرێ بەم شێوەیە پوختە و کورت بکرێنەوە:ـ

ویلایەتی ترابزۆن و ئەرزەڕۆم دەوڵەتێکی ئەرمەنی پێك دەهێنن. هەر لە بنەڕەتەوە لە ژێر چاودێری ئەمەریکا دەبێ. هەروەها چوار ویلایەتەکەی تریش (دیاربەکر، ئەلعەزیز، وان، بتلیس) دەوڵەتێکی کورد پێك بهێنن. هەر لە بنەڕەتەوە لە ژێر چاودێری بەریتانیا دەبێ. تاکە چارەسەری کە دەتوانم بیری لێ بکەمەوە بۆ ئەم پلانە ئەوەیە گەڕانەوەی دەسەڵاتی تورکیایە بۆ ویلایەتەکان لە ژێر چاوەدێری ئەوروپادا.

٩ـ هەرچەندە شایانی گوتنیش نییە من وا دەبینم بێمە سەر ئەو ڕایە کە لێپرسراوەتیمان درێژ دەبێتەوە بۆ کوردستان بە ناڕازی بوونێکی زۆرەوە. من وام لا باشترە کەوا ببینم ئەمریکا یان تورکیا لێپرسراوەتی هەڵدەگرن، بەڵام جێی گومان نییە بابەتەکە دەکەوێتە ژێر لێکۆڵینەوە لە لایەن حکومەتی بەریتانیاوە لەهەموو لایەنەکانییەوە پێش دەرکردنی بڕیارێك.

١٠ـ پێشنیار دەکەم کە سەردانێکی حەلەب بکەم لە دەوروبەری ٢٠ی حوزەیران، بۆ ئەوەی لەوێ چاوم بە مێجەر نوئیلڵ بکەویت، پاش چاو پێکەوتن بەو هیوایەم کە بگەمە دارشتنێکی تەواوتر پێشنیارەکان، ئەگەر ئەمە پەسند بکرێت (واتە ئەم سەردانە و چاو پێکەوتنەی بە نوئیلڵ سەریگرت، هەروەکو باسکرا لە بەشەکانی پێشودا.)

١١ـ من دەزانم ئەم پێشنیارە باسکراوانە ڕێکوپێك کردنی ئەو پێشنیارانەیە کە دەرچونە لە کاتی نامە گۆڕینەوەکانی پێشوودا بەهۆی دان نانێکی تێدا بووە بە مەبدەئی دەوڵەتی کوردی لە چوارچێوەی دەسەڵاتدارییەتی بەریتانیا.

هەروەها ڕێنمایی دەکرێت لە لایەن ڕاوێژکارانی بەریتانیا لەگەڵ جێ ئەوەی گەڕانەوەی دەسەڵاتی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی. بەملکەچییەوە من ئەم پێشنیارانە پێشکەشدە کەم بۆ ڕێزلێنانی حکومەتی بەریتانیا. سەرۆکی کۆمیتەی کوردستان، سەرۆکی ئەنجومەنی دەوڵەتی عوسمانی سەید عەبدولقادر شەمدینانی دووبارە سەردانی نێردراوی پایەداری کردەوە، ئەدمیراڵ ویب لە ١٢ی مایسدا. ئەو داواکاریەکی دیکەی خستە سەر ڕوون کردنەوە و داواکارییەکانی پێشووی کە بەریتانیا هەوڵ بدات کە حکومەتی تورکیا ناچار بکات بۆ ماوەدان بە گەڕانەوەی سەدان هەزار لەو کوردانەی حکومەت ئاوارەی کردوون لە ڕۆژانی جەنگدا، لە هەموو لایەکی ئاسایی بچووکەوە. گەڕانەوەی ئەم کوردە ئاوارانە بۆ شوێنی پێشوویان، ئەمە هاتووە لە بەڵگەنامەی ژمارەکراو (١٢٤٦٨) (٣٨٣٦)[٦] هەروەها ئەم بەڵگەنامەیە پارچە ڕۆژنامەیەکی فەرەنسی تێدایە (مونیتێر ئورپانال) لە ١٧ی مایس کە ڕوون کردنەوەی سەید عەبدولقادری تێدا نووسراوە. نامەیەکی تریش لە فەرمانداری شارستانی ـ ولسن ـ هاتووە، خراوەتە نێو بەڵگەنامەی ژمارە(١٢٧٢٩)(٦٢٩٠)(٤/حوزەیران/١٩١٩)[٧] لەم نامەیەدا هاتووە:ـ لە دەستنیشان کردنی تەلەگرافی ١١ی مایس، کە دەڵێ: مێجەر نوئیلڵ لە ماردینەوە دەنووسێت و لە ٢٥ی مایس و دەڵێ:ـ ڕاپۆرتەکەی تەواو کردووە دەربارەی ویلایەتی دیاریەکر لە ١٥ی حوزەیران دەگاتە شاریحەلەب چەند دانەیەکی چاپکراوی ڕاپۆرتەکەی نێردرا بۆ هەموو ئەوانەی پەیوەندییان بە کارەکەوە هەیە. ئەم ڕاپۆرتە گرنگییەکی بێپایانی هەیە، ولسن دەڵێ:ـ پێویستە بە شتێکی زۆر باشی دابنێین و بیکەین بە بناغەیەك بۆ دامەزراندنی سیاسەتەکانی دووا ڕۆژمان. نوئیلڵ پێشنیاری مانەوەی دەکات بۆ ئەوەی بەردەوام بێت لە لێکۆڵینەوەکەی لە سەر (سعرت)، بەتلیس، وان و ئەرزەڕۆم دا بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری بۆ ئەم ئامانجانەی خوارەوە:ـ

PDF 4 KURD

١ـ زانینی نەژادی ئێستا ژمارەیەك لە کۆمەڵە هەمەجۆرەکانی دانیشتووان، کە لە ئەنجامی جەنگەوە پێکهاتوون.

٢ـ دۆخی ئابوری ئێستای ئەم شارانە، هەروەها شوێنگەی بازرگانی یان لەگەڵ وڵاتی نێوان دوو ڕووبارەکە.

٣ـ ئەو کارە بێ ئابڕوویانەی کە دەکرێ لەگەڵ موسوڵمانەکاندا لە لایەن خەڵکی ترەوە.

٤ـ هەستی کوردەکان بەرامبەر ئاواتی نیشیتمانیان.

٥ـ بەرەو پێشەوە چوون و ئەنجامەکانی دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئەرمەنی کوردستانی لە ناوەڕاستدا.

٦ـ هەڵوێستی کوردەکان دەربارەی ئیدارەکەمان لە کوردستانی باشوری ڕۆژهەڵات و مەسەلەی گەڕانەوەی ئاسورییەکان.

٧ـ مەسەلەی گەڕانەوەی ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکان کە گەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان. ولسن زیاتر دەڵێ: ـ من ڕازیم بە ئەم گەشتەی نوئیل و تکام وایە دەسەڵاتدارانی دیکەش ڕازی بن ئەم ڕازی بوونە بە دەست هات.) ڕاپۆرتێکی تری گرنگ هەیە کابتن س. ال. وولی نووسیویەتی دەربارەی سەردانەکەی خۆی بۆ کوردستانی باکوری ڕۆژئاوا. ئەم ڕاپۆرتە خراوەتە ناو بەڵگەنامەی ژمارەکراو (١٤٦٧٧)(٩١٤٧٩)(٤٥٦٨)(جولانەوەی نیشتمانی کورد) لە ٧ی تەموزی ١٩١٩دا.[٨] ئەم بەڵگەنامەیەش دانەیەکی نامەکەی جەنەڕاڵ کلابتون دەنوسێتەوە ژمارەکراو سی. ی. ئۆ (١/٥٧) ئەویش بەمجۆرەیە.

**ئەرکەکانی گشتی**

**سوپای هێرش بەری سەر میسر**

**٦ی حوزەیران ١٩١٩.**

جێی شەرەفە بۆ من ئێستا دانەیەکتان بۆ بنێرم لە ڕاپۆرتی نوسراو بە پێنوسی کابتن س.ال.وولی کە بەم زووانە ڕەوانە کراوە بۆ لێکۆڵینەوە لە هەرێمی کورد نشینی ناوبراو.

**ئیمزا**

**جی. ئێف. کلایتون**

**سەرۆکی ئەفسەرە ڕامیارییەکان.**

لە خوارەوە ڕاپۆرتەکەی وولی دەخرێتە ڕوو بە ناونیشانی (جولانەوەی نیشتمانی کورد (تێبینی: لە گەشتەکەمدا لەم بابەتە گفتوگۆم کرد لەگەڵ سەرۆك هۆزانی میللی و زازا و

کاراوار و کیتکان و برازی و ئەلوەن) هەروەها لەگەڵ ناوەندە ئایینییەکان و فەرمانبەرانی میری و ئەفسەرانی سوپای تورکی و دەرەك و هەروەها لەگەڵ جووتیاران. گەشتەکەم پارچەیەکی بچووکی هەرێمی کوردنشینی گرتەوە، بەڵام بینیم هەستی نیشتمانی بەهێزە دەربارەی مەسەلە بنەڕەتییەکان، بەڵکو جۆرە کۆڕایەك ـ الاجماع ـ هەیە کە لەوانەیە هەمان هەست دەربڕێت لە هەرێمەکانی زۆر فراوانتر هەتا جوتیارەکانیش کە ملکەچی خۆیان بۆ سەرۆکەکانیان پیشان دەدەن، ئەگەر زۆر لەگەڵیان بلێیت هەمان هەست و ئاوات دەردەبڕن، واتە پێویستە دان بە کوردەکاندا بنرێت وەکو نەتەوەیەکی سەربەخۆ، هەروەها حکومەتێکی تایبەتییان هەبێ. وا لە خوارەوە بە وردی بیروڕای کەس و کۆمەڵانی زۆرتان بۆ دەنووسمەوە، کە لەگەڵیاندا قسەم کردووە، بێ ئەوەی ڕەخنە و شتێك پێشان بدەم، جگە لەو پەڕەگرافانە نەبێ کە دەیانخەمە نێوان کەوانەوە.

### ١ـ پارچە زەوییەکە:

کوردستان لە قارس و تفلیس (ئەودیو قەفقاس) درێژ دەبێتەوە تا ئەدەنە (باشوری ڕۆژئاوای ئەنەدۆڵ) لە تەرابزۆن و مەلاتیە تا ڕەواندوز (بێگومان ئەم پێناسەیە ئاسان کردنی ناسینی هەرێمەکەیە) بەم شێوەیە شەش ویلایەت دەگرێتەوە کە ناوی لێنراوە بە ویلایەتەکانی ئەرمینیا و بەشێکی ڕووسیا و بەشێکی ئێران. لەم پارچە خاکەدا (سەیری لیستی پێ لکاو بکە) دەڵێن ژمارەی دانیشتوانی کوردەکان ١٣ ملیۆن کەسن. لە ویلایەتەکانی ئەرمینیادا ئەم قسەیە هەڵەیە، لە شەش ویلایەتەکاندا کوردەکان ٩٠٪ هەتا ٩٥٪ی دانیشتوان پێك دەهێنن. تورکەکانیش لە سەدا یەك پتر پێك ناهێنن و ئەوانی تریش موسوڵمانن. دەوڵەتە گەورەکان دەتوانن لێکۆڵینەوەیەکی ورد بکەن، دەبینن ئەم سەرژمێرییانە بە گشتی هەموویان ڕاستن. لە بەشێکی زۆری هەرێمی کوردنشین کوردەکان تەنها بە کوردی دەدوێن ئەمانە دانیشتوانی هەمیشەیین و نەزان نین. (تێبینی :ـ لەوانە سەدا نەوەد زێدە گووتنی تێدا بێ، بەڵام لەم باوەڕەدام کوردەکان زۆربەی هەرە زۆر پێك دەهێنن، بەڵام دەربارەی نەزانین و نەخوێندەوارییەوە)، لە شاری (سیفریك) کوردێکی سادە گفتوگۆم لەگەڵ دەکات دەربارەی ڕامیاری دەرەوەی کلادستۆن، ئەو دەربارەی پەیوەندی نێوان کوردەکان و ئینگلیزدوا. هەروەها باسی زەینەفونی کرد کە نیشانەی هەبوونی نەتەوەی دێرینی بوو لە ئاسیای بچووکدا. ئەمانە داوای جیابوونەوە دەکەن لە دەوڵەتی عوسمانیدا. بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی یەکگرتوو

PDF 4 KURD

هەروەها حکومەتێکی کورد لەسەر بنەمای نوێنەرایەتی ڕێژەیی و بخرێتە بەر ئینتدابی دەوڵەتێکی ئەوڕوپا. دەربارەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ گەلانی هاوسێدا کابتن وولی درێژەی پێ دەدا و دەڵێ: سەرۆکی هۆزی میللی مەحمود بەگ تێبینی ئەوەی کرد ئەگەر ئێستا دەست بکرێ بە دامەزراندنی حکومەتی کوردستان ئەوسا پێویست بەوە دەکات بەکارهێنانی ژمارەیەکی زۆر و نایەکسان لە فەرمانبەرە ئەرمەنەکان بۆ خزمەتکردن چونکە ئەوان لە کوردەکان باشتر فێربووینە، بەڵام بۆ ماوەی چەند ساڵێك لەگەڵ زۆربوونی هەندێ قوتابخانە کوردەکان پتر دەبن و بەڕادەیەکی وا تەرازو یەکسان دەبێتەوە. کوردەکان نارازی نین بە دامەزراندنی ئەرمەن، هەندێ هۆز هەبوو کە تاوانبارکرا بوون بە هاوبەشی کردن لە کوشتار، بەڵام ئەمە بەهۆی هاندانی حکومەتی تورکی بوو، بەڵام هۆزە کوردەکانی تر توانای خۆیان خستە کار بۆ چاوەدێری کردنی ئەرمەن و پارێزگاری کردنیان، بە گوێرەی زانیاری خۆم هۆزەکانی مللی و ئەلوەن و بەرازی و کیتکان چاوەدێری کردنی ژمارەیەکی زۆری ئەرمەنیان خستە ئەستۆ لە هەردوو ڕەگەزدا و لە هەموو جۆرە تەمەنێك، سەربەست بوون لە ڕۆیشتن و مانەوە بە ئارەزوی خۆیان، هۆزی مللی بە تایبەتی ناوبانگێکی باشی هەیە لەناو ئەرمەنەکاندا. ڕۆژنامەی هەفتەیی نیشتمانی (کوردستان) لە دوا ژمارەیدا باسی ئەوەی کردبوو ژمارەی ئەو کوردانەی کە کوژران تەنها لە هەرێمی ـ وان و بەتلیس ـ گەیشتە (٤٠) هەزار کەس، بەڵام ئەوان ئێستاکە هۆشمندانە وا دەبینن کە پێویستە کارەکە لێرەدا ببڕێتەوە. (واتەزیان وەکو یەك بە هەموو لایەك گەیشت، جا وا پەسەند دەکرێ دووبارە خرۆشان دەست پێ نەکاتەوە). بە شێوەیەکی گشتی کوردەکان گەلێ تامەزرۆی دامەزراندنی حکومەتێکن بەو شێوەیەی کە زۆربەی دانیشتوان ئارەزوویان لێیەتی (لەسەر بناغەی دۆخی نەتەوەکان). ئەوانە هیچ گومانیان نەبوو لە خۆیان کەوا زۆر بە پێك دەهێنن و بە گەرمییەوە کوردەکان لەسەر ڕێی هەندێ پێشەواکانیان ئەڕۆن کەوا لێك دەدەنەوە. ئەوان هەست بەوە دەکەن مافی ئەوەیان هەیە لە دەربڕین و ڕاگەیاندن هیوا و ئارەزووەکانیان بە ئاشکرا لە بەر چاوی خەڵك هەروەها بۆ بەجێ کردنی هیوا و ئاواتەکانیان. هەندێ هۆزی بچووك هەن وەکو ئەلوەن و کیتکان کە ئاقاریان لە سەر هۆزە عەرەبەکانە لایان باشترە لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عەرەبیدا بژین، بەڵام هۆزی بەرازی حەز لە حکومەتێکی کورد دەکات، بەڵام لەوانەیە لەم باوەڕەدا بێ کە ئەم جۆرە حکومەتە نایەتە دی. لەبەر سەختی یەکبوونی کوردەکان، جا ئەوان تورکیایان لا باشترە کە دەیناسن، بەڵام لەوێ دوورتر بەرەو باکور ماوەی ئەم جۆرە دوو دڵییە نیە. دانیشتوان

داوای دامەزراندنی حکومەتێکی تایبەتی بەخۆیان دەکەن. چینی گشتیش دەیەوێ بە جۆرێك ژیان بباتە سەر و دوور بێ لە دەست تێوەردان تەنها بەڕادەیەکی کەم نەبێ لە لایەن بێگانەکانەوە. دانیشتوانی شارەکانیش یارمەتی بازرگانی بیانییان و ئاڵوگۆڕکردنیان ئەوێ، بەڵام ڕازی نین بە دەسەڵات دارییەتی بێگانە، بەڵام چینەکانی باڵا ئەوان لەوە دەگەن کە ناتوانن بە تەنیا ئیدارەی وڵات بکەن، بەڵکو لە هەمان کاتدا پێویست بە چاوەدێرییەکی مادی دەکات. ئەمانە دژی فەڕەنسان(هۆیەکانیش هەبوونی هێزەکانی ئەرمەنی، بەسەر هاتی ناشیرینی فەڕەنسییەکان لە بەیروتدا). ئەوانە لەو باوەڕەدان هیچ حکومەتێ توانای مانەوەی نامێنێ ئەگەر هێزێ لە پشتەوەی نەبێت. ئەوانە سەرکردەکوردەکان پێشوازی لە بیری دامەزراندنی چەند وڵاتێکی نوێ دەکەن لەسەر بناغەی نەتەوەییدا، بەڵام خەلیل (لەوانەیە سەرۆکێکی هۆزی میللی بێ) زیاتر گوتی:ـ من لەو باوەڕەدام کە سەرۆك ولّسن چەند ڕایەکی چاکی هەیە، بەڵام لە کردەوەدا کەم و کورتی هەیە. ڕائیدێکی کورد لە سوپادا ڕەشبینتر بوو بەرامبەر بەرپابوونی ئاشتی ئەو گووتی: جێی گومان نییە چەند شەڕێکی تری نوێی جیهانی ڕوو دەدات لە بەرژەوەندی بەلشەوەیەکانەوە تەواو دەبێ. هەموو لە سەر ئەو ڕایەبوون کە تا ڕێگەی کاریگەر بۆ جێبەجێ گەیاندنی بیرەکانی کۆنگرەی ئاشتی، دامەزراندنی کۆمەڵەی نەتەوەکانە. (ئەنجومەنی جیهان). هەروەها ویستیان ئەم ئەنجومەنە دادگایەکی دادپەروەری دەست پێکەری هەبێ کە پەنای بۆ ببردرێت لە کاتی بەخراپی فەرمانداری کردنی لە لایەن دەوڵەتە ئینتداب کارەکانەوە. ئەم سەرۆکانە لەم باوەڕەدان دیاری کردنی دەسەڵاتدارییەتی ئینتداب کارێکی پێویستە. (تێبینی:ـ گفتوگۆ دەربارەی کۆمەڵەی نەتەوەکان نزیکەی دووکات ژمێری خایاند. نزیکەی ٢٠ کەسی کورد بەشدارییان تێدا کرد. هەر چەندە هەندێکیان نەیان دەزانی لە پاریس چی ڕووی داوە، کەچی ڕادەی گشتی گفتوگۆکان بەرزبوو).

**شێوەکانی حکومەت:**

بیرۆکەی لە بنەڕەتەوە کۆبوبووە لەسەر حوکمی کەسێتی. کارەکە هەرچۆنییەکی بێت، لەو هەرێمە بچکۆڵەیەی کە من سەردانیم کرد. یاسای باوکایەتی لە خێزان دا ڕەگێکی قوڵیدا کوتاوە. ئەوەش مانای بیرێك نادات لەمە فراوانتر بێت. لە ئەنجامدا ئەوانە چاوەڕێی دامەزراندنی میرنشینی کوردستان دەکەن کە بەڕێوەببردرێت لە ژێر ئینتدابی بیانیی خاوەن دەسەڵاتێکی دیاریکراو. پلەوپایەی فەرمانداریەتی لە بنەڕەتەوە بۆ کوردەکان بێ هەروەها



PDF 4 KURD

دەرگاش ئاوەڵا بێ بۆ ئەرمەنەکان. دوو کەسی هەڵبژێردراو هەن بۆ پایەی میرنشینی، عەبدولڕەزاق بەدرخان بەگ و مەحمود بەگ کوڕی ئیبراهیم پاشای مللی. سەرۆکی هۆزی میللی مەحمود بەگ لە کاتی گفتوگۆ کردندا بیروڕای خۆی دەربڕی کەوا خێزانی بەدرخانییەکان گەورەترن لە خێزانی ئەو، بەڵام لەم دواییەدا خێزانەکەی ئەو دەسەڵاتی گەورەتر بوو، پاشان چووە سەر باسی شتێ لە ژیان و سەربردەی ئیبراهیمی باوکی و هۆزەکانی لایەنگری میللی وەك قزلباشی دەرسیم. مەحمود دیسان گوتی:ـ کارەکە بە دەست دەوڵەتە هاوپەیمانەکانە پێویستە لەسەریان ئەو بڕیارە بدەن کام لەم دوو خێزانە گەڵ هەڵیان دەبژێردرێ، ئەو خۆی ملکەچی ئەم هەڵبژاردەیە، (تێبینی:ـ ئەوەی ڕوون بێ هەستی نەتەوایەتی بەهێز و بێئەندازەیە، پیا چوونەوەی ژمارەکانی پێشووی ڕۆژنامەی ـ کوردستان ـ خوێندنەوەکەی سوودێکی دەبێ لەم بارەیەوە). مستەر فۆربس ئادەم لێداونێکی کرد لەسەر ئەم ڕاپۆرتەی (ولی) و هەمان بەڵگەنامەدا بەم شێوەی خوارەوە:ـ ئەم ڕاپۆرتە گرنگە، بەڵام ڕاستییەك ئەوەیە سنوری باشوری ئەرمینیا کە کێشراوە لە لایەن وەفدی ئەمریکا و بەریتانیا بە باکوری هەرێمی هۆزەکانی میللی کورد تێ دەپەڕێ کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵات و باشوری ڕۆژهەڵاتی دیاربەکر. ئەگەر ئەم سنورە پەسەند بکرێ بەم شێوەیەی هەروەها هێڵەکانی ئێستای فەرەنسا بۆ سنوری کێشراوی نێوان وڵاتی نێوان دوو ڕۆبارەکە و سووریا، جا هەرێمی کوردنشینی باسکراو دەکەوێتە ناو سنوری ئینتدابی فەرەنسا لە سوریەدا. هەروەها مستەر ڕۆبەرت فانسیتارت لێداونێکی کرد و گوتی:ـ ئەو ڕازییە لەسەر تێبینییەکانی مستەر ـ ئادەم ـ لە هەمان بەڵگەنامەدا لە ڕۆژی ١٩١٨/٨/٨. لە لایەکی ترەوە مستەر فانسیتارت لە ڕۆژی ١١ی تەموزی ١٩١٩ نێردرا بۆ لای مستەر بوکلر ئەندامی وەفدی ئەمریکا بۆ کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس و نیشتەجێیە لە هوتێلی کریلون. ڕوونی دەکاتەوە کەوا ڕاپۆرتەکەی ـ وولی ـ گرنگی بۆ ئەوانیش هەیە. دیسان (فانسیتارت) دەڵێ:ـ ڕاپۆرتەکە ئەمانخاتە بارێکی گەشبینییەوە دەربارەی ڕادەی مام ناوەندی زیرەکی و تێگەیشتنی کورد.

### پەراوێزەکانی بەشی حەڤدەهەم:

(1) (PRO) (FO) (608) (95) (12551) (Turkey and Me) (12th june, (1919)

(2) Ibid, (12031) (3172) (177686/Me 44) (India office, Whitehall) (22nd May, 1919) (Immediatet).

(3) (S.W.1) (12331) (11386) (29th May, 1919).

(4) (12175) (1135) (From Secretary of State to Civil Commissionet, Baghdad, 5th June 1919) (Repeated to Viceroy, Foreign Dept) (Priority A)

(5) (13140) (political officer, Baghdad, Comd, By 1.0) (13th. June, 1919) 9Future of Armenia and Kurdistan).

(6) (12468) (3836) (Turkey and Me) (Activities of Said Abdul kadir, Constantinople, 4th june, 1919).

(7) (12729) (62900) (4th june, 1919) (Repeated to cairo… Aleppo for Noel).

8- (14677) (91479) (4568) (Turkey and Me) (durdish National Movement) (7th july, 1919).

# بەشی هەژدەهەم

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

دەربــــارەی پەیوەنـــدی نێـــوان ئەرمـــەن و کـــورد، بەڵگەنامـــەی ژمـــارەکراو (٣٣٩٨)(١٧٤٨٥٨)(٢٥٤٣٤ ) لە ١٧ی تشرینی ١٩١٨[1] نامەیەکی تێدایە لە بالۆیزی بەریتانیاوە لە پاریس ئێرل دربی بۆ بەڕێز مارك سایکسی، تێدا ڕوونی دەکاتەوە گرنگی و نێوانی توانینی جێبەجێ کردنی تەبایی و ئاشت بوونەوە لە نێوان ئەرمەن و کوردەکاندا، هەروەها بەهەموو ڕێگایەك هاندان بۆ ئەم کارە. هەمان بەڵگەنامە تەلەگرافێکی تێدایە لە وەزیری دەوڵەتی کاروباری هیند بۆ فەرمانداری شارستانی لە ڕۆژی ٢٨ تشرینی یەکەمی ١٩١٨ . ئەمەی تێدا هاتووە:ـ لە چاوپێکەوتنی نێوان بەڕێز بیرس کۆکس و شەریف پاشا لە پاریس، لەو ڕۆژەوە بارودۆخێکی نوێ دروست بووە. کاری ئێستامان ئەوەیە بەدیهێنانی ئاشتبوونەوە لە نێوان هەر دوو نەتەوەدا یەکێکیان موسوڵمانن و ئەوەی تریان ئەرمەنن کە کەمایەتییەکی بەهێزە. لە مافیشدا یەکسانن، بۆ ئەم مەبەستە ئەو پێشنیار دەکات بۆ دروستکردنی دەستەیەك بارەگاکەی لە لەندەن و پاریس بێت و پێك هێنانی لێژنەیەکی مەرکەزی لە ژێر چاودێری بەریتانیا لە شوێنێکەوە دەچێ بۆ شوێنێکی تر و زانیاری پێویستی پێدەدرێت. بیروڕای سەرکردە هوکارس.

بەڵگەنامەی ژمارەکراو(٣٣٨٥)(١٩٢٤٩) لە ٢٠ تشرینی دووهەمی ١٩١٨[2] یاداشتێکی تێدایە دەربارەی دۆخی ئاسیای ڕۆژئاوا بە پێنوسی(د. جی. هۆکارس).

٦. ئەرمینیا: ئەم ویلایەتانە (شەش ویلایەتەکەی ڕۆژهەڵاتی تورکیا) زۆربەی هەرە زۆری کوردنشینن، بە شێوەیەك ناتوانرێ دەوڵەتێکی ئەرمینیای تێدا دامەزرێت کە جێی ڕەزامەندی بێت.

٧. باکوری وڵاتی نێوان دوو ڕووبارەکە: لەوانەیە ئەمەیان دیارتر بێت لە بەشەکەی تری وڵات، دەتوانرێ دەوڵەتێکی ناوەخۆیی سەربەخۆ تێدا دابمەزرێت پایتەختەکەی موسڵ بێت یان ئورفە، بەڵام ڕادەی درێژ بوونەوەی ئەم دەوڵەتە بەرەو باکور ئەمە دەکەوێتە سەرشانی کوردەکانەوە. ئەمانەی دوایی داب و نەریتی عەرەبیان هەڵگرتوە، لەوانەیە ژمارەیەکی زۆریان دوارۆژی خۆیان بەستۆتەوە بە دەوڵەتێکی عەرەبییەوە. چەندی ژمارەی ئەم جۆرە کەسانە پتر بێت لە ویلایەتەکاندا ئەمە ئەوەندە باشترە.

**سەرکردە د. جی هۆ کارس.**

**سەرکردایەتی گشتی ـ وەزارەتی جەنگ**

**م. ئەی ٢٠.**

PDF 4 KURD

لە هەمان کۆمەڵەدا، بەڵگەنامـەی ژمـارەکراو(٣٤٠٧)(٣٧٨٥/أ/س ئـیکس) لـە ١٥ی تشرینی یەکەم ١٩١٨ تەلـەگرافی ٨٧٤٤ ی[٣] تێدایـە لـە لایـەن فەرمانـداری ڕامیـاری بـۆ وەزارەتی دەرەوە، ئەمەی تێدا هاتووە:ـ

لە ژێر ڕۆشنایی ئاڵوگۆڕەکانی ئێستادا شتێکی باشە حکومەتی بەریتانیا زانیاری پەیـدا بکات دەربارەی ئەو دۆخەی ئێستای کوردستانی خواروو. هۆزەکـانی نیشـتەجێی ڕۆژهـەڵاتی زێی بچووك خۆیان کۆ دەکەنەوە بۆ دەرچوونیان لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانییـەوە و خـۆ خستنە ناو بازنەی دەسەڵاتی بەریتانیاوە. زۆربـەیان بـە گەرمییـەوە دژایـەتی عوسمانییـەکان دەکەن. هۆزە کۆچەرەکان وەك (درکـائی جـاف) ئـارەزوی دۆسـتایەتی دەردەبـڕن و هـەروەها ئامادەیی خۆیان نیشان دەدەن بۆ ملکەچی کردنیان لە پێناوی بەرژەوەندی یاسـا. لـە لایـەنی ڕامیاری و سەربازییەوە وا باشترە زێ بکرێ بە سنوور. کـە بـریتی بـێ لـە ئـاڵتون کـۆپری و سلێمانی و پێنجوێن. هەرێمی سلێمانی و هەڵەبجە توانای پێشکەوتنێکی گەورەی هەیە و بـەر و بومەکانیشی بنەڕەتین بۆ پیشەسازییەکان و بەرزبوونەوەی ڕادەی پێشکەوتنی عێراق، وەکـو نەوت و خەڵوزی، بەردی و دانەوێڵە و گوێز و کەرەستەی چەرمسازی و توتن بـە شـێوەیەکی تایبەتی ئەم دوو کەرەستەیەی یەکـەم هـەروەکو میریـش دەزانـێ خـاوەن نرخێکـی سـەرەکی گەورەیە. بیرە باسکراوەکە سەر هەڵدەدا لەسەر ئەو دانانەی ئەو هەولانەی کە دراون دەربـارەی هەردوو ویلایەتی بەغدا و بەسرا ناگونجێ لەگەڵ ویلایەتی موسڵ. سەرکردەی گشتی هێزەکانی ئێرە سەیری ئەو شتانەی کرد کە لەسەرەوە باس کراون لەسەر ناردنی، هیچ جۆرە نارەزاییـەکی نییە. نامەیەکی تر هەیە هی فەرمانداری ڕامیـاری لـە ڕۆژی یەکـەمی تشـرینی دووهـەمی ١٩١٨خراوەتە ناو بەڵگەنامەی ژمارەکراو (٣٤٠٧)(١٨٢٠١١)(٦٩٤٢٧)(٩٣٥١)[٤] لە ناو یا دەستنیشانی تەلەگرافی ڕۆژی ٣١ی تشرینی یەکـەم کـراوە ژمـارەکراو (٩٣٠٩) دەربـارەی کوردستانی باشور. ئەمە لە نامەکەدا هاتووە:ـ

ئەفسەری ڕامیاری لە کفری ڕاپۆرتێکی پێشکەش کرد لە ڕۆژی یەکەمی تشرینی دووهەم، باسی ئەوە دەکات دوو لە نوێنەرانی دیاری شێخ مەحمود گەیشتنە ئـەوێ نامەیەکیشـیان پـێ بوو بۆ ئەو، زۆر داوا لە حکومەتی بەریتانیا دەکات کە کوردسـتان نەخاتـە پشـت گـوێ لـە لیستەی گەلانی ئازاد کراودا، ئەو ئەگەر بەهۆی گیرانی نەبوایـە لـە لایـەن عوسمانییەکانـەوە توانیبووی هەموو شتێ ئامادە بکات لە پێنـاوی ڕزگـارکردنی کوردسـتان. ئـەو داوای چـەند

PDF 4 KURD

ڕێنماییەك دەكات بە شێوەیەكی تایبەتی بۆ كاركردن دژی عوسمانییەكان. ئەم نامەیە هێشتا دەڵێ:ـ

شێخ مەحمود بە یەكێ لە شێخە سەرەكییەكانی سلێمانی دادەنرێت. لەم دواییەدا كرا بە قایمقامی هەرێمەكەوە لە لایەن عوسمانییەكانەوە، وەك خۆ ئامادە كردنێك بێت بۆ ڕۆیشتنیان. پلە و پایەیەكی گەورەوی هەیە، لە هەموو سەرۆك هۆزەكان بە بایەخترە. مێجەر نوئیلێ بە زووترین كات ڕوو دەكاتە سلێمانی لەگەڵ ئەم دوو پیاوە دیارەی باسكراو (لە ڕاستیدا نوئیلێ ڕۆیشت بۆ سلێمانی لە ڕۆژی ١٦ی تشرینی دووهەم). مێژوونوسی بەناوبانگ (ئەرنۆڵد تویبنی) چەند ڕایەكی خۆی دەربڕی دەربارەی هەر دوو مەسەلەی ئەرمەنی و كورد لە هەموو بوارێكدا. بیروڕاكانی (تویبنی) بڵاو بوبوەوە بە شێوەی لێدوان لەسەر ژمارەیەك لە بەڵگەنامەكان، بۆ نمونە لە یەكێكیانا ئاوا هاتووە:ـ

ئەگەر هەرێمی دیاربەكرمان جیا كردەوە و خستمانە سەر وڵاتی نێوان دوو ڕووبارەكەوە، ژمارەیەكی زۆری دانیشتوانی كورد خۆیان دەگەیەننە ئەو وڵاتەوە. ئەو كاتە هەڵسو كەوت ئاسان دەبێ لەگەڵ مەسەلەی كورد لە ئەرمینیادا. ئەگەر فەرەنسا ڕازی بوو بە ئینتداب كردنی (كلیكیا) ئەو كاتە كوردەكان دابەش دەبن بە سەر سێ وڵات:

١. وڵاتی نێوان دوو ڕووبارەكە.
٢. ئێران.
٣. كلیكیا.

ئابەم شێوەیە تویبنی دوانەكەی ئەنجامدا. باسی چەند لێدوانێكی دیكەی ئەومان كرد لە بەشەكانی پێشودا. هەروەها گوتمان لە بەشی چواردەهەمی ئەم باسەدا ئێمە چەند ڕایەكی دیكەی ئەو دەخەینە ڕوو. لە هەمان كۆمەڵەدا چەند بۆچوونێكی تویبنی هەبوو لە بەڵگەنامەی ژمارەكراو (٣٤٠٧)(١٧٠٣٧) لە ١٩ تشرینی یەكەم ١٩١٨[٥] بە پێنووسی تویبنی لەسەر بەڵگەنامەی ڕۆژی ١٩١٨/١٠/٢٢ ئەمەی خوارەوەی تێدا نوسراوە:ـ

پابەندییەكانی حكومەتی بەریتانیا بەرامبەر هەرێمە باسكراوەكان لە تەلەگرافی بەغدا ژمارەكراو (٨٧٤٤) بەم شێوەیەی خوارەوەیە:ـ

PDF 4 KURD

أ.   ئێمە بە پابەندی دەمێنینەوە بەرامبەر (پاشای هەرە پێشووی حیجاز) حوسێن پاشا، لە خستنە سەری ئەم هەرێمە باسکراوانەدا بۆ هەرێمی عەرەبی سەربەخۆ، نامەیەك لە بەڕێز ك. ماکماهون بۆ حوسێن لە ١٩١٥/١٠/٢٤.

ب.  لە ژێر ڕۆشنایی ڕێکەوتننامەی بەریتانیا و فەڕەنسا لە ١٩١٦/٥/١٦ ئەم هەرێمانە دابەش دەبن بەسەر دوو کەرتەوە، (أ،ب) (حکوومەتێکی عەرەبی سەربەخۆ بەریتانیا و فەڕەنسا تێدا لە بارودۆخێکی باشدا یارمەتی پێشکەش دەکەن). تویبنی دەڵێ: من لەو باوەڕەدام کە ئەم ڕێکەوتننامەیە ئەوەندە پێویست نەبوو بۆ وڵاتی نێوان دوو ڕووبارەکە. ئەمە شتێکی دوورە حوسێن پاشا بە توندی ئەو هەرێمە سنوورییە دەست لێنەدات کە گەلێکی تری تێدا دەژی. لەبەر ئەم هۆیە ئێمە ئازادین کاریێ ئەنجام بدەین کە بۆمان دەچێتەسەر لەوێدا بە ڕێکەوتن لەگەڵ ئارەزووەکانی دانیشتوانی ئەوێ. هەروەکو تەلەگرافەکە باس دەکات دواڕۆژی کوردستان تا ڕادەیەکی زۆر پشت دەبەستێت بە دواڕۆژی ویلایەتی موسڵ، لەوانەیە بتوانرێ وا دابنرێ کە وڵاتی نێوان دوو ڕووبارەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە و دابەش نەکرێت. (ڕێ خۆشکردنی ئیدارەی تایبەتی کە هەر یەك لە حوسێن پاشا و فەڕەنسا لە عێراقدا لە سەری پێك هاتوون. گەورەتر دەبێ تا دەگاتە هەرێمی جەزیرەی ئیبن عومەر لە لایەن بەریتانیاوە. ئەگەر پێویستی کرد و وڵاتی نێوان دوو ڕووبارەکە یەکگرتوو بێ لە ژێر حکومەتێکی عەرەبی داو بە یارمەتی ئیدارەی بەریتانیا، جا دۆخی سروشتی گونجا و لەگەڵ ئەمەدا حوکمی زاتی بۆ کوردستان دەبێ، ئەویش هەر بە یارمەتی دانی بەریتانیاوە دەچێتە سەر. بەهەمان شێوەی پەیوەندی نێوان هیند و هەرێمە سنوورییەکانی باکوری ڕۆژئاوادا. بەم زوانە ئەم پێشنیارە کرا لە لایەن شەریف پاشاوە (سەیری (١٠٤٠٩٥)(١٠٤٦٩٧) بکە) هەروەها پاشکۆی لکێنراو بە پڕۆپاگەندەی نێوان کوردەکان کە من نوسیومە (ئەمە قسەی تویبنی یە) لە کاتی خۆیدا بۆ بەڕێز (مارل سایکس). کوردستانێکی ئاوا نەك هەر وڵاتی باشوری (زاب) دەگرێتەوە بەڵکو هەرێمەکانی ڕەواندز، هەکاری و بۆتان و هەتا ئەو هێڵەی کە دەکێشرێت بۆ سنوری ئەرمینیا ئەوانیش دەگرێتەوە. ئەم هەرێمە کورد و ئاسوری مەسیحی تیایدا دەژین. ئەمانە لە کاتی جەنگدا زۆر ئازاریان دی. یەکەمین لە ساڵی ١٩١٥دا، ئێستاکەش لە کاتی هێرشەکانی تورکیا لە کوردستان و باکوری ڕۆژئاوای ئێران لە ئەمساڵدا ١٩١٨. ئەم هاوینە مەسیحییەکان لە لایەن کوردێکەوە کوژران ئەوەی ئەمێنێتەوە پەنا هەندەیە کە لەو دیو هێڵەکانی بەریتانیا. پێویستە دوبارە ئەوانە نیشتەجێ بکرێنەوە و گوندەکانیان ئاوەدان

PDF 4 KURD

بکەنەوە، هەروەها حکوومەتێکی بەهێز دابمەزرێت ماوەی کوردەکان نەدات لە دوا ڕۆژدا شەڕیان لەگەڵا بکەن. ئەمەش دەبێتە هۆی گیروگرفتێکی سەخت تر، کورد و مەسیحییەکان ژیان دەبەنە سەر لە هەر دوو لای سنوری تورکیا و ئێرانی پێشوو مەسیحیەکان بەشێکی گرنگ پێك دەهێنن لە دانیشتوانی هەرێمی (ورمیێ)ی ئێران دا. لە کاتی هێرشی تورك بۆ سەر ئازەربێجان ساڵی ١٩١٤ـ ١٩١٥ ئەوانە هەڵاتن بۆ قەفقاس. لە ورمیێ و لە هەکاریدا گەلێ پێویستەیەکێ لە دەوڵەتە بیانییەکان لێ پرسراویەتی ئاوەدان کردنەوە بگرێتە ئەستۆ. لە لایەکی ترەوە ناتوانرێ بیر بکرێتەوە لە جیاکردنەوەی ورمیێ بە شێوەیەکی سیاسی لە ئێران کە هەڵوێستی بێ لایەنی گرتبووە بەر، هەروەها لەم دواییەدا لە کاتی جەنگدا هەڵوێستی دۆستانە و بێ لایەن بوو. چارەسەرییەکی گونجاو ئەوەیە کە کوردستانی تورکیا بگوێزرێتەوە ژێر دەسەڵاتی ئێران. (پێویستە باسی ئەوە بکەین کە ئێران و بەریتانیا لەم کاتەدا پەیوەندییەکی دۆستانە پێکی دەبەستانەوە)، بەڵام بە مەرجێ هەرێمی ورمیێ لە لایەنی ئیدارییەوە بەم ببەسترێتەوە، ئەمانە هەمووی هەرێمی حوکمی زاتی ئۆتۆنۆمی پێك دەهێنن، هەروەها بە یارمەتی دانی بیانی لە بەڕێوەبردندا. تویبنی تاکو ئێستاش بەردەوامە لە دوان و دەڵێت: ئەمە دەبێتە هۆی:

أ. ئاسانکردنی دووبارە ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی ورمیێ.

ب. یەکگرتنەوەی مەسیحییەکان لە هەردوو لای سنوردا.

ج. دابین کردنی داواکارییەکانی ئێران لەسەر سنوری تورکیا و ئێران (لەم پارچە خاکەدا وا دەردەکەوێ لێژنەی سنور بڕیارەکەی زیاتر لە بەرژەوەندی تورکیا بوو.)

د. پاراستنی شوێنەکانمان لە میزۆپۆتامیا

لەوانەیە ئەم مەسەلەیە هێشتا کاتی باسکردنی نەهاتبێ. چونکە یەکەم جار پێویستە لە هەڵویستی حکومەتی ئێران بگەین هەروەها دانیشتوانی ناوەخۆ لە کورد و ئاسوری بە شێوەیەکی زۆر ورد و چاك (وا دەردەکەوێ بەڕێز ـ تۆینبی ـ دوانەکەی لەگەڵ بەڕێز. مارك سایکس و بەڕێز کیرستۆن دایە کە لە گەورە لێپرسراوانن. مستر کیرستۆن لێداوانێکی هەبوو لە قسەکردنیا لەگەڵ مارك سایکسدا، ئەویش هەر لەسەر بیروڕاکانی تویبنی بوو بەم شێوەیەی خوارەوە:ـ ئەوەی سوودی هەبێ ئەوەیە کە چەند پرۆژەیەکمان هەبێ، بەم جۆرە سیفەتانە بۆ ئەوەی جێگەی شتێك بگرێ، هەر چەندە من گومان دەکەم لەوەی کە هەوڵێکی ڕاستەوخۆ بدرێت یان پێویست بێ بدرێت پێش گفتوگۆ کردن لەسەر تەواوی مەسەلەکە لە لایەن هەموو

PDF 4 KURD

هاوپەیمانەکانەوە کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش لەگەڵدایە. لە نیەتە چاکەکانی ئەم پێشنیارە، من بە زۆری گومان دەکەم لەوەی ئەگەر ئەو مەبەستە پاکەی کە هاوپەیمانەکان دەیخەنە بەر دەستیان دەتوانرێ جێبەجێ بکرێ لە ڕێگەی دانی هەر هەرێمێك بە ئێران بێ ئەوەی سەیری جۆری دیاریکردن و بەستنەوەکان بکرێ کە بە هۆی ئەوانەوە پەیدا دەبێ. بەم بیانوەی هەرێمەکە گرنگییەکی گەورەی هەیە شتێکی سەختە لەگەڵ پێشنیارەکە بگونجێت، باشترین شێوە بۆ بەڕێوەبردنی ئەوەیە لە ڕێگەی تارانەوە بێت. یەکی قسەیەکی کرد ئەویش کەی.ئۆ بوو کە ڕازی بوو لەسەر بیروڕایەکانی کیرستۆن. کەسێکی تریش هاتەدوان ناوی (بی.س) بوو، ئەویش لەگەڵ بیروڕاکانی مستەر ـ تویبنی ـ یەك دەگرنەوە. دووبارە تویبنی باسی هەندێ بۆچوونەکانی بەڕێز مارك سایکس دەکا لە لێدوانێکی ڕۆژی ١٩١٨/١٠/٢٥ و دەڵێت: بەڕێز مارك سایکس گفتوگۆی لەگەڵ کردم لەسەر ئەمەوە، ئەو لەسەر نەخشە چەند هێڵێکی کێشا دەربارەی چەند پارچە زەوییەکی بەرفراوانتر، ڕەخنە بنەڕەتییەکانی ئەو بەم جۆرەی خوارەوەیە:ـ

١. لەسەر بنکەیەکی ڕامیاری گشتی: ئەو هەرێمەکانی ئێران و ڕووسیای پێشوو لادەبات لە چوارچێوەی گفتوگۆی ئێستادا. ئەو لەو باوەڕەدا بوو لەمە ڕاستی بۆچووە، واتە پێویستە لە سەرمان لێرەدا لە یەکتری کەم نەکەینەوە. مەسەلەی ورمێ و کوردستانی ئێران دەتوانین باسی بکەینەوە کاتیٚ حکومەتی ئێران داوای دووبارە سنور گۆڕینی تورکیا و ئێرانی پێشوو دەکات. ئەمەش دەکەین تا ڕادەیەك بە شێوەیەکی تەواو (سەیری بەشی هەشتەم بکە). مەسەلەی جۆرجیا و ئەرمینیای ڕووسیا و ئازەربێجان دێنە پێشەوە، ئەو کاتەی کە بتوانین تورکەکان لە قەفقاس دەربکەین.

٢. مەسیحییەکان: ئەو دەیەوێ سایکس مەسیحییەکانی تورکیا (وڵاتی هەکاری و دەوروبەری جولەمێرگی) بکاتە لوبنانێکی بچکۆلانە وە لە ژێر فەرمانداری میرمار شەمعون، لەگەڵ یارمەتی دانێکی بەڕێوەبردن لە لایەن حکومەتێکی بیانی. ئەو واز دەهێنێ لە یەکگرتنی مەسیحییەکانی ورمێ و هەکاری، ئەمەش لە درێژەپێدان دایە، ئەو دەڵێ تەنها مەسەلەی دووبارە ئاوەدان کردنەوەی هەرێمی ورمێ دەمێنێتەوە ئەوەش مەسەلەیەکی گەورەیە.

٣. سنوری کوردستان: پاش ئەوەی ـ سایکس ـ کوردستانی ئێران پشتگوێ دەخات، هەروەها هەکاریش ئەداتە لاوە، ئەو سنوری کوردستان درێژ دەکاتەوە بۆ زێی دیجلە (مووسڵی

لەگەڵ نییە) تا چیای حەمرین لە هەردوولادا. ئەمە شکاندن و لادانێکی ئاشکرایە لەسەر سنووری هەرێمی سەربەخۆی عەرەبی کە حوسێن پاشا لەسەریا پەیمانی پێدراوە. بەڕێز مارك سایکس لەو باوەڕەدایە لە ژێر ڕۆشنایی ڕوون کردنەوەکانی حوسێن پاشا بۆ مووسڵ لە کاتی گفتوگۆکانی لەگەڵ ئەودا. ئێمە گرنگی نادەین بەو کارانەی پێ هەڵدەسین (یانی لێپرسراوەکانی بەریتانیا) لەم هەرێمەدا، ئەم چارەسەرییەی کە دەتوانرێ پێ بگەین ئەوەیە کە سنوری کوردستان درێژ ببێتەوە تا دەکەوێتە دوای ئەو سنورەی کە بەڕێز مارك سایکس دیاری کردووە. هەروەها وەکو ئەندامێك بچێتە ناو کۆمەڵەی کۆنفیدراڵی عەرەبی پێشنیارکراو.

٤. ئەرمینیا: بەڕێز مارك سایکس پێشنیار دەکات بۆ دامەزراندنی (أ) کەرتی ئەرمەنی لە کلیکیا. هەروەها (ب) کەرتی کورد و ئەرمەنی لە هەرێمی عوسمانی بۆ باکوری ڕۆژهەڵاتی یەکەمدا. لە باشوردا سنورەکەی هەرێمێکی عەرەبییە و هەکارییە (مەسیحییەکوردەکان). لە باکور و ڕۆژهەڵاتدا هەمان سنوری پێش جەنگە. ئەوەی دەمێنێتەوە (ج) ئەرمنینیای ڕوسیا کە ئەو لای باشترە (یانی بەڕێز سایکس) ئێستاکە وازی لێ بهێنرێت. ئەو وای لێك دایەوە ڕاستی بۆ چووە. من وا بیر دەکەمەوە (قسەی توبینی)یە بۆ ئەم نەخشەکێشانە لە لایەن ئەرمەنەکانەوە ناڕازییەکی توندی دەبێ. کە دەکەونە سەر ئەو باوەڕەیی ئەوان بەرەنگاری مەترسی دابەش کردنێکی بەردەوام دەبن لە نێوان سێ ئیدارەی هەمە جۆرەوە. لە سەرووی هەموو شتێکەوە، نارازین بەو دابەش کردنەی نێوان هەر دوو کەرتی (أ) و (ب). ئەوەندەی من لە بەڕێز (مارك سایکس) گەیشتبم ئەو دەیەوێت دەوڵەتێکی ئەرمەنی نەتەوەیی دابمەزرێنێت لە کەرتی (أ) لەگەڵ کەمترین یارمەتیدانی بیانی. لە کەرتی (ب)دا دەوڵەتێك بێ بارێکی یەکسانی تیابێ بۆ هەموو نەتەوەکان. لەگەڵ هەبوونی ئیدارەیەکی بیانی. (ئەوەی لا باشترە کە هەمان دەوڵەت بێ کە یارمەتی کەرتی (أ) دەدات). منیش ئەوە پێشنیار دەکەم کە وا باشتر هەر هەر دوو کەرتەکان ڕێك بخرێن و هەمان یاسای ئیدارەیان تێدا دابمەزرێت کە بەڕێز سایکس پێشنیاری دەکات بۆ کەرتی (ب).



PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

## پەراوێزەکانی بەشی هەژدەهەم

1- (Pro) (Fo) (371) (3398) (174858) (25434) (October, 17,1918) (784).
2- Ibid (3385) (191249) (Nov,20,1918).
3- (3407) (17437), (XC/A/3785) (8744).
4- (3407) (182011) (69427) (9351) (XC/A/3785).
5- (3407) (174037) (69427) (XC/A/3785) Oct,18,1918.

PDF 4 KURD

# بەشی نۆزدەهەم

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

لەڕاستیدا ئەوەی داوای دەکەن (واتە ئەرمەن) بەڕێوەبردنێکی بیانی کاریگەرە و سەربەخۆ و یەکگرتووە، ئەوەندەی بکرێ فراوانترین هەرێم بگرێتە خۆ. ئەم ئیدارەیەش بنەماکانی ئۆتۆنۆمی لە دووا ڕۆژ ڕێك بخات و دایان بنێت. لەسەر بیروباوەڕی هاو مافێتی بۆ هەموو نەتەوەکانی هەرێمەکەوە. پڕۆژەی بەڕێز مارك سایکس لە دواڕۆژدا مافی ئۆتۆنۆمی ڕاستەوخۆ بۆ ئەرمەن دابین دەکات لە کەرتی (أ)، بەلام ئەمە لەوانەیە دژایەتی بنوێنێت لەگەڵ ئاواتەکانی کورد و تورکی ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە نێوان دانیشتوانی ئەوێدا. بەڕێز سایکس دەست نیشانی ئەوە دەکات کە زۆربەی ئەو کوردانە قزلباشن لەوانەیە ببنە مەسیحی و لەگەڵ ئەرمەنەکاندا تێکەلاو ببن. بەم جۆرە دامەزراندنی ڕژێمی حوکمی (ب) لە کەرتی تێکەلاو (أ+ب) لە بەرژەوەندی هەموو دانیشتوانی ئەوی دەبێ ئەرمەنەکان خۆیانیش دواڕۆژی کەرتی (ج) ئەرمینیای شورەوییە، کاتێ دەخرێتە بەر لێکۆڵینەوە گیروگرفت ئالۆزتر دەبێ. خالێ سەرەکی ئەوەیە کە بەڕاستی بۆتە ولاتێکی سەربەخۆ ئەویش کۆماری (یەریڤان)ی ئەرمەنییە. لەوانەیە بۆ میری بەریتانیا باشتر بێ دان نەنێت بەم دەولەتە چونکە هۆی پەیدا بوونی دەگەڕێتەوە بۆ ئەلمان و تورکەکان.

أ.جی. ت

١٩١٨/١٠/٢٥

لە لایەکی دیکەوە، چەند سەرۆك و بنکەیەکی هاولاتییە کوردەکان هەبوو لایەنگری جولانەوە نوێکەی کەمالییەکانیان دەکرد لە ئەنەدۆلدا یان ئەوان کەوتبوونە ژێر کارتێ کردنەکانی ئەوەوە، ئەمەش لە بەشەکانی ڕابردووی ئەم باسەدا بەدیار کەوت لە بەلگەنامەی ژمارەکراو (٣٧١)(٤١٩٣)(١٦٣٦٧١) نێردراوی پایەدار لە ئەستەمبوڵ ٤ی کانونی یەکەم ساڵی ١٩١٩[1]دا. تەلەگرافێکی هاوچەشنی تر نوسرا بووە، وە لە لایەن ئەدمیراڵ دی ڕۆبیك بۆ وەزیری دەرەوە کیرزن بە ژمارەی ٢٢٦٩ ئەمەی خوارەوەی تێدا هاتبوو: من بەڕێزتانم ئاگادار کردبۆوە، بە چەندان بۆنەوە، هەر لە کاتێ ئاشکراکردن و ڕاگەیاندنی شەڕ وەستاندنەوە، بۆ ئەو ڕەوشتەی کە لە سەریدا ئەڕۆیشتن بانگکەر و هاندەرانی ئەم ولاتە، بەهۆی ناردنی ژمارەیەکی زۆری تەلەگراف بۆ نێردراوە پایەدارەکانی ئێرە ( ئەستەمبوڵ) هەروەها بۆ لێپرسراوانی ترەوە.

PDF 4 KURD

٢. عەرز و حالێکی نارەزایی دەربڕین، لەم جۆرەوە بەم زوانە ڕێکخرا بۆ پاڵپشت کردنی ئەو هەڵوێستەی کە دەڵێ گەلی کورد ئارەزووی جیابونەوەی نییە لە تورکیا. ئەوانەی ئەم تەلەگرافەنەیان مۆر کردووە نارەزایی دەردەبڕن بەرامبەر بە هەبوونی ئەم جۆرە مەبەست و ئارەزوە. تەلەگرافەکان ئەوە ئاشکرا دەکەن کە گەلی کورد بە توندی بەستراوەتەوە بە میری عوسمانییەوە و خەلافەتەوە. کە لە ژێر باڵی ڕەشیا ژیاون بە درێژایی چەندان سەدە ئەوانە هاوکاری خۆیان دەدەبڕن لەگەڵ جولانەوەی نەتەوەییدا و ئامادەیی خۆیان پیشان دەدەن بۆ قوربانی دان لە پێناوی وڵاتی هاوبەشیان.

٣. من ئێستا لیستی هەشت شوێنتان بۆ دەنێرم، بۆم ناردون و وەکو ئەو تەلەگرافانەی کە پێم گەیشتوون، لەگەڵ چەند تێبینییەك دەربارەی ناوی نوێنەرەکان و ئەو هۆزانەی کە بە ناویانەوە دەدوێن. نێردراوی پایەدار زیاتر دەڵێ:ـ ئەوەی شایانی تێبینییە، لە نێوان ئەوانەی برووسکەیان ناردووە، سەرۆکی هۆزی (مولکی)یە مەحمود بەگ لە (وێران شەهر) کە من وای تێدەگەم ئارەزوی دۆستانەی خۆی دەربڕیوە بەرامبەر بەریتانیا لە چەند شوێن و بۆنەدا. ئەو بروسکانەی نێوان ١٠ هەتا ٢٧ی کانونی یەکەمی ١٩١٩ هەموویانم ناردوە. ئەمەی خوارەوەش ناوی شوێن و سەرۆك و هۆزەکانە:ـ لە بەرواریەوە سەرۆکەکان:

- کورجین، سەرۆکی هۆزی ئەریان.
- حەکیم، سەرۆکی ماکشاکیر.
- مستەفا، سەرۆکی کیاریان.
- محەمەد رەزا، سەرۆکی دوربران.

لە جەزیرەوە سەرۆکەکان:

- سەید مەحمود، موفتیە، بەناوی شاری سلێمانی.

سەرۆك هۆزەکانی کویان، عەمادییە، بیروکیان و کیوکیان، چەندی تر لە پیاوە ماقوڵان لە (جارسنجاق)ەوە، سەرۆکەکان:

- ئیبراهیم، سەرۆکی شارەوانی.
- عەبدوڵڵا، موفتی.
- مستەفا، پیاوێکی ماقووڵە.

لە دێرەوە سەرۆکەکان:

- سەرۆکەکانی هۆزی مزدیکی، ئەتروش، بادسیری، ئەوراما، کیفارا، دوسکی.

PDF 4 KURD

ـ موسا، سەرۆکی شارەوانی هەکاری.

ـ ئەحمەد پاشازادە فەهیم، سەرکردەیەکە لە هەکاری.

لە نەسیبنینەوە سەرۆکەکان:ـ

ـ سەرۆك هۆزەکانی: بوتلان، کیجیجان، ناریکی، هافیرکان، ئەزینیج، ساهکیان، ئـەلنان، مینارعەلی.

ـ شێخ موسا، بەناوی کۆمیتەی بـەرگری لـە مـافی (ویلایەتـەکانی ڕۆژهـەڵاتی تورکیـا) هەروەها هەندی لە پیاو ماقوڵان.

لە میدیاتەوە سەرۆکەکان:ـ

ـ سەرۆکەکانی دیرهاف، کیفوزی، دوومان سالحان، عەلیکیان، هافیرکی، فریزی، ئەرتاس، هارتك، شیمبویان، ئەفروی، دیرمکیار، حیسار، محالی، حەسەنکین، دیکیشفری، کوردجـوس، کریفزن، هیز یوی.

## بۆچوون و بیروڕای تورکیا:

کەمال ئەتاتورك یەکەم سەرۆکی کۆماری تورکیا بوو، لە یاداشتەکەی ساڵی ١٩٢٧ دا کە لە کتێبێك بە زمانی ئینگلیزی[٢] لە شاری لایبزیغ لە ئەڵمانیادا لە ساڵی ١٩٢٩. چـاپکراوە باسی گەلێ مەسەلەی کردبوو کە پەیوەندیدارن بـە بزوتنەوەکـەی خـۆی لـە مـانگی مایسـی ١٩١٩، ئەو خۆی دەڵی: بەڕێزەکان،

من لە بەندەری سامسون دابەزیم کە دەکەوێتە سەر دەریای ڕەشـەوە، لـە مایسـی سـاڵی ١٩١٩. بارودۆخ بەم شێوەیەی خوارەوە بوو، سوپای عوسمانی لـە هـەموو بـەرەکانی جەنگـدا تێك شکێنرا. بە چەند مەرجێکی ڕەق و دڵتەزێنەوە پەیمانی ئاشتی مۆرکرد. سوڵتانی لێخـراو (وحیدالدین) هەوڵی ئەدا ڕێگایەك بدۆزێتەوە بۆ ڕزگارکردنی خۆی و تاج و کورسییەکەی و ئەو وەزارەتە پەککەوتووەی کەوا فەرید پاشا سەرۆکی بوو. وڵات کەوتبووە ژێر چەپۆکی داگیرکەری فەڕەنسا و ئینگلیزی و یۆنانی و ئیتاڵی. لایەنە ناموسڵمانەکان بە چالاکییەوە کاریـان دەکـرد بە هەموو شێوەیەك بـۆ ئـەوە بگەنـە بەرژەوەندییـە تایبەتییـەکانیان، هـەوڵیان دەدا زووتـر ئیمپرابۆرییەت هەرەس بێنێ. یانەیەکی یۆنانییەکان بە ناوی ماوریمیرا کۆمەڵـەی چـەتەگەری پێك دەهێنا. ئەم بەڵگەنامانەی کە لەم دواییەدا کەوتە دەسـتمانەوە ئـەوەیان پێـك دەهێنـا. ئەوەیان نیشان دەدا کەوا بەتریقی ئەرمەن ساوین ئەفەندی هاوکاری دەکرد لەگەڵ ماوریمیرا دا،

بەڵام لە ڕۆژهەڵاتەوە (لە ئاسیای بچووك) یەكێتییەك پێكهێنرا بۆ بەرگری كردن لە مافەكانی نیشتمانی كەرتەكانی ڕۆژهەڵات لە ئەرزەڕۆم و عەزیز، بنكەكەشی لە ئەستەمبوڵە. ئامانجی یەكێتی بەرگریكردن بوو لە مافەكانی موسوڵمانانی ئەم كەرتانەدا. لقی ئەرزڕۆم بە هەموو توانایەكییەوە كاری دەكرد بۆ جیهانی ڕوون بكاتەوە، دانیشتوان پاش كۆچ كردنی ئەرمەن هیچ كارێكی ناڕێكیان ئەنجام نەداوە و ماڵ و سامانی ئەرمەنییەكانیان پاراستووە تاكو هاتنی داگیركەری ڕووسیا بۆ ئەم ناوچانە. كۆمیتەی بەرگریكردن لە ئەرزەڕۆم پاش لێكۆڵینەوەی لە مەسەلەی تورك و مەسەلەی كورد و ئەرمەنی لە لایەنەكانی زانستی و مێژووییەوە بڕیاری دا لە دواڕۆژدا هەوڵی خۆی بخاتە كار لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە:ـ

١. قەدەغە كردنی كۆچ كردن لە هەر بارودۆخێكدا بێت.

٢. یەكسەر دامەزراندنی ڕێكخراوەی زانستی و ئابووری و ئایینی.

٣. یەكگرتن لە پێناوی بەرگریكردن لە بچووكترین بەشی هەرێمەكانی ڕۆژهەڵات كە لەوانەیە تووشی دابڕین ببێ. بنكەی لێژنەكانی بەرگری كردنی ئومێدێكی زۆری هەبوو بەو سەركەوتنەی كە بەدیهێنرا لە ڕێگەی خرۆشاندنی هەستی ئایینی. وا دەردەكەوێ ترسی لكاندنی ویلایەتەكانی ڕۆژهەڵات بە ئەرمینیاوە پاڵ پێوەنەرێك بوو بۆ پێك هێنانی ئەم لێژنەی بەرگری كردنانە. بەهۆی یۆنانییەكانەوە مەترسی تریش پەیدا ببوو. وای لێهات چەند ڕێكخراوەیەكی تر هاتنە مەیدان و گۆڕەپانەوە. لە هەرێمەكانی دیاربەكر و بەتلیس و عەزیز (كە هەموویان كوردن) هەروەها شوێنی تر كۆمەڵەی ژیانەوەی كوردەكان بەدەركەوت بارەگای سەركردایەتییەكەی لە ئەستەمبوڵ بوو. ئامانجی ئەم كۆمەڵەیە دامەزراندنی دەوڵەتێكی كوردی بوو لە ژێر چاودێری بیانیدا[٣] لە (قونیە)دا كۆمەڵەی ژیانەوەی ئیسلامی هەبوو. لە هەموو كۆمەڵەكان گرنگتر (كۆمەڵەی هاوڕێیانی ئینگلیز) بوو. سەرۆك ئەتاتورك زیاتر دەڵێ:ـ من سەرم سوڕماوە لەوانە، چۆن باوەڕدەكەن كە وا حكوومەتی ئینگلیز بیرێك دەكاتەوە لە پاراستن و مانەوەی تەواوی دەوڵەتی عوسمانی؟ ئەم كۆمەڵەیە ڕەوشتێكی دژ بە یەكی هەبوو، بە ئاشكرایی هەوڵی بەدەست هێنانی چاودێری بەریتانیایان دەدا، لە لایەكی تریشەوە هەوڵی دەدا كە وڵاتانی بیانی دەست بخەنە كاروباری ناوەوە. ئێستا چەند بەڵگەنامەیەكتان پیشان دەدەم كە جێگەی سەرسوڕمانتان دەبێ. هەندێ كەسانی ناسراو هەن كە ئافرەتیشیان لە نێوان دایە، لەو باوەڕەدان كە وا ڕزگاربوون لەمەدایە توركیا ببێتە چاودێركراوێكی ئەمریكایی.

سەرۆکی تورکی پتر دەڵێ: لە بارودۆخی ئاوادا تەنها یەك بڕیار هەیە کە بتوانرێ بیدەین، ئەویش دامەزراندنی دەوڵەتێکی تورکی نوێیە. چونکە هەوڵدان بۆ مانەوەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی ڕووخاو مانای مۆرکردنە لەسەر سزادانی گەلی تورکی بە شێوەیەکی ستەمکارانە. سەرۆك (مستەفا کەمال) دەڵێ: ئەو نامەیەی کە ناردوومە لە ١٨ی حوزەیرانی ١٩١٩ بۆ جەعفەر تار بەگ، سەرکردەی هێزی سوپای یەکەم لە (ئەدرنە)دا ئەو قسەیەی منی تێدایە: تۆ دەزانی وڵاتە گەورە هاوپەیمانەکان چی دەکەن بۆ نەهێشتنی سەربەخۆیی نیشتمانیمان، هەروەها بەچۆك داهاتنی حکومەتەکەمان و گوێ پێنەدانەکەی. بڕیارم دا (ئەنەدۆڵ) بەجێ نەهێڵم. سەرۆك زیاتر دەڵێ:ـ بۆ بەرز کردنەوەی وورە لە (تەراقییە)دا لە تەلەگرافەکەدا ئەمەی خوارەوەشم خستە سەرـ ئەو پرۆپاگەندەیەی کە بۆ مەبەستی دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ بڵاو دەکرایەوە، بە سەرکەوتویی بەرەنگاری کرایەوە و لایەنگرانی ئەم جولانەوەیە پەرتەیان لێکرد.(٤) کوردەکانیش خۆیان خستە ناو تورکەکانەوە، بەڵام ئەوەی جێی گومان نییە کوردەکان وەکو گەلێك دژایەتی تورکەکانیان نەدەکرد، بەڵام ئەوەی کە هەبوو ئەوەبوو کە گەلی کوردیش دەیەویست ڕزگاری ببێت لە ژێر چەپۆکی دەوڵەتی عوسمانی وەکوو هەموو ئەو گەلانەی کە لە چوارچێوەی ئەم دەوڵەتەدا دەژیان لە (بولقان) بایە یان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بەم شێوەیە دەبینین سەرۆکی تورکەکان باسی مەسەلەی کوردی کرد هەر لە یەکەم ڕۆژانی گەیشتن بە (ئەنەدۆڵ). هەڵویستی خۆشی دەربڕی دەربارەی ئەم مەسەلەیە هەر لە یەکەم برووسکەیدا. هێشتا مەسەلەی کورد کۆتایی پێ نەهاتبوو، بەڵام ئەو مەبەستی لەمە ئەوە بوو، هەروەکو خۆی دەڵێ:ـ بەرزکردنەوەی وورەی هەندێ کەس بوو. سەرۆك ئەتاتۆرك لە یاداشتەکاندا پتر دەڵێ:ـ پێمان ڕاگەیەنرا کە وا (صدر الاعظم) مکوڕە لەسەر ڕازی بوونی بە حوکمی زاتی بۆ ئەرمەن، بەڵام سنوری ئەم ئەرمینیایەی دیار نەکردبوو، دانیشتوانی هەرێمەکانی ڕۆژهەڵات کە ئەم هەواڵە زۆر کاری تێکردبوون داوای ڕوون کردنەوەیان دەربارەی دەکرد. ئەو لە ٣ی تەموز گەیشتە ئەرزەڕۆم لەوێ یەکەمین کۆنگرەی کەمالییەکان بەسترا لە ٢٣ی تەموزی ١٩١٩. کۆنگرەکە لێژنەیەکی نوێنەرایەتی ناوەندی هەڵبژارد کە ئەم کەسانەی خوارەوەن:ـ

مستەفا کەمال پاشا.

ڕەوف ئەفەندی، وەزیری دەریای پێشوو.

ڕائف ئەفەندی، لە ئەرزەڕۆم.

PDF 4 KURD

عیزەت بەگ، لە ترابزۆن.

سروەت بەگ.

شێخە فوزی ئەفەندی، شێخی تەریقەی نەقشبەندییە لە ئازەربێجان (لە کوردەکانە).

بەکر سامی بەگ، والی بەیرووتی پێشوو.

سەعدوڵڵا بەگ، نێردراوی پێشووی بەتلیس ( لە کوردەکانە).

حاجی موسا بەگ، سەرۆکی هۆزی موتکی (لە کوردەکانە).

دیسان سەرۆك دەڵێ:ـ بەڵام ئەو کەسانە هیچ کاتێ پێکەوە کاریان نەدەکرد. پاشان کەمالییەکان خۆیان ئامادە کرد بۆ بەستنی کۆنگرەی (سیواس).

سەرۆکی تورکی پتر دەڵێ:ـ لە کاتی خۆ ئامادەکردن بۆ کۆنگرەی ـ سیواس ـ ڕەشید پاشا والیی ـ سیواس ـ پەیوەندی پێوە کردم لە ٢٠ی ئاب دا، ئاگاداری کردمەوە لە هەڵوێستی فەڕەنساییەکان دەربارەی بەستنی کۆنگرە لە (سیواس) و گەیشتنی وەفدێك لە ئەفسەرانی فەڕەنسایی و جەزویت بۆ ئەوێ، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری هەواڵەکانی ئەم کۆنگرەیە بن، بە تایبەتی ئەوەی پێ ڕاگەیاند کەوا مێجەر (برونو) پێی گوتووە (واتە ڕەشید پاشا) کە وا خۆی نامەیەك دەنوسێت بۆ جەنەڕاڵی فەڕەنسی (دی ستری) بۆ ئەوەی فەرمانی دەستگیرکردنی ـ مستەفا کەمال ـ هەڵبوەشێنێتەوە. هاوڕێیەتی دڵسۆزانەی ناچاری دەکات کە بێ پێچ و پەنا بدوێت. بەم شێوەیە وا دەردەکەوێ فەڕەنسییەکان لە سەرەتاوە زۆر حەزیان لە جولانەوە نوێکە دەکرد. سەرۆك کەمال لە لایەن خۆیەوە پەیمانی دا کەوا کۆنگرەی ـ سیواس ـ (هێرش ناباتە سەر وڵاتە گەورە هاوپەیمانەکان).

سەرۆکی تورکی و لایەنگرانی لەم ڕاستییە گەیشتبوون کە وا گرانایی چالاکیەکانیان دەکەوێتە سەر شانی گەلی کوردەوە ئەویش بە هۆی هەبوونی چەند کەسانێکی کورد لە ڕیزەکانی ئەم جوولانەوەیە و پشتگیری کردنیان بۆ جوولانەوەکە لە هەرێمەکانی کوردنشینەوە. لەبەر ئەوە سەرۆکە تورکەکان گرنگییان دەدا بۆ بەدەست هێنانی پاڵپشتی و لایەنگری زیاتر لە سەرۆك و پیاوانی هۆزە کوردەکانەوە. پەیمانی زۆریان دا بۆ بەدی هێنانی هیوا و ئاواتە نیشتمانییەکانی کورد لە کاتی سەرکەوتنی جوولانەوەکەیان. سەرۆك ئەتاتۆرك دەڵێت:ـ (بۆ ئەوەی بابەتەکە بە تەواوی ئاشکرا بێت لە هەرێمەکانی دیاربەکر و بەتلیس خۆم چەند نامەیەکم نووسی بۆ ژمارەیەك لە سەرۆك هۆزەکانی کورد کە پێشتر چاوم پێیان کەوتبوو دەمناسین ئەو کاتەی کە فەرماندەی سوپا بووم لەوێدا. هەروەها ڕاستەوخۆ پەیوەندیم کرد بە

PDF 4 KURD

چەند سەرۆکێکی کورد لە هەرێمەکانی (وان) و (بایەزید).[٥] لەرێی گەیشتنی هەندێ لەو سەرۆکانەی بەشداری کۆنگرەی (ئەرزەڕۆم)یان کردبوو تەنگ و چەڵەمەی هەبوو. ئەمەش ڕوون و ئاشکرابوو. سەرۆك دەڵێ:ـ بەشێوەیەکی تایبەتی (هاتنەخوارەوەی سەرۆکی هۆزی (حاجی موسا بەگ) لە چیاکانەوە نەدەگونجا). ئەو زیاتر دەڵێ:ـ شتێکمان دەربارەی سەعدوڵڵا بەگ دەست نەکەوت کە نێردراوی (سەعادەت) بوو. باوەڕ وا بوو ئەو وەفدەی لە ئەرزڕۆمەوە دەچێت بۆ سیواس لە ڕێگایان دا چاویان بە شێخ فەوزی ئەفەندی دەکەوێت، وەفدەکەش لە ٢٩ی ئاب بەڕێ کەوت. کاتێ وەفدەکە گەیشتە ڕێچکەی ئەرزنجان. هەندێ جەندرمە و ئەفسەران ئۆتۆمۆبێلەکانیان ڕاگرتن و پێیان گوتن:ـ (کوردەکان لە دەرسیمەوە ڕێچکەکەیان گرتوە و ڕۆیشتنتان جێی مەترسییە). پاشان سەرۆك دەڵێ:ـ لەبەر ئەم هۆیەبوو لە پێشدا ئۆتۆمۆبێلێکمان نارد بە ڕەشاشەوە لەگەڵ چەند دڵسۆزێك، لەمانە:ـ عوسمان بەگ (ئەویش کوردە بە گوێرەی چەند سەرچاوەیەك) کە ناسراوە بە (توفان بەگ)، سەرۆك دەڵێ:ـ ئێستاساڵی (١٩٢٠) ئەو فەرماندەی لیوایە و داوا لەم چەند کەسانە کرا بەرەو پێش بچن چونکە لەو باوەڕەدا نەبوو کوردەکان بتوانن زیاتر لە چەند گوللەیەك بهاوێژن. بەم شێوەیە لە دواجاردا وەفدەکە بەرەو پێشەوە ڕۆیشت و لە (٢)ی ئەیلول گەیشتە سیواس. کۆنگرەکەش لە چوارەمینی کرایەوە. بەندی سێهەم لە بڕیارەکانی کۆنگرە بریتی بوو لە بەرەنگاری کردنی دەست خستنە ناوەوەی دەرەوە و داگیرکەری یۆنانی و جیابوونەوەی ئەرمینیا.

سەرۆك دەڵی:ـ ئینگلیزیش هەوڵی دەدا وەکو ئەمریکا ئینتدابێك بەدەست بهێنێ جیاوازی چییە لە نێوانیان؟ بۆ چی ئەمریکا بیری ئینتداب لەسەر ئەرمینیای پەسند نەکرد؟ تا چ ڕادەیەك ئارەزووی ڕازی بوونیان هەبوو بەم جۆرە ئینتدابە. ئەمریکا بە شێوەیەکی یاسایی ڕازی نەبوو بە دامەزراندنی ئەرمینیا لەسەر خاکی تورکیا، بەڵام بەریتانیا بە هەر نرخێك بوایە وازی لە مەسەلەی ئەرمەنی نەدەهێنا. هەروەها لەم یاداشتانەدا بروسکەیەك تۆمارکراوە لە فەرماندەی سوپای (١٢) کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:ـ

خاوەن قەرا حەسار (١٣) ی ئابی ١٩١٩.

بۆ ئەفسەرانی فەرماندەی سوپای ١٥.

بۆ مستەفا کەمال پاشا...

هەموو ڕێکخراوە ڕامیارییەکان لە ئەستەمبوڵ لەسەر ئەوە ڕێك کەوتوون ئەم بڕیارانەی خوارەوە بنێرن بۆ باڵوێزخانەی ئەمریکا:ـ

PDF 4 KURD

١. ڕێکخراوە و کۆمیتـەکان لـەو بـاوەڕەدان کـە تورکـەکانی هەرێمـەکانی ڕۆژهـەڵات کەسانی ناسراو لەناو حکومەت دا ئارەزویان هەیە ڕازی بن لەسەر وازهێنانی لـە بەشـێك لـە خاکی ڕۆژهەڵاتی تورکیا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئەرمـەنی لـە ئەنجامـدا. بەمـەرجێ دان بنێن بە بەرژەوەندییەکانیان و پاریزگارییان لێ بکەن. هەر چۆنیەکی بێ ئەوانە لەو بـاوەڕەدان ئەو تورکانەی مەسەلەکە دەیانگرێتەوە حەز ناکەن ئەم پێشنیارە ئاشکرا بکرێت، لەبەر ئەوەی ئەوان لەگەڵ کوردەکانا ئامانجیان کردووە بە یەك و کوردەکانیش ڕازی نابن بـە هـیچ بیرێکـی دابرینی بەشێك لە خاك بۆ ئەرمەن. (لە بەشەکانی پێشووی ئەم باسەدا ناڕاستی ئەمەمان بـۆ بەدەرکەوت). هەتا ئەگەر بە ئەمەش ڕازی بوون ئەوا تورکەکان کە زۆربەی پێك دەهێـنن لـەم هەرێمانەدا، لەگەڵ کوردەکان ڕێك ناکەون لەسەر ئەم خاڵەدا، ئەویش بە مەرجی ئەو خاڵانـەی خوارەوە:ـ

١. پاراستنی هەرێمی زۆرینەی کورد و تـورك نشـین و ئـەو کەمایەتییانـەی کـە لەگـەڵیانا دەژین.
٢. دابین کردنی سەربەخۆییەکی تەواو.
٣. نەهێشتنی یاسای ئیمتیازات.
٤. دووبارە نیشتەجێ کردنەوەی کورد و تورکە ئاوارەکان (ئەوانەی کە کۆچـیان کردبـوو لـە کاتی شەڕ) لە هەرێمەکانی پێشوو یان لەگەڵ هەبوونی یارمەتی دانی ئەمریکا.
٥. گۆڕینەوە و گواستنەوەی ئاسایش.

سەلاحەدین فەرماندەی تیپی (١٢).

وەڵام/ مستەفا کەمال پاشا:

ئەو لە وەڵامدانەوەی بروسکەی سەلاحەدین ئیشارەتی بۆ ئەمە کردبوو کـەوا ئـەم بڕیـارە مایەی داخێکی زۆرە چونکە ئەو زەویانە گە گوایە دەدرێت بـە ئەرمـەن زۆربـەی دانشـتوانی کورد و تورکن. ئەمە هـەرگیز نابێـت بـدرێت بـە هـی تـر. (بـەمجۆرە دەبیـنین جووڵانـەوەی کەمالییەکان دانی دەنا بە مافی کوردەکان لە بەڵگەنامەکانیاندا).

سەرۆك ئەتاتۆرك زیاتر دەڵێ:ـ

کۆنگرە بەردەوام بوو کاتێ من ئەمەم ئاشکرا کرد:ـ

(ئەوەشمان پێ گەیشت کەوا ئەفسـەرێکی ئینگلیـزی بـە نـاوی مێجـەر نوئیـل گەیشـتە مەلاتیە، کامەران بەگ و جەلادەت بەگ و جەمیل بەگ ئەندامانی خێزانی بەدرخانیـەکانیش

PDF 4 KURD

لەگەڵ ئەودان، پانزە چەکداری کورد لەگەڵیانە و پارێزگارییان لێ دەکات، خەلیل بەگ موتەسەڕیفی (مەلاتیە) کە بەدرخانییە پێشوازیی لێکردن، هەروەها والی (خەربوت) عەلی بەگ بە ئۆتۆمۆبێل گەیشت. ئێمە لەمەبەستی ڕاستەقینەیان گەیشتین کەوا هاندانی کوردەکانە و پالدانیانە بۆ هێرش کردنە سەرمان، لە هەمان کاتدا پەیمانیشیان پێدا بوون کە دەستوورێك بلاو بکەنەوە دەربارەی کوردستانی سەربەخۆ. ئێمە خۆمان ئامادە کردبوو بۆ ڕوودانی چەند کارێکی ئاوا، یەك لەوانە دەستگیرکردنی والی و ئەوانەی لەگەڵیایەتی. موتەسەڕیفی (مەلاتیە) لە لایەن خۆیەوە داوای لە هۆزە کوردەکان کردبوو کە لە ناو شار کۆببنەوە. بڕیارمان دا بە شێوەیەکی گونجاو خۆمانی بۆ ئامادەبکەین بە یارمەتی سوپای سێزدەهەم. تیپێکی سوپا بە هەموو چەك و تەقەمەنییەوە ئامادەکرا و لەهەمان شەودا (٩ ئەیلوول) ڕووە و مەلاتیە کەوتەڕێ بۆ سەرکوت کردنەوەی ئەم جووڵانەوەیە. فەرمانم دەرکرد بۆ مەلاتیە و شوێنی تر. سەرۆکی تورکی زیاتر دەڵێ:ـ بەڕێزەکان کۆنگرە بەردەوام بوو، منیش بەم شێوەیە بەردەوام هەواڵ و زانیاریم پێ دەگەیشت. ئەمەش بەس بوو بۆ توندبونێکی زۆری دەمارەکانم، بەڵام من لەو باوەڕەدا بووم تێگەیاندنی کۆنگرە لەم زانیارییانە لەوانەیە هیچ سوودێکی نەبێ. مەسەلەی والی عەلی غالب-م بۆ باس کرد، وەکو ئاگادار کردنەوەیەك ئێوەش دەبینن کەوا بارودۆخێکی یەکجار پڕ مەترسی بوو. سەرۆك دیسان دەڵێ:ـ ماوەم بدەن باسی چەند شتێ بکەم دەربارەی مەسەلەی عەلی غالب کە ئەوەش ڕووداوێکی گرنگە لە خەباتی نیشتمانیماندا. لە سەرەتای تەموزدا کاتێ کە هێشتا هەر لە ئەرزەڕۆم بووین چەند زانیارییەکمان پێ گەیشت کەوا دوو کەس (جەلادەت و کامەران عەلی) پارەیەکی زۆریان پێ دراوە لە لایەن بێگانەکانەوە لە ئەستەمبوڵ نێردران بۆ کوردستان بۆ هاندان و پیلان گێڕان دژی ئێمە لەوێدا. پێمان گەیشت کەوا دەستیان بەکار کردووە پاش ئەوەی ئەوەم بیست نامەیەکم نووسی لە ٣ی تەموز بۆ ئەفسەری فەرماندەی سوپای سێزدەهەم لە دیاربەکر، خەلیل بەگ سەرۆکی ئەرکان بوو، کەوا ئەم کەسانە پێویستە چاودێری بکرێن و هەر کاتێ گەیشتن یەکسەر دەستگیر بکرێن، هەروەها ماوە نەدرێت ئاژاوە پەیدا ببێت. لە فەرمانێکی کە دەرم کردبوو بۆ فەرماندەی هێزی دوانزەهەم لە ٢٠ی ئاب پێم گوت کەوا من بیستوومە ئەم کەسانە دەستیان بە جووڵانەوە کردووە و ئامۆژگاریم کرد لە ئێستگەی ماردینە و بەتوندی چاودێری هەبێ. لە ٦ی ئەیلول، واتە پڕۆژەی دووهەمی کۆنگرەی ـ سیواس ـ سەرۆك دەڵێ:ـ ئەم ڕاگەیاندنە بلاو کرایەوە:ـ

PDF 4 KURD

(هەواڵمان دا بە هێزی سێزدەهەمی سوپا کەوا ئەم سێ کەسە (جەلادەت، کامران و کوڕی ئەکرەم جەلیل پاشا لـە ئەلبوسـتانەوە گەیشـتنە مەلاتیـە). کـە لـە دیاربـەکرەوە هـاتوون، ئەفسەرێکی بێگانەیان لە گەڵایە کە پێشتر پڕۆپاگەندەی دژی تورکـەکان بـڵاو دەکـردەوە لـە ویلایەتی دیاربـەکر بـە هاوڕێیـەتی کوردەکانـەوە، موتەسـەریف و فەرمانبـەران لـەناو شـار پێشوازییان لێکردن. ئەفسەری فەرماندەی هێزی سێزدەهەمی سوپا ڕای دەگەیەنێ کەوا (کازم قەرا بەکر پاشا) فەرماندەی هێزی پانزەهەمی سوپا، بروسکەیەکی بۆناردووە بە ژمـاری **٥٢٩** لە ڕۆژی ٦ی ئەیلول کە وا ئەفسەرێکی بیانی ڕوونی کردۆتەوە کە دەسەڵاتی پێ دراوە لە لایەن حکومەتەوە (لە ئەستەمبوڵ) بۆ لێکۆڵینەوە لە نەژادی دانیشتوان لە ئەرمەن و کورد و تورك لە هەرێمەکەدا.

**پەراوێزەکانی بەشی نۆزدەهەم:**

1- Pro (Fo) (371) (4193) (163670) (XC/A/4008)

(British high commisioner, const.) (4th Dec., 1919).

(2) Speech. Delivered by Ghazi Mustafa kemal, october. 1927, Leipzig, Germeany, 1929.

(3) Ibid, pp, (11-12)

(4) Ibid, p. (23)

(5) Ibid, p.(71).

# بەشی بیستەم

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

سەرۆك ئەتاتورك زیاتر دەڵێ:ـ بەهۆی بێ هێزی لیوای (سوارە)ی جێگیر لە مەلاتیە، ئەوان ئەو کەسانەیان دەستگیر نەکرد کە مەبەست بوو، بەڵکو لە ئەستەمبوڵ تکای گرتنی ئەوانیان کرد. من تکام لە والیی کرد (خربوت) چی دەزانێ دەربارەی ئەم بابەتە پێم ڕابگەیەنێت. بەڵێ: مەبەستی ئەم نێردراوەچییە؟ بەڵام ئەنجام ئەوە بوو ئەگەر (عەلی غالب) ئەو والیی ئەو شارە بوو لەو کاتیدا، ئێمەش ئەوەمان زانی بوو لە ٥ی تەمووزەوە مەبەست لە هاتنی ئەم کەسانە بۆ ئەم کەرتە. (ئەمانە زانرا بوو لە (ئاب) دەستیان بەکار کرد). لیوایەکی سوارە بەس بوو بۆ بەرەنگاری کردن پێنج یان دە کوردی چەکدار، بەڵام ئەو گوتی ئازایەتییەکی وای نییە کە بتوانێ بیانگرێ، سەرۆك دەڵێ:ـ ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ئەو لە ئەستەمبوڵەوە تکای گرتنیان بکات. تەنها باسی ئەوە دەکەم ئەو ڕووداوانەی کە بە یەکەم تێبینی وا دەردەکەون گرنگ نین — باسیان دەکەم چونکە چەند جیاوازیەکی دیار پیشان دەدات لە بیروڕاکاندا کە هەبوون لەو کاتیدا، هەروەها تۆزێ ڕۆشنایی دەخاتە سەر بارەکەوە. لەبەر ئەوەی من گومانم کرد لە هەڵوێستی سەرکردەی (جەعفەل)ی سێزدەهەم لە دیاربەکر، ڕووم کردە سەرۆکی ئەرکان بەرێگەی ناردنی نامەیەکی تایبەتی خۆم لە ٧ی ئەیلوول و تێم گەیاند. کارێکی زۆر پێویستە دەرکردنی فەرمانێك بۆ سەر کردەی لیوای پانزەهەم لە (مەعموریە) ئەلعەزیز ئەلیاس بەگ، کە خۆی لە ٩ی ئەیلوول بچێت بۆ مەلاتتیە والی غالب و پارێزگار (خەلیل) بگرێت، هەروەها کامەران و جەلادەت و ئەکرەم و میجوری ئینگلیزی، پاشان بیانبات بۆ سیواس. سەرۆکی ئەرکان یەکسەر فەرمانێکی دەرکرد بۆ ڕۆیشتنی سوپا، ئەوەشی دەزانی دەبێ ئەفسەرەکان بە ئۆتۆمۆبێل بنێرێت بۆ سیواس.

٧ی ئەیلول. ١٩١٩.

خەلیل یەکسەر: هێشتا سەرۆك دەڵێ: وەڵامم ناردەوە بۆ سەرۆکی ئەرکان. خەلیل یەکسەر من بەڵگەم بە دەستەوەیە لەسەر خیانەتی ئەم کەسانە. حکومەتی ئەستەمبوڵیش دەستێکی لەمەدا هەیە. ئەگەر پێویست بوو دەبێ باشترین پیاو بکەیتە سەرکردەی جەعفەل، ئێستا کاتی درێژکردنەوە و هەڵخەڵەتاندن نییە، براکەم کاربکە، هەر چیت بە ئەنجام گەیاند هەواڵم بۆ بنێرە.

PDF 4 KURD

**مستەفا کەماڵ:**

سەرۆك گەلێ تەلەگرافی دیکەی نارد بـۆ سـەرکردەی سـوپاکان. هـەروەها چـەند تەلـەگراف و وەڵامدانەوەی پێ گەیشت لە هەموو جۆرە لایەنەکانـەوە، کـە لەوێـدا دەقـەکانیان نووسـراوەتەوە، لەوانە تەلەگرافی لە لایەن سامی بەگەوە و یەکێکی تر لە جەمال بـەگ. ئەمـەی دوایـی بـوو پێـی ڕاگەیاند کە پارێزەری ئەم کەسانە پانزە یان بیست چـەکداری کـوردن، هـەروەها سـەرۆك دەڵێت:ـ گفتوگۆی تەلەگرافیمان بەم شێوەیە بوو:ـ

من گوتم:ـ تەواو پێویستە پلانێکی زیرەکانە دا بنرێت بۆ گرتنی والیی و ئینگلیزیەکە (نوئیـل) و کامەران و جەلادەت و ئەکرەم هەر لەم شەوەدا، ئایـا ئەمـە لـە توانـادا هەیـە بکرێـت؟ لێـرەوە (سیواس) و (خەربوت) هێزی ترت بۆ دەنێردرێت.

جەمال بەگ :ـ ئایا والیش لەگەڵ ئەواندایە؟

من:ـ بەڵێ.

جەمال:ـ هەر وەکو پێم گوتی هێزەکانم بەشـی ئەنجامـدانی ئـەم مەبەسـتە ناکـەن. بەداخـەوە چونکە لەوە زیاتر ناتوانم کار بکـەم، چـونکە مـن لایـەن کۆنەپەرسـتانەوە گـەمارۆدراوم. لـە ٩ی ئەیلوولدا هێزی (ئەلیاس بەگ) هی دیکەی خرایە سەر، دوو کەتیبە لە (ئەلعەزیز) و یەکێکی تر لە لیوای مەلاتیە گەیشتن. هێزێکیش (سغریك)ی بە جێ هێشت بەرەو مەلاتیە (ئەمـە هـەمووی بـۆ گرتنی چەند کەسێك). لە هەمان ڕۆژدا خۆم بۆ (حالـەت بـەگ)م نوسـی کـە ئێسـتا نوێنـەرە لـە ئەنجومەن، ئێستاش قسەی سەرۆکە، ئەو ساتێ لە (ڤینـا) بـوو پەیوەنـدی هـەبوو لەگـەڵ کـەرتی (ئەلعەزیز و دەرسیم)ی کورد، داوام لێ کرد کە بچێتە پێش و پەیوەندی بکات بـە حەیـدەر بـەگ و بەرەنگاری ئەو پرۆپاگەندانە ببنەوە کە عەلی غالب و بەدرخانییـەکان و کـوڕی جـەمال (جـەمیل) پاشا دەیکەن. لە ڕاستیدا هەڤاڵمان ڕەجـەب شـوکری یارمـەتی دەری جەعفـەڵی سـێهەم لـە ٩ی ئەیلولدا بە ئۆتۆمۆبێل ڕۆیشت بۆ مەلاتیە. چەند فەرمانێکی تایبەتی لە لایەن منەوە لـە لا بـوو، ئەم ڕاپۆرتانە پێمان گەیشتووە زۆر سوودبەخشن بۆ تێگەیشتنێکی گشتی دەربـارەی دۆخەکـە. لـە ئێوارەی ١٠ی ئەیلول ئەم تەلەگرافەمان پێ گەیشت:ـ

بە پەلە و تایبەت بە کەس — مەلاتیە، ١٠ی ئەیلول

بۆ بارەگای جەعفەلی سێیەم لە سیواس.

بۆ بەڕێز مستەفا کەمال پاشا.

١. لە ١٠ی ئەیلوول گەیشتمە مەلاتیە.

PDF 4 KURD

٢. بەداخەوەم کەسەکان ڕایان کردووە بەرەو کیاختا.

ئیتر ڕاپۆرتێکی درێژی لە دوایە.

ئەلیاس سەرکردەی لیوای پانزەهەم

لەهەمان ڕۆژدا تەلەگرافی خوارەوە گەیشت:ـ

زۆر بە پەلە                    مەلاتیە ١٠ی ئەیلوول.

بۆ بەڕێز مستەفا کەمال پاشا.

١. والیی خەربوت و پارێزگاری مەلاتیە و مێجەری ئینگلیزی و ئەوانەی لەگەڵیانا بوون لە بەیانییەوە ڕایان کردووە. دەڵێن ڕۆیشتن بۆ کیاختا کە نزیکە لە (سەرۆکی هۆزی ڕەشوانی کورد) بەدر ئاغا. مەبەستیان ئەوەیە هێزێك لە کوردەکان کۆ بکەنەوە و لە ناکاو ڕێمان پێ بگرن.

٢. چەند فەرمانێکمان پێ گەیشتووە بۆ وەستان دژی کەسانی هۆزی بەدر ئاغا ئەگەر هێرشیان کردە سەرمان. پاشان پێتان ڕادەگەیەنم

٣. سەرکردەی لیوای پانزەهەم گەیشت.

جەمال

سەرکردەی لیوای سوارەی دوانزەهەم.

سەرۆك کەمال پتر دەڵێت: ـ کاتێ ئەم دوو تەلەگرافەم پێ گەیشت سەرم سوڕما، چۆن ماوەی ئەوانە درا کە هەڵێن، ئەم کارەی سەرکردەی لیوای سوارە نیگەرانی کردم. سەرۆك مستەفا لە درێژە پێدانی قسەکانی باس دەکا و دەڵێ:ـ ئەگەر بە چاوێکی لێ پۆشینەوە سەیرمان کرد شتێ بەدەست ناهێنن، تەنها ئەوە نەبێ ئەوەی پاڵی نا بە خەڵکی مەلاتیەوە بۆ ئەم ڕەوشتە ترسان بوو لە ئەنجامەکان. جگە لە چەند کوردێکی چەکدار کەسێکی تر نەبوو بۆ پاسەوانی کردین ئەمانە. ئەو فەرمانەی سەرەکیانەی کە بۆ (ئەلیاس بەگ)م نارد لە یەکی ئەیلوولدا بەم شێوەیە بوو.

١. یەکسەر گرتنی هەڵاتووەکان بدرێت.

٢. جووڵانەوە بە شێوەیەك بێ، ببێتە هۆی لەناو بردنی جووڵانەوەی (ئەگەر هەبوو) جیابوونەوە لە لایەن کوردەکانەوە.

٣. دامەزراندنی تۆفیق بەگ بە پارێزگار و بەڕێوەبەر.

٤. لێکۆڵینەوە لە دۆخی بەرگری کردن ڕووبەڕووی هێزی بیانی.

پێویست بوو لەسەرمان حسابێکمان بکردبا بۆ توانای هەڵاتوەکان لە هاندانی ژمارەیەك لە کوردەکانی هۆزەکانی دەوروپشت، دەبوایە هێزی ترمان بهێنابوایە. سەرۆك مستەفا ئەم

تەلەگرافەی خوارەوەی لە (ئەلیاس بەگ)ەوە پێ دەگات:ـ بە فاروق بـەگمان ڕاگەیانـد، لـە کیاختـا کۆمەڵی لە کوردەکان خۆیان کۆکردۆتەوە لە (ڕاکا)نزیکە لە مەلاتیە، پارێزگار (خەلیل بەدرخان) و هاوڕێکانی ئەوانیش لەوێن. ئەو وا دەبـینێ کـوردی هۆزەکـانی دەوروپشـت هـەتا (سـیغریك)یش ئامادەن بۆ یەکگرتن لەگەڵ یەکتریدا. هۆزەکانی دەرسیم کورد خۆیان بانگ کران بۆ خۆخستنە پـاڵ براکانیان لە پێناوی مەسەلەی کورد. وا دیار دەکەوێ پارێزگار نیازی هێرش کردنی هەیە بـۆ سـەر مەلاتیە لە جاری یەکەمدا. لە پاشدا هێرش کردنە سەر سیواس لەگـەڵ هێزەکـانی دا. لـە هـەمان کاتا هێزەکانی دەرسیم دەخشێت بەرەو خەربوت، وا بلاو بۆتـەوە کوردەکـان دەرکردنـی پارێزگـاری مەلاتیە بە زۆرداریەکی ترسناکی دادەنێن لەسەر هەموو گەلی کـورد. ئـەوان بڕیاریـان داوە پـاش داگیرکردنی مەلاتیە ئالاَ بەرزبکەنەوە. دەڵێن:ـ مێجەری ئینگلیزی گوتویەتی:ـ تیپێکی ئینگلیـزی لە ئورفەیە ئامادەیە بۆ هەڵمەت بردن، بەلاَم (سەرۆکی هۆزی ڕەشوان) حاجی بەدرئاغا بەمـە ڕازی نییە. هۆزە کوردەکـان دەڵـێن: مەلاتیـە هـی کوردسـتانە و دەبـێ لەوێـدا ئـالاَ بـەرز بکرێتـەوە. مەرجەکانیش ئەمانەن:ـ

١. مانەوەی والی.

٢. پارێزگاری لە پایەکەی خۆی بمێنێتەوە.

سەرۆکی تورك بەم شێوەیەی خوارەوە وەلاَمی دایەوە:ـ

١. ئێستا گەلێ عەرز و حاڵ دەنێردرێت بۆ پاشا سـوڵتان لـە هـەموو شـوێنێکی گـرنگ دا، ناڕەزایی دەر دەبڕن بەرامبەر ئەو خیانەت کارییەی حکومەتی ئەستەمبوڵ.

٢. ئەوەی مێجەری ئینگلیزی دەڵێت، تەنها هەڵخەڵەتاندنە، بەلاَم دەربارەی کوردەکـان، ئـەوان دەتوانن خۆیان حوکمی سەرکەوتنی جووڵانەوەکەیان بدەن بەرامبەر هێزەکان ئێمە هـەتا ئەگـەر بـە هێزەکانیانەوە یەکگرتووش بن.

٣. شتێکی پەسندە ئەگەر بەدر ئاغا بکەین بە لایەنگرمان. هەروەها سەرۆکی هۆزی (کافان)ی کورد و ئەوانەی دژی پیلانەکەی ئەوانن.

١١/ئەیلول/١٩١٩

مستەفا کەمال

بەناوی ئەندامانی کۆنگرەی

کۆبووەوە لە فەرمانگەی تەلەگراف

سەرۆك دەڵێ: ڕاستییەكە ئەوەیە، ئەندامانی كۆنگرە كۆ نەببوونەوە، بەڵام من وام بە باش زانی ناوی كۆنگرە بهێنم بۆ بەهێز كردنی وورە.[1] ئەلیاس بەگ بەوە ڕوون دەكاتەوە ئەوە ئەم هێزە كۆكراوانە بەشی بەرگری كردن لە مەڵاتیە ناكەن ئەگەر كوردەكان هێرشی بۆ بێنن. زۆر تكا دەكات بۆ ناردنی هێزی تر و بە پەلە. سەرۆك زیاتر دەڵێ: ئەم بەڵگەنامانە ماوەی ئەوە ناهێڵنەوە كە گومان نەكەین لەوەی ئەم كارە ڕێكخراوە بە ڕەزامەندی سولڵتان و وەزارەتی فەرید پاشا و بیانییەكان، بەڵام دیسانەكە دەڵێت: تەلەگرافێكمان بۆ سولڵتان ڕەوانە كرد، گوتمان حكومەت پیلان دەگێرێت بۆ خوێن ڕشتنی موسوڵمانان لە شەڕی براكوژی دا. (بەم شێوەیە تورك و كورد و نەتەوەی بران كە گومانی تێدا نییە) بە بەڵگەنامەكان بۆمان ڕوون بووەوە كە (حكومەتیش لەگەڵایە) پارەی گشتی خەرج كراوە لە هەوڵدانێك بۆ دابەش كردنی وڵاتەكەمان بە هۆی پاڵ پێوەنانی كوردستان بۆ شۆڕش كردن، بەڵام كوردەكان گەلێكی دیارن و برادۆستن هەروەكو ئەم بەڵگەنامانە خۆیان دان بەمەدا دەنێن. گەل بڕوا بەم حكومەتە ناكات كە ئەم جۆرە تاوانە ئەنجام دەدات. پێویستە حكومەتێكی تر پێك بهێنرێت. ئەو كەسەی دێڕەكانی پێشوو دەخوێنێتەوە گومان لەوە ناكات زیادە گوتن لە لایەك و هەروەها ترسەكانمان شوێنی خۆیان گرتۆتەوە لە دڵی ئەوانەی كۆبونەتەوە لەو كۆنگرەدا. ئەویش لەبەر ئەوەی شتێكی بەجێ نییە هەوڵێكی وەها بەرفراوان بدرێت بۆ شتێ نەبێ تەنها بۆ بەرەنگاربوونەوەی سێ سەركردەی كورد لە گەڵ ئەفسەرێكی بەریتانیا و بە پاسەوانێتی چەند چەكدارێكی كورد، ئەمە شتێكی سروشتی نییە، بەڵام بابەتی ڕاستەقینە كە لەبیری سەرۆكانی كۆنگرە دەخولایەوە ئەویش ترسێكی گەورەتر بوو زیاتر لەم هەموو شتانە. ئەوان بەڕوونی دەیانبینی كەوا گەلی كورد ئامادەیە وەكو هەموو گەلانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی كە واز لە مەسەلەكەی خۆی نەهێنێ و بەرەو پێشەوەی ببات و بە توندیش بەرگری لێبكات. بیری نیشتمانی لای كوردەكان گەیشتە ڕاستەی شۆڕش كردن لە پێناوی بەدی هێنانی ئاواتە نیشتمانییەكان، كە سوور بووە لە سەر ڕاستییەكەی و دادپەروەری یەكەی جووڵانەوەكانی پێشووی كورد لەبەر ئەمە دەتوانین ڕوونی بكەینەوە و ئەم هەموو وڵاتە تەنها بۆ گرتنی چەند كەسانێك نەبوو، بەڵكوو ڕووبەڕووبوونەوەیەك بوو لەگەڵ مەسەلەیەكی ئاشكرا، مەسەلەی گەلی كورد لە دەوڵەتی عوسمانیدا.

PDF 4 KURD

**یاداشتێك بۆ سەركردە كوردەكان:**

بەڵگەنامــەی كۆمەڵــەی نــاوبراوی ژمــارە(٦٠٨) (٩٥) (٧٦٢٣)(١٦/نیســان/١٩١٩)[٢] بروسكەیەكی تیا ڕەوانە كراوە لە ژێر ژمارەی (٧٦٩) دا لە لایـەن ئـەدمیرال كالسـۆرپ نێـردراوی پایەداری بەریتانیا لە ئەستەمبوڵ، لە ڕۆژی ١٢ی نیسان. ئەمەی خوارەوەی تێدا هاتبوو ـ بـارودۆخ لە ژێر ڕۆشنایی ئەگەری هەڵسانی حكومەتی توركی بـە چـەند كاروبارێـك سـەربازی ئەمــەم ڕوون كردبۆوە و لە تەلەگرافی ژمارە(٢١)دا، لە (١٢)ی نیسان. من لەگەڵ ئەو قسەیەدام كـە سەرچـاوەی نارێكی یەكانی كورد و نائارام بوون تا ڕادەیەك پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە. پێویستە لێرەدا بـەدوای دا بگەڕێم (ئەستەمبوڵ) من لەم تێكچوونەدا ڕوویەك دەبیــنم یـان تـەنها قۆناغێـك لـە چـالاكییە بەرفراوانەكانی پارتی (الاتحاد و الترقی) عوسمانی و داواكردنیـان بـۆ گردبوونەوەیـەكی ئیسـلامی و لەگەڵ پەیوەندی بەستن لەگەڵ نیشتمان پـەروەرە میسـرییەكان و هیندییـەكان و (شـتێكی نوێیـە) كۆمۆنیستەكان. لێرەدا ئەمە شتێكی گرانە بە شوێن گـەڕانی ئـەو كەسـە لێپرسـراوانە و لـە نـاو بردنیان. لە هەموو بارێكدا من وا بیر ناكەمەوە ئەو كوردە زۆرانەی كە لێرە دا ژیـان دەبەنـە سـەر لایەنگری توركەكان و دژایەتی بەریتانیا دەكەن. هەر چەندە دڵنیاش نیم، بەڵام بـە شـتێكی دووری دەزانم كەسانێكی وەك دكتۆر عەبدوڵڵا جەودەت و سولێمان نـەزیف بـۆ بەرژەوەنـدی توركیـا كـار بكەن، بەڵام لە لایەكی ترەوە عەبدولقادر شەمدینانی (هەرچەندە ئەو سەرۆكی ئەنجومەنی دەوڵەتە) هەڵوێستی ئەو وەكو هی سەركردەیەك بوو بـۆ ئـەو وەفدانـەی كـە سـەریان لێـدام و نوێنەرایـەتی پارتێكی كوردیان دەكرد لێرە، كە داوای سەربەخۆیی كوردیان دەكرد، لە دوا گفتوگۆكانـدا ئـەو بـە شێوەیەكی نەگونجاو باسی ئەوەی كرد كە ئارەزووی ئەوەی هەیە كە دۆخێكی هاوچەشن بێتە كایەوە بۆ پلە و پایەی پاشای حیجاز لە ژێر چاوەدێری بەریتانیادا. هەروەكو دەزانن ئـەو دوژمنایەتییـەكی گەورەی هەبوو لەگەڵ براكەی شێخدا لە پێش جەنگـدا. گـرنگ ئەوەیـە تێبـینی ئـەوە بكـرێ كـە جەودەت و سولێمان نەزیف هاوبەشی ئەو وەفدەی پارتە كوردییانەیان كە بە تەواوی هاوبەشـی یـان كردبوو لەو وەفدانەی كە سەریان لێدام، لەوانیش گومان دەكەم، هەر چەندە ئەرشیفی سـاڵی ١٩١٤ لە لام نییە، بەڵام لەو باوەڕەدام كە دەستیان هەبووە لـە ڕاپەڕینـە سـەر نەكەوتووەكـەی كـورد لـە بەتلیس. (مەبەست ڕاپەڕینەكەی مەلا سەلیم و عەلی و شهابەدین)ە. هەر لە سەرەتای ئەو سـاڵەدا كە توركە لاوەكان تێكیان شكاند. ئەمەش بووە هۆی دەردەسەرییەكی گەورە بۆ ئەو كوردانـەی كـە تێدا بەشدارییان كردبوو. نێردراوی پایەدار كالستورپ دەڵێ:ـ پاشكۆی سەربازیم كە ئەحمـەد سـریا بەدرخان باشی دەیناسێت دەڵی:ـ هەموو كـاتێ لایـەنگرێكی بـەهێزی بـەریتانیا بـوە و لـە كـاتی

PDF 4 KURD

جەنگدا بۆ بەرژەوەندی ئێمە کاری کردووە. من گەیشتومە ئەو قەناعەتەی کەوا دوو شەپۆلی جیاواز هەیە لە هەست و بیری کورد لێرەدا یەکێکیان لایەنگری تورکیا، شەپۆلی دووهەمیان لە بنەڕەتەوە نەتەوەییە و ئامادەیە کە لایەنگری بەریتانیا بکات ئەگەر حکومەتی بەریتانیا ئارەزوێکی خۆی پێشان بدات بۆ گرنگی دان بە داواکارییە نیشتمانییەکانی کورد. هەر چۆنیەکی بێ، ئەگەر لاتان هەیە (واتە لێپرسراوەکانی بەریتانیا) چەند بەڵگەیەکی ڕاستەقینە کەوا عەبدولقادر و بەدرخانییەکان بە شێوەیەك کە جێی گومان نەبێ لایەنگری تورکیان ئەوە بە من ڕابگەیەنن. لەم قۆناغەدا ئەم مەسەلەیە گرنگە (ئەم قسەیە پێش هەبوونی جوولانەوەی کەمالییەکانە) لەبەر ئەوەی ئەگەر بتوانرێ عەبدولقادر بکرێ بە هاورێیەك، ئەمەش باشترین ڕێگەیە بۆ کارتێ کردن لەسەر بارو دۆخی ناوەخۆی ئێرە ( ئەستەمبوڵ) ئەوکات دەتوانرێ سودی لێ وەربگیردرێت. ئا ئەمەیە هۆیەکەی کە من ئەو پێشنیارەم بە باشتر زانی بە ناردنی کوڕەکەی بۆ کوردستان. ئەم پێشنیارە تاکو ئێستا جێبەجێ نەکراوە. من لە شتێکی کەم بەم لاوە چاوەڕوانی هیچ نیم لە کارە سەربازییەکانی تورکی. پێشنیاری جێبەجێ کردنی ئەم کارانە کراوە چونکە یاسا پێویستییەکی ڕوونی هەبوو بۆ گەڕانەوەی بۆ شوێنی خۆی. (ئەم جۆرە هەوڵانە لە لایەك و هەروەها لە لایەکی ترەوەش)، بەڵام لە لایەنی نەبوونی سوود لەمەوە، جا پێویستە ئەوە بخەینە بەرچاومان ئەگەر بە لایەنی ڕامیارییەوە پەسند بکرێ بە ئاشکرا دەری بخەین کە توانای ڕێکخستنی هەڵوێستمان نییە لەودیو سنوری سەربازی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، لە پێش چاوی کوردەکان و تورکەکان خۆیان... خۆمان جێگیر بکەین و ببەستینەوە لەگەڵ پاراستنی دەسەڵاتی تورکیا لە هەرێمدا، کە حکومەتی خاوەن شکۆ حەز دەکات ئێستا بیخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە (مەبەست هەرێمە کوردەکانی عوسمانی)یە. ئەم لایەنە لای من گرنگە، هەر چەندە من شتێ لە ڕامیاری حکومەت نازانم دەربارەی سەربەخۆیی کوردستان.

(ئەم بروسکەیە دووبارە دەبێتەوە بۆ هێزی میسر). بەڵگەنامەی ژمارەکراو (٦٠٨)(٩٥)(١٩٣١/م/٢٢٥١)(٦٦٤٢) لە ١٩ی تشرینی یەکەمی ١٩١٩،[٣] نامەیەکی نێردراوی پایەداری بەریتانیای تێدایە لە ئەستەمبوڵ (دی ڕۆبیك) بۆ وەزیری دەرەوە، لەو یاداشتەی کە لە سەرەوە ناوی هێنراوە، لەم نامەیە دا هاتووەـ

گەورەم لۆردـ

لە دەستنیشان کردنی بروسکەی (تەلەگرافی) ژمارەکراوم ١٧٠٢/م/٢٢٠١ لە ئەیلوولی ١٩١٩ دا لەگەڵ پێشەکییەك کە دانەیەك لەو یاداشتەی وەرم گرتووە لە پارتی دیموکراتی کورد ئەوا ئێستا دانەیەك لە یاداشتێکی ترتان بۆ دەنێرم لە ڕۆژی ٧ی تشرین کە لە هەمان پارتم وەرگرتووە.

PDF 4 KURD

له خوارەوەش یاداشتی:ـ
پارتی دیموکراتی کورد
ژمارە (٢١)

ج.م. دی ڕۆبیك
ئەستەمبوڵ
٧ی تشرینی یەکەم ١٩١٩

**بۆ نێردراوی پایەداری حکومەتی خاوەن شکۆی بەریتانیا:**

ئێمە بە تکاکارییەوە بە هەموو ڕێزێکمانەوە سوپاسی بێ پایانی خۆمان بـۆ ئێـوە دەردەبـڕین بـە هەڵسانتان بۆ پێشکەش کردنی یاداشـتەکەمان بـە مێـژووی ٣١ی ئـاب بـۆ حکومـەتی بـەریتانیای پایەبەرز. مایەی سەربەرزییە بۆ ئێمە ئەم یاداشتەی خوارەوەتان بخەینە بەردەست.

١. ئێمە لەو باوەڕەداین کە دەسەڵاتدارانی بەریتانیا زانیارییەکی تـەواویان هەیـە و ئاگـادارن لـە ڕاستییەکەی هێزە میلیشیایەکان کە بەم زووانە پێك هێنراون لە ئەنـەدۆڵ. کوردەکـان بـە شـێوەیەکی گشـتی و ڕۆشـنبیرەکان بـە شـێوەیەکی تایبـەتی، بـە هـەموو تواناییەکیانـەوە بـەرەنگاری هـەر جووڵانەوەیەك دەبنەوە کە دژی بەریتانیا و ئارەزووی بێت، ئەم ڕاستییەش پێشتر زانراوە. هـەروەکو لـە یاداشتی پێشوومان باسمان کرد دوژمنانمان لە ناوەوە و دەرەوەدا بە هەموو توانایەکیان هەوڵ دەدەن کـە کوردستان بە شێوەیەك نیشان بدەن وەکو وڵاتێکی پەککەوتوو، تەنگ و چـەڵەمە و کۆسـپ درووسـت دەکەن لە ڕێگەی بەدی هێنانی ئامانج و ئاواتەکانی کورد، بۆ گەیشـتنیان بـە ئامانجـە بۆگەنـەکانیان هەموو ڕێگەیەك بەکار دەهێنن بۆ لەڕێ لادانی کوردەکان لە ڕێبازی پـاك و ڕاسـتەقینەیان. لەوانەیـە بەڕێزتان ئەمەش بزانن کە بەهۆی جەنگی جیهانییەوە چەندەها کارەسـاتی گـەورە تووشـی کوردەکـان هاتووە، لەبەر ئەوەش بەشداری ناکەن لەم جۆرە جووڵانەوە و خۆخستنە مەترسییانەوە. چونکە ئـەوەش دەزانن ئەم جۆرە کارانە نابێتە هۆی هیچ شتێ تەنها گەیاندنی زیان نەبێ بـە بەرژەوەندییـەکانیان. جـا ئێمە بەتکاکردنەوەی بۆتانی ڕوون دەکەینەوە کە کۆمەڵگەی ڕاستەقینەی نیشـتمانی کـورد بەشـداری ئەم جۆرە جووڵانەوانە ناکات. لە چەند بارێکی زۆر کەم دا کەوا دەردەکەوت کوردەکانیـان بەشـدارییان لە هەندێ لەم ڕووداوانە کردووە، ئێمە لەو باوەڕەداین کەوا بەڕێزتان لـەم ڕاسـتییەیە ئەگـەن کـە ئـەم جۆرە هاوبەشی کردنە شتێکی چەند کەسانێکی هەڵخەڵەتاون و نازانن لە مەبەسـتەکانی ڕاسـتەقینەی کۆمەڵە سەرکردە هێزە میلیشـیاییەکان (هەنـدێ لقـی میلیشـیا دروسـتکراون لـە هـەموو لایـەکی تورکیاوە بۆ بەرەنگار کردنەوەی بێگانەکان دوای جەنگ) لە ژێر ڕۆشنایی ئەمەوە زۆر بە گەرمییـەوە زۆر بە گرنگییەوە مەسەلەیەکتان دەخەینە بەرچـاو بـە گـوێرەی تێـڕوانینی ئێمـەی سـادە و سـاکار. مەبەستمان ئەوەیە کە ببێتە هۆی نەهێشتنی ئەم بارودۆخە نالەبارانەی ئاسیای بچووك بـە شـێوەیەکی

سوودبەخش بە بێ دواخستنی سەربەخۆیی کوردستانێکی یەکگرتوو لە نێو سنورە سرووشتی و نەتەوەییەکەیدا. هەر لە سرووشتەوە کورد حەز لە ئازادی و سەربەخۆیی دەکەن، دەبنە هۆکاری بەرپا بوونی ئاشتی لە هەرێمدا لە کاتێکا ماوەیان پێ بدرێت کە ژیان بەرنە سەر لەناو ئەم سنووڕەدا و لە ژێر ئالآی کوردستانێکی ئۆتۆنۆمیدا. ئێمە لەو باوەڕەداین کاتی گونجاو هاتووە بۆ حکومەتی بەریتانیا کە بڕیاری بەخێرایی خۆی دەربکات بەرامبەر بە ئێمە و دڵنیاشمان بکات لە هیوا و ئاواتی ئێمە بەرامبەر بە یارمەتیدانی بەریتانیا کە شتێکی ڕاستە و خەیاڵ نییە.

٢. عوسمانییەکان بەردەوام لەسەر ئەم سیاسەتە بوون بۆ لەناو بردنی هەموو ئامانج و هیوا نیشتمانییەکانی کورد، تاکو ئێستاش ئەمانە بە هەموو توندوتیژییەکەوە هەمان سیاسەت بەکار دەهێنن بۆ سەلماندنی ئەم قسەیە دەبێ چەند نمونەیەك باس بکەین. حکومەت لە ئەستەمبوڵ والییەکی ناردبۆ دیاربەکر کە توند و تیژترین ڕێگە بەکار دەهێنێ دژی کوردەکان لەوێدا. ئەو هەموو عەرز و حاڵانەی کە ئیمزا و ناوی کوردەکانی بەسەرەوەیە لە هەر جۆرێ بێ هیچ گرنگییەکی پێ نادرێت (ئەمەش لە دوای جەنگ کە دەوڵەتی عوسمانی تێدا شکا. ئەم ڕاستییەش وێنەیەك پیشان دەدات بە تەواوی جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەو وێنەیەی کە یاداشتەکانی سەرۆك کەمال پێشکەشی دەکەن دەربارەی هەڵوێستی حکومەتی ئەستەمبوڵ لەگەڵ کوردەکانا.أ.ع). لەڕاستیدا ئێمە ناتوانین باسی بکەین و یان بیر بکەینەوە لە حوکم کردنێکی توند و تیژتر لەوەی کە عوسمانییەکان لەسەری بەردەوامن و بێ لێپرسینەوە لێیان دەرگای سەراکانی پۆلیس و دادگاکانیان داخراون بەڕووی گلەیی و گازاندەکانی گەلەکەمان. ئێمە بە پێویستی نازانین بەدرێژی باسی ئەو ئازار و ناخۆشییانە بکەین کە کوردە کۆچ کردووەکان ئەیچێژن لە کوردستاندا. هەروەها دوو لقی (دیاربەکر و سەعرت)ی کۆمەڵەی (تعالی) کوردستان (ئەمەش پارتێکی دیکەی کوردە) بە زۆرداری لە لایەن دەسەڵاتدارانی عوسمانییەوە داخران. سەرەڕای ئەو هەموو هەوڵانەی دران لە لایەن ئەو (پارتەی) کە تێدەکۆشێ بۆ ڕزگارکردنی گەلەکەمان کەچی ئەم دوو (یانەیە) تا ئێستاش هەر داخراون. لە شاری (ئورفە) لێپرسراوانی عوسمانی سوورن لەسەر نەهێشتنی دامەزراندنی لقێکی کۆمەڵەی ناوبراو لەوێدا. ئەما پارتی دیموکراتیمان تاکو ئێستاش دانی پێدا نەنراوە لە لایەن وەزارەتی ناوەوە. ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە کە ئەو هەموو هەوڵ و تەقەلایە توند و تیژ و ناڕەوایانە هەڵوێستی ستەمکاری عوسمانییەکان دەخەنە ڕوو بەرامبەر گەلەکەمان. هەروەها لێکدانەوەی ئەمانە بەرامبەر حوکمی زاتی ئۆتۆنۆمی بۆ شاری دیاربەکر بە شێوەیەك لە یاخی بوون دادەنرێت، ئەمەش جارێکی دیکە دەیسەلمێنن کە عوسمانییەکان نییەتی ئەوەیان هەیە گەلەکەمان هەر بە ملکەچی و پێوەند لە دەست

بمێنێتەوە. لە ژێر ڕۆشنایی ئەمەوە ئێمە لەو باوەڕەداین حکومەتی بەریتانیای خاوەن دەسەڵات یارمەتی و پشتگیری خۆی ناشارێتەوە لە گەلێکی چەوساوە کە هیوای بە ئینگلتەرایە.

٣. دەسەڵات دارانی عوسمانی هەموو جۆرە یارمەتیەك دەدات بە پەنابەرەکانی لە ویلایەتی (عایدین) (لەوانەیە مەبەست لەو پەنابەرانە بێت کە لە سوپای یۆنانی ڕایان کردووە)، بەڵام لەبارەی ڕەش و ڕووتەکانی کوردەکانەوە کە حکومەت بە بیانووی بارودۆخی جەنگ دووری خستوونەتەوە بۆ ناوەوەی ئەنەدۆڵ، هیچ جۆرە کارێکی بۆ ئەمانە ئەنجام نەداوە. هەزاران خێزانی کوردی نەدار هیچ جۆرە یارمەتییەکی نادرێت لە پێناوی گەڕانەوەی بۆ شوێنی خۆی. نەك کەسێ نەبوو ترسی مردنی ئەوانەی هەبێ بە هۆ ی برسییەتی و نەبوونی ترەوە، بەڵکو حکومەت بەجارێ وازی لێ هێنان و جگە لەمەش ئەمانە تووشی گەلێ ستەم و زۆرداری بوون لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە. ئێمە ناتوانین چ جۆرە لێکدانەوەیەك بکەین بۆ ئەم جۆرە هەڵوێستە نامرۆڤایەتیانە بەرامبەر بە کوردەکان تەنها ئەوە نەبێ مەبەست بۆ لەناو بردنی براکانمانە.

٤. لەبەر ئەمە لە بەڕێزتان تکا دەکەین کە ڕاوێژ بکەن لەگەڵ حکومەتەکەتان بۆ ئەوەی چەند کارێك ڕێك بخات دەربارەی ئەو خاڵانەی لەسەرەوە باسکران هەروەها ئاگادار کردنەوەمان لەو هەنگاوانەی کە دەنرێت، ئەمەش هیوامان بە بەریتانیا بەهێزتر دەکات.

| | |
|---|---|
| ئەندامانی کۆمیتە | ئیمزاکان |
| پارێزەر | سکرتارییەتی گشتی |
| نووسەر | پارتی دیموکراتی کورد |
| بازرگان | مەمدوح سەلیم بەگ |

---

**پەراوێزەکان بەشی بیستەم:**

1-Ibid, PP. 115-117.

2-Pro (FO) (608) (95) (7623) (Turkey and me) (Constantinople Source of Kurdish Unrest) (April, 16th. 1919).

3-Ibid,(608) (95) (1913\m\2201) (6642) (British high Commission, Constantinople) (Oetober. 19th, 1919).

PDF 4 KURD

# بەشی بیست و یەکەم

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

لە بەشی بیستەمی ئەم باسەدا، ئەو یاداشتانەمان نوسییەوە کە پارتی دیموکراتی کورد پێش کەشی نێردراوی پایەداری بەریتانیای کردبوو لە ئەستەنبۆڵ لە ٧ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩١٩. پێویستە لێرەدا یادشتێکی پێشووی هەمان پارت بۆ نێردراوی پایەدار لە ٣١ ی ئابی ١٩١٩ پێشکەش بکەین. لە بەڵگەنامەی ژمارە (٦٠٨) (٩٥) (٢٢٠١/٩/١٩٣٢) (٦٦٤٨)[١] دا بروسکەی ناوبراوی (تەلەگراف) نێردراوی پایەداری تێدایە، ئەمەی تیانووسراوە:ـ

١. جێی سەربەرزیمە دانەیەك لەو عەرزوحاڵەتان پێشکەش بکەم کە وەرم گرتووە لە کۆمەڵەیەك ناوی لەخۆناوە (پارتی دیموکراتی کورد).

٢. من هەلدەستم بە لێکۆڵینەوە دەربارەی ئەم کۆمەڵەیە، لە کاتێکی گونجاویشا راپۆرتێکتان پێشکەش دەکەم.

ئەمەی خوارەوەش یاداشتی پارتی دیموکراتی کوردە.

نێردراوی ج.م. دی رۆبیك شەقامی باب العالی ئەستانە: ٣١/ئاب/١٩١٩.

بۆ نێردراوی پایەداری حکومەتی بەریتانیا:ـ

بە هیوای بەختەوەری پایەبەرزتانین.

کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کورد زۆر بە رێز و ملکەچییەوە ئەم یاداشتەتان دەخاتە بەردەست. هەموو کوردە رۆشنبیرەکان دان دەنێن بەم راستییە بەرزەی کە گەلی ئینگلیزی رەوشت پاك لە سەرووی وڵاتە هاوپەیمانەکانەوە دێت. هەروەها ئەو وڵاتانەی کە لەگەڵیانە، جەنگاوەو خوێنی ئازاکانی رشتووە هەروەها لە پێناوی ئامانجی پیرۆزی دیموکراتییەت دا، هەروەها لە پێناوی پاراستنی ماف و بەرژەوەندی گەلانی ژێر دەست. باوەڕێکی تەواویان هەیە کە دەوڵەتە گەورە هاوپەیمانەکان بە شێوەیەکی گشتی ئەو سەرەتایانە جێبەجێ دەکات کە زانراوە و ئاشکرایە لای سەرۆك (ولسن) کە لە بەرژەوەندی گەلی کوردیشدا بێ. ئەویش بە هۆی پێدانی سەربەستی و مافی پێشکەوتن. کوردەکانیش یەکێ لەو گەلانە پێك دێنن کە ماف خوراون لە ئەنجامدا مافی رزگاربوون و سەربەستییان هەیە. لە چوار سەدەی رابردوودا بەهۆی هەوڵی یەکێ لە سەرۆکەکانی کە ناوی (دانا ئیدریس بەتلیسی بەناوبانگ) بوو گەلی کورد کەوتە ژێر حوکمی دەوڵەتی عوسمانی لە رێگەی

PDF 4 KURD

ڕێکەوتننامەیەکەوە کە بە داخەوە مەرجەکانی جێبەجێ نەکران کە بریتی بوو لە نەخشەکێشانی چۆنییەتی بەڕێوەبردنی گەل لە لایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە. لە ڕاستیدا عوسمانییەکان سەر نەکەوتن لە ڕێکوپێك خستنی بارودۆخی ژیانی کوردەکان. خراپ حوکم کردنیان پشت گوێ خستنی مەرجەکانی ڕێکەوتننامەکە وای لە کوردەکان کرد بە شێوەی هەمە جۆر پەنابەرنە بەر شۆڕش و ڕاپەڕین لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر، بەڵام بە چەند هۆیەکی دیاریکراوەوە ئەوان تاکو ئێستاش دەچەوسێنرێنەوە لە ژێر حوکمی عوسمانیدا و تاکو ئێستا نەیانتوانیوە ئازاری خۆیان بەدەست بهێنن پاش شۆڕشە گەورەکەی عوسمانییەکان لە ساڵی ١٩٠٨، کوردە ڕۆشنبیرەکان دەستیان کرد بەکارکردن و بە ئارامگرتن و سووربوون بۆ ڕوون کردنەوە و ڕاگەیاندنی ئامانجەکانی نەتەوەیی، لە پێناوی ئەم هیوایەدا ئەوان سڵیان نەدەکردەوە لە هیچ ناخۆشی و قوربانی دانێکدا، بەڵام ئێستاش لاوە کوردە ڕۆشنیرەکان بە دڵێکی پاك و خۆشەوە پێشوازی لە سەردەمی ئازادی و دیموکراتی دەکەن لە سایەی بەریتانیای گەورە و هاوپەیمانەکانی. ئەوەی جێی داخە ڕووناکبیرە کوردەکان بۆیان نەکرا نزیك بنەوە لە ئینگلتەرە پێش هەڵگیرساندنی جەنگ. ئەو ساڵە ئێمە لە ژێر حوکمێکی زۆرداری دا ژیانمان دەبردە سەر و سەرۆکەکانیشمان هیچ جۆرە هاندانێکیان لە نێردراوانی بەریتانیاوە نەدی. بەم شێوەیە شەپۆلی جەنگ کوردەکانی ڕاپێچا و تووشی زیان و زەرەری بووین کە بە ژمارەنایەت لە گیان و ماڵ و سامان. هەر چۆنییەکی بێ، ئێمە بەو هیوایەین کە گەلی ئینگلیزی پایەبەرز ماوەی ئەوە نادات مافە نەتەوایەتتییەکانمان پشت گوێ بخرێن لە هەبوون و سەربەخۆییمان لە چوارچێوەی سنوری تایبەتیماندا. لە کاتی پێشوودا هەروەکو ڕوونمان کردەوە بۆ کۆمیتەی لێکۆڵینەوەی ئەمریکا (کۆمیتەی کینغ ـ کراین، کە عەزیز بابان و چەند کەسێکی تر بەناوی ئەم پارتە کوردەوە بۆیان چوونە پێشەوە). کوردە ڕۆشنبیرەکان تەنها بە یارمەتی دان و ڕێنمایی بەریتانیا ڕازی دەبن، دیسان تکامان دووبارە دەکەینەوە لە حکومەتە دڵسۆز و بەڕێزەکانتان کە دان بنێن بە سەربەخۆییمان و نیازێکی بەردەوامیان هەبێ بۆ پاراستنی ئازادی یەکەمان دژی پیلانی دوژمنانمان لە ناوەوە و دەرەوەدا. هەر کوردێکی تێگەیشتوو گەیشتووتە ئەو باوەڕەی کە کوردستان ناتوانێ بەسەر بەخۆیی بمێنێتەوە و بەرەو پێشەوە بچێت تەنها بە یارمەتییەکی باش و شیاو نەبێ لە ئینگلتەرەوە، ئێمە هەموومان ئامادەین چارەنووسی وڵاتەکەمان بخەینە ژێر ئامۆژگاری و ڕێنمایی بەریتانیا هەروەها بە گوێرەی توانامان کاربکەین بۆ ئەوەی لێمان ڕازی بن و بەرژەوەندییەکانی بپارێزین. ئەگەر بەریتانیا

PDF 4 KURD

ڕازییە بە یارمەتی دانمان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانمان ئەو نەك سوپاس کردنی ئێمەی دەست دەکەوێ بەڵکو دڵی هەموو نەوەکانی داهاتووش ڕادەکێشن و هەروەها بەدەست هێنانی سوپاس و جگە لەلایەنگیربوونتان.

### خاوەن پایەی بەختەوەری:

ئێمە لە ئێستا و لەمەو دوادا بەردەوام دەبین لە پێشکەشکردنی داواکاری و تکاکانمان بۆ خاوەن پایەی بەڕێزتان (لەڕاستیدا یاداشتی دووهەمیان پێشکەش کرد) بەو هیوایەین تکاکانمان جێی ڕەزامەندیتان بێ، بەڵام ئێستا ماوەمان بدەن ئەم دوو داواکارییە پێشکەش بە جەنابتان بکەین:ـ

أ. هەزاران خێزانی کورد کە بە زۆرداری لەماڵ و شوێنیان دەرکران بۆ هەموو لایەکی ئەنەدۆڵ، ئەم پەنابەرە بەدبەختانە بوونە قوربانی برسییەتی و مردن و گاڵتەپێ کردن لە لایەن عوسمانییەکانەوە، هەر چەندە ئێمە عەرز و حاڵمان نووسیوە، بەڵام حکومەتی عوسمانی گوێی لەم داوایانە کەڕ دەکرد. جا تکا دەکەین بەناوی مرۆڤایەتی و دادپەروەریی بەریتانیا هێزی گەورەتان بەکار بهێنن لە پێناوی ئەم خێزانە کوردە بێچارانە کە برسییەتی پەکی خستوون. هەروەها هەوڵی گەڕانەوەیان بدەن بۆ ماڵ و شوێنی خۆیان.

ب. حکومەتی عوسمانی دان نانێت بە بچووکترین مافەکانمان لە دامەزراندنی ڕێکخراوەیان پارتی سیاسی، دەمانخاتە بەر هێرشی چەوسانەوە و سەرکوتکردنەوە، ئێمە تکا دەکەین کە پایەبەرزیتان کە هەوڵێ بدەن بۆ نەهێشتنی ئەم جۆرە کردەوە بێمانایانە.

ئیمزاکان:

| | |
|---|---|
| ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی | سکرتێری گشتی |
| مامۆستا (پرۆفیسۆر) | کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کورد |
| پەخشکار | |
| پارێزەر | مەمدوح سەلیم بەگ |

مەسەلەی کورد لە لایەن سەرکردە و لایەنە هەمە جۆرەکان بە گەرمییەوە گرنگی پێدەدرا لە کاتی جەنگدا بە تایبەتی لە کۆتاییەکەیدا. لەناو ئەمانەشدا شەریف پاشا و هەندێ لێپرسراوانی بەریتانیا لە پێش هەموویانەوە. بەڵگەنامەی ژمارە (٣٧١) (٣٣٩٨) لە ١٢/حوزەیران/١٩١٨[٢] دا گرنگی پێدانی لێپرسراوانی بەریتانیا و شەریف پاشا بەدەر

دەکەوێ. بۆ بە یەك گەیشتن و لێدوان و ئاڵۆگۆڕکردنی بیروڕا لە پێناوی زانینی چۆنییەتی چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لە دوارۆژی بەروارەکەوە. بەڵگەنامەکەش دەربارەی چاوپێکەوتنی نێوان بەڕێز (بیرس کۆکس) و شەریف پاشا دەدوێ لە مرسیلیا لە فەرەنسادا لە ڕۆژی ٥ی حوزەیرانی ١٩١٨. بە ڕاسپاردنی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا. لە نامەیەکی بەڕێز (کۆکس) بۆ (مارك سایکس) ئەمەی خوارەوە هاتووە:ـ

مرسیلیا ٨ی حوزەیرانی ١٩١٨

**ئازیزەکەم (سایکس):**

گفتوگۆ لەگەڵ شەریف پاشا ئەنجام درا و یاداشتێکت بۆ دەنێرم دەربارەی ئەو شتەی کە باسی لێوەکرا کە خۆی لەسەرخۆیەوە دەدوێ، دانەیەکیش بۆ شکبرە (کە پێشتر باسمان کردبوو) دەنێرم لەگەڵ هەمان پۆستەدا.

ب.ز. کۆکس

چەند بڕگەیەکی یاداشتەکە بۆ ڕووندەکەینەوە بە ناو و نیشانی (یاداشتێك سەبارەت بە گفتوگۆی نێوان بەڕێز بیرس کۆکس و شەریف پاشا):ـ بە گوێرەی ئەم ڕێنماییانەی کە لە وەزارەتی دەرەوە پێم گەیشتووە، چاوم کەوت بە جەنەراڵ شەریف پاشا لە مەرسیلیا، لە ٣ی حوزەیرانی ١٩١٨. ئەو لە کوردەکانی هۆزی جافە لە هەرێمی سولێمانی، بەڵام هەر لە منداڵییەوە چاوی بە کوردستانی باشور نەکەوتۆتەوە، ئەوەی پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە ئەو دەڵێ یاداشتێکی نووسیوە لە ٢٣ی تشرینی دووهەمی ساڵی ١٩١٤، ئەو هەوڵ و کۆششانەی خۆی خستە ڕوو کە پەیوەندی هەیە بە کاروباری کوردەوە هەر لە کاتی دەست پێکردنی جەنگەوە، پێمگوت: من گرنگی دەدەم بە گفتوگۆکردن لەسەر هەر پێشنیارێك کە ئەو واتە (شەریف پاشا) پێشکەشی دەکات. لە وەڵامی ئەودا ئەو بێ پێچ و پەنا دەیەوێت هەروەکو کوردێك کە گرنگی بدرێت بە مەسەلەی وڵاتەکەی، ئەو دەچێتە سەر ئەو ڕایەی جێی گرنگییە کە ئێمە (لێپرسراوانی بەریتانیا) چەند هەنگاوێکی بە کەڵك بنێین لە پێناوی یەککردنی هەموو کوردەکان، بۆ جێبەجێ کردنی ئەم ئامانجانە پێویست لە سەرمان ڕامیاری داهاتوومان بەرامبەریان ڕوون بکەینەوە. (شەریف پاشا چەند پێشنیارێکی پێشکەش، بەڕێز (کۆکس)کرد، وەکو حوکمی زاتی بۆ کوردەکان) ئەو (شەریف پاشا) ناو و نیشانی یەکێ لە کوڕەکانی پێدام کە لە ئەسکەندەرییە ژیان دەباتە سەر و خاوەن مولك و سامانە لە دەوروپشتی شاری بەسرا.

PDF 4 KURD

داوای لێکردم چاوم بەم کوڕە بکەوێت کاتێ گەڕامەوە بۆ ئەولا، ئەمەیە کە من دەمەوێ پێی هەڵبستم.

ب.ز. کۆکس

شەریف پاشا لە لایەن خۆیەوە دڵخۆشی خۆی نیشاندا لەو گفتوگۆیانەی کە ئەنجامی دا لەگەڵ مستەر ـ کۆکس ـ و سوپاسی خۆی دەربڕی بۆ حکومەتی بەریتانیا کە دانی ناوە بە سەربەخۆیی کوردەکان. ئەو لەم نامەیەدا هاتبوو کە باڵوێزی بەریتانیا (ئیرل دربی) لە پاریسەوە ناردبووی بۆ (بلفۆر). بەڵگەنامەی ژمارە (٣٧١) (٣٣٩٨)(١٠٤٠٩٥) ـ (٢٥٤٣٤) لە ١١/حوزەیران/١٩١٨[٣] ی تێدا بوو. بەڕێز مارك سایكس ئەویش یاداشتێكی پێشكەش كردبوو دەربارەی كوردەكان. هەر وەكو دەردەكەوێ لە بەڵگەنامەی ژمارە (٣٣٩٨) (١٠٤٦٩٧/یو/٤٤) لە حوزەیرانی ١٤/١٩١٨.[٤] ئەو قسەی تێدا هاتبوو كە ناتوانرێ ئەم ڕاستییە بشاردرێتەوە كوردەكان خاوەن زیرەكییەكی گەلێ بەرزترن لە مام ناوەندی. لە نەوەی ئەمانەوە گەلێ فەرمانبەری زۆر بەناوبانگی لێ كەوتۆتەوە، لە بەشی شارستانییەتی بێ یان سەربازی لە سوپای عوسمانیدا، مستەر سایكس زیاتر دەڵێ:ـ من لەو باوەڕەدام پڕۆژەكەی شەریف پاشا چەند پێشنیارێكی گرنگ دەگرێتە خۆ، هەر چۆنییەكی بێ ئەم پێشنیارانە دەبن بە (ئەسپی تەروادە) بۆ خزمەت كردنی پلانی عوسمانییەكان، ئەگەر وازمان لە سەربەخۆیی ئەرمەن هێنا لە باكوردا، بە پێداگرتنمان لەسەر ئەوەی كە ئێمە دانمان ناوە بە نەتەوەی كورد. هاندانی نەتەوەی كورد شانۆنامەیەكە لە باكور (لە توركیا)، كە بڕیاری ئەوە دەدەین كە ڕامیاری كورد جێبەجێ بكەین، دەبێ ئەمە لەبەر چاومان بێ. من بە تەواوەتی لە كەسایەتی شەریف پاشا شارەزاییم پەیدا نەكردووە، ئەگەر ئەو مرۆڤێكی شایستە بێ و باری سەربازیمان ڕێك و پێك بێ، من گومان ناكەم لەوەی كە زۆر نزیكە بتوانێ تاڕادەیەكی دیاریكراو و یەكێتییەك لەناو كوردەكان پێك بهێنێ. پێویستە پێش ئەوەی دوابڕیار بدەین لەم بارەیەوە پرسێ بە (بوغوس نوبار پاشا) و ئەرمەن بكەین (ئەو بڕگەیەك لە یاداشتەكەی شەریف پاشا دەهێنێتەوە). مێجەر نوئیل بروسكەیەكی ناردبوو لە شوێنێكی نزیك سولێمانییەوە لە تشرینی دووهەم كە ڕای گشتی ناوەخۆ حەز بە هاتنی شەریف پاشا دەكات. بەڵگەنامەی ژمارە (٣٧١) (١٨٨٣٢٦) ١٥/تشرینی دووهەم/١٩١٨ بە ژمارە (٩٧٦٠) ئەمەی تێدا هاتبوو:ـ گومانی تێدا نییە مێجەر نوئیل لە ٩ تشرینی دووهەمی بروسكەیەك دەنێرێت (كە شەریف پاشا جێی ڕەزامەندییە و جەماوەرێكی زۆریشی هەیە لە كوردستانی خوارووداو ئارەزووی هاتنی دەكەن بۆ

تێره). بەڵگەنامەی ژمارە کراوی(١٨٨٧٨٥)(٢٥٤٣٤) لە لایەن (لۆرد دربی)یەوە (پاریس، ١٤ی تشرینی دووهەم، ١٩١٨).[٦] بریتییە لە تەلەگرافێ کە ئەمەی تێدا هاتووە:ـ شەریف پاشا داوای چاوپێکەوتنی منی کرد لە پێناوی بەدەست هێنانی ڕەزامەندی حکومەتی بەریتانیا لەسەر ناردنی سکرتێری تایبەتی خۆی. مێجەر غالب بەگ بۆ ئەستەمبوڵ، هەروەها عەبدولرەحمان بەگ (و،د،هـ،هـ) کە یەکێکە لە پیاو ماقوڵانی، بۆ ئەوەی لە بارودۆخی ئەوێ تێبگات. شەریف پاشا بە یەکێ لە ئەندامانی باڵوێزخانەی ڕاگەیاند ئەگەر حکومەتی بەریتانیا ڕازی ببێ ئەوا خۆشی دەچێ بۆ تورکیا هەر کاتێ ڕاپۆرتێکی دڵخۆشکەری بەدەست بگات لە دوو کەسە ناوبراوەکانەوە، پاشان باڵوێزی بەریتانیا(دربی) داوای ڕێنمایی دەکات دەربارەی ئەو هەڵوێستەی کە پێویستە لەسەری پێشانی بدات بەرامبەر شەریف پاشا. سەیری بەڵگەنامەی ژمارە(١٨٩٥٦٧) لە ١٥ی تشرینی دووهەم بکە، وەزارەتی هیند، وایت هۆل. ك. شكبره. ئەوە هەمووی بە ئاشکرا ڕوونی دەکاتەوە و ڕادەی گرنگی پێدانی ناوەندە هەمەجۆرەکان لە کورد و هێترەوە بە مەسەلەی کوردەوە، هەر لە سەرەتای جەنگی گەورەی یەکەمدا، ئەوەی کەمانایەکی گەورەی هەبێ دەربارەی هەمان بابەت، هەندێ لە ناوەندەکانی بەریتانیا دەست بە کاربوون بۆ ڕێك خستن و ئامادەکردنی چەند ڕێگەیەکی پڕوپاگەندەی تایبەت بۆ کارتێ کردن لەسەر گەلی کورد لە جەنگدا و هەروەها سەرنج ڕاکێشان و دڵنیاکردنیان بە گەڕانەوەیان بۆ مێژوو، پێشاندانی ڕووەکانی پەیوەندی نێوان کورد و عوسمانییەکان بە درێژایی ساڵانی ڕابردوو، هەروەها لە کاتی ئێستای ڕۆژانی جەنگ. لە هەمان سیپارەی (اضبارة) (٣٣٩٨)ی کۆمەڵەی (٣٧١) بەڕێز مارك سایکس و مستر (ئەرنۆڵد توینبی) نەخشەی پڕۆژەیەك پێشکەش دەکەن لە تەموزی (١٩١٨) بۆ پڕوپاگەندە کردن لە نێوان کوردەکان، هەروەکو دەردەکەوێ پێشان دانی ڕووداوە ڕاسییە زۆرەکانی مێژوو بە مەبەستی سەرنج ڕاکێشان و دڵدانەوەی کوردەکان. ئەمانەی خوارەوەش چەند پێشنیارێکیانن:ـ

١. هەر چەند جارێ بیانییەکان سەر لە کوردستان دەدەن بۆیان ڕوون بۆتەوە کە کورد هەموو کاتێ ئازادە.

٢. ئەو خاکەی درێژ دەبێتەوە لە بناری چیای زاگرۆسەوە هەموو کاتێ نیشتمانی کوردەکان بووە، هەر لە سەرەتای مێژووەوە تاکو ئێستا. پڕۆژەکە پتر دەڵێ:ـ ئیمپراتۆرییەتەکان لەناو دەچن، بەڵام کوردستانی تا هەتا هەتایە نیشتمانێکی ئازادی گەلی کورد دەمێنێتەوە (بیروڕاکان لە کاتی تەنگانەدا ئا بەم شێوەیە دەبێ).

٣. ....

PDF 4 KURD

٤. بۆچی کوردستان بە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی ڕازی بوو؟ ئەمە پەیوەندی بە بیر و باوەڕەوە هەبوو نەك بە نەتەوایەتییەوە.

٥. ....

٦. ....

٧. پێویستە کوردەکان وەکو عەرەبەکان هەوڵ بدەن، پێویستە هەردوو لا پێکەوە هەوڵ بدەن. پێویستە کوردەکان لەگەڵ عەرەبەکان یەك بگرن، هەروەها لەگەڵ مەسیحی و سریان و ئەرمەنەکاندا. ڕاستەوخۆ لە دوای ئەم خاڵانەوە چەند تێبینییەك هەیە کە بە مەرەکەب نوسراوە کە خۆشەویستی بەرامبەر کوردەکان دەردەبڕێت و دەڵێت: پرۆژەکە گەلێ چاکە، بەڵام پێویستە ئەم خاڵانەی خوارەوەش بخرێتە سەری (یانی کردەوەکانی عوسمانییەکان دژی بەرژەوندییەکانی کورد).

١. بە زۆرداری کۆچ کردن بە کوردەکان لە لایەن سەلیم (سوڵتان عوسمانی) سەلیمی یەکەم (١٥١٢ـ ١٥٢٠).

٢. لەناو بردنی دەسەڵاتی میرە نیشتمان پەروەرەکان لە کوردستان.

٣. نانەوەی گێروگرفت و ناکۆکی لە نێوان کورد و ئەرمەن و مەسیحییەکان.

٤. لە سێدارەدان و ئاوارەکردنی کوردەکان لە لایەن حکومەتی (اتحاد و ترقی) عوسمانییەوە بەڵگەش ئەو کوردە دوور خراوانە لە ئەنەدۆڵ(کە ژمارەیان چەند زۆرە).

٥. سوودوەرگرتنی عوسمانییەکان لە دووبەرەکیی نێوان هۆزەکانەوە.

ئەم خاڵانە کە بە ئیمزای (مارك سایکس)ە، بێگومان ڕاستی ناشارنەوە لەناو ئەم تێبینیە و ئەم خاڵە زۆرانەدا. ئەم بار و شێوەیە هیچ کەم و کورتی یەکی نییە تەنها نەبوونی پرۆژەیەکی تەواو نەبێ بۆ داهاتوویەکی ئازاد بۆ کوردەکان لە سەردەمی ئاشتیدا، پاش ئەو جەنگە جیهانییەی یەکەم.

PDF 4 KURD

**پەراوێزەکانی بەشی بیست و یەکەم:**

1-Ibid, (1932\M\2201) (6648) (British High Cornm. Istanbul) (18th., Sep. 1919).

٢- بەڵگەنامەی ساڵی ١٩١٨ لە مەلەفاتی ژمارە(٣٣٩٨) (١٠٤٦٩٧) (٣٤٠٧) (٣٤٠٦) (٣٤١٠) (٣٤١٣) (٣٣٨٥) (٤٣٦٨) –(٣٧١).

3- Ibid, (371) (3398) (104095) (25434) (Paris, June, 11th., 1918).

4- Ibid, (3398) (104697\W 44).

5- Ibid, (371) (188326) (Nov. 15, 1918).

6- Ibid, (371) (188785) (25434) (Paris, Nov. 14th, 1918) (Cherif Pasha) (From Lerby).

# بەشی بیست و دووەم

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

سکرتێر لـە فەرمانگـەی نێـردراوی پایـەداری بـەریتانیا لـە ئەسـتەمبوڵ مسـتەر(ڕیان) یاداشتێکی پێشکەش کرد (کە پێشتر باسی لێوە کرابوو) دەربارەی هەندێ کـەس و کاروبـاری کوردان. ئەم یاداشتەش دەکەوێتـە نـاو کۆمەڵـەی بەڵگەنامـەی ژمـارەکراو(٣٧١) (٦٣٤٦) (٢٢٦٢) لە ٢٣ی کانوونی یەکەم ١٩٢٠،[1] دەڵێت:ـ پێش چەند ڕۆژێ حەمـدی پاشـا بابـان سەری لێدام، وەزیری (دەریا)ی پێشوو، باسی سوودوەرگرتن لە کوردەکانی لەگـەڵ کردمـەوە، وەکو پەرژینێك دژی هاتنە پێشەوەی بەلشەڤیکەکانی بەرەو باشور.

٢. حەمدی پاشا:ـ بەلشەڤیکەکان دەسەڵاتی خۆیان تاکو ئێستا گەیاندۆتە سـنورەکانی تورکیا و ڕوسیای کۆن و دەبنە مەترسییەکی گەورە لەسەر وڵاتانی باشوری ئەوێ، لەناویانـەوە کوردستانیش ئەو حکومەتی بەریتانیای هان دەدا بۆ بەکار هێنانی کوردەکان وەکو پـەرژینێك بۆ پاراستن، لەبەر ئەمە پێویستە ماوە بدرێت بە چەند کوردێکی دەسترۆیشتوو لەوانـە سـەید عەبدولقادر شەمدینانی و هەروەها خۆی کە بچن بۆ موسڵ بۆ ئامادەکردنی هۆزەکانی ناوەخۆ لە بەرەیەکی یەکگرتوودا، بۆ ڕووبەروو بوونەوەی هاتنە پێشەوەی بەلشەڤیکەکان.

٣. ئەمە پێشنیارێکی نوێ نییە، عەبدولقادر گەورەترین کوردی دەسـت ڕۆیشـتووە زۆر جار دەربارەی مەترسی و هەڕەشەی بەلشەڤی قسەی کردووە، ئـەو لـەم باوەڕەدایـە دەتـوانرێ سوود لە کوردەکان ببینرێت بۆ لەناو بردنـی جووڵانـەوەی کەمالییـەکان و وەسـتاندنی هاتنـە پێشەوەی بەلشەویکەکان. (**صدرالاعظم**) فەرید پاشا ئەم بۆچوونەی تاڕادەیەك لا کاریگەر بوو کە پێشنیاری کرد بە دامەزراندنی ڕێکخراوەیەك دژ بە کەمالییەکان لە کوردستاندا.

٤. پەیمانیم پێدا (یانی حمدی) کە سەیری بیروڕاکەی بکرێت و بنێردرێت بۆ لێپرسـراوان، بەڵام باسی ئەوەم کـرد ئـەوەی لـە سـامان زیـاتر کوردەکـان پێویسـتیان بـە یەکگرتنـە بـۆ سەرکەوتنی پرۆژەکەی.

٥. ڕاستە یەکێتی لەناو کوردەکاندا نییە، هەر لە ئەسکەندەرۆنەوە هەتا قەفقاس....لە هەمان کاتدا دەتوانرێ کوردە دۆستەکان زەخیرە و ئازووقەی زیاتر پێکەوە بنێن، ئەمە شتێکی چاوەڕوان کراوە ئەگەر بەلشەویکەکان بیریان کردەوە لە هێرشبردن بەرەو باشـور لـە سـەرەتای ساڵی داهاتوودا. من زۆر ڕام لە حەمدی پاشا نییە چونکە بە کەسێکی دوو دڵم دێتە بەرچاو، بەڵام زۆر ڕێزم هەیە بۆ سەید عەبدولقادر، ئـەو دەسـەڵاتێکی ئـایینی گـەورەی هەیـە لـەناو کوردەکاندا و دڵسۆزیشە.

PDF 4 KURD

٦.  لێرەدا دوا زانیاریم دەربارەی باری کوردەکـان ئەوەیـە هـەر دوو لایەنەکـە جـارێکی تریش لێك نزیك بوونەتەوە، لەمەو دووا جارێکی تریش یەك یانـەیان دەبـێ بـە سـەرۆکایەتی عەبدولقادر و ئەمین عالی عالی بەگ بەدرخان دەبێت بە یارمەتی دەری. نێردراوی پایەدار لە ئەستەمبوڵ (هورنیس رمبولت) یاداشتەکەی (ریان)ی نووسیوەوە لە نامەیـەکی دابـۆ وەزیـری دەرەوە (لـۆرد کـیرزن) لـە ڕۆژی ٢٩ی کـانونی یەکـەم کـە بەشـێکە لـە بەڵگەنامەکـەی ژمارە(١٧٠١)(٥/١٧٤٢/١١) لە کۆمەڵەکەدا. بەڕێز (رمبولت) لە نامەیەکدا هەندێ بیروڕای تر دەنوسێتەوە لەوانە:ـ

١.  من ئەم یاداشتە تەنها ئاڕاستەی جەنابتان دەکەم... من نامەوێ لێرەدا هانی کوردە ناسراوەکان بدەم... تەنها لە ژێر ڕۆشنایی ئەو ڕێنماییانەوە نـەبێ کـە لـە حکومەتـەوە پـێم دەگات.

٢.  بەڵام ئەوەی گەیشتە تێگەیشتنم لە گرنگی ئەم یاداشتە پتر دەکات... بـە تایبـەتی ئەوەی پەیوەندی بە هەڵوێستی کوردەکانی دانیشتووانی هەرێمی جـەزیرەی (ئـیبن عومـەر)ی تورکیا هەیە.

٣.  وا پێویست دەکات هەر چۆنییەکی  بێ باسی ئەو هەڵوێسـتە بکـرێ کـە نیشـانەی خراپ دەدات بە دەستەوە لەم هەرێمانەدا، کە لە سەیر کردنا بۆمان دەردەکـەوێ لـەم شـوێنە گرنگ و دوورەدا.

٤.  چەند بەڵگەیەك هەیە کە بەلشەویکەکان لە شوێن خۆیانەوە لە ئازەربێجانەوە چاویان بریوەتە باشور... (حوسێن پاشا) لە حیجازدا، هەروەها کوڕەکەی (عەبـدوڵڵا) پاشـای ئـوردن پێشتر، لەوانەیە (فەیسەل)یش، ئەوانە دوورن لە باوەر پێکردنی میری بـەریتانیا، (عەبـدوڵڵا) چاوی بریوەتە وڵاتی نێوان دوو ڕوبارەکە. مسـتەفا کـەمال و لاینگیرنـی. (مـن تێدەگـەم بـۆ سەرنج ڕاکێشانە بۆ هەڵوێست بە شێوەیەکی تایبەتی) بە ئاشکرا ئارەزووی ئەوەیان هەیە کـە لەگەڵ بەلشەویکەکان ببنە هاوپەیمان لـەکاتی ئێسـتادا. واش دەردەکـەوێ نامـە دەنێـرن بـۆ حوسێن پاشا و کوڕەکانی. مستەفا کەمال پێی داگرتووە لەسەر ئەوەی (هەرێمەکانی تـر) بـە شێکن لە تورکیا و دەتوانرێ وەربگیرێنەوە. . ئەو بـە بەشـێکی بـەرەی نەتـەوەیی دادەنێـت. بێگومان لەگەڵ مەبەستەکانی ئەودا دەگونجێت بەهاندانی هەر چالاکییەك کـە بـۆ ترسـاندنی حکومەتی بەریتانیا لەم هەرێمانەدا. لە دواجاردا چەند پیاوێکی ناسراو بەم زوانە لە بەغـداوە گەیشتنە ئەستەمبۆڵ لە ناویاندا فواد بـەگ دەفتـەری زادە و ڕەوف بـەگ جادرچـی، ئـەوەش

PDF 4 KURD

مانای ئەوەیە کە هەوڵێك دەدرێت بۆ درێژە پێدانی تێکۆشانی نێوان ئەستەمبوڵ و وڵاتی نێوان دوو ڕووبارەکە بە مەبەستی پیلان نانەوە و پڕۆپاگەندە.

٥. ئەگەر بەکار هێنانی کوردەکان دەبێ بە بەشێك لە ڕامیاری میری بەریتانیا بۆ بەرەنگاری بوونەوەی ئەم چالاکییانە، پیاوە ناسراوە کوردەکان لە ئەستەمبوڵدا دەتوانن ڕۆڵێك ببینن.

٦.

**هۆرنیس رمبولیت.**

لە نامەیەکی دیکەدا لە یەکەمی کانونی دووەمی ١٩٢١. لە لایەن نێردراوی پایەدار (رمبولیت)، دووبارە باسی ئەو ڕاستییە دەکات کە سەرۆکە کوردەکان بە درێژایی دوو ساڵی ڕابردوو سوورن لەسەر ئەوەی ماوەیان پێ بدرێت بۆ ڕێکخستنی بزووتنەوەیەك لە کوردستاندا لە ژێر چاودێری بەریتانیا، ئەوان بەردەوام دەیان گووت کە هێزێکی تەواویان هەیە لەناو سەرۆکەکانی ناوەخۆدا بۆ سەرکەوتنی لەم هەوڵەدا. لە ناوەڕاستی (١٩١٩) لەو ساوە سەید عەبدولقادر باوەڕی خۆی دەردەبڕێ کە توانای هەیە کار بکاتە سەر (ڕەحمان شرناخ)... کە ئێستا باسی لێوە دەکرێ لەوانەیە یەکێ بێ لە دژایەتی کردنی کەمالییەکان. لەم دواییەدا حەمدی پاشای کورد پێشنیارێکی پێشکەش کردم بۆ ماوەدان بە عەبدولقادر و ئەوانیتر کە بڕۆن بۆ موسڵ بۆ یەك کردنی هۆزەکان دژی دوژمنەکاریی بەلشەویك، من وا تێدەگەم عەبدولقادر شەمدینانی خاوەن دەسەڵاتە و کە ئارەزوی کارکردنی هەیە لەگەڵ میری بەریتانیا، هەست بە نائومێدییەکی گەورە دەکات، بەڵام بەدرخانییەکان لەوانەیە چاویان بڕیبێتە چەند لایەنێکی ترەوە بۆ هاوکاریکردن، نەك میری بەریتانیا... بابانەکانیش لە هەموو شتێ زیاتر لایەنگریی عوسمانییەکان دەکەن. ئەمین عالی بەدرخان و کوڕەکانی جەلادەت و کامەران و خەلیل و فەرمانداری (مەلاتیە)ی پێشوو ئەوانە ئێستا لە ئەستەمبوڵدان. خێزانی ئەمین عالی سەفەری کرد لەگەڵ کوڕە بچووکەکەی (جەعفەر) بۆ ئەوەی بچێتە لای (ئەحمەد سورەیا) لە قاهیرەدا. ئەم سەفەر کردنە هیچ جۆرە گرنگییەکی ڕامیاری نییە. براکەی ئەمین عالی (عەبدولڕەحمان) ڕۆیشت بۆ بەیروت پێش دوو مانگ بۆ گفتوگۆ کردن لەگەڵ فەرەنسییەکان دەربارەی دابەشکردنی ئەو هەرێمەی کە بەدرخانیەکان داوای دەکەنەوە کە دەکەوێتە نێوان هەرێمی دەسەڵاتدارییەتی فەرەنسا و ئینتداب کردنی فەرەنسا لە سوریادا، وا دیار دەکەوێ شتێکی لە فەرەنسییەکان بەدەست نەهێنا، تەنها ئەوە نەبێ کە (دی کای) پەیمانی دا

PDF 4 KURD

داواکارییەکەی بنێرێت بۆ پاریس، ئەو گەڕایەوە بۆ ئێرە بێ ئەوەی چاوەڕەوانی ئەنجامێك بکات. (عەبدولڕەحمان) پێش ڕۆیشتنی لێرە سەری دا لە بارەگای نێردراوی پایەدار بۆ ئەوەی ڕوونی بکاتەوە پەیوەندی بەستنی لەگەڵ فەڕەنسییەکاندا بە پێچەوانەی بیروڕاکانی میری بەریتانیا نییە، کوڕی ئەکرەم بەگ، جەمیل بەگ پاشا کە پەیوەندییەکی بەهێزی هەیە لەگەڵ مێجەر نوئیل و بەدرخانییەکان تاکو ئێستاش هەر لێرەیە، سەرنەکەوت لەوەی فەڕەنساییەکان ماوەی پێبدەن بچێت بۆ دیاربەکر، ناوەناوە پیاوەناسراوەکانی ناوەخۆ دەردەکەون... وا دەردەکەوێ ئەمانە، ئەیانەوێ کە میری بەریتانیا جوولەیەك بکات ( بۆ سوود وەرگرتن لە کوردەکان). دوانێك لەگەڵ هەمان بەڵگەنامەدا هەڵواسراوە بە خەتی مەرەکەب نوسراوە بە پێنوسی مێجەر بونغ، لەسەر ئەم بیروڕایانەدا:ـ

گومان لەوە نەبوو کە لێپرسراوانی بەریتانیا تا ساڵی ١٩٢٠ لەو باوەڕەدا نەبوون جووڵانەوەی کەمالییەکان بەم خێراییە سەرکەوتن بەدەست بهێنن. ئەگەر ئەوان لەوە دڵنیا بوونایە ئەوا ئامانج و مەبەستێکی تریان دەبوو، لەوانەیە زۆر جیاوازی هەبێ لەگەڵ مەسەلەی کورد. لەوانەیە بیروڕاکانیان گەلێ جیاوازی هەبێ لەو بیروڕایانەی کە لەم بارەیەوە باوبوو لەو کاتەدا، بەڵام ئەگەر سەیری مێژووی دواترمان بکردایە بەدرێژایی پەنجا یان حەفتا ساڵ هەر ئەو لێکدانەوەیە دەبوو کە ئەو بیروڕایانە بە ئاشکرایی و دوور لە گومان هەمەجۆر و جیاواز دەبوون. ڕامیارییە خێرا سەرکەوتوو و کاتییەکان زۆرن. لە لایەنی ترەوە شتێکی گرانە بۆ ڕامیارییە درێژە خایەنەکان، کە تووشی هەڵە و سەرنەکەوتن نەبن. دەربارەی کوردستانی تورکیا لە کاتی خۆیدا نابێ ئەوە لە بیر بچێ ئەو ڕاستییەی کە ئەم لێپرسراوانە باوەڕی تەواویان نەبوو بۆ ئەوەی بتوانن کارێکی پێویست و بەکەڵك ئەنجام بدەن. هەر چەندە ئەمەش ئارەزووی زۆر لەوان نەبوو بە تایبەتی ئارەزووی هەندێ لە گەورەکانیان، وەزیری دەرەوە (لورد کیرزن) خۆی، هەروەها زیاتر لە پێویست ترس و ئاگا لە خۆبوون لە ململانێ و پیلانەکانی فەڕەنسا ئەمەش هۆکارێ بوو کۆسپەیەکی درووست دەکرد.

### سمکۆ و هەڵوێست بەرامبەر ئەو:

مەسەلەی کورد لە ئێران دا لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم پێگەیشت، لەو جووڵانەوەیەی کە ئیسماعیل خان شکاك (سمکۆ)ی بەناوبانگ پێی هەڵساو سەرکردایەتی کرد بۆ ماوەی چەندان ساڵ، لەم بارەیەوە پێویستە بگەڕێینەوە بۆ بەشی هەشتەم لەم باسەدا، هەروەها بۆ

PDF 4 KURD

وتاری ناوی (کتێبی کوردەکان ـ لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی ڕامیارییە) لە گۆڤاری (ڕۆژی کوردستان) هەر دوو ژمارەی (٥٧) و (٥٨)، شوبات و ئاداری ١٩٨٠، بەغداد. بۆ زیاتر ڕوون کردنەوەی ئەم جووڵانەوەی کوردەکان، هەروەها لەو نامە پەنهان کراوە، یاریدەری ئەفسەری ڕامیاری لە ڕانیەدا لە لیوای سولێمانی کە ناردبووی بۆ ئەفسەری ڕامیاری لە سولێمانیەوە دەربارەی ئیسماعیل خان (سمکۆ) لە ڕۆژی ٢٠ی تەموزی ١٩٢١. کە بەڵگەنامەی ژمارەکراو و (٣٧١) (٦٣٤٧) (٢٢٦٢)[٢]ی تێدا بوو، کە ئەمەی خوارەوەی تێدا نوسرا بوو:ــ بەدەست نیشانکردنی نامەکەی سمکۆ بۆ بابەکر ئاغا پشدەری، من بەم شێوەی خوارەوە لە سەری دەدوێم:ـ ئەو سمکۆیەی کە ڕووخانی چەند حکومەت و دەوڵەتی دیوە، تا ڕادەیەك لە چۆنییەتی چەسپاوی ئەم حکومەتە ئاگادارە، بەڵام ئەو بە تەواوی نازانێ لە کوێ بوەستێت. ئەو نایەوێ خۆی وا ببینێت ئەوەی لە دەستییەتی لێی سەندراوە ئەگەر یارمەتییەك یان پەیوەندیەکی دۆستانە بەدەست نەهێنێت لە حکومەتێکی چەسپاوەوە. ئەوەی پەیوەندی هەبێ بە هەرێمەکانی باکورەوە، بەدیار خستنی پەیوەندی دۆستانەمان و ئاشکرا کردنێکی فراوان دەربارەی ئەم پەیوەندییەمان لەگەڵ سمکۆدا ئەمە سوودێکی گەلێ گەورەی دەبێ. جا چ بە مافی خۆی بێ یان بە جێگرتنەوە بێت، ناوی سمکۆ گەورەیە. بیروڕای من ئەوەیە ئێمە لە هەوڵداغان بۆ زانینێکی ڕاستی ئەو شتەی کە سمکۆ دەیەوێ و ئەوەی لە تەواناماندا هەیە جێبەجێ بکەین ئەوا بەرژەوەندی خۆمان بەدەست دەهێنین. لەبەر ئەوە من تکاتان لێدەکەم ڕێنماییم بکەن بۆ بەکار هێنانی باشترین شێوەی دەربڕین دەربارەی وەڵامی بابەکر ئاغا لەسەر نامەکەی سمکۆ. هەمان بەڵگەنامە یاداشتێکی شاردراوی تێدایە بە ژمارەی (س/٦٣) لە ڕۆژی ١٩٢١/٧/٢٠ لە هەمان یارمەتیدەری ئەفسەری ڕامیارییەوە لە ڕانییەوە بۆ ئەفسەری ڕامیاری لە سولێمانیدا. سمکۆ ئەم نامەیەی خوارەوەی بە هۆی مەلا سولێمان نارد بۆ بابەکر ئاغا:ـ تەنها حکومەتی بەریتانیا ماوەتەوە، بەلشەویکەکان هێزیان نەماو دوورکەوتنەوە، ئێرانیش وەکو دەوڵەتێك هەبوونی بۆنییە، مستەفا کەمال کە نوێنەرایەتی تورکەکان دەکات لە بیست هەزار چەکدار زیاتری نییە لە دەور و بەری ئەنقەرە ئارامی و هێمنیش نەماوە، پڕۆپاگەندە دەربارەی جووڵانەوەکانی سوپای تورکیا لەسەر سنور لە لایەن ئەوانەوە بڵاو دەکرێتەوە بۆ دوو مەبەست:ـ کارتێکردن لەسەر هۆزەکانی سەر سنور، هەروەها چەندی لە تواناادا هەبێ بۆ کۆکردنەوەی باج و سەرانە. مەبەستی ئەو هێزانەی تورکیا کە گەیشتوونەتە (کانی ڕەش) بۆ خرۆشاندنی هۆزەکانە. من ئەمە دەزانم، بوختانی هەڵخەڵەتاندن لکێنراوە بە

پلە و پایەمەوە (سمکۆ وا دەڵێ)، بەڵام بەم شێوەیەی خوارەوە ڕوونی دەکاتەوە کە ئەو کەسانەی کە قسەکەم دەیانگرێتەوە:- هەڵسوکەوتی ئێستا و ڕابردووی من بە مەبەستی دژایەتی حکومەتی بەریتانیا بووە، بە پێچەوانەوە من بە دڵسۆزییەوە حەز دەکەم پەیوەندییەك دۆستانە ببەستم لەگەڵ ئەم حکومەتەدا، لەبەر ئەمە تکا دەکەم لە جیاتی من ڕێگەیەك بدۆزەوە بۆ تێك گەیشتن و گفتوگۆ کردن، بۆ ئەم مەبەستە من ئامادەم بگەمە باشور تا شاری (شنۆ) بۆ دیتنی نوێنەری حکومەت بۆ گفتوگۆکردن لەسەر کێشەکان. من وای بەباش دەزانم ئەفسەرێکی بەریتانیا بنێردرێت یان پیاوێ جێی بڕوا بێ و خوێندەواریی هەبێت. زۆر خاڵ هەیە دەتوانرێ دەربارەیان ڕێك بکەوین بۆ بەرژەوەندی هەر دوو لا لە ڕێگای لێك نزیك بوونەوەدا.تکام وایە ئەم پەیوەندییە نهێنییانە بپارێزیت. لە یاداشتی شاردراوی ژمارە (ج.٦١) لە ڕۆژی ١٩٢١/٧/٢٩ لە ئەفسەری ڕامیاری لە سلێمانیەوە بۆ سکرتێری نێردراوی پایەدار، دەربارەی مەسەلەی سمکۆ ئەمەی تێدا هاتووە:- هەر ئێستا ناوەرۆکی ئەو قسە نامەیەتان بۆ دەنێرێم کە بابەکر ئاغا لە سمکۆوە پێی گەیشت، من ڕەزامەندم لەگەڵ هەڵسەنگاندنەکەی (جێگری ئەفسەری ڕامیاری لە ڕانیەدا). کابتن (لوك) بۆ هەڵوێستەکە سەرەڕای ئەمەش دەمەوێ ئەم تێبینییانەی خوارەوە پێشکەش بکەم:-

١. لە ژێر ڕۆشنایی زانیارییەکانم دا، ئەو هەرێمەی کە سمکۆ دەسەڵاتی بەسەردا هەیە لە کاتی ئێستادا، یان ئەو دەسەڵاتی بەسەردا دەشکێ و لە دەرەوەی هەرێمەکانی ژێر دەسەڵاتی تورکیان یان ئێرانن. ئەم هەرێمە بە شێوەیەکی گشتی دەتوانرێ سنوری بۆ بکێشین بەم شێوەیەی خوارەوە:- هێڵێ: لە (بیراکابرا) درێژ دەکەمەوە (زێبار لەسەر ڕوباری زابی گەورە (باڵا)) لە سەر سنورەوە هەتا دەگاتە دیلمان (سلماس) لەوێوە لەوانەیە بگاتە شاری (خوی). لە باشوری ئەوێشەوە لەسەر ڕۆخەکانی دەریاچەی (ورمێ) لە باشورەوە هەرێمی (سلدوز) بگرێتە خۆ، لەوێش هەتا (بانە) جێی شاری (ساوج ـ بولاخ) لە ئێران. هەندێ گومان هەیە لەوەی هەرچەندی سمکۆ یارمەتی مەعنەوی ئێمەی پێ بگات دەسەڵاتەکەی تەواوتر دەچەسپێت لەم هەرێمەدا، لەوانەیە بتوانێتە دەسەڵاتی خۆی بگەێنێتە ڕۆژئاوای شاری (دزا) لە ئێران دا.

٢. لەوانەیە (سەید تەها) (پێشتر ناوی هاتووە لە خزمەکانی سمکۆیە) بە فەرمانی ئەو هەڵ بێت بە پەیوەندی کردن بە حکومەتی بەریتانیاوە.

PDF 4 KURD

٣. به گوێرەی ڕای ناوخۆ سوودێکی زۆری هەیە ئەگەر پەیوەندیمان یان پەیمانمان هەبێ لەگەڵ سمکۆدا، چونکە ئەو پەرژینێکی کاریگەرە لە نێوان ئەو وڵاتانەی کە لە ژێر دەسەڵاتی تورکیادان و سنووری ئێمەدا. بەم شێوەیە دوور دەکەوینەوە لەو هەڵوێستە نارێکە کە ئێستا سەری هەڵداوە (بەهۆی هاتنی هەندێ لە هێزەکانی تورکیا بۆ ڕواندوز).

٤. ئەوەی پەیوەندی بە حکومەتی ئێرانەوە هەیە، هەرچەندە هەندێ خاکی لە دەست داوە کە بە ڕواڵەت لە ژێر دەسەڵاتی ئەودا بوون، ئەو بەدڵخۆشییەوە ڕازی دەبێ بە دەسەڵاتدارییەتی هەندێ شێوە یاسا و قانوون... ئەوەش لە ئەنجامی ئەو نزیك بوونەوە و هاوکارییە بە ئاشکرایە دەبێ کە لە نێوان سمکۆ و حکومەتی بەریتانیا دا هەیە.

٥. ئەوەی پەیوەندی بە سمکۆوە هەیە، ئەو گەنجێکی بەهێز و ڕەقەکارە، ئەو هەموو کاتێ بە قسەی خۆی ناکات، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەو ئەگەر ڕوانە بووایە نەیدەتوانی ئەو پلەوپایە بەهێزەی بپارێزێت کە بەدەستی هێناوە. هەرچەندە وا دەردەکەوێ ئەو لە دژایەتی کردنی حکومەتی ئێران سەرکەوتنی بەدەست هێناوە، وا هەست دەکات شتی زۆر بەدەست نایەت تەنها بە هۆی هێزی هۆزەکان هەر چەندە حکومەت بێ هێز و شل و شۆپیش بێ، بە شێوەیەکی گشتی من لەم باوەڕەدام پەیمانێکی لەگەڵا ببەستن، جا هەر چەندی یارمەتی مەعنەوی پێببەخشین ئەو دەتوانێ ئەو مەرجانە بپارێزێت کە خۆی پێشنیاری کردووە. لە دواییش دا نامە گۆڕینەوەی تر بەردەوام بوو دەربارەی هەڵوێست بەرامبەر سمکۆ و شۆڕشەکەی بەدرێژایی ساڵی ١٩٢٠و دوواتر.

## کورد و یۆنانییەکان:

هەندێ کەسانی کوردستانی باشووریش خۆیان خستبووە نێو هەندێ ڕێکخراوەی ڕامیاری لە ئەستەمبوڵ ڕاستەوخۆ لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم. ئەوانەی کە جاروبار ناویان دەهێنرێت بە تایبەتی لەسەر چاوەکانی بەریتانیا. لەوانە ئیبراهیم ئەفەندی ئەلحەیدەری و زەکی و عزیز بابان و هەندێ پیاوی ناسراوی کورد کە هەندێ جار ناویان بەوە دەهێنرێت کە لە خێزانی بابانی ناسراون بۆ نمونە لەوانە: نەعیم بەگ بابان زادە بو مەجدی بەگ و هەروەها مستەفا پاشا (یا ملکی). باسی ئەوەمان کرد لە بەشی یانزدەهەمی ئەم لێکۆڵینەوەیدا لە بەڵگەنامەی بەریتانیای ژمارەکراو (٣٧١) (٥٠٦٨) (واتە٢٧٨٦) لە ژێر ناونیشانی :ـ

PDF 4 KURD

(بیروڕای گشتی لە تورکیادا بەرامبەری ڕێك كەوتنی كورد و ئەرمەن)[٣] ئەویش نامەیەكی نێردراوی پایەداری بەریتانیای تێدایە لە ئەستەمبوڵ (دی ڕۆبیك) بۆ وەزارەتی دەرەوە لە ١٥ی مارتی ١٩٢٠.

بەڕێز (ڕۆبیك) باسی نامەكەی دەكات ژمارەكراو (٣٠٦١) لە ٢ی مارت دەربارەی هەڵوێست بەرامبەر ڕێك كەوتنەكە. ئەو دەڵێت: ناڕەزامەندی دژی ئەم ڕێك كەوتنە بەلای زۆریەوە تەنها لە لایەن مستەفا پاشا بابان زادە و نەعیم بەگ بابان زادەوەیە. دەتوانین یەكەمیان وەكو نموونەیەكی ڕێزی ڕۆشن بیرانی دابنێین كە فەرمانبەری حكومەتی عوسمانی بوون، ئەوانە دەسەیەكی جیاوازی خواز پێك ناهێنن، بەڵام هی دووهەمیان (واتە نەعیم بەگ) ئەو لایەنی ئایین لەسەر رووی هەموو شێتكەوە دادەنێت. دەربارەی مستەفا پاشا لە كۆمەڵەی بەڵگەنامەی ژمارەكراو (٢٧١)(٦٢٤٦)(٢٢٦٢) ژمارە ٤٧٦ نهێنی[٤] كە نامەیەكی تێدایە لە لایەن نێردراوی پایەداری بەریتانیا لە ئەستەمبوڵ سیر(هۆرنیس ڕمبۆڵت) بۆوە وەزیری دەرەوە (ئیرل كیرزن) لە ١١ی مایس ١٩٢١، چەند زانیارییەكی گرنگ هاتووە، كە نێردراو دەڵێ:ـ بە دەست نیشانكردنی نامە پەنهان كراوەكەتان لە ژێر ژمارە ٢٥٨ لە ٢١ی نیسان، من دەڵێم وای تێدەگەم كە بە تەواوەتی یۆنانییەكان بەدووای چ تواناییەك دەگەڕێن بۆ هاندانی كوردەكان بۆ دروست كردنی كۆسپ لە ڕێگەی كەمالییەكان (نەتەوەپەرستەكان) لە سەر سنورەكانی ڕۆژهەڵاتیان. هەروەكو جەنابتان دەزانن هەر پلانێك بۆ دژایەتی كردنی كەمالییەكان بێ بەهێزی چەك هەندێ نەخشەی نادیاری تێدا بووە بۆ هەڵگیرساندنی كوردستان بەڕوویاندا. هەموو كاتێكیش چەند كوردێكی خاوەن بیروڕای نیشتمان پەروەری حەزیان كردوە كە ئەم جۆرە بەرنامە بخرێتە كار. چونكە كەمالییەكان بە هیچ شێوەیەك ماوە نادەن بەرنامانە بخرێتە كار. چونكە كەمالییەكان بە هیچ شێوەیەك ماوەنادەن كوردەكان حوكمی زاتی ئۆتۆنۆمییان پێ ببەخشرێت، سەربەخۆیی هەر نابێت. سیر(ڕمیۆڵت) زیاتر دەڵێ:ـ

٢. من گومانم هەیە لەوەی سەركردە كوردەكان پەیوەندی ڕەسمی ببەستن لەگەڵ یۆنانییەكاندا... (ئەو كاتی یۆنانییەكان هێرێشیان دەكردە لای ڕۆژئاوای توركیا).

٣.مستەفا پاشا ئەفسەرێكی عوسمانییە و باش ناسراوە، لە بنەڕەت خەڵكی شاری سولێمانییە، بە ماوەیەكی كەم لە دوای كۆتایی هاتنی جەنگ ناوبانگێكی گەورەی دەركرد، لەبەر ئەوەی لایەنگرێكی بەهێزی (سەدر ئەلئەعزەم) بوو. فەرید پاشا كە دژی كەمالییەكان بوو. دووا پلەی كە كاری تێدا كرد سەرۆكایەتی دادگەری سەربازی تایبەتی بوو لە دادگاكانی

مەسەلەکانی کوشتن و بڕین دا، هەروەها هی تریش. لەم کارەیدا گەلێ گەرم و چالاك بوو و پیا هەڵدەگووترا و ئەوەش بووە هۆی ڕق هەڵسانێکی زۆر لە لایەن نەتەوەپەرستە تورکەکانەوە، دەیان گوت، پێی دەگووترا نەمرود مستەفا. پاش ڕووخانی حکومەتی فەرید پاشا بە ماوەیەکی کەم تشرینی یەکەمی ١٩٢٠ مستەفا پاشا بە بوختانی بەندکرا (نێردراو دەڵێ) پەیوەندی هەبوو بە چالاکییەکەی لە دادگای سەربازیدا. تەنها بە هۆی یارمەتی دانی نێردراوی پایەدار ژیانی لەدەست نەدا و بۆ ماوەی حەوت مانگ بەند کرا و پاشان لێی بووردرا پێش کۆتایی هاتنی ماوەکەی. ئەو دیسان دەڵێ:ـ بەم زووانە لە وڵاتی نێوان دوو ڕووبارەکە ماوەی پێدرا کە بگەڕێتەوە ئەوێ، بەم هیوایە بەم زووانە بگەڕێتەوە بۆ ئەوێ. لەبەر ئەوەی مانەوەی لێرەدا پەسند نییە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی.

٤. مستەفا پاشا پیاوێکی ڕاستگۆیە و دڵ پاکە و چاپووکە، بەڵام زۆر زوو تووڕە و توند دەبێ، پێویستی بە زانایەکە (ڕێنمایی ) بکات، ئەو سوودی دەبێ بۆ دەسەڵاتدارانی بەریتانیا، بەڵام ئەو مرۆڤەش نییە کە حەقی بەگ. ئەویش لە تەلەگرافەکەی دا ژمارەکراو ٣١ لە ڕۆژی ٥ی تەموزی ١٩٢١.[٥] ئەم زانیارییە کەم و بە نرخانە ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە مستەفا پاشا تاکو ئێستاش لە ئەستەنبۆڵ دا هەیە تا تەموزی ـ ١٩٢١ـ بەلای کەمییەوە.

PDF 4 KURD

**پەراوێزەکان بیست و دووهەم:**

1-Fo (371) (6346) (2262) (December 23rd, 1920).

2- Ibid, (6347) (2262).

3- Ibid, (371) (5068) (E2786).

4- Ibid, (371) (6346) (2262) (E5713\43\93). (No. 476 Secret)

5- Ibid, (371) (6346) (2262) (165) (July 5th, 1921).

PDF 4 KURD

# بەشی بیست و سێهەم

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

یەك لەم بۆنانەی ئەو گرنگییــە بــەدیار دەخــەن کــە ســەرکردە کوردەکــان پێیــان داوە بــە مەسەلەی وڵاتەکەیان دەتوانرێ هەستی پێ بکرێت لەو یاداشتەی کە پارتی سەربەخۆیی کــورد پێشکەشی کرد بە ئیمزای (ئەحمەد سریا بەدرخان) لــە قــاهیرە بــە ماوەیــەکی کــەم لــە دوای جەنگی جیهانی یەکەم. ئەم یاداشتە لەگەڵ بەڵگەنامەی ژمارەکراو (٦٠٨)(٩٥)(٤٣٤) بــەرز دەکرێتەوە (لە لایەن سیروینکیت) (قاهیرە) ١٦ی کانونی یەکەمی ١٩١٨، یاداشتەکەی درایە هەموو نوێنەرانی وڵاتە بیانیــەکان لەوێــدا باســی هــەموو ڕوویــەکی مەســەلەی کوردەکــان و نارەزایی دەردەبڕێت لە چــاو تێــبڕینی بیــانی و دابەشــکردنی کوردســتان. یاداشــتە کــە بــەم شێوەیەی خوارەوە دەست پێ دەکات:ـ

Lecairel y Dec. 1918 Excellence,

Depuis vingan- Cingan L’’Europe Ecoute avec

Confirance.

Lerecit Emouvantd be Massaeve…

یاداشتەکە دیسان دەڵێ:ـ ئێمە کە کوردین خۆمان بەرامبــەر هەڵوێســتێکی زۆر ســەخت دەبینین لە کاتی ئێستاماندا، ئێمە نارەزایی دەردەبڕین دژی هەر چاوتێ بڕینێك بۆ کوردستان.

پارتی سەربەخۆیی کورد

ئیمزا: ئەحمەد سریا بەدرخان سکرتێری گشتی

LD- Nous protestons Ener qyement contreles

Pretetipons..

Surle Kuedistan comite; Drl

Indedependend kudne

Csigne sureys

Badr khan

Secretaire generel .

لە لایەکی دیکەوە هەمان گرنگی بە مەســەلەی کــورد دەدرا لــە هەرێمــەکانی دیکــەدا. بەڵگەنامەی ژمارەکراوی (٣٧١) (٣٣٨٥) (٧٤٧/١٩٢١٤٢) ٢١ی تشرینی دووهەمی ساڵی ١٩١٨ بە ناونیشانی:ـ (جووڵانەوەی لە پێناوی خۆ بەڕێوەبردن لە ژێــر ڕێنمــایی بــەریتانیادا

فراوانتر دەبێ..) ئەمەی تێدا هاتبوو:ـ ٩٩٤١ مێجەر نوئیلێ بروسکە دەکات:ـ جووڵانەوەی لە پێناوی خۆبەڕێوەبردن فراوانتر دەبێ لە ژێر ڕێنمایی بەریتانیا لە نێوان گەلی کورد، هۆزەکانی (ك)ی باشور فەرمانبەر و پۆلیس نوختەکانی عوسمانییەکان بەدیل دەگرن و داوای یارمەتی دانی بەریتانیا دەکەن بۆ پێك هێنانی یەکێتییەکی کۆنفیدراڵی لە نێوان هۆزە کوردەکاندا. لەسەر هەمان بەڵگەنامەدا لێدوانێك هەیە لە لایەن یەکێك لە ئەندامانی کۆمیتەی ڕۆژهەلات (کە پێشتر باسکراوە) (مێجەر ئۆرمسبی). لێدوانەکەی ئەرنۆڵد تویبنی دەڵێ:ـ ئەمەش یارمەتی چارەسەرکردنی دووا ڕۆژی جەزیرەی (ئیبن عومەر) دەدا لە تورکیا. لەسەر هەمان ڕێچکە و گرنگی پێدان کە هەروەکو ئەوەی پێشووە، بەڵگەنامەی ژمارەکراوی (٣٧١) (٢٠٤٢٩٨/٧٤٧) لە ١٢ی کانونی یەکەمی ١٩١٨، ڕوونکردنەوەیەك یان ئاشکراکردنێکی تێدایە کە ئیمزا کراوە لە لایەن سەرۆکە ئامادەبووەکاندا، مێجەر نوئیلێ داوای لە ئیمزا کەران کرد لەسەر زیاد کردنی بەندێك لەبارەی نوێنەرانی یان نێردراوانی کورد لە کۆنگرەی ئاشتیدا (کە لە پاریس بەسترا لە ١٢ی کانوونی دووهەمی ـ ١٩١٩) لە بەڵگەنامەکەدا ئەمە هاتووە:ـ مێجەر نوئیلێ لە ٨ی کانونی یەکەمی ١٩١٨ بروسکە دەکات و دەڵێ:ـ هەموو سەرۆکە ئامادە بووەکان ئێستا ڕاگەیاندنێکیان ئیمزا کرد بە پێویستم زانی لە کۆتایی یەکەیدا ئەم بەندەی خوارەوەشی بخەمە سەر:ـ (ئێمە تکا دەکەین لە حکومەتی بەریتانیا لە جیاتی ئێمە هەوڵ بدات بۆ بەدەست هێنانی کورسییەك لە کۆنگرەی ئاشتی بۆ نێردراوی کورد کە نوێنەرایەتی هەموو گەلی کورد دەکات. مێجەر نوئیلێ لە بروسکەکەیدا لەسەری دەڕوا و دەڵێ:ـ کۆمەڵە کەسانێ لێرە هەن کە زۆربەیان بازرگانن و ئیدارەیەکی ڕاستەوخۆ و داگیرکردن لە لایەن بەریتانیاوە لایان باشترە، ئەمەش سەرۆك هۆزە نەزان و خەوتووەکان هەڵدەخەڵەتێنن لە پێناوی ڕێگە خۆشکردن بۆ ئەم داگیرکردنە. منیش بیرم لەم ڕاستییە کردبۆوە کاتێ پێشنیارم کرد ئەو بەندە بخرێتە سەر ڕوون کردنەوە باسکراوەکە. لەسەر هەمان بەڵگەنامەدا لێداوانێکی تری ئەرنۆڵد تویبنی هەیە کەوا هاتووە:ـ ئەگەر ماوەمان دا بە نێردراوی کورد بۆ ئامادە بوون لە دانیشتنەکانی کۆنگرەی ئاشتی دەبێ گرنگی بدەین بە ژمارەیەکی لە تەنگ و چەڵەمە:ـ

١. تا ئەو کاتەی شتێك نییە بۆ دەست پێکردنی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی، بەخشینی ئەم ئیمتیازە مەترسییەکی پێشوەختی بۆ ئەرمەن دروست دەکات، بۆ نەتەوەکانی تریش، کە ئێمە و هاوپەیمانانمان بە شێوەیەکی ڕەسمی ڕازی نین بە نوێنەرەکانیان لە کۆنگرەدا.

PDF 4 KURD

٢. ئەم نێردراوە دەبێ کوردی ناو کوردستانی بێ، نەك پاشایەك بێ لە ئەستەمبوڵ و بە نەژاد کورد.

٣. ئەگەر ڕەزامەندی بەم نێرداوەی کوردستان پێشاندرا، نابێ دەستی هەبێ لە چارەسەر کردنی مەسەلەی ئەرمەن، هەرچەندە پێویستە گوێ بدرێت بە بیروڕای کورد و ئەرمەنەکان لە وڵاتەکانیاندا کاتێ گفتوگۆ لەسەر مەسەلەی ئەرمەنی دەکرێت. ئەوەی شایانی باس کردنیشە ئەوەیە کە هەمان گرنگی پێدان پەیدا بوو بە مەسەلەی کورد بە بۆنەی چەند ڕوون کردنەوەیەکی سەرۆك وەزیرانی ـ لوید جۆرج ـ لە ئەنجومەنی گشتی بەریتانیا لە شوباتی ـ ١٩٢٠ـــ دەربارەی دواڕۆژی کوردستان. بەڵگەنامەی ژمارەکراوی (٣٧١) (٥٠٨٦) (٤٤/١١/٢٦٠٧) لە مارتی ١٩٢٠، تەلەگرافێکی تێدایە لە لایەن ڕامیارە کوردەکانەوە، سەرکردەی ڕێکخراوە کوردییەکان:ـ وەکو، ئەمین عەلی بەدرخان، مەمدوح سەلیم، سەبری، باقی و کەمال فەوزی. ئەمەی خوارەوەش دەقی تەلەگرافەکەیە(بروسکە):ـ

بۆ پەرلەمانی (بەریتانیا).

لە قوستەنتەنییەوە، ٢٦ی مارتی ١٩٢٠ بۆ لوید جۆرج ی شکۆدار سەرۆك وەزیران، لەندەن. ئێمە کە لە خوارەوە ئیمزامان کردووە. نوێنەرانی ڕێکخراوە ڕامیارییە کوردییەکانین. لە جیاتی کوردەکان دڵخۆشی خۆمان دەردەبڕین بە بۆنەی یەکەمین جار دەرکردنی ڕوون کردنەوەکەتان لە ٢٥ی شوبات کە ڕزگار بوونی گەلی کوردی تێدا ئاشکرا دەکەن. پایەبەرزیتان دڵنیا دەکەین، کە ئێمە مایە و جێ بڕوای وڵاتە هاوپەیمانەکانین، تکای یارمەتیدانی حکومەتی بەریتانیا دەکەین بۆ کوردەکان لە پێناوی پێشخستنی وڵاتەکەمان.

ـ جێگری سەرۆکی کۆمەڵەی کوردی ناوەندی، ئەمین عالی.

ـ سکرتێری گشتی پارتی دیموکراتی کورد، مەمدوح سەلیم.

ـ سەرۆکی ڕێکخراوەی قوتابیانی (هێڤی) کورد، سەبری.

ـ سەرۆکی کۆمەڵەی زانیاری میللی، باقی.

ـ کەمال فوزی، بەناوی ڕۆژنامەگەری کورد.

گرنگیپێدان بە مەسەلەی کورد تا ئێستاش بەردەوامە لە لایەن هەموو جۆرە ناوەندەکان و شوێن و هەرێمەکانەوە، یەك لەوانە (حەمدی بابان) بوو ( سەیری بەشی ٢٢ی ئەم باسە بکە لە بەڵگەنامەی ژمارەکراو (٣٧١) (٥٦٠٨) ( یانی ـ ٣٢٩٧) لە وەزارەتی هیند ـ لەندەن لە ١٥ی نیسانی ١٩٢٠، (بیروڕاکانی حەمدی پاشا)ـــ( وا دەردەکەوێ لە ئەستەمبوڵەوە

PDF 4 KURD

پێشکەش کراوە) ئەمەی خوارەوەی تێدا هاتووە:ـ نامەیەکتان لە حەمدی پاشاوە بـۆ دەنێـرین تێدا سوپاسی خۆی دەردەبڕێ بەرامبەر ئەو ڕێز لێنانەی فەرمانبەرەکانی بەریتانیا بۆ ئـەو لـە کوردستاندا. هەروەها یاداشتی ئەفسەری ڕامیاری لە

ن. ب. فولو

٢٥/کانونی دووهەمی/١٩٢٠

گەورەی خۆشەویست

تکاتان لێدەکەم سوپاسی نیەتپاکی من وەربگرن، چونکە من خۆم بە قەرزاری ئێـوە دەزانم بە هۆی یەکەم سەردانی من بۆلای هاوولاتیانم و بۆ ئەو یارمەتییە باشەی کـە ئەفسـەرەکەتان لە کوردستان پێشکەشی کردم. هەروەها سوپاستان دەکەم بۆ ئەو یارمەتییـە دڵسـۆزانەی کـە پێشکەشی کوردەکان کرا لەو وەختە ناسکەدا کاتێ کە ڕۆژانـە بەسـەدان تووشـی برسـییەتی ببوون. ئەمەش مایەی دڵخۆشییە کە گەلەکەم دەبینم سەر لـە نـوێ گەشـە دەکاتـەوە، پـاش ئەوەی ڕزگاری بوو لەو ڕژێمـە خراپـەی (عوسمـانی). مـن بەختـەوەرم چـونکە ئـەو دەوڵەتـە گەورەیەی کە لەوانەیە جڵەوی ئینتداب بگرێتەوە دەست لە سـەر وڵاتـی نێـوان دوو ڕوبارەکـە گرنگی بەو بەشەی کوردستانیش دەدات کە من بۆی بە پەرۆشم بە شێوەیەکی تایبـەتی. مـن لـەم بـاوەڕەدام یـەکبوونی ئیـدارەی پەیوەنـدی نێـوان کوردسـتان و میزۆپۆتامیـا کلیلـی شارسـتانییەت و پێشـکەوتنە. بـەو هیوایـەم زانیارییـەکی فـراوان بـڵاو ببێتـەوە هـەروەها سامانێکی بێ سنووریان دەست بکەوێ کە بـە زووتـرین کـات ببنـە گـەلێکی دەوڵەمەنـد و تەندروست باش.

دڵسوزتان

حەمدی بابان.

ئەمەی خوارەوەش یاداشتی ئەفسەرێکی سیاسییە:ـ ئەمڕۆ حەمدی بەگ لە لامان دەڕوات لەگەڵ دەربڕینی دڵخۆشییەکی بەرابەر ئەو یارمەتییەی کە پێی گەیشت لە کاتی سەردانی بـۆ نیشـتمانەکەی. هـەروەکو مـن بـیرم لـێ دەکـردەوە، ئـەو جێمـان دەهێڵـێ بەدڵتونـدی و نائومێدییەوە. نەك بەهۆی ئەو کەم و کورتیانەی کە لە هاونیشتمانەییەکان هەستی پێ کـرد، بەڵکو بەهۆی ئەوەی کوردەکانی واهاتە بەرچاو وەکو گەلێکی پاشکەوتوو وان. من بە ئامـادە بوونی ئەو دڵخۆش بووم، دڵخۆش بووم لەبـەر ئـەوەی کەوتـە بـەر چـاوانەوە و لەبـەر ئـەوەی هەرچەندە هاتنی ئەو بووە سەرچاوەی چەند بیروڕایـەك و قسـەی هەمـە جـۆر، بـەڵام چـەند

بیروڕایەکی ڕێکوپێکی پێشکەش کردین. چونکە ئەو چەند لایەکی ئـەو ولاتـەی دیـووە، کـە بەهۆی تێڕوانینی تایبەتیی ئێمەوە ڕوون نابێتەوە. هەروەها ئەو چـەند ڕاسـتیەکی کاریگـەری ئاشکرا کرد. بیروڕای گشتی وابوو کە ئـەو پـالێوراوە بـۆ پایـەی فەرمانـداری. هـەروەها بـە پەیامنێر و زەوی پێوو ئەندازیاریکانی ژێر زەوی و وەکیلی بازرگانی دا دەنـرا، بـەلام بـیروڕای گشتی دەربارەی ئەو پالێوراوێکە وەك فەرمانداریکی هەرێمەکە. ئەوەی گومانی تێدا نییە کە هەندێ خۆتێ هەلقورتاندنی چەند کەسایەتێکی دیار دەگەڕێتەوە بـۆ ئـەم تێڕوانینـە هەلّەیـە، بەلام من وای نابینم کە ئەمـە لـە ڕاسـتیدا بیرێکـی پوخـت دەدات بـە دەسـتەوە دەربـارەی بارودۆخی کوردستان، بەلام بۆچوونەکانی ئەو (حەمدی بەگ) دلخۆشـەکەرە و شـایانی تۆمـار کردنە. هەندێ لەم بیروڕانە بە تەواوی ئەو ڕاستییەی بیرولێکدانەوەکانی مـن ڕوون دەکەنـەوە. سەرەتا و دوا بیروڕای ئەو ئەوەیە کە شتێکی گەمژەلانەیە هەولدان بۆ دەست بەسەردا گـرتنی ئەم نیشتمانە بێ چەند هێزێکی داگیرکەری یانە لای کەمی بۆ ماوەی دوو سالّ، بەلام بـیروڕای دووهەمی ئەوەیە پێویستییەکی زۆر بۆ خۆشکردنی ڕێگاکانی هاتووچۆ، منیش لەم بیرو ڕایەدا بە تەواوی لەگەلّ ئەودام. دەربارەی بروڕای یەکەمی تەنها چەند قسەیەکم هەیە بیلێم. تـەنها ئەوەیە هەتا دەوروپشتمان ئـارام و هـێمن نـەبێت مـن وای بـەباش دەزانم لەسـەر بەرنامـەی ئێستامان بڕۆین، بەلام هەر نائارامێك لە دەرەوە ڕوو بدات مەترسـی دەخاتـە سـەر ئێـدارەی هێمنی کوردستانی باشور. من وای بۆ دەچم لـە ژێـر ڕۆشـنایی تیشـکی ڕامیـاری ئێسـتا و سەرکەوتنە نوێکانی بەلشەویکەکان و دووای مۆرکردنی پەیمانی ئاشت بوونەوە لەگەلّ تورکیادا ( دەولّەتی عوسمانی ئەو ساکە) بەم هۆیانەوە پێویستە ئەوانەمان لە بیر نەچێت کە لەناو دۆخی دەرەوەدا هەن گومانی تێدا نییە لە زۆر و درێژ بوونەوەی ماوەی گەیشتن بە ئاشتبوونەوە لەگەلّ تورکیادا، کۆسپەیەك دەخاتە بەر ئیدارەکەوە، من خۆم هەست دەکەم کەوا نیگەرانییـەکی زۆر بیری سەرکردەکانی کوردستانی باشوری داگرتووە، کە هەلقوولانەوە لەم دووا خسـتنە و درێـژە پێدانە. لەمەش زیاتر، ناوی بەلشەویك و هەندێ لەو مانایانـەی دەیانگرێتـە خـۆ، بەداخـەوە لێرەوە ناسراوە (لە بنەڕەتەوە لە ڕێگەی ئەو کۆنە ڕۆژنامەیەی کە بـەزەیی پیـا هاتنەوەیـەکی تێکەلاوی تێدا هەیە). لێرەدا پالپێوەنەرەکانی پێشبینی تەنها کۆتاییان پێ نایەت. دوو نـاوی (یەکی لە سەرکردەکانی حکومەتی (اتحاد و تەرقی) عوسمانی کە بـەناوبانگ بـوون لـە کـاتی جەنگدا) ئەنوەر پاشا و حوسێن کامل پاشا، ناوی هەردووکیان زۆرباش ناسراوە. زۆر لە پیـاوە بیرفراوان و تێگەیشتووەکان وا دەبینن هەرچەندە ئەگەر پەیمانی ئاشتی لەگـەلّ تورکیـادا مـۆر

بگرێ (دەوڵەتی عوسمانی) و سنوری ڕامیاریش دیار بخرێ، سەرکردەی وەکو ئەمانە دەتوانن دەسەڵات دارییەکی تەواو بەدەست بهێنن بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی ئایینی بەبێ کۆنگرەی ئاشتی و حکومەتی عوسمانی مەرکەزی (لە ئەستەمبوڵدا) پەککەوتوو بێ هێز. دەربارەی هەڵوێستی گشتی خەڵك، حەمدی بەگ گەیشتۆتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:- من دڵنیا نیم لەوەی کەوا بە تەواوەتی لەگەڵیا هاوبیرورِا دەبم. گومانێکی کەمتر هەیە کە سەرۆکی دەرەبەگ و پیاوی ئایین و چینی مشەخۆر ئەوان داوای دژایەتی بەریتانیا دەکەن. ئەوا ئێستا خەڵك گومان لە وتەکانیان دەکەن، تاکو ئێستاش دەروونیان پڕە لە ترسێکی شاردراوە لێیان و نیگەرانن لە دووا ڕۆژ. لەم کاتە ناسکەدا، کە کاتێکی ناسکە، چونکە هەڵوێست بەرەو باشی نەچوو بەگەڕانەوەی دیلەکان لە (سورماوبۆر)،(بیلای) و (ناوکانك) لە هیندستان دا. وا دەردەکەوێ کەوا هەموویان ئاو دراون بە ئامۆژگارییەکانی هێندە ڕەق هەڵگرتووە کۆنەپەرستەکان. ئەوەی گومانیشی تێدا نییە کە هەندێ پڕۆپاگەندەی دژ بە ئێمە لە ڕێگەی موسڵ دەگات و بڵاو دەبێتەوە (واتە لە تورکیا). بۆچوونی حەمدی بەگ ئەوەیە ئەگەر بێت و ڕووداوی توندوتیژی سەرهەڵنەدات بۆ دەربڕینی نارەزایی دژی بەریتانیا لە کوردستانی باکور (لە تورکیا و شوێنی تر) بەهۆی دەست تێوەردانی بەلشەویکەکان، ئەگەر وەکوو ئەم ڕووداوانە نەبن ئێمە دەتوانین لەسەر بەرنامەی پێشوومان بەردەوام بین، بەڵام ئەگەر ئاژاوەیەك ڕووی دا لە سنورەکانماندا ئەوە کاردەکاتە دیوی ناوەوەش. لێرەدا من لەگەڵ ئەودام، ئەو حەمدی بەگ باسەکەی بە تەواوی ئاشکرا کرد چۆن کەسانی چینی دەوڵەمەند یان سەرەکی سوور بوون لەسەر لایەنگرتن و پشتگیری کردنی ئەو، ئەگەر ئەو ببێتە فەرماندار ڕزگاریان بکات لەو بار و تاقیکردنەوەیەی کە پێی دەڵێن:- کردنە هیندی (کوردستان بکرێ بە هیند). من نامەوێ بە هەڵە سەیری تێگەیشتنەکەم بکرێت، کە ئەم دەربڕینەم بەکار هێناوە (ئەفسەری ڕامیاری لەسەر ئەم یاداشتەی بەردەوامە). دیلە گەڕاوەکان یەکەم شت لە قسەکانی دژایەتییان کە بەکاری دەهێنن خراپ مامەڵەی سەرۆکەکان و هەژارکردنی جوتیارانە لە هیند کوردەکان بۆ ئەمە دەربڕینی بەکار دەهێنن (هیند بوونەوە) بۆ گەیاندنی ئەو واتایە. هەر وەکو دەزانن یەکێ لە کارە هەرە گرنگەکانی ئیدارە نەهێشتنی پڕوپاگەندەیە. حەمدی بەگ پێشنیارێکی کرد یان دوو پێشنیاری تایبەتمەند بە ڕێکخستنی کاروباری داهاتی سامان وەك ڕێگەیەك بۆ سەرنج ڕاکێشانی خەڵك. من وای تێدەگەم کە ئێمە پێویستمان بەم جۆرە شتانە نییە. وابزانم ئەو زۆر ڕەش بینە و ئاین کاریشی تێکردووە، ئەو لە پیاوێکی ئاین لادێیی ترسی هەیە، بەڵام من وا

PDF 4 KURD

نیم. ئەو بیر و لێکدانەوەی هی جیهانێکە خۆی دەیزانێ و منیش لێی نازانم، بەلاّم لە جیهانێکە من دەیزانم ئەو نایزانێ. لەو باوەڕەدام ئەو گرنگییەکی زۆر دەدات بە بیر و هەستی ئایینی، لەوانەیە بە هەڵەدا چووبم، بەلاّم لەو باوەڕەدا نیم ئایین ئەو قورساییەی هەبێت بەم شێوەیەی لە کوردستان بیری لیّ دەکرێتەوە. من لەگەڵ ئەودانیم نە لە شێوە و نە لە ناوەڕۆك لە هەڵوێستی پڕ مەترسی خەیاڵی لەو پڕوپاگەندانەی کە لە هیندەوە بلاّو دەبێتەوە و لە زیادە گوتنی ئەنجامەکانی ئەو شۆڕشانەی کە لە دەرەوەی کوردستان ڕوو دەدەن. هەروەها بە تەواوی لەگەڵ ئەودا ڕێك ناکەوم لەو قسەیەی ئەگەر دوو ساڵی بەسەر بەرین بێ ئەوەی ئاژاوەیەك ڕووبدات ئەوساکە دەتوانین هەر سێ هۆکارەکە بخەینە پشتگوێ. لەبەر ئەوەی ئەو کاتە جوتیار سەربەخۆیی خۆی وەردەگرێ لە سەرۆك و لە ئایین، پاشان بیر لە هیچ شتێ ناکاتەوە تەنها خۆشی و ئازادی خۆی نەبێ. بەم هیوایەم چاوپێ کەوتنێکی تەواوی بۆ ئامادە بکەن من دڵنیام لەوەی سەرنجتان ڕادەکێشێت و چەند بیروڕایەکی ڕۆشن و زۆر بەنرختان پێشکەش دەکات دەربارەی ڕامیاری کوردی باشور.

دڵسۆزتان - ئەی. ب. سون مێجەر

(**صدرالاعظم**)ی عوسمانی فەرید پاشا خۆی گرنگی دەدات بە کاروباری ئێستای تورکیا و هەرێمی کوردستانی باکور. بێجگە لە کەسانی تری کورد و هی تر. لە بەڵگەنامەی ژمارە کراو(٣٧١) (٥٠٦٨) (واتە ١٤/١١/٣٣٩٨) (بروسکەی ئەدمیراڵ دی ڕۆبیك) (ئەستەمبوڵ) (٤٠٠) ئەمەی خوارەوە هاتووە:ـ لە باسکردنی بروسکەکەمدا ژمارە (٣٠٢) ژمارەکراو (٣٧٢). یەك لە بیروڕاکانی سەدر ئەلئەعزەمدا فەرید پاشا لە بارەی سەرکوتکردنەوەی جووڵانەوەی نەتەوەیی ئامادە کردن و پاڵپێوە نانی کوردەکانە لە هەرێمەکانی دیاربەکر و خاربوت و موش ( لە تورکیا) بۆ هێرش بردنە سەر نەتەوەخوازەکانی تر لەوپەڕی وڵاتەوە، ئەو ئارەزوی لەوەیە غالب بەگ (پێشتر ناوی هاتووە) بنێرێت وەکوو والییەك لە (خاربوت) و سەید عەبدولقادر شەمدینانی والی بکات کە لایەنگری حکومەتی عوسمانی بکات، بەلاّم جێی توانا نییە بۆ جێبەجێ کردنی پیلانێك وەکو ئەمە بە تەواوەتی پێش ئاشکرا کردنی بەندەکانی ئاشتی کە دەبێتە هۆی دروست بوونی هەڵوێست و بارێکی نوێ لە وڵاتی عوسمانیدا. فەرید پاشا و عەبدولقادر هەر یەکە بە جیاواز ڕاوێژیان لەگەڵ کردم. ئەوەش کارێکی گرانە و ناکرێ کە هیچ شتێکیان بۆ باس نەکەین. فەرید پاشا ئەوەی پرسی ئەگەر بەم شێوەیە سوود لە کوردەکان ببنیرێت بە پێچەوانەی ئارەزو و سیاسەتی میریی بەریتانیایە:ـ عەبدولقادر ئامادەیە

هێرش بباته سەر نەتەوەخوازەکان، بەڵام ئەو نایەوێ هیوا و ئاواتی وڵات و نەتەوەکـەی بخاتـە بەر مامەڵەکردن. ئەو پەیمان نادا بە فەرید پاشا تەنها ئەو کاتە نەبێ کە دڵنیابێ ئاواتـەکانی کورد جێبەجێ دەکرێن و بەم شێوەیەی کە عەبدولقادر (خۆی ئارەزووی لێیەتی، ئەویش ڕزگـار بوونە لە ژێر دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی عوسمانیدا و هەنـدێ شـێوەی چـاوەدێری بـەریتانیا. ئـەو مەسەلەیە کە یەکجار ئاڵۆزە و مایەی سەرلێ شێوانە. ئەگەر تەنها سەیری لایەنی کوردم کرد و بە عەبدولقادر بڵێم کە باوەڕی هەبێ بە کۆنگرەی ئاشتی، بەڵام ئەگەر تەنها گـرنگیم دا بـە ئارەزووەکەم لە یارمەتیدانی فەرید پاشادا بۆ سەرکوتکردنەوەی نەتەوە خوازەکان و هاندانی بۆ سوود وەرگرتن لە کوردەکان بە گوێرەی توانا لە هەر هەرێمێك، ئەو کاتـە ملمڵانێکـە نابێتـە هاوتا لە نێوان کوردەکان خۆیانەوە. ئەوانەی لایەنگرن و ئەوانەی دژی نەتەوەخوازەکانن. مـن تەنها ئەوەم لە تواناداد هەیە کە پێشنیار بکەم بۆ هەردوو لایان ئەگەر بکـرێ بـۆ ڕێکخسـتنی جووڵانەوەی لە کوردستان و ئەنەدۆڵ، بەڵام هەرێمەکانی تـری کـورد هەڵنەگیرسـێندرێن، جـا حکومەتی بەریتانیا ناڕەزایی خۆی پیشان نادات، بەڵام ئەوە وا دەردەکـەوێ کـارێ بـێ جێـی گومان بێ، چ لەبارەی دابەش بوونی نێوان کوردەکان بێت، یان دڵنیا بوون لەوەی ڕێکخسـتنی هاوکاری نێوان فەریـد و کوردەکـان دژ بـە نەتـەوەخوازەکان ( کەمالییـەکان)، نابێتـە هـۆی لەناوچوون هەق و ئەرکی کۆنگرەی ئاشتی بـۆ باسـکردنی مەسـەلەی کـورد لەسـەر بناغـەی دانپیانراویدا، ئەویش سوود بوونە لە سەر ئەوەی باشترین بەرژەوەندی و ئارەزووەکـانی گشـتی هاووڵاتییان بە قەدەر توانایە هەمان شێوە سەیر ناکرێت.

PDF 4 KURD

### پەراوێزەکانی بیست و سێهەم:

1- Pro, Fo(608) (95) (434) (Politicaime) sir Rr Wingle Cairo) (16Th, December 1918)

2- Ibid. (371) (3385) (192142- 747) (November 212T. 1918).

3- Fo(371) (3386) (204298- 717) (December 21Th, 1918).

4- Fo(371) (5068) (E 2607-11- 44) (March 1920).

5- Fo(371) (5068) (E3297-11- 44) (India office) (Views of Hamdi Baban) Ils Tolerent L' Administration Actuelle, en se Rappelant Les Jours De Coreligionists, Leurs Tyrannies et Injustices Completement Oublies.

6- Fo(371) (5068) (E3398-11-44) TEL. From Admiral De Robeck) (Constantinople) (16th April, 1920) (Suggsted use of Kurdish Tribes) (Urgent, No. 400)

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

# بەشی بیست و چوارەم

PDF 4 KURD

پارتی سەربەخۆیی کورد ئەویش یاداشتێکی دیکەی دا بە وڵاتە هاوپەیمانەکان لە مارتی ١٩٢٠ ئەم پارتەدا وای دەوڵەتێکی سەربەخۆبووی کورد دەکات لە دەوڵەتی عوسمانییەوە، هەروەها هەرێمەکانی کوردی ئێرانیش دەگرێتەوە. یاداشتەکەش خراوەتە ناو بەڵگەنامەی ژمارەکراو (٣٧١)(٥٠٦٨)(واتە ٢١٢٧)،[١] لەگەڵ ئەو ڕووداوە زووانەی دووای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی کە نیشانەی دەست پێشخەری ناوەند و هۆزە کوردەکانە گرنگی دان بە بارودۆخی هەرێمەکانیان، ئەوەی دەردەکەوێ لە بەڵگەنامەی ژمارەکراو (٦٠٨)(٩٥)(١٦٥)(١٢٣٠٦)[٢] کە نامەیەکی تێدایە لە وەزارەتی دەرەوەی حکومەتی ئەستەمبوڵ بۆ نێردراوی پایەداری بەریتانیا، دەربارەی بەرەنگار بوونەوەی بیانییەکان. هەروەها تێبینییەکانی مستەر (ڕیان). کە نووسراوە (صەدرئەلئەعزەم)ی عوسمانی (دوێنێ) بۆی ڕوون کردەوە کە هۆزی (میللی) کورد، بەرەنگاری هەر هێرشێك دەکات کە بەرەو ناوچەکەی (ویران شەهر) بێت لە تورکیادا. سەرکردەکانی تیپی ١٣ باسی بەرەنگار بوونەوەی (مللی)یان کرد بۆ ئەم جۆرە هێرش بردنە.

صەدرئەلئەعزەم لەم بیروڕایەی ئەوەی دەربڕی کە دەیەوێ جەنەڕاڵ (ئیسماعیل فەزڵی پاشا) بنێرێت بۆ کوردستان کەوا شارەزایی هەیە لە کاروباری کوردەکان، بە مەرجێ کوڕی شێخ عەبدولقادر لەگەڵ بێ و هەروەها دوو کەسیش لە نێردراوانی عەبدولڕەحیم. بەڵگەنامەی (٦٠٨)(٩٥) لە ٦ی ئابی ١٩١٩[٣] نامەیەکی تێدایە لە لایەن شەریف پاشا بۆ (فانسیتات) دەربارەی سەردانەکەی (فەخری عەبدی بەگ) بۆ ئەستەمبوڵ و چاوەڕوانکردنی گەڕانەوەی نزیکی و گەیشتنی بەوەفدی کورد لە کۆنگرەی ئاشتیدا لە پاریس.

لە بەهاری ١٩١٩دا شەریف پاشا لە هوتێلی (کارلتۆن) دا دەبەزێ، لە لەندەن. هەڵدەستا بە گفتوگۆ کردن لە لێپرسراوانی بەریتانیا. بەڵگەنامەی ژمارەکراو (٥٠٦٨) (یانی ٢٦٢٨)(٤٤)[٤] ئەو گفتوگۆیەی تێدایە لە نێوان مستەر (فانیستارت) و شەریف پاشا. فانسیتارت دەڵێ: دوای گفتوگۆکردنم لەگەڵ (سۆکۆلۆ) ئەم بەیانییە چاوم کەوت بە شەریف پاشا، ئێستا من بۆم ڕوون بووە کە ئەو پاڵپشتی تورکەکان دەکات. کاتێ لێم پرسی ئەو نوێنەرایەتی کێ دەکات بەم قسەیە تووڕە بوو، ئێستا ئەو نامە و وێنەی تەلەگرافەیم بۆ بنێرن کە ئەو داوای دەکات ڕەوانەی بکەن بۆ سەرۆکی یانەی کورد لە ئەستەمبوڵ. بۆ ئەوەی تووڕەی نەکەین، من وای بەباش دەزانم کە پێی بڵێین ئێمە بروسکەکەی دەنێرین. ئەمە بە مانایەکی دیاریکراو

یارمەتیمان دەدات بۆ ئەوەی بە وردی بزانین کە ئەو نوێنەرایەتی کێ دەکات (شـەریف پاشـا. هەندێ لە هەڵوێستەکانی ئەم لێپرسراوانە بەرامبەر بە ئەو، هەروەها سروشتی پەیوەندییەکانی بەریتانیا و فەرەنساش کاریان کردۆتە سەری. دەربارەی هەندێ لە هەڵوێستەکانی هەموو جۆرە سـەرکردە کوردەکـان لـە ئەسـتـەمبولّ بەڵگەنامـەی ژمـارەکراو (٣٧١)(٥٠٦٨)(واتـە ٣٤٠١)(١٦ی نیسانی ١٩٢٠). بروسکەیەکی تێدایە لە لایەن ئەدمیراڵ (دی ڕوبیك)ەوە:ـ

بە پەلە:ـ

لەدەسـتدانی نیشـانکردنی بروسـکەکەی ڕابـردووم دا (٣٣٩٨) هەڵوێسـت لێـرەدا ـ ئەستەمبولّ ـ دەربارەی کاروباری کوردەوە ئالۆزە، چۆنکە نـاکۆکی نێـوان ئەنـدامانی یانـەی کورد لەو کاتەوە قووڵتر بووە. بەدرخانییەکان و هەندێکی تر، عەبدولقادر تاوانبار دەکـەن بـە هۆی ئەو چەند قسە و ڕوون کردنەوەیە گشتییەی داویەتی کـەوا لێکدەدرێتـەوە بـەبێ هێـزی هاوبەش کردن لە بەدی هێنانی ئاواتەکانی کورد کە چـی عەبـدولقادر هەڵوێسـتی دیـاریکراو خۆی پیشان دەدات بەرامبەر یەکێتی خـاکی کوردسـتان و حـوکمی زاتیـەکی سـەربەخۆ لـە تورکیا، بەڵام ئەو ڕێز. لە خەلافەت دەنێـت، ئـەو گرنگییـەکی کـەم دەدات بـە سـەربەخۆیی ڕامیاریی تەواو. ئەو بە دووای یارمەتییەکی بەریتانیاوە دەگەڕێت، ئەو دەڵێ هەر کاتێ ئەگەر حکومەتی بەریتانیا ئارەزوی یارمەتیدانی هەبێت، ئەو دوودڵ نییە لە ئاشکراکردنی ئەم جۆرە دەوڵەتە سەربەخۆیە، بەڵام ئەو وا تێدەگات هەڵوێستی ئێستا کاتێکی گونجاو نییە، نێـردراوێ پایەدار دەڵێ:ـ وا دەردەکەوێ دڵسـوزە، بـەهۆی پلەوپایـەی ئایینیـەوە ئـەو پیشـتیوانییەکی گەورەتری لێ دەکرێ لەناو کوردەکان لەوانەی تر کە تێکەڵاون لە میسالی و کەسـانێ کـە بـە نهێنی بۆ بەرژەوەندی عوسمانییەکان کار دەکەن. بەم شێوەیە وا دەردەکەوێ کە شتێکی گرانـە بۆ دابینکردنی نوێنەرانی باوەڕ پێکراو بۆ بیروڕای گشتی کورد لێرەدا( ئەسـتەمبولّ). هەنـدێ لە سەرکردە کوردەکان لـەوە دەترسـن چـەند پارچـەیەکی هەرێمـەکانی کـورد بکەوێتـە ژێـر فەرمانداریيەتی بیانی وەیان ناموسڵمان کابتن نوئیل (پێشتر ناوی بـراوە) باسـی سـانامەکانی دەکات لە کوردستان لە نێوان مانگی حوزەیران و ئەیلولی ١٩١٩دا. لاپەڕە ٦دا ئـەو ڕوونـی کردەوە پاش چەند لێکۆڵینەوەیەك لە ویلایەتی دیاربەکر کە چەند دڵنیاکردنەوەیەك دەربکـرێ کە هیچ هەرێمێکی کوردی عوسمانی ناخرێتە ژێر فەرمانداریيەتی بیانی یان ناموسڵمان، ئـەو وەڵامێکی لە لێپرسراوان پێ گەیشت کە ئەوان تەنها ئەوە دابین دەکەن هیچ هەرێمێك نەخەنـە بەر ئیدارەیەکی بەرفراوان ئەگەر کورد نەبێ. لە ساتنامەکانی نوئیل ڕوون دەبێتەوە لە لاپـەڕە

PDF 4 KURD

٢٤٤٠، سەرکردە کوردەکان هێرش نابەنە سەر کۆنگرەی کەمالییەکان لە سیواس. هەوڵەکانی سوڵتان پەسند ناکەن لەم بوارەدا. مستەر درایڤەر لە کتێبەکەی (کورد و کوردستان) دا دەڵێ: لە کاتی زووی دەست پێکردنی جەنگ واتە کانونی یەکەمی ١٩١٩، شەریف پاشا خۆی ڕاپێش کرد و ئامادەیی خۆی پیشاندا بۆ هاوکاریکردن لەگەڵ دەسەڵاتدارنی بەریتانیا، بەڵام ئەو داواکارییەی ئەو پشتگوێ خرا، چونکە لەو باوەڕەدا نەبووین چالاکی یەکانمان کوردستانیش بگرێتەوە، بەڵام بە داخەوە، ئەو وا دەڵێ: ڕۆژگار ماوەی نەداین سوود وەربگرین لە هەڵوێستەکە، بەڵکو ناچاری کردین هەتا واز لە دۆستە نوێ کانیشمان بهێنین. هەروەها دەڵێ: لە هەرێمەکانی کوردی باکور لە تورکیا وا دەردەکەوت گفتوگۆ لەگەڵ کوردەکانا کارێکی زۆر گرانترە لە هی هەرێمەکانی دوورتر بەرەو باشوور. ئەویش بەهۆی هەبوونی چەند کەمایەتییەکی نا موسڵمان و چۆنییەتی مەسەلەی ئەرمەنی. هەروەها بە هۆی پڕوپاگەندەی فەڕەنساوە کە ڕۆڵی فەڕەنسای پیشان دەدا لە پاراستنی ئەم کەمایەتییانەوە. ئەو زیاتر دەڵێ: خیتابێکی کە پڕوپاگەندەی فەڕەنسا بە دووای دا کەوتبوو دەتوانین هەستی پێ بکەین لە ئەستەمبوڵ لە ٢٤ی تەمووز. (عەونی بەگ بەدرخان) کەوا بیری لێ دەکرایەوە یەکێکە لە پەیمان دۆستەکانی فەڕەنساییەکان لەم خیتابەدا کۆبوونەوەی پارتی کورد دژایەتی پیشاندا لە چەند سیاسەتێکی پەیڕەو کراو بەرامبەر کوردستان لە لایەن چەند وڵاتێکەوە. ئەو وای بۆ چووە کەوا خۆشی بەرژەوەندییەکانی هەرێمەکانی کورد پتر دابین دەکرێ بە بەدەست هێنانی هەڵوێستێکی دۆستانەی فەڕەنسا، چونکە ئەو تەنها گرنگی بە بازرگانی دەدات. ئەو پتر دەڵێ: لە ماردین گوتیان بەڕێوەبەری بانگی (ئاغری نەجیب ئەفەندی) هانی پیاوانی هۆزەکانی ئەدا دژی شۆڕشەکە، لە هەمان کاتا ناکۆکی کوردەکان ئەوەی نیشان دا کە قسەیان بە تەواوەتی یەك نییە لە ڕامیاری دا و هەوڵدان بۆ نەهێشتنی ناکۆکی ناوەخۆ لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجە گشتییەکاندا. ئەمە دەردەکەوێ لە نێوان چەند هۆزێکی دانیشتووی دەوروبەری دیاربەکر. لەو کاتەی سەرۆك هۆزەکانی میللی و قەراکیچ پەیمانیان دەبەست لەگەڵ حکومەتی عوسمانی لە ئەستەمبوڵ، سەرکردەی تورکی تیپی پێنجەم لە ماردین پاڵپشتی ئەم سیاسییانەی دەکرد (سەرۆك هۆزەکان) سەرۆکێکی تر کە ناسراوێکی کوردە لە (ئورفەلبود) محەمەد بەگ هاوکاری لەگەڵا دەکردن و هێرشێکی بردە سەر بیانییەکان لە نێوەڕاستی مانگی مارت. سەرۆکی هۆزەکانی دراوسێی ئەوێ هەستان بە سەردانی ئورفە بۆ ئاشکراکردنی دۆستایەتییان بۆ سەرکردەی هێزەکانی هاوپەیمانان لە هەرێمەکەدا. لەناو ئەوانەدا: سەعید

PDF 4 KURD

بەگ و بەکر بەگ لە هۆزی بادیلی و دوکرلو، هەروەها مستەفا بەگ و وەیسی بەگ لە هـۆزی فەراکیچ (سنان ئاغا) لە هۆزی شێخان. سەرۆکەکانی یانەی کورد و تورکمان لـە مـاردین لـە ماڵەکانی سەرۆکە مەسیحیەکان کۆبوونەوەیان دەکرد لەناو شاردا. بـەڵام هێنـدەی پێنەچـوو، سەرۆکی هۆزەکانی (میللی) مەحمود بەگ فەرمانی دا بە هۆزەکانی کە هێمنی بپارێزێت. لـە کۆتایی مایسی ١٩١٩، هەندێ لە سەرۆکە کورد و تورکەکان لـە (مەلاتیـە) یـەکیان گـرت. پارێزگارێکی کورد کە بەدرخانی بوو هانی ئەم جووڵانەوەیەی دا. (خەلیل کـە پێشـتر ناویـان هاتووە، عەبدولڕەزاق بەگ و کامل بەگ خۆیان گەیاندە شێخ عەبدولقادر (ئـەوە مانـای ئـەوە دەدات کەوا عەبدولڕەزاق بەدرخان تا سـاڵی ١٩١٩ هـەر زینـدوو بـووە). دکتـۆر عەبـدوڵلاّ جەودەت کە کوردە لە خێزانێکی ناسراو لە دیاربـەکر. دەربارەیـان نووسـیبوو کـەوا سـەفەری کردووە بۆ فەرەنسا بۆ چاو پێکەوتنی شەریف پاشا هەر لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگ. ئەوەی سوودی هەبێ نوسینەوەی ناوی سەرۆکەکانی یەکێتی هۆزەکانی (میللی)یە، هەروەکو درایڤـەر لە کتێبەکەیدا نووسیویەتی یەوە:ـ محەمەد حلوـ کوفری محەمەد ئاغاـ حوسێن  ئاغاـ جومعە سوئاغاـ خلوف ئاغاـ عوسمان ئەیکوت ئاغا(یاقوت)ـ بوبوسید و کولوك ـ عومەر زلفو ئاغاـ محەمەد سنان ئاغاـ محەمەد سینوـ مستەفا ئاغاـ محەمەد بەکر ئاغاــ هـەوزا ئـەیوب ئاغاــ ئیبراهیم ئاغاـ مستو  کوهسور ئاغاـ سنان ئاغا ئیبراهیم ـ حەسەن یوسـف ـ عومـەر ئاغـا حاجی حەموـ مەلا ئەفەندی خردورـ خەلیل بەکر ئاغاـ حەبیب ئەقوب ئاغاـ حەسەن محەمەد ئاغاـ حەمەد یوسف ئاغاـ سەنکریش ئاغا مەحمود ئاغاـ بشار ئاغاـ حاکین قنجـو و حـاجی سنان ئاغا.

PDF 4 KURD

## پەراوێزەکانی بەشی بیست و چوارەم:

1-Fo (371) (5068) (E2127) (14 Th, March 1920) (From Sureuya Bedr Khan) (Cairo).
2-Ibid (608) (95) (12306) (165) (27 TH, April, 1919) (Sublime porte) (Tres Confidential).
3-Ibid (608) (95) (17280) (Cherif Pasha th Vansptart) (Aug, 6 th, 1919).
4-Ibid ( 5068) (E 2628\11\44) (Vansitar) (3 rd April, 1920).
5-Fo (37) (5068) (E 3401\11\44) (Tel. from Admiral De Robeck (16 th, April, 1920).
6-Driver, G – R – Kurdistan and the Kurds, Printed by the G. S. I. – Mount Carmel, 1919, p. 77- 79.

٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو.
٨- هەمان سەرچاوەی پێشوو.
٩- هەمان سەرچاوەی پێشوو.
١٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو.
١١- هەمان سەرچاوەی پێشوو.
١٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو.
١٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو.
١٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

PDF 4 KURD

# بەشی بیست و پێنجەم

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

به پێچەوانەی بیروڕای هەندێ کەس، کوردەکان دوای شەڕی یەکەم هەروەك چەند جارەیان ببوونە قوربانی بە خراپ تێگەیشتنی زۆرەوە، هەندێ جاریش دەکەوتنە ژێر هەر دوو لای بەردی کوتانەوە بە چاوێکی هەڵەوە سەیریان دەکەن لە نێوانیاندا، یان لێرە و لەوێدا. کاروبار ئەنجام دەدرا لە لای ئەم لایەنە و لایەنێکی ترەوە تا ڕادەیەك بەبێ جیاوازییەکی ئاشکرا. جا بەڵگەنامەی ژمارەکراو (٦٠٨)(٩٥)(ئێکس ٥٨٢٨ هەشتەم) لە ٤ی نیسانی ١٩١٩[1] بروسکەیەکی تێدایە لە نێردراوەکەی ئێرەوە بۆ نێرداوی پایەدار لە ئەستەمبوڵ و بۆ سەرکردایەتی بەریتانیا لە مسر لە ٤ی نیسان، باسی ڕوودانی چەند تێکچوونێك دەکات لە نێوان کوردەکانی هەرێمی جەزیرەی (ئیبن عومەر) کە سەری هەڵداوە لە ئەنجامی هاندانی ئەو پڕوپاگەندەیەی لە تورکیاوە دەرچووە. بروسکەکە (تەلەگرافەکە) داوا لە نێردراوی پایەدار دەکات پاڵەپەستۆ بکات لەسەر میری عوسمانی (ئەستەنبۆڵ) کە هەستێ بە هێرشێکی سەربازی بۆ دەم کوتکردنەوە، لە هەرێمی (کویان) بە بەکار هێنانی تیپی ١٣بۆ هەڵمەت بردن لە ڕێگەی جەزیرەوە. ڕۆڵی ئەو هێرشە تەنها بۆ گێڕانەوەی هێمنی و ئاسایشە( لەوانەیە هەمان هێز بێت کە کەمالییەکان بەکاریان هێنا پاش چەند مانگێك بۆ هەمان ئامانج، هەروەکو دیارە لە بەشەکانی ڕابردوودا). تەلەگرافەکەی زیاتر دەڵێ: بۆ ئەوەی حکومەتی عوسمانی لەسەر دوو پەت یاری نەکات پێشنیار دەکەن نوێنەرێکی بەریتانیا هاوبەشی ئەم هەرێمە بکات. ماوەنەدان بەم یاری کردنەی سەر دوو پەت بەحکومەت دەکەوێتە ئەستۆی ڕامیاری فەرمانبەران لە وەزارەتی وڵات بۆ مەبەستی وروژاندنی کوردستان (بەم شێوەیە) (نازانرێ چۆن؟). لە بەڵگەنامەی ژمارەکراودا (٦٠٨)(٩٥)(٧٦٧) لە ١٣ی نیسانی ١٩١٩[2] وەڵامی نێردراوی پایەدار درایەوە لەسەر ئەو تەلەگرافەی کە ئەمەی تێدا هاتبوو: لە دەست نیشانکردنی تەلەگرافەکەتان ژمارەکراو (٥٨٢٨)(لای سەرەوە) خۆ ئامادەکردنەکانی حکومەتی عوسمانی بۆ هەڵمەتە سەربازییەکە بەم شێوەیە: لە نێوان هەژدە فەوجی (جەعفەل) سێزدەهەم دا کە گردبوونەتەوە لە مەلاتیە و دیاربەکر و سعرت دا تەنها (٨) فەوجی بەکەڵکی کارکردن دێت، جگە لە دوانزدە ڕەشاش، بەشێك لەم هێزە دەنێرێت بۆ لای شرناخ، کوبان و جەزیرە بۆ گێڕاندنەوەی یاسا، بەشێکی تری دەنێرێت بۆ سەر هۆزەکانی کۆبووەوە لە نێوان موسڵ و نسیبین بۆ ئەوەی ماوەیان نەدەن بگەنە هێزەکانی باکوری ئەوێ. حکومەتی عوسمانی دڵخۆشە بە ڕەزامەندی نێردراوی بەریتانیا لەسەر ئەم هێرشە، هەوڵ دەدات پەیوەندی

PDF 4 KURD

ببەستریت بە سەرکردایەتی لە دیاربەکر بۆ ڕێکخستنی کاروباری پێویست. نێردراوی پایەدار لەسەری دەڕوا و دەڵێ: من باوەڕم زۆر نییە بە سەرکەوتنی ئەم کارە سەربازییەی عوسمانی دەترسم زۆر درێژە بکێشێ و سوودێکیشی نەبێ. بەم شێوەیە حکومەتی ئەستەمبوڵ خۆی دوژمنایەتی کوردەکانی دەکرد، هەر لەو کاتەدا هەندێك گرنگی بە کورد دەدا (جاروبار کورد بە شێوەیەکی گشتی) ئەمەش شتێکی سەیرە، کە دوورە لە لێکدانەوەی ڕاست و درووست ـ حکومەت بە پەلە کارێکی سادەی تری ئەنجام دا، بەڵام نامەیەکی وەك ئەو دەداتەوە، بە شێوەیەکی تر. بەڵگەنامەی ژمارەکراو (٦٠٨)(٩٥)(٧٠٤٩)(٦٨٢) لە ٣ نیسانی ١٩١٩[٣] تەلەگرافێکی تێدایە لە لایەن نێردراوی پایەدارەوە ئەدمیراڵ (ویب) بۆ نێردراوی لە نێوان دوو ڕووبارەکە ئەمەی تێدا هاتبوو: لە دەست نیشانکردنی بروسکەی ژمارەکراوتان (٢٥٧٥٣) و (٣٦٥٠) لە ٣١ مارت. کوڕی عەبدولقادر شەمدینانی سەرۆکی ئەنجومەنی وڵات لە لایەن میرییەوە دەنێردرێت بۆ (نسیبین) و (کویان) بۆ گێڕاندنەوەی هێمنی و یاسا لەم هەرێمانەدا. دەسەڵاتێکی (یان عەبدولقادر) گەورەی هەیە لەسەر هۆزە کوردەکان، تکایە هەموو جۆرە یارمەتییەکی بدە بۆ گەیشتنی بە ئامانجەکەی، ڕۆژی دەرچوونیتان بە تەلەگراف بۆ دەنێرم. بەڵگەنامەی ژمارەکراو (٦٠٨)(٩٥)(٦٨٦٩) تەلەگرافێکی دووبارەکراوی تێدا بۆ سەرکردایەتی میسر لە ڕۆژی ١٠ی نیسانی ١٩١٩ بۆ (دی. ئیم. ئای)[٤] ئەمەی تێدا هاتبوو: لە دەست نیشانکردنی تەلەگرافی ژمارەکراو (٣٤٣٩) لە ٢٦ی مارت ئەم تێبینییانەی تر دەنێرێت: کەسە سەرەکییەکانی جووڵانەوەی لە بەرژەوەندی سەربەخۆیی کورد لە ژێر چاوەدێری تورکیا لە ئەستەنبوڵ ئەمانەن: شێخ عەبدولقادر، برای (ئەو کوڕی مامیەتی) سەید تەها و دکتۆر عەبدوڵڵا جەودەت و سلێمان نەزیف. خێزانی بەدرخانییەکان زۆر کەسیان هەیە لە ئەستەمبوڵ و پەیوەندیش بە ئەوانەوە پتەوە. دەڵێن ئەمانە ئازادن لە بەکار هێنانی (اللفوت) بۆ ماردین و دیاربەکر. لە کوردە ناسراوەکانی دیاربەکر لێژنەیەکی بەهێز پێك هێنراوە لە پێناوی پێش خستنی جووڵانەوەکە. بەهەمان شێوە لێژنەیەکی تر پێك دەهێنرێت لە ماردین. لە میسر لە لایەن (سریا بەگ بەدرخان) هەمان چالاکی بەرەنگاری دەکاتەوە. هەروەها بەڵگەنامەکە دەقی تەلەگرافی ژمارەکراو (٣٢٤٣) دەنووسێتەوە دەربارەی پڕوپاگەندەی بە هێزی عەبدولڕەحمان سەرۆکی کوردەکانی (شرناخ) لە باکوری جەزیرە، هاندەرەکانیش چەند کەسێك لە ئەستەمبوڵ دان. تەلەگرافەکە لە پێناسەی ئەم کەسانە دەپرسێت. بەڵگەنامەی ژمارەکراو (٦٠٨)(٩٥)(٦٨٦٩)(ئیکس ٥٧٨٦) لە ١٩ نیسانی

١٩١٩[٥] تەلەگرافێك تێدا وەڵامی ئەمانەی خوارەوە دەداتەوە:ـ پێشنیارکرا ئەفسەرانی ڕامیاری (دیارمی) و (جوترك) لە ویلایەتی (وان) تا ناوەڕاستی مایس دەست بەکار بن، ئەمەش لە پێناوی پاراستنی ئاسورییەکان لە هەرێمەکەدا کە دەکەوێتە باکوری موسڵ لە کاتی و لەدوای دووبارە نیشتەجێکردنیان، هەروەها داگیر کردنی (جەزیرەی ئیبن عومەر) بە هێزی هەڵمەت بەری میسر؟ لە نسیبینەوە. تکایە وەڵامی ئەمە بدەنەوە وا دەردەکەوێ جەنەڕاڵ شەریف پاشا نێردراوی کورد لە کاتی خۆی چاوی کەوتبوو بە (صەدرئەلئەعزەم) فەرید پاشا. جا بەڵگەنامەی ژمارەکراو (٦٠٨)(٩٥)(١٩٦)(١٣٩٥٥٩) لە ٢٣ی حوزەیرانی ١٩١٩[٦] نامەیەکی تێدایە لەناویا شەریف پاشا دڵخۆشیی خۆی دەردەبڕێ دەربارەی ئەو ڕەزامەندییە گەرمەی کە پێشاندرا لە کاتی گفتوگۆکانیدا. هەروەها ئەو گرنگییەی کە چالاکییەکەی بە دەستی هێنا بۆ لەناو بردنی پارتی (اتحاد و الترقی). ئەو ئەو هۆکارانە ڕوون دەکاتەوە کە بوونە هۆی هەرەس هێنانی دەوڵەتی عوسمانی. هەروەکو خۆی دەیبینێ. بەڵگەکانی خۆی باسی دەکات لە گرنگی دانی بە هیوا و ئاواتەکانی کوردە. (بەم شێوەیە شەریف پاشاش گرنگی بەم چارەنووسە دەدا کە دەوڵەت تووشی ببوو). نامەیەکی سەیری هەیە لە لایەن زاوای شەریف پاشاوە سالح بەگ، کە لە ئەسکەندەرییەوە بۆی ناردووە. ئەوەش مانای گرنگی دان بە مەسەلەی کورد دەگەیەنی. بەڵگەنامەی ژمارەکراو (٦٠٨)(٩٥)(١٥٥٩٧)(سەرکردایەتی هێرش بەری میسر) لە ٣ی حوزیرانی ١٩١٩[٧] دەڵێ:ـ نامەیەکی وەرگێڕدراوی بە فەڕەنسی تێدایە لە لایەن سالح بەگ لە ئەسکەندەرییەوە، دەربارەی هەڵوێست لە کوردستان و ئەو هەوڵانەی دەدرێت بۆ ڕازی کردنی هۆزەکانی لە هەڵبژرادنی جەنەڕاڵ شەریف پاشا بە فەرمانڕەوای کوردستان. سالح بەگ ئەو زاوای جەنەڕاڵ (شەریف)ە، کاتی خۆی فەرمانی لە سێدارەدانی دەرچووبوو لە لایەن حکومەتی (اتحاد و ترقی)ەوە، چونکە یەکێ لە دۆستەکانی ئەوانی کوشتبوو، کە ناردبوویان بۆ کوشتنی جەنەڕاڵ شەریف. هەروەها ئەمەش لە بەڵگەنامەکەدا هاتبوو:ـ

سەرکردایەتی گشتی لە میسر ٣ی حوزەیرانی ١٩١٩

بۆ زانیاریتان وەرگێڕدراو نامەی بە فەڕەنسیتان بۆ دەنێرین لە لایەن بەڕێز سەید سالم لە ئەسکەندەرییەوە بۆ جەنەڕاڵ شەریف پاشا لە پاریسدا. نووسەری نامەکە (سالح بەگ حوسنی)یە کە لە ڕابردوو (لیفتنانت) بوو لە سوپای عوسمانی دا کوڕی حوسنی پاشایە و زاوای شەریفە، ئەو بەڕێوەبەری کاروباری جەنەڕاڵ شەریف و خێزانەکەیەتی ئەمیرە (ئەمینە هاشم)



PDF 4 KURD

له میسر. ئەمەشی تێدا هاتبووـ دەیانگوت کاتێ ساڵح بەگ سەردانی شەریف پاشای دەکرد له پاریس له سەرەتای جەنگ، پیاوێکی کوشت کە نێردرا بوو بۆ کوشتنی جەنەڕاڵ شەریف له لایەن پارتی (اتحاد و ترقی)، لەبەر ئەمە فەرمانی له سێدارەدانی بۆ دەرچوو.

جی.یو.کورتن. مێجەر

ئەمە له نامەی ناوبراوی ساڵح بەگەوە هاتووەـ

باوکی خۆشەویستمـ

له ڕۆژی چواردەهەمی ئەم مانگەدا ڕۆیشتم بۆ قاهیرە، بۆ مەسەلەی (شکور)، چاوم بە زۆر کەس کەوت، لەوانە وەزیری هەڵبژێردراوی ئێرانی، باسی ئەو پەڕاوانە کرا کە داواکارییەکانی ئێرانی تێدا بوو، پێشکەش بکرێت بۆ کۆنگرەی ئاشتی. ساڵح بەگ لە نامەکەیدا دەڵێ ئەو دانەیەکی لەو پەڕاوانە بەهۆی ئامێر بۆ خۆی تۆمار کرد. هەروەها باسی لایەنگرتنی هۆزی جاف کرا بۆ هیوا و ئاواتەکانی کورد. پاشان ساڵح بەگ دەربارەی عارف بەگی (ماردینی) قسە دەکا، هەروەها گەڕانەوە و داواکردنی له شەریف پاشا کە بیکا بە ئەندامێکی وەفدی کورد ( له کۆنگرەی ئاشتی له پاریسدا). هەروەها ساڵح بەگ دەربارەی پێشنیارە ڕامیارییەکان دەدوێ بەرامبەر هەرێمی کوردنشین. هەروەها دەربارەی گەیشتنی لیژنەی لێکۆڵینەوە له ڕاستییەکان له لایەن کۆنگرەی ئاشتییەوە بۆ کوردستان و پێویستی پێشەوازی لێکردنی. هەروەها قسە دەکات دەربارەی بڕیار دانی لەسەر سەردان کردنی بەسرە لەگەڵ خاڵی و ماڵ و منداڵەکانی (ئەمە باس کراوە له یاداشتی سیربیرس کۆکس کە پێشتر ناوی هێنراوە، دەربارەی چاوپێکەوتنی لەگەڵ شەریف پاشا. کە مۆڵکیان هەیە له بەسرە).

باجەلان

هەندێ هۆزی کوردی هەیە هیچی دەربارە نەنوسراوە یان زۆر کەمی دەربارە نوسراوە. لەوانە هۆزی (باجەلان). دەست نیشانکردنی ئەمە هەندێ جار بۆ سوودی ئەمە. بەڵگەنامەی ژمارەکراو (٣٧١) (٣٤٠٦) (١٣٩١٥٢) (٦٨٥٧١) لە حوزەیرانی ١٩١٨.[٨] چەند تێبینییەکی تێدایە دەربارەی هەندێ هۆزەکانی کوردستان کە مێجەر سۆن نوسیویەتی لە خانقین دا. هەر لەوکاتەدا بە چاپ گەیەندرا. دەربارەی هۆزی باجەلان ئەمەی خوارەوەی تێدابووـ

أ. هۆزەکە

ب. خێزانی باجەلان

بەشەکانیـ جومور و قازانلو



PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

لقەکانی بەشی جومور ئەوەن:ـ سایکاوند ـ حاجیلار ـ غەریب وەند ـ شیرەوەند ـ جارکالاو ـ مامەوند ـ داودوەند ـ جەلیل ئاغا.

لقەکانی بەشی قازانلو ئەمانەن:ـ حاجی خەلیل ـ وەلی ئاغا ـ عەبدولڕەحمان ئاغا.

سەرۆکەکانی جومور:ـ مەجید ئاغا ـ باروێز ـ مبارەك ـ جهان بەخش ـ قادر ئاغا ـ محەمەد ئەمین ئاغا.

سەرۆکەکانی قازانلو:ـ وەلی ئاغا ـ عەبدولڕەحمان ئاغا ـ غێدان ئاغا ـ حاجی خەلیل ئاغا.

هێزەکەی:ـ دەوروبەری (١/٣٠٠) خێزان لەگەڵ مەجید ئاغادا بوون پێش شەڕی یەکەم نزیکەی ٨٠ سوارەش. لەگەڵ محەمەد ئەمین ئاغا و وەلی ئاغا ٤٠٠ سوارە هەبوون، بەڵام هۆزەکە پەرت و بڵاوە و هیچ هێزێکی نییە.

شوینی أ(جومور):ـ پێی دەگوترێ دەشتی (باجەلان) لای باکورییەوە زێی عەباسانە. باشوری ڕێگەی بەرەو کرماشانە. ڕۆژهەڵاتی گردەکانی داری دیوان و بیشیکان. ڕۆژئاوای ـ زێی سیروان و گردەکانی ئاغا داغ.

ب:ـ قازانلو هەندێکیان لە دەشتی (کودرا) دەژین، سنوورەکەش لە باکور و ڕۆژئاوای زێی سیروانە. باشور بابا بیلاوی و چیای مورواریدە. ڕۆژهەڵات ئاغ داغ. بەشێکی دیکەیان لە بیبوغ دەژین، دەکەوێتە نێوان موسڵ و زێی بچووك بە سەرۆکایەتی عەلی ئاغا قازانلو. بەشێکی تریان لە گوندێ دەژین پێی دەگوترێ (باجەلان). نزیك کەرکوك بە سەرۆکایەتی عەبدولڕەحمان ئاغا.

## چەند تێبینییەکی گشتی

### ب. خێزانی باجەلان

سەرۆکی ئێستا مستەفا پاشا باجەلان پیاوێکی پیرە و کۆڵ نەدەرە، ئەو تا ڕادەیەك لایەنگری ئینگلیز بوو ئامادەبوو هەموو سامانی خۆی بکاتە قوربانی بۆ هاوپەیمانان لە پێناوی پاراستنی پەیمانی دۆستانەی لەگەڵماندا. لە ڕابردووکاری فەرمانبەری تورکەکانی دەکرد لە کاتی هەمە جۆردا بەڕێوە بەر بوو لە (عەزیزیە) و (بەدرە)، شارەزاییەکی تەواوی هەیە دەربارەی دانیشتووە عەرەبەکانی ئەو هەرێمانەدا، هەروەها هۆزەکانی کوردستانی باشور، ئەو کوردێکی ڕەسەنە کرمانجێکی نەژاد پاکە، سەرچاوەی باوەڕ پێ کراوی گەورەیە لە مێژووی خێزانە کرمانجە سەرەکییەکان. هەموو کاتێ دژی عوسمانییەکان دەوەستا، ئەو لە

PDF 4 KURD

هەموو کاتێکا یان سەرپێچی دەکرد یان دوورخراوە بوو. ناو بانگێکی فراوانی هەیە لە ئازایەتی دا لە شەڕی هۆزەکان دا، ئەو لایەنێکی کاریگەر و گەرم و گوڕە بۆ هەر پڕۆژەیەکی ئۆتۆنۆمیی کوردستان. ژنی هێناوە لە خێزانێکی بابانی ئۆرستقراتییە، کە بە کۆنترین خێزانی کرمانجی لە کوردستانی باشور. ناوی ژنەکەش (ئەسما خانم )ە.

## مێژووی خێزانەکە:

باپیرە گەورەی ڕاستەقینەی باجەلان کابرایەکی هەرێمی دیاربەکر بوو، سەر بە یەکێ لە هۆزە کرمانجییەکان کە لە نزیك ئەو شارەوە نیشتەجێ ببوون. ئەو لە دەوروبەری ساڵی ١٦٣٠ ئەوکات چوو بوو زەهاب (ئەو کاتە هەرێمێکی تورکان بوو) کە دەستی بەسەرا گرتبوو سەندبووی لە دانیشتووانە جووتیارەکانی کە بە زمانی (فەهلەوی) ئەدووان. سوڵتان مورادی چوارەم (زەهاب)ی درایە دەست و ئەرکێکی خستە ئەستۆی کە دەبێ ٢٠٠٠ سوارە ئامادە بکەن هەر کاتێ داوای بکەن و هەروەها دانانی باجێکی ساڵانە کە ٣٠٠,٠٠٠ قرۆش دەبێ. ئەم باپیرە گەورەیە ناوی عەبدوڵڵا بەگ باجەلان بوو، بەڵام نازناوی پاشایەتی بۆ یەکەم جار درا بە ئەحمەد پاشا باجەلان کە بەرامبەر نادر پاشا، دەجەنگا لە (پاشالیق) زەهاب هەروەك خۆی مایەوە تا سەردەمی عوسمان پاشای باوکی مستەفا پاشا لە ساڵەکانی سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم. پاشان خێزانی باجەلان و جوتیارەکانی سەر بە ئەوان ناچار بوون شەڕ بکەن لەگەڵ محەمەد عەلی میرزا ـ کەسێ یارمەتی نەدان پشتیان بەخۆ بەستبوو، ناچار بوون زەهاب چۆڵ بکەن و جێی بهێڵن. بە گوێرەی ڕێنمایی کۆمیتەی ئەرزەڕۆم کە عوسمان پاشا ئەندامێك بوو لە ناویا، خێزانی باجەلان ئەوەی هەڵبژارد کە بمێنێتەوە لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکان و ڕوویان کردە خانەقین کە تا ئێستاش بارەگایانە. ئەم هۆزە تاکو ئێستاش جێی گردبوونەوەی جوتیارەکانە لە هەموو جۆرە پاشماوەی هۆزەکانی تورکیا لە ڕۆژهەڵات ـ پێشتر لە هەمەدان جێگیر بوون. ئەم بەشەش بناغەیەکی پێك دەهێنا بۆ چەند کۆمەڵگەیەکیان لە نزیك سنورەوە، وەکو درکز نیلۆ و دانیشتوانی قازانی، کە پێشتر بە ناوی قازانلو دەناسران و پێش ئەوەی هیچ پەیوەندییەکیان هەبێ بە (باجەلان)ەوە. جۆرە دانیشتوانێکی دیکە ڕوویان کردە (زەهاب) بە شێوەی (فەهلەوی)یەکی تێکەڵاو و دەدوان کە تا ئێستاش شێوەی دووانی ئەو بەشەی باجەلانن کە ماونەتەوە. ئەمەش بە پێچەوانەی زمانی خێزانەکەیە کە کرمانجییەکی پاکە. تاکو ئێستاش ئەندامی سەرەکی خێزانەکە دەسەڵاتێکی فراوانی هەیە لەسەر هۆزەکەدا. هەر چەندە

لە ڕاستیشدا ئەو سەرۆکی نییە، بەڵام بەشەکەی (جومور) کەمتر لە ژێر فەرمانی ئەودان. لە هەمان کاتدا بەشی قازانلو بەهێزترە لە لایەنی ژمارەی شەڕ کەران و ژمارەی جووتیاراندا. ئەمانە هەموویان ئەهلی سوننەن لەسەر مەزهەبی ئیمامی شافعی.



PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

## پەراوێزەکانی بەشی بیست و پێنجەم:

1- Fo (608) (95) (X. 5828, 8th) (April 4, 1919) (To High Commissioner, Constantinople).
2-(608) (95) (Turky) (Decypher) (No. 767) (AD MI. Calthorpe) (Constantinople) (April, 13, 1919).
3-(608) (95) (7049) (No. 682) (3 rd, April, 1919).
4-(608) (95) (6869) (X. 5741) (To D.M.I.) (Secret) (10 April, 1919).
5- FO (608) (95) (6869) (X. 5786 2nd) (19 April) (Repeated to G. H. Q. Egypt).
6-(608) (95) (Turkey, ME) (196) (13955) (From Cherif Pasha th Damad Frrid Pasha) (June, 23, 1919).
7- (608) (95) (No. (15597) (Letter From Saleh Beg Husni (June 3, 1919).
8- FO (371) (3406) (13952) (68571) (Notes on Tribes. Major E. Soane) (june 8th, 1918).

# بەشی بیست و شەشەم

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

هەندێ لە ناوەندە وڵاتە هاوپەیمانەکان، بەریتانیا بە شێوەیەکی تایبەتی، گرنگییان دەدا بە بیرورِا و هەڵوێستەکانی شەریف پاشا و ئەو کەسانەی کە هەمان هەڵوێستیان هەیە بەرامبەر هاوپەیمانەکان و مەسەلەی کورد لە کاتی جەنگدا و بۆ ماوەیەکیش دوای کۆتایی هاتنی. بەم بیرورِا و هەڵوێستانەش رِازی بوون، بەڵام لەم دوا دواییەدا ئەم ناوەندانە بەرەبەرە هەڵوێستی خۆیان بەرامبەریان دەگۆرِی لەبەر چەند هۆکارێکی هەمە جۆرەوە. کاتێ کە شەریف پاشا گرنگی دەدا بە هەموو هەڵوێستێك بەرامبەر مەسەلەی کورد، ئامادە بوو بۆ هەر شوێنێ بووایە ئەو دەچوو، یان دانیشتن بوایە لەگەڵ هەر ناوەندێك یان هەر کەسێك و گفتوگۆکردن دەربارەی ئەو مەسەلەیە. هەر کاتێ دیبایە لەمەوە سوودی دەست دەکەوێ بۆ روون کردنەوەی هەڵوێستەکانی پەیوەندیدار بەوەوە. لەگەڵ لێپرسراوە عوسمانییەکان هەر وەکو ئەم جۆرە دانیشتنانە بە ئەنجام گەیاند وەکو لەگەڵ صەدرئەلئەعزەم (فەرید پاشا). هەروەها تۆفیق پاشادا. لە دەفتەرنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا بەڵگەنامەیەك هەیە بە ژمارەی (٣٧١)(٥٠٦٩)(ئەی ٦٠٦٧)(٦٧١) لە ٨ی حوزەیرانی ١٩٢٠،[1] کە رِاپۆرتێکی تێدایە لە بارەی بەدەستهێنانی زانیاری باوەرِ پێکراو کەوا دەگەیەنێ صەدرئەلئەعزەم و وەزیری دەرەوە (تۆفیق پاشا) گفتوگۆ دەکەن لەگەڵ شەریف پاشا بە مەبەستی گەیشتن بە رِێککەوتن نامەیەك بۆ ئەوەی چەند پێشنیارێکی هاوبەش بخەنە رِوو بەرامبەر پێشنیارەکانی هاوپەیمانەکانی کە خراوەتە ناو سەرە قەڵەمەکانی (مسودة) پەیمانی ئاشتی لەگەڵ حکومەتی عوسمانیدا و تایبەتمەند بە کوردستانەوە و پێشکەشی بکەن لە کۆنگرەی ئاشتیی نێو دەوڵەتی. گفتوگۆ بەردەوامە لە نێوان هەردوو لادا لەسەر ئەو بنەرِەتەی کەوا سنووری کوردستانی بە ئۆتۆنۆمی دەست پێ دەکات لە گۆمی (وان)ەوە و درێژ دەبێتەوە لەگەڵ رِووبارەکانی (کارمان) و (قەراسو) و (فرات) لە تورکیادا. لە لایەکی دیکەوە وەزارەتی دەرەوە بروسکەیەکی ناردبۆ وەزارەتی هیندی بەریتانیا، هەر وەکو دەردەکەوێ لە بەڵگەنامەی ژمارەکراو (٣٧١) (٥٠٦٩) (ئەی ٦٤٢٧) لە ١٠ی حوزەیرانی ١٩٢٠[2] دەست نیشانی نوسراوەکەی نێردراوی پایەدار دەکات لە ئەستەمبوڵدا لە ژێر ژمارەی (٦٧١)(وەکو لە سەرەوە هاتووە) باسی ئەو زانیارییانە دەکات دەربارەی گفتوگۆکانی تۆفیق پاشا و شەریف پاشا بۆ رِێکەوتن لەسەر پێشنیارەکانی تایبەتمەند بە کوردستانەوە. برووسکە کە دەڵێ پێشنیارەکانی شەریف پاشا زۆر لەو رِاگەیاندنانە دەچێت کە لە لایەن حکومەتی عوسمانییەوە دراوە بە تۆفیق پاشا. هاوپەیمانەکان نیازیان وابوو خۆ ئامادە بکەن بۆ جێبەجێکردنی هەندێ لە بەندەکانی پەیمانی ئاشت بوونەوە

(پەیمانی سیڤەری داهاتوو) پەیوەندیدار بە کوردستان بە تایبەتی دیاریکردنی لیژنەی کوردستان کە نووسراوەتەوە لە بەندی ناوبراوی پەیمانەکەدا. جا بەڵگەنامەی ژمارەکراو (٣٧١) (٥٠٦٩) (ئەی٥٥٦٩) لە ٢٩ی مایسی ١٩٢٠[٣]بروسکەیەکی تێدایە لە جێگری شای بەریتانیاوە لە هیند تێدا نوسراوە:ـ هەڵبژاردنی مێجەر نوئیل وەك ئەندامێك لە لیژنەکانی کوردستاندا. هەروەها دەربارەی هەمان بابەت نوسراوێکی تایبەتی هاتووە لە وەزارەتی ـ هیند ـ ەوە. جا بەڵگەنامەی ژمارەکراو (٣٧١) (٥٠٦٩) (ئەی ٤٤/١١/٦٣٢٢)(بە٤٢١٠) لە ١٠ی حوزەیرانی ١٩٢٠.[٤] تەلەگرافێکی تێدا هاتووە دەست نیشانکردنی بروسکەکەی وەزارەتی دەرەوە دەکات لە ٢٧ی مایسی ١٩٢٠(ئەوەی سەرەوە) دەربارەی ڕازی بوون لەسەر درێژ کردنەوەی پشوودانی مێجەر نوئیل هەروەها داوا دەکات لە وەزارەت ڕاگەیاندنی کاتی دەست بەکار کردنی نوئیل لە لیژنەی کوردستان، بۆ ئەوەی مووچەکەی بگوێزرێتەوە بۆ وەزارەت لە کاتی دەسەڵات پێدانیدا، وەزیری هیند (مونتاجۆ) داوا لە وەزیری دەرەوە دەکات (ئیرل کیرزن) کە لێکۆڵینەوە بکات لە ڕۆژی ئەو دەست بە کار کردنە. مەبەستیش لەمە ئامادەکردن و جێبەجێ کردنی بەند و سەرەقەڵەمەکانی پەیمانی ئاشتییە کە گوایە لەگەڵ تورکیا دادەبەسترێ، هەروەکو ئەمەش دەردەکەوێ لە نامەکەی بەڕێز (تیللی) لە ٤ی تەموزی ١٩٢٠. ئا لەم کاتانەدا گرنگی دان بە مەسەلەی کورد بەردەوام بوو، هەروەکو ئەوەمان بە ئاشکرایی بەرچاو کەوت، ئەم گرنگی پێدانەش لە هەندێ کاتا دەبێتە هۆی پەیدابوونی چەند بۆچوونێکی هەمەجۆر و چەند ناکۆکییەك، هەتا ئەمەش لەناو کۆمەڵگەی کوردەوای و نێوان کۆمەڵێ لە سەرکردەکان و پیاوە ناسراوانی کوردەوە بەدی دەکرا، لەمانەش ئەوانەی کە دانیشتووی ئەستەمبوڵ بوون. بەڵگەنامەی ژمارەکراو (٣٧١)(٥٠٦٩)(ئەی ٤٤/١١/٦١٤٨)(نێردراوی پایەدار لە ئەستەمبوڵ) لە ٢٠ی مایسی ١٩٢٠[٥] تەلەگرافێکی تێدایە کە نێردراوی پایەدار تێدا ڕوونی دەکاتەوە لە ئەستەمبوڵدا، کە وا هەڵبژاردنەکان لە (یانەی کورد) دا سەرکەوتنەکەی بۆ سەید عەبدولقادر شەمدینانی بوو. چونکە سەید عەبدولقادر لایەنگرێکی میللی زۆری هەیە لە نێو کوردەکانی ئەستەمبوڵدا. بەدرخانییەکان و ڕۆشنبیرەکانیش بڕیاریان دا یانەیەکی نوێ دابمەزرێنن. کاتێ گەلێ چارەسەری خرابووە ڕوو بۆ مەسەلەی کورد لە باس و لێکۆڵینەوەی لایە هەمە جۆرەکان. (هەروەکو لە مسوودەکانی پەیمانی ناوبراودا هەیە) سەرکردە کوردەکانیش گەلێ گرنگییان پێ دەدا لە هەموو شوێن و پلەوپایەکدا. لەمانەش بێگومان خێزانی بەدرخانە. بەڵگەنامەی ژمارە کراو (٣٧١) (٥٠٦٩)

(ئـەی ٦٠٨٨/١١/٤٤) لـە ٢٣ی مایسـی ١٩٢٠[٦] تەلـەگرافێکی تێدایـە دەربـارەی ئـەو داواکارییەی کە خێزانی بەدرخانی پێشکەشی کردبوو بۆ سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا سـەبارەت بە گەڕاندنەوەی موڵك و سامانی باپیرەیان. میربەدرخانی گەورە لە میرنشینی بۆتانی کۆن لـە تورکیادا و چارەسەرکردنی مەسەلەی ئەم موڵـك و سـامانە لـە بەنـدەکانی پـەیمانی ئاشـتیی چاوەڕوان کراو (لەگەڵ حکومەتی عوسمانیدا). ئەم داواکارییەش مـۆرکراوە لـە لایـەن دکتـۆر (خالید بەدرخان) کە پزیشکە و (خەلیل بەدرخان) کە ئەندازیارێکی کشـتوکاڵییە و (ئەحمـەد سریا بەدرخان) کە بەڕێوەبەری موڵك و سامانەکانە. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە هەمان گرنگـی دەدرێت بەوەی کە دراوە بە هەرێمی (جەزیرەی ئیبن عومەر). بەڵگەنامەی ژمارەکراو (٣٧١) (٥٠٦٩) (ئەی ٧٢٣٥) (لـە نێـردراوی پایـەدار لـە ئەسـتەمبوڵەوە ) لـە ٢٢ی حـوزەیرانی ١٩٢٢،[٧] بروسکەیەکی تێدایە واهاتووە کەوا دوو کەسی خێزانی بەدرخانیەکان بەناوی خێزانە کەیانەوە نارەزایـەتی دەردەبـڕن بەرامبـەر هـەوڵی خستنەسـەر (جـەزیرەی ئـیبن عومـەر) و هەرێمەکەی کە کوردنشینە بۆ سوریا (واتە ئینتدابی فەرەنسـا). لـە جیـاتی ئەمـە پێشـنیار دەکەن یان بیانخەنە سەر کوردستانی ئۆتۆنۆمی، یان باکوری موسـڵ، تـا دەقـی بەنـدی (٦٤) بیانگرێتەوە لە پەیمانی ئاشتی و سوود وەرگرتن لەمـەوە. لـە وەڵامەکـەی وەزارەتـی دەرەوەی بەریتانیا دەست نیشانی ئەوە دەکات کەوا لیژنەی کوردستان (ناوبراو) مافی چاو خشـاندنەوەی هەیە بە هەندێ لق و لای سنورە دەست نیشانکراوەکان بەڕێز نێردراو ( دی ڕوبیـك) جـارێکی تـریش هـەمان بابـەت دەکاتـەوە. بەڵگەنامـەی ژمـارەکراو (٣٧١) (٥٠٦٩) (ئـەی ٧٩٠٦/١١/٤٤) لـە ٢٨ی حـوزەیران سـاڵی ١٩٢٠[٨] تەلـەگرافێکی تێدایـە لـە نێـردراوی پایەدارەوە لە ئەستەمبوڵدا. ئەمەشی تێدا هاتووە:ـ لە دەست نیشانکردنی تەلەگرافەکـەم بـە ژمارەی (٧٢٨) لە ٢٢ی حوزەیرانی (ئەوەی سەرەوە) کە نامـەی دوو کەسـانی لـە خێزانییـە بەدرخان کورت کردۆتەوە، جێی شانازیمە کە بۆ زانیاریی پایەدارتان چەند دانەیـەك پێشـکەش بکەم لەو بەڵگەنامەی خوارەوە کە لە کۆمەڵەی کۆمەڵایەتی کوردم وەرگرتووە.:ـ

أ. نامەیەك لە ڕۆژی ١٧ی حوزەیران دانەیەکی ئەو تەلەگرافەی تێدایە کە نێـردراوە بـۆ سەرۆك وڵسن (سەرۆکی وڵاتە یەکگرتوەکان) ڕەزامەنـدی خۆیـان دەربڕیـوە کـە کۆمەڵەکـەی داناوە وەك دادوەرێك (حاکم) کەوا بابەتی سنوری کورد و ئەرمەن (لە تورکیا) دا، دەکەوێتـە ژێر دەسەلاتییەوە.

PDF 4 KURD

ب.  نامەیەك لە ڕۆژی ١٧ی حوزەیران داوا لە کۆنگرەی ئاشتی دەکات چاو بەو بڕیارە بخشێنێتەوە کە دەربارەی هەرێمی (جەزیرەی ئیبن عومەر)ە.

ج. دوا داواکاری (بەڕێز نێردراوی پایەدار (دی روبیك) دەڵێ:ـ هۆکارەکەی ئەو ناکۆکییە کە کۆمەڵەکەی تر دەینێتەوە لەناو یانەی کورد (باسی ئەوەمان کرد لە تەلەگرافەکەمانی ٦٢٠/م/٧٤٣ لە ٣ی مایس و نامە گۆڕینەوەکانی تردا، بەڵام بیروڕای هەر دوو لای لە یەك دەچن دەربارەی دوا ڕۆژی کوردستان. پاشان لە بەڵگەنامەی ناوبراودا دەقی نامەی کۆمەڵەی کوردی ناوبراو دێتە ڕوو بۆ سەرۆکی وڵاتە یەککگرتووەکان (وڵسن). نامەکەش مۆرکراوە لە لایەن سەرۆکی کۆمەڵە (ئەمین عالی بەدرخان) و سکرتێرە گشتییەکەی (مەمدوح سەلیم) کە بەم شێوەی خوارەوەیە:ـ

ئەی خاوەن پایە

گەلی کورد بە خۆشییەوە پێشەوازی لەم هەواڵە دڵخۆشکەرە کرد کەوا بەڕێز خۆتان ماوەتان داوە داروەرێك بێ بۆ کێشانی سنووری کورد و ئەرمەن. باوەڕیش هەیە بە هەر چواردە سەرەتاکان دەربارەی دوارۆژی نەتەوەکان. گەلی کورد چاوەڕوانی بڕیاری حوکمی ئێوە دەکات کە ڕزگاری دەکات لە دەسەڵاتی بیانی جا لە هەر لایەکەوە بێت، ئێستا دوارۆژی گەلێك لە دەست تۆدایە، ئاواتە خوازین ویژدان ڕێبەرت بێ لە بەجێ گەیاندنی ئەو کارە گرنگەی کە مێژوو خستۆتیە سەر شانتەوە.

ئەمین عالی بەدرخان                                             مەمدوح سەلیم

سەید عەبدولقادر سەرۆکی یانەی کورد ئەویش بەناوی کۆمەڵەی کوردستانەوە داواکارییەکی وەکو ئەوەی پێشکەش کرد. بەڵگەنامەی ژمارەکراو (٣٧١) (٥٠٦٩) (٩٦٤/م/٣١٧٩) کە نووسراوە لە ٦ی تەموزی ١٩٢٠،[9] بروسکەیەکی (تەلەگرافێکی) تێدایە لە لایەن نێردراوی پایەدار لە ئەستەمبوڵەوە بۆ وەزیری دەرەوە (ئیرل کیرزن)، کە ئەمەی تێدا هاتووە:ـ

گەورەم،

بە دەست نیشانکردنی تەلەگرافەکەم ژمارەکراو (٩٣٠) لە ٢٨ی حوزەیران دەربارەی ئەو هەڵوێستەی کەوا سەرکردە کوردەکان لێرەدا هەیانە بەرامبەر ئەو بەشەی (مسوەدەی) پەیمانی ئاشتی (پەیمانی سێڤەر) لەگەڵ تورکیادا، کە تایبەتە بە کوردستان، شانازییە بۆ من کە دانەیەك لەم یاداشتانە بنێرم (یاداشتەکە بە زمانی فەرەنسی نووسراوە) کە پێم گەیشتووە لە

لایەن کۆمەڵەی کورد و کوردستان. وا دەردەکەوێ کەوا ئەمە ناو لێنانێکی نوێ بێ بۆ یانە کوردییەکەی پێشتر، یاداشتەکەش مۆرکراوە لە لایەن سەعید عەبدولقادر.

دی ڕوبیك

لە لایەن سلێمان ئاغا شرناخییەوە هەمان گرنگی پێدان بەرچاو دەکەوێ، ئەو داوا دەکات کەوا فەرمانداریێکی بەدرخانی دیاری بکرێت بۆ هەرێمەکەی. بەڵگەنامەی ژمارەکراو (٣٧١) (٥٠٦٩) (ئەی ٨٧٢٧) (وەزارەتی هیند) لە ٦ی تەموزی ١٩٢٠،[١٠] تێدا نامەیەکی سلێمانی ناوبراو هەیە کەوا داوا دەکات فەرمانداریێکی کورد دابنرێت لە یەکێ لە ئەندامانی خێزانی بەدرخان بێت بۆ ئەوەی فەرمانڕەوایی وڵاتەکەی بکات (دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی جەزیرەی ئیبن عومەر). خێزانی بەدرخانییەکان بە درێژایی چەندەها ساڵ بووە بە ناوبانگترین کۆنە خێزانەکانی کورد لەناو وڵاتدا، کە پێشتر فەرمانڕەوایی میرنشینی (عەزیزان)ی دەکرد لە هەرێمی بۆتان لە تورکیادا کە دەکەوێتە لای ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلەوە. ئەم خێزانە کەم و زۆر پلەوپایەکەی خۆی هەر پاراست هەتا پاش تێکچوونی میرنشینە پشتاوپشتەکەشیان و دوور خستنەوەی سەرکردەکانیان بۆ ئەستەمبوڵی پایتەخت لە دواجاردا. لە سەرەتای سەدەی بیستەمیشەوە بەدرخانییەکان بە خێزانە خاوەن پایە بەرزەکان دادەنران لە پایتەخت. لە ناویاندا پزیشك و ئەندازیار و پارێزەرو و سەرکردەی سوپا و کارگێڕیان لێ دەرکەوت. هەروەها یەکەمین ڕۆژنامەی کوردیان بڵاو کردەوە و بەشدارییان کرد لە جووڵانەوەکانی پاکسازی عوسمانییەکانەوە. لە ساڵی ١٩٠٦ ئەمینداری پایتەخت و بەڕێوەبەری پۆلیسەکەی (ڕەزوان پاشا) کوژرا، ئەم تاوانەش خرایە پاڵ سەرۆکەکانی بەدرخانی بە تایبەتی عەبدولڕەزاق بەگ و عەلی شامل پاشای بەدرخانییەکان، جا ژمارەیەکیان لێ بەند کردن و دوور خستنەوە بۆ چەند شوێنێکی هەمەجۆرە وەکو- مەککە و بەنغازی و دوورگەکانی (ئەرخەبێل). بەڵگەنامەی ژمارەکراو (٣٧١) (٤/١٦) (٩٩٢٨) (١٢١٤٢) (ئەستەمبوڵ) لە ٣١ی مارسی ١٩٠٦.[١١] نامەیەکی تێدایە لە لایەن بەڕێز ئۆکۆنۆر لە ئەستەمبوڵەوە بۆ وەزیری دەرەوەی بەریتانیا بەڕێز (ئەدوارد غرامی) ئەمەی تێدا هاتبوو- جێی سەربەرزیمە پێتان ڕابگەیەنم کەوا ئەمینداری پایتەخت (بەڕێوەبەری پۆلیس)ی ئەستەمبوڵ (ڕەزوان پاشا) ئێوارەی ڕۆژی ٢٢ی ئەم مانگە هاتە کوشتن. هەواڵی کوشتنەکەش بە گوێرەی قسەی ئەم و ئەو هەر دوو سەرۆك لە خێزانی بەدرخانی کوردان عەبدولڕەزاق بەگ و عەلی شامل پاشا بەگژیدا چوون، کە بووە هۆی تێك چوونی باری کۆشکی (یلدز)ی پاشایەتی. لێژنەیەکی لێکۆڵینەوە لە کۆشکەکە پێك هێنرا، لە

ڕۆژی ۲۸ی دا لەگەڵ ۱۳ سەرکردەی تری کورد خرانە بەندیخانەوە و پاشان هەموویان لە پاپۆڕێك دانران و دوور خرانەوە و هەریەکە بۆ شوێنێ. عەبدولڕەزاق بۆ مەککە، عەلی شامل بۆ بەنغازی، ئەوانی تریش هەر یەکە بۆ دوورگەیەکی (ئەرخەبێل). عەبدولڕەزاق و عەلی شامل دووانن لە کوڕانی خوالێخۆشبوو بەدرخان بەگ کاتی خۆی دوور خرابۆوە بۆ (کاندیا)(دوورگەی کریت) ساڵی ۱۸۵۰. پاشان بەدرخان و نەوەد و یەك کەسی سەر بە خێزانەکەی گەڕاندرانەوە بۆ ئەستەمبوڵ. ئەم خێزانەش توانی شوێنێکی زۆر بۆ خۆی بکاتەوە لەسەر دەسەڵاتدارەکان. ئامانجی سوڵتان لەمەش ئەوە بوو کە لەم ڕێگەیەوە دەسەڵاتی خۆی بکێشێ بەسەر هۆزە کوردەکانی دانیشتووی ڕۆژهەڵاتی ئاسیای بچووك. بەدرێژایی ڕۆژگار چەند سەرکردەی کوردی تر دوور خرانەوە بۆ پایتەخت. بەم شێوەیە پارتێکی کوردی بەهێز پێکهات لە پایتەختدا بە سەرۆکایەتی ئەو بەدرخانییانەی کە هەندێ لە ئەندامەکانی گەیشتبوونە پلەوپایەی بەرز. عەبدولڕەزاق بەگ جێگری سەرۆکی (تەشریفاتی) کاروباری باڵوێزەکان بوو، عەلی شامل بەگ سەرکردەی هەرێمی (سکوتاری) بوو، (بەدرخانی) ئەندامێك بوو لە ئەنجومەنی وڵات. هەروەها چوارانیشیان لە پۆلیسی پایتەخت بوون، ئەوانی دیکەش پایەی باشیان هەبوو لە ویلایەتەکاندا. دەسەڵاتیان گەیشتبووە کۆشکی (یلدز) و پاسەوانی پاشایەتی.

ن.ر. ئۆکۆنۆر

بەڕێز (ئۆکۆنۆر) لەگەڵ نامەکەیدا پارچەیەك لە ڕۆژنامەی (أقدام) دەپێچێتەوە کە هەواڵی ڕووداوە باسکراوەکانی تێدایە.



PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

-

## پەراوێزەکانی بەشی بیست و شەشەم:

(1) FO (371) (CE 6067) (Turkey) (Admi, de Rebeek) (No. 671) (8th. Junet. 1920)

(2) (371) (5069) (E 6437) (India Office) (No. p.4503)

(Negotiation between Tewfik pasha and Sherif Pasha) (10th. June 1920)

(3) (371) (5069) (E 5569) (Viceroy of India) (4123) (29th May, 1920).

(4) (371) (5069) (E 6322/11/41) (India office) (No. p 4210) (Appointment on one kurdish commissioss) (june 10th. 1920).

(5) (371) (E 6148/11/44) (Admi, de Robech) (NO. 726) (May 20th. 1920).

(6) (371) (5069) (E 6088/11/44) (From Bedir khan Family to prime Minister) (Signed J.A.C. Tillcy) (23rd. May. 1920).

(7) (371) (5069) (e 7235) (Ted. From Admi, de Robeek) (ruture Boundaries of Kurdistan) (June 22nd . 1920).

(8) (371) (5069) (E 706/11/44) (From Admiral de Robeck) (No. 930) (Future of Kurdistan) (june 28th. 1920).

(9) (371) (5069). (969/M/3179) (High commissioner, const.) (6th. July, 1920).

(10) (371) (5069) (E7827) (suleiman Agha Sharnakh) (india office) (No. p 5218) (july 6th, 1920).

(11) (371) (61/4) (9928) (12142) (South Eastern Europe) (Confidntial) (Sir N.O, Conor to Sir Edward Grey) (No. 212) (Const) (March 31, 1906).p

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

# بەشی بیست و حەوتەم

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

سەرکردە کوردەکان بە وردی و ئاگادارییەوە بەردەوامبوون لەسەر گرنگیدان بە مەسەلەکانی هەرێمی کوردنشینەوە. کۆمەڵەی کۆمەڵایەتی کوردیی ناوبراو یاداشتی دووهەمی خستە بەردەست، دەربارەی مەسەلەی کەرتی (جەزیرەی ئیبن عومەر) لە تورکیا. نارازی نەبوو بخرێتە ناو بازنەی ئینتدابی فەرەنساوە، بەڵکو بمێنێتەوە لەناو چوار چێوەی رامیاری کوردی چاوەڕوانکراو و لە ژێر رۆشنایی پەیمانی سیڤەر لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا. بەڵگەنامەی ژمارەکراو (٣٧١) (٥٠٦٩) (ئەی ١٠٧١٨) (نێردراوی پایەدار لە ئەستەمبوڵ (دی رۆبیك)). ژمارە (١١٧٢) لە ١٩ی ئابی ١٩٢٠،[1] بروسکەیەکی تێدایە کە ناردراوە بۆ وەزیری دەرەوەی بەریتانیا (ئیرل کیرزن) کە ئەمەی تێدا هاتبوو: لە دەست نیشانکردنی نامەکەی ٢٨ی حوزەیران کە لەگەڵیا دانەیەکم ناردبوو لەو یاداشتەی لە لایەن کۆمەڵەی کۆمەڵایەتی کوردەوە پێم درابوو لە ناوەڕۆکدا ناڕەزایی دەردەبڕن بەرامبەر ئەو هەولانەی بۆ جیاکردنەوەی (جەزیرەی ئیبن عومەر) و خستنە سەری بۆ بازنەی ئینتدابی فەرەنسا. جێی سەربەرزیمە بۆ زانیاریتان بۆ دووەم جار دانەیەکی دیکەتان پێشکەش بکەم لە هەمان کۆمەڵەی کوردەوە بە لە رۆژی ١٤ی ئاب. لەم یاداشتە کە کۆمەڵەکە رێزی خۆی نیشان دەدات بۆ حکومەتی بەریتانیا لەسەر ئەو هەولانەی بۆ بەدەست هێنانی سەربەخۆیی کورد. (پەیمانی سیڤەر کە چەند بەندێکی تێدایە لە بەرژەوەندی سەربەخۆیی کوردە لە ١٠ی ئابی ١٩٢٠ ئیمزا کرا. کۆمەڵە داواکارییەکەی پێشووی دووبارە کردەوە بۆ گەڕاندنەوەی (جەزیرەی ئیبن عومەر) لە داهاتوودا بۆ شوێنی سروشتی خۆی لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی کورد (لە تورکیادا).

دی رۆبیك نێردراوی پایەدار

بابەتی لێژنە یان لێژنەکانی کوردستان کەوا دانرابوو پێك بهێنرێتت لە پێناوی جێبەجێ کردنی ئەو بەندانەی پەیوەندیدارن بە کوردستان لە پەیمانی سیڤەر لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا. ناوە ناوە بابەتی ئەم لێژنانە شایانی هەندێ گرنگی پێدان بوون لە پێش گرنگی پێدانی ئەم پەیمانەوە. بەڵگەنامەی ژمارەکراو (٣٧١) (٥٠٦٩) (ئەی ٨٧٧٥) (لە وەزارەتی خەزێنەوە) (س ١٢٤١) لە ٢٣ی تەموزی ١٩٢٠.[2] نووسراوێکی تێدایە بە پێنوسی بەرێز بارستاو لە خەزێنەدا، کەوا ئەم بابەتە خرایە بەردەستی ئەندامانی لۆرد لە لێژنەی خەزێنەی میری لەگەڵ نامەی بەرێز (جۆن تیللی)، ئەوەی کە پەیوەندی هەیە بە خەرجییەکانی لێژنەی کوردستان، لێژنەی رۆژهەلاتیش چاوەڕوانی هەڵوێستی (فانسیتارت)ە. لەسەر هەمان بەڵگەنامەدا لێدوانێك نووسراوە بە خەتی مەرەکەب لە لایەن فەرمانبەری پێشووتر کە ئەویش (مارشاڵ)ە.

ئەو تێدا دەڵێ‌ـ ١٠٠,٠٠٠ (جونەیهی) دانرا لـە ژێـر نـاوی (خەرجییـە تایبەتییـەکان) لـە لێکدانەوەکانی ١٩٢٠ـ ١٩٢١ بۆ مەبەستی دەنگدانی گشتی و لیژنەی ڕەنگ ڕشتنی سـنوور کە نوسراوەتەوە لە پەیمانی ئاشتیدا ( پەیمانی سیڤەر لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا). لەم باوەڕەدام خەرجەکانی ئەم لیژنەیە (لیژنەی کوردستان) دەکەوێتە بەر ئەو پارەیەی کـە دانـراوە بـۆ ئـەو ماوەیەی کە کۆتایی پێدێت لە ٣١ی مارتی ١٩٢١.

ك.و.مارشاڵ ٧/٢٩

ئەوەی زانراوە کەوا هەندێ لـە بەنـدەکانی پـەیمانی سـیڤەر وا دیـار دەخـات بـۆ دانـانی لێژنەیەکی نێودەوڵەتی بۆ زانین و لێکۆڵینەوەی ئارەزووەکانی دانیشـتووان و کێشـانی سـنوری کوردستانی عوسمانی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئازاد بە گوێرەی ئارەزوی دانیشتووانی ئەوێ. گرنگیدان بە مەسەلەی کورد بەردەوام بوو هەروەکو لە پێشوودا دیمان، لە کاتە ناوبراوەکاندا لە نێو هەموو جۆرە شوێنەکانی کورد و ناوەخۆ و نێودەوڵەتیدا. گەلێ گەواهینامەمان دەربـارەی ئەم ڕاستییە نیشاندا. هەمان گرنگی پێدان لەم بارەی خوارەوە دەستیپێکرد: پێشتر لـە جـارێ زیاتر باسم کردووە بـە شـێوەیەکی سـەر پـێ یـی کـەوا سـەرۆکی کوردەکـانی (شـرناخ) کـە نیشتەجێی باکوری ڕۆژهەڵاتی (جەزیرەی ئیبن عومـەر)ن، کـە نـاوی عەبـدولڕەحمان ئاغایـە، هەڵوێستێکی توندی هەبوو بەرامبەر دەست خستنە ناوەوەی بیانی لە هەرێمەکەدا، لە هەمان کاتیشدا هەروەکو لە هەندێ بەڵگەنامەکان دەردەکـەوێ هـەر چـۆنییەکی بـێ ئامـادەبوو بـۆ دژایەتی کردنی کەمالییەکان. عەبدولڕەحمان لادرا و سلێمان ئاغا شوێنی ئەوی گرتـەوە وەکـو سەرۆکێکی شەرناخییەکان. (ناوی ئەم سلێمانە لە بەشـی پێشـوودا هـاتووە). وا دەردەکـەوێ سەرۆکی نوێ سلێمان، هەڵوێستێکی دۆستانەی نواندووە بەرامبەر دەسەڵاتدارانی بەریتانیا لە هەرێمی جەزیرەدا. بۆ ئەم لێپرسراوانە ژمارەیەك لە نامە و بەڵگەنامەی ڕەوانە کـردووە. ئـەو هەڵوێستەی کە ئەو پێشانی دا بوو هەروەها ئـەو بیروڕایانـەی کـە دەری بڕیبـون زیـاتر ئـەو ڕاستیانەی بارودۆخی دروست بووی ئەوێ ڕوون دەکەنەوە دوای جەنگی گـێتی و ئـەو گرنگـی پێدانە زۆرانەی کە خرابوونە گەڕ بە پێشنیارە هەمە جۆرەکان و پرۆژە بە کەڵکەکان بۆ دانانی چەند چارەسەرییەکی مەسەلە لە زۆرەکانی خرا بوونە بەرچاو کە چاوەڕوانی چارەسازیان دەکـرا و بەڵگەنامەی ژمارەکراو (٣٧١) (٥٠٦٩) (ئەی ١٠٠٣٣)(وەزارەتـی هینـد)(٦٠٩٩) ١٧ی ئابی ١٩٢٠.[٣] لەناو ئەم بەڵگەنامەیەدا لە لایەن ئەفسەری ڕامیـاری ئـەوێ ئـەم نوسـراوەی



PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

خوارەوە نێردراوە بۆ لێپرسراوانی پێشووترـ لەگەڵ چەند پەڕەیەك نوسراوێكتان پێشكەش دەكەم كە بۆم نێردراوە لە لایەن سەرۆكی (شرناخ) سلێمان ئاغا، پیاوێكی ئایینی بۆی هێناوم كەوا سەربەخۆیەتی (واتە سلێمان) ناویشی (عەبدولكەریم)ە. لەم پەڕانەدا ئەمەی خوارەوە دەردەكەوێ:ـ

أ. لە لایەن یەكێتی هۆزەكانی (كۆنفیدراڵ) شرناخەوە سلێمان ئاغا بە سەرۆك هەڵبژێردراو جێگەی عەبدولڕەحمان ئاغای گرتەوە.

ب. عاكف بەگ بوو بە سەركردەی تیپی دووهەم (لە سوپای عوسمانیدا) لە جیاتی عەلی بەگ بە گوێرەی زانیاریمان بە هەڵوێست نەرم دادنرێت. خاڵی سەرەكی لە نامەی (سلێمان)دا ئەوەیە كە داوای دانانی فەرمانڕەوایەك دەكات لە كەسەكانی خێزانی بەدرخانییەكان بنێردرێت بۆیان و فەرمانداری هەرێمەكەیان بكات. نوسراوی ناوبراو زیاتر دەڵێ:ـ لە پەڕەكانی تردا ئێمە دەبینین (محەمەد سالح) و كەسانی تر و (یوز باشی) ڕەشید بەگ هەواڵەكانی تێكچووی ئەم دواییە ئاشكرا دەكەن و هەوڵ دەدەن هێرش بەرنە سەر هەندێ ولاتانی نزیك ئێرەوە. عاكف بە ئاشكرا پاڵپشتی ئەم هەوڵە دەكات، بەلام ئەم پرۆژەیە سەرناكەوێت بە هۆی كەمی لەچەكە جەنگیەكان و ئەم پرۆژەیەش پاڵپشتی لێوە ناكرێت لە لایەن هێزە مەشق كەرەكانەوە. لەوانەیە هۆزەكانی (شەرناخ)یش هەڵوێستی نارەزایی دەربڕن. وا دەردەكەوێت پارتی پەیمانێك و پەیوەندییەكی هەبێ لەگەڵ محەمەد سالح دا. من بە چەند دەربڕینێكی گشتی وەلامی (سلێمان) دەدەمەوە و دڵنیای دەكەم لە پشتگیری میری. بۆشی ڕوون دەكەمەوە كەوا داواكارییەكەی دەربارەی بەدرخان بەرز كرایەوە. بۆ شوێنی تایبەت بەخۆی، هەواڵی تەلەگرافەكەی دوای ئاژاوەكانی پێ ڕادەگەیەنم هەروەها چۆنییەتی كەسایەتی ئەوانەی ئاگرەكەیان خۆش دەكرد، دانەیەكیش لە فتوای شێخی ئیسلام (عوسمانی) بۆ دەنێرم كە دژی مستەفا كەمال دراوە. بۆ ئەوەی هەندێ لە خراپ تێگەیشتن نەمێنێ كە دروست بوە بە هۆی باسكردنەوەی مەسەلەی ئەرمەن جارێكی دیكە، من هەواڵی ئەو بڕیارەی كۆنگرەی ئاشتی (لە پاریس) پێ ڕادەگەیەنم كە ماوەی دەدات بە كوردستان ئارەزووەكانی ئاشكرا بكات:ـ دەربارەی دوا ڕۆژی خۆی لە نامەیەكی دیكەی سلێمان ئاغا كە تیادا دەڵێ: من لەگەڵ نامەكەیدا پیاوێكی خۆم دەنێرم كە (عەبدولكەریم) ی ناوە خەڵكی (بەتلیسە) ئەمە نوسەری تایبەتی خۆمە و جێی باوەڕمە و قسەی ئەو وەكو قسەی منە، مستەفا كەمال كوردستان و هەرێمەكانی ئەنەدۆڵی جیاكردەوە لە حكومەتی توركی لە ئەستەنبوڵ بە گوێرەی پلانەكانی

PDF 4 KURD

ئیتحاد و تەرەقی ئەوە حكومەتێكی سەربەخۆی كاتی لە ئەنقەرە دامەزراند. لامـان شـتێكی ناخۆشە بۆ ئێمەی دانیشتوانی كوردستان بكەوینە ژێر دەسەڵاتی ئەم كۆمەڵە چـەپەڵ و پـیلان گێڕانەی دژی حكومەتی عوسمانییـەوە. ئـەوەش بـەهۆی نـەبوونی سـەركردەیەك كـە بتـوانێ هەموو كوردستان یەك بخات لە ژێر سەركردایەتی خۆیدا و ئەم پیلانەش لەناو بەرێت. بـەهۆی ئەم نەبوونییەوە ئەم (كەمالییانە) توانییان جڵەوی بەڕێوەبردنی شارستانی و سـەربازی بگرنـە دەستەوە وەكو گیانەوەران لێمان بخورن. جا بۆ ئەوەی ڕزگاریمان بـبێ لێیـان پێویسـتە لەسـەر گەلی كورد لە كۆمەڵەیەكدا یەك بگرنەوە، هەروەها لە پێناوی بـەدی هێنـانی سـەربەخۆیی و ئۆتۆنۆمییەكی ئازادانە بۆ كوردستان لە ژێر چاودێری بەریتانیادا، پێویستەیەكێ لە ئەندامانی خێزانی بەدرخان كە دیارترین خێزانە لـە كوردسـتاندا و ئێسـتاكەش لـە ئەسـتەمبوڵ دایـە، بنێردرێت بۆ هەرێمی (جەزیرەی ئیبن عومەر) مستەفا كەمال پاشا وەزارەتێكی دامەزراند لـە ئەنقەرە دا و ئێستاكەش هۆزەكانمان هان دەدات بۆ نانەوەی پیلان دژی مـیری بـەریتانیا. ئـەو نیازی وایە بە پڕۆپاگەندە كار بكاتە سەرەوە، بەڵام من بەبێ هیچ ترسێ سوێند دەخۆم چەندی لە توانامان‌دا بێت تەنگ و چەڵەمە و كۆسپ بخەمە ڕێی ئەم هاندەرانەوە و هەموو جۆرە دڵنیا كردنێكیش بخەمە بەردەسـتی حكومـەتی بـەریتانیا كـەوا هەڵوێسـتێكی ئاشـتییانەم دەبـێ لەگەڵیدا. هەڵگری نامەكەش (عەبدولكەریم) هەموو جۆرە پێویستییەك ڕوون دەكاتەوە. تكام وایە پارێزگاری لێ بكرێت.

لەگەل ڕێزماندا

سلێمان ئاغا

لە هەندێ ئەم بیروڕا و هەڵوێستانەدا ئەو گرنگی پێدانە فراوانە ڕوون دەبێتەوە كە مەسەلە گشتییەكان پێیان دراوە بە تایبەتی مەسەلەی كورد. بۆ نمونـە دەتـوانین بڵـێین پێشـنیارەكانی (سلێمان ئاغا)، بە تایبەتی پێشنیارەكەی بەدانانی یەكێ لە ئەندامانی خێزانـی بـەدرخان بـۆ فەرمانداربیەتی هەرێمەكەوە، كارێكی ڕاست و دروسـت بـوو. مایـەی جێبـەجێ بوونـە، لـە چوارچێوەی ئەم مێژووەدا كە ناسراوە بە ڕووداوی خێرا و هەڵوێستی پڕ پێچ و پەنا و تێكچووی بارودۆخ و سیفەتی گۆڕانكارییەكی دیار لەم كاتەدا. ئەمەش نیشـانەی دروسـتی هەنـدێ لـە هەڵوێست و پێشنیارەكان بوو هەروەها هەبوونی توانای سەیركردنی دوورتـر لـە بەرژەوەندییـە كەسایەتییەكان و لێكدانەوەكانی ناوچەیی هەندێ لە سەركردەكانەوە. لە لایـەكی دیكەشـەوە دەتوانین بڵێین ترسانی زۆر هەندێ لە لێپرسراوان لە هەڵوێستەكانی فەڕەنسادا لەوانەیـە هـۆی

ڕاستەوخۆی پشت گوێ خستنی جێبەجێ کردنی هەندێ لەم پێشنیارە دۆستانە بێت لەم کات و بارەدا. تا ڕادەیەك هەموو شتێ خەریکی چاوەڕوانی کردن بوو، هەموو بۆچوونێکیش لە قۆناغی گەشە کردندا بوو، نەك شتێکی تر. لە لایەکی ترەوە گرنگی پێدانەکانی وەکو ئەمانەی پێشوو بەردەوام بوو لە هەرێمەکانی تری کوردنشینەوە. بیروڕاکان دەردەبڕدرێن و پێشنیارەکان دەخرێنە ڕوو لە زۆربەی هەرە زۆریدا ئەمە ئاشکرا دەکەن هەبوونی ئارەزوویێك بۆ گەیشتن بە دانانی چەند چارەسەرییەك یان هاوبەشیکردن لە ئەم چارەسەری کردنانە و خۆ ئامادە کردن بۆ کار کردن و هەوڵدان لە پێناویاندا. جا بەڵگەنامەی ژمارەکراو (۳۷۱) (۵۰۶۹) (ئەی ۷۹۲۸)(وەزارەتی هیند) (ژمارە ۵۲۳۷) لە ۸ی تەموزی ۱۹۲۰،[٤] نامەیەکی تێدایە لە نێردراوی شارستانییەوە، کە تێدا دەڵێت:- یاداشتێکم بەدەست گەیشت کەوا لە لایەن ٦٢ کەسەوە ئیمزا کراوە، لەوانەش تا ڕادەیەك هەموو سەرۆکی هۆزەکان و پیاوە ناسراوەکانی کوردستانی خواروو دەگرێتەوە، یاداشتەکە ئەمەی خوارەوە دەردەبڕێ:- ئێمە کە سەرکردەکانی گەلی کوردین ئارەزووی خۆمان دەردەبڕین کەوا پێویستە بۆ وڵاتەکەمان دەوڵەتێکی ئازاد پێك بهێنرێت لە ژێر ئینتدابی حکومەتی بەریتانیادا و بخرێتە ناو وڵاتی نێوان دوو ڕوبارەکە وە بە مەبەستی هاو هەڵسوکەوتی و سەیرکردنی بە یەکسانی و جێبەجێ کردنی کونفیدراڵی لە نێوانیاندا بۆ بەرژەوەندی هاوبەشی. لەسەر یاداشتەکە ئەم سەرۆکانەی خوارەوە ئیمزایان کردبوو: سەید محەمەد بیشماشینە دارکاری کاك ئەحمەدی شێخ، سەید مەحمود نەقیب ئەشرەف، حەفید سەید عومەر، حەفید سەید حوسێن، سەرۆکی پشدەر قایمقام بابەکر ئاغا، سەرۆکی پشدەر مەحمود ئاغا ڕەسوڵ، قاسم پاشا محەمەد فواد بەگ، ساڵح بەگ زادە، محەمەد پاشا محەمەد ساڵح، سەرۆکی سەرکالو شێخ عوسمان، سەرۆکی جاف محەمەد پاشازادە عەلی، سەرۆکی هۆزی داود،ئیسماعیل بەگ محەمەد ڕەفعەت، شێخ عەلی زادە، سەرۆکی هۆزی زەهاو درویش ئاغازادە عەلی، عەبدولڕەحمان ئاغا ڕۆستەم خان، سەرۆکی سەییدەکانی جەباری سەید محەمەد، فەرماندار و سەرۆکی کۆیە مامەند ئاغا، سەرۆکی کوجر مەنگور ئاغا بایز ئاغا، شێخ قادر سندولان و فەرمانداری ڕانیە سەید محەمەد ئەمین، سەرۆکی هۆزی باڵەك شێخ محەمەد ئاغا سەرۆکی هۆزی برادۆست محەمەد سەعید بەگ، بایز پاشازادە سەرۆکی مەنگور حوسێن ئاغا، سەرۆکی پشدەر عوسمان ئاغا ڕەشید، سەرۆکی هۆزی هەرکی ئەحمەد ئاغا، میران محەمەد ئەمین بەگ، نێردراوی سلێمانیی پێشوو حاجی مەلا سەعید، سەرۆکی هۆزی دەلۆ ئیبراهیم بەگ، سەرۆکی جاف ئەحمەد بەگ، سەرۆکی جاف پاشا

محەمەد عزەت، محەمەد ئەمین، کاکە عەبدوڵڵا ئاغا عەزیز ئاغا، محەمەد ئەمین، کاکە عەبدولکەریم بەگ، سەید ئیسماعیل سەید محەمەد بەرزنجی، بەرزنجەیی سەید محەمەد سەید ڕەزا، بەرزنجەیی سەید ئەحمەدزادە سەید ئەحمەد، سەرۆکی سانکانا سەفۆك ئاغازادە عەبدولغەفور، سەرۆکی سانکانا جاسم ئاغازادە عەبدولعەزیز، سەرۆکی هۆزی دەلۆ کاکە ساڵح، سەرۆکی هۆزی دەلۆ سەلیم بەگ وازی، سەرۆکی سنکانا جاسم ئاغا محەمەد ڕەشید، سەرۆکی هۆزی ئاکۆیی ناودەشت عەفورخان، کیوانیانی سەرۆکێکی گشتییە خورشید بەگ، ئەرز و ماڵی هۆزی سەرۆك ئیحسان بەگ، سەرۆکی هۆزی میلمهالی میران قادر بەگ، سەرۆکی هۆزی ماریوب محەمەد ڕەشید، سەرۆکی هۆزی میرۆیس میران حاتەم بەگ، سەرۆکی هۆزی بارزانی شێخ ئەحمەد، سەرۆکی هۆزی شێروان ئەحمەد بەگ، قادر ئاغای کوڕی عەبدولڕەحمان ئاغا، سەرۆکی هۆزی کوردی باروز ئەحمەد، سەرۆکی هۆزی کوردی ئۆکانزاب، سەرۆکی هۆزی شاملی، شێخ محەمەد سادق سەید موسلح. گرنگی پێدانێکی هاوچەشن هەبوو بۆ بەڕێوەبردنی چەند بەشێکی هەرێمی کوردنشینەوە، دەربارەی ئەمە و چەند پێشنیارێك خرایە ڕوو، هەروەها بۆ ڕێگەی پێشخستنی بەڕێوەبردن و گونجاندنی بە شێوەیەکی باشتر. جا بەڵگەنامەی ژمارەکراو (٣٧١) (٥٠٦٩) (ئەی ٨٣٣٣) وەزارەتی هیند، ١٠ی تەموزی ١٩٢٠.[٥] نامەیەکی تێدا هاتووە لەبارەی کاروباری هەرێم و چەند پێشنیارێك دەربارەی بەڕێوەبردنیەوە لەوێوە نوسراوێك بە ڕێکرا لە نێردراوی شارستانییەوە کەوا دانەیەك لە نامەی ٣١ی مایس دەنوسێتەوە تەلەگرافێکی تێدایە ڕۆژی ٢٢ی مایس کە نێردراوە بۆ ئەفسەری ڕامیاری لەوێدا. تێدا ڕوون کراوەتەوە کەوا پێویستە ئەوە بزانرێت هەر چۆنیەکی بێت ئەو شێوەیەی کە هەڵ دەبژێردرێت بۆ حکومەت جا بۆ ئەوەی شێوەیەکی سەرکەوتوو بێت پێویستە ماوە بدرێت بە گەل بۆ دەرخستنی هیوا و ئاواتەکانی. هەروەها بەڵگەنامەکە دانەیەکی وەڵام دانەوەی ئەفسەری ڕامیاری تێدایە، کە ڕاپۆرتێك پێشکەش دەکا دەربارەی چۆنیەتی و شێوەی حکومەت لەوێدا. لەم وەڵامەدا ئەمە هاتبوونـ بە دەست نیشانکردنی تەلەگرافی ژمارە ٦١٨٤ تان من گەلێ دڵخۆشم بەو یارمەتییەی کە پێشکەشم دەکەن لەم بابەتەدا، بەڵام بۆ شێوەکانی گشتیی مەسەلەیەك وەکو ئەم جۆرە پیاوانە (مەبەست پیاوانی فەرمانگاییە کەوا خەڵکی شوێنەکەن) ماوەیەکی درێژە من گەلێ گرنگییەکی وردم پێداوە. لەم هاوینەی ڕابردوودا بڕیارمدا سوور بم لەسەر ڕۆیشتن بەو پەیڕەوەی کە تۆ بۆت ڕێك خستبووم لە تەلەگرافەکەتدا. ئەمەش ئەو کاتی ئەوانەمان دەخستنە ناو بەشی ئیدارەی ناوە خۆییمان کە خاوەن باشترین

بیروهۆش بوون و بوارێکی فراوانیشمان دەدا بەو کەسەی خاوەن بیروتێگەیشتنە. لەوێدا هەندێ تاقی کردنەوە هەبوو. ئەمەش ئەنجامەکانییەتی. ئەو کەسانەی کەوا خاوەن هۆشن و ڕێك و پێکن (لە ڕەوشتیاندا)، خۆیان پێ گەیاند و بوونە بەشێکی بنەڕەتی و نەپچڕاو لە حکومەتدا. ئەمەش بێ بەختییە هەموو لایەك ئەم ڕێك و پێکییەیان نییە. وەکو ئەمانەی تر ئەم پیاوانەن کەوا لە خۆیان بایی دەبن و هەوڵ دەدەن چییان پێ بکرێ شتی گرنگ بەدەست بهێنن بە شێوەیەکی نابەجێ جا لە ژێر سایەی هەر حکومەتێك بێت...

لەبارەی ئەم کەسەوە (لەوانەیە فایق تابۆ حەسەن بێت) لە باسەکەدا، بەرزترین ئەو پلە و پایەیەی گرتووتەوە کە دەتوانرێ هەبێ، ئەو ڕاوێژکاری داهات و تاپۆیە، بەڵام ئەو لە سەرۆکایەتی هەمان ئیدارەی کەمتر ناوێت. لە چەند شوێنێکی دیکەی فەرمانداری ناوەخۆدا چەند خاوەن هۆشێکی باشمان هەیە. وەکو (ڕەزا بەگ) ئەو لەناوە خۆدا بەڕێوە بەری شاربازێرە، جەمال عرفان بەگ ئەو جەنەراڵێك بوو لە سوپای تورك و بەڕێوەبەری شارۆچکەی مەرگە بوو. عەونی ئەفەندی بەڕێوبەری تانجەرۆ و کەسانی دیکەش. ئەوان ڕازی نین، بەڵام منیش دڵخۆشم... هەموو کاتێ هەموو گرنگی پێدانێکی من ئەوە بووە دانانی باشترین پیاوی خاوەن ئاوات لە بەشەکانی لێپرساوەتیدا من بە زۆری لەم بارەوە باسم دەکرد لە ڕاپۆرتە ئیدارەییەکەی ساڵی ١٩١٩دا.[٦] من ئەوەم بە باشترین شت دەزانی لە پێك هاتنی ئیدارەی ناوەخۆدا. لەوەتەی یەکەم نووسینم بۆ ئێوە سەرچاوەی هەموو و ناخۆشی و ئاژاوەکانم بۆ ڕوون بۆتەوە. ئەم سەرچاوەیەش دوو کەسی بازرگانی دەوڵەمەندن و دژ بە ئێمەن.

PDF 4 KURD

## پەراوێزەکانی بەشی بیست و حەوتەم:

1- Fo (371) (5096) (E1018\11\44) (From Admi. De Robeck) (No. 1172) (19th Aug, 1920).

2-(371) (5069) (E8775\11\44) (From Treasury) (51241) (Expences..Commisson no Kurdistan) (23 rd July 1020).

3-(371) (5069) (E10033).(India Offce) (No. P. 6099)(Aug. 17 th 1920) (Letter From Suleiman Agha):

4- lbid (5069)(E7928)(India Office)(No. P. 5237)(Future of Kurdistan)(July 8th. 1920).

5- lbid (5069)(E8338) (India) Office) (Sulamina Situa. Tion) (15 th July, 1920).

6-Fo (371) (5069) (E 8751\11) (lbid Offce) (No. 4058) (Admon Report of Sulaimania divi.)(July 1920).

PDF 4 KURD

# بەشی  بیست و هەشتەم

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

ئەفسەری ڕامیاری لە ڕاپۆرتەکەیدا دەنووسێ و دەڵێ:ـ ئـەم سەرچـاوەیەش (سەرچـاوەی ئاژاوەکان) دوو بازرگانی دەوڵەمەندی دژ بە ئێمە، حاجی مەلا سەید و براکەی حەمـە بـەزاز ئەم دووانەش خەڵکی شارۆچکەی (ك)ن. ماوەیەکی زۆرە لێرە نیشتەجێن. ئەمانە دوو تورکن و لایەنگیری ئەوانن، بەهۆی ئەوەی کـەوا دوو بازرگـانن هەنـدێ دەسـەڵاتیان هـەبوو لـە کـاتی فەرمانڕەوایی عوسمانییەکاند، پارە و بەرتیلیان دەدا بە فەرمانبەرە گەورەکانی میری و سوود و قازانجی گەلێك گەورەیان بەدەست دەهێنا لە ڕێگەی فڕوفێڵ و ناڕەواوە. ئەوەی من لێی دڵنیـا بم ئێستا مەبەستیان ئەوەیە سوود وەرگرن لەو بۆشایەی کە پەیدا بووە لە کاتی ئیمـزا کردنـی ئاگر بەستی مەندەرۆمی هەتا کاتی ئیمزا کردنی پـەیمانی ئاشـتی لەگـەڵ تورکیـادا (پـەیمانی سیڤەری چاوڕوانکراو). مەبەستیان ئەوەیە بارودۆخێك دروست بکەن کە حکومەتی بـەریتانیا ناچار بکات یان بییێتە هۆی داننان بە سەربەخۆیی ئەم بەشەی وڵاتی کورد یان گەڕانـەوەی بـۆ باوەشی حکومەتی تورکیا. دەربارەی ڕامیاری دەرەوە شارەزایی یان هەیە، بۆ ئەم مەبەستە بە شێوەیەکی ڕێك و پێك ژەهر دەخەنە بیروهۆشی فەرمانبەرە گەورەکان، فـائق (لەوانەیـە فـائق (تابۆ) بێت کە باسی لێکراوە) لە هەمووان زیاتر گرنگی پێدەدرا، ئەویش لە ڕێگای خزمایەتی یەوە. مەبەستیان ئەوە بوو دەسەڵاتێکی تەواو بەدەست بێنن بۆ گەورەکردنی برینـەکانی وڵات و خوێن ڕشتن، هەروەکو ئەمەشیان بـە ئـەنجام گەیانـد لـە ژێـر حـوکمڕانی تورکیـادا، بـەڵام خۆشبەختانە هەوڵەکانیان لەناو بازرگانەکانی وەکو خۆیان سەریان نـەگرت. چـونکە بازرگانـە کوردەکان تەنها لایەنگری بەریتانیا نین بەڵکو پلە و پایەی لە ڕێزی پێشەوەی ئـەو کەسـانەیە کە بە هێـزەوە پاڵپشـتی مـیری دەکـەن، کـە خـۆت ئەمـەت دەسـت نیشـان کـرد بـوو لـە گفتوگۆکانماندا. (حەمدی) پەیوەنـدێکی بـەتینی لەگـەڵ ئـەم دوو کەسـەدا هەیـە، ئەمانـە دەیانەوێت لە خشتەی بەرن و شتی وای لە دڵا بچێنن کـە ئـەنجامێکی باشـی نـەبێ. لەسـەر هەمان بەڵگەنامەدا لێدوانێك هەیە کە بە خەتی مەرەکەب نووسراوە لە لایەن مێجەر یۆنغ ـــ ەوە، ئەو دەڵێ:ـ ئەمە باش ڕوون بۆتەوە لە بروسکەکەی (وڵسن) دا کەوا مەزندەکانی مێجەر نوئیڵ (زۆر جار باسی کراوە) دەربارەی بەڕێوەبردنی کوردستانی خواروو و ورد و بەجێیە. ئێمە تەنها ماوەی ئەوەمان پێدرابوو سەیری بەشێکی کەمی ئەو نامە گۆڕینەوانە بکەین کە سەرەتا باسی ئەو شکایەتانەی دەکرد کەوا لە لایەن کوردەکانی ناوچەکەدا پێشکەش دەکـران. لەسـەر بەڵگەنامەی تۆمارکراو (ئەی ٤٤/١١/٨٧٥) میجەریۆنغ دیسان دەڵێ:ـ ئەم هەنگاوانە دیارن لە ڕێگای پشتگوێ خستنی مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان. مێجەر نوئیڵ چەند هەڵوێسـتێکی

بەهێزی هەیە بۆ بەرەنگار بوونەوەی ئەمە، بۆ ئەو کارێکی خراپ بوو ئەو گۆڕانەی کە کرا لە ڕامیاریدا پاش بەجێ هێشتنی ئەوێ، هەر بەم شێوەیە بابەتی بەڕێوەبردن کاریگەرە، لە لایەکی تریشەوە ئۆتۆنۆمی، ئەگەر ئێمە وڵاتەکە بەجێ دێڵین من وای بە باش دەزانم پرۆژەی ئۆتۆنۆمی جێبەجێ بکەین، ئەمەش دەگونجێ لەگەڵ پەیمانەکانی پێشوودا.

**مێجەر یۆنغ**

بەڵگەنامەی ژمارەکراویش (٣٧١) (٥٠٦٩) (ئەی ١٢٤٥٧) وەزارەتی هیند لە ئابی ١٩٢٠، چەند لاپەڕەیەك و دانەیەك لە یاداشتی فەرمانداری شارستانی تێدایە بە ژمارەی (١٠٢/٥٩/٢٤٥٤) لە نۆزدەمدا، دەربارەی بیروڕاکانی (مەلا محەمەد) کە دەری بڕیبوون لە گفتوگۆیەکانی کۆیەدا. ئەوەش بریتییە لە دانەیەك لەو نامەیەی جێگری ئەفسەری ڕامیاری شارەکە. ئەمە هاتبوو:ـ

من دانانی فەرمانداڕێك زۆر بە گرنگ نازانم، لەو باوەڕەدام تاکە وەڵامێك کە دەتوانرێ بیدەینەوە ئەوەیە کەوا چاوەڕوانی مەرجەکانی پەیمانی ئاشتی (سیڤەر) بکەین. من لە هەولێردا هەوڵمدا بیروڕاکان یەك بخەم، بەڵام تا ڕادەیەکی کەم توانیم سەرکەوتوو بم. شارەکە گەلێ خۆپارێزە. پیاوە ماقووڵەکان دژی فەرمانداری کوردن و نایانەوێ هیچ پەیوەندیەکیان هەبێ بە شەریفەوە. شەریف پاشای ناوبراو وادەردەکەوێ ئەوان ئارەزویان نییە لە گۆڕانکاریەکی فراوان لەم ڕێکخستنانەی ئێستادا. وای تێدەگەم دامەزراندنی (ئەنجومەنی لیوا) دڵنیایان دەکات لە هیوا ڕامیارییەکانیانەوە. کۆمەڵەیەك هەن لایەنگری تورکەکانن بەڵام گەلێ کەمن و لە بنەڕەتەوە لە فەرمانبەرە دەرکراوەکان پێکهاتووە.

**ژمارە(٥٠٠٠)**

لەگەڵ ئەم پێچراوەدا یاداشتێك بەرێ دەکەین بێ ئەوەی ئێمە دەسکاری بکەین، کە ئیمزا کراوە لە لایەن مەلا محەمەد ئەفەندی (حاکمی شەرعی) و (جەمیل ئاغا) جێگری (حاکمی شەرعی) تەواوی شێوەکەی ئاراستەی تۆکراوە. دوێنێ ئاسایی سەرێکم دا لە مەلا محەمەد لە نوسینگەکەیدا، لەڕاستیدا مەبەستم تێگەیشتن بوو لە بیروڕاکانی ئەو دەربارەی بارودۆخی قوستەنتینیە) کە دروست بووە بە هۆی تورکەکانەوە، هەواڵی ئەم بڕیارەش تاکو ئێستانە گەیشتۆتە ئێرەوە. ڕاگەیاندنی ئەمەش وا دەر ناکەوێ ببێتە هۆی گرنگی پێدانی مەلا محەمەد بە هیچ شێوەیەك. ئەو گوتی جێی داخە کەوا شار و ڕێچکە ئاویەکان نەتوانرا بخرێتە ژێر دەسەڵاتی بەریتانیا، بەڵام تاکە بڕیاری خۆی دەربڕی کەوا دانایانە نییە بە زۆر بخرێتە ژێر

دەسەڵاتی بە کۆمەڵی هاوپەیمانەکان بەڵکو بە پێچەوانەی ئەمەوە. ئەو وای پێ باشە شارەکە لە ژێر دەسەڵاتی تورك بمێنێتەوە، بەڵام ئەمەشی دەربڕی کەوا گەرووەکان لە ژێر دەسەڵاتی بەریتانیا دەمێنێتەوە بۆ دابینکردنی ئازادیی بازرگانی و هاتوچۆ. سەرەڕای ئەمەش مانەوەی تورکەکان لە شاری (ئەستەمبوڵ) دا نیگەرانی نەکرد. نیگەرانییەکەی (مەلا محەمەد) بە ئاشکرا دیار بوو لەگەڕانەوەی کوردستان بە هەمان شێوە فەرمانڕەوایەتی چەوتی عوسمانییەوە. پاش گفتوگۆیەکی درێژ دەربارەی حوکمرانی عوسمانییەوە لەم قەزایەدا، پاش هێنانەوەی چەندان نمونەیەك لەسەر هەڵسوکەوتی ناشیرین لێرە و لەوێ، بەراوردێکی کرد لە نێوان ئەو حکومرانییە و ئیدارەی ئێستای بەریتانیا. پاش هەڵسوکەوتی لەگەڵ چوار لە جێگر ئەفسەری ڕامیاریانی بەریتانیا و چاوی بە کار و پیشەیان کەوت دانی بەوەنا کەوا شتێکی نییە بێجگە لە ستایش کردن نەبێ بەرامبەر ڕەوشتی جوان و ڕێکوپێکیان لە هەڵسان و دانیشتندا کە بە پێچەوانەی هاو پلەکانیان لە عوسمانییەکانی پێشوودا. مەلا محەمەد بە دڵنیاییەوە زۆرجاریش گوتویەتی:ـ کوردستان ڕزگار بوونی بۆ نییە، تەنها لە ژێر چاوەدێری و ڕێ نیشاندانی بەریتانیاوە نەبێ. هەر چۆنییەکی بێ، مەلا محەمەد بە تەواوی سوور بوو لەسەر ئەوەی کە پێویستە فەرماندارێکی کورد دابنرێت. کاتێ پرسیاری لێکرا دەربارەی ئەو کەسەی کە هەڵیدەبژێرێ بۆ شوێنەکە، لە وەڵامدا گوتی کەسێ بێ لە خێزانی بابان دەبێ هەڵبژێردرێت بۆ شوێنی یەکەم، ئەمەش چونکە ئەم خێزانەی باشورە، ئەو وای لێك دەداتەوە کەوا کەسێکی لێهاتوو و گونجاوە پێویستە بۆ ئەم پایەیە، بە گوێرەی بیروڕای ئەو دەبێ ئەمە جێبەجێ ببێ بە ڕەزامەندی بەریتانیا. من گومانم نییە لەوەی کەوا مەلا محەمەد بیر لە حەمدی بەگ بابان دەکاتەوە. دڵنیاشم لەوەی کە ئەم قەزایە پاڵپشتی دەکات. پیاوە ماقوڵان وای تێدەگەن نوێنەرێکی تێگەیشتووە و شایستەی نەتەوەکەیانە و هاوکاریشی دەکات لەگەڵ ڕاوێژکارانی بەریتانیا بۆ بەرژەوەندی هەموو چینەکانی دانیشتوان. هەر چەندە شارۆچکەی (کۆیە) هیچ پەیوەندییەکیی بە شێخ مەحمودەو ە نییە، بە گوێرەی بیروڕای ئەو، بەڵام خەڵکەکە وای بەباش دەزانن کە وا پلە و پایەی خۆیان بگرنەوە لە کوردستاندا زیاتر لە هەموو شتێکی تر. مەلا محەمەد لە ڕیزی پێشەوەی هۆشمەند و ڕوناکبیرانی ئەم قەزایە، لەوەش دڵنیام لەم بابەتەوە هەموو پیاوە ماقوڵان هەمان بیروڕایان هەیە، بەڵام زۆربەی خەڵکی هەروەکو مەلا محەمەد خۆی گوتی:ـ زۆربەیان بیریان لای پەیدا کردنی نانی ڕۆژانەیە.

PDF 4 KURD

ن،أ، دندل

کابتن، کۆیه

هەر ئەوکات نوسراوێك بەرێخرا بۆ ئەفسەری ڕامیاری لە هەولێردا بە ژمارەی (٦٠٠٠ ) ئەمەی تێدا هاتبوون بۆ تەواوکردنی نووسراوی ژمارە (٥٠٠٠)ی سەرەوە لە ڕۆژی ١٩٢٠/٣/٧، لە خوارەوەش تۆمارکردنی چاوپێکەوتنی دووەمی دوێنێی منە لەگەڵ مەلا محەمەد ئەفەندی و جەمیل ئاغا دەربارەی بابەتی دوا ڕۆژی بەڕێوەبردنی کوردستانی خواروودا. ئەمەوێ ڕوونی بکەمەوە، بابەتی گفتوگۆ، دووبارە لەسەری دوامەوە لەسەر پێشنیاری ئەوانەوە، ئەمانیش ئەم ڕوونکردنەوانەی خوارەوەیان خستە ڕوو: مەلا محەمەد گوتی: ئەم و جەمیل ئاغا ئەم بابەتەیان زۆر لە لا گرنگە. ئەوان زۆر بە توندی نارەزایی دەردەبڕن بەرامبەر گەڕانەوەی ولاتەکەیان بۆ فەرمانڕەوایەتی عوسمانییەکان. هەردووکیان گوتیان: دڵخۆشن بەم جۆرە بەڕێوەبردنەی ئێستای بەریتانیا و ئارەزوویشیان نییە بۆ کەم کردنەوەی دەسەڵاتی فەرمانبەرانی بەریتانیا هەتا چەند ساڵێکی داهاتوو. تەنها ئەوە نەبێ باسی ئەوەی کرد کەوا کۆمەڵێ نارازیمەندی بچوك هەن کە زۆربەی جار بریتین لە مەئمورە دەرکراوەکان یان بێکارەکان، کە لەو باوەڕەدان کەم کردنەوەی ئەم دواییەی ژمارەیەك لە فەرمانبەرانی ئیدارە ئەمە نیشانەیەکە جێی گومان نییە کەوا حکومەتی بەریتانیا بە شێوەیەکی گشتی نیازی وایە کوردستان بخاتە بەر بەرژەوەندی تایبەتی خۆیەوە بۆ سەرکوتکردنەوەی ئەم جۆرە پڕوپاگەندە زیان بەخش و بەهێز کردنی شوێن پێی ئیدارەی بەریتانیا، مەلا محەمەد و جەمیل زۆر بە پێویستیان زانی بە دانانی فەرماندارێکی کورد. هەر دووکیان وا پێویست دەکات ئەم دانانە هەر بە ڕواڵەت بێت و هەڵبژاردراو و بۆ ئەم پایەیە دەسەڵاتێکی ڕاستەقینەی نەبێت. بەڵکو ئەفسەرە ڕامیارە بەریتانیاییەکان ئەوان فەرمانداری ڕاستەقینەین. لەو کاتەی کەوا فەرماندە کوردەکە تێدا نوێنەری سەرەکی گەلە لەمەش زیاتر ئەگەر لێنەهاتوویی ئەم فەرماندارە ڕوون بووەوە، هەر کاتێ بێ، پێویستە کەسێکی گونجاو جێی بگرێتەوە، ئەوان ڕازی نەبوون بە فەرمانڕەوایەتی میراتی بەڵکو لەسەر لێهاتوویی بێ. ئەفسەری ڕامیاری دەڵێ، لە مەلا محەمەد پرسیارم کرد دەربارەی ئەوکەسەی کەوا ئەو باوەڕی وایە شایستەی ئەم پلە و پایەیە، هەروەکو چۆن من بیرم لێ دەکردەوە ئەو وەڵامی دایەوە، کەوا (حەمدی بەگ بابان) لەناو کوردان لە هەمووان زیاتر شایستەی ئەم پلە و پایەیە. لەگەڵ ئەو هۆیانەی کە باسم کردووە لە نووسراوەکەمی ژمارەکراو (٥٠٠٠) مەلا محەمەدیش گوتی: حەمدی بەگ پیاوێکی زۆر

PDF 4 KURD

دەوڵەمەندە، ئەگەر پێویستی کرد ئەو دەتوانێ بە خۆڕایی خزمەت بکـات. جـەمیل ئاغـاش گوتی:ـ ئەگەر حەمدی بەگ بە خۆڕایی کار بکات ئەوا ئەم چەند فەرمانبەرێکی تر وەکو ئـەو بەە خۆڕایی کار دەکەن مەلا محەمەد گوتی: پێش دەرکردنی بڕیاری دانانی فەرمانداری یەکـەم بێگومان ئەمە زیرەکایەتییە بە وەرگرتنی بیروڕای سەۆکەکانی دیکەش. لە وەڵامی پرسیاری من دەربارەی ڕادەی دەسەڵاتەکانی حکومڕانی پێشنیار کرا و چەندە؟ مەلا محەمەد بە گوێرەی بیروڕای ئەو پێویستە پێك بێت لەم لیوایانەی کە هەن و ئەوەی خەڵکیش ئارەزووی لێیەتی... بە پێی بیروڕای ئەو فەرماندار بەمە ڕازی دەبێ. پاش ئەوەی ئەفسـەری ڕامیـاری باسـی ئـەو چەند لایەنەی کرد کە پەیوەندیدارە بە ئابورییەوە و بیروڕای ئەوانەوە لە ژێر ڕۆشنایی هەنـدێ. مەلا محەمەد گوتی هەر ڕێگایەکی تر بێ وبەغدا کاتی خۆی هەر لە کۆنەوە ناوەندی بازرگانی کوردستانی باشور بووە و پێویستە شارەکە هەر بە ناوەندی ئیداری بەریتانیا بمێنێتەوە. پاشان من چوومە سەر باسی چەند مەسەلەیەکی ئاسایی و پرسیارم کرد لەو باوەڕەدان کـە پێویسـت بکات خۆ ماندوو بکرێت لەسەر نامە گۆڕینەوەی ڕەسمـی و ئاڕاسـتە بکرێـت بـۆ لایـەنێك و یەکێکی تر نا؟ هەردووکیان گوتیان بەوە دڵخۆش دەبـن کـەوا یاداشـتێك بنووسـنەوە ئەگـەر داوای ئەمەیان لێ بکرێ و ئامادەشن هەموو کارێ ئەنجام بـدەن بـۆ نەگەڕانـەوەی دەسـەڵاتی ستەمکارانەی عوسمانییەکان. ئەمەی خوارەوەش یاداشتەکەیانە:ـ وەرگێران

لە محەمەد جەمیل حەوێزی زادە

محەمەد عەبدوڵلاّ جەلی زادە

بۆ ئەفسەری ڕامیاری لە کۆیە، ٦ی مارتی ١٩٢٠. ئەوەی ئاشکرایە لای هـەموو کەسـێ ئەوەیە بەریتانیای گەورە لایەنگری هەر گەلێك دەکات کەوا بە دوای چاودێرییەوە دەگـەڕێت. پاش جەنگی جیهانی ئارەزووی میری بە مەبەستی خۆشگوزەرانی بـوو، دوور کەوتنـەوەی لـە خراپە و زیان بەخشین بوو. لە ڕێگای ئامێری میرییەوە گەلێکی بچکۆڵانە دەتوانێ بگـات بـە ژیانێکی پێشکەوتووانە و، چەوساوەش ڕزگاری دەبێت لە ستەمەکاران. گەلی کـوردیش تـاکو ئێستا ئارەزوویەکی توندی هەیـە بـۆ ژیـان بردنـە سـەر بـە ئـازادی، کوردەکـان بـە هیـوای یارمەتیدانی میریین و فەرمانداریێکی تایبەت بە خۆیان هەبێ. لەبەر ئـەوەی پەیوەندییـەکانی شێخ مەحمود ناسازە، ئەمە دڵتەنگمان دەکات جێبـەجێ کردنـی ئـەم پێشـنیارە دوا بخرێـت. ئێستا هیوایەکی تەواومان هەیـە کـەوا دادپـەروەری مـیری بەرژەوەندییـەکانمان دەپـارێزێ و یارمەتیمان دەدات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانمان. ئێمە زۆر منەت بارین ئەگەر فەرمانـداریێکی

PDF 4 KURD

بێ لایەن دابنرێت و خاوەن توانایەك بێت كەوا گەلی كورد بتوانێ بگاتە شوێنی خۆی لەناو گەلانی پێشكەوتوودا. بە پێچەوانەی ئەمەشەوە بێ هەبوونی بچووكی كورد تێك دەشكێت. ئێمە بە دڵنیاییەوە هەست دەكەین كەوا مەبدەئەكانی میری بەریتانیا ڕێگە نادات شتێكی وەكو ئەمە ڕووبدات. پاشان لە دوای ئەمەوە یاداشتێكی پەنهان كراو دێت بە ژمارەی (ئیس.س.٤/١٥٥) لە ڕۆژی ١٧ی تەموزی ١٩٢٠، لە لایەن ئەفسەری ڕامیاری لە هەولێرەوە بۆ فەرمانداری شارستانی، ئەمەی تێدا هاتبوو: لە كاتی سەردانم بۆ كۆیە دیم بارودۆخ هێمن بوو، باری ڕامیاریش ڕێكوپێك بوو. مەلا محەمەد ئەفەندی (حاكمی شەرعی) و جەمیل ئاغا یارمەتیدەری (حاكمی شەرع) لەگەڵمدا گفتوگۆیان كرد دەربارەی دوا ڕۆژی كوردستان. هەی یەكەمیان قسەكە ئەوە بوو، وا تێدەگەم لە شوێنی ڕێزەكانی پێشەوە دایە و وای دادەنێن بەرژەوەندییەكانی بەریتانیایی لەبەرچاوە. بیر و باوەڕەكانی زۆر جیاوازی نەبوو لەگەڵ ئەوانەی لە نامەی (رندل)دا هاتبوون ژمارەكراو (٠٠٠٦) لە ڕۆژی (٧ و ٩)ی مانگی مارت كەوا من بەرزم كردبوونەوە لەگەڵ نامەی ژمارەكراومدا (هـ.١٣٣) لە ڕۆژی ٢٠ی مارت (١٩٢٠). ئەو بەم قسەیە دەستی پێكرد كەوا لەو باوەڕەدایە ئەندامانی ئەنجومەنی ئاشتی لە پاریس كەم هۆش نین كە ئەمانەی خوارەوە نەزانن:ـ

أ. بیری یەككردنی كوردەكانی دانیشتووی باكووری ویلایەتی موسڵ (واتە كوردەكانی توركیا) لە حكومەتێكی سەربەرخۆدا بیرێكی نابەجێیە.

ب. ئەگەر شتێ ڕوویدا و بیری لێ نەكرا بووەوە، كە ئەمانە حكومەتێكیان پێكەوە نا، ئەوا كوردەكان لە كوردستانی باشور هەرگیز بیر لەوە ناكەنەوە لەگەڵیاندا یەك بگرن. ئەو زیاتر گوتی خۆی و ئەوانەی كە بە ناویانەوە قسە دەكات حەز ناكەن بەشێكی كوردستان بە تەواوی سەربەخۆبی، بەڵكو وای بە كارێكی پێویست دادەنێن هەندێ سەرپەرشتیكاری بەریتانیا هەبێ هەروەكو شێوەی ئێستا. بە شێوەیەكی تایبەتی هەر دووكیان حەزیان نەدەكرد لەمیری یەكی كەساسی وەكو میری عوسمانی كەوا مایەی چەوسانەوەی گەلە. ئارەزوویان لە حوكمڕانی دیكە نەبوو ئەگەر ئێمەی كوردەكان ناچار بكەین لەسەر ئەم ڕازی بوونە. بە گوێرەی بیروڕای ئەوان كوردەكان شایانی گرنگی پێدانن و لە هی تر كەمتر نین و پێویستە هەولێریش بگرێتەوە. من بە مەلا محەمەدم گوت: دانیشتوانی هەولێر بە توندی نارەزایی دەردبڕن بەرامبەر خستنە ناوەوەی، ئەو وەڵامی دایەوە كە ئەمانە مایە پووچن، چونكە دانیشتوانی هەرێمەكە هەموویان كوردن. لە دواجار گوتی كوردستان ژێر ئینتدابی بەریتانیا پێویستە لە

PDF 4 KURD

ژێر فەرمانداریيەتی یەك سەرۆك بێت، وەكـو حەمـدی بـەگ، یـان هـەر كەسـێكی شایسـتە بدۆزرێتەوە. لەوانەیە پایتەخت سلێمانی بێت یان هەولێر یان شوێنێكی تر كـەوا ئێمـە پێمـان باش بێ. ئەو وا تێدەگات ڕەواندوز بە حەمدی بەگ ناڕازی نییە، مادام ئەو دەسەڵاتی دەست خستنە ناوەوەی نەبێ، ئەویش سەرۆكێك دەبێ هەر بـەناو. لـەبارەی داواكارییـەكانی كـەمتر گرنگ مەلا محەمەد داوای كرد بە دامەزراندنی گەورەترین ڕێژە لـە فەرمانبـەرانی كـورد لـە هەرێمەكەدا. وا دەردەكەوێ بە شێوەیەكی گشتی بیروڕاكانی مەلا محەحەد ڕێكوپێك بن. ئەگەر پێشنیارەكانی جێبەجێ بكرێت لەوانەیـە ڕەزامەندییـەكی گشـتی هـەبێ لـەناو كوردەكانـدا. بەڵگەنامەیە یاداشتێكی پەنهان كـراوی تێدایـە بـە ژمـارەی (ص.٨٠٧/١/٢) لـە ٤ی ئـابی ١٩٢٠، لە لایەن ئەفسەری ڕامیاری لە سلێمانیەدا بۆ فەرمانداری شارسـتانی ئەمـەی تێـدا هاتبووـ لە دەستنیشانكردنی نوسراوتان ژمارەكراو(٩٠٥١) لە ڕۆژی ٢٧ی تەموزی ١٩٢٠. داوای بەخشین دەكەم لـە دواكـەوتنی وەڵامەكـە. ... ئێسـتا دانەیـەكم لەبـەر دەسـتایە كـە نووسـراوی ئەفسـەری ڕامیـاری ژمـارەكراو (٤/١٥٥)... نوسـراوەكەی ڕۆژی ٢٠ی تـەموز پاڵپشتی بیروڕاكانی ئەفسەری ڕامیاری دەكات لـە هـەولێردا شـایانی باسـە بـە شـێوەیەكی ئاسایی، من كاتێكم بۆ ڕێك كەوت گفتوگۆم كرد لەگەڵ موفتی هـەولێر لـەو بـاوەڕەدام ئـەو یەكێكە لە لایەنگرانی مەلا محەمەد كە بە مرۆڤێكی پەیوەست ناسراوە. مەلا محەمەد شتێكی ڕاستی گوت كاتێك یەكگرتنی كوردەكانی دانیشتوی بـاكوری سـنوری ویلایـەتی موسـڵ بـە شتێكی دووری زانی. ئەو گوتی ئەگەر ئەم یككگرتنەش پەیدا بوو ئەوا باشور بیر لەوە ناكاتەوە خۆی بخاتە ناویانەوە. ئەمەش ڕاستە. لە یاداشتەكەی (ب. ١/١/٢٧٧) وا تێدەگەم كەوا مـن تا ڕادەیەك بە شێوەیەكی جیاواز هەمان ئەو بیروڕایانەم دەربڕیوە كەوا مەلا محەمەد ئەفەنـدی دەریبڕیون و دەربارەی گۆڕینی یاسای بەڕێوە بردنی. ئەو بیر و ڕایانـەی كـەوا لـە قسـەكەرانی ئێرەوە دەرچوون وا دەگەیەنن هەر گۆڕانێك لە یاسای بەڕێوەبردنی ئێسـتا بكرێـت گەڕانـەوەی هەنگاوێكە بۆ دواوە. بە گوێرەی بیروڕای مـن پێشـنیارەكانی ئـەو دەربـارەی حەمـدی بـەگ لەمانەیە لەوانەیە باشتر و لە جێترین لە هەموو ئەو پێشـنیارانەی كـە تـا ئێسـتا پێشـكەش كراون من لەم باوەڕەدام چەند هەنگاوێكی لەمجۆرەوە پەسندە جا چ لە كـاتی ئێسـتا بـێ یـان كاتێكی تر. ئەویش لە پێناوی چەككردنی پروپاگەندەچییەكان. هەر چەندە ئەم پـاڵێوراوە بـۆ حوكمرانی واتە حەمدی بەگ خۆی لەوانەیە لە سەرۆكێكی بەڕواڵـەت پـتر نـەبێ. ئـەم پلـە و

پایەیە وردەکاری یەکی زۆری پێ دەوێ. ئەویش لەبەر ئەوەی پێویستە لە سەرمان هەوڵ بدەین ئەم خاڵانە بە ئەنجام بگەینین:ـ

أ. ئارەزوومان لە دامەزراندنی بەڕێوەبردنێکی گونجاوی بەردەوام.

ب. هەندێکیان وا سەیری بەڕێوەبردنی بەردەوام دەکەن "وەکو ئەوەی کەوا تێك ناچێت."

ج. کەسی پاڵێوراو خۆی.

د. باری نارەزاییان بەم بەڕێوەبەردنە، بە تایبەتی وەکو ئەوانەی ئەوەستن بە ڕووی بەڕێوەبردنی بەریتانیا لە شارەکاندا، من لە بیروڕاکانی مەلا محەمەد تێگەیشتووم ئەگەر ئێمە ئارەزوومان هەیە ڕاستگۆ و ڕاستیناس بین پێویستە لەسەرمان بە گوێرەی هێڵەکانی نەتەوەیی ئەسنۆگرافیی دانیشتووان کار بکەین... ئەمەش مانای ئەوەیە هەندێ هەرێمی تر بخەینە بەر ئەو بەڕێوەبردنەی ئەوێ. لە لایەکی تریشەوە ئەگەر بە جێبەجێ، لەسەر هەندێ خستنە ناوەوەی کوردەکانی دزەیی. کارێکی پووچ دەبێ، بەڵام دەتوانرێ هی تر بخرێتە ناوەوە، وەکو (شوان) لە هەرێمەکانی تردا. من باسی ئەم بابەتە دەکەم، بەڵام پێویست ناکات ئێستا کە بە درێژی گفتوگۆی لەسەر بکرێ.



PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

# بەشی بیست و نۆیەم

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

بەڵگەنامەی ژمارەکراو (٣٧١) (٥٠٦٩) (ئەی ١٤٦٠٨) وەزارەتی هیند (ص٨٣٢٠) لە ٢٣ی تشرینی دووهەمی ١٩٢٠،[١] بروسکەیەکی تێدایە لە لایەن نێردراوی پایەدارەوە بە ژمارەی (١٣٩٨٧) سەبارەت بە کوردستانی ناوەندی لە تورکیادا، ئەمەی تێدا هاتبوو:ـ لە ٢٣ی ئاب ئەفسەرێکی پێشووی عوسمانی لە (دیاربەکر)ەوە گەیشتە ئێرە، لە دایك بووی سلێمانی، ناوی ئەدیب ئەفەندی بوو. دەڵێ لەوێدا جووڵانەوەی فراوان هەیە لە دیاربەکر بۆ دەرکردنی بیانییەکان و لە پێناوی کوردستانێکی سەربەخۆدا بە سەرپەرشتی بەریتانیا، ئەو پتر لە سەری ئەڕوا و دەڵێ:ـ لەوێ سەرکردەکانی جووڵانەوەکە لە خێزانی جەمیل پاشان کەوا گەورەکەیان ئەکرەم بەگە لە ئەستەمبوڵ دادەنیشێ. سەرۆکە ناوەخۆییەکانی لە دیاربەکر ئەمانەن:ـ قاسم بەگ و قەدری بەگ. ئەمانەش هەموویان پەیوەندییان هەیە لەگەڵ (خەربووت) و (دیاربەکر) و (بەتلیس). ئەو دەڵێ گەلێ ئارەزویان هەیە پەیوەندی بکەن بە بەریتانیاییەکانی ئێرەوە، من لەم باوەڕەم کەوا ئەدیب نێردراوە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم پەیوەندییە. وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیاش تەلەگرافێکی نارد بۆ نێردراوی پایەدار لە ڕۆژی ٢٧ی تشرینی یەکەم ١٩٢٠.[٢] (٢٨٦٠) کوردستان... لە ژێر ڕۆشنایی ئەو دۆخەی کە دروست دەبێ ئەگەر هەوڵەکانی بەلشەڤیکەکان و نەتەوەخوازەکانی تورك یەکیان گرتەوە بە ئەرمینیادا، ئەو کاتە وا باشترە بە وردی سەیری فەرمانی دانانی (حوکمڕان لە کوردستانی خواروودا بکرێت لە کاتێکی زوودا) ئەگەر هات و ئەمە ئارەزووی خەڵك بوو، بریا ئەمەش جووڵانەوەیەکی سوودبەخش دەبوو. لە وەڵامدا لەسەر زمانی نێردراوی پایەدار ئەمەی خوارەوە هاتبوو: بەڕێز (کۆکس) ڕوونی دەکاتەوە کەوا ئەفسەرەکانی ناوخۆ لەو باوەڕەدا نین ڕووداوی ناخۆش سەر هەڵبدا، ئەو وا تێدەگا کە پێویستە هەوڵێکی ڕێخۆشکەری زۆر بدرێت بۆ دڵنیا بوون لەوەی کەوا کاتی دانانی فەرمانداریك هاتووە،[٣] نێردراویش گرنگییەکی تایبەتی پتر بدات بەم کێشەیەوە. ئەفسەری ڕامیاری لە لیوای هەولێردا (کابتن های) بیروڕایە سەرەتاییەکانی خۆی دەربڕیبوو لە ڕاپۆرتەکەیدا دەربارەی شارەکە لە ساڵی ١٩١٩دا.[٤] ئەم هەموو چالاکییانە دەتوانرێ کەوا بە شێوەیەکی گشتی چەند ئەڵقەیەك پێك دەهێنن لە زنجیرەی ئەو چەند جووڵانەوەیەی بە مەبەستی ڕوون کردنەوە و هاوبەشی کردن لە پێشکەشکردنی چەند چارەسەرییەکی ناوەخۆیی و گشتیدا بۆ کێشە هەڵواسراوەکانی هەرێمی کوردنشین. بەڵگەنامەی (٥٠٦٩)(ئەی ١٤٩٣٩)(وەزارەتی هیند) لە ٢٩ی تشرینی دووهەمی ١٩٢٠.[٥] نامەیەکی تێدا هاتووە:ـ... لە ژێر ڕۆشنایی هێرشی تورکی چاوەڕوانکراودا لە ساڵی ١٩٢١،

PDF 4 KURD

لەوانەیە کێشەی دامەزراندنی کۆنفیدراڵییەتی کورد بە سەرپەرشتی بەریتانیا مایەی گرنگی پێدانی پترە. دیسان باسی ئەوە کرابوو لە بروسکەی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا بۆ نێردراوی پایەدار بە ژمارەی (٣٦١٦) لە ٢٦ی تشرینی دووهەم (دانەیەکی بۆ جێگری پاشا). چەند هەواڵێکی تێدا هاتبوو دەربارەی سەید (تەها)ی شەمدینانی، هەروەها گۆتەی یەککرتنی تورکە نەتەوەخوازەکان لەگەڵ بەلشەویکەکان دا بە هەوڵدانی هاوبەشی لە ئەرمینیادا دۆخێکی نوێ دروست دەکات لە کێشەکانی کورددا. جا لە ژێر ڕۆشنایی خۆ ئامادەکردن بۆ هێرشێکی تورك لە ساڵی داهاتوودا، مەسەلەی گرنگی دان بە کاروباری کۆنفدراڵییەتی کوردەوە بە سەرپەرشتی بەریتانیا پتر گرنگی وەردەگرێت. بە تایبەتی گۆڕانی هەڵوێستمان لە گەڕانەوەی ئاسوودەییەکان هەروەکو لە بروسکەی پێشوودا هەیە کۆسپ لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ئەم سیاسەتەدا لا دەبات. بروسکەکەش داوای بۆچوونی ئەو دەکات. بابەتی کۆمیتەی کوردستان دووبارە باسی دەکرێتەوە بە گوێرەی پەیمانی سیڤەر، لە نامەی نێردراوی پایەدارەوە لە ئەستەمبولدا (ڕمبۆڵت) لە ١ی کانونی یەکەمی ١٩٢٠،(٦) باس دەچێتە سەر مەسەلەی دامەزراندنی (مێجەر نوئیل)ی ناوبراو. تێدا دەڵێ:- من لە جۆری ئەو کاروبارە نازانم کەوا دەتوانرێ (مێجەر نوئیل) بە کارەکە هەڵسێت ماوەی چاوەڕوانی کردنی دامەزراندنی کۆمیتەی کوردستان و پێش زانینی ئەو کاتەی کەوا ئەم کۆمیتەیە پێویستە دەست بە کاروباری خۆی بکات. مێجەر یۆنغ لەسەر ئەمە بەم شێوەیە خوارەوە لێدوانێکی کرد:- پێشنیاری کرد نوئیل دابمەزرێت لە میزۆپوتامیا. تیلماجۆس لە ڕۆژانی دواییدا دەستیکرد بە تەنگاو کردنی بەڕێز کۆکس بۆ ئەوەی چەند هەوڵێ بدات بۆ دانانی فەرمانداریێکی کورد لە کوردستانی خوارووداا (ئەمەش ناکرێ هەتا مێجەر سۆن لەوێ بێت). من تێدەگەم کەوا بەڕێز کۆکس بە نوئیلی گوت ئەوکات لە لەندەن بوو:- دەرفەتێك پەیدابووە کە خۆی دابنێت لە هەرێمی کوردنشینی میزۆپوتامیادا، ئەمەش ڕێگەیەکی بەجێیە کە بەم زوانە بمێنێتەوە تا ئەو کاتەی کاری لێژنەی کوردستان دەست پێدەکات.

ه.و. یۆنغ

هەروەها نامەیەکیش هەیە لە لایەن بەڕێز ج. تیللی:

وەزارەتی دەرەوە ٧ی کانونی یەکەمی ١٩٢٠

PDF 4 KURD

زانیارییەکانی وەزیری هیندتان (مۆنتاجۆ) پێ ڕادەگەینم (لۆرد کیرزن) وای تێدەگات کەوا پەسندە ئەم ئەفسەرە (نۆئیل) بمێنێتەوە لە لێژنەی دیاریکردنی سنوری کوردستان، وای پێ باشە کە دایمەزرێنێت لە هەمان لێژنەدا.

ت. تیللی

وەزارەتی هیند ـ لەندەن

بەڵگەنامەی ژمارەکراو (٥٠٦٩)(ئەی ١٥٦٧٠)، وەزارەتی هیند، لە ١٦ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٢٠،[٧] دانەیەکی ئەو نامە گۆڕینەوەیەی تێدایە دەربارەی هەڕەشەی تورك و بەلشەویك، هەروەها گفتوگۆکانی لەگەڵ سەید تەها کە گوتی سەرۆکە کوردەکان بڕیاریاندا بۆ دامەزراندنی کۆنفیدراڵییەکی کورد و بەدەست هێنانی لایەنگیریی بەریتانیا. ئەو گومانی هەیە لەوەی کەوا لێژنەی کوردستان بتوانێ لەم بارودۆخەی ئێستادا ڕووبکاتە کوردستان. نامە گۆڕینەوە کە دەڵێ:ـ پێویستە مێجەر نوئیل دابمەزرێت لە میزۆپوتامیادا بۆ ئەوەی تەنها دانیشتن بکات لەگەڵ سەرۆکە کوردەکان و دەربارەی بیروڕاکانی ناوەخۆ بنووسێ و هەروەها ئەگەری جێبەجێ کردنی ئەو ڕامیارییەش کە سەید تەها پێشکەشی دەکات، داوای بیروڕا دەربڕین دەکات. هەروەها ئەم دەقەش نوسرا بوو:ـ

وەزارەتی هیند — ١٥ی کانونی یەکەمی ١٩٢٠

وایت هۆڵ ـ لەندەن — بەپەلە

گەورەم:ـ

لەسەر داواکاری وەزیری هیند ئەم نامە گۆڕینەوە دەنێرم کە پێویستە بخرێتە بەردەستی وەزیری دەرەوە کەوا لەسەر دانەکانی چەند پەراوێزێکی نوسیوە تایبەتمەند بە کێشەکانی کوردەوە لە هەرێمەکانی باکور لە تورکیادا و ئەو پێشنیارەی کەوا بەڕێز کۆکس بەرزی دەکاتەوە لە دوا پەرەگرافی بروسکەکەیدا ژمارەکراو (١٣٧٨٧) لە ڕۆژی ١٢ی تشرینی دووەمدا، هەر چۆنییەکی بێ، وەزیری هیند مۆنتاجۆ وا تێدەگات گفتوگۆ کردن لەگەڵ سەید تەهادا دەست نیشانکردنی ئەو ڕێگایە زیاتر کاریگەرانە دەکات بۆ لێدانی هەڕەشەی تورك ـ بەلشەوی، هەروەکو دەر دەکەوێ لەم نامە گۆڕینەوانەی کە لەگەڵ ئەم نامەیەدا نێردراوە. وا دەردەکەوێ هێزێکی تورك یان بەلشەوی هەڵدەستن بە خۆ خستنە ناو چیاکانی کوردنشین بە مەبەستی ئەنجامدانی کاری دوژمنکاری، ئەگەر کوردەکان خۆیان لایەنگری ئەمە نەکەن. سەرەڕای ئەمەش وا دەردەکەوێ کەوا کوردەکان بە چاوێکی زۆر گرنگیەوە سەیری دۆخەکە

PDF 4 KURD

دەکەن. ئەوانیش نیگەرانن تا ئەو کاتەی دڵنیا دەبن تا چ ڕادەیەك بۆیان دەکرێ پشت ببەستن بە یارمەتی بەریتانیا لە کاتی هێرش هێنانی دەرەوەی سنوردا. سەید تەها پێویستە تێبینی بکرێت، دەربارەی کۆبوونەوەکانی سەرۆکە کوردەکان ئەدوێ، کە لە ناو یاندا کێشەی بەرەنگارکردنی هاتنە پێشەوەی بەلشەویك گفتوگۆی لەسەر کرا، گەیشتنە ئەو بڕیارەی کەوا دەبێ کۆنفیدڕاڵی یەکی کورد دابمەزرێت بە پەیمانێکی پاڵپشت کردنی بەریتانیا. لۆرد کیرزن دەزانێ کەوا سەید گومانی هەیە دەربارەی سەرکەوتنی ئەو بەشەی پەیمانی ئاشتی (سیڤەر) کە پەیوەندی هەیە بە پێکهێنانی لێژنەیەك بۆ سەرلێدانی ئەوێ. ئەو وا تێدەگات تەها ئەم لێژنەیە ناتوانێ بچێتە ناو وڵاتەوە بەم بارودۆخەوە، تەنها ئەو کاتە نەبێ کەوا هێزێکی چەکداری گەورەی لەگەڵا بێ. ئەم بیرە وا دەردەکەوێ کەوا چەند ڕاستییەك پاڵپشتی دەکات. بەڕێز (مونتاجۆ) لەو باوەڕەدایە وەك یەکەمین هەنگاوێ پێویستە مێجەر نوئیل چەند ڕێنمایەکی پێ بدرێت بۆ یەکسەر ڕوو کردنە میزۆپوتامیا، ئەویش بە مەبەستی پەیوەندی کردن لەگەڵ گەورە سەرۆکەکانی کوردا لە سنورەکانی باکوری هەرێمە داگیرکراوەکان و دەربارەی هەست و بۆچوونەکانی گشتیی ناوخۆی ئەم وڵاتانە بنوسێت، بە تایبەتی ئەو بوارانەی کە دەکەونە بەر جێبەجێ کردنێکی سەرکەوتوانەی ئەو ڕامیارییەی کەوا سەید تەها داوای دەکات لە بارەی پێکهێنانی کۆنفیدڕاڵییەکی کورد بە سەرپەرشتی بەریتانیا... لە هەمان کاتدا بەڕێز مونتاجۆ هەندێ گومانی هەیە دەربارەی داواکارییەکەی سەید تەها بەناردنی چەك و تەقەمەنییەکی زۆر، ئەو وا حەز دەکات کە ڕوونی بکاتەوە کەوا لایەنگری هیچ جۆرە ڕامیارییەکی ناکات کە ببێتە هۆی بەکار هێنانی هێزەکانی چەکداری بەریتانیا لە کوردستاندا.

ئیمزا: شکبرە

تا ڕادەیەکی زۆر ڕوون بۆتەوە، پاش چەند جارێك باس کردنی پەیمانی سیڤەر و لە زۆر لە بەشەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، کە ئەم پەیمانە گرنگییەکی چەند زۆری پێدراوە، لە کاتی خۆیدا و ئەوەی بینراوە سەبارەت بە ئەوەوە لە بیروڕا دەربڕین و گفتوگۆکردن و ئەحکام(٨) و بڕیار دانەکان، لە ژێر ڕۆشنایی، ئەوەوە بۆ سوود وەرگرتن هەندێ کەمە ڕووناکی دەخەینە سەر ئەو کارەساتەی کە بەسەر ئەم پەیمانەدا هاتووە پاش ماوەیەکی کەم لە بەستنی و هەوڵدان بۆ جێبەجێ کردنی چەند بەندێکی. ئەمەی زانراوە کەوا پەیمانی سیڤەر چەند بەندێکی تێدایە، وا دادەنرێ لە بەرژەوندی چارەسەر کردنی کێشەی کوردە، بە تایبەتی لە تورکیادا، کە لە کاتی

PDF 4 KURD

خۆی بەسترا لە نێوان میری ئەستەمبوڵ و وڵاتە هاوپەیمانەکان لە ڕۆژی ١٠ی ئابی ١٩٢٠، بەڵام هەندێ ناوەندی ڕای گشتی بە پەیمانەکە ناڕازی بوون، کە چەند بەندێکی تێدابوو لە بەرژەوەندی مافی چارەسەری خۆ نووسین و هیوا و ئاواتەکانی تورکدا نەبوون و پاش ئەوەی تورکە نەتەوەخوازەکان لە (ئەنقەرە)دا جێگر بوون و ئەنجوومەنی نیشتمانییان ڕێکخست، لەوێدا دەستیان کرد بە خۆ ئامادەکردن بۆ بەرەنگار بوونەوەی ئەو هێزە یۆنانییانەی کە خەریکی داگیرکردنی ڕۆژئاوای ئەنەدۆڵ بوون، پاش چەند پاشە کشەیەك هێزەکانی نیشتمانی تورك توانییان بووەستن بەڕووی هێزەکانی یۆنانی لە شەڕی (ئەننۆ)ی یەکەمدا (کانونی دووهەمی ١٩٢١) ئەم شەڕەش درێژەی کێشا کە ناسراوە بە شەڕی سەربەخۆیی. لەم کاتەدا وڵاتە هاوپەیمانەکان بۆ یەکەمین جار وایان لێك دایەوە کەوا بارودۆخی وا پێویست دەکات بە شێوەیەکی زانایانە خۆیان نزیك بخەنەوە لە تورکە نەتەوەخوازەکان. بەم شێوەیە کۆنگرەی لەندەن بەسترا لە ٢١ی شوباتی تا ٢٠ی مارتی ١٩٢١، بە مەبەستی ڕزگار کردن و پاراستنی پەیمانی سیڤەر، ئەویش بە هۆی تێگەیاندنی نەتەوەخوازەکان بۆ دۆستایەتی کردنی حکومەتی ئەستەمبوڵ کە لایەنگری وڵاتە هاوپەیمانەکانە، کە ئەویش بانگ کرابوون بۆی، بە ناردنی وەفدێکی بۆ کۆنگرەکە، بەڵام نوێنەری (ئەنقەرە) (بەکرسامی) ڕازی نەبوو بە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ وەفدی حکومەتی ئەستەمبوڵ یان گفتوگۆ کردن بە گوێرەی پەیمانی سیڤەر.[٩] تاکە ئەنجام بۆ لایەنی تورکی نەتەوەخواز ئەوەبوو نزیك بوونەوەیان لەگەڵ وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا (فرانکلین ـ بوالون)دا. لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیایی بڵاوکراوە لە ساڵەکانی (١٩١٩ـ ١٩٣٩) بەرگی ١٨، ژمارە٢٣،[١٠] ئەمەی خوارەوە هاتبوو:

هەرچۆنێك بێت چەند خاڵێکی دیاریکراو هەبوو لە پەیمانی سیڤەردا کەوا ناوەڕۆکەکەیان کەوتە بەر کارتێکردنی ڕووداوەکانەوە، کە پێویست بوو گفتوگۆیان لەسەر بکرێ لەم کۆنگرەیەدا. ئەم خاڵانەش چەند بەندێکی دەگرتەوە کە تایبەت بوون بە ئەرمینیا و کوردستان. لە دانیشتنی کۆنگرەی بەستراودا لە کۆشکی (سنت جیمس) لە لەندەن لە ڕۆژی ٢٥ی شوباتی ١٩٢١، ئەم بابەتەی خوارەوە گفتوگۆی لەسەر کرا:

١. پەیمانی سیڤەر... ئەرمینیا و کوردستان. لەوێش ئەم باسە بوو: لەوەتەی پەیمانی سیڤەر ئیمزا کراوە ڕووداوەکان کاریان کردبووە هەندێ لە بەندەکانییەوە بە تایبەتی ئەوانەی پەیوەندی هەبوو بە ئەرمینیا و کوردستانەوە. سەرۆکی وەفدی تورك (بەکر سامی) کە پێشوو ئەفسەر بوو بە نەژاد (چەرکەسی) بوو، وەکو وەزیرێکی دەرەوەی لیژنەی نوێنەرایەتی

PDF 4 KURD

کەمالییەکان لێهاتبوو لە کاتی  شەڕی سەربەخۆییدا، لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ:ـ ئەوەی کەوا پەیوەندی بە دوارۆژی ئەرمینیا و کوردستانەوە هەیە، وەفدی تورك (کەمالی) بۆچوونی خۆی خستە بەرچاوانەوە. دوا ڕۆژی ئەم دوو وڵاتە گرنگییەکی گەورە بۆ تورکیا پێك دەهێنن. چونکە دەکەونە لای سنورەکانی ڕۆژهەڵاتییەوە. دیسان بەکر سامی گوتی:ـ دەربارەی مەسەلەی ئەرمینیا و کوردستان، وەفدی تورك (کە ئەو خۆی قسە کەرێکە بەناوی ئەوەوە) نوێنەرایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی تورك دەکات و لەناو ئەندامەکانیشییەوە چەند نوێنەرێك هەن بۆ هەموو کوردستان. جا هەر شتێ ئەم و هاوڕێکانی لە (لەندەن) لە سەری ڕێك کەون، ئەوا ئەو کەسانەی ئەو نوێنەرایەتییان دەکات ئەوانیش پێ ڕازین. (سەرۆکی وەزیرانی بەریتانیا) لوید جۆرج گوتی:ـ پێویستە لە سەر وەفدی تورك پێشوەخت ڕازی بن بە بەندەکانی تری پەیمانی سیڤەر، تەنها چەند بەندێ نەبێ کە پەیوەندیدارە بە ئەرمینیا و کوردستان، کە بە هۆی ڕووداوەکانەوە کاری تێکرا. لە دانیشتنی دواتری کۆنگرەی بەستراو لە دیوانی وەزیری دەرەوە (لورد کیرزن) لە لەندەن لە ٢٦ی شوباتی ١٩٢١. وەزیرەکە ئەوەی وەبیر وەفدی تورك هێنایەوە کەوا پێویستە پەیمانی سیڤەر بەردەوام کاری پێ بکرێ، بەڵام چەند بابەتێ هەیە کە ڕوداوەکان وایان لێکرد. پێویست بە چاو پێداخشاندنەوەیان دەکات، بە تایبەت ئەو بابەتانەی پەیوەندیدارن بە ئەرمینیاوە. لە پاش ئەودا ئەم ناوونیشانە لە بەڵگەنامەکەدا هاتبوو:

أ. کوردستان:ـ

لورد کیرزن لەسەری دەڕوات (لەم بابەتەوە) لە کورتکردنەوەی هەر دوو بەندی (٦٢،٦٤) لە پەیمانی سیڤەری پەیوەندیدار بە کوردستانەوە. ئارەزوی خۆی دەربڕی بۆ بیستنی بیروڕای (بەکر سامی) دەربارەی ئەم دوو بەندەوە، بە تایبەتی چونکە بەکر سامی شتێکی باسکرد لە ڕۆژی ڕابردوودا لە ئەنجومەنی باڵای کۆنگرەدا. بە هەبوونی نێردراوانی کوردەکان لە ئەنجومەنی نیشتمانیدا لە (ئەنقەرە)، هەروەها هاوکاری دەکەن لەگەڵ هاوڕێکانیان لە نێردراوانی تورکەکان لەوێدا، بەکر سامی گوتی:ـ جێی سەربەرزییە بۆ ئەو لە قسەکردنی بۆ ئەنجومەنی باڵا کەوا دانیشتوانی کوردستان نوێنەرایەتی تەواوی خۆیان هەیە لە ئەنجومەنی نیشتمانیدا هەیە، ئەویش لەبەر ئەوەی هەر سنجاقێك (پارێزگا) وەك بازنەیەکی هەڵبژاردن پێنج نێردراویان هەڵبژاردووە. جا بەم شێوەیە کوردەکان لە (ئەنقەرە) بە تەواوەتی نوێنەرایەتی دەکەن. لەبەر ئەوەی ئەو دەسەلاتی پێدراوە لە ئەنجومەنی (ئەنقەرە)وە، جا خۆی ئاشکرا دەکات وەکو نوێنەرێکی شەرعی کورد و تورکان بە بێ جیاوازی. بەم شێوەیە بەڕاستی باسی

ناوی به ئاو کرد). لەمەش زیاتر بەکر سامی دەڵێ: کوردەکان هەموو کاتێ ئاشکرایان کردووە کـە بەشێکن لە تورکیا و لێی جیا نابنــەوە. دوو نــەژادی یــەکگرتوون بــە هــۆی هەســت و ڕۆشــنبیری هاوبەشەوە و یەك ئایین. ئەمەش دەقی دووا ڕەستەکەیە:

The Tworaees weneunites

By a common feeling, acommonreuiture a

.commn religion

دیسان بەکر سامی دەڵێ: ڕاستە دوای ڕاگرتنی شەڕ هەندێ لە کوردەکـان داوای جیابوونــەوەی وڵاتەکەیان کرد لە تورکیا، کۆمەڵەیەکی بچووك پێکهێنرا لە ئەستەمبوڵدا بە سەرۆکایەتی دوو لــە ئەندامانی ئەنجومەنی پیرانی تورك، یەکێ لەمانە شەریف پاشا بوو، دەبێ ئەویتر سەید عەبــدولقادر بووبێ، لەوانەیە شەریف پاشا ئەندام نەبووبێ لەم ئەنجومەنەداو ئەو لە دەرەوەی وڵات ژیانی دەبــردە سەر، ئەم لێژنەیە داوای سەربەخۆیی کوردستانی کرد (لە ڕاستیدا سەید عەبدولقادر بــە زۆری داوای حکومی زاتییەکی ئازادانەی دەکرد). تەنها ئەوە نەبێ ئەندامانی لێژنەکە  نوێنەرایەتی ئەو کەسانە ناکەن کە بەناویان دەدوێن، ئەو لەم باوەڕەدایە (بەکر) کەوا بەرژەوندی خۆیان پاڵی پێوە نــاون زیــاتر لە ئامانجەکانی نەتەوەیی. کە هــەر چــۆنییەکی بــێ ئــەوان ئێســتاکە هــەتا نوێنــەری کوردەکــانی ئەستەمبوڵیش نین. ئەگەر ئەنجومەنی باڵا ئــارەزوو بکــات (هــی وڵاتــانی هاوپــەیمانی نوێنــەر لــە کۆنگرەکەدا) حکومەتی ئەنقەرە بە تەواوی ئامادەیە ڕازی ببێ بە ناردنی لێژنەیەکی نێودەوڵەتی بۆ لێکۆڵینەوە یان هەڵسان بە ڕێکخستنی دەنگدانی گشــتی. (ئــەم قســەیە لــە پــێش کۆنگرەیــەکی نێودەوڵەتی لە بەرزترین ئاستدایە، بەڵام نیاز و ئارەزوی ڕاستەقینە بــە پێچــەوانەی ئەمــەوە بــوو. أ.ع) بەکر سامی پتر گوتی: لەگەڵ ئەمەشدا ئەگەر دانیشــتوانی ناوچــە ئارەزوویــان هــەبوو، ئــەوە حکومەتی عوسمانی (ئاوا) ئامادەیە بۆ ڕازی بوون و داننان بە حوکمی زاتی ناوخۆ بــۆ بەرژەوەنــدی ئەم هەرێمانەی کەوا کوردەکان زۆربەی دانیشتوان پێك دەهێنن. تەنها ئــەوە نــەبێ ئــەو ســنوورەی کەوا نوسراوەتەوە لە مادەی (٦٢)ی پەیمانی ســیڤەر ناگونجێــت لەگــەڵ ڕاســتی ژیــانی نەتەوایــەتی ئەسنۆغرافی باودا. لــە ڕاســتیدا بەشــەکانی ڕۆژئــاوا و باشــوری هــەردوو ویلایــەتی مەعمورپــە و دیاربەکر، بە تایبەتی سنجاقی سیفریك بە خاکی تورك دادەنرێن. بەکر سامی پتر دەڵێ: کوردەکان دانیشتوانێکی زۆر چریان هەیە بە تایبەتی لە ویلایەتەکانی بتلیس و وان و چەند بەشێکی ویلایەتی موسڵ. هەروەها کوردەکان ژمارەیان زیاترە لە هــەموو هەرێمــەکانی ســنوری ئێــران لــە بــاکوردا. (لۆرج کیرزن) ئاشکرای کرد کەوا حەز دەکات پرسیارێ لە (بەکر سامی) بکات.

PDF 4 KURD

**پەراوێزەکانی بەشی بیست و نۆیەم:**

1-(371)(50g9)(e1408) lndiaoffice(situafion in kurdistan)(no. p 8320)(nov. 23,)1920.

2-lbid.(e 13428\1\44) lndpaoffice) no. p7337 (Future ofsouth Kurdistan)(29 thoct.1920.

3-lnid(506g)(E14585)lndia ofnce)no p8318.

4-lbid, (E 12856)( lndia ofnce) (no. p.7536)(Admini Report of Arbil Division For The year(1919) (Oct. 18. 920).

5-lbid. (E14939)(lndia office) (on. P.8210) (Futuno of Kuridstan).

6-lbid, (5069) (E 15161\11\44) (From Sir Bumbort) (Consta).(Noel).

7-lbid. (5069) (E 15670) (India Office) No. P.8580.(Stuation in Kurdistan) (Dec. 16th, 1920).

8-People Without Country, London, 1981, PP. 41-1, 159-161.

9- lbid , P. 43.

10-Document on British Foreingn Policy 1919-1939,Vol. 8 A,(No.23)(The Treaty of Sevres).

PDF 4 KURD

# بەشی سییەم

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

لۆرد کیرزن ڕوونی کردەوە کەوا دەیەوێ پرسیارێك لە بەکر سامی بکات. سەرۆکی وەفدی ئەنقەرە ڕوونی کردەوە، بێجگە لە هەردوو ویلایەتی بەتلیس و وان کە کوردەکانی زۆربەی دانیشتوان پێك دەهێنن، بەڵام هەر دوو نەژادی کورد و تورك تێکەڵاو یەکترن. لەم بارەیەوە لۆرد کیرزن پرسیاری کرد، ئەگەر بێتو بەکر سامی بتوانرێ ژمارەی شارەکان دیاری بکات کە کوردەکان تیایاندا زۆربەی دانیشتوان پێك دەهێنن، هەروەها نوێنەرانی هاوبەش کار لە ئەنجومەنی نیشتمانی لە ئەنقەرەدا دەگاتە چەند؟ لە دوا جاردا ڕێژەی ژمارەی ئەم نوێنەرە کوردانە چەندە بەرامبەر ڕای گشتی ئەنجومەنەکەوە. لە وەڵامدانەوەی ئەمەدا بەکر سامی گوتی: شتێکی سەختە کە بتوانین ژمارەی تەواو تەواو بدەینە دەست، بەڵام دەربارەی ڕێژەی ژمارەی نوێنەری کوردەکان بەرامبەر ژمارەی گشتی ئەنجومەنەکە، ئەو ناتوانێ ژمارەیەکی تەواو بداتە دەست، بەڵام ئەو گەیشتۆتە ئەم ڕاستییە کەوا ڕێژەکە بەرزترین بەروارد کردنە لەگەڵ ڕێژەی ژمارەی کوردەکان بەرامبەر ژمارەی تورکەکان وەك نەتەوەیەك. لەوێدا (لۆرد کیرزن) دەست نیشانی ڕوون کردنەوەکەی بەکر سامی کرد کەوا حکومەتی عوسمانی (قسەش تا ئێستا بەناوی حکومەتی عوسمانییە) مافی ئۆتۆنۆمی دەدات بەو شارانەی کەوا ژمارەی کوردەکان لە ناویاندا لە سەرووی هەمووانە. ئەو حەز دەکات بپرسێ بە تەواوی مەبەست لەم مافی ئۆتۆنۆمییە چییە؟ بەکر سامی لە وەڵامیدا گوتی:ـ ئەم مافی ئۆتۆنۆمییە تەنها شارە کوردەکان ناگرێتەوە، بەڵکو لەسەر هەموو شارەکان جێبەجێ دەکرێ. لە ڕاستیدا ئەم یاسایەی کە مەبەستە بریتییە لە بەڕێوەبەرایەتییەکی ناوچەیی، لە وەڵام دانەوەی پرسیارەکانی تری لۆرد کیرزن کە باسی ئەوەی کردبوو ئەم مافی ئۆتۆنۆمییە لەڕاستیدا لەم یاسایە ناسراوە زۆر پتر نییە کە لە ئینگلتەرادا هەیە بەناوی مافی ئۆتۆنۆمی ناوچەیی. هیچ شتێکی دیار بۆ کوردەکان دانەنراوە کە کوردن. بەکر سامی لە قسەکەی دا بیانووی ئەوەیە کەوا کوردەکان ئارەزوی ئەم جۆرە شتەیان نییە. ئەوەی ئەوان ئارەزویان لێیە ئەوەیە ژیان بردنە سەر وەکو برا لەگەڵ تورکەکاندا... هیچ جۆرە جیاوازییەك نییە لە نێوان کورد و تورکان دا کە پتر بێ لەو جیاوازییەی نێوان ئینگلیز و ئیسکاتلەندییەکان. کاتێ باس هاتە سەر ئەرمینیا بەکر سامی ڕوونی کردەوە کەوا حکومەتەکەی هەموو ئارەزویەکی ئەوەیە دامەزراندنی ئەرمینیای سەربەخۆ ببینێت... ئەو زیاتر گوتی لە کاتی باس کردنی کێشەی کوردستان ناوی دوو ویلایەت هێنران (بەتلیس) و (وان). ئەگەر ئەم دوو ویلایەتە هی کوردان بێ، چۆن دەتوانرێ

PDF 4 KURD

ئەرمینیا بخەینە ئەم شێوەوە؟ لـە لا پـەڕەکانی پێشـوو باسـی ئـەم داهـاتووە دەکـەن باسـی مەبەستی ئەم سیاسەتە کە ڕەنگی داوەتەوە لە پەیمانی سیڤەردا دەربارەی کێشەی کورد.

سامانی بابانییەکان:ـ خێزانی بابانییەکان کەوا حکومەتی عوسمانی کۆنە میرنشینەکەیانی لێ ڕووخاندن پێش زیاتر لە نیو سەدە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم دا ئەویش داوای ماف و داهاتی خۆی دەکرد لەم ڕۆژگارە نوێیەدا کە دروست بووە لە ئەنجامدانی شەڕی جیهانی یەکـەم . بەڵگەنامەی ژمارەکراو (٥٠٦٩)(ئەی ١٥٤٢١)(سێر مبۆلنف) (١٥٨٠) لە ٣٠ی تشرینی دووهەمی ١٩٢٠، دوو عەرز و حـاڵی تێدایـە کـە پێشـکەش کـراون بـۆ سـەرۆك وەزیرانـی بەریتانیا. یەك لەوانە عەرز و حاڵێکە لە سەرۆکەکانی خێزانی بابانییـەوە داوای هەنـدێ لـە هەرێمەکانی کوردستان دەکات. دووهەمیش نوسراوە لە لایەن (فواد عیزت بابان) باسی کار و بەهرەی خۆی دەکات کە پەیوەستە بە دەوڵەتێکی کوردی چاوەڕوانکراو. هـەروەها زانیاریشـی تێدایە دەربارەی خێزانی بابانییەکان.

نێردراوی پایەداری بەریتانیا

ئەستەمبوڵ، ٣٠ی تشرینی دووهەمی ١٩٢٠

گەورەم:ـ

١. جێی شەرەفە بۆم کەوا ئەو دوو عەرز و حاڵەتان بـۆ بنێـرم کـە نێـردراون بـۆ سـەرۆك وەزیران لە لایەن چەند کەسانێکی خێزانی بابانی کوردەوە.

٢. تاکو ئێستاش بابانییەکان خێزانێکی گەورەن، بەڵام لەوەتەی دەسـەڵاتی ناوخۆییـان نەماوە لە باشوری ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە، لکاوی فەرمانبەرایەتی عوسمانیەکانن، لە کەسێك زیاتر لەم خێزانە چوونەتە ناو پارتی اتحاد و ترقی عوسمانی کە بە کودەتایەکی دەستوری هەڵسا لە ساڵی ١٩٠٨دا. لای کەمی یەکێك لەمانە لەسەر شێوەی عوسمانی، حەز لە یەککگرتنـەوەی موسڵمانان دەکات (لەوانەیە ناوی نەعیم بابان بێت). لەبـەر ئەمەیـە مـن وا هەسـت دەکـەم جێگەی باوەڕ پێکردنێکی کە من تەنها بۆ ئەوە نەبێ ببنە هۆکارێ لە دوا ڕۆژی گۆڕانی ئـەم وڵاتە یان کوردستان، مەگەر دەسەڵات دارانی وڵاتانی نێوان دوو ڕوبارەکـە لەمـە بیروڕایـەکی تریان هەبێ.

٣. بەڵام دەربارەی داواکارییەکانی بابانییەکان لەو داهات و سـامانە زۆرەی کـە لێیـان سەنراوە دوو پشت لە پێش ئێستا. خێزانەکە تا ڕادەیەکی زۆریش پشت بەم ڕاستییە دەبەسـتن تا ماوەیەکی زۆر کەم پێش ئێستا یارمەتی و خەسـارەدانی بچـووکیان بـە شـێوەی پـارە لـە

PDF 4 KURD

دەوڵەتێکی عوسمانی وەردەگرت. پاش مۆرکردنی پەیمانی (سیڤەر)، حکومەتی تورکیا لەبەر چەند هۆیەکی ئابوری ئەم یارمەتییانەی بڕی لەم ڕووەوە، بەڵام لەم بارەیەوە بڕیارێکی دەرکرا و ئەوەی دان پێدانا بوو لە کاتی پێشکەشکردنی چەند داواکارییەك لە لایەن ئەو کۆمەڵانەی کە پەیوەندییان هەیە بە کێشەکەوە. وەزارەتی دارایی (عوسمانی) چەند گەواهی نامەیەك دەخاتە ڕوو چۆنیەتی ئەم جۆرە یارمەتیدانە ڕوون دەکاتەوە. بەڕوونی مەبەست لەم دەقە ئەوەیە کە ئەوانە. بتوانن مافی داواکاری خۆیان بپارێزن بۆ یارمەتی وەرگرتن لە دەسەڵاتدارانەوە. هۆراس رمبۆلت

ئەستەمبوڵ ٢٨ی ئابی ١٩٢٠.

عەرز و حاڵی یەکەم:-

بۆ بەڕێز سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا پەیمانی ئاشتی تورکیا بەسترا (سیڤەر). حکومەتی تورکی لە ئەستەمبوڵ مۆری خۆی بەم بەڵگەنامەوە لکاند. لە نێوان گەلێك کێشەوە کەوا پەیمانەکە چارەسەریان دەکات، کێشەی وڵاتانی نێوان دوو ڕووبارەکەیە، کەوا کوردستانی باشوری پێوە بەستراوە کە وڵاتی ئێمەش دەگرێتەوە و سنجاقی سلێمانی و کۆیە و ئەوزەوی و زارانەی لە کۆنەوە هی خێزانەکەمان بووە. پایەبەرزتان گومانی تێدا نییە ئەوە دەزانن کە بابانییەکان ماڵی دەسەڵات داربوون لە کوردستانی باشور و سلێمانی کە ئەوان دروستیان کردووە. گەلێجار بە سەرکەوتنی گەورەوە دژی هێرشەکانی عوسمانی وەستان لەم هەرێمەدا. بە هۆی خەمخۆری لە دەسەڵات و سەربەخۆیی یان گەورەکانی بابان کە لە سلێمانییەوە فەرمانڕەواییان دەکرد لێرانە دەجەنگان دژی هاتنە پێشەوەی عوسمانی و فارسەکان. هەموو ئەو مێژوونووسانەی کە مێژووی کوردستانیان نووسیوەتەوە هەمان بیروڕایان هەیە، ئەویش ئەوەیە بە هۆی ناکۆکی نێوان دووا میری میرنشینی بابانەکان (ئەحمەد پاشا) و میراتگر و براکەی (عەبدوڵڵا پاشا) بەم هۆیەوە عوسمانییەکان توانییان وڵاتەکەمان داگیربکەن. هەموو تەلارە گشتییەکان وەکو سەنگەرەکان و موتەسەڕفییە و هۆڵی شارەوانی و شتی تر هەمووی هی خێزانی بابانەکانە. هەروەها زەوی و زارێکی گەورە و فراوانی خێزانی فەرمانداز لە لایەن دەسەڵاتداریی عوسمانی دەستی بەسەر داگیرا، ئەمەش ڕاستە تا تۆمارگەکانی وەزارەتی دارایی عوسمانی بەڵگەی لەسەر هێناوەتەوە. بێ ئەوەی گوێ بدرێتە قرچۆکی حکومەتی پەیمان پێدراو و هەستی بەوە کرد وا پێویستە لەسەری یارمەتییەکی دیاریکراو هەر چەندە کەمیش بێت، بەڵام مانایەکی گەورەی هەیە بدرێت بە سەرۆکەکانی ئەم خێزانە کە بەم شێوەیە پەرت و بڵاو

PDF 4 KURD

بوونەوە. دراوەکانی ئەم بەخششە دێنە سەر تەرازووی ئابوری عوسمانی لە ژێر ناونیشانی (ئەملاکی مضبوطة مقابیلی) واتە بەرامبەر خەسارەدانی موڵکی دەست بە سەرا گیراو. ئەوەندەی ولاتەکەمان ڕزگاری بووە لە ستەمی عوسمانی کە بۆ ماوەی تەنها (٦٩) ساڵ بووە، لە پاش ئەوەشدا، ولاتەکەمان بار و شێوەیەکی نوێ وەر دەگرێت لە سایەی ئینتداب کردنی حکومەتی بەریتانیا، کە لە جیهاندا بە دادپەروەری ناسراوە. لەبەر ئەوەی بەندی (٢٤٠) لە پەیمانی (سیڤەر)ی ئاشتی تورکیا ناچار دەکات بۆ گەڕاندنەوەی هەموو زەوی و زار و موڵکە تۆمارکراوەکان بەناوی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و تۆمارگەی شارستانی. جا ئێمە داوا لە پایەبەرزیتان دەکەین بۆ بەکار هێنانی دەسەڵاتی بەهێزتان بۆ ئەنجامدانی ئەو شتانەی کە پێویستین لە پێناوی بەدەست هێنانەوەی هەموو زەوی و موڵکەکانمان هی وەرگێڕدراو و وەرنەگێردراو، واتە ئەو موڵکانەی لە تۆمارگەکانن لە سلێمانی و دەوروپشتییەوە. بە هیوای بەجێ گەیاندنی ئەم چاکەیە دادپەروەرانەین کەوا کارێکی شەرعیی دادپەروەرانەیە بۆ بەدەستهێنانی مافەکان، بەڵام لە هەمان کاتیشدا کارێکی ڕامیاری گرنگە. جا ئێمە داواکارین لە پایەبەرزیتان کە سوپاسمان قەبوڵ بفەرموون بۆ گرنگی پێدانتان بە ئەم داواکارییەمان، دڵسۆزی لە ئێمەوە، بە ناوی خێزانی بابانەوە.

ئیمزاکان

مستەفا زهنی پاشا، فەرمانداری گشتی حیجاز لە پێشوو.

مەحمود مخلس بەگ، کۆمیساری پێشووی عوسمانی لە شاری(سنە، ئێران).

کوڕی حەمدی پاشا، فواد عزەت بەگ ـ نەوەی ئەحمەد پاشایە، دوافەرمانداری سلێمانی.

بە ئیمزای : فوادع، بابان مەحمود جەلالەدین بەگ ـ فەرمانداری پێشووی کەربەلا، کوڕی ئەحمەد پاشا، بە ئیمزای مەحمود سلێمان حکومەت بەگ ـ دووا نێردراوی سلێمانی بوو بۆ پەرلەمانی عوسمانی، بە ئیمزای حکمەت حوسێن شوکری بەگ ـ دووا سکرتێری یەکەمی ئینتداب خانەی عوسمانی لە (قاهیرە)، سەرنووسەر و خاوەنی ڕۆژنامەی (تەرجەمەی ڕاستەقینە) ـ بە ئیمزای حوسێن شوکری.

عەرز و حاڵی دووەم:ـ

ئەستەمبوڵ ٢٨ی ئابی ١٩٢٠.

بۆ جەنابی سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا، لەندەن، ئەی خاوەن شکۆ. پەیمانی ئاشتی تورکیا کە بەم زوانە مۆرکرا تێڕوانینێکی دواڕۆژی تێدایە دەربارەی دامەزراندنی ولاتانی نێوان دوو

PDF 4 KURD

ڕووبارەکەی سەربەخۆ لەگەڵ کوردستانی باشور، کە ئەم دوانە بەریتانیا ڕازی بووە بە ئینتداب کردنیان. کە من یەکێکم لە نەوە و پشتی خێزانی بابانی بەناو بانگ کەوا چەند سەدەیەك لە کوردستانی باشوردا فەرمانڕەوایی کردووە. هەروەها نەوەی ئەحمەد پاشام دوا میری سلێمانی. بۆم شەرەف و شانازییە کە بە جەنابتان ڕابگەینم کەوا ئارەزووم هەیە خزمەت پێشکەش بکەم لەسەر خاکی خێزانەکەم لەم بارودۆخە نوێیەدا. من بەهرەیەکی باشم هەیە لە کاروباری میریدا چونکە خزمەتم هەیە لە سەردەمی عوسمانیدا. من بەڕاستی ڕوونی دەکەمەوە کە پێشتر سەر بە هیچ پارتێکی سیاسی نەبوومە. هیچ شتێ نییە لە دژی من ئەنجام بدرێ، ئەو کات من لە پاشکۆی سەربازی کاتی بووم لە باڵوێزخانەی عوسمانیدا بووم لە (بەرلین) و ساڵەکانی ١٩١٢ــ ١٩١٣، بەڵام ناچار کرام دەست بکێشمەوە بە هۆی ناکۆکیم لەگەڵ (ئەنوەر) پاشا وەزیری جەنگی عوسمانی. لە سەرەتای شەڕەوە گەڕامەوە ڕێزی سەربازی وەك ئەفسەرێکی یەدەگ، کردمیان بە بەڕێوەبەری چاودێری لە قوستەنتینییەدا. پلە و پایەی کۆمەڵایەتیم و کە سەربەو خێزانەی کوردستانیشم هانم دەدەن کەوا تێبگەم من دەتوانم چەند خزمەتگوزارییەکی بەنرخ پێشکەش بکەم لە ژێر فەرمانڕەوایەتی بەریتانیادا.

ئیمزا: فواد، ع. بابان

بەڵگەنامەیەکی تر هەیە دەربارەی بابەتێکی ترەوە: دانەیەکی لەو یاداشتە تێدایە کە نوسراوە بە ژمارەی ٦٨٠٥/س/٦ ڕۆژی ٢١ی ئەیلولی ١٩٢٠. لە ئەفسەری ڕامیاریەوە لە موسڵ بۆ فەرمانداری شارستانی: بابەتەکە: هەڵوێستی ئێستا لەسەر سنوورەکانی تورکیا ـ ئێران و پڕۆژەی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد، ئەمەی تێدا هاتبوو: ئەوەی باسی دەکرێ چەند تێبینییەکی کورتکراوەیە دەربارەی ئەو بۆچوونانەی کە سەید (تەها) دەری بڕیبوون لە ٢٠ی ئەیلولی ١٩٢٠دا. مێجەر برای های ئەفسەری ڕامیاری لە هەولێر ئەم بابەتانەی بە دوور و درێژییەکی زۆرەوە لە گەڵدا گفتوگۆی کردبوو، کاتێك پرسیاری لێکرا (واتە سەید تەها) دەربارەی ئەو کۆبوونەوەیەی کە سەرۆکە کوردەکان لەم دواییەدا بەستیان بە سەرۆکایەتی(ئیسماعیل ئاغا شکاك) سمکۆ، کە ئێمە لەوەوە ڕاپۆرتمان پێ دەگەیشت، لە وەڵام ڕوونی کردەوە کەوا سێ کۆبوونەوەی هاوچەشن بەسترا بۆیان. مەبەستیش گفتوگۆ کردن بوو لەسەر دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد لەسەر سنوورەکانی تورکیا ـ فارس (لە باکور)دا. لە کۆبوونەوەکان بڕیاردرا کەوا دەوڵەتێکی ئاوا سەربەخۆ پێویستە و دەبێ دابمەزرێت، ئەویش بۆ ئەوە هاتۆتە ئێرەوە کەوا پشتگیری حکومەتی بەریتانیا بەدەست

بهێنێت بۆ ئەم پڕۆژەیە. ئەو ڕوونی کردەوە کە (بەلشەویکەکان) ئێستاکە گەیشتوونەتە (باکۆ) و سنورەکانی تورکیا. فارس بەخۆ و بە چەك و تەقەمەنی و سامانێکی زۆرەوە. ئێستا ئـەوان سەرگەرمی ئەوەن کەوا کۆمارخوازەکانی ئازەربێجان بکەن بە کۆمۆنیسـت. مسـتەفا کـەمال شانبەشان لەگەڵ ئەواندایە، مەبەستیشی لەوەیە کەوا چەند هەرێمێکی لە دەستچووی تورکیـا بەدەست بهێنێتەوە. پاش ئەوەی کارەکەیان کۆتایی پێدێنن لە قەفقاس دا ڕوو دەکەنە هەرێمی فارس و کوردستان کە تاکە پەرژینێك پێك دەهێنێت و ماوەتەوە لە نێوانیاندا و نێوان وڵاتانی نێوان دوو ڕوبارەکەوە، پاراستنی ئەم پەرژینەش بێگومان هەموو لەیەکمان دەگرێتەوە. ئەوەی تایبەتە بە فارس، پەیمانی ئەنگۆ- فارس دەبێ هەڵبوە شێنرێتەوە لە لایەن فارسـەوە، چـونکە هەموو هەرێمی (تەبریز) دژی ئەم پەیمانەن. هەروەها تەبرێز ملکەچی بۆ فەرمانەکانی (تاران) نیشان نادات. مردنی (غیرد)یش دەربـڕینێ لـەبارەی ئەمـەوە بـوو. حکومـەتی تورکیـا لـە کوردستان دا تاکوو ئێستاش ڕێزی هەرماوە. بۆ نموونە، (سەرۆکی ئوراماری کورد) (سیتۆ) پلە و ڕێزێکی وای نییە، بەڵام دەسەڵاتەکەی لەوە وایـە ڕاسـتییەکەی کـەوا ئـەو فەرمانبـەرێکی تورکانە. تورکەکان دژی هەر شتێك دەوستن کە بۆنی نەتەوایـەتی کـوردی لـێ بێـت (هـەمان هەڵوێستیش بەرامبەر گەلانی ترەوە). ئێستا ئەوان ئەمە ئـەنجام دەدەن، مەگـەر ئـەوە نـەبێ ئێمە هەستین بە یارمەتی دانی کوردەکان. لەم زوانەدا (مدحەت بەگ) والی (وان) دەستی لەم پلەیە کێشرایەوە لە لایەن مستەفا کەمالـەوە لـە بـارەی هۆیـەکانی ئەمـەوە (سـەید تـەها) زانیارییەکی بەدەستەوە نییە. (ئەمەش بەرامبەر دەکرێ لەگەڵ پڕۆپاگەنـدەی لـەکار خسـتنی (عاکف بەگ) سەرکردەی تیپی دووهەم لە سعرەت). ئەو پشتگیرییەی داواکراوە لە ئێمـە بـە پلەی یەکەم بریتیە لە دانانی حکومەت و دامەزراندنی ئەفسەری پەیوەست لـە موسـڵ، یـان هەولێر. وا بە باش دەزانرێ لە کوردستان، پێویستە لە سـەرمان هەلسـتین بـە بڵاوکردنـەوەی پڕۆپاگەندە. تیرەکانی بۆتان (لە کوردەکانی تورکیا) لـە کـاتی ئێسـتادا ناچـنە نـاو دەوڵەتـە چاوەڕوانکراوەکە، تەنها ئەوە نەبێ چەند کەسانی نێـردراون بـۆ (سـعرەت) و شـوێنی تـر بـۆ نیشاندانی پاڵپشتی کردن و لایەنگرتنی دانیشتوانی ئـەوێوە. مـن گـوتم بێگومـان پێویسـتە وەڵامەکە لە پایە یەکی بەرزترەوە بدرێتەوە. لەگەڵ ئەوەشا دڵنیام کەوا حکومەت ئەم پڕۆژەیە پەسند دەکات، توانای بەدی هێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد لە بەندەکانی ئاشتی دا باسـی لێوە کرابوو ( پەیمانی سیڤەر) لیژنەی نێودەولەتی هاوپەیمانیش سەر دەدا لە هەرێمی کوردنشین بۆ زانینی ئارەزوەکانی دانیشتووان (سەید تـەها گـوتی ئـەو ئەمـە دەزانـێ، بـەڵام لەوانەیـە



PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

گەیشتنی لیژنەکە دووا بکەویت بە گویرەی ئەم بارودۆخەوە. من باسی ئەوەم کرد کەوا پالپەستۆی ئەورووپایی و تیك شکاندنە گەورەکان دوژمنکاری بەلشەویکەکان بۆ ئەم لایەدا ناهێڵن.

دەربارەی دەوڵەتی کوردی چاوەڕوانکراو من باسی ئەوەم کردبوو بە شێوەیەکی باشتر و ڕێکتر پرۆژەکە بەرەو پێشەوە بچێت و خۆپاراستن لە دامەزراندنی لەسەر چەند بناغەیەکی بێهێز. دیاریشم کرد کەوا هەنگاوی یەکەمی بەکەڵك ئەوەیە دامەزراندنی کۆنفدراڵییەکی هۆزە هاوکارەکان کە تواناداران بۆ پاراستنی ئاشتی و سەرکوت کردنەوەی پێشێلکەرانی یاسا، ئەمەش وەك فەرمانێکی بەکەڵك بێت. ئەو (تەها) وەڵامی دایەوە کە وا ڕەزامەندە. ئەمەش هەمان پلانە کەوا ئەوان لە سەری دەڕۆن. ئەوان هەر کاتیٚ یارمەتی ئێمەیان وەرگرت ئەو کاتە چەند ئەنجامێکی سەرسوڕهێنەر دەبینن. دەربارەی ئەم بەشەی کوردستان (باکور). لەوانەیە کەوتبێتە ژێر هەڕەشەی دوژمنکاری بەلشەویکەوە بە تایبەتی ئەو کاتەی پێکەوە دەست لەناو دەست لەگەڵ تورکەکان دەکەن. بۆتە شتێکی نەگونجاو، لایەنێك هەڵبژێری و ئەوی تریشیان نا، ئەوان هەڵمان دەبژێرن چونکە ئەو لایەنەین کە بە ئاواتەوەن هیواکانیان لێوە بەدی بهێنن.

کەچی ئەگەر لە لایەنی ئێمەوە یارمەتییەکان نەگەن ئەوا ناچار دەبن ڕێگەی بەرگری بگرنە بەر کە لەمە زیاتر نییە، بەڵام دەربارەی کۆنفدراڵی هۆزەکانەوە، بە نموونە هۆزەکانی (شەرناخ) گرنگە. وا دەردەکەویٚ، کە ئەم هۆزانە لەسەر هێڵەکەوە دەڕۆن لەم زوانەدا عەبدولڕەحمانیان بە سەرۆك هەڵبژارد و سلێمانیش بە جێگری ئەو. وا دەردەکەویٚ کاروباری خۆیان بیٚ ناکۆکی بەڕێوە دەبەن و کارێکی گەورەش دەکەنە سەر هۆزەکانی هاوسێیان. هەروەکو لە یادشاتی ئەفسەری ڕامیاری پێشوودا هاتووە، بەڵگەنامەیەکیش یاداشتێکی تێدایە ژمارەکراو (٢٨٧٧٠) لە فەرمانداری شارستانییەوە لە ڕۆژی ٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٠، بۆ وەزارەتی هیند لە لەندەن لە دەستنیشانکردنی نامە گۆڕینەکەی ژمارەکراو (٢٨٠٥٣) و یاداشتی ژمارەکراو (ئیس سی/١٢/٣٨٩٧) لە ڕۆژی ٢٥ی ئەیلوول لە لایەن ئەفسەری ڕامیاری لە هەولێر. ئەمەی تێدا هاتبوو- سەید تەها ڕۆژانی (١٦ - ٢٣)ی مانگی ئەیلوول لە هەولێر بەسەر برد منیش چەندان لێکۆڵینەوە و باسی درێژم لەگەڵدا کرد. گفتوگۆیەکان هاتنە سەر باسی دوا ڕۆژی ئەو بەشەی کوردستان کە دەکەوێتە دەرەوەی سنوری هەرێمە داگیرکراوەکان (واتە کوردستانی باکور) لەم بارەیەوە سەید تەها ڕوونی کردەوە لەم دواییەدا چەند کۆبوونەوەیەك بەستران لە نێوان گەورە سەرکردەکانی هۆزە کوردەکان لەسەر سنوری تورکیا

فارس، له تەنیشت (شەمدینان) ئەمانەش چەند هۆزێکی کوردی ئێرانی و تورکیان، هەروەها (ترکاوار) و (ئورمیە) و هوزەکانی (هەرکی) و (هەکاری) و (حەیدەر ئانلی) و (بیکرزادە) و (ئەرتوش) و چەندان هۆزیتر. بە گوێرەی سەید تەها ئەوان گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کەوا باشترین ڕامیاری بۆ ئەوان یەکگرتنە و هەوڵدانە بۆ بەدەست هێنانی یارمەتیدانی حکومەتی بەریتانیا بە مەبەستی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کۆنفدراڵی کورد و سەنگەر گرتن دژی هاتنە پێشەوەی هێزەکانی بەلشەویکەکان و تورك. کۆنگرەکە چەند نوێنەرێکی خۆی ناردبۆ (بۆتان) و شوێنی تری هەرێمە کوردنشینەکان (باکور) بۆ دابینکردنی پشتگیرییان بۆ ئەم پرۆژەیە. کاتێ پرسیار لە سەید تەها کرا دەربارەی جۆری ئەو یارمەتییەی کە بە هیوان بە دەستی بهێنن لە حکومەتەوە، گوتی:ـ یەکەم جار پێویستە بە هەبوونی ئەفسەرێکی (بەریتانیا) کە شارەزاییەکی باشی لە زمان هەبێ بە مەبەستی پەیوەندیکردن بە ئەم و بە سەرۆکە کوردەکانی دیکەوە، ئەم ئەفسەرە دەتوانێ لە هەولێر دابنیشێت یان لە موسڵ، بەڵام وا باشترە لەگەڵیا لەماڵی ئەو بێت. لە دوایشدا چاوەڕوانی چەند یارمەتییەکی زۆرتر دەکرێ لە بواری بە تایبەتی لە شێوەی چەك و تەقەمەنی بێت.

سەید تەها گلەیی لە کەم باوەڕی حکومەت دەکرد بەرامبەر کوردەکان، گوتی ڕووسەکان کەوتنە هەوڵەوە لەبەر بڕوا هەبوونیان بە هەموو کەسێکەوە، ئێمەش (بەریتانیاییەکان) کەوتنینە هەڵەوە بەهۆی نەبوونی باوەڕەمان بە هیچ کەسێکەوە، ئەو گازاندەی لە ئێمە کرد لەبەر ئەوەی ئێمە هەڵنەستاین بە بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە بۆ بەرەنگاری کردنی هەوڵی تورکەکان لەم بوارەدا. ئەمانەی دوایی هەست دەوروژێنن بە بڵاوکردنەوەی چەند ناکۆکییەکی دروست کراو، کە ئێمەش هەوڵێك نادەین بۆ بەرەنگاری کردنەوەیان، کاتێ بۆ سەید تەهام ڕوون کردەوە کە لە ئەرکی دەسەڵاتداران نییە لەم وڵاتەدا دەست بخەنە کاروباری کوردستانی باکورەوە، لێژنەیەکی نێودەوڵەتیی لە ئەورووپاوە دەنێردرێت لە ماوەی چەند مانگێکی دیکەدا بۆ دانانی چارەنووسی ئەو وڵاتە. کاتێ ئەوەم گوت وا دیار بوو زۆر گومانی دەکرد لە پێکهێنانی لێژنەکە و ئەگەر پێکیش هات ئەوا سەردانی کوردستانی باکور دەکات. ئەو گوتی ئەگەر نیازی لێژنەکە ئەم جۆرە سەردانەبێ دەبێ هێزێکی سەربازی گەورەی لەگەڵدا بێت لەبەر بارودۆخی ئێستا. ئەو پێداگرت لەسەر ئەوەی کە پێویستە لە سەرمان ڕێگە خۆش بکەین بۆ لێژنەکە بە بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە و هەروەها بە دامەزراندنی کۆنفدراڵی بۆ سەرۆکە هاوڕێکان پێش گەیشتن. ئەمەش ئەوە بۆ ئەوکات لێژنە دابین دەکات کە بە ئارامی و

PDF 4 KURD

ئارەزووی خۆی بسوڕێتەوە، ئەو کوردانەی کە هیوا و ئاواتی نەتەوایەتی ڕاستەقینەیان هەیە ماوەیان دەبێت هەستی خۆیان دەربڕن بێ ئەوەی لە تورکەکان ترسیان هەبێ. لە بارودۆخی ئێستادا لەگەڵ هەبوونی فەرمانبەر و هێزەکانی تورك کارێکی سەخت دەبێ بۆ کوردەکان لە دەربڕینی هەستەکانیان. ئەو ڕوونی کردەوە هەموو هۆزەکانی کوردستانی باکوور و ئەگەر هەستیان کرد بە هەبوونی پاڵپشتێکی (مەعنەوی)، بەڕای من لەگەڵ یارمەتیدانێکی بچکۆلانەی (مادی) لە لایەن حکوومەتی بەریتانیاوە، ئەوسا هۆزەکانیش خۆیان یەك دەکەن لە پێناوی پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆدا، سەید تەها بە شێوەیەکی زیاد لە پێویست باسی بەلشەویکەکانی کرد، ئەو نامانەی بۆ باس کردم کە (سمکۆ ئاغا) بە دەستی گەیشتبوو لە لایەن جاویس (جاوید) بەگەوە، کەوا سەرپەرشتی ئەو هێزانە دەکات لە (بایەزید)ن لە ئەو پەڕی ڕۆژهەڵاتی تورکیا. ئەو تێدا دەڵێ:ـ چەند هۆزێکی گەورەی بەلشەفیك لە قەفقاس دا هەن و (ئەنوەر پاشا)ش لە (باکۆ)دایە لەسەر کردایەتی کردنی هێزێکی چل هەزار نەفەری تورکان ئەوانەی کەوا پێشتر دیلی جەنگ بوون لە ڕووسیادا. دوو سوپای گەورەشی هەیە، یەك لەوانە سوپای سوورە، ئەوی تریشیان سوپای سەوز ( سوپایەکی تورکی نیشتمانیە دژی یۆنانییەکان شەڕی کرد لە ساڵەکانی (١٩١٩ ـ ١٩٢٠) ئامادەیان دەکەن بۆ هەڵمەت بردنێك (هەتا هیندستان). سەید تەها گوتی:ـ ئەگەر ئێمە (بەریتانیا) هەڵنەسێنین بە هەوڵدانێکی زۆر خێرا ئەوا (ئەنوەر پاشا) و بەلشەویکەکان پاڵپشتی هۆزە کوردەکان بۆ مەسەلەی خۆیان بەدەست دەهێنن، بەڵام لە لایەکی ترەوە ئەگەر ئێمە توانیمان لە ڕێگای پڕوپاگەندە و چەند ڕێگەیەکی ترەوە کۆنفدراڵییەکی بەهێزی کورد لایەنگر بۆ ئێمە پێك بهێنن، ئەوا باربەستێکی بە هێزمان دروست کرد ڕووبەڕوی هەڵمەتی بەلشەویکی داهاتوو و وڵاتانی نێوان دوو ڕووبارەکەشمان رزگار کرد لە داگیرکردنیان، بەڵام ئەو سوور بوو لەسەر ئەوەی کە پێویستە لەسەر ئێمە کوردەکان پڕ چەك و تەقەمەنی یەکی جەنگی ی زۆر بکەین، چونکە ئەوان چەك و تەقەمەنی وایان نییە، کەچی تورکەکان گەلێ عەمباری چەکیان هەیە (لە ئەرزەرۆم) دا. (نەتەوەخوازەکان و بەلشەویکەکان بە شێوەیەکی گشتی لەوکاتدا ڕێککەوتوو بوون). وا دەرکەوت سەید تەها دڵسۆزانە بیانگەڕێنێتەوە هەرچەندە مەیلێکی میسالیتەی هەبوو، پێشنیارەکانی لە زۆر ڕووەوە ڕێك و بەجێن، بە تایبەتی لە لایەنی پڕوپاگەندەکردنەوە، لەوانەیە ئەو زیاد لە پێویست هەڕەشەی بەلشەویکە لێك بداتەوە ئەوەی بەڕاستی دەیەوێ ئەوەیە بە دامەزراندنی کۆنفدراڵییەکی کورد بە سەرۆکایەتی خۆی و لەگەڵ پاڵپشت کردنی

بەریتانیا بە پارە و لایەنی (مەعنەوی). (لەم دوا دواییەدا سەید تەها بووە قایمقامی ڕەواندوز (١٩٢٣ـ ١٩٢٩)). ئەو گەلێ جار داوای چەکی دەکرد ئەمەشیان هۆی سەرەکی سەردانەکەی بوون. ئەو گوتی:ـ من تێناگەم بۆچی لە ساڵی ڕابردوو داواکارییەکەی بەجێ نەهێنرا ئەویش بەهۆی گۆڕانی لەناکاوی ڕامیاریمان بوو. ئەو گوتی:ـ ئەگەر بە ئاشکرا ناتوانرێ چەکی بۆ بهێنرێت ئەوا لە ڕێگەی هۆزی (بالەك)ەوە دەتوانرێ ئەمە ئەنجام بدرێت، من وا لە سەید تەها تێدەگەم کە هۆی سەرەکی کە وای لە سمکۆ و سەرۆکە لایەنگرەکانی ئەو کرد هەڵوێستی خۆیان بگۆڕن، ئەوەیە ئەوان دڵنیان کەوا پەیمانی ئەنگلۆـ فارس هی ساڵی ١٩١٩ هەڵدەوەشێنرێتەوە (لە ڕاستیدا هەڵوەشایەوە). جا بەهۆی ئەمەوە حکومەتی بەریتانیا یارمەتییان دەدات لە داواکارییەکانییان دەربارەی هەرێمەکانی ناو خاکی فارس، سەید تەها و کۆلۆنێل (هاردەر) لە ناحیەی (گوێڕ)ەوە لە ٢٠ی ئەیلول بابەتەکەیان باس کرد، بەڵام ئەوەیان لە دەرەوەی من بوو لەبەر ئەوە باسی ناکەم. لە دوای ئەمە لە کاتی گفتوگۆ کردن لەگەڵما ئەو چەند نارەزامەندییەکی ڕوونکردەوە، بەڵام نەك بە گیانێکی بەر پەرچدانەوە، هەر وەکو خۆی گوتی، بەڵکو تەنها لە پێناوی خستنە ڕووی چەند پێشنیارێك. سەید تەها گوتی:ـ ئەو هۆزانەی کە ئەم و سمکۆ نوێنەرایەتییان دەکەن نارازی نین بە نیشتەجێ کردنەوەی ئاوارەکان بەڵکو بە پێچەوانەوە بەهەموو ڕێگەیەکی شیاو یارمەتی پێشکەش دەکەن، بەڵام ئەگەر پەناهەندە و ئاوارە چەکدارەکان دەستیان کرد بە هێرش بردن ئەوا لەم کاتەدا ناتوانن هۆزەکان بێدەنگ بکەن. پەناهەندەکان و دانیشتوانی (ورمێ)ی فارس ناتوانن ئاشتییانە ژیان ببەنە سەر چونکە هەر دوو لا چەکدارن. حکومەتی فارسی بێهێز هەرچی لە دەست بێ دەیکا، (تەبرێز) دان نانێت بە دەسەڵاتدارییەتی تاران. ئەو پرسی ئایا ئەفسەری بەریتانیا تا هەتایە لە (ورمێ)دا دەمێنێتەوە، تاکو ئێستاش نزیکەی ٢٥٠ ئافرەتی کورد لەوێ ماون لەگەڵ ئەم پەناهەندانە دا. ئەو پرسیاری ئەوەی کرد دەتوانرێ چی ئەنجام بدرێ لەم بارەیەوە. من نەمتوانی هیچ وەڵامێکی دیاریکراو بدەمە دەست، چونکە لە کاروبارەکانەوە شارەزاییەکی تەواوم نەبوو، بەڵام باسی ئەوەم کرد ئەگەر کوردەکان بە دڵسۆزییەوە هاوکاریمان لەگەڵا بکەن ئەوا هیچ تەنگ و چەڵمەیەکی وا ڕوو نادات. سەید تەها گفتی پێدام کەوا ئەو نامەیەم بۆ بنێرێت کە لە لایەن (ئاغا بترس)ەوە هاتووە بۆی.

PDF 4 KURD

# بەشی سی و یەکەم

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

ماوەیەك پێش ناردنی لێژنەکانی یان لێژنەی نێودەوڵەتی دیکە بۆ هەرێمە کوردنشینەکان، لێکۆڵینەوە و گفتوگۆیان لەسەر کرابوو. بەڵگەنامەی ژمارەکراو (٦٠٨)(٩٥)(١٢٣٢٧٦).[1] بروسکەیەکی تێدایە لە وەزارەتی دەرەوە بۆ نێردراوی پایەدار لە ئەستەمبوڵ ئەدمیراڵ (ویب) لە ڕۆژی ۳ی ئەیلول ۱۹۱۹، باسی ئەم بابەتە دەکات. ئەمەشی تێدا هاتبوو:ـ

شەریف پاشا دەربارەی هەڵبژاردنی خۆی وەکو سەرۆکێکی دەوڵەتی کوردی داهاتوو لەگەڵمان دەدوێ. ئەو پێشنیار دەکات بە ناردنی لێژنەیەکی تێکەڵاو کە پێك هاتبێ لە نێردراوانی خۆی و ئەو نێردراوانەی نوێنەرایەتی حکومەتی بەریتانیا دەکەن بۆ سەردانی ئەو هەرێمانانەی کە زۆربەیان کوردن. ئەوا داوا لە حکومەتی بەریتانیا دەکات کە دەست بکات بە دابەشکردنی یارمەتی پارە و پول بەسەر سەرۆکە کوردەکان... بەڵام حکومەت لەبەر تەمەن درێژی شەریف پاشا و ژیان بردنە سەری بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە پاریسدا وای لێدەکەن کەوا شایستەی ئەم پلە و پایە نەبێ. چ باسێکی دیکە نییە تەنها هەواڵی گەیشتنی نێردراوی لە کوردستانەوە نەبێ، کەوا پاڵپشتی قسەکانی و داواکاری ئەو دەکات. لە بروسکەیەکی حوکمڕانی شارستانی بە ژمارەی (١٠٢٣٤) لە ڕۆژی ۱ی ئەیلولی ۱۹۱۹دا،[2] ئەویش باسی ئەوە دەکات کەوا شەریف پاشا ناگونجێت بۆ پلە و پایەیەکی بەرز. پێشنیار دەکات شەریف پاشا ئاگادار بکرێتەوە کەوا مێجەر نوئیل دووای گەڕانەوەکەی لە کوردستاندا دەگەڕێتەوە بۆ پاریس و لەندەن، جا لە ژێر ڕۆشنایی ڕاپۆرتەکەیدا حکومەتی بەریتانیا بڕیار لەسەر ئەم ڕێگایانە دەدات کە پەیڕەوی دەکات دەربارەی دەوڵەتی کوردی چاوەڕوانکراو. بارودۆخی ئاو و هەوا دا دوای کۆتایی تشرینی دووهەم وا لە لێژنەی نێو دەوڵەتی دەکات کار کردنی شتێکی گران بێ لە کوردستاندا. دۆخی ڕامیاریش لە هەر دوو ویلایەتی (وان) و (ئەرزەڕۆم) گومانی تێدا نییە کەوا گەلێ کاریگەر و سەخت دەبێ لەسەر ئەم لێژنەوە. کەوا ئەندامە کوردەکان تووشی شەرمەزاری و دوژمنکاری فەرمانبەرانی ناوخۆی حکومەتی تورك دەبن. دیسان دەربارەی لێژنەکەوە، بەڵگەنامەی ژمارەکراو (٥٠٦٩)(ئەی٩٣٠٠)[3] بروسکەیەکی تێدایە نێردراوی پایەدار لە ناویا دەڵێ:ـ ئەو بە زار ڕونکردنەوەیەکی داوە بە دوو کەس لە ئەندامانی خێزانی بەدرخان ئەوەشی بۆ باسکردن کە بیروڕای میری بەریتانیا ئەوەیە کەوا لێژنەکە سنور دیاری دەکات و ماوەش هەیە داوا بکرێت لە لێژنە ئارەزووەکانیان بهێنێتە دی لە هەرێمی (جەزیرەی ئیبن عومەر)دا و ببەستیرێتەوە بە دەوڵەتی کوردستانەوە، بە پێی پەیمانێك، ماوەش نەدرێت بخرێتە بەر دەسەڵاتی ئینتدابی فەرەنساوە. کەچی نێردراوی پایەدار لەم باوەڕەدا نییە

کەوا لیژنەکە ئەم هەرێمە گرنگە جیابکاتەوە لەو ئینتدابە (هەرێمەکە کەوتە ناوەوەی سنوری ئێستای تورکیا). بروسکەیەکی تری نێردراوی پایەدار هەیە بە ژمارەی (ص ٥٦٤٤) لە ڕۆژی ١٢ی تشرینی دووهەمی ١٩٢٠،(٤) ئەمەی تێدا هاتبوون کەوتنی (ئەسکەندەرەپۆل) بە دەست بەلشەویکەکانی قەفقاس وای لێدەکات یەکگرتنی تورك و ڕووسیا کارێکی گونجاو بێت بۆ پێکەوە هەڵسان دژی فەرەنسییەکان لە سوریا و دژی ئەوانیش (بەریتانیاش). لەوانەیە ڕێکەوتنێك هەبێ لەسەر ئەو ڕایەی کەوا ئاواتە دوورەکانی تورکیا و ڕووسیا ناگونجێن و ناشکرێ ئەم هاوپەیمانییەتییە لە نێوانیاندا جێگیر ببێ. لەگەڵ ئەوەشدا لەوانەیە، یان هەروایە کەوا ئەم هاوپەیمانییەی هەر دوو لا بۆ ماوەیەکی تەواو بەردەوام دەبێ. جا بەریتانیا تەنگ و چەڵەمەی گەورەیان بۆ بنێتەوە. نێردراو دەڵێ: لەبەر ئەوەیە دەتوانم بڵێم: پێشنیار دەکەم لەسەر میری بەریتانیا کە هەستێ بە جموجۆڵی بە کەڵك و خێرا بۆ نەهێشتنی ئەم هاوپەیمانییە. لە ڕاستیدا چەند هێرشێکی ئاسمانی کرا (بروسکەی ڕۆژی ١٨ی تشرینی یەکەم ١٣٥٤٦). چەند نیشانەیەکی ئەوەش هەیە کەوا ئێمە خۆمان باش قاییم نەکردووە بەرامبەر هێرشی تری ڕووەو ماردین و جەزیرەی ئیبن عومەر هەرێمی کوردن لە ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی هاوپەیمانەکان بوون پێش تەشەنە کردنی جولانەوەی کەمالییەکان) ئەگەر لە خۆیەوە ئەم تێکچونانە جێی مەترسی نەبێ، بە دوور نازانرێ و ناشتوانرێ پشتگوێ بخرێت کەوا دەبێتە چەند پێشەکییەك بۆ هی دیکەی ترسناك. دەتوانرێ سەرکەوتنێك بە خێرایی بەدەست بێت ئەگەر توانرا یارمەتیدانی دڵسۆزانەی فەرەنسا دابین بکرێت. بۆ ئەم مەبەستە، یەکەمجار پێویستە ئارەزووەکانی لایەنەکانی هاوپەیمان دیاری بکرێ، دووهەمیش ڕێکخستنی هێرشێکی دبلۆماسییانەی یەکگرتوو و دژی مەترسی هاوبەش. لەوانەیە پێشنیارکردنی دانانی هێڵی هێرش کردنە سەر لە سەرەوەی دەسەڵاتی من بێت، بەڵام من وای تێدەگەم کەوا باشترە هەستان بە هاندانی بیروڕا مامناوەندییەکان لە ئەستەمبوڵ و ئەنەدۆڵدا بۆ یەکگرتن و دامەزراندنی پارتێکی دژ بە ڕووسیا. بۆ سەرنج ڕاکێشان ئەوانە ئەوە سوودی دەبێ کە هاوپەیمانەکان دان بنێن بە دەسەڵاتی تورکیا لەسەر کۆماری ئازربێجان. لەوانەشە بیروڕا مامناوەندییەکان حەز بکەن بە داواکردنی هەندێ بەرژەوندی لە کوردستانی مەرکەزی (لە تورکیا)دا. من دوو دڵم لە پێشکەشکردنی هەر پێشنیارێك لەم بارەیەوە، لەبەر نزیکبوونەوەی گەیشتنی (لیژنەی کوردستان). لەسەر ئەم بروسکەیەی سەرەوە، بروسکەیەکی وەڵامدانەوەی هەیە لە لایەن وەزیری دەرەوە لە لەندەن بۆ نێردراوی پایەدار، لە ڕۆژی ٢٠ی تشرینی

دووهەمی ١٩٢٠، بە ژمارەی (٢٦١٦)(ص ٨٢١٠)[٥] ئەمەی تێدا هاتبوو: سەیری پەڕەپێچراوەکان دەکرێت، سەید تەها.

یەکگرتنەوەی تورکەکان لەگەڵ بەلشەویکەکان لە ئەرمینیادا کاروباری کورد دەخاتە شێوە و دۆخێکی نوێدا. لە ژێر ڕۆشنایی هەوڵی هێرشکردنی تورك بۆ وڵات لەساڵی داهاتوودا، مەسەلەی پشتگیری لە پێکهێنانی کۆنفدراڵیی کورد لە ژێر چاودێری ئێمە شایانی گرنگی پێدانە. تکایە ئاگاداری بیروڕای خۆتانم بکەن... تەلەگرافێکی وەڵامدانەوە هەیە لە نێردراوی پایەدارەوە، دانەیەکیش بۆ ئەفسەری ڕامیاری لە باکوردا (ص ٨٥٨٠)[٦] لە ڕۆژی یەکی کانونی یەکەمی (١٩٢٠). ئەمەی تێدا هاتبوو: لە دەست نیشانکردنی تەلەگرافەکەتان لە ٢٦ی تشرینی دووهەم ژمارەکراو (٣٦١٦) کە زانیاری بە تەواوی تێدا نەبوو، جا لە لایەن خۆمەوە بۆ ئەفسەری ڕامیاری ئەوەی خوارەوەم خستە سەر: ئایا لەم باوەڕەدان کەوا پێشنیارێکی بەجێ بێت لەم بارودۆخەدا کە تۆ پەیوەندی بکەیت بە عەبدولڕەحمان شرناخ و سەید تەها، بە مەبەستی یارمەتیدانێکی بەپەلە، یان بێ چاوەڕێکردنی لیژنەی ئاشتی؟ وەکو لە پەڕەکانی پێشوودا دەردەکەوێت هەر دووکیان ئەمەیان داوا کردبوو: یەکەم ئەفسەری پەیوەست. دووهەم قسەیان وابوو کە چەکیان پێ بدرێت. ئەگەر زانییان ئەم پرۆژەیە بەجێیە، ئەوا من پێشنیاری ناردنی نوئیل دەکەم بە خێرایی. ئەگەر وەڵامەکە ڕازیبوون بێ ئایا من بە شێوەیەکی یاسایی دەسەڵاتم هەیە گفتوگۆ بکەم بە گوێرەی ئەم خاڵانە؟... من لە هەواڵێکی میرییەوە بیستم کە (ئەکرەم جەمیل) بەگ گەڕاوەتەوە لە دیاربەکر بۆ کوردستان لە ڕێگەی ئێمەوە بەڵگەنامەی (ئەی ١٦٢٣١)(١١٥ س)[٧] بروسکەیەکی تێدایە ئەمەی تێدا هاتبوو: لە دەست نیشانکردنی بەڵگەنامەم ژمارەکراو (٥س)ی (سەرەوە) چالاکی و جوڵانەوەی دژ بە بەریتانیاییەکان لە لایەن دەسەڵاتدارانی کەمالییەوە لە جەزیرەی ئیبن عومەر و هەموو لایەکییەوە زۆر جار باسی لێکراوە لە چەند زنجیرە بروسکەیەك کە بووە هۆی ناردنیان بە بەڵگەنامەی ژمارەکراو (٣٧٨٤) لە ٣ی کانونی یەکەم. یەك لە شێوەکانی ئەم چالاکیی هاندانی هۆزەکانی عەرەب و کوردە پێکەوە لە دژی ئێمە. لەگەڵ ئەوەشدا ڕاپۆرتەکانی لای باکور وا دەگەیەنن ناکۆکییەکی گەورە کەوتۆتە نێوان کەمالییەکان و سەرکردە هۆزەکانی کورد، ئەوانەی کە لەبەر ئەم هۆیە بیری دامەزراندنی کۆنفدراڵییەکی ئازادی کورد دەکەنەوە لە ژێر چاودێری بەریتانیادا. عەبدولڕەحمان ئاغا شرناخ و حاجی ڕەشید بەرواری و کەسانی تریش داواکارییەکەی سەرکردەی تورکیان بەجێ نەهێنا بۆ ئامادە بوون لە جەزیرە. ڕاشیانگەیاندوە

PDF 4 KURD

کەوا نیازیان وایە ماوە بە هۆزەکانیشیان نەدەن. ئەو عەبدولڕەحمانە وا بیر دەکاتەوە کە هێرشێکی لە دژا بکرێت داوای یارمەتی دەکات بە چەك و ئازووقە. ئەو بۆمانی ڕوون دەکاتەوە کەوا بەو زوانە شۆڕشێك بەرپا دەبێت بە سەرکردایەتی یەکێك لە بەدرخانییەکان. پاش وردبوونەوە بیروڕای پسپۆڕان لەسەر ئەوەیە بۆ ئەوەی بتوانین سەرکەوتن بەدەست بێنین لە هەوڵەکانماندا لەگەڵ هۆزە کوردستانییەکانی باکور بۆ ئەو لایەی ئەمانەویّ جا وا پێویست دەکات جەزیرەی ئیبن عومەر داگیر بکرێت، ئەمەش تا ڕادەیەك سەختە. ئەمەش وام لێدەکات چاوێك بخشێنمەوە بە هەڵوێستم دەربارەی ئەم مەسەلەیە و لایەنی سەلامەتی بگرمە بەر. بەمەش دڵنیا دەبم ئەگەر لە لایەن نێردراوی پایەدار لە ئەستەمبوڵ و قاهیرەدا هەوڵەکانی گەورە پیاوانی بەدرخانییەکانم پێ بگات. بە تایبەتی (ئەمین عالی) و (ئەحمەد سریا). هیچ زانیارییەکم لە ژێر دەستا نییە تەنها ئەوانەی ناو بروسکەکان نەبێت. بەڵگەنامەی هەمان کۆمەڵە و ژمارەکراو (ئەی ٦١٤٣) لە ڕۆژی ٢٠ی مایسی ١٩٢٠،[٨] چەند زانیارییەکی تێدایە دەربارەی هەڵبژاردنی یانەی کورد لە ئەستەمبوڵ، لیستی کەرتی بەدرخانییەکان (دژ بە کەرتی سەید عەبدولقادر) لە ئەندامانی یەکگرتووی کۆمەڵایەتی کورد بەم جۆرەی خوارەوەیە:

عەبدوڵڵا جەودەت بەگ لە خەربوت ( پزیشك و نووسەر).

شوکری بەگ بابان لە سلێمانی ـ سەرنووسەری ڕۆژنامەی (تەرجومان).

شوکری محەمەد بەگ لە دیاربەکر ـ پزیشك.

جەلادەت بەگ بەدرخان لە دیاربەکر ـ نووسەر.

ئەکرەم جەمیل بەگ لە دیاربەکر ـ خاوەن دیبلۆمی ئامۆژگاری بەرزی پاشایەتی.

ئەمین عالی بەگ لە دیاربەکر ـ پشکێنەری گشتی داد (پێشوو).

حوسێن حامی بەگ لە ئۆرفە ـ پارێزەر.

مەمدوح سەلیم لە وان ـ سەرنووسەری ڕۆژنامەی (زین).

نەجمەدین حوسێن لە کەرکوك ـ پێشوو مامۆستای زانستی بوو.

بارەگای کاتی لە ڕۆژنامەی (زین) دایە، شەقامی ئەبوالسعود ـ ڕێگای الباب العالی.

هەندێ لە پیاو ماقوڵانی کورددا کەوا زۆر پێشتر من ناوم هێناون، دوابەدوای کۆتایی هاتنی جەنگ گرنگییان داوە بە بارودۆخی وڵاتەکەیان لە شوێنە نێودەوڵەتییەکاندا، جا بەڵگەنامەی ژمارەکراو (٦٠٨)(٩٥)(١٩٨٢٩) بە مێژووی تشرینی یەکەمی ١٩١٩،[٩] دانەیەك لەو نامەیە دەنووسێتەوە کە لە لایەن شەریف پاشاوە نێردراوە لە ٢٢ی تشرینی یەکەم لەگەڵ دوو

PDF 4 KURD

نامەی تر لە لایەن سەید عەبدولقادر ئەفەندی سەرۆکی لێژنەی ناوەندی کۆمەڵەی کورد بۆ پێشکەشکردنیان بۆ ئەنجومەنی باڵای کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس، بە ڕازی نەبوون بە دابەشکردنی کوردستان بۆ دوو پارچە، لە ناویاندا تکای یارمەتی وڵاتە هاوپەیمانەکان دەکات کە ماوەی حکومەتی عوسمانی نەدات لە چەوساندنەوەی گەلی کورد.

**پاریس لە ٢٣ی تشرینی یەکەمی ١٩١٩.** **کۆنگرەی ئاشتی**

**سکرتارییەتی گشتی.**

سکرتارییەتی گشتی کۆنگرەی ئاشتی وەرگرتنی دوو نامەی خستۆتە ئەستۆ، لە پیاوە ماقوڵێکی کورد کە بیانگەیەنێتە سەرۆکی کۆنگرەی ئاشتی، دەربارەی دوا ڕۆژی وڵاتەکەیان.

**بۆ جۆرج کلیمانسۆ سەرۆکی کۆنگرەی ئاشتی.**

**پاریس لە ٢٢ی تشرینی یەکەمی ١٩١٩.**

**سەرۆکی بەڕێز:-**

سەربەرزییە بۆ من کەوا دوو نامە پێشکەش بە جەنابتان دەکەم کە نوسراون لە لایەن (سەید عەبدولقادر ئەفەندی) ئەندامی ئەنجومەنی پیران و سەرۆکی ئەنجومەنی دەوڵەت لە ڕابردوو، بە لایەنی ئەوەی کە سەرۆکی لێژنەی مەرکەزی (ناوەندی) کۆمەڵەی کوردە، بۆ ئەوەی بخرێنە بەردەستی ئەنجومەنی باڵای کۆنگرەی ئاشتی. ماوەم بدەن ئەوەش بڵێم لەوەتەی پارتی (اتحاد و ترقی) گەیشتۆتە دەسەڵات ئەوانەی کەوا هیوای سەربەخۆی نەتەوایەتییان هەبوو هەموویان کەوتنە بەر چەوساندنەوەیەکی بەردەوام. جا وەك ئەرکێکی مرۆڤایەتی پێویستە لەسەر ئەنجوومەنی باڵا ماوەنەدات سەر لە نوێ کوشتار دەست پێ بکاتەوە، ڕێگەیەکی تریش بۆ دابینکردنی هێمنی لە کوردستان ئەوەیە دابەش نەکرێت لە نێوان دوو ئینتدابی جیاواز (پاشان داوای دانانی وڵاتی کورد دەکات لە ژێر یەك ئینتداب لە پێناوی ئارامی پاراستنی یاسادا).

شەریف پاشا

سەرۆکی وەفدی کورد.

**نامەی یەکەم**

**ئەستەمبوڵ، تشرینی یەکەمی ١٩١٩.**

**سەرۆکی بەڕێز:-**

PDF 4 KURD

ئەو قسانەی کە بڵاوبۆتەوە دەربارەی دابەشکردنی کوردستان بۆ دوو بەش ... هـانم دەدات وا ئاگادارتان بکەوە لەوەی کەوا ئەم دابەشکردنە خزمەتی ئاشتی و هێمنی ڕۆژهـەڵاتی دوور ناکات. کوردەکانی ئەویّ بە پێچەوانەی حکومەتی (اتحاد و ترقی) ڕازی نـەبوون بجـەنگن دژی هێزەکانی هاوپەیمانان. لە زۆر هەرێمیشەوە ئەرمەنییان خستە پەنای خۆیانەوە. کوردەکان بـە هیوای دادپەروەری کۆنگرەکەن کەدان بنێن بە یەکپارچەیی خاك و وڵاتەکەیان.

**سەید عەبدولقادر**

**نامەی دووهەم**

**ئەستەمبوڵ ٢ی تشرینی یەکەمی ١٩١٩**

**سەرۆکی بەڕێز:ـ**

ماوەم بدەن سەرنجی بەڕێزتان ڕابکێشم بۆ ئەو ڕاستییانەی کە لە دەوڵەتی تورکیادا بـاون. هەر لە سەرەتای ئاگر بەستنەوە (١٩١٨) میری عوسمانی وا پێشـان دەدات کـەوا زۆر نـەرم و نیانە و دژایەتی کوردەکان ناکات دەربارەی بیروڕای نەتەوایەتییان، هەروەها گرتنەوەی ڕێگەی ئازاد کردنیان، بەڵام میری بەمە کۆتایی هێنا کەوا یانەکـەمان دا بخـات و نێردراوانمـان بەنـد بکات و دەستیش بگرێ بەسەر نامـە گۆڕینەوەکانمانـدا. لەبـەر ئەمـە لێژنـەی لێکۆڵینـەوەی نێودەوڵەتی کە گوایـە دەنێردرێـت بـۆ کوردسـتان، ناتوانێـت لێکۆڵینـەوە بکـات دەربـارەی ئاواتەکانی گەلی کورد لەم بارودۆخە بینراوەی ئێستـادا. جـا داوا دەکـەین لـە بـەڕێزتان کـە دەسەڵاتی خۆتان بەکار بهێنن لەگەڵ حکومەتی ئەستەمبوڵدا کە گەلی کورد توشـی شـڵەژان نەکات.

**عەبدولقادر**

**ئەندامی ئەنجومەنی پیران**

**سەرۆکی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەی کورد**

بەڵگەنامەیەکی تریش هەیە یاداشتێکی تێدایە کە نوسـراوە بـۆ بـەڕێز (ئەرسـەر هـیرزل) ئەویش بە ژمارەی (١٩٠٢٥) و لە مانگی ئـەیلولی ١٩١٩،[١٠] ئەمـەش لـە بەڵگەنامەکـە داهاتبوو:ـ

وەزارەتی هیند ـ بازنەی ڕامیاری ـ لەندەن ١٨)ی ئەیلولی ١٩١٩.

بەڕێزم (یۆنخ)

PDF 4 KURD

ئەوا دانەیەك كە نێردراوە لە یاداشتێك بە پێنووسی بەڕێز (ئەرسەر هیرزل) كە وەزیری هیندە لە سەری دواوە مستەر (مونتاجۆ) دەیەوێت بینێرێت بۆ لۆرد كیرزن. ل.د. واكلی

**(هیرزل) لە گەورە لێپرسراوانی وەزارەت بوو بیروڕاكانیش سەنگێكی زۆری هەبوو لە دائیرە لێپرسراوەكاندا.**

یاداشتی هیرزل:ـ

كێشەی ئەرمەن كێشەی كوردە، بەردەوام پێویستی بە داڕشتنی ڕامیارییەكی سنوردار هەیە، وەزارەتی هیند گرنگی داوە بە كێشەی كورد، كە ئەویش بە بەستنەوەی بەم كێشەیەوە لەبەر نزیكیەكەی لە هەرێمی ئیدارەی ئێمەوە، بەڵام هەر دوو كێشەكە ناتوانرێ لێك جیا بكرێنەوە. سەختییەكە لەوەدایە كەوا بیروڕای گشتی لە جیهانی پێشكەوتوودا هەواڵەكانی بە كۆمەڵ كوشتن بۆ ماوەی نیو سەدەیەك تەنراوە، داوای دامەزراندنی دەوڵەتێكی ئەرمەنی سەربەخۆ دەكات، بەڵام ئەمە لە ژێر ڕۆشنایی بارودۆخی ئێستادا لەگەڵ ڕاستییەكاندا ناگونجێت و هەروەها لەگەڵ سەرەتاكانی مافی دانانی چارەنووسی بەجێشن. حاڵی حازر ئەوەیە كەوا ژمارەی ئەرمەنەكان لە هەر شوێنێك بێ زۆر كەمە، تەنها لە (كلیكیا) ئەگەر ئەمەش لە ئەنجامی بە كۆمەڵ كوشتن بێ.ئابەم جۆرە پێویستە لە ڕووی دادپەروەرییەوە لە ژێر ڕۆشنایی ئەمەوە چاو بپۆشرێت لەم ژمارە كەمییەوە. ئەوەی ڕاستی بێت هەر ڕاستە و كوردەكانیش وا دەڵێن كەسیش ناتوانێ لەسەر ئەمە لۆمەیان بكات، ئەویش لەبەر ئەوەی نابێت زۆربەی هەرە زۆری بكەوێتە ژێر دەسەڵاتی كەمایەتییەكی بچووكەوە. لە لایەكی تریشەوە ڕاستییەكان وا نیشان دەدەن كە هەر كاتێ دەستی عوسمانی لا ببردرێت لەوانەیە هەر دوو گەل (كورد و ئەرمەن) بە ئاشتی و تەبایی شان بە شانی یەكتری (پێكەوە) ژیان دەبەنە سەر، ئەگەر دادپەروەرانە هیوا و ئاواتی هەردوو لایان جێبەجێ بكرێن... بەڵام چۆن دەتوانرێ ئەم چارەسەرییە بدۆزێتەوە؟ ئەو تێبینییانەی كەوا ( سەرۆكی كوردەكانی میللی) مەحمود بەگ دای بە كابتن (وولی) لەوانەیە كلیلەیەكی بەدەستەوە بدات. مەحمود بەگ گوتی:ـ ئەگەر ئەمڕۆ دەتانەوێ حكومەتێكی كوردستانی دادەمەزرێنین پێویستە لەسەرتان پشت ببەستن بە ژمارەیەكی نەگونجاو لە ئەرمەن و كەڵكیان لێ وەربگرن بۆ خزمەتكردنی ئەم حكومەتە چونكە خوێندەوارییان باشترە لە كوردەكان. كەچی بەهۆی كردنەوەی قوتابخانەكان كوردەكان لە ماوەی چەند ساڵێكدا بەرەو پێش دەچن و تای تەرازو هاوسەنگ دەبێت. ئێستا كە ئەگەر لای ئەم پێشبینیە بخەینە لاوە، لەوانەی بۆ ئێمە بكرێت (لە دەرەوەی ئەرمینای بچووك)

PDF 4 KURD

کاربکەین لەسەر پالانی (مۆرلی ـ منیتۆ) دەربارەی موسڵمانانی هیندەوە. موسڵمانانی هیند بە بەشێکی دیکە خوێنەرایەتی ڕامیاری دەکەن لە ڕێژەی ژمارەکەیان و پێشکەوتنی ڕۆشنبیریان. بۆ ئەمەش گرنگییەکی ڕامیاری و مێژوویی هەیە. ئایا دەتوانین جیهان ڕازی بکەین بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی ئازادی کوردستان ( لە ژێر ئینتدابی بەریتانیا یان ئەمەریکا یان فەرەنسا ـ ئینتداب کردنی بەریتانیا باشترە لەبەر ئەوەیە من لەم باوەڕەدام کەوا پێویستە لەسەرمان تای تەرازوی لاسەنگ بڵند بکەین تا پتر هاوسەنگ ببێ؟). لە حکومەتی کورددا ئەرمەنەکان ئەوانیش نوێنەرایەتییەکی هاوتا دەکەن بە شێوەی نەگونجاو. ئەم نوێنەرایەتییە لە بارودۆخی ئەواندا پتر نەگونجاوە بە گوێرەی هەبوونی ڕادەی خوێندەوارییان، بەڵام ئەمە ڕازییان ناکات، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی دواخستنی لەوانەیە چەند چارەك بێ لە دامەزراندنی حکومەتی ئەرمینیای گەورە، بەڵام ئەمە لە پێشیان ماوە فراوان دەکات لە گۆڕەپانی هاوبڕکێی دادپەروەرانە لەگەڵ کوردەکاندا، چونکە ئەوان پلەی سەرکەوتوتریان هەیە، ئەگەر ئەمەیان دەرخست کەسێ نابێ ڕێگا بگرێ لە داواکاریان بە یەکگرتنیان لەگەڵ ئەرمنیای بچووك و دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئەرمەنی، ئەگەر نەیانتوانی ئەمە پێشان بدەن ئەوە هیچ نییە بۆ بەجێ نەهێنانی داوا کاری کورد لە دامەزراندنی حکومەتی کوردی.

**ئیمزا (أ.هـ)**

**١٩١٩/٨/١٧**

بەڵگەنامەی ژمارەکراو (٣٧١) (٥٠٦٩) (ئەی ٧٨٧٧)[11] یاداشتێکی تێدایە کە پێشکەش کراوە لە لایەن ئەفسەری ڕامیاری لە (کۆیە) لە ئیدارەی ئەوێدا. ڕەزامەندی خۆی دەردەبڕێ لە سەر ئەم یاداشتە و وای لێکدەداتەوە کەوا هاوڵاتییە کوردەکانی کۆیە و شەقلاوە شەڕخواز نین و لایەنی ئاشتییان گرتووە. هەروەها لێدوانێکی هەیە بە پێنوسی (مێجەر یۆنغ). یاداشتەکە:ـ

ژمارە (٠٠٠٩) لە ٢٢ی نیسانی ١٩٢٠، لە لایەن یارمەتیدەری ئەفسەری ڕامیاری لە کۆی سنجاقەوە:ـ پێش ئەوەی هەرێمی کۆیە بەجێ بهێڵێم بە پێویستی دەزانم بیروڕاکانی خۆم تۆمار بکەم دەربارەی بەڕێوە بردنی داهاتوو. من بە دڵنیاییەوە هەست دەکەم کەوا شێوەی ئێستاکەی بەڕێوەبردن بە سەرۆکایەتی ئەفسەری ڕامیاری یاریدەدەر و دووان لە یاریدەدەردانی یانی هەر دوو حاکمی شەرع لە کۆیە و شەقلاوەدا، ئەوە باشترین تاکە شێوەیە لە کاتی ئێستادا. ئێستاش بەڕێوەبەرانی ناحیەی سەربە کۆیە لە تەق تەق و کانی ماران لە

PDF 4 KURD

سەرکردەکانی نەوەی نویێ دەژمێردرێن کە لە دوو خێزانە سەرەکییەکەن (غەفووری و حەوێزی) لەم قەزایەدا. لە هەمان کاتیشا هەر چوار سەرۆك هۆزی قەزای شەقلاوە خۆیان بە کارمەند دەزانن لە ژێر دەسەڵاتی حاکمی شەرعی خۆیان. هەر دوو بەڕێوەبەری ناحیە لە کۆیەدا بە ئیش و کاری خۆیان هەڵدەستن، بەڵام سەرۆك هۆزەکان هەست بە لێپرسراوەتی ناکەن تەنها بە هەبوونی ئەفسەرێکی رامیاری یاریدەدەری بەریتانیا خەڵکەکە دەتوانن ژیانێکی دادپەروەرانە بەدەست بهێنن بە بێ جیاوازی، تاکو ئێستاش ئاغاکان و سەری هۆزەکان کاری توندوتیژی و زۆرداری بەکاردەهێنن، بەڵام هاولاتییان وا هەست دەکەن کوا حکومەتێکیان هەیە کە بریتییە لە کەسێکی ئەفسەریی ڕامیاری یاریدەدەر. لە کاتی ئێستادا کەسانێکی کەم هەن کە بوێرن سەر لە ئەفسەری ڕامیاری یاریدەدەر بدەن دژی دەسەڵاتی ئاغاکانیان بدوێن. ئەوان دڵنیا نین لە مانەوەی فەرمانڕەوایەتی ئێستاکەدا، بێگومان دەترسن لە تۆڵە سەندنەوەی ئاغاکانیان لە کاتی ڕۆیشتنی بەریتانییەکان کاتێ پەیمانی ئاشتی جێبەجێ دەبێت لەگەڵ تورکیادا و شارۆچکەکە دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی بەریتانیاوە بە شێوەیەکی دیار، ئەوساکە بار و هەڵوێست گۆڕانێکی بەسەرا دێت. من ڕامگەیاندووە هەر کاتێ ئەمە ئاشکرا بکرێ، لە لایەن دانیشتوانەوە، فەرمانگەکانی میری پڕ دەبن لە شکایەت و داواکاری هەق دژی ئاغاکان. ئەگەر لە ڕامیاری ئێمەدا ڕاهێنانی کوردەکان بێ لەسەر ئەوەی خۆیان حوکمی خۆیان بکەن، جا پێویستە لەسەرمان حاکمەکانیان بۆ هەڵبژێرین. ڕێگەی ئاشکراش بۆ ئەمە هەڵبژاردنی پیاوە دەست ڕۆیشتووەکانەـ پاش هەبوونی تاقیکردنەوەیەکی ساڵێکم لەم هەرێمەدا دڵنیا بوومەوە لەوەی کەوا ئاغا و سەرۆك هۆزەکان شایانی فەرمانڕەوایەتی نین. یەکێکیان تێدا نییە (بێجگە لە جەمیل ئاغا) نەبێت کە بتوانێ بە شێوەیەکی ڕاست و دادپەروەرانە لەگەڵ خەڵك هەڵسوکەوت بکات. لە لایەکی تریشدا سەرەك هۆزەکانی کە ئارەزویان نییە بە موچەی وەك بەڕێوەبەر ژیان بەرنە سەر، ئەم بارەش شتێکی غەریب نییە لەپاش حوکمی عوسمانی دووورودرێژی شلەژاودا. لە ساڵی ڕابردوودا خەڵك لە مانای حکومەتی بەهێز گەیشتن، بەڵام بێ هێزی ئەوانە هانی ئاغای دەدات بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆی بۆ ئامانجەکانی سەرەك هۆزە ناشایستەکان بۆ حوکمرانی کردنی هاولاتی لە ژێر دەسەڵاتیان دەمێنێتەوە... ئایا پێویست دەکات جێییان بهێڵێن لە ژێر ئارەزوی خۆپەرستییەتی دەرەبەگەکانەوە؟ تاکو ئیمزا کردنی پەیمانی ئاشتی، پێویستە هیچ گۆڕانکارییەك نەکرێت، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی پەیدا بوونی گومان و نائومێدی کەوا پێویستە دوور بخرێتەوە لەم کات و ساتەدا. پاش پەیمانەکە و دانانی

PDF 4 KURD

وڵات بە شێوەیەکی دیاریکراو و لە ژێر فەرمانڕەواییماندا، من ئەم گۆڕانکارییانەی خوارەوە دەخەمە بەرچاو:ـ

١. حەمە ئاغا (غەفوری)، پاش ئەوەی مەدالیەی تایبەت بە خۆی وەرگرت، پێویستە خانەنشین بکرێت بە (٢٠٠ ڕوپییە)، دانانی جەمیل ئاغا شوێنی ئەو بۆ حوکمڕانی کردنی قەزاکە بە مووچەی ئێستاکەی (٤٠٠ ڕوپییە).

٢. بڕینی مووچەی (مەحمود ئاغا)ی تەق تەق، چونکە خاوەنی هۆزێك نییە.

٣. کەمکردنەوەی مووچەی هۆزی (گەردی) (عەرەب ئاغا) لە (٢٠٠ ڕوپییە) بۆ (١٠٠ ڕوپییە)، بە ڕادەی نیوەی بەڕێوەبەری ناحیە دابنرێت، پێویستە لەسەریشی بەم شێوەیە ئەرکی خۆی ئەنجام بدات.

٤. هێشتنەوەی هەر دوو بەڕێوەبەری تەق تەق و کانی ماران لەسەر پارەی خۆیان بە مووچەی (٢٠٠) ڕوپییە.

قەزای شەقڵاوە:

٥. پێویستە میرانی قادر بەگ بە حکومڕانی قەزای شەقڵاوە بمێنێتەوە بە مووچەی ئێستاکەی (٤٠٠) ڕوپییە.

٦. سەرۆکەکانی میر محلی و میر یوسفی و بوشکالی لە تایفەکانی هۆزی خۆشناو، پێویستە بهێڵدرێنەوە بە مووچەی (٢٠٠) ڕوپییە و بە ئەرکی بەڕێوەبەری ناحیەکان هەڵبستن.

٧. مووچەی سەرۆکی (کورا) مستەفا ئاغا، کەم بکرێتەوە لە (٢٠٠) ڕوپییە بۆ (١٠٠) ڕوپییە، وەکو نیو بەڕێوەبەرێکی ناحیە و پێویستە بە ئەرکی خۆشی هەڵبستێ.

پێویستە هەر سەرۆکێك نوسەرێکی میری هەبێ و دوو (قۆڵچی) بۆ کۆ کردنەوەی باج. لە جیاتی دوو سوارەکەی ئێستا. لە کۆتاییشدا نەك لە دواجاردا، هەبوونی یاریدەدەری ئەفسەری سیاسی بەریتانیای نیشتەجێ لە کۆیە بۆ ڕێکخستنی هەر دوو قەزاکە "خانووبەرە بە ڕۆژێك دروست ناکرێت" جا بە هەمان شێوە، لە ساڵێك زیاتر دەبێت بۆ گەلێك کە لە ڕێگەی گەشەکردندا بێت بۆ فێربوونی هونەری بە خۆی فەرمانڕەوایی خۆی بکات. بەڵگەنامەکەی هەمان کۆمەڵە (ئەی ٨٥٥٥) لە ڕۆژی ٢٠ی تەموزی ١٩٢٠،[١٢] یاداشتێکی تێدایە لە لایەن (کۆمەڵەی کورد و کوردستان). بە ئیمزای سەید عەبدولقادر، دەست نیشانی ئەو بەندانەی کردووە، لە پەیمانی ئاشتیدا (سیڤەر) کە چاوەڕوان کراوە ببەسترێت لەگەڵ تورکیا کە پەیوەندییان هەیە بە کوردستانەوە. یاداشتەکە لە سەرەتادا سوپاس دەردەبڕێت بەناوی

PDF 4 KURD

کۆمەڵەوە بۆ کۆنگرەی ئاشتی (پاریس)، بە بۆنەی ڕازی بوونی بە مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کـورد و هاوبەشیکردن بەم شێوەیە لە دانانی یەکەم بنەڕەت و کارکردن بۆ پێشخستنی وڵاتەکـەیان لـە دواڕۆژدا، هـەروەها ئـەو هەرێمانـەی کـە زۆربـەی دانیشـتوانیان کـوردن ئـەم ئۆتۆنۆمییـە دەیانگرێتەوە. یاداشتە کـە سـنوری بـاکوری کوردسـان دیـاری دەکـات بـە هێڵێـك کـە بـە ویلایەتەکانی ( ئەرزەڕۆم) و (بەتلیس) و (وان) تێدەپەڕێ... لە ڕۆژئاواوەش هێڵەکە بریتیە لە سنجاقی (مەلاتیە) کە دەکەوێتە ڕۆژئاوای (فورات)ی سەرووی کە دانیشـتوانەکەی زۆربـەیان کوردن و سەرەڕای پەیوەندییەکانی مێژوویی و ئابووری بە هەرێمەکانی کوردستانەوە. هەروەها ڕێکخستنی وڵاتی کوردان بە شێوەیەك ژیانی تێـدا ببرێتـە سـەر و کـاری تێـدا بکـرێ کـەوا بگونجێت لەگەڵ ئامانجەکانی پەیمانیش.

**سەرۆکی کۆمەڵە**

**سەید عەبدولقادر**

PDF 4 KURD

## پەراوێزەکانی بەشی سی و یەکەم:

(1) (F.O.) (608) (95) (123276/M.E. 44A) (No. 145) (September 3rd. 1919).

(2) Ibid. (10231) (P.5419) (From political) (Kurdistan). (1st. September, 1919).

(3) (F.O.) (371) (5069) (E9300) (De Robeck) (constantinople) (No. 1033) (Future of Kurdistan).

(4) Ibid. (5414) (p. 8176) (1376) (13787) (From the High commissioner) (12th. Nove. 1920).

(5) Ibid. (3616) (p. 8210) (priority a) (Repeated Viceroy) (Nov. 20, 1920).

(6) Ibid. (6467) (p.8580) (priority a) (5s) (1st. December, 1920).

(7) (F.O.) (371) (5069) (16331) (India office) (p. 9065) (priority a) (1155).

(8) Ibid. (E 6143/11/44) (De Reobeck) (725) (May 20th., 1920).

(9) (F.O.) (608) (95) (19829) (peace conference) (See. Gen) (October 24, 1919).

(10) (608) (95) (19025) (The Armenian and Kurdish Questions) (Sept. 17, 1919).

(11) (371) (5069) (E7877) (India office) (p. 4796) (Future Administration of koi District) (7th. Jyly 1920).

(12) Ibid. (E 8555) (From De Robeck) (No. 969) (Future of Kurdistan) (20 july 1920).

PDF 4 KURD

**یاداشتی نێردراوی کورد (شەریف پاشا بۆ نوێنەرایەتی دەوڵەتە هاوسوێندەکان).**

هەر لە سەرەتاوە شەریف پاشا بە نێردراوێك یان نوێنەرێکی کورد دانرابوو کە نوێنەرایەتی سەرۆکە کوردەکان بکات. لە کۆنگرەی ئاشتی جیهانی لە پاریس دا. بەرگریش بکات لە کێشەی کورد لەم کۆبوونەوە فراوانە جیهانییە لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی گشتی. ئەمەی لە خوارەوەش ڕوون دەکرێتەوە یاداشت و نامە گۆڕینەوەکانی بەرایی بوو کەوا شەریف پاشا دەیخاتە بەر دەست لێپرسراوانی بەریتانی و نوێنەرانی دیکەی هاوبەش لە کۆنگرەکەدا واش دەبینرێت ئەوانەی کە ئەو نووسیویەتی هەمووی بە زمانی فەرەنسییە، بەڵگەنامەی فەرمی بەریتانیا ژمارەکراو (٦٠٨)(٩٥)(١٦٥٨٥) بۆ بەڕێز (فانسیتارت) (کۆنگرەی ئاشتی) (٢٩ی تەموزی ـ ١٩١٩)[1] ئەم بەڵگەنامە نامەیەکی شەریف پاشای تێدا بوو (ڕۆبەرت فانسیتارت ) سکرتێری یەکەمی باڵوێزی بەریتانیا لە پاریسدا، ئوئێلی ئۆستوریا.

بەم شێوەیەی خوارەوەیە:ـ

**٢٠ شەقامی دی ماسان ـ ٨ ـ**

**٩١ ت. واگرام . پاریس**

**٢٩ی تەموزی ١٩١٩**

**گەورەم خاوەن شکۆ**

دوابەدوای گفتوگۆکانی ڕۆژی ڕابردوومان من داوا دەکەم و تکا دەکەم ئەم یاداشتەی ئێستا پێچراوەتەوە بخرێتە ژێر دەسەڵاتی وەزیری دەرەوەی بەڕێز (بلفۆر) من گەلێ سوپاست دەکەم. ئەگەر بە گوێرەی توانا ئاگادارم بکەیتەوە دەربارەی ئەو بڕیارەوە کەوا ئەو لە بەرامبەریدا دەری دەکات. چونکە پێویستە لەسەرم بگەڕێمەوە بۆ تەواو کردنی چارەسەرییەکەم بە پشوودان و کات بەسەر بردنی خۆش. ئەویش کە وازم لێ هێنا بە هۆی گەیشتنی وەفدی کورد و لە پێناوی بەدی هێنانی پەیوەندی و پەیمانێك لەگەڵ حکومەتی بەریتانیادا بێ ئەوەی کات بە فیڕۆ بدرێت. من وام داناوە کەوا واز بێنم لە چارەسەری نەخۆشییەکەم بۆ ئەوەی خۆم تەرخان بکەم بۆ کاروباری کوردستان لەگەڵ ئەو کەسانەی کەوا بەڕێز (بلفۆر) دیاریان دەکات ئەویش لە پێناوی لێکۆڵینەوەی ڕەسمی یا نە لەسەر هەموو ئەو کێشانەی کەوا بە کورتی باسم کردبوون لە یاداشتەکەیدا، ئەوەش جێی بایەخ پێدانە کەوا لەسەریان بیروڕا ئاڵوگۆڕ بکەین. بە هەر شێوەیەك بێت بڵاوبوونەوەی ئاژاوە لەم وڵاتەدا. (واتە تورکیا) کارێکی زۆر ژانە سەرییە لە ڕووی ئابورییەوە، هەروەها بە گوێرەی بۆ چوونی

PDF 4 KURD

بەریتانیا. جا پێویستە لە سەرم بە شێوەیەکی تایبەتی سەرنجی ئێوەی بۆ ڕابکێشم. ڕێزم هەیە بۆ بەرێز (بلفۆر) و بەمەش دەرفەتێکە کە نیشانەی دڵسۆزی پیشانی بەرێزتان بدەم.

**شەریف**

ئەمەی خوارەوەش یاداشتەکە لەگەڵ بەڵگەنامەکەیە:ـ

هەرگیز ئاشتی و هێمنی بە هێزی چەك لە کوردستاندا بەدی نایەت، بەڵام ئەم شێوەیە پرۆژەیە کارێکی کەمتری پێدەوێت لە وڵاتێکی تردا بێت. هەروەها قوربانی وا بە سەر و ماڵ لەسەر پێوانەیەکی فراوانتر دەبێت کەوا ناگونجێت لەگەڵ چەند ئەنجامێکی بێ هێز و لاواز، کە جێ دەبن بە پشت بەستنی ئەم جۆرە ڕێگایانەوە. بەهێزی چەك کوردستان خستنە ژێر دەست بەدی نایەت لە بیست ساڵ کەمتر و لە دەستدانی شتی بە نرخی گەلێ زۆرتر. ئەم کارەش نابێ بیری لێ بکرێتەوە لەم ڕۆژگارانەی کەوا تێدا دەژین. بارودۆخی سەربازی و دیموگرافیای کوردستان لە بارودۆخی شوێنگەی داغستان دەچێت. ( وڵاتێکە لە قەفقاسیا). ڕوسیا ئیمپراتۆرییەتێکی گەورەیە و نەیتوانیوە دەسەڵاتی خۆی زاڵ بکات بەسەر ئەم وڵاتە بچووکەدا، هەتا دوای ٢٠ساڵیش لە شەڕکردندا. تاکو ئێستا سەربازەکانی ڕووس ناتوانن بچنە ناو وڵاتەکەوە. تەنها فەرمانبەرەکان نەبن کەوا ماوەیان پێ دەدرێت. ئەم نموونە مێژووییە ئاشکرایە ئەوەی ئێمە دەیڵێین ڕوونی دەکاتەوە، ئەگەر بەریتانیا ڕێگای سەرکوتکردنەوەی گرتە بەر دژی کوردستان ئەوا بەرەنگاری گەلێ تەنگ و چەڵەمە دەبێتەوە، بە تایبەتی لە ژێر دەسەڵاتی شێخ و سەرۆك هۆزەکانەوە ژیان دەباتە سەر، ئەمانەش لە نێوان خۆیان یەکگرتو نین، بەڵام هەر دەم هەموو هاوکاری لەگەڵ یەکتردا دەکەن لە بەرەنگاری کردنەوەی دوژمنانی هاوبەشیان. هەتا لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکانیش. کەوا دەسەڵاتدارییەکی ئیسلامییە و لە هەمان ئایینی خۆیانە. ئەوان یەکیان دەگرت لە پێناوی پووچەڵ کردنەوەی هەوڵەکانی هێنانەوەی ئیدارەی عوسمانی کەوا ئەویش نەیتوانیوە بە تەواوەتی دەسەڵاتی خۆی بسەپێنێ لە نێوان چوار سەدەدا. تەنها لە سەر چەند شارێکی گەورە نەبێ. تا کاتی بەرزکردنەوەی ڕادەی ڕۆشنبیری وڵات دێتە پێشەوە، دەبێ خۆمان نزیك بخەینەوە و هەڵسوکەوت بکەین لەگەڵ سەرۆکە ئایینی یەکانی هۆزە کوردەکان و بەدی هێنانی ئارەزووەکانیان. ئەوەی دەمەوێ ئەوەیە کەوا لە ئەوان دڵنیا ببین. سەرۆکە دیارەکانی نێوان ئەوانە و هەموو پیاو ماقوڵانی کورد لە ئەستەمبوڵدا وازیان لە ئامانجەکانی خۆیان هێناوە و منیان هەڵبژارد (واتە شەریف) وەك سەرۆکێکی خۆیان بە بیروڕای هەموو لایەك، ئەم

PDF 4 KURD

هەڵبژاردنەی ئەو کەسەی کە لە نێوان خۆیان دایە، ئەمە خۆی لە خـۆی دا هەڵوێسـتێکە بـە تەواوەتی پێچەوانەی ناکۆکییەکانی ناوەخۆیانە، ئەمەش وەك نیشانەیەك لە لایـەن خۆیانـەوە دەردەکەوێت دەربڕینێکی ڕوونە لە تێڕوانینی ڕامیاریان. هەڵبژاردنی من لە کاتی خۆیدا جێی ڕەزامەندی نێردراوی پایەداری بەریتانیا بوو لە ئەستەمبوڵدا بەهۆی یەکەمین وەرگێڕی زوبان، لە هەمان کاتدا ئەم هەڵبژاردنە دان نانی بەریتانیا بوو بـە لایـەنگرتنی کوردسـتان، مـن وای دەبینم. هەروکو هاوڵاتیانم وای دەبینن، من بە مەرجێك ڕەزامەندم بەوە کـە وا بـە هـۆی دان نانی بەریتانیاوە بێت. چونکە تەنها ئەو دەتوانیٚ لەسەر یارمەتی دان بۆ بوژانەوەی گەلەکـەم، ئەم تاقیکردنەوە زیان بەخشە و دەردەسەرییەکانی کە لەم دوا دواییـەدا لـە سـلێمانی ڕوویـدا لەگەڵ شێخ مەحموددا دەبیٚ بۆ حکومەتی بەریتانیا ببێتەوە بە تاقی کردنەوەیەکی ڕاسـتەوخۆ کەوا تا چ ڕادەیەك دەتوانریٚ بارودۆخی گونجاو لەم وڵاتەدا جێبەجیٚ ببێت. هەوڵدان بۆ بەدەست هێنانی لایەنگیری کردنی یەکیٚ لە سەرۆکە کوردەکان بە هیوای ئەوەی یەکێکی تـر سـەرکوت بکرێتەوە، ئەم جۆرە ڕامیاریە لە وڵاتێك جێبەجیٚ دەبیٚ کەوا گەلێکی زیندووی تێـدا نـەژیت. بەڵام بۆ ئەوەی سەربکەوێت لە کوردستاندا دەبیٚ بەرەنگاری گەلیٚ تەنگ و چەڵەمە ببیتـەوە، ئەویش بەهۆی ناکۆکییەکی قوڵی نێوان سەرۆك هۆزەکانەوە. مەترسییەکی گـەورەتریش هەیـە کەوا چاکە لە نهێنییەکەی تێبگەین. ئەویش لەمەوە هاتووە، هەوڵـدان بـە دانـانی گـەلێکی خواپەرست بە مەبەستی جیاکردنەوەی لە خەلافەت و هەر بنەڕەتە و خسـتنە ژێـر دەسـەڵاتی وڵاتێکی خوانەپەرست. ئەو ڕوون و ئاشکرایە کارێکی زانایانەیە دانان بە کوردستانێکی ئازاد و دامەزراندنی حکومەتێکی مەرکەزی کەوا لە لایەن خۆیـەوە دان دەنێـت بـە مـافی هـەموو سەرۆکە کوردەکان لە هەرێمەکانی خۆیانەوە ئەم جۆرە ڕێگایەش دەگونجێت لەگـەڵ ڕامیارییـە پێڕەوکراوەکەی حکومەتی بەریتانیا لە هەموو کاتەکاندا. بەمەش دەتوانێـت بـە شـێوەیەکی زانایانە ڕووی بەڕێوەبردن و ئابوری و سەربازی ڕێك بخاتەوە. بـەم نـەرمی نواندنـەی ڕێنمـایی کردنی بەریتانیای زانراو، بیٚ ئەوەی هەست و نەستەکانی گەلی کورد بـۆ ڕوونـتر بێـت، کـەوا خەمخۆری ئازادی نەتەوەکەیـەتی. بـە گـوێرەی تێـڕوانینی مرۆڤایـەتی بەرژەوەنـدی ڕامیـاری کوردسـتان و بەرژەوەنـدی بـەریتانیا، پێویسـتە یەکسـەر ڕێگـەخۆش بکـەین لـە پێنـاوی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کورد و بەدیهێنانی ئیدارەیەکی نیشتمانی کەوا هیـوا و ئاواتـەکانی هەموو سەرۆکە کوردەکان دێنێتەدی، ئەوانـەی بـە گەرمییـەوە حـەز دەکـەن کـەوا لـە ژێـر دەسـەڵاتی حکومـەتێکی مەرکەزیـدا مافـە دیاریکراوەکانیـان بپارێزرێـت لـە هـەرێمی

دەرەبەگایەتییاندا و ڕێگەگرتن لە هەموو جۆرە ناکۆکییەکی نـاوە خـۆدا. ئـەوان بـە گـوێرەی لایەنگرتنی پەیمان کراودا پشتی ئەم حکومەتە دەگرن و بەهێزی دەکەن. من پێشوازی دەکـەم لە (فەخری عادل) بەگ کە گەلی کورد ناردوویانە بۆ لام بۆ ئەوەی دڵنیا بن لەسەر هەموو ئەو بڕیارانەی کەوا ئەم گەلە داویەتی دەربارەی من دەربارەی بەریتانیا. ئەو پسپۆڕە لە کاروبـاری کورد، ئەو گەنجینەیەك زانیاریی مێژوویی و نەتەوەییم پێدەدات، ئەوەش مایەی شانازییە کـە بیدەم بە حکومەتی بەریتانیا، بۆ ئەوەی چ پێویست بێ بڕیاری لەسەر بدرێ لە ژێـر ڕۆشـنایی ئەوەوە، بەڵام پێش هەموو شتێ پێویستە کوردستان ڕزگار بکرێـت لـەم ئاژاوەیـەی کـە بـڵاو بۆتەوە لەوەتەی هەرەس هێنانی عوسمانی و بە هۆی ڕکەبەری نێوان سەرکردە کوردەکانەوە. لە لایەکی تریشەوە ڕووداوە هەمە جۆرەکانی ناوخۆ و کێشەی نابەدڵی ئـەرمینیا بـە تـەواو ئـەم ئاگادارکردنەوانەمان بۆ ڕوون دەکەنەوە. وا بەباش دەزانرێ بە پـارە یارمـەتی ئـەو سـەرۆکانە بدرێت کە لە هەرێمەکانی خۆیان نیشتەجێن و هەروەها ئەوانەی لـە ئەسـتەنبوڵدان و ژیانیـان بردۆتە سەر لە بارودۆخێکی نالەباردان هەر لە کاتی جەنگەوە. ئەم پیاو ماقوڵانە بە چـاوێکی خراپ سەیر دەکرێن لە ئەستەنبوڵ بە هـۆی هـەبوونی هەسـت و ئـاواتی نەتەوایـەتییان. لـە نامەیەکی بەڕێز (لویس مالیتا) باڵوێزی بەریتانیا لە پاریس دا، ئەو داوا لە من دەکـات کـە سکرتێری تایبەتیم مێجەر (غالب عەلی بـەگ) لـە سـەفەرەکەی بـۆ تورکیـا هەڵبسـتێ بـە پێشکەشکردنی چەند ڕێنماییەکی گونجاو بۆ ئەو سەرۆکە کوردانەی لە ئەستەنبوڵ نیشـتەجێن یا لە هەرێمەکانی تری وڵاتەوە. وەفدەکەی (فەوزی عادل بەگ) چەند زانیارییـەکی بـە نـرخ و تەواوی پێداوم دەربارەی پشتگیری کردنی هەندێ سەرۆکە کوردەکان. ئەوانەی لەوانەیە جێگای گومان بن لای بەریتانیا. لەناو ئەمانەشدا شێخ عەبدولقادر ئەفەندی (شـەمدینان) و (ئـەمین عالی بەگ بەدرخان)ە. هیواش وایە ئەو لیژنە تێکەڵاوەی کە پێك هاتووە لە مێجـەر (غالـب عـەلی بـەگ) و (فـەخری عـادل بـەگ) و دوو نێـردراوی بـەریتانیا لـە نزیکـەوە ئاگـاداری هەڵوێستەکە دەبن، نەك هەر لە پێناوی لێکۆڵینەوە لەسەر باری ئـابووری و ڕامیـاری بـەڵکو دەشبێ لەسەر داواکارییـە نەتەوایەتییـەکانی کـورد و ئەرمـەنیش بـێ. مـن زۆر منـەتباری حکومەتی بەریتانیا دەبم ئەگەر بیەوێت بە گوێرەی توانا دامبنێ بۆ پەیوەنـدی بەسـتن لەگـەڵ دوو کەسی لێهاتوو جا ئەوان سەربازی بن یان هەو نەبن بۆ ئەوەی بتـوانین بـە هـەموو لایـەن هەڵبستین بە لێکۆڵینەوەیەکی فەرمی لە هەموو ئەو مەسەلانەی کەوا یاسا و قانون دەپارێزێت لەم وڵاتەدا. هەروەها هەڵسان بە ئامادەکردنی حکومەتێکی کوردی تایبەتی و لەسەر ڕێڕەوی



PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

هیوا و ئاواتەکانی نەتەوەیی. ئەمەش پێش ئامادە بوون لە (کۆمەڵەی نەتەوەکان) و کارکردن بۆ بەدەست هێنانی داننانێکی فەرمی لە حکومەتی خاوەن شکۆی بەریتانیا.

جەنەڕاڵ شەریف پاشا

ئەمەی خوارەوەش وەڵامی وەفدی بەریتانیایە لەسەر گەیشتنی یاداشتی شەریف پاشا. بە ژمارەی ١ـ٣٦٥ـ١(١٦٥٨٥)

**وەفدی بەریتانیا**

**پاریس ١ی ئابی ١٩١٩.**

**جەنابی شەریف پاشاـ**

بە تکاوە دان بەوەدا دەنێم لەسەر گەیشتنی نامەکەتان دانراوی ڕۆژی ٢٩ی تەموز کەوا بۆ ئێمەت ڕەوانە کردبوو کە لەگەڵ یاداشتێکدا بوو بۆ ئەوەی پێشکەشی بکەین بە بەڕێز (بلفۆر) دەربارەی دوا ڕۆژی کوردستان. بەدان پێدانان و سوپاسەوە لەسەر گەیشتنی ئەم نامە گۆڕینانەوەدا من دەسەڵاتم پێدراوە کە بڵێم ئەم وەفدە بەریتانیاییە پەیوەندی هەیە لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەدا دەربارەی پێشنیاری ناردنی لیژنەیەك بۆ کوردستان. کەچی دەربارەی چارەسەری دووا ڕۆژی مەسەلەی ئەم وڵاتەوە ئێمە ئێستا کەوای دەبینین گفتوگۆ هیچ سوودێکی لێ نابینرێ تا کۆنگرەی ئاشتی سەر لە نوێ ئەم مەسەلەیە دەست پێ نەکاتەوە دەربارەی دوارۆژی ئەم وڵاتەی کەوا سەر بە دەوڵەتی عوسمانی بوو لە پێشتردا. چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە دوا دەخرێت، هەروەکو لای جەنابیشتان ڕوون و ئاشکرایە، تا گەیشتنی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بە بڕیارێك دەربارەی هاوبەشی کردنی لە یاسای ئینتداب کردنەکاندا.

**بۆ بەرت فانسیتارت**

بەڵگەنامەی ژمارەکراو (٦٠٨)(٩٥)(١٩٤٦٣٦) جەنەڕاڵ شەریف پاشا لە ٩ی تشرینی یەکەمی ١٩١٩،[٢] یاداشتێکی دیکەی تێدایە، هەروەها لێداونێکیش لە لایەن بەڕێز فوربس ئادەم لەسەر بابەتەکەوە، بەم شێوەیەی خوارەوەـ

دوێنێ جەنەڕاڵ شەریف پاشا ئەم یاداشتە درێژ و ڕازاوەیەی بۆم هێنا لەگەڵ تکا و داواکردنی لەسەر ناردنی دانەیەکی بۆ وەزارەتی دەرەوە (بەریتانیا). دانەکەی تریش لێرەوە لێی بکۆڵرێتەوە. ئەوە سوورە لەسەر ئەوەی کە ڕوونکردنەوەیەك بنێردرێت بۆ کۆنگرە (کۆنگرەی

ئاشتی) دەربارەی کێشەی کورد، کە تیایدا داوا دەکات بە ئینتداب کردنی بەریتانیا لەسەر کوردستان. ئەو وا چاوەڕوان دەکات هەموو ڕوونکردنەوەکە پێشەکی جێی ڕەزامەندی ئێمە بێت. من وا پێشنیار دەکەم کەوا جەنەڕاڵ بە نوسراوە ئاگادار بکەینەوە لە نامەکانی ڕۆژی ١٢ی ئەیلول (١٨٧٦١) کەوا من سەیرم نەکرد لە کاتی هاتنی ئەو بۆلامان، هەروەها پێی بڵێن ئێمە بۆمان ناکرێ ئەم بابەتە گفتوگۆی لەسەر بکەین بە شێوەیەکی سوودبەخش لەمە زیاتر. بە ناردنی ئێمە دانەیەکی ئەم یاداشتە بۆ وەزارەتی دەرەوە بە هەر شێوەیەك بێ من لەو باوەڕەدام وا چاکە بۆیان ڕوون بکەینەوە کەوا کێشەکە ئایا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ڕازییە یان ڕازی نییە بە ئینتداب کردن لەسەر ئەرمینیا. لە ڕاستیدا ئەمە کار ناکاتە سەر کێشەی کوردستان. لێژنەی ئەمەریکایی کەوا پێشنیارەکانی خۆی پێدەگات دەربارەی رادەی ڕازی بوون. بەلای زۆریەوە ئەگەر ئەمەریکا ڕازی ببێ بە ئینتداب کردنی ئەرمینیا، جا ئەم لێژنەیە گومانی تێدا نابێ ئەم رایە دەگرێتە بەر کە دەڵێ: هەموو هەرێمەکانی کوردستان کە کەوتوونەتە باشوری هێڵی دروستکراو لە دیاربەکرەوە تا سنوورەکانی ئێران. پێویستە بکەوێتە دەرەوەی هەرێمی دەوڵەتی ئەرمینیا. بەم شێوەیە بێگوێ دانە چارەنوسی ئینتدابی ئەرمینیا، پێویستە لەسەرمان خۆمان ئامادە کردبێ لە ئەنجامی کۆتاییدا کەوا بڕیار بدەین ئایا ئێمە ڕازین بە شێوەیەکی تایبەتی ئیدارەی کوردستان بکەین، یان بە پەیوەندی بەستن لەگەڵ میزۆپۆتامیا بە شێوەیەکی ئینتداب کردن یان دابەشکردنی بەڕێوەبردنەکە لەگەڵ فەرەنسادا.

**ف. ئادەم**

**١٥ی ئۆکتۆبەر**

ئابەم شێوەیە لە قسەی بەڕێز ئادەم خۆی، وا دەردەکەوێ کە درێژەپێدانی گفتوگۆ لە دوواجاردا سوودبەخش دەبێ. بەم بۆنەشەوە ناوبردنی ئەو هەرێمانەی کورد لە (ئەنەدۆڵ)دا سوودێکی دەبێ کەوا هەندێ ڕۆشنایی بخەینە سەر ئەو بارودۆخانەی کە ئەو کاتی بەدی دەکران لە کتێبەکەی (درایڤەر) دا لە (کوردستان و کورد)[٣] لە ساتنامەکانی مێجەر نوئیل دا ئەم کۆپلانە وەرگێڕاون:ـ ئەمەی خوارەوە کۆپلەیەکە لە ساتنامەکانی نوئیل دەربارەی گەشتەکەی لە کوردستان دا و بیروڕاکانی خۆی تێدا دەردەبڕێت دەربارەی بارودۆخی دیاربەکر لە مایسی ١٩١٩دا. (هەروەکو لە هەموو وڵاتانی ڕۆژهەڵات وایە، پیاو ماقوڵانی شاری دیاربەکر، بێجگە لە چەند شتێك، دەتوانرێ دابەشیان بکەین و دایان بنێین لەگەڵ ڕیزەکانی پیلانگێڕە توندڕۆیەکان) ئەم پیاوانە سەر بە پارتێکی نەتەوەیی کوردن، بەڵام بە شێوەیەکی دادپەروەرانە



PDF 4 KURD

بە هەر شێوەیەك بێت دەتوانرێ دان بەوە بنێین کەوا هەندێ ئەندامیان تێدا هەیە ئەمانە ئارەزوویەکی ڕاست پاڵیان پێوە دەنێت بۆ کارکردن لە پێناوی ئاواتەکانی تەواوی کوردستان. (کامل بەگ خیالی زادە و شەوکەت بن ئیسماعیل لە خێزانی زازا) لە هەموویان باشترن. کەسانی تریش هەن وەکو (ئیحسان بەگ و دکتۆر فواد و ئەکرەم بەگ) ئەمەی دوایی چالاکە و لە سویسرا خوێندوویەتی، ئەم پارتە کە دەکرێ ناوی لێ بنێین پارتی (معتدل)ی کورد بەگوێرەی بیروڕای من ڕازییە بە پارێزگاری کردنی بەریتانیا و بەڕێوەبردنەکەی، بەڵام بە مەرجێ پێشخستنی وڵاتەکەیان بە گوێرەی بناغەکانی نەتەوایەتی بێت. یانەی کورد لە سەرەتای دامەزراندنییەوە تا ڕادەیەك لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عوسمانی بوو لە ئەستەنبوڵدا، بەڵام لەم دواییەدا هەڵوێستی سەربەخۆیی وەرگرت، ئەوەش وای لە حکومەت کرد هەڵوێستێکی دوژمنانەی بەرامبەر وەربگرێت ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادیدا بوو، تا لە دواجار بڕیاری داخستنی ئەم یانەیەی دا. ئەو ڕووداوانەی بوونە هۆی ئەمە دڵخۆشکەری تێدایە، هەروەکو پێشکەش کردنی نموونەیەکی گونجا و لەسەر سەرچاوەکانی کۆنگرەکان و ئەو شێوازانەی کەوا عوسمانییەکان پشتی پێدەبەستن. کاتێ هەواڵی داگیرکردنی (ئەزمیر) گەیشت (لە لایەن یۆنانییەکانەوە) لە ١٩١٩دا عوسمانییەکان سوودیان وەرنەگرت لەم ڕووداوە بۆ بەرژەوەندی خۆیان. دەستیان کرد بەداواکردن لە کوردان بۆ بەراوردکردنی نێوان دیاربەکر و ئەزمیر، یانی لەوانەیە دیاربەکریش بکەوێتە بەر هەمان هێرشی داگیرکاری، ئەم هەموو سازکارییە کارتێکردنی سروشتی خۆیان هەیە، بەلای منەوە نوئیلێ، وەفدێك لە ماردینەوە هات داوای دەستێوەردانی بەریتانیا دەکات، بەڵام هەر چۆنیەکی بێت ڕێگایەکی ئاشتیانەتر بەدەردەکەوت بۆ ڕزگاربوون لەم گێروگرفتەوە. ئەویش بەوە دەبێ کەوا یانەی کورد بکرێ بە قوربانی تەنها ئەمەش بوو کە دەتوانرێ بکرێت. بە بیانووی پاراستنی هەموو تایفەکان حکومەت ویستی ئەم دەستەیە نەهێڵێت کەوا دژی دەسەڵاتییەتی. خێرا دەستی بە کار کرد، ڕەشاشەکانی لە سەر قەڵا دامەزراند، هێزی ئامادە کرد و سەرکردەکانی یانەی کوردی گرت. لە کۆتایشدا یانەکە خۆی دەرگای داخست لە ڕۆژی چوارەمی مانگی حوزەیران لە هەمان کتێبی رایڤەردا، ئەم کۆپلانە هەیە لە ساتنامە زووەکانی نوئیلێ دا:ـ ئەوەی پەیوەندیدارە بە لایەنی ئایینییەوە مێجەر نوئیلێ ئەم تێبینییانەی خوارەوە پێشکەش دەکات: لە تاقیکردنەوەکانی نێوان دوو مانگی ڕابردووم مارت ـ مایس، ١٩١٩دا لە گەڕانەکانمدا بە هەرێمە ناوبراوەکاندا وا هەست دەکەم کەوا کێشەی نیشتمانی کورد لە سەرەوەی هەموو

PDF 4 KURD

ئیعتبارەکانی ترە و دای دەپۆشێت. ئێستا ئەمە بەڕوونی دەرناکەوێت بەڵام دڵنیام کەوا ئەم هەستە وەك ڕاستییەك سەر هەڵدەدا و خۆی دەسەپێنێ. لەمەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کەوا کوردەکان بەڕێوەبردنیان لای ئێمە بە تەواوی ئاسان دەبێ، هەر کاتێ ئەم هاوڵاتییە هەستی کرد پێش خستنی وڵاتەکەی لە سەر بناغە نیشتمانییەکاندا گرنگییەکی باشی پێدەدرێت، ئەم هاوڵاتییە کوردەش سەرەڕای ئەمەش هەڵوێستێکی زۆر گونجاو پێشان دەدات، بەڵام ئەو هەرێمانە کوێن کەوا ئەم ڕاپۆرتانە باسیان دەکەن، هەروەها نامەکانی کاروبار بەڕێوەبردنی و فراوانیەکەی چەندە؟ لەم بەڵگەنامەدا تا ڕادەیەك ئەمە ڕوون دەبێتەوە. لەمەش بەڵگەنامەی ژمارەکراو (٦٠٨)(٩٥)(١٥٣٩) وەزارەتی دەرەوە لە ڕۆژی ٥ی شوباتی ١٩١٩.[٤] نامەیەکی تیا نوسراوەتەوە بە مێژووی ٢٧ی کانونی دووهەم کە لە لایەن نێردراوی بەریتانیا لە پاریسدا ئەمەی خوارەوەی تێدا هاتووە:ـ مسیۆ بیکۆ ی فەڕەنسی لە ١٩ی کانونی دووهەمدا تەلەگرافی کردوە کەوا بەڕێز مارك سایکس پێی ڕاگەیاندووە کەوا دەیەوێت پێشنیاری دروست کردنی میرنشینێکی کوردی دەکات کە سەربەخۆ بێت. ئەم هەرێمانەش دەگرێتەوە کە لە ژێر دەسەڵاتی کاتی فەرەنسادایە. ئەم میرنشینەش دەخرێتە بەر پاسەوانییەتی بەریتانیا. مسیۆ بیکۆ گوێ ناداتە ئەم پێشنیارە چونکە دژی بەرژەوەندییەکانی فەرەنسایە هەروەها دەبێتە هۆی قوربانی دانی بەو تایفانەی کەوا لە ژێر دەسەڵاتی فەرەنسادابوون، بەڵگەنامەیەکی تریش هەیە بە ژمارەی (٦٠٨)(٩٥)(٥٠٦٩) (جیبون) (کۆنگرەی ئاشتی) لە ٢١ی مارت ١٩١٩ ئەمەی تێدا هاتبوو:ـ شەریف پاشا بەم زووانە داواکارییەك پێشکەش دەکات کەوا ڕوونی دەکاتەوە و دانی پێدانراوە لە لایەن کوردەکانەوە، ئەوەی زانرابێ ئەوەیە ئەگەر وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕازی ببێ بە ئینتداب کردنی لەسەر ئەرمینیا و بەریتانیاش ڕازی ببێ بە ئینتدابکردن لەسەر مێزۆپوتامیا هەروەکو چاوەڕوان دەکرێ، ئەوا ئەمریکاییەکان داوا لە ئێمە دەکەن کە هەموو ئەو کوردانەی نیشتەجێی باشوری ڕوباری (مرادسو)ن و دیجلە و ئەو شوێنانەی لە دەوروپشتی ئەوێدان بیانخەینە سەر مێزۆپوتامیاوە، ئەمە کێشەیەکی گەورەیە زۆر وڵات دەگرێتەوە و هەروەها ژمارەیەکی گەورەش لە دانیشتوان، ئەمەش دەبێتە هۆی لەوانەیە چاو بخشێنرێتەوە بە پرۆژەی هێڵی سکەی ئاسن ... لەسەر ئەمەو وا دەردەکەوێ کاتی ئەوە هاتووە بیرەکانمان لە بێژنگ بدەین بە شێوەیەکی دیاریکراو دەربارەی ئەم مەسەلەیەوە. من نەخشەیەکتان بۆ دەنێرم هێڵێك دیاری دەکات لەوانەیە سوودێکی هەبێ وەك بناغەیەکی گفتوگۆ وەك سنورێکی بە مەزەندەیە لە نێوان ئەرمینیا و کوردستاندا. بیروڕای

ئەمریکاییەکانیش پشت دەبەستێت بە چەسپاندنی ئەم هێڵەوە. هەموو سەرچاوەکانی دیجلە و دەریاچەی (کۆلجیك) دەخرێتە سەر میزۆپۆتامیا. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کانیەکانی (نحاس) لە (ئەرغان) (ئەرغەنی) ئەویش دخرێتە سەریەوە، من تێدەگەم کەوا ئێمە نامانەوێ ئەم کانانە بەدەست بهێنین، بەڵام لەوانەیە مافەکانی سەرەوەی هەرێمایەتی ڕێك بخرێت، ئەگەر بێت و وا دابنرێت کە ئەمە کارێکی دادپەروەرانە و دانایانەیە، وەکو ئەوەی ئەم کانانە بدرێت بە ئەرمینیا، بەڕێوەبەرایەتی داهاتوی حکومەتی کوردی چیایی گرنگییەکی پێدراوە، ئەم پێشنیارە کراوە ئەگەر ئێمەی رازی بووین بەهەڵگرتنی لێپرساویەتی ئەم دەوڵەتە ئەوەش وا پێویست دەکات کە حکومەتێکی شلوخاو دروست بکرێت لە ژێر ئیدارەی نێردراوی بەریتانیای گەڕۆکدا، تا ڕادەیەکی زۆریش سەر بەست دەبێت، بەڵام لەوانەیە بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی (میزوپۆتامیا) کە پایتەختەکەی بەغدایە، ئەمەش وا پێویست دەکات کەوا دەبێ چەندان نێردراوی نیشتەجێ هەبن لەناوچەکانی تردا، من ئێستا نەخشەیەکی کردەییتان بۆ بەرزدەکەمەوە بۆ ڕێکخستنی چاوەڕوانکراو، هەروەها بە درێژیش زانیاریتان پێشکەش دەکەم دەربارەی ئەوەی لەوانەیە کوردەکان بەکار بهێنرێن بۆ کاروباری سەربازگەکان. دەربارەی ئەم دوا بابەتە، پێویستە تێبینی بکرێ لە سەر ڕۆشنایی ئەو تەلەگرافەی کە تازە لە ئەستەنبوڵەوە هاتووە، کەوا هێزەکانی (لیفی) پێشووی کورد بایەخێکی کەمی هەبوو، هەر دوو تەلەگرافەکەی جەنەڕاڵ کۆب و جەنەڕاڵ میلن لە ئەستەمبول دەربارەی ئەم بابەتەوە هەر دووکیان بەرزکراونەتەوە.

وەفدی بەریتانی(کۆنگرە ئاشتی) لە پاریس

٢١مارتی ١٩١٩.

سەرچاوە: مجلە کاروان عدد ٣٢ مایس ١٩٨٥.



PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

## پەراوێزەکان:

1-PRO.(608)(95)(16585)(FROM SHERIF TOMR VANSITRT(PEACECONFERENCE)JULY 29 THERIF 1919.
2-IBED.(194636)GENERAL SH. PASHA)(KURDSTAN)(9TH.OCT..1919).
3-DRIVER. G.R.KURDSTAN AND KURDS. MOUNT KAR. MEL,G.E.C., 1919.
4-(608)(95)(1539)(FOREIGN OFFICE)(KURDSH EMIRATE)(REB.,5TH., 1919).

PDF 4 KURD

## سەیرکردنێك لە بارودۆخی هەرێمی کوردنشین دوابەدوای جەنگی جیهانی یەکەم

کێشەکانی هەرێمی کوردنشین بووە بە بەشێك لەو کێشانەی کە ناوەندە دەوڵەتییەکان و کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس دا هەوڵیاندا بۆ چارەسەرکردنی، بە تایبەتی لە ڕێگەی ئامادە کردنی پەیمانێکی ئاشتی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا، ئەو پەیمانەی کە ناسراوە بە پەیمانی (سیڤەر)[1] لە ساڵی ١٩٢٠، لەم ڕووەوە ئەم هەوڵانەی کە درا، پێشنیارکرا بە دانان و ناردنی لیژنە نێودەوڵەتییەکان بۆ شارەزا بوون لە ڕاستییەکانی بارودۆخی ئەوێ و گرنگی دان بە بیروڕاکانی دانیشتوانی ناو خۆدا. بەم شێوەیە بابەتی ناردنی لیژنەی نێودەوڵەتی و ئەوانی دیکە بۆ هەرێمە کوردنشینەکان، بووە جێگەی لێکۆڵینەوە و گفتوگۆ کردن لە نێوان کاتی ئامادە بوون بۆ بەستنی پەیمانەکە. بەڵگەنامە ڕەسمییەکانی بەریتانیا ئەمەی ئەو کاتە ڕوون دەکەنەوە. لەناو بەڵگەنامەکانی بەریتانیا دا بەڵگەنامەی ژمارەکراو هەیە (٦٠٨)(٩٥)(١٢٣٢٧٦) لە ئەیلولی ١٩١٩[2] تەلەگرافێکی تێدایە لە لایەن وەزارەتی دەرەوە بۆ نێردراوی پایەداری بەریتانیا لە ئەستەنبوڵ ئەدمیراڵ ویب، باسی بابەتەکە دەکات و بەم شێوەیە هاتبوو ـ شەریف پاشا هەواڵمان پێدەدات دەربارەی هەڵبژاردنی بە سەرۆکی دەوڵەتی کوردی داهاتوو. ئەو پێشنیار دەکات بە ناردنی لیژنەیەکی تێکەڵاو پێکهاتبێ لە نێردراوان کە نوێنەرایەتی حکومەتی بەریتانیا دەکەن، بۆ سەردانی ئەو هەرێمانەی کەوا کوردنشینن. داواش لە حکومەتی بەریتانیا دەکات دەست بکات بە جێبەجێ کردنی پرۆژەی یارمەتیدانی سەرۆکە کوردەکان بە پارە و پوول. ئەو وای پێ باشە لە ڕێگەی ئەوەوە دابەش بکرێت. کەچی حکومەتی بەریتانیا وای بۆ دەچێ کەوا تەمەنی شەریف پاشا و بردنە سەری ژیانێکی درێژ لە فەرەنسا وای لێدەکەن شایەستەی ئەم ڕۆڵە نەبێت. شتێکیش نییە بەڵگە بێت و پاڵپشتی داواکارییە کەسیەکەی بکات تەنها گەیشتنی بە ناو نێردراوێك نەبێ لە کوردستانەوە و ئەوەی خۆشی دەیڵێت. شەریف پاشا سەرۆکی وەفدی کورد بوو لە کۆنگرەی ئاشتی لە پاریسدا دوای کۆتایی هاتنی شەڕ، لە تەلەگرافێکی فەرمانڕەوای شارستانی بە ژمارەی (١٠٢٣٤) لە ڕۆژی یەکەمی ئەیلول ١٩١٩،[3] ئەویش باسی ناشایستەی شەریف پاشا دەکات بۆ وەرگرتنی پلە و پایەیەکی بەرز، تێدا ئەوەش پێشنیار دەکات بە شەریف پاشا ڕابگەیەنن کەوا مێجەر نوئیل دەگەڕێتەوە بۆ پاریس و لەندەن پاش گەڕانەکەی بە کوردستاندا، جا لە ژێر ڕۆشنایی

PDF 4 KURD

ڕاپۆرتەکەیدا حکومەتی بەریتانیا بڕیار دەدات لەسەر ئەو ڕێگایانەی کە دەیگرێتە بەر دەربارەی دەوڵەتی ڕامیاری کورد بارودۆخی ئاو و هەوا و کاروباری لیژنەکە سەخت دەکات لە کوردستاندا. دوای کۆتایی هاتنی تشرینی دووهەم. هەروەها دۆخی ڕامیاری لە هەر دوو ویلایەتی (وان) و (ئەرزەڕۆم) گەلێ توندوتیژ دەبێ لەسەر ئەم لێژنەیە کە ئەندامە کوردەکان تووشی دژایەتی کردنی فەرمانبەرانی ناوخۆی حکومەتی تورکی دەبن. دەربارەی لێژنەکەش، بەڵگەنامەی ژمارەکراو (٥٠٦٩)(ئەی ٩٣٠٠)[٤] تەلەگرافێکی تێدایە ئاماژە بە نێردراوی پایەدار دەکا و دەڵێت کەوا بە قسە ڕوونکردنەوەیەکی داوە بە دوو کەس لە ئەندامانی خێزانی بەدرخان ئەوەش بۆ باسکردن کەوا بیروڕای حکومەتی بەریتانیا ئەوەیە لێژنەکە سنور دادەنێت و دەرفەتێکیش هەیە بۆ داواکردن لە لێژنە کە جێبەجێ کردنی ئارەزووەکانیان لە هەرێمی جەزیرەی (ئیبن عومەر) و بەستنەوەی بە دەوڵەتی کوردستان بە گوێرەی پەیمانێك و نەهێشتنی بکەوێتە ناو بازنەی ئینتدابی فەڕەنسییەوە... بەڵام ئەو لەم باوەڕەدا نییە کەوا لێژنەکە ئەم هەرێمە گرنگە جیابکاتەوە لە ئینتدابەکەوە. (لە ڕاستیدا ئەم هەرێمە خراوەتە چوارچێوەی سنوری تورکیاوە). تەلەگرافێکی تریش هەیە لە لایەن نێردراوی پایەدارەوە. نوسراوەتەوە بە ژمارەی (ص ٨١٧٦) (٥٦٤٤) لە رۆژی ١٢ی تشرینی دووهەمی ١٩٢٠.[٥] ئەوەی تێدا هاتبوونـ داگیر کردنی (ئەسەکەندرۆپۆل) (بە دەست بەلشەویکەکان لە قەفقاس) دا، یەکێتی تورکیا ـ ڕووسیا وا لێ دەکات کارێکی گونجاو بێت بۆ ئەوەی پێکەوە دژی فەڕەنسییەکان بجەنگن لە سوریا دا. لەوانەیە لە بیروڕادا ڕێکەوتنێك هەبێ کەوا ئارەزووە فراوانەکانی تورکیا و ڕووسیا لە نێوانیاندا ناگونجێت و لەوانەش نییە هاوپەیمانییەتەکەیان بەردەوام و چەسپاو بێت لەگەڵ ئەوەشدا لەوانەیە هاوپەیمانێتی نێوانیان بۆ ماوەیەکی زۆر بەردەوام بێت بۆ ئەوەی تەنگ و چەڵەمەی گەورە بۆ بەریتانیا دروست بکەن، لەبەر ئەوە نێردراوی پایەدار وای بەباش دەزانێ کە پێشنیارێ بدات بە حکومەتی بەریتانیا بۆ هەڵسان بە هەوڵی خێرا و ڕێکوپێك بۆ تێکدانی ئەم هاوپەیمانێتیە (تورکیاـ ڕووسیا) چەند بۆمبارانێکی ئاسمانی کرا (تەلەگرافی ڕۆژی ١٨ی تشرینی یەکەم ١٣٥٤٦) نێردراو دەڵێ چەند نیشانەیەکی تریش هەیە کەوا ئێمە خۆمان باش قایم نەکردووە لە هێرشی ترەوە لە ڕووی (ماردین) و جەزیرەی (ئیبن عومەر). (هەرێمە کوردەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی هاوپەیمانان پێش بەهێز بوونی جوڵانەوەی کەمالی. ئەگەر ئەم تێکچوونانە ترسناکیش نەبن دوور نییە چەند پێشەکییەك بن بۆ هی تری ترسناك کە ناتوانرێ پشتگوێ بخرێن. ئەگەر بتوانرێ یارمەتیدانی دڵسۆزانەی فەڕەنسا دابین بکرێ، ئەوا

دەتوانرێ سەرکەوتنێکی خێرا بەدەست بهێنرێت. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە یەکەم جار ئارەزووەکانی لایەنە هاوپەیمانەکان دیار بکرێن و دووهەمیش نەخشەکێشان بۆ هەڵمەتێکی دبلۆماسی یەکگرتوو بۆ بەرەنگاری بوونەوەی مەترسی هاوبەش. لەوانەیە پێشنیاری هێڵی هێرش بردن لە سەرەوەی دەسەڵاتی من بێ، بەڵام وای بە باش دەزانم هەڵسان بە هەوڵێکی هاندەرانەی مام ناوەندییەکانی ئەستەنبوڵ و مام ناوەندیەکانی ئەنەدۆڵ لە سەر یەکگرتن و دامەزراندنی پارتێکی دژی ڕوسیا. بۆ دڵخۆش کردنی ئەمانە وا پێویست دەکا داننانی هاوپەیمانان بە دەسەڵاتی تورکیا لەسەر کۆماری ئازەربێجان (ئەو وەختە هەبوو). لەوانەشە مام ناوەندییەکان ئارەزووی داواکردنی هەندێ بەرژەوەندیان هەبێ لە کوردستانی مەرکەزی دا (لە تورکیا). نێردراوی پایەدار دەڵێ:ـ من دوو دڵم لە پێشکەش کردنی هەر پێشنیارێك لەم بارەیەوە، لەبەر نزیك بوونەوەی گەیشتنی لێژنەی کوردستان. وەڵام دانەوەیەك بە تەلەگراف هەیە لەسەر تەلەگرافی سەرەوەدا لە لایەن وەزیری دەرەوە لە (لەندەن) بۆ نێردراوی پایەدار لە ڕۆژی (٢٠)ی تشرینی دووهەمی ١٩٢٠. (٢٦١٦)(٨٢١٠)[٦] ئەمەی تیدا هاتبوو: سەیری پەڕاوەکان دەکرێت، سەید تەها خۆخستنە ناوەوەی تورکیا بۆ سەر بەلشەویکەکان لە ئەرمینیادا شێوازێکی نوێ بە کێشەکانی کورد دەدات. لەسەر ڕۆشنایی هەوڵی هێرش کردنی تورکیا. لەسەر وڵات لە ساڵی داهاتوودا، مەسەلەی یارمەتیدانی پێکهێنانی کۆنفدراڵییەکی کورد لە ژێر ڕێنمایی ئێمەدا، مایەی گرنگی پێدانە. تکایە بیروڕای خۆتانم پێ ڕابگەیەنن. ئەو پێشنیارانەی کەوا هاتوون لە تەلەگرافەکەتاندا ژمارەکراو (١٣٧٨٧) رۆژی ١٢ی تشرینی دووهەمی خراوەتە ژێر لێکۆڵینەوە، وەڵام دانەوەیەکی تریش هەیە بە تەلەگراف لە لایەن نێردراوی پایەدار، دانەیەکیش بۆ ئەفسەری ڕامیاری لە باکوردا بە ژمارەی (٦٤٦٧)(ص٨٥٨٠) لە ڕۆژی یەکەمی کانونی یەکەمدا. ١٩٢٠،[٧] ئەمەشی تێدا هاتبوونـ لە دەستنیشانکردنی تەلەگرافەکەتان (٢٦)ی تشرینی دووهەم ژمارەکراو (٣٦١٦) کەوا بە ناتەواوی گەیشت، لە لای منەوە بۆ ئەفسەری ڕامیاری ئەمەی خرایە سەر: ئایا لەم باوەڕەدان کەوا دەبێتە پێشنیارێکی ڕێکوپێك لەم هەل و مەرجەی ئێستادا کەوا تۆ پەیوەندی بکەیت بە (عەبدولڕەحمان شەرناخ) و (سەرۆکێکی کورد لە دەوروبەری بۆتان) (سەید تەها) (لە سەرۆکە ناسراوەکانی شەمدینانە) بەمەبەستی یارمەتیدان بە زوویی و بێ چاوەڕوانی کردنی لێژنەی ئاشتی لە پەڕاوەکانی پێشودا وا دەردەکەوێ داوایان کردووە یەکەم بۆ ئەفسەری پەیوندی بەستن، دووهەم گفتدان بۆ دانانی چەك بە ئەوان، جا ئەگەر پرۆژەکەتان لا باش دیاربوو، منیش

پێشنیار دەکەم بە داواکردنی ناردنی نوئیلێ یەکسەر. (مێجەر نوئیلێ ناوبانگی دەرکردبوو بە شارەزایی لە کاروباری کوردەوە). ئەگەر وەڵامەکە ڕەزامەندی بوو، ئایا من بەڕەسمی دەسەڵاتم دەبێ گفتوگۆ بکەم لە ژێر ڕۆشنایی ئەم خاڵانەوە؟ من بە شێوەیەکی ڕەسمیانە ماوەم دا بە گەڕانەوەی (ئەکرەم جەمیل) بەگ بۆ کوردستان لە ڕێگەی ئێمەوە، بەڵگەنامەی (٥٠٦٩)(ئەی ١٦٣٣١)(ص٩٠٦٥)[٨] تەلەگرافێکی تێدایە، ئەمەی تێدابووـ

لە باسکردنی تەلەگرافی ژمارەکراو (٥س) (لای سەرەوەی) چالاکی دژی بەریتانیا لە لایەن کەمالییەکانەوە لە جەزیرەی (ئیبن عومەر) و دەوروپشتیەوە گەلێ جار باسی لێوە کراوە لەو زنجیرە تەلەگرافانیەی کەوا تەلەگرافی ژمارەکراو (٣٧٨٤) بوونە هۆی ناردنیان لە ٣ی کانونی یەکەمدا. یەك لەم جۆرە چالاکیانە ئەوە بوو وروژاندنی هۆزەکانی لە دژی ئێمەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ڕاپۆرتەکانی باشور پیشان دەدەن بە هەبوونی ناکۆکیەکی گەورە لە نێوان کەمالییەکان و سەرۆکی هۆزە کوردەکان، ئەوانەی لە نێوان خۆیاندا بەم هۆیەوە باسی کاری دامەزراندنی کۆنفدراڵیەکی ئازادی کورد دەکەن لە ژێر ڕێنمایی بەریتانیاوە عەبدولڕەحمان ئاغا شەرناخ و حاجی ڕەشید بەگ و هی تر ڕازی نەبوون بە داواکاری سەرکردەیەکی تورك بۆ ئامادە بوونیان لەوێ لە جەزیرەدا. ئەمەش ئاشکرا دەکەن کەوا بە تەمای سەرکوتکردنەوەی هۆزەکانیشیانن. ئەو (عەبدولڕەحمان)ەی کەوا پێشبینی دەکرێ هێرشێکی توندی بکرێتە سەر لە لایەن کەمالییەکانەوە داوای یارمەتیدان دەکات بە چەك و ئازووقە. ئەو بۆمانی ڕوون دەکاتەوە کەوا شۆڕشێك بەم زووانە بەرپا دەبێت بە سەرکردایەتی یەکێ لە بەدرخانییەکان. پاش لێکۆڵینەوە ڕای پسپۆڕەکان لەسەر ئەوەیە بۆ ئەوەی سەرکەوتن بە دەست بێنن لە هەوڵەکانمان دا لەگەڵ هۆزەکانی کوردستانی باکور هەروەکو پێشبینی دەکرێ دەبێ جەزیرەی (ئیبن عومەر) داگیر بکرێت. ئەم شتەش تا ڕادەیەك بەکار ناچێتە سەر. ئەمەش وام لێدەکات دووبارە چاو بخشێنمەوە بە هەڵوێستم لەم مەسەلەیەوە و لایەنی سەلامەتی بگرمە بەر. هەروەها جێگەی قەدر زانینمە ئەگەر زانیاریم چەنگ بکەوێ دەربارەی هەواڵی گەورە بەدرخانییەکان لە لایەن نێردراوی پایەدار لە ئەستەمبول و قاهیرەدا. بە تایبەتی (ئەمین عالی) و (ئەحمەد سریا). من هیچ زانیارییەکم بە دەستەوە نییە تەنها ئەوە نەبێ، ئا بەم جۆرە بوو ناوەندە هەمە جۆرەکان خۆ ئامادە دەکەن لە پێناوی بەرەنگاری کردنەوەی بارودۆخە تازەکان لە گۆڕانەکانی (**الفترة الانتقالية**) پاش کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم. هەرێمی کوردنشینیش دوور نەبوو لە ڕێرەوی ڕووداوەکاندا. بەڵکو پێویست بوو لەسەر خاوەن

بیروڕاکان چارەسەرکردنی ئەو مەسەلانەی کە پەیوەندی دارن بە هەرێمی کوردنشینەوە. لە هەمان کۆمەڵەدا بەڵگەنامەی ژمارەکراو (ئەی ٦١٤٣) لە رۆژی ٢٠ ی مایسی ١٩٢٠،[٩] چەند زانیارییەکی تێدایە دەربارەی هەڵبژاردنی یانەی کورد لە ئەستەمبولدا و لیستەیەکیش بە کۆمەڵەی بەدرخانییەکان (ناکۆکن لەگەڵ کۆمەڵەی سەید عەبدولقادر شەمدینانی) لە ئەندامانی یەکگرتووی کۆمەڵایەتی کورد کە بەم جۆرەی خوارەوەیە:ـ عەبدوڵڵا جەودەت بەگ لە خەربوت، پزیشك و نوسەر ـ شوکری بەگ بابان لە سلێمانی، سەرنوسەری رۆژنامەی وەرگێڕ ـ شوکری محەمەد بەگ لە دیاربەکر، پزیشك ـ جەلادەت بەگ بەدرخان لە دیاربەکر، نوسەر ـ ئەکرەم (جەمیل) بەگ لە دیاربەکر، خاوەن دبلۆمی پەیمانگای بەرزی پاشایی ـ ئەمین عالی بەگ لە دیاربەکر، پشکێنەوەی گشتی داد، پێشتر. حوسێن حاجی بەگ لە ئۆرفە، پارێزەر ـ مەمدوح سەلیم لەوان، نوسەر لە رۆژنامەی (ژین) ـ نەجمەدین حوسێن بەگ لە کەرکوك، مامۆستای پێشووی زانستەکان بارەگای کاتی لە نوسینگەی رۆژنامەی ژین، شەقامی ئەبو سعود، رێگەی باب العالی لە ئەستەنبوڵ. هەندێ کەسانی ناسراوی کورد هەر لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگ گرنگیان دا بە بارودۆخی ولاتەکەیان لە پێش دائیرەکانی نێو دەوڵەتیدا. جا بەڵگەنامەی ژمارەکراو (٦٠٨)(٩٥) (١٩٨٢٩) رۆژی تشرینی یەکەمی ١٩١٩،[١٠] دانەیەکی ئەو نامەی تێدایە کە لە ٢٢ی تشرینی یەکەم نوسراوە لە لایەن شەریف پاشا لەگەڵ دوو نامەی سەید عەبدولقادر ئەفەندی سەرۆکی لێژنەی ناوەندی کۆمەڵەی کورد بۆ ئەوەی بدرێت بە ئەنجومەنی بالای کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس بۆ رەتکردنەوەی دابەشکردنی کوردستان بۆ دوو هەرێم و تیایاندا تکا دەکات ولاتانی هاوپەیمانی پالپشتی بکەن و ماوە نەدەنە حکومەتی عوسمانی لە چەوساندنەوەی گەلی کورد. پاریس لە ٢٣ی تشرینی یەکەمی ١٩١٩ کۆنگرەی ئاشتی سکرتارییەتی گشتی کۆنگرەی ئاشتی جێی شانازییە بۆی لە وەرگرتنی ئەم دوو نامەیە لە هەندێ کەسانی کورد (گەیاندنی بە سەرۆکی کۆنگرەی ئاشتی دەربارەی دوا رۆژی ولاتەکەیان.

**سکرتارییەتی گشتی**

**بۆ جۆرج کلمنسور سەرۆکی کۆنگرەی ئاشتی**

**پاریس لە ٢٢ی تشرینی یەکەمی ١٩١٩.**

**سەرۆکی بەرێز**

PDF 4 KURD

جێی شانازیمە کەوا دوو نامە بگەیەنم بە جەنابتان لە لایەن سەید عەبدولقادر ئەفەندی ئەندامی ئەنجومەنی پیران و سەرۆکی ئەنجومەنی دەوڵەتی پێشوو، وەکو سەرۆکێکی لێژنەی ناوەندی کۆمەڵەی کوردە، بۆ ئەوەی پێشان دانیان بە ئەنجومەنی باڵای کۆنگرەی ئاشتی. ماوەم بدەن کە بڵێم لەوەتەی پارتی (اتحاد وترقی) دەسەڵاتی بەدەست هێناوە، هەموو ئەوانەی کەوا خاوەنی هیوا و ئاواتی ئازادی و نەتەوایەتی بوون کەوتنە بەر چەوساندنەوەیەکی بەردەوام. وەك ئەرکێکی مرۆڤایەتی بۆ ئەنجومەنی باڵا دەبێ ماوە نەدات سەر لە نوێ خوێن برژێندرێتەوە، ڕێگایەکی تریش بۆ پاراستنی ئاشتی لە کوردستان واز هێنانە لە پرۆژەی دابەشکردنی ئەم وڵاتە بۆ دوو هەرێم لە نێوان دوو ئینتدابی جیاواز (پاشان داوا دەکات وڵات بخرێتە ژێر ئینتدابی یەك دەوڵەتی گەورە)، بۆ ئەوەی ببێتە هۆیەك بۆ ئاشتی و چەسپاندنی یاسا.

**شەریف**

**سەرۆکی وەفدی کورد**

**نامەی یەکەم**

**ئەستەمبول ٢ی تشرینی یەکەمی ١٩١٩.**

**سەرۆکی بەڕێز**

ئەو پرۆپاگەندەی کە بڵاودەکرێنەوە دەربارەی دابەشکردنی کوردستان بۆ دوو کەرتەوە (لە تورکیای عوسمانیدا) و دانانیان لە ژێر ڕێنمایی دوو دەوڵەتی گەورەوە، وام لێدەکات سەرنجتان ڕابکێشم کەوا ئەم دابەشکردنە خزمەتی ئاشتی ڕۆژهەڵاتی دوور ناکات. کوردەکانی ئەوێ بە پێچەوانەی حکومەتی یەککگرتووەکان ڕازی نەبوون بە جەنگ دژی هێزەکانی هاوپەیمانان و ئەرمەنەکانیشیان خستە ژێر پەنای خۆیان لەو هەرێمانەی کەوا کەوتبوونە ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکانەوە، جا کوردەکان بە هیوای دادپەروەرییەتی کۆنگرەکەن کەدان بنێت بە یەکێتی وڵاتەکەیان بە یەککگرتوویی.

**ئەندامی ئەنجومەنی پیران (عوسمانی)**

**سەید عەبدولقادر**

**سەرۆکی لێژنەی ناوەندی کۆمەڵەی کورد**

PDF 4 KURD

**سەرۆکی لیژنەی ناوەندی کۆمەڵەی کورد**

**نامەی دووهەم**

**ئەستەنبوڵ ٢ی تشرینی یەکەمی ١٩١٩**

**سەرۆکی بەڕێز**

ماوەم بدەن سەرنجی بەڕێزتان ڕابکێشم بۆ چەند ڕاستییەك دەربارەی دەوڵەتی عوسمانی. هەر لە سەرەتای ئاگر بەستنەوە (مەنددرۆس ١٩١٨، حکومەتی عوسمانی وا پیشان دەدات کەوا زۆر نەرمی دەنوێنێت و بەر پەرچی کوردەکان ناداتەوە دەربارەی مەبدەئی نەتەوەکان و ڕێگا دەکاتەوە بۆ سەربەخۆ بوونیان، بەڵام لە دوا جارا حکومەت کاری داخستنی یانەکانمانی دەست پێ کرد و نوێنەرانمان بەند دەکەن و نامەکانیشمان دەگرن. جا لەبەر هەندێ لیژنەی لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی کەوا چاوەڕوان دەکرا بنێردرێت بۆ کوردستان ناتوانێت بە لێکۆڵینەوەی خۆی هەڵبستێت دەربارەی هیوا و ئاواتەکانی گەلی کورد لەم بارودۆخەی ئێستادا. جا تکا دەکەین لە بەڕێزتان کە هێزی بەرزی خۆتان بەکار بهێنن لەگەڵ حکومەتی ئەستەمبول بۆ ئەوەی هیچی تر گەلی کورد نیگەران نەکات.

**عەبدولقادر (شەمدینانی)**

**سەرۆکی لیژنەی ناوەندی کۆمەڵەی کورد**

بەڵگەنامەیەکی دیکەش هەیە کە نوسراوە بۆ بەڕێز (ئەرسەر هیرزل) ئەویش بە ژمارەی (١٩٠٢٥) و لە ڕۆژی ١٧ی ئەیلولی ١٩١٩[١١] دایە لە بەڵگەنامەی یاداشت کراودا ئەمەی خوارەوە هاتووە:ـ

**وەزارەتی هیند ـ فەرمانگەی ڕامیاری ـ لەندەن (١٨)ی ئەیلولی ١٩١٩.**

**خۆشەویستم (یۆنخ)**

ئێستا ئەوە دانەیەکە لە یاداشتێك بە پێنوسی (ئەرسەر هیرزل) کەوا وەزیری هیندە لە سەری دواوە مستەر (مونتاجۆ) دەیەوێت بینێرێت بۆ (وەزیری دەرەوەی بەریتانیا) لۆرد کیرزن. ل.د. واکلی (هیرزل) لە گەورە لێپرسراوانی وەزارەت بوو بیروڕاکانیش سەنگێکی زۆری هەبوو لە دائیرەی لێپرسراوێتی.

یاداشتی هیرزل:ـ

کێشەی ئەرمەن کێشەی کوردە، بەردەوام پێویستی بە داڕشتنی ڕامیارییەکی سنوردار هەیە، وەزارەتی هیند گرنگی داوە بە کێشەی کوردی بەستراوەوە بە کێشەیەکی دیکەوە

چونکە کەوتۆتە سەر هەرێمی بەڕێوەبردنمان، بەڵام هەر دوو کێشەکە ناتوانرێت لێکیان جیابکەینەوە. سەختییەکەی بەڕاستی لەوەدایە کەوا ڕای گشتی لە جیهانی شارستانییەتیدا تێرکراوە بە هەواڵەکانی کوشتار لە ماوەی نیو سەدەدا، وای دەوێت بە دروستکردنی دەوڵەتێکی ئەرمەنی سەربەخۆ، بەڵام ئەمە لە ژێر ڕۆشنایی بارودۆخی ئێستادا ناگونجێت لەگەڵ ڕاستی واقیعەکەدا و سەرەتاکانی مافی چارەی خۆنووسینی پەسند کراودا، ڕاستی بارەکەش ئەوەیە کەوا ژمارەی ئەرمەن گەلێ کەمە لە هەموو شوێنێکا بێجگە لە (کلیکیا) نەبێت ئەمەش لە ئەنجامی کوشتارەکاندایە. بەم شێوەیە لە ڕووی دادپەروەرییەوە چاو بپۆشرێت لەم کەم ژمارەییەوە لە ژێر ڕۆشنایی هەندێکیانەوە. ئەوەی ڕاستی بێت هەر ڕاستە و کوردەکانیش وا دەڵێن کەسیش ناتوانێ لە سەریا لۆمەیان بکات، کەوا ناکرێت زۆربەی هەرە زۆر بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی کەمایەتییەکی بچووکەوە. لە لایەکی تریشەوە ڕاستییەکان وا نیشان دەدەن کە هەر کاتێك دەستی گرانی عوسمانی لا ببردرێت ئەوساکە هەر دوو گەلەکە بە ئاشتی و تەبایی شان بە شانی یەکتری ژیان دەبەنە سەر، ئەگەر دادپەروەرانە هیوا و ئاواتی هەردوو لایان جێبەجێ بکرێن... بەڵام چۆن دەتوانرێ ئەم چارەسەرییە بدۆزێتەوە؟ ئەو تێبینییانەی کەوا (سەرۆکی کوردەکانی میللی) پیشانیدا (مەحمود بەگ) بۆ کابتن (وولی) کلیلەیەکی دا بە دەستەوە. مەحمود بەگ گوتی:ــ ئەگەر ئەمڕۆ حکومەتێکی کوردستانی دادەمەزرێنین پێویستە لەسەرتان کەڵك وەربگرن و پشت ببەستن بە ژمارەیەکی نەگونجاو لە ئەرمەن بۆ خزمەتکردنی ئەم حکومەتە چونکە خوێندەوارییان باشترە لە کوردەکان. کەچی بەهۆی کردنەوەی قوتابخانەکان کوردەکان لە ماوەی چەند ساڵێکدا بەرەو پێش دەچن و تای تەرازو هاوسەنگ دەبێت. ئێستا کە ئەگەر لای ئەم پێشبینییە بخەینە لاوە، لەوانەیە بۆ ئێمە بکرێت (لە دەرەوەی ئەرمینیای بچووك) کاربکەین لەسەر پلانی (مۆرلی ـ منیتۆ) دەربارەی موسڵمانانی هیندەوە. موسڵمانانی هیند بە بەشێکی دیکە خوێنەرایەتی ڕامیاری دەکەن لە ڕێژەی ژمارەکەیان و پێشکەوتنی ڕۆشنبیریان. بۆ ئەمەش گرنگییەکی ڕامیاری و مێژوویی هەیە. ئایا دەتوانین جیهان ڕازی بکەین بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی ئازادی کوردستان ( لە ژێر ئینتدابی بەریتانیا یان ئەمەریکا یان فەرەنسا ـ ئینتداب کردنی بەریتانیا باشترە لەبەر ئەوەیە من لەم باوەڕەدام کەوا پێویستە لەسەرمان تای تەرازوی ناسەنگ بڵند بکەین تا پتر هاوسەنگ ببێ؟). لە حکومەتی کورددا ئەرمەنەکان ئەوانیش نوێنەرایەتییەکی هاوتا دەکەن بە شێوەی نەگونجاو. ئەم نوێنەرایەتییە لە بارودۆخی ئەواندا پتر نەگونجاوە بە گوێرەی هەبوونی

ڕادەی خوێندەوارییان، بەڵام ئەمە ڕازییان ناکات، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی دواخستنی لەوانەیە چەند چارەك بێ لە دامەزراندنی حکومەتی ئەرمینیای گەورە، بەڵام ئەمە لە پێشیان ماوە فراوان دەکات لە گۆڕەپانی هاوبڕکێی دادپەروەرانە لەگەڵ کوردەکاندا، چونکە ئەوان پلەی سەرکەوتوتریان هەیە، ئەگەر ئەمەیان دەرخست کەسێ نابێ ڕێگا بگرێ لە داواکاریان بە یەکگرتنیان لەگەڵ ئەرمینیای بچووك و دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئەرمەنی، ئەگەر نەیانتوانی ئەمە پێشان بدەن ئەوە هیچ نییە بۆ بەجێ نەهێنانی داوا کاری کوردا لە دامەزراندنی حکومەتی کوردی.

**ئیمزا (أ.هـ)**

**١٩١٩/٨/١٧**

جێ گومان نییە لەوەی بەوردی سەیرێکی ئەوەی پێشوو بکرێت، هەروەها یاداشتی بەڕێز (ئەرسەر هیزل) ماوەمان دەدات لە دیتنی داوە باریکەکانی کە چەمکی یاداشتەکە دەبەستێتەوە بە هەموو ئەوەی کە باسمان کرد. ئەو لێژنە یان لێژنانەی هاتوو بۆ هەرێمی کوردنشین هەمان مەبەستی هەبوو ئەویش گەیشتن بە باشترین داڕشتنی چارەسەرکردنی ڕاستییانەی هەرێمەکە، لەگەڵ خستنە بەرچاوی ڕاستییەتی بارودۆخی دەورپشت. ئەم بارودۆخانەش پێشانیان دەدا کەوا کێشەی کورد پێویستی هەیە بە چارەسەرێکی هاوچەشنی ئەو کۆمەڵە چارەسەرییانەی کە داڕێژراوە بۆ چارەسەرکردنی کێشە هاوچەشنە زۆرەکانی کاتی خۆی لە پانایی و درێژایی هەرێمی ڕۆژهەڵاتی دوورەوە. ئەمەشی لە پێناوی خزمەت کردنی هەق و ئاشتی و یاسادا. ئەوەی تێبینی کراوە ئەو بیرانەی لەوێوە دەرکەوتوون هەروەها لەم یاداشتەی باسکراوەدا ئەو بیرانە دەرکەوتبوون کەوا لە پەیمانی ئاشتیدا هەبوون لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا ئەویش پەیمانی (سیڤەر) بوو لە دواجار. بەڵکو ئەم بیرانە یارمەتی پاراستنی ئەو بیرانەی کەوا خرانە بەر بڕبڕەی پشتی ئەم پەیمانەوە وەك چارەسەرییەکی تایبەتمەند بە کێشەی هەرێمی کوردنشینەوە. لەگەڵ چارەسەرکردنی کیشەکانی دیکەی هەمەجۆر کەوا پەیمانەکە گرتبوونیە خۆیەوە.

PDF 4 KURD

**پەراوێزەکان:**

(١) بۆ زانیاری زیاتربڕوانە زنجیرە باسی (کردستان فی عهد السلام دوای جـەنگی جیهـانی یەکەم) د. احمد عثمان – گۆڤاری ڕۆشنبیری سالآنی ١٩٧٩-١٩٨٤/ بغداد.

(2) (PRO. (608) (95) (123276) (ME 44a) No. (1451) SEPT. 3RD. 1919

(3) Ibid. (608) (95) (10234) (p.5419) (From polical) (kurdistan) (1 Sept 1919).

(4) Fo (371) (5069) (E9300) (Derobec) (constan). (No. 1033) Future of kurdistan).

(5) Ibid. (5644) (p.8176) (13787) (High commisioner) (12th. Nov. 1920).

(6) Ibid (3616) (p.8210) (prioritya) (Repeated Viceroy).

(7) Ibid (6467) (p. 8580) (priority) (5s) (1st. Dec. 1920).

(8) Fo (371) (5069) (E 16331) (india office) (F. 9065) (prioritya) (115s)

(9) Ibid, (E 9143/11/44) Derobeck) (725) (may 20th. 1920).

(10) (608) (95) (19829) (peace conterence) (Secr. Gen) (oct. 24th. 1919).

(11) (608) (95) (19025) (The Armenian – and – kurdish Questions) (Sept 17th. 1919).

*سەرچاوە:

**مجلة كاروان قسم العربي عدد ٣٩ (كانون اول) ١٩٨٥ الصفحة ١٣٥–١٣٩.**

PDF 4 KURD

## چەند پێشنیارێك بۆ بەڕێوەبردنی ناوچە کوردییەکان

## لەدوای شەڕی یەکەمی جیهانی

بە کۆتاییهاتنی شەڕی یەکەمی جیهانی مێجەر نۆئێل گەیشتە شاری سلێمانی، ئەوەش لە ١٦ی تشرینی دووەمی ١٩١٨ەوە بوو، کە ناوبراو نێردراوی دەسەڵاتدارانی بەریتانی بوو، بۆ ئەوە هاتبوو بەڕێوەبردنی خۆجێی ناوچە کوردییەکان رێکبخاتەوە و هاوکاری شێخ مەحمودی حەفید بکات، کە شێخ بەرپرسی دانپێدانراوی بەڕێوەبردنی ئەو ناوچانە بوو.

مێجەر نۆئێل بە زوویی تێبینییەکانی خۆی بە شێوەیەکی پۆزەتیف لەسەر بارە پێشهاتووەکە تۆمار کرد و لە چەند بروسکە راپۆرتێکدا بۆ دەسەڵاتدارانی سەرووی خۆی، بەرچاوی رونکردن، لەوەی کەوا دەبێت چی بکەن بۆ بەڕێوەبەرایەتیکردنی ئەو ناوچانە، ئەوەی گرنگیشە، ئەو بیرو رایانەی مێجەر نۆئێل تایبەت بە کاریگەریەتی سیاسی و رێکخستنەوە، ئامانج لێیان ئەوە بوو، کە وەکو نموونەیەك لەبەرچاو بگیرێت، بۆ رێکخستنی کاروباری کوردی لە بەڕێوەبەرایەتی و سیاسەتکردنەوە، بۆ ناوچە کوردییەکانی دیکەش، بەتایبەتی ئەو ناوچانەی دەکەونە چوارچێوەی ئەنادۆڵی دەوڵەتی عوسمانی (تورکیای نوێ) مێجەر نۆئێل جگە لەوەی پێشوو، لە بارەی (شێخ مەحمود)ەوە راپۆرتێکی دایە هەندێ بەرپرسانی دیکەی ناوچە کوردییەکان و دەسەڵاتداران بە گشتی، تیایدا ئاماژەی خستبووە سەر شێخ و کاروباری کارگێڕییەکەی لە ناوچەکانی ژێر دەستی، لەو راپۆرتەدا مێجەر نۆئێل تیشکی خستبووە سەر گرنگترین ئەو رێوشوێنانەش، کە بە پێویستی زانیبوون لە بەرامبەر شێخ و بەڕێوەبەرایەتییەکەی، بیگرێتە بەر، ئەم راپۆرتەش لە ٨ی کانوونی یەکەمی ١٩١٨ نووسی بوو.

بە بەرچاوگرتنی گرنگی ئەو راپۆرتە و لەبەرئەوەی ئەو ئیدارەیە بە پەنجە ئاماژەی بۆ دەکرا، بۆ ئەوەی ببێتە نموونە بۆ دروستکردنی ئیدارەی هاوشێوە بۆ ناوچەکانی دیکە، یان هەندێ لە ناوچەکانی تر بخرێنە نێو سنووری ئەو ئیدارەیە، هەروەها لەبەرئەوەی راپۆرتەکە تیشك دەخاتە سەر تەواوی ئەو بارەی لە ناوچەکە دروست ببوو، ئەوا بە باش دەزانرێ سەرەتا ئەو پێشکەش بکرێت، بۆ ئەوەی ئەو گوتەیە ڕوون ببێتەوە.

بەڵگەنامەکانی ژمارە (٦٠٨) (٩٥) (٢٣٩٥) ژمارە (٦٩٥) (٢٣٣٥) ١٩١٨/١٢/٣٠،[1] کە بە ژمارە (٤٣) لە ١٩١٨/١٢/٨ لە مێجەر نۆئێلەوە لە سلێمانی بۆ ئەو دەسەڵاتدارانەی وڵاتەکەی دەنوسرێت، ئەوەی خوارەوە ناوەرۆکەکەیەتی:

لەوانەیە لە بیرمان بێت، کە ئێمە لە بەهاری رابردوودا خۆمان بۆ ئەوە ئامادە دەکرد، کە شێخ مەحمود وەکو نوێنەری بەریتانیا لەسەر سلێمانی دابمەزرێنین، کە لە راستیدا نامەیەك بەو ناواخنە نووسراو نێردرا، بەڵام لە دواچرکەدا رەت کرایەوە. من ئاگاداری هەموو ئەو هۆکارانە نیم کە ئەو بڕیارەیان هەڵوەشاندەوە، بەڵام با وای دابنێین، کە ئێمە وامان دانابوو دەسەڵاتی شێخ مەحمود هێندە گەورەیە، بەو شێوەیە بخوازێ نامەیەك دەربکەین، بە گەیشتنیشم بۆ ئێرە، هەوڵی ئەوەم دا، تا دەکرێ و لە توانامدایە، زەینم بە کراوەیی بمێنێتەوە، ئیتر تەنیا چەند رۆژێکی دیاریکراو بەسەرچوون، تا گەیشتمە ئەو بڕیارەی، کە پێویستە ئەو پێشنیارە جێبەجێ بکرێت، کە بەهاری رابردوو پێشنیار کرابوو، کە بە راستی ناواخنەکەی گەیشتبووە بەر گوێی شێخیش. ئەو دەسەڵات و جەماوەرەی لەو وڵاتەدا شێخ مەحمود هەیەتی، زۆر ئاشکران، بەر لە شەڕیش هیچ ناوچەیەکی دیکەی دەوڵەتی عوسمانی نەبووە، وەکو سلێمانی بارگرژی بە خۆوە دیبێ، یەکەمی شوێنکەوتووەکانی کە لە زۆربەی شار و گوندەکاندا بڵاوبوونەتەوە. لێرەدا ئارەزووی ئەوەشی هەیە، کە بە خراپ وەسفی ئەو دەسەڵاتە بکرێت، کە شێخ هەیەتی، بەڵام ئەگەر ئێمە ئەو سیاسەتەی عوسمانییەکان بە بەرچاو بگرین کە پێشتر لەسەری رۆیشتوون، ئەوا ئەوسا پاساوی ئەوەمان بە دەست دەکەوێت، کە بە باشی بۆ دەسەڵاتی شێخ بڕوانین، کە چالاکی و سیاسەتەکانی شێخ گوزارشتێکی سروشتین لە نارەزایی و راپەڕینی ستەملێکراوان، بەڵام بە چاوپۆشین لە پێشکەشکردنی پاساویش بۆ سپی کردنەوەی ئەو کارانەی خانەوادەی شێخ پێی هەڵدەستن، ئەوا ئەو مەسەلانەی لێرە رووبەڕوومان دەبنەوە، بە پلە یەك مەسەلەی کارەکین، چونکە شێخ مەحمود دەسەڵاتی هەیە، ئەو دەسەڵاتەشی لەوانەیە ئێستا لە هەر کارێکی دیکە گەورەتر بێ، بۆیە بە بێ هاوکاریکردنی تەواوی شێخ و ئەو یارمەتییانەی پێشکەشمان دەکات، ئەوا بەو ئاسانییە نەمان دەتوانی بمێنینەوە و دەبوو هێزی پاسەوانی گەورەترمان بهێنابووایە، کە ئەوەش وەکو من تێیدەگەم، سیاسەتێکە حکومەتی بەریتانی بە توندنی رەتی دەکاتەوە، لە گۆشەنیگای سیاسیشەوە، گرنگ ئەوەیە بە بێ یارمەتی وەرگرتن لە هێزە بەریتانییەکان ئەو ناوچانە بە ئارامی بمێننەوە، بە بەرچاوگرتنی تەسریحی ئەنگلۆ فرەنسی لە ١٩١٨ /١١/٨ لەبارەی ئازادی گەلانی رۆژهەڵاتی عوسمانی، ئێمە

بۆ ئەوە کار دەکەین، کە کوردستانێکی ئازاد لە ژێر سێبەری بەریتانیا دروست بکەین، بەڵام بە بەرچاوگرتنی دواکەوتوویی ناوچەك و نەبوونی ڕێگا و هۆکارەکانی هاتووچۆ و ناکۆکییە عەشارییەکان، ئەوا لەسەرمان پێویست دەبێت، ئەوا لەسەر چەندین بنەماوە سەرچاوە بگرین، تا بتوانین بارێکی نیزامی و یەکیەتی دروست بکەین، هەرچی ئەرکی یەکخستنەوەی ئەو هەولانەشمانە بە ئامانجی دروستکردنی کەشێکی یەکتر گیری پێشینە، ئەوە بۆ مێژوویەکی تر هەڵدەگرین.

ئاشکرایە کە تەماشاکردنی ئەو حاڵەتانەی ئاماژەیان بۆ کرا، کارێکی عەمەلی نییە، تەنها لەبەرئەوە نەبێ، کە ئەوانە بەشی تەواوکەری کارگێڕیی گشتییەکەمانن لە مسیۆپۆتامیا (وڵاتی دوو زێیان)، لەسەرووی ئەوەش و لەبەر ڕۆشنایی سیاسەتێکی فراوانتر، ئەوا بە لای ئێمەوە گرنگە هانی تورکەخۆجێییەکان بدەین، بۆ ئەوەی بەزەین و تواناوە چاویان بخەنە سەر وڵاتی دووزێیان، بەڵام بۆچوونەکانی ئەو جۆرە دروستبوونی ئەو جۆرە پەیوەندییە، لەوانەیە لای بەشێکی زۆری نەتەوە پەرستە بە حەماسەکان پەسند نەکرێت، کە ئەوانیش لەم ڕووەوە وەکو عەشایەرەکانی چیاکان وان، جگە لەوەی کە ژمارەیەك ئەندامی کۆمەڵگای ڕوناکبیر هەن، ئەوان بە تەنێ دەتوانن ئەوە لەبەر چاو بگرن و لەوە بگەن کە پەیوەندی بەستن بە بەغداد، ئەوە زامنکەرێکی پتەوی پێشکەوتنی مادی و ئەو پێشکەوتنەیە، کە یەکیەتی بنجی ڕاستەقینە دروست دەکات، بۆ ئۆتۆنۆمی و مافی چارەی خۆنووسین.

لە بارێکی وەکو ئەمەدا ئێمە ناچارین بۆچوون و ئاواتەکانی خەڵکانێك زیندەبەچاڵ بکەین، جا بەم شێوەیە ئەرکی ئێمە لە قەناعەت پێکردنی سەرکردەکانی خەڵکەکان بە شێوەیەکی گشتی بۆ ئەوەی قەبووڵی ئەوە بکەن ملکەچ بن بۆ تاقیکردنەوە و تێپەڕاندنی ماوەی قوتابییەتی بۆ ماوەیەکی درێژ، کارێکی ئاسان نییە، بەو شێوەیە شتەکە ڕوونە، کە هەر گێرەشێوێنی و بەرهەڵستییەك کە لە دژمان بکرێت، پێویستە ڕێگەی لێ بگیرێت، جا بە هەر نرخێك بێت، تەنانەت ئەگەر هات و ئەو کارە وای لێکردین ناچار بین کۆمەکی و پشتگیری خۆمان بۆ خەڵکانێك پێشکەش بکەین، کە ئەو خەڵکانە لەگەڵ سیستمی بەریتانی لە مامەڵەکردنی دادگردا کۆکیش نەبن. من پرسیاری ئەوە دەکەم، ئەگەر بێت و لە هەرێمەکەی ئێوەدا، بزاڤێکی نیشتمانی بەهێز هەبوویێت، داوای ئازادی و مافی چارەی خۆنووسینی کردبێت؟ بەڵام لێرە لەلای ئێمە لەو جۆرە بزاڤە هەیە، بۆیە پێویستە بە بەردەوامی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و ئەوە بە بیر سەرکردەکانی بهێنرێتەوە، کە حکومەتی بەریتانی لە کاتێکدا



PDF 4 KURD

ئەوەی پەسەند کرد، بەرپرسیەت کە کوردستاندا بگرێتە ئەستۆ، ئەمەش بێگومان لە ژێر رۆشنایی پرەنسیپەکانی ئەنگلۆ ــ فرەنسی، لەبەرئەوە دەیکات، چونکە ئەوە لەسەر ئەو بنەمایەیە، کە بە تەواوی ئاشکرایە گەل و ئەوانەی هەڵیاندەبژێرن، ئەوان دان دەنێن بە پرەنسیپ و بنەما پێویستەکان، بۆ پارێزگاریکردن لە نیزام و چەسپاندنی دادگری و زامنکردنی پێشکەوتن و گەشەکردن، چونکە لەلای زۆرێکەوە ئازادی واتە: رزگاربوون لە هەموو کۆت و یاسایەك، جا بە بەرچاوگرتنی ئەوەی لە ئێران دەگوزەرێ، کە هەر لە ساڵی (١٩٠٨)ەوە وای لێهات مەشروتیەت (واتە: بزاڤی دەستوری) بووە هاوواتای گێرەشێوێنی و توانەوە، کاتێکیش لەگەڵ نەتەوەپەرستە توندڕەوەکان وتوێژ دەکەیت، ناکرێ گرنگییەکی گەورە بەو مەسەلەیە بدەیت، تەنانەت منیش بۆم دەرکەوت، کە کارێکی سوودمەندە، ئەگەر سەرنجتان بۆ هەندێ نموونەی مێژوو رابکێشم، لەوانەیە نمونە نوێکانی رووسیا، کە ئەوەی لە هەمووانیش نەزانترە، لە بارەیانەوە دەزانێ، ئەوەی دەریش دەکەوێت و چ گومانی تیا نییە، ئەوەیە کە ئەگەر بێت و کۆنترۆڵی بزاڤە نەتەوەییەکان نەکرێت، ئەوا کارەسات دروست دەکەن.

ئەوەی تا ئێستا دەیخەنە بەرچاوتان، ئەوە لایەنی (....) وێنەکەیە تارادەیەکی دیاریکراو، لە روانگەی نەتەوەپەرستە توندەکانیشەوە، بە گەڕانەوە بۆ لایەنی زیاتر بریسکەداریش، دەتوانین ئەوە بڵێین، کە هەمیشە مەنتق پەیوەست بوون بە بەغدادەوە دەسەپێنێت، کە چ نرخێك بۆ جوگرافیا دانانێ و دواتر دیسانەوە ئەوە مەسەلەیەکە پێوەدانگی کردەیی دەیسەپێنێت، ئەگەر نەڵێین پێویستی وای دەخوازێت، بەڵام ئەوە مەرج نییە ببێتە رێگر لەبەردەم پێشکەوتنی وڵات لەسەر بنەمای نەتەوەیی، چونکە کادیرە کارگێڕییەکان تا لە توانادابێ کورد دەبن، هەروەها هێزەکانی سوپای کوردی لە کوردستان، خۆیان پێکدەهێنرێن و دەخرێنە ژێر فەرماندەیی ئەفسەرە کوردەکان، زمانی کوردیش دەبێتە زمانی فەرمی حکومەت، یاساشی بەو شێوەیە رێکدەخرێت کە رێك بێت لەگەڵ دابونریتە خۆجێییەکان، سیستەمی وەرگرتنی باجیش بەو شێوەیە رێکدەخرێت، کە رێك بێت لەگەڵ پێویستییەکانی خەڵك، هەرچی تایبەت بە هۆزەکانیشە، ئەوا رێز لە نەریت و پرەنسیپەکانیان دەگیرێ و رێگە بە سەرۆك هۆزە باوەڕپێکراوەکان دەدرێت، کە وەکو جاران زوو هۆزەکانی خۆیان بەڕێوە ببەن.

بەڵام سەبارەت بە دارایی، ئەوا ناوچەکە بووجەیەکی خۆجێیی تایبەت بە خۆی دەبێت، ئەو باجانەی وەریش دەگیرێن، بۆ بەڕێوەبردن و پێشبردنی ناوچەکە خەرج دەکرێن، بەڵام بە شێکیشی بۆ خەرجییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گەورەی بەغدا ڕەوان دەکرێن.

PDF 4 KURD

لەلایەکی دیکەوە هاوبەندی لەگەڵ میسیۆپۆتامیا دەستکەوتی مادی زۆر گەورەی دەبێت، چونکە خوێندن و ئیسفالی گشتی و کشتوکاڵ و گواستنەوە، هەموو ئەوانە نرخی خۆیان لە بەغداوە وەردەگرن، لەمەدا ئەوە دەردەکەوێت، کە برێکی زۆر گەورەی ئۆتۆنۆمی هەر لە سەرەتاوە وا دەدراوە جێبەجێ بکرێت، ئەو ئۆتۆنۆمییەش فراوان دەبێت، چەندەی میللەت لە رووی خوێندنەوە بەرەو پێش بچێت و ئامادەیی ئەوەی تیا بێت، خۆی فەرمانڕەوایی خۆی بکات، هەموو ئەو پرۆسەیەش دەشێ خێرایی لێ بکرێت، ئەوەش بە هۆی ئەو دەستکەوتە مادی و مەعنەوییانەی لە پەیوەندی بوون بە بەشەکانی تری عێراقەوە سەرچاوە دەگرن.

لێرەدا ئەوە پێویستە، کە هەڵوێستی خۆمان لە بەرانبەر شێخ مەحموددا بزانین، چونکە وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆی کرد، ئێمە بە تەواوی داڵمان بە شێخ مەحموددا ناوە، مادام ئەو لەلایەن هۆزەکان و میللەتەوە دانپیانراوە، ئەوەتا ئێستا شێخ مەحمود نووسراوێکی بە ئیمزای حاکمی مەدەنی پێیە سەبارەت بەو دانپیانانە، نیازی ئەوەشی نییە بە زۆر فەرمانڕەوایەتی شێخ بەسەر ئەو خەڵکانەدا بسەپێندرێت، کە دوودڵن لە پەسەندکردنی، چونکە ئەو خۆی لە رووی زەین و رۆحەوە منداڵە، هەڵگرتنی کێشەکانی فەرمانڕەواییکردنیش، کە ئەو بە بایەخپێدانەوە دەیانگرێتە ئەستۆ، وای لێهاتووە دەیترسێنێت، ئەوەتا ئەو لەم دواییە ئەو پارچەیەی شاعیر (سەعدی) دووبارە دەکاتەوە:

**ـ "لە پیاوی دانا بەو لاوە کەسێکی تر مەخە سەر کورسی فەرمانڕەوایی**
**هەرچەندە فەرمانڕەواییکردن بۆ پیاوی ئاقڵ کارێکی باش نییە"**

لە سیفاتە سروشتییەکانی (شێخ)دا، ئەو میزاجێکی حەز بە فراوانخوازی و گەورەیی هەیە، بەو کەسە کارتێکراوە دەبێت، کە دوا کەسە قسەی بۆ کردووە، ئەوەی جێی داخیشە ئەو پیاوە بە خەڵکانێك دەورەدراوە، خاوەن بەرژەوەندی تایبەتی خۆیانن، مێشکی پڕ دەکەن لە بۆچوونی گەورە و بێ مانا، دەشێ ئەمە لەوەدا بەدی بکرێت، کە ئەو ئاوا خۆی راگەیاند، کە فەرمانڕەوای هەموو کوردستان، هەروەها ئەو بودجەشی رێکدەخات، کە تیایدا ئەوە بەدی دەکرێت، مووچەی خزمەتکارێکی سادەی چەند رۆپیەیەکە لە مانگێکدا، بە پێچەوانەی فەرمانبەرانی فەرمانگەکەی، کە مووچەی مانگانەیان دەگاتە هەزارەها رۆپییە.

لەگەڵ هەموو ئەوەشدا شێخ مەحمود گەنجینەیەکی سیاسی گرانرخە، چونکە لە بەرامبەر هەر بەرهەڵستکارێکی دژ بەوەی شێخ ئەو پۆستەی هەبێت، چوار کەس هەن دڵخۆشن بەوەی شێخ ئەو پۆستەی هەبێ و بەرگری لێدەکەن کە ئەم رێژەیەی بەرهەڵستکاران زۆر بچووکە، لە

ولاتێكدا كە هێشتا پەیوەندییە خێزانییەكان و دوژمنایەتییە كەسییەكان هێشتا رۆڵێكی گەورە دەبینن. ئەوەتا هەتاكو ئێستاش هۆزەكانی: جاف و پێشەواكانی، هەمەوەند، بەشێك لە هۆزی زەنگەنە، شێخ بزێنی، پشدەر، بەشێك لە هۆزی دەلۆ، هۆزەكانی وەیسی و داودە، هاوولاتییانی هەورامان، زۆرێكی پێشەوای هۆزەكانی ئەو رەفەی تری سنووریش هاتوونەتە لای شێخ و دڵخۆشی خۆیان بە دانانی ئەو وەكو فەرمانڕەوا دەربڕیوە، بەڵام قوولایی ئەو وەلائەی ئەو هۆزانە چەندە، من ناتوانم دەستنیشیان بكەم، چونكە لە هەندێ باردا، بەتایبەت كە پەیوەندی بەو هۆزانەوە هەبێ، كە دەكەونە باشووری ناوچەكە، لەوانەیە ئەو سۆز و وەلایە لەبەر ئەو پاڵپشتییە دروست بووبێت، كە ئێمە بۆی دەكەین، بەڵام من لە چەندین بۆنەدا ئەوەم راگەیاندووە، كە ئێمە زۆر لە كەس ناكەین، بۆ ئەوەی دەنگ بە شێخ مەحمودی پاڵێوراوی ئێمە بدەن.

ئەوەی ئێستاكە راستەقینەیە، ئەوەیە كە شێخ مەحمود دەسەڵاتدارە لەو ولاتەدا، ئەو هۆكارێكە پێویستە دانی پێدابنرێت، هەروەها چەقێكە بۆ ئەوەی لە رێگەی ئەوەوە هۆزە چیانشینە باكوورییەكان و ئەوانەش لەودیو سنوورەوەن، چارەنووسی خۆیان بە ئێمە ببەستنەوە، بۆیە دانانی شێخ رەسیدێكی زۆر باش و نایابە بۆ ئێمە.

ئەو پرسیارەی لێرەدا خۆی زەقدەكاتەوە ئەوەیە، كە ئەگەر بێت و لە بەرژەوەندی راستەقینەی كوردستان و بەرژەوەندی ئێمەش دابێت، دەسەڵاتی شێخ مەحمود گەورەتر بكەین؟ چونكە لێرەدا زۆر شت هەیە، دەشێ بە باش، یان بە خراپ بگوترێت.. ئەوەتا من وەكو خۆم، ئارەزووم بەلای ئەوەیە، كە ئەگەر بێت و كەسانێكی تر هەڵكەوت هەمان جەماوەر و ئەو دەسەڵاتەیان هەبێت، كە شێخ هەیەتی، بە بەشانی دیكەی ئەو ولاتەدا، ئەمە بۆ هەموو ئەوانەی ئەو پرسەیان بەلاوە گرنگە و بۆ خودی شێخیش بێسوود نابێ، بەڵام من وای دەبینم، كە حیكمەت لەوەدا نییە، ئێمە بە زۆر هەوڵ بدەین ئەو جۆرە كەسانە دروست بكەین، بەڵام ئەگەر ئەو خەڵكانە لە خۆیانەوە دروست بوون، كە گوزارشتی ئارەزووی راستەقینەی خەڵك بن، یان لە رێگەی كەسایەتی و سیفاتە تایبەتییەكانی خۆیان دەربكەون، ئەوا ئێمە بەو شێوەیە پەسندیان دەكەین، بە هەمان ئەو شێوەیەی كە شێخ مەحمودمان پەسەند كرد، بەڵام لە كاتی ئێستادا ئەوە دەردەكەوێت، كە تەواوی خەڵكی لادێنشین لە ژێر ئالای ئەو كۆدەبنەوە، تا ئەو مەسەلەیەش وەها بێت، وا پێویست دەكات، سیاسەتمان بەو ئاراستەیە بێت، كە

PDF 4 KURD

ئەوپەڕی سوود لە دەسەڵات و پێگەی شێخ مەحموددا وەربگرین، هەروەها ئێوەش بەو نوێنەرانەی ئەو ڕازی بن، کە ئەو دایاندەمەزرێنێت.

بەرنامەی پێشنیارکراو ئەوەیە، پارێزگاری لە حکومەتی شێخ مەحمود بکرێت، ئەمە لە ڕواڵەتدا، بەڵام لەلایەنی کردەیی، نابێ لە پەیوەندی ڕاستەوخۆیدا لەگەڵ هۆزەکان لە هەرێمەکەی خۆیدا، لەلایەن دەسەڵاتی ئەفسەری سیاسیدا دەستتێوەردان هەبێ، بە مەرجێك ئەو شێخ و هەروەها فەرمانگەکەی ئێمەش ئاگادار بکاتەوە و هەر مەسەلەیەك لەگەڵ هۆزەکانی هەرێمێکی تر دروست بێت، ئەو بۆ لای ئێمە ڕەوان بکات.

لە نامەیەکدا کە بەم دواییە لەلایەن یاریدەدەری ئەفسەری سیاسی لەشارۆچکەی (أ. ك)ەوە بەدەستمان گەیشتووە، ئەوە هاتووە، کە: کوردەکان زۆر زیاتر لە فەرمانبەرە عوسمانییەکان بەدەست سەرۆك و گەورەکانی خۆیانیانەوە ناڵاندووە، ئەمە دیسانەوە لە نامەی یاریدەدەری ئەفسەرێکی سیاسی دیکەش کەوتە بەرچاومان، هەروەکو چۆن لەو وتووێژانەی خۆیشم لەگەڵ ئەو خەڵکە خوێندەوارە بە توانایانەدا، کە ڕێژەیان زۆر نییە، بۆم دەرکەوتووە، (.....) ئەو خەڵکانە بە تەواوی جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە لە سەروو ئاماژەمان بۆ کرد، لەو بڕوایەشدام، بەهەرحاڵ ئێوە لەگەڵمدا دەبن، لەوەی کەوا ئێستا کاتی ئەوە نییە دەست بەتەکانێك بکەین لە بەرژەوەندی ئەو کەسانەی ستەمیان لێکراوە.

ئامانجی ڕاستەوخۆمان ئەوەیە، کە سەرۆکی هۆزەکان و دەستەی بازرگان و پیاوە ئایینییەکان و لە ڕاستیدا هەموو ئەوانەی دەنگێکیان هەیە، بەرەو ئەوە ببەین، کە داوای پەیوەندیکردن و خۆبەستنەوە بە میسۆپۆتامیا هەڵبژێرین، لەکاتی ئێستاشدا پێویستە تەواوی هەست و سۆزەکان بخرێنە خزمەت ئەو ئامانجە.

بیروڕاکانی مێجەر نۆئیل، کە ئەو لە کەسە یەکەمینەکانە، کە دوای ئەوەی ئاگاداری بارە پێشهاتووەکەی ئەو ناوچە کوردییە بووە، کە ئاماژەی بۆ کرا، ڕای خۆی دەربڕی، دەشێ هەندێ لەو بیروڕایانەی لای بەرپرسانی (لەندەن)یش پەسەند کرابن، چونکە ئەوەتا لەسەر هەمان ئەو بەڵگەنامەیەی سەروو، لە ١٥ی شوباتی ١٩١٩ ئەو تێبینییانەی خوارەوە تۆمارکراون:

ـــ بۆ سوودی ئێوە دانەی ئەسڵی یاداشتی وەزارەتی دەرەوە ژمارە (٢٣٣٠٥)ی ڕۆژی ١١ی شوباتتان دەخەینە بەرچاو، کە نامەی ژمارە (١٢٥)ی ٣٠ کانوونی یەکەمی ١٩١٨ لەخۆدەگرێت، ئەو نامەیە یاداشتێکی بڵاوکراوەی ئەفسەری سیاسی لە سلێمانییەوە بۆ

بەرپرسانی تر لە خۆوە دەگرێت، ئەو تیایدا وای دادەنێت، کە لەبەر رۆشنایی بەیانی ئەنگلۆفرەنسی کە لەو ماوەیەی دوایی راگەیەنرا، دەسەڵاتی شێخ مەحمود گرنگە، بۆ ئەوەی لەسەر بنەمای ئەو بەیانە کوردستانێکی ئازاد لە ژێر رێنماییەکانی بەریتانیا دابمەزرێت، کە بۆ سوودوەرگرتن تەماشای میسیۆپۆتامیا دەکات.

ئەو مێجەرە ئاماژە بۆ کراوە چەندین یاداشت و تێبینی و رای خۆی تایبەت بە پرسی کورد پێشکەش بە بەرپرسانی سەرووی خۆی کردووە، هەروەها رۆژانەی تێبینییەکانی خۆی لە چەندین راپۆرت و لە چەندین نامیلکەدا تۆمار کردووە.

لە پێناو روونکردنەوەی زیاتریش سەبارەت بە ناوچەکە، کە مێجەر نۆئێل لەو نووسراوە و لە رایەکانی تریدا دەیانخاتە روو، ئەوا بە سوودە بەشێوەیەکی پلە پلەیی لەو رووبەرەدا بڕوانرێت کە مێجەر نۆئێل قەسدی کردووە، وەك چۆن لای ئەو و لای بێجگەی ئەویش لە بەرپرسان دەردەکەوێت، لەوەدا ئەوە دەردەکەوێت، کە ناوچەکە هەندێ ناوچەی چوارچێوەی (ئەنادۆڵ)یش دەگرێتەوە، بۆ روونکردنەوەی ئەو لایەنەش، ئاماژە بۆ بەڵگەنامەبەردەستەکان دەکەین، بۆ نموونە: بەڵگەنامەی بەریتانیا ژمارە: (٦٠٨) (٩٥) (٥٠٦٥) کۆنگرەی ئاشتی لە ٢١ی مارت/ ١٩١٩،(٢) رای جەنڕاڵ (کوب)سەبارەت بە هەندێ ناوچەی کوردی چوارچێوەی ئەنادۆڵ بە خۆوە دەگرێت و بەم شێوەیەی دەیبینین:

لە جەنەڕاڵ (کوب)ەوە بۆ سێر (وڵسن): ئاماژە بە بروسکەتان ژمارە (٢٤٩) لە ٤/مارت/١٩١٩ بە پێی بڕوای من لکاندنی ویلایەتەی دیاربەکر بە میسیۆپۆتامیا، لە رووی عەسکەرییەوە بە لاوازی دادەنرێت، چونکە درێژییەکی زۆری هێڵی بەرگری، زۆر گرنگ نییە بۆ رووبەڕووبوونەوەی لایەنێکی درێژەوە بوو لە ناوەڕاستی ئاسیای بچووکەوە.

٢- من لەو بڕوایەدا نیم هێزی لیڤی کوردی قورساییەکی کاریگەری هەبێت.

٣- من وای دەبینم، کە ئەگەر پەسەندکردنی ئینتیداب بە واتای داگیرکەرییەکی کاریگەر بێت، ئەوا پێویست دەکات هێزی دیکە زیاد بکرێت.

٤- درێژکردنەوەی سنوور بە شێوەی پێشنیارکراو، یان بچووککردنەوەی ناوچەی داگیرکراو لە باکور، بەتەواوی دەوەستێتە سەر تەواوبوونی هێڵی شەمەندەفەر هەتا دیار بەکر.

٥- ئەوەی لەو پێشنیارانە لە بەرچاو گیرابێت، لایەنی ئاسایش و بەرگرییە بەرووی دزەکردنی هۆزەکان، حکومەتێکی تورکی لە ئەنادۆڵ دادەمەزرێ، پێویستە وای بۆ بڕوانرێت،

کە لەوانەیە دوژمــن بێــت، هــەروەها دەشــێت کاریگــەری لەســەر کــورد هــەبێت بەتایبــەت لەویلایەتی دیاربەکر، وەکو چۆن دوور نییە کوردانی تریش بکەونە ژێر کاریگەرێتی.

٦- هەروەها بەو مەرجەی هێڵی سنوور لە (وان) و (بەلکیس) بــەرەو چــیای (هــەرا کــول داغ) تێپەڕێت، لە (دیاربەکر)یش درێژ بێتەوە بۆ فوراتی سەروو و تا دەگاتە خەرپوت.

لە بەڕێوەبەرایەتییەوە لە ئەستەمبوڵ

بۆ وەزارەت لە لەندەن

لە ١٢/مارت لاپەڕە (٥١٣٨)

لە ئاماژەکردن بۆ بروسکەی ئاراستەکراوتان بۆ جەنراڵ (دیدس) لە ڕێکەوتی ٢/ی مــارت، زانیارییەکان لە تورکیاوە بەم شێوەیەن:

لە بنجدا کورد (پێشووتر و تا شــەڕی یەکــەمیش) ٦٥ لیــوای بــە یەکــەوە نەبەســتراویان هەبووە، ئەو لیوایانە بە شێوەیەکی یەکسان بەسەر ژمارەیەك فەوجی سوپای عوسمانی دابــەش بوونە، ئــەو هێزانــە لــە ســاڵی ١٩١١ تــا ١٩٢٤ ڕێکخــراون، دواتــر لــە کــاتێکی دیکــەدا دابەشکراونەتە سەر شەش تیپ، کەئەوانە ٣٠ لیوایان لە خۆ گرتــووە و لــە ســەرەتای شــەڕدا ڕەوانەی بەرەی قەفقاس کراون.. ڕێکخستنی سیاسی لە نێو ئەو هۆزانەدا نەبووە.

ناوچەی کوردستان: لە باکورەوە لە سنورەکانی تورکیــا دەســت پێــدەکات بــەرەو بــاکوری ڕۆژاوا لە شارۆچکەی قوتور، سنووری پێشنیارکراوەکەش لە کەناری ڕووبارەکانەوە بەم شــێوەیە درێژ دەبێتەوە:

ـ جوخ داغ.

ـ بارا جول داغ.

ـ جاويك داغ.

ـ باریسار داغ

ئینجا بە کەنارە باکوورییەکانی ڕووباری مایسیۆرۆ جای تێدەپەڕێت.

٢- بە (ساغ داغ) یش تێدەپەڕێت.

٣- سنوورەکە بە (نەمرود داغ)دا تێدەپەڕێت:

أ ـ (مالاتو داغ) دەبڕێت، بەرەو باکوری ڕۆژهەڵاتی دەریاچەی (کۆلۆجیك) دەڕوات.

PDF 4 KURD

٥- لەگەڵ هێڵی ئاودا باشووری ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەی (مووش) دەبڕێت، تا دەگاتە ڕووباری موراد سۆ. ولاتانی کەوتووە نێو ئەو دوو هێڵە پێشنیارکراوانە، هەر هەموویان کوردین، ژمارەیەك هۆزی گرنگیش لە خۆ دەگرن.

٦- ناوچە چیاکانی کوردستان کەئەو دوو هێڵە ئاماژە بۆ کراوەی سەروو لە خۆدەگرێت، پێویستیان بەکارگێڕییەکی تایبەت دەبێت، ئەو کارگێڕییەش دەشێت لەلایەن مەندووبێکی لەژێر فەرمانی نوێنەری بەریتانیا لە بەغدا لە ناوچەکانی تر باشتر بەڕێوەبچێت، کە ئەمە بە مەرجێك ئەو مەندوبە لە هەندێ شوێنی وەکو بەتلیس، سەعەرت، دیزە، قلب، نەهری، قوجانس، کۆیسنجاق.. و هتد نوێنەری خۆی هەبێ، بۆ بەڕێوەبردنی ئەو ناوچانە.

٧- ئەو هەرێمە کوردستانە پێشنیار کراوە لە باشوور و ڕۆژئاواوە، ڕووباری دیجلە سنوورەکانی دەستنیشان دەکات.

٨- ناوچەکانی ئۆرفە و دیاربەکر و ماردین بە زۆری کوردیان تیا نیشتەجێیە، بەڕێوەبەرێتی ئەو ناوچانەش وا بە باش دەزانرێ وەکو هەر ناوچەیەکی هاوشێوەیان بن لە میسۆپۆتامیا.

لێرەوە دیسانەوە گرنگی پێشنیارە ئاماژە بۆ کراوەکانی مێجەر نۆئۆێل زەقدەبێتەوە.

## پەراوێزەکان

1- PRO (608) (95) (2395) (NO.659) (23305/44).

ZINFLUENCE OF SHTKH) (30 DEC. 1918). (NO.125).

2- (608) (95) (5065) PEACE CONFERENCE)

(FUTURE STATUS OF KURDISTA) 21 MARCH 1919).

*سەرچاوە:

**مجلة كاروان قسم العربي عدد٤٨ أيلول ١٩٨٦ الصفحة ١٣٩- ١٤٤.**

PDF 4 KURD

# کوردستان له‌ تورکیا

## تێبینییه‌کی گشتی[1]

## وڵات و هاونیشتمانمان

کوردستانی تورکیا فره‌وانترین به‌شه‌کانی وڵاتی کورده‌، گه‌وره‌ترین به‌ش له‌ گه‌لی کوردی لێ نیشته‌جێ بووه‌.

ئه‌م به‌شه‌ بریتییه‌ له‌ ٢٣٠,٠٠٠ کیلۆمه‌تری چوارگۆشه‌ که‌ (٣٠٪ تورکیا ده‌گرێته‌وه‌) و (١٨) پارێزگا له‌ تورکیادا کوردییه‌: واته‌: (ئه‌دیامان، ئاگری، بینگۆل، بدلیس، دیاربه‌کر، ئه‌لعه‌زیز، ئه‌رزنجان، ئه‌رزه‌روم، غازی عانتاب، حه‌کاری، قارس، مه‌لاتیا،موش، ماردین، سعرت، تونجێلی، ئورفه‌، فان).

به‌پێی سه‌رژمێری دوایی له‌ساڵی (١٩٧٠)دا، ژماره‌ی دانیشتووانی کوردستان له‌ تورکیا گه‌یشتووه‌ به‌ ٧,٥٥٦٠٠٠ که‌س، له‌مانه‌ ٦,٢٠٠,٠٠٠ کوردن واته‌ ٨٢٪، به‌شه‌که‌ی تر بریتییه‌ له‌ تورك (به‌تایبه‌تی فه‌رمانبه‌ر، سه‌باز..) و عه‌ره‌ب (له‌ ماردین، سعرت، غازی عانتاب) و نزیکه‌ی نۆ هه‌زار ئه‌رمه‌نی له‌ دیاربه‌کر و قارسدا ده‌ژین.

زیاتر له‌مه‌ له‌ سه‌رژمێری له‌ تورکیادا پێویسته‌ ئه‌م راستییه‌ش له‌به‌رچاو بێت، که‌وا ژماره‌یه‌کی زۆر له‌ کورد به‌ کۆمه‌ڵ له‌ چه‌ند ناوچه‌ی ئه‌نه‌دۆڵدا نیشته‌جێ بووینه‌ وه‌کو ناوچه‌ی (جیهانی بیلی، هه‌یامانا، کورتۆغه‌، توقات، سانگیری.هتد).. هه‌میشه‌ سه‌ده‌ها هه‌زار کرێکاری کۆچ کردووی کورد له‌ شاره‌ گه‌وره‌کانی تورکیادا جێگیر بوونه‌، ته‌نیا له‌ ئه‌سته‌مبوڵدا نیو ملیۆن کورد هه‌ن، ئه‌م کۆمه‌ڵگایه‌ی کوردله‌ ده‌ره‌وه‌ی کوردستان به‌ ژماره‌ دوو ملیۆن تا دوو ملیۆن و نیو ده‌گرنه‌وه‌ له‌ ساڵی ١٩٧٠دا.

به‌ کورتی له‌ تورکیادا ٨,٥ ملیۆن کورد زمان له‌ساڵی ناوبراودا هه‌بوون که‌ ٢٣٪ سه‌رژمێری جه‌مهوریه‌تی تورکی ده‌گرنه‌وه‌.. به‌ڵکو ئه‌م ژماره‌یه‌ش ته‌واو ورد نییه‌.. چه‌نده‌ سه‌رژمێر له‌نێوان ٨,٥ تا ١٢ ملیۆن کورد هه‌ن. کاربه‌ده‌ستانی تورك سوورن له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی ژماره‌ی کورد که‌م بکه‌نه‌وه‌، له‌لایه‌کی تر به‌شێك له‌ میلله‌ت په‌روه‌ران ئه‌م ژماره‌یه‌ له‌ راده‌ی خۆی پتر له‌ قه‌ڵه‌م ده‌ده‌ن.

PDF 4 KURD

هەروەها پێویستە ئەوەش بوترێت کەوا سەبارەت بەو چەوساندنەوە و زۆر لێکردنە دڕندانەی نێو سەدەیەك کە کورد دووچاری بووە لە تورکیای تازەدا بەشێك لەکورد بە دەگمەن خۆ بە کورد لە قەڵەم دەدەن. ئەمەش لە سەرمژێری ساڵی ١٩٦٥دا روون بووەوە کە خۆم (واتە سنوور) بەشداریم تێدا کردووە. وەختی پرسیار لەکوردێکی هەژار و بێ دەرامەت کرا، (ئایا زمانی زگماکت چییە؟) ئەم کوردە کە وشەیەك لە زمانی تورکی نازانێت، لە وەڵامدا دەڵێت (باشتر وایە زمانی تورکی بنووسێت، چونکە دەمەوێ لە گیروگرفت خۆم بپارێزم).

ژمارەی کورد بەردەوام بەرامبەر بە ژمارەی گشتی لە پەرەسەندندایە، لە ساڵی ١٩٤٥ تا ١٩٦٥ ئەندازەی زۆربوونی دانیشتووان لە کوردستان بە ٢٠٨٨٪ بەرامبەر بە ٢٠٦٥٪ لە گشت تورکیادا گەیشت..

لەگەڵ ئەوەش، کوردستان هێشتا زۆر دوورە لەوەی کە بە ناوچەی هەرە ئاوەدانی جیهاندا بژمێردرێت. لە ساڵی ١٩٧٠دا تەنیا ٣٣ کەس لە هەر کیلۆمەترێکی چوارگۆشە، بەرامبەر بە ٤٣٠٩ کەس بۆ گشت تورکیا دەژیان.

ئەم نیشتمانییانە بە شێوەیەکی درشت لە ناوچەکەدا نیشتەجێن.. لە لایەکی تردا پلەی ئەم ژمارەیە بەرزە لە ناوچە رۆژئاواییەکانی کورد و لە موعەدەلی تورکیا تێپەڕ دەکات.

کۆمەڵگای کوردی هێشتا دێهاتیە و لەسەر شێوەی کشتوکاڵدا ماوەتەوە. لە ساڵی ١٩٦٥دا، تەنیا ٢٧٠٨٪ لە دانیشتووان لە ١٤٦ شارۆچکە (ئیلسە)ی کوردی و ١٨ شار دەژیان. شەش لەم شارانە زیاتر لە ١٠٠,٠٠٠ دانیشتووی هەیە، وەك (غازی عانتاب، دیار بەکر، ئەرزەرۆم، مەلاتیا، ئەلعەزیز و ئورفە)، بەشەکەی دیکە، واتە ٧٢٪ لە ١١,١٢٠ گوند و ٩٧١٧ دێی بچووك نیشتەجێ بووینە. لە ساڵی ١٩٦٥دا، هێشتا نزیکەی حەفتا تا هەشتا هەزار نیمچە کۆچەر هەبوون. ئیمڕۆ تەنیا ٣٠,٠٠٠ کەس دەبن.

لەو ساڵانەی دواییدا شار ئاوەدان کردنەوە بە خێرایی بەرەو پێش ئەڕوات. ئەمەش لەبەر دووهۆی بەیەك بەستراوەن: زۆرتر بوونی ژمارەی لە ژێ دەربەدەر کراوەکان و کۆچ کردنیان بۆ شارەکان لە ئەنجامی تراکتۆر و ماکینە بەکارهێنان لە کشتوکاڵ چێکردندا. بەڵام ئەم شارنشینە رێکوپێك نییە، سەرەنجام کێشەی زۆری لەدوایە لە رویو ئیش دۆزینەوە و خانوی گوزەرانیدا. شارە مەزنەکانی کورد ئێستاش بە خانوی تەنەکە و شڕ و شەق دەوردراون.

**پەروەردە و رۆشنبیری:**

نەخوێندەواری لە کوردستانی تورکیادا تا ئێستایش داخێکی گەورەیە، پاش پەنجا ساڵ لە ژێر رژێمی (دیموکراتی و عیلمانی ــ لایك) دا ٧٥٪ لە خەڵکی ناوچەکە لە تەمەنی سەرووی شەش

PDF 4 KURD

ساڵیدا هێشتا نەخوێندەوارن. لە گشت تورکیادا نەخوێندەواری لە رادەی ٥١٪دایە، لە نێو هاووڵاتییانی تورك تەنیا ٤١٪، واتە دووقات نەخوێندەواری لە ناوچە کوردییەکان لە ئەوانەی تورکیەکاندا زیاترە. تا وەکو ئەمڕۆش زۆربەی گوندەکانی کورد قوتابخانەی سەرەتایی تێدا نییە. لە گوندی بە قوتابخانە تەنیا یەك مامۆستا بە تورکی ئەزمون بە پێنج پۆل دەڵێتەوە. هەمان نەبوونی مامۆستا لە قوتابخانە ناوەندییەکانی کوردی کە بە ژمارە پەنجا بەدی دەکرێت.

پاش دەرچوون لەم قوتابخانانە، قوتابییانی کورد بۆ وەرگرتن لە دانیشگاکاندا پێویستە بەربەرەکانی لەگەڵ قوتابییانی بەشکۆی تورکی ئەستەمبۆڵ ئەزمیردا بکەن! لەتاقیکردنەوەکاندا دەرباز بن. بۆیە ماوەی سەرسوڕمان نییە کەوا ژمارەی قوتابییانی کورد لە دەزگاکانی فێرکردنی بەرز بێ ئەندازە کەم بن. لە ساڵی ١٩٧٥ لە تورکیادا کە ١٨ دانیشگا و ١٥٧ دەزگای بەرزی فێرکردنی تێدا بوو، تەنیا یەك دانیشگا لە کوردستان (لە ئەرزەرۆم)دا هەبووە، یەك کۆلیژی پزیشکی (لەدیاربەکر) و چوار ئامۆژگای ئەندازیاری و مامۆستایان هەبوون. تەنانەت لەم ئامۆژگایانەشدا ژمارەی قوتابییانی کورد لە نیوە کەمترە. تورکی زمانی فێرکردنە، زمانی کوردی لە ساڵی ١٩٢٥وە قەدەغە کراوە. لە چاپدانی پەرتوك و گۆڤار بە کوردی تا ئیمڕۆش یاساغە. بەڵام بە پێچەوانەی سیاسەتی زۆر لێ کردن و دامرکاندنەوە، چاپکراوەی سیاسی و ئەدەبی نهێنی کوردی دەردەچێت و بلاو دەبێتەوە.. ئەمەش لە راستیدا جولانەوەیەکی نوێیە، تا وەکو ئەم دەورانەدا رۆشنبیرانی کورد بە زمانی تورکی بیر و هەستی خۆیان دەردەبڕی، نوسەر و ئەدیبانی کورد بە زمانی تورکیان بەکاردەهێنا نەك تەنیا بۆ ئەوەی نووسراوەکانیان بۆ چاپکردن بە رەسمی وەربگێڕن، بەڵکو هەمیشە لەبەر ئەوەی چونکە ئاگاداریان لە ئەدەبیاتی نەتەوەیی یاساغ کراو زۆر کەمە، بۆیە توانایان لە زمانی میللەتی خۆیان نزمە، بەڵام ئەم رۆشنبیرانەی کورد لە راستیدا دەستیان هەیە لە پێشخستنی ئەدەبیاتی تورکی. گەورەترین رۆماننووسی تورك، یەشار کەمال، لە کتێبەکانی (ستون) و (مەمەد هەڵۆیەکەم) کە هەردووکیان بۆ ٢٠ زمانی تر وەرگێڕدراون، دەردەکەوێت، خۆی کوردێکە، هەروەکو خۆی لەهەموو هەلێکدا ئەم راستییە دەردەبڕێت.

هەستیار جاهد سدقی تارانجی و ئەحمەد عارف و رابەری سینەمای بە ناوبانگ یەڵماز گۆنای، هەموویان کوردن. بەشێك لە فیلمەکانی گۆنای ناوەرۆکی کوردییە و لە چوارچێوەی کوردستاندا گیراون. زۆر گۆرانی بێژی ناوداری تورکیا وەکو نەسیمی و روحی سوو رەحمی سالتوك هەر کوردن.

لە ساڵی ١٩٦٥ و جۆرە گەڕانەوەیەك بەرەو گیانی نەتەوایەتی بەدی دەکرێت. هەست بە پێویستی دەربڕینی هەستی دەروون بە زمانی نەتەوە لەلایەن رۆشنبیرانی کورد لە پەرەسەندندایە. لەلایەکی دیکەوە نەخوێندەوارانی کورد تەنیا بە زمانی زگماك قسە دەکەن، زمانی تر نازانن. ئەم

PDF 4 KURD

جۆرە نەتەوایەتییە کە تێکەڵاوە بە هەستی جەماوەری بێ گومان بناغەیەك بۆ بوژانەوەی روناکبیری و ئەدەبی کوردی دەچەسپێنن.

نزیکەی هەموو کورد (واتە ٩٩٪) موسڵمانن.. زۆر گوند لە کوردستاندا مەکتەبی ئایینی تێدایە کە منداڵان بە عەرەبی هەندێ زانیاری سەرەتایی ئایین و قورئان فێر دەبن. هەندێ لە مامۆستا ئایینییەکان (مەلاکان) هەمیشە قوتابییان فێری ئەدەبی کلاسکی کوردی دەکەن وەکو نووسینەکانی (ئەحمەدی خانی، مەلای جەزیری، باتێ، تەیران، حاجی قادری کۆیی.. هتد). ئەمەش بێ ئەوەی کاربەدەستان هەستی پێ بکەن. ئەم مەلایانە دەوری زۆریان لە هەستی گەل هەبوو لە ساڵانی پەنجا و شەستەکانی ئەم جەرخەدا. بۆیە کاربەدەستان ئەمانەیان لابرد و لە جێگایاندا ئایینداری مەدەنی (سیویل)یان دامەزراندووە بۆ ئەوەی ئایدیۆلۆژیەتی رەسمی وەپێش بخەن..

## باری ئابووری و کۆمەڵایەتی:

کۆمەڵگای کوردی هێشتا لە پلەی کشتوکاڵدایە، هەروەکو لە سەرەوەش وترا ٧٢٪ لە کورد لە گوند و لە سایەی کشتوکاڵ و مەڕ و ماڵاتەوە دەژین. پیشەسازی تەنیا بۆ ٥٥٪ بۆ خەڵکی ئیش مسۆگەر دەکات. بەشە گەورەکەی تر لە دانیشتووانی شار بە بازرگانی و خزمەتی مەدەنی و وردە ئیش خەریکن.

مەڕ و ماڵات بە خێوکردنی ئاسایی بەشێکی گەورەیە لە کارو بەڕێوەچووندا. بەراستی کوردستان سەرچاوەی گرنگی رەشە وڵاغ و مەڕ و بزن و وڵاغ بەخێوکردنە لە تورکیادا.

ئەو تەکنیك و ئامراز و ئامێری لە کشتوکاڵ چیکردندا بەکاردەهێنرێت کۆنن و لەوانەی لە بەشەکانی تری تورکیادا بەکاردێن زۆر دواکەوتوون. کوردستان ٣٩٪ عارەبانەی تورکیا بەکاردێنێت بەرامبەر بە تەنیا ٣٪ ماکینەی کشتوکاڵ چێ کردنی گشت وڵات. بەڵام لەو کاتەیەوە کە بەشێك لە خاوەن زەوی (ئاغا)کان بوون بە سەرمایەدار ئەم جۆرە ماکینانەش روویان کردووەتە کوردستان. لە ساڵی ١٩٦٥ تاوەکو ١٩٦٧ دا ژمارەی تراکتۆر کە لە کوردستان لەکاردابوون گەیشت بە ٤٦٪ زەوی و زاری کشتوکاڵی کوردی هەمیشە ناهەموار دابەش کراون.

نزیکەی یەك لە شەش خاوەن زەوییەکان سێ لەسەر چواری عەردیان بەدەستەوەیە، لە لەلایەکی تر ٣٨٪ لە دانیشتووانی دێهات بە تەواوی لە زەوی بێ بەشن. وردبوونەوە لە تۆمارەکانی عەرد لە تورکیادا بۆمان دەردەخا کە ئەم ناهەموارییە لە پەرەسەندندایە، لەو کاتەیەوە کە تورکیا یاسا قانونی سویسری لە ساڵی ١٩٢٦دا پەسەند کردووە، بەڵام ئەم جیاوازییە لە نێو هەبوون و نەبوونی زەوی تائیمرۆش نەبوویتە هۆی ئەوەی تێك هەڵچوون و بەربەرەکانی فراوان لە نێو جەماوەری جوتیارانی

PDF 4 KURD

هەژار (٨٣٪ لە دانیشتووانی دێهات) و خاوەن زەوییە دەوڵەمەندەکانی کـە لایـەنی کـار بەدەسـتانی ڕەسمی دەگرن ڕوویدات..

لەلایەکی تر دوور نییە ئەم بارە بەردەوام نەبێت.

ئەگەرچی کشتوکاڵی کوردی کۆنە لە ڕووی تەکنیك و دابەشبوونی زەوی، بەڵام لە ڕوویەکی تـرەوە ئەم کشتوکاڵە باش ڕووی لە جیهانی دەرەوە کردووە، تا ڕادەی زۆر تێکەڵ بـە بـازاڕی سـەرمایەداری تورکیا بووە. بۆ وێنە لۆکە و چەوەندەری شەکر، توتن دەچێندرێن و چێ دەکرێن و بـۆ هـەردوو بـازاڕی تورکیا و هەندەران، ئەمان بەرەبەرە جێگای بەرهەمی خواردن دەگرنەوە.. هەروەها چەند کارخانەیـەك هەن، وەکو شەکر پالاوتن لە (ئەلعەزیز، مەلاتیا) و کارخانەی چیمەنتۆ لە (قارس، ئـەرزەروم) و تـوتن پاکردن لە (بدلیس، مەلاتیا) و کارخانەی چنین و هۆنینەوە لە (دیاربەکر)دا.. بەشێك لـە کارگرتـەکان بۆ کان هەڵکەندن لە لایەن حکومەتەوە بە کرێ گیراون. ژێر خاکی کورد دەوڵەمەنـدە لـە چـەند جـۆر کانێك وەکو فۆسفات، نیلە، سفر، ئاسن، کرۆم هەندێك نەوتیش هەیە. شارۆچکەی (مەعدەن) لە نێـو دیار بەکر و ئەلعەزیزدا بەدەوڵەمەندترین سەرچاوەی کرۆم لە جیهاندا دادەنرێت. لـە سـالّی ١٩٦٧ بـە هەڵکەندنی ٨٣٢.٠٠٠ تۆن لەم کانە تورکیا لە دوا یەکیەتی سۆڤیەتدا بە دووەمـین کـرۆم دەرهێنـەر گەیشت. ڕاپۆرتی جیهانی وای ڕاگەیاندووە کەوا لە ساڵی ١٩٧٣دا دوو ملیۆن تۆن لەم کانە لە تورکیـا بەرهەم هێنراوە. بەشی زۆری ئەم کانە بۆ ئەمەریکا نێردراوە.

بەرهەمهێنانی سفر کە لە ئەرغەنی نزیك بەدیار بەکر دەردەهێنرێت گەیشتووە بـە ملیۆنێـك تـۆن لەساڵی ١٩٧٠دا.

بەرهەمی ئاسن لە (دیفریگی)دا بە ملیـۆن و نیـو لـە سـاڵی ١٩٦٧ گەیشـت. هـەروەها هێڵـی شەمەندەفەر چەند ناوچەی کورد دەگرێتەوە..

بەشێك لە بازرگانە گەورەکان لە دیاربەکر و ئەرزەروم لەگەڵ هەندەران ئاڵوگۆڕ دەکەن..

تەنیا ١٧٩ (واتەی ٩٪) دایەرەی بەنك (مەسرەف) لە کوردستان دامەزراوە، بەرامبەر بـە ١٩٨١ دایەرە لە گشت وڵاتدا، پارەی یارمەتی ئەم دایەرانە لە ناوچەکانی کورد ئێجگار کەمە بە پێچـەوانەی بەشەکانی تری تورکیا. هەروەها جۆرە قاچاغچییەتییەك لەسەر سنور هەست پێدەکرێت.

دایەرەکانی حکومەت (١٪) لە دانیشتووانی کوردستان بەکاردێنن. کـورد فـەرمانڕەوایی بچـووك داگیر دەکەن.

PDF 4 KURD

## شەڕی سەربەستی تورکیا
## ١٩١٩ – ١٩٢٣ و کورد

هەروەکو موستەفا کەمال بە ئەنەدۆڵ لە مایسی ١٩١٩دا گەیشت، خۆی راستەوخۆ وەکو (رزگاری خوازی کوردستان) لە قەڵەم دا، هەمیشە وەکو پارێزگاری (خەلیفە)ی بەندکراو لەلایەن هێزی داگیرکەر و وەکو ئازادکەری عەردی ئیسلام خۆی پیشان دەدا، بانگەوازی ئەم سەرۆکە بۆ (هەموو موسڵمانان) واتە بۆ کورد و تورك و بۆ یەکێتی هەموو ئەم گەلانە لە پێناوی خەبات بۆ دەرکردنی بێگانە لەم خاکانەدا بوو. لە سەرەتادا ئەم سووربوو لەسەر برایەتی تورك و کورد..

یەکەم ئامانجی رامیاری جولانەوەی کەمالییەکان لە کوردستاندا ئەوە بوو کۆنگرەیەکی گەورە لە ئەرزەروومدا لە تەموزی ١٩١٩دا بەسترا. پەنجاو چوار نوێنەر لە پێنج ولایەتی کورد لە کۆنگرەکەدا ئامادە بوون. کەچی لە دیاربەکر و خەربوت و سعرت کەس ئامادە نەبوو.

کۆنگرەی ئەرزەروم یەکەم سەرکەوتنی رامیاری موستەفا کەمال بوو. چەکدارانی کورد لە ژێر فەرمانی کازم قەرە بەکر پاشا یەکەم سەرکەوتنیان لە رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵدا بەدی هێنا.. ئەم هێزە کوردە لە ئازادکردنی ئەنەدۆڵ بەردەوام بوو.. دەوری زۆری لە سەرکەوتنی دوایی لە شەڕی سەربەستیدا هەبوو.

**سەرچاوە: نووسەری کورد**
**ژمارە ٤/ خولی سێیەم/ مایسی ١٩٨٦**

## پەراوێزەکان:

١- گەلێکی بێ وڵات – لەندەن. ١٩٨٠

2- WITHOUTA COUNTHE KURDS AND KURDISTAN PEOPLE EDITED BYG CHALIAND 40 DON 1980.

PDF 4 KURD

# کۆنگرەی قاهیرە و کاروباری ناوچە کوردییەکان

لەدوای کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، کاربەدەستانی ئینگلیز پاش تەجرەبە و روداوی دوو سێ ساڵێك هاتنە سەر ئەو باوەڕە کەوا پێویستە کۆنگرەیەك بۆ لێپرسراوانی بەریتانی دەربارەی گیروگرفتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ببەسترێت. بۆ ئەم مەبەستە شاری قاهیرەی میسر هەڵبژێردرا بە پێش نیازی مستەر وینستۆن چەرچل وەزیری وڵاتانی ژێر دەست Colonial Officeی بەریتانی کۆنگرەکە لە نێوان (١٢ تا ١٣)ی مارتی ساڵی ١٩٢١دا بەسترا.

ئەم باسەی ئێمە دامەزراوە لەسەر ئەو راپۆرتانەی کە رۆژ بە رۆژ لە دەوری کۆبوونەوەکانی کۆنگرەکەدا نووسراون و لە بارەگای گشتی وەسائیقی بەریتانیادا پارێزراون بەشێکی ئەم بەڵگەنامانە لە ژێر ئەم ناو و ژمارەیەدان (وەزارەتی دەرەوە) (٣٧١) (٦٣٤٣) (٤٨٤٢) (راپۆرت لەسەر کۆنگرەی قاهیرە).

پاش بەندی ئەم راپۆرتە دەربارەی کوردستان ژمارە (١٠) دەیە کە لە رۆژی ١٥ی مارتی ١٩٢١دا تۆمار کراوە.

لە راپۆرتی ناوبراودا بەشێك لە دەقەکەی بەم جۆرەی خوارەوەیە:

١- ئەو رووداوانەی کە بوونەتە هۆی دامەزراندنی کۆنگرەکە و پەیڕەوی رەسمی بەڕێوەبرندیدا ئەمانەن:

أ ـ لە ١٤ی شوباتی ١٩٢١دا ئەنجومەنی وەزارەتی بەریتانیا کۆبووەوە بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو راپۆرتانەی کە لێژنە (کۆمیتە)ی رەسمی لەلایەن سەرۆك وەزیر دامەزرابوو بۆ ئەوەی پێش نیار و بیروڕا دەربڕێت بۆ بنیاتنانی دەزگایەك لە وەزارەتی وڵاتانی ژێر دەست (مستەعمەرات) تاوەکو بتوانێت کاروباری ئەم جۆرە وڵاتانە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەڕێوە ببات (بڕوانە پاش بەندی یەك).

ئەنجومەنی وەزیران لەسەر هێنانەدی پێش نیازەکانی کە لە راپۆرتەکەدا هاتووە بڕیاری دا.

ب ـ ..

ج ـ ..

لە هەمان کاتدا ئەنجومەنی وەزارەت بڕیاری دا کەوا وەزیری وڵاتانی ژێردەست (و.چەرچل) فەرمانی پێ بدرێت لە مانگی مارتدا سەر لە میسر بدات تاوەکو لەگەڵ کاربەدەستانی بەریتانی لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە پێی پێشنیازەکان گفتوگۆ بکات.

٢- وەزیری ناوبراو بەخێرایی دەزگا رەسمییە ناوبراوەکەی دامەزراند، پێش نیازێکی بە ئەنجومەنی وەزیران پێشکەش کرد دەربارەی پێویستی پێکهێنانی کۆنگرەیەك بۆ لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە لەسەر باری ئابووری و گیروگرفتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

وەزیری ناوبراو شاری قاهیرەی بۆ ئەم مەبەستە هەڵبژارد، بەم جۆرە بە خێرایی جێگا و شوێن رێکخرا بۆ ئەو کۆبوونەوەیە و بۆ نوێنەرە بەرزەکانی بەریتانی و فەرمانبەرانی گشتی سوپایی بەریتانی لە فەلەستین و وڵاتانی میۆپۆتامیا و ئێران و نیمچە دورگەی عەرەب و حاکمانی سۆماڵ و عەدەن و فەرمانبەرانی تر کە ئاگاداری کاروباری ناوچەکەن.

٣- پروگرامێکی کاتی لە هەمان کاتدا لەلایەن دەزگای رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ناو براودا پێشکەش کرا بۆ هەموو ئەم لایانەوە و بروسکەلێ دران. هەروەها بیروڕای ئەنجومەنی وەزارەت لەم رووەوە لە وەزیری ناوبراودا گەیەنرا پێش ئەوەی بۆ قاهیرە بەرێ بکەوێت، پاش ئەوەی ئەم بیروڕایانە لەگەڵ کاربەدەستانی شارەزا کە لە لەندەن بوون شی کرانەوە (پاش بەندی ٢).

٤- لە رۆژی یەکەمی مارتدا وەزیری نوبراو لەندەنی بەرەو میسر بەجێهێشت، ئەم کاربەدەستانەی خوارەوەی لەگەڵ:

ــ ماریشالی فڕۆکە سیر هیوز ترینچارد، سەرۆك ئەرکانی هێزی هەوایی لەگەڵ فەرمانبەرانی لێژنەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

ــ مێجۆر ـ ژەنراڵ سیر رادکلیف، بەڕێوەبەری کاری هێزی چەکدار.

ــ مستەر کرۆسلاند، لە دەزگای دارایی وەزارەتی شەڕ.

ــ سێر ج. بارستاو، ئەمینداری دارایی و پارە کە گەیشت بۆ قاهیرە، لە رێگا، لە مارسیلیاوە بۆ ئەسکەندەرییە وەزیر (چەرچل) پرۆگرامێکی بۆ کۆنگرەکە دانا. (پاش بەند ٥)

ــ لیفتنانت ــ ژەنراڵ سێر ولتەر کونگریف فەرمانبەری بەرزی سوپای میسر و فەلەستین بوو بە سەرۆکی لێژنەی سوپایی و دارایی لە کۆنگرەکەدا، لە سایەی ئەم کۆنگرە کە زۆر باش بەڕێوەچوو.

٥- لیستەی بەشداربووەکانی کۆنگرە بە پێی کۆمەڵی نوێنەرەکانی هەر ناوچەیەکدا لە پاش بەندی ٤دایە.



PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

یەکەم کۆبوونەوە لە ١٢ی مارتدا بەسترا لەوێدا وەزیری ناوبراو مەبەستی خۆی لە بەستنی ئـەم کۆنگرەیە روون کردەوە و پرۆگرامی پێڕەوی کۆنگرەی شی کـردەوە، دوا بـەدوا، کۆنگرەکـە لەسـەر چەند لیژنەیەك دابەش بوو، بە پێی ئـەو مەبەسـتانەی کـە لێیـان ئەکۆڵرێتـەوە، بـە گشـتی ئـەم مەبەستانە دوو جۆرن: بەشی رامیاری، بەشی سوپا. مسـتەر پـاددوك کـە لـە دایـەرەی مەنـدوبی سامی فەلەستین وەرگیرابوو، بوو بە ئەمینداری گشتی کۆنگرەکە، بەتایبەتی لیژنـە رامیارییـەکان. هەروەها لیفتنانت ژەنراڵ ولتەر ستایلەر بوو بە ئەمینـداری لیژنـە سـوپاییەکان لـە ژێـر فـەرمانی وەزیردا.

ئەم دوو فەرمانبەرانە بەم ئەرکە گەورەیە هەڵسان. بەتایبەتی مستەر پاددوك کە لە سایەی ئەم ناوەڕۆکی کۆششی لیژنەکان لە چل تا پەنجا کۆبوونەوە بە روونی و رێکوپێکی تۆمار کراون، لە نێـو رۆژانی ١٢ تا ٢٣ی مارتدا.

٦- لە شەوی ٢٣ی مارت وەزیری ناوبراو قاهیرەی بەجێهێشت و چووە قودس، کە لـە دواییـدا کۆبوونەوەی زۆرتر بەسترا بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر فەلەسـتین و وڵاتـانی ئـەردەن. لـە هـەمان کاتـدا ژمارەیەکی زۆر لە نوێنەران سەریان لە وەزیر و ئەندامانی کۆنگرە دا و لەگەڵی ناوچەدا بـە گەشـت گەڕان. لەم رۆژەدا مستەر بارستاو لە لەندەنەوەهاتە قاهیرە و سەرپەرشتی گـەلێك لیژنـەی دارایـی سەر بە میسۆپۆتامیای کرد.

کۆمەڵی نوێنـەرانی میسـۆپۆتامیا و عـەدەن و سـۆماڵ و قاهیرەیـان لـە رۆژی ٢٥ی مارتـدا بەجێهێشت، بەڵام راوێژکاری دارایی مەندوبی سامی میسـۆپۆتامیا لـە قـاهیرە مایـەوە تـا ٢٧ی مارت بۆ ئەوەی لەسەر گیروگرفتی دارایی ئەم وڵاتە لەگەڵ سـێر بارسـتاو گفتوگـۆ تـەواو بکـات. دوابەدوا بارستاو قاهیرەی بەجێهێشت و چووە قودس.

٧- پوختەیەکی ئەو بڕیارانەی کە لەسەری رێککەوتوون لە بەشی تایبـەتی ئـەم راپۆرتـە دیـار دەبێت. کە ناوەرۆکی تەواوی کۆبوونەوەکانی لیژنەکان وەکو پاش بەند لە تەك ئەم راپۆرتەدایە.

## ٢- میسۆپۆتۆمیا:

١- پرۆگرامی ئەم وڵاتە (بڕوانە پاش بەندی ژمارە ٥) لەلایەن دوو کۆمیتەوە باسی لێـوە کـرا: لیژنەی رامیاری بە سەرۆکایەتی وەزیـری نـاوبراو (پـاش بەنـدی ٦)، لیژنـەی سـوپا و دارایـی بـە سەرپەرشتی سێر وۆلتەر کۆنگریف (بڕوانە پاش بەندی).. گـرفتی هێـزی سـوپا و هێـزی ئاسمـانی باسیان لێوە کرا.

PDF 4 KURD

٢- کۆنگرە بڕیاری لەسەر ئەوەدا کە باری رامیاری بە جۆرێکە پێویستە حاکمێك لە نەوەی شەریفی (مەکە) بۆ ولاتی میسۆپۆتامیا هەڵبژێردرێت، باشترین کەسیش لەمان (میر فەیسەڵ)ە.

کۆنگرە لەسەر ئەم باوەڕەدابوو کە حکومەتی بەریتانی ناتوانێت میر فەیسەڵ هەڵبژێرێت بەڵکو ئەبێت لەلایەن خەڵقی ولاتەکە خۆیان هەڵبژێردرێت.. بەڵام حکومەتی بەریتانیا کۆشش بۆ هەڵبژاردنی دەکات (پاش بەندی ژمارە ٩).

٣- بە ئاواتی ئەوەی کە ئەم پرۆگرامە بە پوختی دێتە کایەوە، کۆنگرە بڕیاری دا کە هێزی چەکدار لەم ولاتەدا تا رادەی تەنیا ٢٣ تیپ کەم بکرێتەوە، ئەمەش بە زووترین کات.. بە پێی لێکدانەوەی تایبەتی ئەم کەمکردنەوەیە لە فەلەستین و میسۆپۆتامیا تاردەیە ٥,٥ ملیۆن لەساڵی ١٩٢٢ ــ ١٩٢٣ پاشکەوتی دەبێت، هەروەها پاشکەوتی تریش لەدوایەتی.

٤- کۆنگرە لەسەر ئەم باوەڕەدایە کەوا هەر جۆرە کۆششێك بۆ زۆرلێکرن لە ناوچە کوردییەکاندا. دەبێتە هۆی بەرهەڵستی و تێکهەڵچوون. (پاش بەند ١٠). "لە خوارەوە بەکاردەهێنرێت".

بۆیە کۆنگرە پێشنیازی ئەوە بوو کە کاروباری ناوچە کوردییەکان راستەوخۆ لەلایەن مەندوبی سامییەوە بەڕێوە ببرێت، تاوەکو ئەو کاتەی کە ئەنجومەنی شورای کورد بیروڕای یەك بوون لەگەڵ عێراقدا دەردەبڕێت. یەکێك لە سوودی ئەم بۆچوونە رامیارییە ئەوەیە حکومەتی بەریتانیا دەتوانێت هێزێکی سوپایی لەکوردەکان دامەزرێنێت بەسەرپەرشتی ئەفسەرانی ئینگلیز. لەدواییدا ئەم هێزە لە جێگای بەریتانییەکان باشتر دەتوانێت سنوورەکان بپارێزێ (پاش بەند ١١).. بۆیە بڕیار درا کە هێزی لیفی بە تیپی کورد و ئاسووری بەهێزتر بکرێت.. بەو ئاواتەی کە هێزی ئیمپراتۆری بەریتانی لە دەوروبەری سنووردا کەم بکرێتەوە. پیلانێك رێکخرا بۆ ئەوەی میسۆپۆتامیا لە ژێر باڵی هێزی هەوایی بەریتانی بپارێزرێت (پاش بەند ١٣)..

ئەمەش هەمیشە بۆ ئەوەی ماوە بدرێتە هێزی ئاسمانی و سوپایی و فرۆکەی بازرگانی لە رێگا بەهیند بگات (بەشی ٥، برگە ٣).

٧- ئەم پێشنیارانەی خوارەوە پێشکەش کرا بۆ ئەوەی زوو بە زوو پەنا بەرەکانی جۆرجۆر بەشێوەیەك دابمەزرێن یا نەگوازرێنەوە. چونکە ماوەیەك بوو ئەمان لەسەر ئەرکی دارایی ئیمپراتۆری بەریتانیادا بەڕێوەدەچوون.

أ ـ ئەرمەنەکان ـ ژمارەی یانزە هەزار بەرانی ئەرمەن لە ناوچەی بەسرەدا دەژین.. ئەمان بە بێ دەرامەتی لە ساڵی ١٩٢١ ـ ١٩٢٢ مابوونەوە.. بۆیە کۆنگرە بڕیاریدا ئەمان بە گەشتی بۆ لەنگەرێك لەسەر دەریای رەشدا بگوازرێنەوە..

PDF 4 KURD

ب ـ رووسەکان..

ج ـ ئاسوورییەکان ـ مەندوبی سامی بەریتانی لە میسۆپۆتامیادا بە ئەمانەی راگەیاندووە کەوا هیچ جۆرە دەرامەتێك بۆ خەرجی ئەمان لە ساڵی ١٩٢١-١٩٢٢ تەرخان نەکراوە. واتا لە یەکی نیساندا (١٩٢١) خێوەتەکانی پەنابەرەکان دەپێچرێنەوە و لول دەدرێن..

٨- گیروگرفتی دارایی جۆربەجۆر لەلایەن کۆمیتەکانی لە ژێر سەرپەرشتی وەزیری ناوبراودا لێیان کۆڵرایەوە و لەگەڵ سێر بارستاو باسی چەند پێشنیارێك کرا (پاش بەند ١٥).

راسپاردەکانی دوایی سیر بارستاو لەلایەن وەزیرەوە پەسەند کران.

٩- رێگای ئاسن باس کرا (پاش بەند ١٦).

## ٣- فەلەستین

١- کۆمیتەی فەلەستین بە سەرۆکایەتی سێر هێربرت سامۆیل لە ١٦ی مارتدا گەیشتە قاهیرە. لە رۆژی ٢٣ی مانگ بەرەو قودس بەرێکەوت لە تەك وەزیری ناوبراودا. ئاشکرا ترین سیاسەت ئەوە بوو کە پەیوەندی لەگەڵ ئەردونی رۆژهەڵاتدا هەبوو. (پاش بەند ١٧).

شەریف فەیسەڵ: ئەم پێویستە بۆ مەکە بچێت. لەوێوە بروسکە بۆ هاورێکانی لە میسۆپۆتامیادا رەوانە کات. لەم پەیمانەدا روونی بکاتەوە کەوا لەبەرئەوەی لەلایەن هاورێکانی هان دراوە کە روبکاتە میسۆپۆتامیا، لەهەمان کاتدا لەبەرئەوەی کە حکومەتی بەریتانیا بەمی راگەیاندووە کە ئەم حکومەتە هیچ جۆرە تەگەرەی لە پێش دانانێت، هاتوو هاووڵاتییانی میسۆپۆتامیا ئەمیان (واتا شەریف فەیسەڵ)یان بوێت، پاش ئەوەی لەگەڵ باوك و براکانی راوێژکاری دەکات بریاری ئەوە دەدرێت کە ئەم خۆی خۆی پێشان بدات.. و دان بە یاسای ئینتیدابی کە لەلایەن عوسبەت (ئەنجومەنی گەلانەوە) دامەزراوە بنێت. پاش ئەوەی کە دەگاتە ولاتانی ناوبراو، شەریف فەیسەڵ ئەبێت حکومەتی نەقیب تازە بکاتەوە، یان حکومەتێکی نوێ دابمەزرێنێت.

پاش بەندی دە

کوردستان

کۆری چوارەمی لێژنەی رامیاری

١٥ی مارتی ١٩٢١

ئامادەبووەکان:

ـــ مستەر وینستون چەرچەل (سەرۆك).

PDF 4 KURD

ـــ سێر پرسی كوكس

ـــ خاتو ج. بیل

ـــ كۆلۆنیل ت. أی. لورنس

ـــ مێجور ه. یو. یۆنگ

ـــ مێجۆر نۆئێل (ئەندامی راوێژكار).

ـــ مێجۆر پاددوك (ئەمیندار)

ئەم كۆمیتەیە دەستی بە لێكۆڵینەوە و لێكدانەوەی مەسەلەی كوردستانی كرد. ئەم مەسەلەیە لەسەر رۆشنایی باری تازە و گۆڕانی پەیمانی سیڤەردا چاوی لێ خشێنرا و لێی كۆڵدرایەوە لەسەر ئەوە بڕیار درا كە پێوستە كوردەكانی باشوور بە شێوەیەكی تایبەت بەڕێوەبچن. سێر پرس كوكس روونی كردەوە كەوا ئەم لە پێشوشدا بە ئەنجومەنی وەزارەتی عێراقی راگەیاندووە كە بە پێی پەیمانی ناوبراو لە ماوەی ساڵێك ئەم خۆی كاروباری ناوچەكانی كورد دەگێڕێت.

لە دوای ئەم ماوەیەدا مەسەلەكە دیسان لەسەر رۆشنایی باری نوێدا لێك دەدرێتەوە. كۆكس نامەی رەخنەی لەلایەن ئەنجومەنی وەزارەتەوە دژی ئەم سیاسەتە پێگەیشتووە. ناوچەكانی كورد لەلایەن فەرمانبەر (متصروف) بەڕێوەدەچوون بە پێی راوێژكاری ئەفسەرە سیاسییەكانی ئینگلیز و بە فەرمانبەرایەتی موچەخۆرانی كوردەوە كاروباریان هەڵئەسووڕێنرا. یەكێك لە متەسەریفەكان فەتاح پاشا بوو. سێر پرس كۆكس لەسەر ئەو باوەڕەدا بوو كەئەم ناوچانە بەشێكن لە عێراق، بەتایبەتی لە رووی ئابوورییەوە. ئەم لەگەڵ خاتوو مس بێل لەو باوەڕەدان كە بەشێك لەم كوردانە ئامادەن لە هەڵبژاردنی گشتیدا بەشداری بكەن، بۆ پێكهێنانی پەرلەمانی عێراق. بەڵام ئەم گومانی خۆی دەربڕی دەربارەی هەڵوێستی دانیشتووانی سولەیمانی لەم رووەوە، بەڵام ئەم بەئاواتی ئەوە بوو كە ئەمانیش ماوەیان هەبێت بۆ كۆمەكی كردن لەمبارەیەوە.

مێجور یۆنگ وتی كەواتە تاوەكو كاتی هەڵبژاردنەكە ماوەیەك پێویستە تاوەكو ئەمان (كورد) لەسەر هەست و بڕیارێكدا لەم رووەوە رێك بكەون. لەبەرئەمە ئەم (یۆنگ) وتی كەواتە پێویست بە چاوەڕوانی هەڵبژاردن ناكات و هەر لە ئێستاوە فەرمانڕەوایی بە كوردان بدرێت كە راستەوخۆ لەژێر دەسەڵاتی مەندوبی سامیدا بەم جۆرە ناوچەكە سەربەخۆ بەڕێوەبچێت.

لە وەڵامدانەوەی پرسیارێك لەلایەن سەرۆك (چەرچل) مێجۆر نۆئیل وتی خۆی لەسەر ئەم باوەڕەدایە كە كوردەكان سەربەخۆ بەڕێوەبچن، ئەگەرچی دوور نییە بە پێچەوانەی ئەم باوەڕە بڕیارێك بدرێت، لە هەمان كاتدا نۆئیل وتی پێویست بە دوو موتەسەریف ناكات لەم ناوچە كوردییانەدا، بەڵكو تەنیا یەك فەرمانبەر دابمەزرێت بۆ دوو ناوچەكە، ئەم بڕوای وابوو كە بڕیار بۆ

ماوەی شەش مانگێك دوابخرێت، ئەوسا کوردەکان خۆیان لەسەر بەشداربوون لەگەڵ عێراقـدا بڕیـار دەدەن. مێجۆر یۆنگ نیشانی دا کە دوور نییە ئەم کاتەی ئێستا باشتر بێت بۆ ئەوەی هەڵبـژاردنێك لە ناوچە کوردییەکان پێکبێت بۆ ئەوەی ئەنجومەنێکی تایبەتی بۆ ناوچەی خۆیـان هەڵبـژێرن. ئـەم هەمیشە لەم باوەڕەدابوو کە پێویست بە هێزی بێگانە ناکات، بـەڵکو هێزێـك لـە ناوچـەی کـورد خۆیاندا دەتوانی یاسا و هیمنی ڕاگرێت و بپارێزێت.

سەرۆکی لیژنە هەمیشە لەگەڵ پێشـنیاری مێجـۆر یـۆنگ دابـوو و ڕای خـۆی دەربـڕی کـەوا دەکرێت یارمەتی دارایی سەرۆکێکی کورد بدرێت لەگەڵ فەرمانبـەری تـردا و پەیوەنـدی بازرگـانی ڕێك بخرێت بە شێوەیەك کەوا تورکەکان ماوەیان نەبێت لەم وڵاتەدا دژی بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا بووەستن. ئەم وتی هاتوو کوردەکان خۆبەخۆیی بەڕێوەنەچن تـا هـەمواری بـەرپا دەبێـت. میرێکـی شەریفی (لە نەوەی شەریف حوسێن)، ئەگەرچی لە ڕواڵەتدا خۆ بە دیموکراتی نیشان بدات، بەڵام بـە پێـی توانـا و هێـز دوور نییـە هەسـت و ئـاواتی کوردەکـان بـاش گـوێ بخـات و بەرهەڵسـتی داخوازییەکانی گەلە کەمایەتییەکی وەکو گەلی کورد بکات. کەچی بۆ سیاسەتی بـەریتانیا باشـترە حکومەتێکی پێش بڕکە (BUFFER)ی کورد لە نێو عێراق و تورکیادا دابمەزرێنرێت.

سێر پرسی کۆکس وتی دەسکەوتی دارایی ناوچەکانی کورد لەمە کەمترە کە خـەرجی ئیـدارەی ناوچەکەی پێ بدرێت. مێجۆر یۆنگ وتی کەواتە باشترە ئەم ناوچـانە سـەربەخۆ بەڕێوەبچـن بـەڵام کۆکس وتی لەگەڵ سەربەخۆ بـەڕێوەبردنی ناوچـەکە مـاوەش بـدرێت بـەو ڕووداوانـەی کـە بـەرەو تێکەڵبوون لە دواییدا لەگەڵ عێراقدا ئەڕۆن.

لەسەر پرسیارێك لە سەرۆکەوە (چەرچل) مێجۆر نۆئیل لە وەڵامدا وتی بـە مەزەنـدە باشـترین تخوب لە نێواندا ئەوەیە کە لە خوارووی گردولگاندا تێپەڕ دەبێت. هەروەها ئـەمیش پرسـی لەسـەر ئەوەی دەربارەی ئامێدی شتێك ڕوون بووەتەوە یانا لە ڕۆشنایی باری نوێی پەیمانی سیڤەردا.

سەرۆکی لیژنە ڕوونی کردەوە کە جۆرە لەیەکچوونێك لـە نێـو پێوەنـدی خـوارووی ئـەفریقیا و ڕوسیادا و پەیوەندی ئەم دوو وڵاتەدا هەیە. ئەم باوەڕەی خـۆی دەربـڕی کـەوا پێویسـتە سیاسـەتی بەریتانیا ئاوات و ئامانجی گەلی کورد پشتگوێ نەخات، بەڵکو دەبێ لەبەرچاو بـن. هـەروەها ئـەم وتی هەردوو وڵات پێویستە بە دوو شێوەی جیاواز بەڕێوەبڕۆن، بەڵام بەرە بـەرە لـە یـەك نزیـك تـر ببنەوە. سەرۆك وەکو مێجۆر یۆنگ لەسەر ئەو باوەڕەدا بوو کە لە تواناادا هەیە هێزێکی کـورد بـۆ سنور پێك بێت لە ژێر فەرمانی ئەفسەرانی ئینگلیز.

ژەنراڵ ئیرونسایدو مێجۆر نۆئیل لەم مەسەلەیە بکۆڵنەوە پێش ئەوەی سەرۆك (وەزیری نـاوبراو) کۆنگرەکە بەجێبهێڵێت.

PDF 4 KURD

تێبینییەکانی وەزیری ناوبراو بۆ لێکدانەوەی تێکڕایی دوو لێژنەی سیاسی و سوپایی ئـ... نێوەڕۆیە (١٥ی مارت ١٩٢١). لەجێگایەکی تردا لە هەمان وەسیقە و سەرچاوەدا ئـەم ناونیشـانە هەیە:

## ٤- کوردستان

لێژنـە لەسـەریەتی کـە بابـەتی پێویسـت دەربـارەی کوردسـتان ئامـادە بکـات لـە پێنـاوی وەپێشخستنی گوزەران و سودی هاوولاتییانی کورد، ئەگەرچی بڕیـاری دوایـی لەلایـەن کۆمیتـەی سیاسی دەرنەبڕا، لێژنەکە ئەم پیلانەی خوارەوەی پەسەند کرد:

کوردستان بە ئینتداب بەستراو ئەبێت لەلایەن مەندوبی سامییەوە یەك سەر بەڕێوەبچـێت واش باشترە بە یارمەتی ئەنجومەنێکی ناوخۆیی لە سەرۆکانی کورد ئەم ئیدارەیە بەڕێوەبچێت.

بۆ ئەم بەڕێوەبردنە یارمەتی داراییان پێ بدرێت لەگەڵ یارمەتی تر، هەمیشە بـەئاواتی ئـەوەوە کە تخوبەکان بپارێزرێن لـە بێگانـە بـەئاواتی ئـەوەوە لەگـەڵ کردنـەوەی دەرگـای بازرگانییـەتی و پێکهێنانی هێزێك لە سودی ئیمپراتۆریەتدا، لە هەمان کاتدا هێزێکی لیڤی کورد لە چـەند تیپێـك دابمەزرێت لە ژێر فەرماندەی ئەفسەری ئینگلیز و ئەفسەری تردا. تـاوەکو (١)ی ئەکتۆبـەر ئامـادە بکرێن.

هەروەها بە پێی توانا هێزێکی لیڤی سواریش لە تەك ئەم هێزە کورددا پێکبهێنرێت.

سەرئەنجام بە گشتی.. هێزێکی کورد دەبێ پێکبێت تاوەکو هێزی هێمنایەتی ئێمە (واتە هێـزی بەریتانیا) بتوانێت لە مـاوەی شـەش مانگێکـدا ناوچـەکانی کـورد بـەجێبهێڵێت و بکشـێتەوە.. پێویستە مستەر کرۆسلاند ئەو داراییەی کە لـەم ئـاڵوگۆڕەدا وەدەسـت دەکـەوێت پیشـان بـدات و بیژمێرێت بۆ ساڵی ١٩٢١-١٩٢٢ لە هەمان کاتدا کەم کردنەوەی خەرجی تـریش لـە پـاش ڕۆژی (١)ی ئەکتۆبەری ١٩٢١ یان (١)ی کانونی دووەمی ١٩٢٢وەوە. پێویستە کۆمەکی تەواو هـەبێت لەنێو هێزی ئاسمانی و هێزی لیڤیدا.

بۆ زیاتر قوڵبوونەوە لە بڕیارەکانی ئەم کۆنگرەیـە هەمیشـە بڕوانـە وەسـیقەی ژمـارە (س.أو (٧٣٠) (١٣) (٠٥٢٢٥) (٩,٤).

**سەرچاوە: نووسەری کورد**

**ژمارە ٢، خولی سێیەم**

**ئابی ١٩٨٥**